تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

کۆماری عێراق
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بووژاندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی
- ٢٣ -

إقتران النيرين في مجمع البحرين

دانراوی

مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی سێیەم

١٤٠٥هـ ١٩٨٥م

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

کۆماری عێراق
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی
بووژاندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی
- ٢٣ -

إقتران النيرين في مجمع البحرين

دانراوی
مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی
محمد علی قەرەداغی

بەرگی سێیەم

چاپی یەکەم ١٤٠٥ ك ١٩٨٥ ز

الجمهورية العراقية
وزارة الاوقاف والشؤون الدينية
إحياء التراث الاسلامي
- ٢٣ -

إقتران النيرين
في
مجمع البحرين

تأليف
ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق
محمد علي القرهداغي

الجزء الثالث

١٤٠٥هـ ١٩٨٥م

٧٥٥ خائن خائن ئەبێ وەك میوەی ئالوبوی لێ ئەبێ لە دوایی دا دەفەوتێ کە تەزە بوی ئەمانەت لە دڵی دەرئەچێ
شوێن ئەمانەت وەك بلوقی لێ ئەبێ وەك چون پشکوی ئاگر بەسەر پێ تا بتلێنی بیەوە و بلوق
بکا ئەی بینی کە شوێن ئاگرەکە بەرز بوتەوە و هیچی تیا نییە (دلی ئەو پێش لە امانەت خالی ئەبو و هیچی تیا
نامێنێ) پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم بەردێکی بچکولانەی هەلگرتو بەسەر پێی مبارکیا گێڕا تصویری
پشکو ئاگرەکەی پێ کرد ئەوان وای لێ دێ خرید و فروخت ئەکەن هیچ کەسێکیان نابێ کە امانەت بەجێ بێنێ
بە نوعێکی وا کە ئەڵێن لە فلان طائفەدا پیاوێکی امینی هەیە یعنی تاق تاقە امین ئەمێنێ وای لێ دێ کە
دەرحق پیاوێك ئەڵێن چەند عاقلە چەندە ظریفە چەندە ئازایە کەچی بەقەدر دەنکە خەردەلێك ایمانی
لە دڵیا نیە [حذیفه رضی الله تعالی عنه] ئەفەرمو من زمانێکم بەسەر برد هات مبالاتم نەدەکرد کە لە
گەڵ هەر کامێکتان خرید و فروخت بکەم (یعنی هەموکەس امین و بە دین بو خیانەتیان نەدەکرد) ئەگەر
ئەوی من خرید و فروختم لەگەڵ ئەکرد مسلمان بوایە دینی ئەوی ئەگێڕایەوە بەمن نەیە هێشت خیانەتم لێ بکا
ئەگەر گاور یا جو بوایە مأموری ئەو وظیفەیە ئەیگێڕایەوە لە خیانەت (یعنی الی بە دەستیشی هەمو
مسلمان ئەمین و بە دین بون) اما ایمرو وا مەکە فلان و فلان نەبێ خرید و فروخت لەگەڵ کەس ناکەم
(خولاسە ئەوەندە ناپاك و خائنن) صدق رسول الله صلی الله تعالی علیه وسلم دەمێکە و زمانە هاتوەتە و ئەمرتلیش
ئەم زمانە دایە بەهەر نوعێك پارە و منفعتی خۆیی پێ بێ دەستی پێ دائەبەن حرام بێ یا خوا حلال بێ
بە دزی بێ بە هێزی بێ مالی دوست بێ مالی دشمن دوستی بێ ایتر نەکرانێ شیخ رضا رحمه الله راستی لە دنیادا نەمادەالخ
عن حذیفة رضی الله تعالی عنه قال کنا عند عمر بن الخطاب رضی الله تعالی عنه [فقال ایکم سمع رسول الله ج ٧٤٤
صلی الله تعالی علیه وسلم یذکر الفتن فقال قوم نحن سمعناه فقال لعلکم تعنون فتنة الرجل فی اهله وماله
وجاره قالوا اجل قال تلك تکفرها الصلاة والصیام والصدقة ولکن ایکم سمع النبی صلی الله تعالی
یذکر الفتن التی تموج موج البحر قال حذیفة فاسکت القوم فقلت انا فقال انت لله ابوك [حیث
الله بمثلك ولدا] قال حذیفة سمعت رسول الله صلی الله تعالی علیه وسلم یقول تعرض الفتن علی القلوب
کالحصیر عودا عودا [تظهر لها فتنة بعد اخری وعودا عودا تعود الیها مرة بعد اخری عودا
عودا یستعاذ منه] فای قلب اشربها نکت فیه نکتة سوداء وای قلب انکرها نکت فیه نکتة

فضائل اصحاب النبي عليه الصلاة والسلام وعليهم رضوان الله العلام ١٨/ ٩ / ٩٤٠ ١

فضائلهم في الجملة

٢-٧

بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله رب العالمين صلوات الله وسلامه على سيد المرسلين وعلى آله واصحابه وازواجه
وذرياته الطيبين الطاهرين رضوان الله تعالى عليهم اجمعين ئەوی صحبتی پێغمبەری صلی الله علیه وسلم کردبێ باسی فەزیلەتی
ثم الفضيلة الآية یا پێغمبەری صلی الله تعالی علیه وسلم دیبێ بە مسلمانی ئەو پیاوە گەورەیە

یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم ان الله علیم
خبیر حجرات ١٣ عن ابن عباس رضی الله تعالی عنهما الشعوب القبائل العظام والقبائل البطون

[یا ایها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا کثیرا ونساء] واتقوا الله
الذی تساءلون به والارحام ان الله کان علیکم رقیبا ١ اول آیة سورة النساء

خوا عز وجل بەم دوو آیەتە کریمە بیانی ئەوە ئەکا کە فضل و شرفی انسان بە حسب و نسب و دەولەمەندی عشیرەت نیە و
شکل و قوەتی دنیایی نیە چونکە دنیا هیچ کسی بۆ باقی نەبووە و نابێ لە مەو پێش کە ماڵ و ... صد هزار سال لە دنیادا
بژی کە پایەوە وەکو هیچ نەبووبێ وایە ... نەرم ... و ... بە صلاحی ... ئەو کەسە
... بە اطاعتی ... خوا و اطاعتی پێغمبەری علیه الصلاة والسلام ...
... فقیر و پادشاه هیچ فرقیان نامێنێ ... بە جهاد ... پادشاه ...
... مشغولی عملی خۆیەتی زۆربەی ... آوات ... فقیر ... سلطنتە
... گردی ...

لە ... اولا ... بە تحقیق ... فقیرانی دەولەمەند ... لە ... خلق کردوون ... علیهما السلام ... باوکی ...
کردووە ... خالقی اصلی ... بە ...
ایتر چ معنای ... کردنە ...
ئەو ... بە شعب و قبیلە ... عشیرەت ... فلان قبیلە ...
لە قبیلەی ... فلان ... فلان ... فلان کس ... فلان ...
... فلان ... بە ...
... فایدەی شعب و قبیلە ... عشیرەت و قبیلە ... بە ...

ابوذر و اسلامه رضی الله تعالی عنه

عبدالله کوری صامت ئەڵێ ابوذری غفاری رضی الله تعالی عنه فەرمووی قومەکەمان کە غفارە لە شهری حراما کو چیان
پێ کرد منواسی برامو دائیکم کوچمان کرد لای خالمان دابەزین خالمان اکرامی کردین چاکی لەگەڵ کردین قومەکەی
حسودیان پێ بردین و تیان تو کە لە مال جو تێ دەبری اُنیس لەدوای تو چووە لای اهلی عیالت کرت [یعنی بوالیش
خرابی] خالم هات ئەوەی کە درحقیانیس وترابو لای ئێمە افشای کرد پێم وت ئەو چاکی یەی کە تا ئێستا لەگەڵ ئێمەدا
کرد لەرلت کرد یعنی بەعفوات دا چیتر ئێمە چونکا افترای قومەکەت کەبە رحسد بە اُنیسیان کرد قبولت کرد و بەبێ
ئەوە تحقیقی بکەی پێت بەرواکرد و دات بە سەرماندا ایتر لەمەودوا لەگەل تواجتماعمان نابێتەوە [چونکە لەمان
کە دوتوتی شبهە وە] ئەو شترە کانمان هێنا و بارمان کرد و سواری بوین خالم جلەکەی لەخویە دەپیچا و دەستی
کرد بە گریان ئەو وپیش تا لە حضوری مکە دا دابەزین اُنیس لەگەڵ ئەشعرێکا گرەویان کرد لەسەر و شترەکانمان
ئەوە نەوە تر [یعنی ئەگەر شعری اُنیس چاتر بێ بەرقەبە و شترەکانمان و شترەکانی بدا لێتی ئەگەر شعری ئەو چاتر بو
و شترەکانی خومانی بداتێ] چو بێنە لای کاهنێ اُنیس بەر مدحی ئەو کاهنێ کرد [یعنی شاعرەکەی ترلیش مدحی کرد] کاهنە که
شعری اُنیسی پەسند کرد اُنیس و شترەکانی خومانی ئەوەندەی تری بو هێنایەوە عبدالله ئەڵێ ابوذر رضی
الله عنه فەرمووی ئەی کوری برای خوم سێ ساڵ لە پێشا ئەمە لە بەخزمەت پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم بگەم لەو دوا نیەکە
دواوە ئەفەرمو دو ساڵ لە پێش مبعثی پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم نوژم ئەکرد [منافاتیان نیە چونکە ودی لەبە یەکو
دو ساڵ لە پێش مبعثا و ساڵێکیش دوای مبعث کە ئەکاتە سێ ساڵ لە پێش بە حضور گەیین نوژم کرد] ابن
الصامت ئەڵێ وتم نوژت بو کێ ئەکرد فەرمووی بو خوا عرض کرد رووت ئەکردە کو فەرمووی بو ئەو جێیەی
کە خوا رووی پێ ئەکردم ئەوی عزوجل نوژی عشاو تنام ئەکرد تا اخری شەو ئەبو ئەوە وەک جلی لێ
ئەکەوتم تا روژ بەسەرا ئەبەر ز ئەبوەوە [لەرە ذ منافاتە دەست بێ ئەکا کاتی لەخومان بو دەفع بو توفیق الله تعالی لە
دوای ئەمە وەک لە حدیثەکەی ابن عباسا یە رضی الله تعالی عنهما کە ابوذر خەبەری مبعثی گەیی بو برای اُنیسی وت بچو بو
طرفی مکە خەبەری ئەو پیاوەکە خەبەر لە اسمانەوە بو دێ] اُنیس وتی لە مکە الشرکم هەیە تواڵیشی بڕە و لە
کولێکە اُنیس لەرێ دار دەی بو طرفی مکە و ماوەیکی پێ چو لە دوای دا هاتەوە پێم وت چت کرد [یعنی خەبەری
ئەو پیاوە تحقیق کرد یان نا] وتی پیاوێکم دی لەسەر دینی تویە ئەفەرمو کە خوا عزوجل ناردویەتی
وتم خلق ئەڵێن چی وتی ئەڵێن شاعرە کاهنە ساحرە اُنیس خوی لە شعرا بو وتی قسەی کاهنانیشم بیستوە
قسەی ئەو پیاوە وەک قسەی ئەوان نیە قسەکەیم تطبیق کرد بەسەر انواعی شعرا لەگەڵ شعری هیچ شاعرێ
کا نیە من رێناکەوی کە شعر بێ [خومیش لام محققە کە شعر نیە] والله ئەو پیاوە راستە و ئەوان درون

خوێنەری ئازیز !

لەم دەرفەتەدا کە دەمەوێ بەرگی سێهەمی ئەم کتێبەت پێشکەش بکەم ، نە تۆیش و نە منیش چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد کە ماوەی دە (١٠) ساڵ، دوای بەرگێك بەرگێکی دیکە دەربچێت ، بەڵام کارەکە لە دەستەڵاتی مندا نەبووو ، وام پێخۆش بوو کە وشکەی نەکەوێت و تۆی ئازیز لە بەرگێك نەبووبیتەوە بەرگەکەی دیکەت لە بەردەستدا بێت .

هەرچۆن بێت وا دەرفەتم چنگ کەوت و توانیم ئەم بەرگە ئامادە بکەم . ئەم ماوە درێژە گەلێ کار ڕوویداوە . لەوانە لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕەورەوە بەرەوپێشەوە چوەو ، فرە ڕاو بیری لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشتوە . ئاڵوگۆڕی نووسینەوەی دەقی کوردی و بیروڕا دەربارەی ڕێنووس لەم دەساڵەدا زۆری لەسەر گوتراوەو زۆری لەسەر نووسراوە ، دیارە منیش ـ وەك نووسەرێکی کورد ـ لەم دەنگوباسانە بەدوور نەبووم ، بۆیە بێگومان جیاوازی ڕێنووسی نێوان ئەم بەرگەو بەرگەکانی دیکە کارێکی شاراوە نی یە .

یەکێك لەو جیاوازییانە شێوەی نووسینی ناو ـ اعلام ـ ەکانە ، کاتی خۆی وام بریار دابوو بە زۆری ناوەکان بە عەرەبی وەك خۆیان بنووسم ، بەڵام لێرەدا ئەو ڕایەم گۆڕی و بەزۆری بەپیتەکانی خۆیان بەڵام بە ڕێنووسی کوردی دەیان نووسم .

لە بەرگی دوەمیشدا ـ لە بەشێکی دا ـ لە باتی ـ ﷺ ـ و ـ رضي الله تعالى عنه ـ کورتکراوەی ئەم دوو رستە واتە (ص ،ر) یان (خ ،د) م دانابوو ، بەڵام لێرەدا هاتمە سەر ئەوە کە لەو ڕایە پاشگەز ببمەوەو ، دانەر چۆنی نووسیوە وای بنووسمەوە .

هەندێك قسەو باسی دیکەیش هەیە کە لە بەرگی دوەمدا لەسەرم نووسیون و وەڵامم داونەتەوە .

لێرەیشدا جارێکی دیکە چاوەڕوانی ی خۆم بۆ راو سەرنجی راست و دڵسۆزانە رادەگەیەنم ، بۆ ئەوەی لە بەرگەکانی دیکەدا - خوایار بێت - سوودیان لێوەربگرم ، تائەم کتێبە بە جوانترین شێوە پێشکەشی ئێوەی ئازیز بکەم .

محەمەدعەلی قەرەداغی

ومن معجـزاته ـ عليـه الصـلاة والسـلام ـ اخبـاره عن اشـراط الساعة ، ووقوع كثير منها الى الآن ، والآن نحن في بعضها .

مجمع البحرين ، اشراط وفتن ، ٢٤/٨/١٩٤٠ شه‌نبه .

النوع الرابع من المعجزات
بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين ، صلاة الله وسلامه على رسوله الكريم ، وعلى آله وصحبه اجمعين .

١/٧٢١ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ﷺ قال : بادروا بالاعمال فتنا كقطع الليل المظلم ، يصبح الرجل مؤمنا ، ويمسي كافرا ، ويمسي مؤمنا ويصبح كافرا ، يبيع دينه بعرض من الدنيا
م ـ ٤٩٧/١
تەرجەمە :
پێغەمەر ﷺ فەرمووی : بە ئەعمالی صالیحە دەست پێشکەریی بکەن لەو فیتنە زۆرانە کە وەك پارچە پارچەی شەوی تاریك وانە ، پیاو [یەعنی ئینسان] سبەینێی بەسەرا بێ بە موسوڵمانی ئێوارێی بە کافریی بەسەرا بێ ، یا فەرمووی : ئێوارێی بە موسوڵمانەتی بەسەرا بێ و سبەینێی بە کافرێتی لێ ئەبێتەوە ، دینی بە مەتاعی دنیا ئەفرۆشێ .
٢/٧٢٢ عن حذيفة [بن اليمان ـ رضى الله تعالى عنهما] قال : حدثنا رسول الله حديثين [في الامانة ورفعها] قد رأيت احدهما ، وانا انتظر الآخر .
١ ـ حدثنا : ان الامانة نزلت في جذر قلوب الرجال [اصل قلوبهم] ، ثم نزل القرآن فعلموا من القرآن وعلموا من السنة .

٢ ـ ثم حدثنا عن رفع الامانة ، فقال : ينام الرجل النومة فتقبض الأمانة من قلبه ، فيظل اثرها مثل الوكت [سواد في اللون ـ ئاڵو بۆڵ بوونی خورما ـ] ثم ينام الرجل النومة فتقبض الأمانة من قلبه فيظل اثرها مثل اثر المجل ـ نصر وعلم ـ [بلۆق] كجمر دحرجته على رجلك فنفط [بوو به بلۆق] فتراه منبراً [مرتفعا] وليس فيه شيئ ، ثم اخذ [رسول الله ـ ﷺ ـ] حصى ودحرجه على رجله . فيصبح الناس يتبايعون ، لايكاد احد يؤدي الأمانة حتى يقال : ان في بني فلان رجلا امينا ! حتى يقال للرجل : ما أجلده ! ما أظرفه ! ما أعقله ! وما في قلبه مثقال حبة من خردل من ايمان . [قال حذيفة]: ولقد اتى علي زمان وما ابالي ايكم بايعته ، لئن كان مسلماً ليردنه علي دينه ، ولئن كان نصرانيا او يهوديا ليردنه علي ساعيه ، واما اليوم فما كنت لابايع الا فلانا وفلانا

ح ـ ١٧٨/١٠ م ـ ٢/٩ ح ـ ٢٧١/٩ جه

تەرجەمە :

حوذەيفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو حەديثی بۆ فەرمووين دەرحەق ئەمانەت و نەمانی ئەمانەت ، من يەكێكم دی و مونتەظيری ئەوی تريانم :

١ ـ قسەی بۆ فەرمووين كە ئەمانەت نازڵ بۆتە ناوبن دڵی ئينسانەوە ، لە دواييا قورئان نازڵ بوو ، قورئان فێربووين ، سوننەت فێر بووين .

٢ ـ لە دواييا لە نەمانی ئەمانەت قسەی بۆ فەرمووين ، فەرمووی : ئينسان دەفعەيێك ئەنوێ ئەمانەت لە دڵی لائەبرێ ، جێ شوێنی ئەمانەتەكە خاڵ خاڵ ئەبێ وەك ميوەی ئاڵو بۆڵی لێ بێ . لە دواييدا دەفعەيێكی تر ئەنوێ ئەمانەت لە دڵی دەرئەهێنرێ ، شوێن ئەمانەتەكە وەك بلۆقی لێ بێ ، وەك چۆن پشكۆيێ ئاگر بەسەر پێتا بتلێنی يەوەو بلۆق بكا ئەی بينی كە شوێن ئاگرەكە بەرزبوەتەوەو هيچی تيا نی يە [دڵی

ئینسانیش لە ئەمانەت خالّی ئەبیّو هیچی تیا نـامێنیّ] پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بەردێکی بچکۆلانەی هەلّگرتو بەسەر پێی موبارەکیا گێرا ، تەصویری پشکۆ ئاگرەکەی پێکرد ، ئینسان وای لیّ بیّ خریدو فرۆخت ئەکەن هیچ کەسێکیان نابیّ کە ئەمانەت بەجیّ بێنیّ ، بە نەوعێکی وا کە ئەلّێن : لە فلاّن طائیفەدا پیاوێکی . ئەمین هەیە ، یەعنی تاق‌تاقە ئەمین ئەمێنیّ ، وای لیّ بیّ کە دەرحەق پیاوێك ئەلّێن : چەندە عاقلّە ! چەندە ظەریفە ! چەندە ئازایە ! کەچی بە قـەد دەنکە خـەرتەلیّ ئیمـان لە دلّیـا نی‌یە . حوذەیفە (رضی الله تعالی عنه) ئەفەرمویّ : من زەمانێکم بەسەرا هات موبالاتم نەدەکرد کە لەگەلّ هەرکامێکتان خریدو فرۆخت بکەم [یەعنی هەموو کەس ئەمین‌و بەدین بوو ، خەیانەتیان نەدەکرد] ئەگەر ئەوی من خریدو فرۆختم لەگەلّ ئەکرد موسوڵمان بوایە دینی ئەوی ئەگێرایە سـەر من ، نەیەهێشت خەیانەتم لیّ‌بکا ، ئەگەر گاور یا جوو بوایە مەئموری ئەو وەظیفەیە ئەیگێرایەوە لە خەیانەت . [یەعنی ئێش بەدەستیش هەموو موسوڵمان‌و ئەمین‌و بەدین بوون] ئەمما ئیمرۆ وامە کە فلاّن‌و فلاّن نـەبیّ خریدو فرۆخت لەگەلّ کەسا ناکەم . [خەلّق ئەوەندە ناپاك‌و خائینە] .

صدق رسول الله ﷺ دەمێکە ئەو زەمانە هاتوەو ئێستەیش ئێمە لەو زەمانەداین ، بە هەر نەوعیّ پارەو مەنفەعەتی خەسیسـە بێتە دەستـەوە حەرام بیّ ـ خوا نەخواستە ـ ، حەلاّل بیّ ، بە دزیی بیّ ، بە حیزبی بیّ ، مالّی دۆست بیّ ، یا مالّی دوشمن . . . دۆستی بە راست کوانیّ ؟ شێخ رەضا ـ رحمه الله ـ :

راست لە دنیادا نەماوە . . الخ[1]

٧٢٣/٣ عن حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا عند عمر [بن الخطاب رضي الله تعالى عنه] فقال : ايكم سمع رسول الله ﷺ يذكر الفتن ؟ فقال قوم: نحن سمعناه ، فقال : لعلكم تعنون فتنة الرجل في اهله وماله وجاره ؟ قالوا : اجل . قال : تلك تكفرها الصلاة والصيام والصدقة . ولكن ايكم سمع النبي ﷺ يذكر الفتنة التي تموج موج البحر ؟ قال حذيفة : فاسكت القوم . فقلت : انـا . فقال : انت لله ابوك ! [حيث اتى بمثلك ولدا] قـال حذيفـة : سمعت رسول الله ﷺ يقول : تعرض الفتنة على القلوب كالحصير عودا فعودا . [تظهر لها فتنة بعد اخرى ، وعودا عودا تعود اليها مرة بعد اخرى ، عوذا عـوذا . يستعاذ منه] فاى قلب اشربها نكت فيه نكتة سوداء ، واي قلب انكرها نكت فيه نكتة بيضاء حتى تصير علىٰ قلبين : على ابيض مثل الصفا فلا تضره فتنة مادامت السماوات والارض ، والآخر اسود مربادا كالكوز مجخيا [ما ملأ منكوسا] لا يعرف معروفا ولا ينكر منكرا الا ما اشرأب من هواه . قال حذيفة : وحدثته ان بينك وبينها بابا مغلقا يوشك ان يكسر ، قال عمر : اكسر ألا ابا لك ؟ فلو انَه فتح لعله كان يعاد ، قلت : لا بل يكسـر وحدثتـه : ان ذلك البـاب رجل يقتـل او يمـوت خـديثـا ليس بالاغاليط ، قال ابو خالد : فقلت لسعد : يا أبا مالك ! ما اسود مربادا ! قـال : شدة البيـاض في سواد [تصحيف ، صـوابه : شبـه البياض في السواد ، لان شدة البياض في السواد تسمى بلقا في الجسم ، وحوراً في

(١) مەبەستی ئەمە یەکێك لە تاکە شیعرەکانی شێخ ڕەزایە ، کە لە دیوانە چاپەکەیدا بەم جۆرەیە :

صاغ لە دنیادا نەماوە ، گەر قصەی صاغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕومصاغت دەوێ !

بڕوانە : دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، چاپی دووهەم ، ل : ٩٦

العين ، والربدة بياض يسير يخالط السواد ، من نووي] قال : قلت : فما الكوز مجخياً ؟ قال : منكوسا . م ـ ٢ / ٨

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضی الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت عومەرا بووین ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : کامتان لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تان بیستوە کە ذیکری فیتنەی فەرمووبێ ؟ قەومەکە فەرموویان : ئێمە لێمان بیستوە . وە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : رەنگە مەقصوودتان فیتنەی ئینسان بێ لە خوصووصی ماڵو مناڵو دراوسێوە . فەرموویان : بەڵێ . فەرمووی : ئەو فیتنەیە نوێژو رۆژوو صەدەقە ئەبن بە کەفارەتی . ئەمما کێ لە پێغەمەری ـ صلی الله علیه وسلم ـ بیستوە کە ذیکری ئەو فیتنەی فەرموو بێ کە وەکوو شەپۆلی بەحر شەپۆل بدا ؟ حوذەیفە فەرمووی : خەڵقەکە بێدەنگ بوون . من وتم : من لێم بیستوە . فەرمووی : باوکت هەر هی خوابێ کە ئەولادی وەك تۆی لێ بوە !

وە حوذەیفە فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلی الله علیە وسلم ـ م بیست کە فیتنە بەسەر دڵا رائەنگێورێ ، وەك حەصیر قامیش ، قامیش ، یەك لە دوای یەك ، بەیەکەوە ئەنووسێنرێن بیلا فاصیلە . . ئەو فیتنەیەیش بیلا فاصیلە یەك لە دوای یەك بەسەر قەلبی ئینسانا یێن ، هەر دڵێ لەو فیتنانە بخواتەوە ، یەعنی بچێتە ناوییەوە لکەی رەش رەشی تیا پەیدا ئەکا هەر دڵێ لەو فیتنانە قەبووڵ نەکا خۆیی لێ لادا نوقطەیەکی سپی تیا پەیدا ئەکا ، تا دڵی ئینسانان ئەبن بە دوو نەوع : دڵێکیان وەك بەردێکی سپی و صافو لووس ئەبێ کە هیچ ناگرێتە خۆی ، پاكو تەمییز هیچ فیتنەیێ ضەرەری پێ ناگەیەنێ تا ئەرزو ئاسمان بمێنن . قەلبەکەی

تر رەش ئەبێو دێزو بۆز ئەبێ ، وەك گۆزەی دەمەونوخوون کراوە هیچ خێری تیانامێنێ غەیری هەواو هەوەسی نەفسانی ، نە چاك ئەزانێ بیکا ، نە خراپ ئەزانێ خۆی لێ بپارێزێ .

حوذەیفە ئەفەرموێ : عەرزی ئیمامی عومەرم کرد : کە لە بەینی تۆو ئەو فیتنەیەدا دەرگایێ هەیە نزیکە کە بشکێنرێ ، حەضرەتی عومەر ـ رضی الله تعالی عنه ـ فەرمووی : بێباوكبێ ! ئەشکێنرێ ؟ ئەگەر بکرایەوە ئومێد بوو کە دابخرێتەوە . وتم : خەیر هەر ئەشکێنرێ ، هەم قسەم بۆ کرد کە ئەو دەرگایە پیاوێکە ئەکوژرێ یا ئەمرێ .

[شك الراوی] قسەیێکم بۆ کرد کە حەقیقەتەو غەلەط نیە .

٤ / ٧٢٤ حذيفة [رضى الله تعالى عنه] قال : كنا جلوسا عند عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : ايكم يحفظ قول رسول الله ـ ﷺ ـ في الفتنة ؟ قلت : انا كما قاله (ﷺ) قال : انك عليه او عليها مقالة لجريء . قلت : فتنة الرجل في اهله وماله وولده وجاره يكفرها الصلاة والصوم والصدقة والأمر والنهي . قال : ليس هذا اريد ، ولكن الفتنة التي تموج كما يموج البحر . قال : ليس عليك منها بأس يا امير المؤمنين . ان بينك وبينها بابا مغلقا . قال : ايكسر ام يفتح ؟ قال : يكسر . قال : اذا لا يغلق ابدا [قال شقيق] : قلنا : اكان عمر [رضي الله تعالى عنه] يعلم الباب ؟ قال : نعم ، كما ان دون الغد الليلة ، اني حدثته بحديث ليس بالاغاليط ، فهبنا ان نسأل حذيفة [رضي الله تعالى عنه] فسألنا مسروقا ، فسأله فقال : الباب عمر [رضي الله تعالى عنه] ح ـ ١ / ٤٦٩ ، خ ـ ٦ / ٤٤ ، ح ـ ٤ / ٣٣٤ / ٣٢ ، ح ـ ١٠ / ١٨١ ، م ـ ١٠ / ٣٥٥ .

تەرجەمە :

حوذەیفە - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لە خدمەت ئیمامی عومەرا - رضي الله تعالى عنه - دانیشتبووین ، فەرمووی : کێ قسەی پێغەمەری - ﷺ - لە دەرحەق فیتنە حیفظ کردوە ؟ عەرزم کرد : من وەك فەرموویەتی . فەرمووی : لە حوضووریا لەسەر قسەکردن لە خذمەتیا جورئەتکاری بیلێ ! وتم : فیتنەی ئینسان لە خوصووصی ماڵو منـاڵو دراوسێ . . نـوێـژو رۆژووو صـەدەقـەو ئـەمـربـەمـەعـرووفـو نەهی لەمونکەر مەحوی ئەو فیتنە ئەکاتەوە . فەرمووی : مەقصوودی من ئەو فیتنەیە نیە . . مەقصوودی من فیتنەیێکە کە شەپۆل بدا وەك بەحر چۆن شەپۆل ئەدا . حوذەیفە - رضی الله تعالى عنه - فـەرمووی : یـا ئەمیرەلموئمینین ئەو فیتنەیە ضەرەرێکی بۆ تۆ نیە ، لە بەینی زەمانی تۆو ئەو فیتنەیە دەرگایەکی داخراو هەیە . فەرمووی : ئەو دەرگایە ئەکرێتەوە یا ئەشکێنرێ ؟ وتم : خەیر ئەشکێنرێ . فەرمووی : کە وابێ ئیـتر بە ئەبەدی داناخرێتەوە .

لە حوذەیفەمان پرسی : ئایـا ئەو دەرگـایەی ئـەزانی کە کێیـە ؟ فەرمووی : بەڵێ وەك چۆن ئەیزانی کە لە پێش سبەینێوە ئیمشەو هەیە . من حەدیثێکم بۆ ریوایەت کرد کە راست بیو خەطای تیا نەبێ .

شەقیقی راوی ئەڵێ : ئێمە هەیبەتمان لێ‌کـرد کە لێی بپـرسین . ئەمرمـان بە مـەسرووق کـرد لێی پرسێ . فـەرمووی : ئـەو دەرگایـە حەضرەتی عومەرە - رضی الله تعالى عنه - .

٥/٧٢٥ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي - ﷺ - قال : ان الاسلام بدأ غريبا وسيعود كما بدأ وهو يأرز [ينضم ويجتمع] - فيه حركات الراء - بين المسجدين كما تأرز الحية في جحرها م - ٢/١٧

٧٢٦/٦ عن ابى هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله - ﷺ - : بدأ الاسلام وسيعود كما بدأ غريبا ، فطوبى للغرباء م - ١٧/٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئیسلام بە غەریبی ظوهووری کرد ، لە دواییا غاڵب بوو زۆر کەس ئیمانی هێنا ، لەمەولا چۆن بە غەریبی ظوهووری کردبوو بەو نەوعە کەم ئەبێتەوەو ضەعیف ئەبێ و ئەبێتەوە بە غەریب ، وەك ئەووەڵجاری لێ بێتەوە ، لە کەم کەسا ئەمێنێ ، لە بەینی کەعبەو مەسجیدی نەبەوییا گینڵە ئەخوا چۆن مار لە کونی خۆیا گینڵە ئەخوا .

لە حەدیثی ئەبو هورەیرەدا ئەفەرموێ : (طوبى) [یەعنی فەرەح و چاوروونی و چاکی و خێرو غیبطەو کەرامەت و بەهەشت و درەختی طووبا] بێ بۆ ئەوانەی کە غەریبن [کە لەو وەختەدا موحافەظەی ئیمانی خۆیان ئەکەن] . لە ریوایەتێکی تری ئەبوهورەیرەدا لە باتی ئیسلام ئیمانی فەرموە .

٧٢٧/٧ عن حذيفة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال النبي - ﷺ - احصوا [اكتبوا] لي من تلفظ بالاسلام من الناس . فكتبنا له الفا وخمسمائة رجل ، فقلنا : نخاف ونحن الف وخمسمائة ؟ فلقد رأيتنا ابتلينا حتى ان الرجل ليصلي وحده وهو خائف ح - ١٦٨/٥ ، وفي رواية : فوجدناهم خمسمائة . ن .

٧٢٨/٨ ولفظ مسلم عنه : قال : كنا مع رسول الله - ﷺ - فقال : احصوا لي كم يلفظ الاسلام ؟ قال : فقلنا : يا رسول الله اتخاف علينا

ونحن ما بين الستمائة الى السبعمائة ؟ فقال : انكم لا تدرون لعلكم ان تبتلوا . قال : فابتلينا حتى جعل الرجل منا لا يصلي الا سراً .
م ـ ٢/٢١ . ن ، ج . ح ـ ٥/١٦٩ احمد .

تەرجەمە :

حوذەيفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ بووين فەرمووی : چەند کەس تەلەفوظ بە ئیسلام ئەکا بۆم بنووسن [لە موسلیما : بۆم بژمێرن] هەزارو پێنصەدمان بۆ نووسی . عەرزمان کرد : بۆ ئێمە ئەترسین کە هەزارو پێنصەدین ؟

[لە موسلیما : لە مابەینی شەشصەد تا حەوصەدین . فەرمووی : ئێوە نازانن بەڵکە موبتەلا ئەبن .] حوذەیفە فەرمووی : موبتەلا بووین بە نەوعێ کە بەدزی‌یەوە نەبێ کەس نوێژی نەدەکرد .

قەسطەلانی ئەڵێ : موحتەمەلە ئەمە ئیشارەت بێ ئەلای خەلافەتی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە = دەربارەی ئەمیرەکانی کووفە وەك وەلیدی کوڕی عەقەبە رووی دا . . کە نوێژەکانی دوا دەخست ، یان باش نەیدەکردن . جا هەندێ لە پیاوچاکان بەدزی‌یەوە نوێژیان دەکرد ، دواییش لە ترسی فیتنە لە پشتی ئەوەوە نوێژەکەیان دەکردەوە . =

راویی ئەم حەدیثە ئەعمەشە ئیختیلافی ئەصحابو ئەعمەش کە محەمەدی بنی مەیموون ریوایەتی (٥٠٠) ئەبو موعاویە (من ٦٠٠ الی ٧٠٠) سوفیانی ثەوریی ریوایەتی (١٥٠٠) ئەکا . سوفیان لە هەموویان حافیظترە ، تەئویلیش کراوە ریوایەتی (٥٠٠) جەنگی (٦٠٠ ـ ٧٠٠) جەنگینو غەیرەجەنگی (١٥٠٠) لەگەڵ ئەطرافو ئەکناف . (من قسطلاني) .

٧٢٩/٩ عن انس [رضی الله تعالی عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتی لایقال في الارض الله الله .

وفي اخری عنه : قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لا تقوم الساعة علی احد یقول : الله الله . م ـ ٢/٢٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تاوەکوو وای لێ بێ کە لە ئەرزا کەس ئەڵلا ئەڵلا ناڵێ . لە ریوایەتەکەی ترا ئەفـەرموێ : قیامەت لەسەر کەسێ هەڵناستێ کە بڵێ ئەڵلا ئەڵلا .

١٠/ ٧٣٠ ابو هریرة ـ رضي الله تعالی عنه ـ یقول : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : والذي نفسي بیده لیـوشکن ان ینزل فیکم ابن مـریم حکما مقسطا ، فیکسر الصلیب ، ویقتل الخنزیر ، ویضع الجزیة ، ویفیض المال حتی لا یقبله احد م ـ ٢/٣٨ ، ح ـ ٤/٢٦٨ ، ح ـ ٥/٤٢٠ جه [اقسط : عدل ، والقسط : العدل . وقسط یقسط : جار . نووي] .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە نزیکە کە ئیبنو مەریەم [علیهما السلام] بێتـەخوارێ [لەسەر شەریعەتی من] ئەبێ بە حاکمێکی عادیل : چەلیپا ئەشکێنێ ، بەراز ئەکوژێ [یەعنی بەوە بەیانی بوطلانی ئیعتیقادی نەصارا ئـەکا] ، جیزیە لەسەر غەیرەموسلیم هەڵئەگرێ ، [یـەعنی غەیـری ئیسلامـەتی هیچی تر قەبووڵ ناکا] ، ماڵ زۆر ئەبێ حەتا هیچ کەس قەبووڵی ناکا ، لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : وای لێ بێ کە سەجدەیەك لە دنیاو مافیها چاکتر ئەبێ ، [یەعنی دین بەقیمەت ئەبێ ، دنیا قیمەتی نامێنێ] .

ئـەبو هـورەيرە ئـەفەرمـوێ : ئەگـەر حەز ئـەكەن ئـەم ئايـەتە بخوێننەوە : هيچ كەس نىيە لە ئەهلى كيتاب كە ئيمانى پێ نەيێنێ لە پێش مردنى حەزرەتى عيسادا[1] .

لاى غەيرى ئەبوهورەيرە مەعناى ئايەتەكە وايە كە هەموو ئەهلى كيتاب لە پێش مردنى خۆيا ئيمانى پێ ئەێنێ ، ئەو وەختە ئەگا كە عەبدەو بەشەرەو رەسوولى خودايە ، نە قسەى جوولەكەيە نە قسەى نەصارايە .

ئەمما ئيمانى دواى غەرغەرە چ فائيدەى هەيە ؟ !

١١ / ٧٣١ وعنه قال رسول الله ـ ﷺ ـ : والله لينزلن ابن مريم حكما عـادلا ، فليكسرن الصليب ، وليقتلن الخنـزير ، وليضعن الجـزية ، ولتتركن القلاص [جمع قلوص من الابل كالفتاة من النساء ، والحدث من الرجال] فلا يسعى عليها ، ولتذهبن الشحناء [اي العداوة] والتباغض والتحاسد ، وليدعون الى المال فلا يقبله احد م ـ ٢ / ٤٠

تەرجەمە :

وشترى نێرو مێى جەهێڵ تەرك ئەكرێ[2] ، كەس ئيشى پێ ناكا ، دوشمنايەتى ، بوغضى يەكترى ، حەسەدبەيەكترى بردن نامێنێ ، خەڵق بانگ ئەكرێ كە ماڵى بدەنێ هيچ كەس قەبووڵى ناكا [يەعنى هەموو كەس لە ئيش ئەگا رەغبەتى دنيايى نامێنێ] .

---

(١) سوورەتى نيساء ، ئايەتى ١٠ .

(٢) دانەر ـ خ ـ لێرەدا تەنها تەرجەمەى زيادەى ريوايەتەكەى دوايى كردوە ، ئيتر باسى چەليپاو ، بەرازو ، . . ى نەكرد ؛ چونكە پێشتر تەرجەمەى كردن .

١٢/ ٧٣٢ عن ابي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - ﷺ - : كيف انتم اذا نزل ابن مريم [عليه السلام] فيكم وامامكم منكم ؟ م - ٢/ ٤١ ، ح - ٥/ ٤٢١ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئێوە چۆنن کە ئیبن ومەریەم - علیهما السلام - نوزوول بکا لە ناو ئێوەداو ئیمامی ئێوەیش لە نوێژا لە ئێوە بێ ؟ یەعنی یەکێ لە ئێوە کە حەزرەتی مەهدی‌یە حەزرەتی عیسا ئیقتیدای پێ ئەکا ، [چونکی ئەگەر لە ئەوەڵەوە حەزرەتی عیسا - علیه السلام - ببێ بە ئیمام خەڵق ئەکەوێتە شوبهەوە : ئایا دینێکی تازەی هێناوە یا نائیبی پێغەمەرە - ﷺ - لە ئیجرای ئەحکامی قورئانو سوننەتی پێغەمەرا - ﷺ - ؟ بۆ دەفعی ئەو شوبهە ئەو نوێژە نابێ بە ئیمام . ابن الجوزي نقله القسطلانی]

١٣/ ٧٣٣ عن ابي هريرة [رضى الله تعالى عنه] ان رسول الله - ﷺ - قال : كيف انتم اذا نزل فيكم ابن مريم فأمكم منكم ؟ [قال الوليد بن مسلم] فقلت لابن ابي ذئب : ان الاوزاعي حدثنا عن الزهري عن ابي هريرة : وامامكم منكم ! [يعني لا فامكم منكم] قال ابن ابي ذئب : تدري ما (امكم منكم) ؟ قلت : تخبرني ؟ قال : فامكم بكتاب ربكم - تبارك وتعالى - وسنة نبيكم - ﷺ - م - ٢/ ٤٢ .

تەرجەمە :

نەوەویی - رحمه الله - لەم سوئالو جوابە بەحثی نەکردوە لەم مەوقیعەدا ، نازانم لە جێی تر بەحثی لێ کردوە یا نا ؟ مەعنای حەدیثەکەیشی بەیان نەکردوە . ظاهیری مەعنای حەدیثەکە وەك حەدیثەکەی پێشوە ، یەعنی : لەگەڵ وجوودی حەزرەتی عیسادا - علیه

السلام ـ هەر لەم ئوممەتە ئەبێ بە ئیمام وەك لەو حەدیثەکە یێت .
مەعنای (ابن ابي ذئب) وا ئـەگەیێنێ کـە حەزرەتی عیسـا ـ علیه السلام ـ ئەبێ بە ئیمام لەسەر ئەحکامی شەریعەتی ئێمە . ئەم مەعنای هەم خیلافی ظاهیری ئەم حەدیثەو تەصریحی حەدیثی دوایی یەو ، لەفظی (منکم) یش بە (معلق) ئەمێنێتەوە ، ئەوەندەی پێ ئەوێ کـە مەعنـای صەحیح ئەبێ (وامکم کاحد منکم) دەلیلیش لەسەر ئەم حەذفە نی یە . هەم قسەکەی (ابن ابی ذئب)یش جوابی وەلیدی تیا نی یە . وەلید بە ئیبن و ئەبی ذیئب ئەڵێ : ئەوزاعی (امامکم)ی ریـوایەت کـردوە ، تۆ (أمکم) ریوایەت ئەکەی .
رەنگە لەبەر ئەم ئیشکالەبێ بوخاری ئـەم طەریقـەی ئیبن و ئەبی ذیئبەی ریوایەت نەکردوە (!) نەوەویش بۆیە قسەی لێ نەکردوە .
مـەقصوودی پێغـەمەر ـ ﷺ ـ وایـە ئیبن ومـەریـەمیش ـ علیهما السلام ـ نوزوول بکا شەریعەتی من نەسخ نابێتەوەو باقی یە ، هەر بـە شەرعی من عەمەل ئەکرێ ، لە ئێوە ئیمامەتیتان بۆ ئەکا عیسایش ـ علیه السلام ـ لە ئێوە ئەبێ .

١٤/٧٣٤ جابر بن عبد الله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : لاتزال طائفة من امتي يقاتلون عن الحق ظاهرين الى يوم القيامة . قال : فينزل عيسى بن مريم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيقول اميرهم : تعال صل لنا ! فيقول : ان بعضكم على بعض امراء تكرمة هذه الأمة . م ـ ٤٣/٢

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەفەرموێ : طائیفەیێ لە ئوممەتی من لەسەر حەق هەر حەرب ئەکەن و غاڵب ئەبن تا رۆژی قیامەت . فەرمووی : ئەمجا حەزرەتی عیسای ئیبنی مەریەم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نازڵ ئەبێ . ئەمیری ئەو لەشکرە کە لەو وەختەدا لەسەر حەق حەرب ئەکەن عەرزی حەزرەتی عیسا ئەکا ئەفەرموێ : تەشریفت بێ نوێژمان پێ بکە . ئەفەرموێ : خەیر [خۆتان نوێژ بۆ خۆتان بکەن] چونکی بەعزێ لە ئێوە ئەمیری بەعزەکەی ترتانن . ئەوە ئەفەرموێ لەبەر ئیکرامگرتنی ئەم ئوممەتە .

ئەم حەدیثە مەعناکەی (ابن ابی ذئب) رەد ئەکاتەوە . ئەم حەدیثەو حەدیثەکانی پێشوو دەلاڵەت ئەکەن لەسەر :

١ ـ نوزوولی حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ

٢ ـ لەسەر بەقای شەریعەتی محەمەد ـ علیه الصلاة والسلام ـ .

٣ ـ لەسەر خورووجی مەهدیی ـ رضي الله تعالی عنه ـ .

٤ ـ لەسەر تابیع بوونی حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ بە شەریعەتی ئێمە .

٥ ـ لەسەر ئەمە کە ئەهلی حەق دائیما غاڵبن ، لازم نی یە لە هەموو جیییێ بێ ، چونکی فەرموویەتی طائیفەیێ . حەربیش عامە لەمە : بە زمان بێ ، یا بە سەیف و سینان بێ . غەڵەبە لازم ناکا بەسەر هەموو کافرانا بێ ، غەڵەبەی ئەو طائیفەی کە حەرب ئەکا بەسەر موقابیلی یا کافی یە .

١٥/٧٣٥ مغيرة بن شعبة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لايزال ناس [طائفة ح ـ ١٠ / ٣١١ وهم اهل العلم خ معلقا . هم اصحاب الحديث ت] من امتي ظاهرين [على الحق م] حتى يأتيهم امر الله

[حتى تأتيهم الساعة م] وهم ظاهرون . ح ـ ٦/٧٢ ، ح ـ ١٠/٣١١ ، م ـ ٨/١٣١ .

وعن جابر بن سمرة ، وعن ثوبان ، وعن معاوية ، وجابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بالفاظ متقاربة م ـ ٨/١٣٠/١٣١ .

١٦/٧٣٦ معاوية يقول : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : لا تزال من امتي امة قائمة بامر الله لا يضرهم من خذلهم ، ولا من خالفهم حتى يأتيهم امر الله وهم على ذلك . قال عمير [بن هانئ راوي الحديث] : فقال مالك بن يخامر : قال معاذ [بن جبل رضي الله تعالى عنه] : وهم بالشام ، فقال معاوية : هذا مالك يزعم انه سمع معاذا يقول وهم بالشام ح ـ ٦/٧٣ ، م ـ ٨/١٣٢ .

[وفي حديث ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ للطبراني : يقاتلون على ابواب دمشق وما حولها . وعلى ابواب بيت المقدس وما حوله ، لايضرهم من خذلهم ظاهرين الى يوم القيامة . قسطلانى] .

١٧/٧٣٧ عبدالرحمن بن شماسة المهري قال : كنت عند مسلمة بن مخلد وعند عبدالله بن عمرو بن العاص [رضى الله تعالى عنهما] ، فقال عبدالله : لا تقوم الساعة الا على شرار الخلق هم شر من اهل الجاهلية ، لايدعون الله بشيْ الا رده عليهم ، فبينما هم على ذلك أقبل عقبة بن عامر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال له مسلمة : يا عقبة ! اسمع ما يقول عبدالله . فقال عقبة : هو اعلم ، واما انا فسمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : لا تزال عصابة من أمتي يقاتلون على امر الله قاهرين لعدوهم ، لا يضرهم من خالفهم حتى تاتيهم الساعة وهم على ذلك ، فقال عبدالله : اجل . ثم يبعث الله ريحا كريح المسك ، مسها مس الحرير ، فلا تترك نفسا في قلبه مثقال حبة من الايمان الا قبضته ، ثم يبقى شرار الناس عليهم تقوم الساعة م ـ ٨/١٣٢

تەرجەمە :

(١) موعاوية ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەيفەرموو : لە ئوممەتی من ئممەتێك بە دەوام ئەمری خوا رائەگرێ بەجێی ێنێ ، ئەوانەی لە موعاوەنەتیان ئەكشێنەوەو موخالەفەتیان ئەكەن زەرەریان پێ ناگەیێنن تا قیامەتیان بۆ یێ و ئەوان لەسەر ئەو حاڵەن كە موعاوەنەتی حەق ئەكەن .

كە حەزرەتی موعاويە ئەم حەديثەی ريوايەت ئەكرد مالیكی كوڕی (يخامر) وتی : كە مەعاذی بنی جەبەل ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەوانە كە موعاوەنەتی حەق ئەكەن لە شامن ؟ موعاويە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەمە مالیكە ، ئەڵێ : كە لە مەعاذم بیستوە ئەيفەرموو ئەوانە لە شامن .

١٨/ ٧٣٨ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين ، ولا تزال عصابة من المسلمين يقاتلون على الحق ظاهرين على من ناوأهم [اي عاداهم] الى يوم القيامة . م ـ ٨/١٣٢ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەركەسێ خوا ئیرادەی خەیری پێ بكا ئەو كەسە ئەكا بە عالم لە دينا ، جەماعەتێ لە موسوڵمانان هەر لەسەر حەق شەڕ ئەكەن بە ليسان يا بە سينان غاڵب ئەبن بەسەر دوشمنيانا تا رۆژی قيامەت .

(٢)[1] عەبدورەحمانی بنی شەماسەی میهری ئەفەرموێ : لە لای مەسلەمەی كوری موخەللەد بووم عەبدوڵڵای بنی عەمری‌بنی عاصی لە

(١) دانەر ـ خ ـ لە پێشدا سێ حەديثی بەيەكەوە نووسی ، دوايی دەستی كرد بە تەرجەمەكردنيانو ، ژمارە (١) حەديثی موعاويە بو ، ئەمەيش لێرەدا ژمارە (٢) هەرچەند حەديثی ١٨/٧٣٨ی نووسی .

لا بوو ، عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : قیامەت بەسەر خرابترینی خەڵقا نەبێ کە کوففارن هەڵناسێ . ئەوانە لە ئەهلی جاهیلیەت خرابترن ، هیچ دوعایێ ناکەن کە خوای ـ عز وجل ـ نەیداتەوە بەسەریانا . لەو وەختەدا عەقەبەی بنی عامیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە فوضەلای ئەصحابی کیرامە ، تەشریفی هات ، مەسلەمە پێی وت : ئەی عەقەبە گوێت لێیە عەبدوڵلا ئەڵێ چی ؟ عەقەبە فەرمووی : ئەو لە منی چاکتر ئەزانێ . ئەمما من لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : جەماعەتێکی بە قووەت لە ئوممەتی من هەر لەسەر حەق ، هەر لەسەر ئەمری خوا شەڕ ئەکەن قەهری عەدووی خۆیان ئەکەن تا قیامەتیان بۆ یێ و ئەوان ئێشتا لەسەر ئەو حاڵە ئەبن . عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەڵێ وایە . لە دوایی یا خوا باییکی بۆنخۆشی لە ئاوریشم نەرمتر ئەنێرێ ، هیچ نەفسێ نایێڵێتەوە کە بە قەد حەببەیێ ئیمان لە دڵیا بیێ و قەبضی نەکا ، لە دوای ئەوە خرابترینی خەڵق کە کوففارە ئەمێننەوەو قیامەتیان بەسەرا هەڵەسێ .

۷۳۹/۱۹ عن سعد بن ابي وقاص [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لا يزال اهل الغرب ظاهرين على الحق حتى تقوم الساعة . م ـ ۸/۱۳۳

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەهلی غەرب تا قیامەت ظاهیر ئەبن لەسەر حەق .

غەرب : دوو مەعنایان لێ داوەتەوە : (عەرەب) ئەگەر موراد لەو غەرب بێ کە بە دۆلکەی گەورە دەڵێن کە ئاوی پێ هەڵەیێنجن بۆ باغ و ئەراضی ، یائەو جێگەی کە رۆژی لێ ئاوا ئەبێ . مەعاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەك لە حەدیثەکەی پێشووا بەیان کرا ـ ئەوانە لە شامن ، لە حەدیثێکی ترا لە (بيت المقدس)ن . بەعضێك ئەڵێن : ئەهلی شامن ، بەعضێك ئەڵێن : میللەتی ئازان هەر میللەتێ بیێ . (من نووی) .

٧٤٠/٢٠ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تطلع الشمس من مغربها ، فاذا طلعت من مغربها آمن الناس كلهم اجمعون ، فيومئذ لا ينفع نفسا ايمانها لم تكن آمنت من قبل او كسبت في ايمانها خيرا . م ـ ٢/ ٤٥

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تا ڕۆژ لە مەغریبەوە هەڵنەیێ قیامەت هەڵناستێ ، کە ڕۆژ لە مەغریبی یەوە هەڵهات هەموو ئینسـان ئیمان بێنن [چـونکی لێیان مـەعلووم ئەبێ کـە حەشرو نەشرو قیامەت هەیە] ئەو ڕۆژە ـ یەعنی ئەو وەختە ـ هەرکەسێ لەوەپێش ئیمانی نەهێنابێ ئیمانی ئەو ڕۆژەی فایدەی پێ نادا ، یا ئیمانی هێنابێ‌و ، لەو ئیمانهێنانەدا کەسبی عەمەلی چاکەی تیـا نەکـردبێ ئەو وەختە عەمەلی چاکە بکا عەمەلەکەی فایدەی نابێ . [یەعنی کە ڕۆژ لە مەغریبەوە هەڵهات کەسێ کە ئیمانی نەهێنابێ لەوەپێش ئەو وەختە ئیمان بێنێ ئیمانەکەی بێ فائیدەیە ، لە عەذابی ئەبەدی نەجاتی نابێ ، کەسێکیش ئیمانی هێنابێ‌و دوای ئیمانهێنانەکەی عەمەلی چاکەی نەکردبێ ، هـەر ئیمانی هێنابێ‌و بەس . لەو وەختەدا کە ڕۆژ لە مەغـریب هەڵهـات ئەو کەسە بێنێ دەست بکا بە عەمەلی چاکەکردن با ئیمانەکەی فائیدەی پێ بدا لە خولوود نەجاتی ببێ ، ئەمما ئەو عەمەلەی لەو وەختە دا دەست ئەکا بە کردنی بێ‌فائیدە ئەبێ . .

ئایەتەکە (لف و نشر)ە ، لەففـەکەی مـوجمەلـەو ، نەشـرەکەی موفەصەلە ، یاخۆ لـە بابی ئیکتیفـایە وەك (سـرابيل تقيكم الحـر ، اي والبرد) مەعنای وا ئەبێ ئیمان‌و عەمەل فائیدە نادا بە کەسێ کە لەوەپێش ئیمان‌و عەمەلی نەبووبێ ، ئیمانی نەبووبێ ئەو وەختە ئیمان بێنێ ئەو ئیمانە

فائیدەی نی‌یه . ئیمانی بووبیّو عەمەلی نەبووبیّ لەو وەختەدا دەست پیّ بکا ئەو عەمەلە فایدەی بۆ نابیّ . ئەصلی وا بوە (لا ینفع نفسا ایمانها ولا عملها لم تکن الخ . .) مەعنای وا نی‌یه کەسیّ ئیمانی نەبووبیّ ئیمان بیّنیّ ، یا ئیمانی بووبیّو عەمەلی نەبووبیّ ئیمانەکەی فائیدەی نابیّ ، تاکوو ئەصحابی کەبیرە موخەللەد بن وەك موعتەزیله ئەلّیّن . ئەحادیثی شەفاعەتو ئایاتی تری قورئان (ان الله لا یظلم مثقال ذرة) ، (من کان في قلبه ذرة من خیر . .) حەدیثی (عتقاء الله) ، (فمن یعمل) . . هەموو دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەمە کە (صرف) ئیمان مونجی‌یه ، عەینی ئەم حەدیثە لە حەدیثێکی درێژا دێت (ان شاء الله) . لە ئیمانا . . نەفسی ئیمان ئینسانی پیّ نەجات ئەبیّ رابورد .

٧٤١/٢١ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ثلاث اذا خرجن لا ينفع نفسا ايمانها لم تكن آمنت من قبل او كسبت في ايمانها خيرا : طلوع الشمس من مغربها ، والدجال ، ودابة الارض م ـ ٢/٤٦

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سیّ شت هەن کە خورووجیان کرد کەسیّ کە ئیمانی نەهێنابیّ تا ئەو وەختە . . ئەو وەختە ئیمان بێنیّ ئیمانی فائیدەی بۆی نابیّ ، کەسێکیش ئیمانی هێنابیّ لەوەپێش ئەمما لە زەمانی ئەو ئیمانەدا هیچ عەمەلی چاکەی نەبووبیّ کە یەکیّ لەو سیّ شتە ظوهووری کرد دەستکا بە چاکەکردن ئەو چاکەیە فایدەی بۆی نابیّ . ئەو سیّ شتە :

١ ـ لە مەغریبەوە رۆژ هەلاّتن .

٢ ـ دەججال .

٣ ـ دابة الارض .

٧٤٢/٢٢ عن ابي ذر [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ ﷺ ـ قال يوما : اتدرون اين تذهب هذه الشمس ؟ قالوا الله ورسوله اعلم . قال : ان هذه تجري حتى تنتهي الى مستقرها تحت العرش ، فتخر ساجدة ، فلا تزال كذلك حتى يقال لها : ارتفعي ارجعي من حيث جئت . فترجع فتصبح طالعة من مطلعها ثم تجري لا يستنكر الناس منها شئيا حتى تنتهي الى مستقرها ذاك تحت العرش فيقال لها : ارتفعي اصبحي طالعة من مغربك فتصبح طالعة من مغربها فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : اتدرون متى ذاكم ؟ ذاك حين لا ينفع نفسا ايمانها لم تكن آمنت من قبل اوكسبت في ايمانها خيرا . م ـ ٢/٤٧

٧٤٣/٢٣ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ لابي ذر حين غربت الشمس : تدري أين تذهب ؟ قلت : الله ورسوله اعلم . قال : فانها تذهب حتى تسجد تحت العرش ، فتستأذن فيؤذن لها ، ويوشك ان تسجد فلا يقبل منها ، وتستأذن فلا يؤذن لها ، يقال لها : ارجعي من حيث جئت فتطلع من مغربها ، فذلك قوله ـ تعالى ـ : ﴿والشمس تجري لمستقر لها ، ذلك تقدير العزيز العليم﴾[1] . ح ـ ٥/٢٤٨ ، م ـ ٢/٤٧ د ، ت ، ن . ذكره البخاري ايضا ـ في التفسير ، وفي التوحيد .

وعنه قال[2] : سألت رسول الله ـ ﷺ ـ عن قول الله ـ جل وعلا ـ : ﴿والشمس تجري لمستقر لها . .﴾ قال مستقرها تحت العرش . م ـ ٢/٤٨ ، خ ـ ٧/٢٩٩ ن .

(١) سوورەتی یاسین ، ئایەتی : ٣٨

(٢) دەبوو لێرەدا ژمارەی حەدیث هەبوایە ، بەلام کە نییە وەك خۆی نووسیمان .

تەرجەمە :

ئەبوذەر ـ رضی الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : [کە رۆژ ئاوابوو . اخری] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەزانن ئەم رۆژە بۆ کوێ ئەچێ ؟ وتیان : خواو رەسوولی خوا لە هەموو کەس عالمترن . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەم رۆژە هەروا ئەڕوا تا ئەگاتە ئەو جێیەی کە قەراری لێ‌ئەگرێ لە ژێر عەرشا ، ئەو وەختە بە سوجدەدا ئەکەوێ ، هەر لە سوجدەدا ئەبێ تا ئەمری پێ‌ئەکرێ کە : بەرزبەرەوە بگەڕێرەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێی هاتووی ، ئەگەڕێتەوە بۆ مەشریق ، هەر وەقت لە کوێ هەڵاتوە لێی هەڵێبێ و دەست ئەکا بە جەرەیان کەس فەرق بەوەی ناکا لێی ناشڵەژێ کە بۆچ موددەیێ تەئەخخوری بوو .

تا ئەگاتەوە ئەو موستەقەڕڕەی لە ژێر عەرشایە ئەمری پێ‌ئەکرێ کە : بەرزەبەرەوە لە سوجدە ، لە کوێ ئاوابووی هەر لەوێوە هەڵبێ ! ئەمجا لە مەغریب طولووع ئەکا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەزانن ئەوە کە لە مەغریب طولووع ئەکا کەیە ؟ ئەوە ئەو وەختەیە کە هیچ کەس ئیمانی نەفعی پێ نادا کە لەوەپێش ئیمانی نەهێنابێ یا ئیمانی هێنابێ و عەمەلی نەبووبێ عەمەلی ئەو وەختەی فائیدەی بۆی نابێ .

لە حەدیثەکەی دوەما ئەبوذەر ئەفەرموێ : لە وەختی رۆژئاوادا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرمووم : ئەزانی ئەم رۆژە بۆ کوێ ئەچێ ؟ وتم : خواو رەسوولی خوا ئەزانن . . فەرمووی : هەروا ئەڕوا تا سوجدە بەرێ لە ژێر عەرشا ، ئیذن ئەخوازێ بۆ سوجدە ، ئیذن ئەدرێ نزیکە [یەعنی قیامەت نزیکە]کە سوجدە بەرێ و لێی قەبووڵ نەکرێ ، ئیذن بخوازێ بۆ

سوجدەو ئيذن نەدرێ ، ئەمری پێ ئەکرێ لە کوێوە هاتووی بگەڕێرەوەو ، ئەمجا لە مەغریبەوە طولووع ئەکا . ئەوە فەرموودەی خوایە کە فەرمووی : ڕۆژ هەروا ئەڕوا هەڵیێ و ئاوا ئەبێ ، تا ئەگاتە قەرارگای خۆی ، ئەو هەڵاتن و ئاوابوونەی کە گەیی یە قەرارگای ، لە مەغریبەوە طولووعکردنی تەقدیری خواییێکە کە عەزیزو غاڵبە بەسەر هەموو شتێکاو بە هەمووشت عالمە .

(٣) ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ﴿و الشمس تجری لمستقر لها﴾م لە پێغەمەر پرسی ـ ﷺ ـ فەرمووی : جێ وەستانی ڕۆژ لە ژێر عەرشایە .

ئیضاحی ئەم حەدیثانەو ئەو ئایەتی سوورەتی یاسینە ئەمەیە : نەوەوی ـ رحمه الله ـ ئەم حەدیثانەی ئیضاح نەکردوە . قەسطەلانیش شیفای دەرد ناداو ، لە بەیضاوی یەوەیشی نەقڵ کردوە بینای لەسەر ریوایەت نەکردوە .

ظاهیری ئایاتی قورئان و ئەحادیثی شەریفە مانگ و ڕۆژو هەموو ئەستێرە (بالذات) حەرەکە ئەکەن لە ئاسمانەکانا .

لای حوکەمای قەدیم هەر ئاسمانەکان حەرەکەت ئەکەن مانگ و ڕۆژو ئەستێرەکان وەك بزمار پیاچەقیون بە واسیطەی ئاسمانەکانەوە حەرەکەت ئەکەن ، لای ئەوان ئاسمان هەیە ئینکاری ناکەن .

حوکەمای ئێستە ئینکاری ئاسمانەکان ئەکەن ، ئاسمانیان لە لا نی یە ، چونکی تەماسیان ناکەن ، ئاسمانەکانیش ئەوەندە لەطیفن لە هەوا لەطیفترن بە چاوو دووربین نەیان بینیوە ، ئەڵێن : هەر ئەستێرەکان بە دەورەی ڕۆژا ئەگەڕێن . ڕۆژیشیان لە لا ثابیتە نابزوێ ، ئەرزیش ئەستێرەیەکە بە دەوری ڕۆژا ئەسووڕێتەوە ، بەوە فوصوولی ئەربەعە

پەیدا ئەبێ ، بە دەوری خۆیشیا لـە بیست‌وچوار سـەعاتـا دەفعەیێـك ئەسوورێتەوە ، بەوە شەوو رۆژ ئەبێتەوە . دوو نەوع حەرەکەی هەیە : وەك خولخولۆکە بە دەوری خۆیا ئەسوورێتەوە . بە ساڵێکی شەمسیش بە دەوری رۆژا ئـەسوورێتـەوە ، هەر کـامێکیان بێ تـەقدیـری عەزیـزی عەلیمە ، حەقیقەتەکەی هەر خوا ئەیزانێ کە ئیجادی کردوە .

مەعنای ئایەتەکە وایە قورصی رۆژ ـ یەعنی مانگیش ـ هەر ئەڕۆن طولووع و غورووب ئەکەن تا ئەو وەختەی کە خوا ئیرادە ئەکـاو ئەرزو ئاسمان ئەپێچێتەوە ، ئەو وەختە قەرار ئەگـرن ، طولـووع و غورووب ناکەن ، شەوقیان نامێنێ ، وەك ئینسان ئەمرن ، ئـەکوژێنـەوە لە ژێـر عەرشا دائەنرێن . (ذاتا) ئێستەیش لە ژێر عەرشان . ئیذن‌خواستن بە لیسانی حاڵە یا قالە مومکینە خوا عەقڵ و شوعـووریان بـداتێ ، قووەی نـاطیقەیـان بداتێ ، چـۆن گلێ مـردوو ئەکـا بە : ئینسـانی عاقـڵ ، بە حەیوانات ، بە حەشەرات ، بە درەخت‌و گیا ، بە چەند هەزار نەوع شت . وە یاخو موراد لەوە تەصویرو تەمثیلە دەلالەت لەسـەر کەمـالی قودرەتی خوا ئەکا .

مانگ و رۆژ و ئەستێرە هەموو بە دەوام لە حەرەکەتان ، وەستانیان نی یە بە هیچ ئانێ ، هەموو ئانێ لە طولووع و غورووبان ، لە جێیێ هەڵێن لە جێیێ ئاوا ئەبن ، ئەو مەدارەی کە لەسەری حەرەکەت ئـەکەن بـە قەدەر (اجزای لا یتجزا)ی چەند ئەوەندە ئوفوق هەیە هەموو بەیەکەوە نووساون لە کوللی ئوفوقێکی بە دەوام بەنیسبەت جێیێ طولووع ئەکەن و بە نیسبەت جێیێ غورووب ئەکەن . یەعنی کوللی جوزئێکی ئەو مەدارە هەم مەشریقە هەم مەغریبە ، هەڵاتن و ئاوابوونیان حەرەکەیە ، حەرەکە حادیثە موحدیثێکی ئەوێ کە ئیحداثی بکا ، قابیلی‌یەتی ئەو حادیثە بۆ

ئيحداث سوجدەيە ، تەئثيرى موحديث ئەمرە بە طولووع و غورووب ، ئيذنە بە سوجدە ، برانەوەى تەعەلووقى قودرەتى ئيلاهي بە طولـووع و غـورووب مـوستـەقـەرى مـانـگ و رۆژ و ئـەستێرەيـە وەك چـرايێ بيكـووژێنى يەوە چـۆن هەمـوو جێيێ تاريـك ئەبێ ، يـەعنى ئەوى پێى رووناك بووبێتەوە ئەوانيش لە حەرەكە ئەكەون ، ئەو موستەقەرى رۆژە كە لێى ئەگەرێتەوە ئاخر موستەقەرى نى يە ، چونكى دواى گەرانەوەى رۆژ دووبارە لە جێى پێشووى حەرەكەت ئەكەن تا حەشر و نەشر ئەبێتەوە ئـەمجا يـەكجاريى رائـەوەستن . ﴿اذا الشمس كورت ، واذا النجـوم انكدرت﴾[1] .

لام وايە ئەمە مەعنايێكى واضيحە .

٧٤٤/٢٤ عبدالرحمن بن غنم الاشعري قال : حدثني ابو عامر ، أو ابو مالك الاشعري ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [عند ابي داود ابو مالك من غير شك] والله ماكذبني سمع النبي ـ ﷺ ـ يقول : ليكونن من أمتي اقوام يستحلون الحِـر ، والحرير ، والخمر ، والمعازف ، [الات اللهـو] ولينزلن اقوام الى جنب علم يروح عليهم [الراعي] بسارحة لهم يأتيهم [المحتاج] لحاجة فيقولوا : ارجع الينا غدا فيبيتهم الله [عليهم] ويضع العلم [يوقعه عليهم] ويمسخ آخرين [ممن لم يقع العلم عليه] قـردة وخنازير الى يوم القيامة . ح ـ ٣٠٤/٨

تەرجەمە :

لە ئوممەتى من بەعضێ قەوم ئەبن فەرج حەلاڵ ئەكەن ، ئاوريشم حەلاڵ ئەكەن ، شەراب حەلاڵ ئەكەن ، ئالاتى لەهو حەلاڵ ئەكەن ، [ئـەمانـە ئێستە هـەموو مـەوجوودن] بـەعضێ قەوم لـە پەنـا كێوێكـا

(١) بروانە : سوورەتى تەكوير ، ئايەتى : ١و٢ .

هەڵدەن ، ئێواران حەیوانی دۆشەنی یان بۆ ئەبرێتەوە ، موحتاج ئەچنە لایان بۆ ئیحسان پێیان ئەڵێن : سبەینێ وەرنەوە ئەتانـدەینێ . [رەدیان ئەکەنەوە بە مەحروومیی] خـوا ـ عز وجـل ـ شەو ئـەدا بەسـەریانـا ، شاخەکەیان بـەسەرا ئـەرووخێنێ ، ئەوانی تـر کە نـەبووبن بـەژێرەوە مەسخ ئەکاتەوە بە مەیموونو بەراز تا رۆژی قیامەت . یا حەقیقـەت یا دڵیان وا لێ ئەکا .

٧٤٥/٢٥ سالم بن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهم] يقول : يا اهل العراق ! ما اسألكم عن الصغيرة واركبكم للكبيرة . سمعت ابي عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يقول : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول ـ ان الفتنة تجيئ من ههنا ، واومأ بيده نحو المشرق من حيث يطلع قرنا الشيطان ، وانتم يضرب بعضكم رقاب بعض ، وانما قتل موسى [عليه السلام] الذي قتل من آل فرعون خطأ . فقال الله ـ عـز وجل ـ ﴿وفتناك فتونا﴾[1] م ـ ٣٦٧/١٠

تەرجەمە :

سالمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بە ئەهلی عێراقی ئەفەرمـوو : ئەی ئـەهلی عێـراق من سوئـالی صەغیرەتان لێ ناکـەمو کەبیـرەتان پێ ئیـرتیکاب بکـەم [یەعنی ـ والله اعلم ـ ئەگەر لە صەغیرەتان بپرسمەوە ئـەتانکـەم بە گـڕ ئەوانـەدا کە ئیرتیکابی صەغیرە ئەکەن ، ئیختیلاف ئەکـەوێتە بـەینتانـەوەو ئەبێ بـە سـەبەبی شـەڕو شۆڕو یـەکترکـوشتن ، کە کـەبیرەیـە] لـە بـاوکم کـە

(١) سوورەتی : طاها ، ئایەتی ٤٠ .

عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ م بیستوە کە ئەیفەرموو : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیستوە ئەیفەرموو : کە فیتنە لەوێوە بێ ، بەدەستی موبارەکی ئیشارەتی بۆ طەرەفی مەشریق کرد ، ئەو جێگەیەی کە دووشاخی شەیطانی لێ هەڵبێ [موراد لە طولووعی شاخی شەیطان فیتنەو ئیتباعی ئەغوای شەیطانە] . ئێوە بەعضێکتان لە گەردنی بەعضێکتان ئەدەن بە عەمدەن . حەزرەتی مووسا بە خەطەء پیاوێکی کافری کوشت لە ئالی فیرعەون خوا ـ عز وجل ـ پێی فەرموو : نەفسی کەمت کوشت ! [بەوە ترس و خۆفت لێنیشت کە بتکوژن ، غەمت لێنیشت] لە غەم نەجاتمان دایت ، بە گەلێ فیتنە موبەتەلامان کردی .

[یەعنی حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ بە خەطەء پیاوێکی کافری کوشت کە ئەمری پێنەکرابوو بیکوژێ . خوا ـ عز وجل ـ ئەوە بە فیتنە ناو ئەبا ئێوە کە هەموو خۆتان بە موسوڵمان دائەنێن بە عەمد لەسەر هیچ یەکتری ئەکوژن ، لە مەشریقی مەدینەیشن چۆن نابێ بەو فیتنەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێداوە ؟] .

حەدیثی ظوهووری فیتنە لە مەشریقەوە هەر لە عەبدوڵڵاوە لە موسلیما لەم صەحیفەدا چەند ریوایەتی تر کراوە ، مەئالیان هەموو یەکە .

ئەم حەدیثە کافی یە . لە ئیمانیشا بەعضێکی رابورد .

٧٤٦/٢٦ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : لا يذهب الليل والنهار حتى تُعْبَد اللات والعزى ! فقلت : يا رسول الله ان كنت لأظن حين انزل الله ﴿هو الذي ارسل رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ، ولو كره المشركون﴾[1] ان ذلك تام ، قال : انه سيكون من ذلك ما شاء الله ، ثم يبعث الله ريحا

(١) سوورەتی (صف) ئایەتی : ٩ .

طيبة ، فتوفى كل من في قلبه مثقال حبة من خردل من ايمان ، فيبقى من لا خير فيه ، فيرجعون الى دين آبائهم . م ـ ١٠ /٣٦٨

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : شەوو رۆژ نابرێتەوە تا (لات)و (عوززا) ئەپەرسترێن ! عەرزم کرد : یا رەسوولەڵلا کە ئایەتی : «خوا ئەو خوایە کە پێغەمەری خۆیی لەگەڵ هیدایەت و دینی حەقا نارد تاکو ئەو رەسوولە یا ئەو دینی حەقە غاڵب بکا بەسەر هەموو دینێکا ، با موشریکیش پێیان ناخۆش بێ»ی نازڵ کرد وام ظەن ئەبرد کە ئەوە تەواوە ، ئیتر لات و عوززا ناپەرسترێن . فەرمووی : لەوەی کە دینی حەق غاڵب ئەبێ بەسەر ئەدیانی باطیلەداو تەرکی بتپەرستیی ئەکرێ ئەوەندەی خوا ئیرادە بکا ئەبێ ، لە دوای ئەوە خوا باییکی خۆش ئەنێرێ هەرکەسێ بەقەد دانەی خەردەلێ ئیمان لە دڵیا بێ قەبضی رۆحی ئەکا ، ئەوانە ئەمێننەوە کە لە دڵیانا هیچ خێر نەبێ ، ئەوانە ئەگەڕێنەوە سەر دینی باوك و باپیریان .

٧٤٧/ ٢٧ ابو هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا تذهب الايام والليالي حتى يملك رجل يقال له : (الجهجاه) . قال مسلم : هم اربعة اخوة : شريك ، وعبيدالله ، وعمير ، وعبدالكريم ، بنو عبدالمجيد . م ـ ١٠ / ٣٧٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : شەوو رۆژ نابڕێنەوە تا پیاوێکی جەهجاه ناو ئەبێ بە پادشا [ی ئیسلام] . موسلیم ئەفەرموێ : ئەوانە چوار بران شورەیك ، عوبەیدوڵلا ، عومەیر ، عەبدولکەریم ، کوڕی

عەبدولمەجیدن .

[ئەو جەهجاهە کامیانە ؟ یەکێکیانە ؟ یا هەموویانە یەك لە دوای یەك ئەبن بە پادشاە ؟ نەوەوی هیچ ئیضاحێ ناکا]

٧٤٨/٢٨ وعنه ان رسول الله - ﷺ - قال : لا تقوم الساعة حتى يخرج رجل من قحطان ، يسوق الناس بعصاه . م - ١٠/٣٧٠ ، ح - ١٠/١٩٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تا پیاوێ لە قەحطان خورووج ئەکا ، خەڵق بە عەصا سەوق ئەکا .

نەوەوی مەعنای لێ ناداتەوە . بە دارکاریی ئیدارەی مەملەکەت ئەکا ؟ یا بە عەصاکەی ئیشارەت ئەکا : وا بکەن و ، وابڕۆن . یا بە عەدالەت حوکم ئەکا ؟ یەعنی وەکوو شوان . (احتمالات) .

٧٤٩/٢٩ ابو هريرة عن النبي - ﷺ - [ورضي عنه] : يخرب الكعبة ذو السويقتين [قاچ باریك] من الحبشة . م - ١٠/٣٧٠ ، ح - ٣/١٥٥ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : (ذووسوەیقەتەین) لە حەبەشە کەعبە خراپ ئەکا .

٧٥٠/٣٠ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبي - ﷺ - قال : من كره من اميره شيئا فليصبر ، فانه من خرج من السلطان [من

فـارق الجمـاعـة . اخـرى م ـ ٨/ ٥٠] شبـرا مـات ميتـة جـاهليـة .
ح ـ ١٠/ ١٦٢/ ٢١١

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ لە ئەمیری شتێکی دی کە لای ناخۆش بوو صەبری لەسـەر بکا ، چـونکی هەرکـەسێ بستێ لە سولطان ـ لە جەماعەت ـ جـوێ ببێتەوەو بمـرێ بە مـردنی جاهیـلیەت ئەمرێ .

ئیطاعەی پادشاو ئومەرا لە غەیری ئیشی حەرام ومەکرووها بیلا قەیدو شەرط واجبە ، حەتتا لە موباحیشا کـە ئەمـری پێ کرد ئـەبێ بە واجب . ئەو پادشایە ، یا ئومەرایە با خۆیشی فاسق و فاجیر بێ لەوەدا صەبر بکاو لە ئیـطاعەی نـەچێتە دەرێ بـەو بەهـانەیـە ، چونکی لـە موخالەفەی فیتنەی گەورەتری لێ پەیدا ئەبێ .

موخالەفەی ئەمیر حەرامە لە (خلاف الشرع)ا .

٣١/ ٧٥١ جنادة بن ابي امية قـال : دخلنا عـلى عبادة بن الصـامت [رضي الله تعـالى عنه] وهـو مريض ، فقلنـا : أصلحك الله ! حـدثنا بحديث ينفعك الله به سمعتَه من النبي ـ ﷺ ـ قال : دعانا النبي ـ ﷺ ـ فبايَعنا [او بسكون العين] فقال فيما أخذ علينا : ان بايعنا عـلى السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا ، وعسرنا ويسرنا ، واَثـرة علينا [وبضم فسكون] ، وان لا ننازع الامر اهله الا ان تروا كفرا بواحـا [ظاهـرا صريحا] عندكم من الله فيه برهان . ح ـ ١٠/ ١٦٢ ، م ـ ٨/ ٣٨ .

[وزاد احمد عنه : وان رايت ان لك في الامر حقا فلا تعمل بذلك الرأي ، بل اسمع واطع الى ان يصل اليك بغير خروج عن الطاعة . وعند ابن حبان عن جنادة : وان اكلوا مالك وضربوا ظهرك قسطلاني]

تەرجەمە :

جەنادەی کوڕی ئەبی ئومەییە ئەفەرموێ : چووینە خدمەت عوبادەی بنی صامیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەخۆش بوو عەرزمانکرد : خوا ئیصلاحت بکا شیفات بدا ! حەدیثێکمان بۆ ریوایەت بکە خوا بەو حەدیثە نەفعت پێ بگەیێنێ ، حەدیثێك کە لە پێغەمەرت ـ ﷺ ـ بیستبێ ، فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ [شەوی عەقەبە] بانگی کردین موبایەعەی لەگەڵ کردین لەو شەرطەدا کە لەگەڵی کردین موبایەعەی لەگەڵ کردین فەرمووی : لەسەر گوێلەئەمرگرتن ، لەسەر ئیطاعەتی ئەمرکردن لە خۆشیمانا ، لە تاڵیمانا ، لە فەرەحیمانا ، لە تەنگانەمانا ، لەوەدا ، خەڵقمان بەسەرا تەرجیح بدرێ ، لەسەر ئەمە کە هیچ مونازەعە لەگەڵ ئەهلی خۆیا نەکەین لەسەر موڵك مەگەر کوفرێکی ئاشکارا ببینین کە لە لای ئێوە کوفرییێتی ئەو شتە ئاشکارا بێ و لە طەرەف خوا ـ عز وجل ـ ەوە دەلیل لەسەر کوفرییێتی ئەوە بێ وەك نەصی قورئان یا حەدیث [یەعنی ئیشی ئومەرا تەئویل هەڵبگرێ موخالەفەیان حەرامە لە مەعصی یەت و کوفرا ئیطاعەیان دروست نی یە] .

لە ریوایەتی ئیمامی ئەحمەدا ئەوەی لێ زیادکردوە : ئەگەر لات وابێ کە لە ئیمارەتا تۆیش حەقێکت هەیە بەو رەئیو ئیعتیقادەت عەمەل مەکە تا = پێت ئەگا = بەبێ ئەمە کە لە ئیطاعەت بچی یە دەرەوە .

لە ئەحمەدو ئیبن و حیببان لە جەنادەوە ئەو زیادەی هەیە کە : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : با ماڵیشت بخۆن ، با پشتیشت دارکاری بکەن .

٧٥٢/٣٢ عن اسيد بن حضير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رجلا [اتى النبي ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله استعملت فلانا ولم تستعملني . . الخ

اخرى خ] من الانصار [هو نفسه] قال : يا رسول الله : الا تستعملني كما استعملت فلانا [قيل : هو عمرو بن العاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ؟ قال : ستلقون بعدي أُثْرة [وبفتحتين] فاصبروا حتى تلقوني على الحوض . ح ـ ٦/١٤٨ ، ح ـ ١٠/١٦٣ ، ت ، ن .

تەرجەمە :

ئوسەيدى بنی حوضەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پیاوێ لە ئەنصار عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : یا رەسوولەڵڵا فلاّن کەست کرد بە عامیل و منت نەکرد ! فەرمووی : کە لە مەولا چاوتان پێ ئەکەوێ کە خەڵقتان بەسەرا تەرجیح ئەدرێ ، صەبر بکەن تا لەسەر حەوزی کەوثەر بە من ئەگەن[1] .

٧٥٣/٣٣ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : يقبض العلم ، ويظهر الجهل والفتن ، ويكثر الهَرْج ، قيل : يا رسول الله وما الهرج ؟ فقال هكذا بيده فحرفها ، كانه يريد القتل . ح ـ ١/١٨٠ ، م ـ ١٠/١١٢

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عیلم وەرئەگیرێتەوە ، جەهل دەرەکەوێ ، فیتنە دەرەکەوێ ، هەرج زۆر ئەبێ . عەرزیان کرد : یا رەسوولەڵڵا هەرج چی یە ؟ بە دەستی موبارەکی ئیشارەتی فەرموو و دەستی وەرگێرا وەك لە شتێ بدا ، (کانە) ئیرادەی قەتلی فەرموو . یەعنی کوشتن زۆر ئەبێ .

(١) لە ریوایەتێکیانا هەندێ زیادە هەیە لێرەدا باسی نەکرد .
ئەمە پوختەکەیەتی :
وتی : ئەی پێغەمەری خوا منیش ناکەی بە کاردار وەك فلاّنت ـ کە رەنگیشە عەمری کوڕی عاص بێ ـ کرد بە کاردار ؟

٧٥٤/٣٤ عن انس [رضي الله تعالى عنه] قال : لاحدثنكم حديثا لا يحدثكم احد بعدي [غيري . اخرى] سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : من اشراط الساعة ان يَقلَّ العلمُ [ان يرفع العلم ويثبت الجهل . اخرى] ويظهر الجهل ، ويظهر الزنا ، وتكثر النساء ، ويقل الرجال حتى يكون لخمسين امرأة قيم واحد . ح ـ ١٧٧/١

تەرجەمە :

ئـەنەس ـ رضي الله تعـالى عنه ـ فـەرمووی : حـەدیثێکتان بـۆ ریوایەت ئەکەم کە لە دوای من [لە ریوایەتەکەی ترا : غەیری من] کەس ئەو حەدیثـەتان بـۆ ریوایـەت ناکـا . لە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ م بیست کـە ئەیفەرموو : لە ئەشراطی ساعەتە کە : عیلم کەم ئەبێ جەهل [ثابیت ئەبێ] ظاهیر ئەبێ ، زینا ئاشکارا ئەبێ ، ژن زۆر ئەبێ تا وای لێ ئێ کە پەنجا ژن یەکێك ئەبێ کە بەسەریانەوە بگەڕێ و ئیشیان جێ بەجێ بکا ، چاوەنواریان بکا .

غەیری ژن زۆربوون بەو دەرەجەیە تـەحەقـوقی کردوە ، ژنیش دەستی کردوە بە زۆربوون ، پیاویش لە کەمی یایە .

٧٥٥/٣٥ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : يتقـارب الزمـان ، ويلقى الشحّ [البخـل] ، وتـظهـر الفتن ، ويكـثر الهرْج ، قالوا : يا رسول الله ايُّمَ [اى شيً هو] ؟ قال : القتل ، القتل . ح ـ ١٦٦/١٠ ، م ـ ١١٢/١٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : زەمان لێك نزیك ئەبنەوە .

[ئەمە گەلێ مەعنای لێدراوەتەوە :

١ ـ شەوو رۆژ بەرابەر ئەبێ بە دائیم .
٢ ـ قیامەت نزیك ئەبێ .
٣ ـ شەوو رۆژ کورت ئەبنەوە .
٤ ـ شەرو فەساد یەك لەدوای یەك یێن .
٥ ـ دەوڵەتان زووزوو مونقەریض ئەبن .
٦ ـ عومر کورت ئەبێتەوە] .

بەخیلی ئەخرێتە دڵی خەڵقەوە [ئێستە وایە] فیتنە زۆر ئەبێ ، هەرەج زۆر ئەبێ . عەرزیان کرد : هـەرەج چیی یە ؟ فـەرمووی : کـوشتنە ، کوشتنە . [هەمووی مەوجوودە] .

٧٥٦/٣٦ عن الزبير بن عديّ قال : أتينا انس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فشكونا اليه ما يلقى من الحجاج ، فقال : اصبروا فانه لا يأتي عليكم زمان الا الذي بعده شرٌّ منه حتى تلقوا ربَّكم ، سمعته من نبيكم ـ ﷺ ـ ح ـ ١٠/١٦٨ ت

تەرجەمە :

زوبەیری بنی عەدیی ئەفەرموێ : هاتینە خدمەت ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ شکاتی ئەوەمان لا کرد کە لە حەجاجەوە گرفتاری بووین ، فەرمووی : صەبر بکەن هیچ زەمانێ نیی یە کە بێت و زەمانی دوای ئەو لەو خرابتر نەبێ ، لە پێغەمەرم[1] بیست ـ ﷺ ـ .

---

(١) بـە گوێـرەی (سمعته من نبيكم) دەبـوو بینووسیـایە : (لـە پێغەمـەرتـانم بیست) .

٧٥٧/٣٧ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا يشير احدكم على اخيه بالسلاح ، فانه لا يدري لعل الشيطان ينزع في يده فيقع في حفرة من النار . ح ـ ١٠/١٦٩ ، م ـ ١٠/٥٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هیچ کەسێ لە ئێوە بە سیلاح ئیشارەت نەکاتە برای دینی خۆی ، نازانێ بەڵکە شەیطان لە دەستی ئەترازێنێ لە برای دینی یەکەی ئەکەوێو بەو واسیطە ئەکەوێتە چاڵێکی ئاگرەوە . [وقووعی بوە] .

٧٥٨/٣٨ عن ابي الاسود قال : قطع [افرد] على اهل المدينة بعث [جيش] فاكتتبت فيه ، فلقيت عكرمة [مولى ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ] فاخبرته ، فنهاني اشد النهي ، ثم قال : أخبرني ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ان اناسا من المسلمين كانوا مع المشركين يكثرون سواد المشركين على رسول الله ـ ﷺ ـ فيأتي السهم فيرمى فيصيب احدهم فيقتله ، او يضربه فيقتله . فانزل الله ـ تعالى ـ : ﴿ان الذين توفاهم الملائكة ظالمي انفسهم﴾[1] . ح ـ ١٠/١٧٧ ن ، م ـ ٧/٩٠ .

تەرجەمە :

ئەبولئەسوەد ئەڵێ : لە ئەهلی مەدینەبۆ شەرکردن لەگەڵ ئەهلی شام بۆ موعاوەنەتی (ابن الزبير رضي الله تعالى عنهما) لەشکرێ جوێکرایەوە . من لەو لەشکرەدا نووسرام . تووشی عەکرەمەی مەولای ئیبن‌وعەباس بووم ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەبەرم دایێ ، نەهییێکی زۆر بە شیددەتی لێکردم . وتی : ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەبەری داومێ : کە بەعزێ کەس لە موسوڵمانان لە ناو

(١) سوورەتی : نیساء ، ئایەتی : ٩٧ .

موشریکین بوون ، ئێشتا هیجرەتیان نەکردبوو ، لەشکری موشریکانیان زۆر ئەکرد کە شەر بکەن لەگەڵ پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ . لە غەزای بەدرا لەگەڵ موشریکەکان هاتن . ئەمما بۆیە نەبوو کە خۆیان لەگەڵ پێغەمەرا ـ ﷺ ـ حەرب بکەن ، هەر بۆیە بوو کە موشریکەکان لە پێش چاوی موسوڵمان زۆر بکەن . لە طەرەف موسوڵمانانەوە تیر ئەهاوێژ را لە یەکێکیان ئەکەوت ئەیکوشت . یا موسوڵمانێ بە شیر لێی ئەدا ئەیکوشت . خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتەی نازڵ کرد : ئەوانە کە مەلائیکە قەبضی رۆحیان ئەکاو بەزۆرکردنی لەشکری کوففار لە پێش چاوی موسوڵمانانا ظوڵمیان لە خۆیان کردوە . . مەلائیکەکان پێیان ئەڵێن : ئێوە لە چییا بوون ؟ یەعنی موسوڵمان بوون یا کافر بوون ؟ بۆچی لەشکری کافرانتان زۆر کرد ؟ بۆ هیجرەتتان نەکرد ؟ بە مەلائیکەکان ئەڵێن : لە ئەرزا ضەعیف بووین نەمانتوانی موعاوەنەتی موسوڵمانان بکەین . مەلائیکەکان پێیان ئەفەرموون : ئەرزی خوا واسیع نەبوو کە هیجرەتی تیا بکەن ؟ ئەو موسوڵمانانە مەئوایان جەهەنمە . چ مەنزڵێکی خراپە کە ئەیچنێ ؟ ! یەعنی لەسەر ئەمە کە هیجرەتیان نەکردوە موعەذذەب ئەبن .

مەقصوودی عەکرەمە وایە : ئەو موسوڵمانانە کە تەکثیری سەوادی کافرانیان کردوە مەقصوودیان وا نەبوە کە لەگەڵ ئیسلاما حەرب بکەن موعەذذەب ببن ئێوەیش با مەقصوودتان حەرب نەبێ ، چونکە لەشکری ئەهلی فیتنە زۆر ئەکەن موستەحەقی عەذاب ئەبن . ئەمما ئەم دوو مەسئەلەیە لەیەك جوێن . ئەمان لەشکری عەبدوڵلای کوری زوبەیر زۆر ئەکەن ، لەگەڵ غاصیبی خیلافەتا حەرب ئەکەن .

قیاسی فیرقەی باغی یە لە پێغەمەرو ئەصحابی ـ ﷺ ، ورضي الله عنهم ـ قیاسی (ابن الزبیر) ـ رضي الله تعالی عنە ـ کە ئەووەڵ مەولوودێکە لە ئیسلاما بوە لە دوای هیجرەت‌و ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە دەستی موبارەکی و بە تفی موبارەکی گۆشی کردوە . . لە موشریکین‌و کوففاری قورەیش ، ئەمجا خاریجییێکی وەك عەکرەمە ئەتوانێ بیکا ؟ !

حەدیثەکەی راستە ئیبن‌و عەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لە تەفسیری ئایەتەکەدا سەبەبی نوزوولی بەیان‌کردوە . حادیثەکە لە وەقعەی بەدرا بوە ، ئیبن‌و عەباس ئەو وەختە منالّ بوە لای دایکی بوە ، حاضری وەقعە نەبوە تەفسیرەکەی مورسەلی صەحابی یە . تا لە پێغەمەر ـ ﷺ ـی نەبیستبێ وای تەفسیر نەکردوەتەوە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوّعای بۆ فەرموە : (اللهم علمه الکتاب ، اللهم فقهه في الدين)ی فەرموە . ئەمما ئیستیعمالی ئەو حەدیثە لەو مەوقیعەدا خەطایێکی عەظیمە ! ح ـ ١٧١/١ ، ح ـ ٢٢٩/١ . حەججاجی بنی یوسف‌و شەددادی بنی عەبدولمەلیك چۆن قیاس ئەکرێن لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ؟ !

٧٥٩/٣٩ عن سلمة بن الأكوع [رضي الله تعالى عنه] انه دخلَ على الحجاجِ ، فقال : يا ابن الأكوع ! ارتددت على عقبيك تعربت ! [ما اساء ادبه مع فارس رسول الله ـ ﷺ ـ الذي هو من شجعان الصحابة ؟ !] قال : لا ، ولكن رسول الله ـ ﷺ ـ اذن لي في البدو .

وعن يزيد بن ابي عبيد [مولى سلمة] قال : لما قتل عثمان بن عفان ـ رضي الله تعالى عنه ـ خرج سلمة بن الأكوع الى الربذة ، وتزوج هناك امرأة وولدت له اولادا ، فلم يزل بها حتى أقبل قبل ان يموت بليالٍ ،

فنزل المدينة . ح ـ ١٠/١٧٨ ن م ـ ٨/٦٠ في المغازي ، لكن الجزء الاول منه ، ولم اصادف الجزء الثاني من مسلم هناك .

تەرجەمە :

(سلمه بن الاكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ) ئەفەرموێ : چوومە لای حەجاجی بنی یوسف لە دوای شەهادەتی (ابن الزبیر) ـ رضي الله تعالی عنهما ـ کە بوو بە ئەمیری حیجاز . وتی : (یا ابن الاکوع) پاشەوپاش لەدین وەرگەڕاوی بووی بە بادیە نشین ! فەرمووی : خەیر وەرنەگەڕاوم ، ئەمما پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیذنی داوم کە لە بادیەدا ئیقامەت بکەم .

یەزیدی بنی عوبەیدی مەولای سەلەمە ـ رضي الله عنه ـ ئەڵێ : کە ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ شەهیدکرا . . سەلەمە ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە مەدینە تەشریفی چوو بۆ رەبذە ـ کە دێیەکە لە بەینی مەکەو مەدینەدایە ـ لەوێ ژنی هێناو منالی لێی بوو . تا چەند رۆژێ لە پێش وەفاتیا تەشریفی عەودەتی کردەوە بۆ مەدینە .

٧٦٠/٤٠ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ ﷺ ـ انه قام الى جنب المنبر [وفي اخرى م ـ ١٠/٣٦٧ عند باب حفصة . وفي اخرى م ـ ١٠/٣٦٧ عند باب عائشة ـ رضي الله تعالى عنهما] فقال : الفتنة ههنا [وفي اخرى : راس الكفر ههنا . (ئەساسی کوفر لەوێوەیە) .] من حيث يطلع قرن الشيطان ، او قال قرن الشمس . [شك الراوي] . ح ـ ١٠/١٨٠ ، م ـ ١٠/٣٦٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشريفی لای مينبەرەوە راوەستابوو ، دوو دەفعە فەرمووی : فيتنە لێرەوەيە ، فيتنە لێرەوەيە . ئەو جێيەی کە شاخی شەيطانی لێ هەڵێ . يا فەرمووی : شاخی رۆژی لێ هەڵێ ، چونکی رۆژپەرست کە رۆژ هەڵهات سوجدەی ئەبەنە بەر ، ئيطاعەی ئەمری شەيطان ئەکەن ، (کانە) شاخی شەيطانی لێ‌هەڵهاتوە .

٧٦١/٤١ عن ابي وائل قال : قيل لأسامة : الا تكلم هذا ؟ [يعني عثمان بن عفان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ في توليه اقاربه الاموية ، وفي شأن أخيه لأمه الوليد بن عقبة وغير ذلك . . . مما انكر الناس عليه] قال : قد كلمته ما دون ان افتح بابا اكون اول من يفتحه ، وما أنا بالذي اقول لرجل بعد ان يكون اميرا على رجلين : انت خير ، بعدما سمعت من رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : يجاء برجل فيطرح في النار ، فيطحن فيها كطحن الحمار برحاه [معلوما ومجهولا] فيطيف به اهل النار فيقولون : اي فلان الست كنت تأمر بالمعروف وتنهى عن المنكر ؟ فيقول : انى كنت آمر بالمعروف ولا افعله ، وانهى عن المنكر وافعله . ح ـ ١٠/١٨٤ ، م ـ ١٠/٤٣٢ سبق في صفة النار . قسطلانى : فتندلق اقتابه بطنه [فتخرج امعاؤه] فيدور بها كما يدور الحمار بالرحى فيجتمع اليه . م

تەرجەمە :

ئەبو وائيل ئەڵێ : عەرزی ئوسامەی کوڕی زەيدی خۆشەويستی پێغەمەر ـ ﷺ ورضي الله عنهما ـ کرا بۆ قسە ناکەی لە خدمەت ئيمامی عوثمانا ـ رضي الله تعالى عنه ـ [کە هەر کەس و کاری خۆی لە بەنی‌ئومەيی يە ئەکا بە ئەمير ، وەليدی برای دايکيی ئەو شەرابی خواردوەتەوە داری حەدی لێ نادا ؟ هەم بۆ خوصووصی تريش کە خەڵق لێی بەگلەيين ؟] فەرمووی : قسەم بە سيرِی لە خدمەتيا کردوە بێ ئەمە

کە دەرگایێ لە فیتنە بکـەمەوە کـە ئەوەڵ کـەسێ بم کە ئـەو دەرگایـە بکاتەوە ، منیش ئەو کەسە نیم کە بە کەسێ کە بکرێ بە ئەمیری دوو کەس بڵێم : لە خەڵق چاکترە ، لە دوای ئەوەی کە لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : پیاوێ یێنرێ فرێ ئەدرێتە ناو ئاگرەوە ئەهاڕرێ وەك چۆن کەر ئاش ئەگێرێ تۆشتی پێ هاڕرێ (!) ئەویش وەك ئەو شتە لە ئاگرا ئەهاڕرێ .

یا مە عنای : ئەهاورێتە ناو ئاگرەوە شت ئەهاڕێ وەك چۆن کەر ئاشێ ئەگێرێ ئەسوورێتەوە بە دەوری ئاشەکەدا ئەمیش بەو نەوعە یـا ئەهاڕێ یـا ئەهـاڕرێ . ئەم مـەعنایـە موافیقی لـەفظی مـوسلیمە کـە ئەفەرموێ : ورگی ئەدڕێ ڕیخۆڵەو ناوزگی دەردەپەڕێ لە جەهەننەمـا ئەیسوورێنێتەوە وەك کەر ئاش ئەگێرێ .

ئەو کەسە خەڵقی ناو جەهەننەم دەورەی ئەگرن لێی ئەپرسن : ئەی فلان تۆ لە دنیادا ئەمرت بە چاکەو نەهیت لە خراپە نەدەکرد ؟ یەعنی بۆچ ئەم حاڵەت بەسەرا هاتوە ؟ ئەڵێ : لە دنیا ئەمرم بە چاکە ئەکردو نەمەکرد . نەهیم لە خراپە ئەکردو کەچی خۆم ئەمکرد !

موناسەبەی ئەم قسەی ئوسامە بە موعامـەلەی ئیمـامی عوثمـان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ چی یە ؟ جوابە محول الى (سلام) ـ سلمه الله ـ فليكتبه هنا[1] .

٧٦٢/٤٢ عن ابي بكرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لقد نفعني الله بكلمة ايام الجمل، لما بلغ النبي ـ ﷺ ـ ان فارسا ملّكـوا ابنة كسـرى [شيرويه بن خسرو پرويز ، بن هرمز . اسمها بوران] قال : لن يفلح قوم ولوا امرهم امرأة ح ـ ١٠ / ١٨٥

---

(١) ئەم شوێنەی کە بۆ مامۆستا مەلا سەلامی بڕداوە وەك خۆی ماوەتەوە .

ولفظه في ، ح ـ ٤٤٩/٦ : قال : لقد نفعني الله بكلمة سمعتها من رسول الله ـ ﷺ ـ ايام الجمل ، بعدما كدت ان الحق باصحاب الجمل ، فاقاتل معهم ، قال : لما بلغ رسول الله ـ ﷺ ـ ان فارسا قد ملّكوا عليهم بنت كسرى [بوران بنت شيرويه ، بن خسرو پرويز] قال : لن يفلح قوم ولوا امرهم امرأة . ح ـ ٤٤٩/٦ .

وذلك ان شيرويه [طمع في شيرين زوج ابيه خسرو] فقتل اباه وقتل اخوته ، وعلم خسرو ان العامل في قتله ابنه ، واراد ان يقتله قبل موته ، فعمل حقا كتب عليه : «حق الجماع ، من تناول منه كذا جامع كذا» ، فقرأه شيرويه فتناول منه ، فلم يعش بعد ابيه الا ستة اشهر ، فلما مات لم يخلف اخا ، وليس له ولد ذكر ، وكرهوا اخراج الملك عن ذلك البيت فملّكوا اخته . معجزة للنبي ـ ﷺ ـ لما مزّق كتابه ـ عليه الصلاة والسلام ـ قسطلاني .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ كاغەذی بۆ پادشای ئەطراف و ئەكناف ئەنووسی ، دەعوەتی ئەكردنە سەر ئیسلامەتی ، كاغەذیشی بۆ خوسرەوی پەروێز نووسی . دەستی شكێ كاغەذەكەی دڕان ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ دۆعای لێكرد ، فەرمووی : خوایا ئەوانیش پارچە پارچە بكە ! شێرۆی كوڕی خوسرەویش حەزی لە شیرینی باوەژنی خۆی كردبوو ! ئەوان مەجووسی بوون كچ و خوشك و ژنی باوكیان مارەئەكرد لە خۆیان . تا خوسرەویش بمایە شیرین و موڵكی باوكی دەست شێرۆ نەدەكەوت . باوك و براكانی خۆی كوشت ! خوسرەو لە پێش مردنیا فەرقی بەوە كرد كە بە دەسیسەی شێرۆ كوژراوە . بۆ ئینتیقام قوتوویەكی بە دروستكردن دا ، پڕی كرد لە زەهر ، سەری نایەوە و لە سەری نووسی : قوتووی جیماع ،

هەرکەسێ ئەوەندەی لێ بخوا ئەوەندە جیماعە ئەکا . شیرو کە خەرانەی باوکی گەڕا ئەو قوتوەی کەوتە بەرچاو ، لێی خوارد ، شەش مانگ دوای باوکی ژییا . ئەویش چوە لای باوکی ، تاجی ئاگری نایەسەرو لەسەر تەختی ئاگر لە جەهەنەما دانیشت . نێرینەیان نەما بیکەن بە پادشـا . بۆرانی خوشکی شیرۆیان کرد بە پادشا . ئەم خەبەرە بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیی ، فەرمووی : قەومێ ئیشی موڵکیان تەسلیم بە ژن بکەن و بیکەن بە سەرداری خۆیان ئەو قەومە فەلاحی نابێ .

ئەبوبەکرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ . ئەم فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە (وەقعەیجەمەل)ا کە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بوو بە سەرکردەی ئۆردوو لەگەڵ ئیمامی عەلی یا ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەرب بکا نەفعی پێدام لە دوای ئەمە کە نزیك بوو منیش ئیلتیحاق بکەم بە حەزرەتی عایشە بۆ حەربی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئـەم فەرمـوودەی پێغەمـەرە ـ ﷺ ـ منی لەوە گێـڕایەوە ، چونکی زانیم کە حەزرەتی عایشە موەفەق نابێ .

٧٦٣/٤٣ عبدالله بن زياد الاسـدي قال : لما سار طلحـة والزبـير وعائشة [رضي الله تعالى عنها وعنهما] الى البصرة بعث عليّ عمار بن ياسر وحسن بن علي [رضي الله تعالى عنهم] فقدما علينـا الكوفـة ، فصعدا المنبر ، فكان الحسن بن علي فوق المنبر في اعلاه ، وقام عمار اسفل من الحسن ، فاجتمعنا اليه ، فسمعت عمارا يقول : ان عائشة [رضي الله تعالى عنها] قد سارت الى البصرة ، ووالله انها لزوجة نبيكم ـ ﷺ ـ في الدنيا والآخرة ، ولكن الله ـ تبارك وتعالى ـ اِبتلاكُم ليعلم اياه تطيعون ام هي ؟ [رضي الله عنها وعنهم اجمعين] ح ـ ١٨٦/١٠ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای بني زیادی ئـەسەدیی : کـە طەلحـەو ، زوبەیـرو . عائیشە ـ رضي الله تعالی عنهم ـ چوون بۆ بەصرە ئیمامی عەلی عەممارو حـەسەنی کـوڕی خۆیی نـارد [بۆ کـووفە کـە خەڵق کـۆبکـەنـەوە بـۆ موعاوەنەتی] تەشریفیان هاتنە لای ئێمە بۆ کۆفە ، تەشریفیان سەرکەوتنە سەر مینبەر . حەزرەتی حەسەن ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەسەر مینبەرەکە لای سـەرووەوە بـوو ، حـەزرەتی عـەممـار لای خـوارووی حـەزرەتی حەسەنەوە راوەستا ، ئێمەیش لێی کۆبووینەوە ، گوێم لێ بوو عـەممار ئەیفەرموو : حەزرەتی عائیشە تەشریفی چوە بۆ بەصرە بۆ حەرب لەگەڵ ئیمامی عەلیدا . وەڵڵاهی حەزرەتی عائیشە ژنی پێغەمەری ئێوەیە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە دنیاو ئاخیرەتا [یەعنی بـەخورووجی لـەسەر ئیمامی عەلی لە ژنیێتی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناکەوێ] . ئەمما خوای ـ تەبارەك وەتەعالا ـ ئێوەی موبتەلا کردوە تاکوو بە علیمی حاڵی لێی مەعلووم ببێ کە تابیعی خوا ئەبن ـ یەعنی بەمە کە موعاوەنەتی ئیمامی عەلی بکەن ـ یا تابیعی حەزرەتی عائیشە ئەبن ؟

[کە ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ شەهید کرا حەزرەتی عائیشە تەشریفی لە مەککە بوو ، خەڵقیش بەیعەتیان بە حەزرەتی عەلی کـردبوو ، طـەلحـەو زوبـەیـریش لـەوانـە بـوون کـە بـەیعـەتیـان پێ کردبوو . ئیذنیان لێ خواست بۆ عومرە چـوون بۆ مـەککە ، حـەزرەتی عـائیشە خـەبەری شـەهیدبـوونی ئیمامی عـوثمانی پێگـەیی . خەڵقی تەرغیبو تەشویق کرد بۆ خوێنی ئیمـامی عوثمـان : طەلحەو زوبەیر مولاقاتیان کرد لەگەڵ حەزرەتی عائیشە ، ئەوانیش ئیتیفاقیان لەگەلا کرد بـۆ خوێنی ئیمـامی عوثمـان تا قـاتیلەکان بکـوژن ، حەزرەتی عـائیشە وشترێکی لە پیاوێکی عورەینە کڕی بە دووصەد دینار ، ناوی عەسکەر

بوو . حەزرەتی عائیشە سواری ئەو وشترە بوو ، بۆیە پێی ئەڵێن (وەقعەی جەمەل) لە مەککەو مەدینە سێ هەزار کەس تابیعی بوون ، طەلحەو زوبەیریش لە خدمەتیا بوون ، حەرەکەتیان کرد بۆ بەصرە سەر ئیمامی عەلی ، کە گەیینە ئاوی حەوئەب سەگی ئەوێیان پێ وەڕی . حەزرەتی عائیشە پرسی : ئەم ئاوە چە ئاوێکە ؟ عەرزیان کرد : کە ئاوی حەوئەبە . فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژێ بە ئێمەی فەرموو ـ یەعنی ئەزواجی طاهیرات ـ چۆنە یەکێ لە ئێوە سەگی حەوئەبی پێ بوەڕێ ؟

بەزار لە حەدیثی ئیبن و عەباسەوە : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە ئەزواجی طاهیراتی فەرموو : ئێوە کامتان صاحیبی جەمەلی (اَدْبَبن !) . . . خورووج ئەکا تا سەگی حەوئەبی پێ ئەوەڕێ ، لای راستو چەپیەوە زۆر کەس ئەکوژرێ ، نزیك ئەبێ کە خۆیشی بکوژرێ ، نەجاتی ئەبێ .

ئیمامی عەلیش لە مەدینەوە لەگەڵ نۆصەد سوارا تەشریفی چوو بۆ بەصرە ، کە گەیی یە بەصرە قەیسی بنی قەیسی بنی عوببادو عەبدوڵلای بنی کەواء عەرزیان کرد : کە خەبەری هاتنی خۆتمان بدەرێ ، لە دوای قسەیێکی دوورو درێژ بەحثی لە طەلحەو زوبەیر کرد ، فەرمووی : لە مەدینە بەیعەتیان پێکردم لە بەصرە لێم هەڵگەڕانەوە .

لە ریوایەتی ئیبن و لەیلادا ئەفەرموێ : کە ئیمامی حەسەن ـ رضي الله تعالی عنه وعنهم ـ فەرمووی : کە حەزرەتی عەلی ئەفەرموێ : خوا بێنمەوە فیکری ئەو پیاوەی کە بە تەواوی ریعایەتی ئەمری خوا بکا کە هیچ کەس فیرار نەکا ئەگەر مەظڵووم بم خوا موعاوەنەتم ئەکا، ئەگەر ظاڵم بم خوا لە موعاوەنەت مەحرووممم ئەکا . وەڵڵاهی طەلحەو زوبەیر ئەوەڵ کەسێ بوون کە بەیعەتیان پێکردم کەچی عەهدو پەیمانیان شکان بێ ئەمە

کە من ماڵێ بۆ خۆم تەخصیص بکەم ، یا حوکمێکی ئیلاهی بگۆڕم بەوە دوانزە هەزار کەس تابیعی بوون .

٧٦٤/٤٤ عن ابي وائل شقيق بن سلمة قال : كنت جالسا مع ابي مسعود وابي موسى وعمار [رضي الله تعالى عنهم] حيث بعثه علي الى اهل الكوفة [يستنفرهم . أخرى خ] فقال ابو مسعود [لعمار] : ما من اصحابك احد الا لو شئت لقلت فيه غيرك ، وما رأيت منك شيئا منذ صحبت النبي - ﷺ - اعيب عندي من استسراعك في هذا الامر . قال عمار : يا ابا مسعود وما رايت منك ولا من صاحبك هذا شيئا منذ صحبتما النبي - ﷺ - اعيب عندي من ابطائكما في هذا الأمر .

[تعييب ابي مسعود عمارا للاحاديث التي في حمل السلاح على الأخ المسلم . وتعييب عمار ابوي موسى ومسعود لتركهما نصر الامام الحق على البغاة والخارجين على الجماعة ، ومخالفة ﴿فقاتلوا التي تبغى﴾[1]] فقال ابو مسعود ـ وكان موسرا ـ : يا غلام ! هات حلتين ، فأعطى احداهما ابا موسى والاخرى عمارا ، وقال : روحا فيه الى الجمعة .

ح - ١٨٧/١٠

تەرجەمە :

شەقیق ئەڵێ : کە حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەمماری نارده لای خەڵقی کووفە کە بیان هێنێتە دەرێ بۆ حەربی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لای ئەبوو مەسعوودو ، ئەبو مووساو ، عەممار دانیشتبووم . ئەبو مەسعوود بە عەمماری وت : ئەگەر هەوەسم بێنێ غەیری تۆ هیچ کەسێ نی‌یە لە ئەصحابی تۆ کە نەتوانم عەیبێکی لێ دەربهێنم . تۆ لەو

(١) ئایەتی (٩) سوورەتی (حجرات) .

وەختەوە کە صوحبەتت لەگەڵ پێغەمەرا کردوە ـ ﷺ ـ هیچ شتێکم لێ نەدیوی کە لە لای من عەیبتر بێ لەوە کە لەم ئیشەدا عەجەلەت کرد ، چونکە بەرەورووی موسوڵمانـان سیلاح دەرکێشـان حەرامـەو پێغەمـەر ـ ﷺ ـ نەهی لێ کردوە . عەممار فەرمووی : ئەی ئەبـو مەسعـوود لەو وەختەوە تۆو رەفیقەکەت کە ئەبو مووسایە صوحبەتی پێغەمەرتان کردوە ـ ﷺ ـ هیچ شتێکم لێ نەدیون کە لە لای من عەیبتر بێ لەوە کە لەم ئیشەدا سستێتیتان کرد کە نوصرەتی ئیمامی حـەقتان نـەدا کە لـەگەڵ فیـرقەی باغیەدا شەڕ ئەکاو موخالەفەتی ئایەتی : ﴿وان طائفتـان من المؤمنين﴾[1] تان کرد . ئەبو مەسعوود دەوڵەمەند بوو فەرمووی : ئەی غولام ! دوو دەست لیباس بێنە ، دەستێکی دا بـە عەممـارو دەستێکیشی دا بە ئـەبو مووسا ، فەرمووی : پێوە بچن بۆ جومعە . ڕۆژی جومعە بوو .

[عەلای بنی محەمەد لە باوکی یەوە ریوایەت ئەکا : ئیمامی عەلی لە زاویەدا بوو ، پیاوێ هاتەخدمەتی وتی : لەسەر چی شەڕ لەگەڵ ئەمانە ئەکەی ؟ فەرمووی : لەسەر حەق . وتی : ئەوانیش ئەڵێن : کە خۆیان لەسەر حەقن ! فەرمووی : لەسەر ئەوە شەڕیان لەگەڵ ئەکەم کە لە جەماعەت جوێبوونەوە بەیعەتیان هەڵوەشانوە .

طـەبەرانی ئـەڵێ : ئەوەڵی حـەرب کە واقیـع بوو منـاڵی هەردوو طەرەف دەستیان کرد بە جوێندان بە یەکتری و تیرهاویتن بۆ یەکتری . لە دوایی یـا عەبـدو بێ عەقڵەکـانیان دەستیـان پێکـرد ، ئـاگـری حـەرب هەڵگیرسا . ئەصحابی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەنـدەقیان بـە دەوری بەصرەدا هەڵکەنـدبوو ، بـەعزێکیـان کوژران ، بـەعزێکیـان هاتنەدەرێ . ئەصحابی ئیمامی عەلی غاڵب بوون . مونادیێ بـانگی

---

(١) سوورەتی (حجرات) ئایەتی (٩) .

کرد : شوێن ئەوە مەکەون کە پشتی هەڵکردوە ، بـریندار مـەکوژن ، مەچنە ماڵی هیچ کەسێ . . . لە دواییدا خەڵقی کۆکردەوەو بەیعەتیـان پێکرد . ئیبن و عەباسی کرد بە ئەمیـری بەصـرەو خۆی گـەڕایەوە بـۆ کووفە .

لـە عەبـدورەحمانی کـوڕی ئەبزارەوە ریوایـەت ئـەکـەن ، کـە عەبدوڵڵای کوڕی بودەیل لە دوای غاڵب بوون چووەوە خزمەت حەزرەتی عایشە ، حەزرەتی عایشـە لە کـەژاوەدا بوو عـەرزی کرد : ئـەی (ام المؤمنین) ئەزانی کـە لەو وەختـەدا ئیمامی عـوثمان شـەهیدکـرا هاتمـە خدمەتت عەرزم کردی : ئەمرم بە چی پێ ئەکەی ؟ فەرمووت : لە عەلی جوێمەبەرەوە . حەزرەتی عـایشە ـ رضي الله تعـالی عنها ـ سـوکووتی کـرد . عەبـدوڵـڵای کـوڕی بـودەیـل وتی : وشتـرەکـە سـەرببـڕن ، سـەریـان بـڕی . من و محـەمـەدی بـرای حـەزرەتی عـایشــە دابـەزین کەژاوەکەمان هەڵگرت و بردمان لە بەردەمی ئیمامی عـەلیمان دانـا ، ئەمری کرد بردیان لە ماڵێکا دایان نا .

ئەحنەف ئەڵێ : ئەوەڵ کەسێ کە لە لەشکری حەزرەتی عایشەدا شەهید بوو طەلحە بوو . زوبـەیریش هـەرای کرد لـە (وادی السباع) ا شەهید کرا . طەلحە تیرێکی (لاعیه)ی بۆ هات بردیانە بەصرە لـەوێ وەفاتی کرد .

لە وەقعەی جەمەلا ـ ئەڵێن ـ دە هـەزار لە طـەرەفەین نیـواونیو شەهید کرا . بەعزێ ئەڵێن : تەنها لە لەشکری عایشە سێنزە هەزار ، لە لەشکری حەزرەتی عەلی هەزار کەس شەهیدکران . بەعزێك ئەڵێن : لە بەصرە دە هەزار ، لە کووفە پێنج هەزار . (والحاصل) لە طەرەفەین زۆر شەهید کرا ـ رضي الله تعالی عن الجمیع ـ .

طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە غەزای ئوحودا دەستی خۆی کرد بە قەڵغان موحافەظەی پێغەمەری پێکرد ـ ﷺ ـ .

زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەواریی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ بێ ئەمە لەگەڵ ئیمامی عەلیدا شەڕ بکەن هەردوکیان گەڕانەوە ، هەردوکیان شەهید بوون .

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ یش لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ یان پرسی : کێت خۆشەوێ ؟ فەرمووی : عایشە . وتیان : لە پیاوان ؟ فەرمووی : باوکی عایشە .

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە خەیبەرا فەرمووی : سبەینێ بەیداخەکە ئەدەم بە کەسێ خواو پێغەمەری خۆش بوێو خواو پێغەمەریش ئەویان خۆش بوێ . بەیداخەکەی دا بە ئیمامی عەلی .

(ان شاء الله) لە مەناقیبا فەضائیلی ئەصحاب مەعلووم ئەبێ کە هەموویان مەحبووبی خوان ، لە عەیب بەرین . ـ رضوان الله عليهم ـ .

وەقایعی بەینی صەحابە قسەلێنەکردنی باشە . وەقعەیێکی رابوردوە ، نەشری لە بەینی عەواما زەرەری هەیەو فائیدەی نی یە . دەخڵی بەسەر دینەوە نی یە ، دەخڵی بەسەر حەدیثەوە نی یە ، چونکی لام وایە هەرچی لە دوای وەفاتی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بووبێ حەدیث نی یە . نە قەولی یە ، نە فیعلی یە ، نە تەقریری یە ، نە حادیثەیێکە مەنسووب ببێتە ئەلای زەمانی سەعادەتو ، مەصلەحەت وایە ئەم نەوعە قسانەی لێ دەرپێنن . ئەمما چونکی ئیلتیزامی تەرجەمەی بوخاریم کردوە نووسیومە .

٧٦٥/٤٥ عن ابي بكرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : اخرج النبي ـ ﷺ ـ ذات يوم الحسن فصعد به المنبر ، فقال : ابني هذا سيد ، ولعل الله ان يصلح به بين فئتين من المسلمين ح ـ ١٢٨/٦٧/٦ صدق رسول الله ـ ﷺ ـ فوقع كما قال .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژێ حەزرەتی حەسەنی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ماڵ بردە دەرێ سەری خستە سەر مینبەری نەبەویی ، فەرمووی : ئەم کوری منە سەییدە ، گەورەیە . ئومێدم وایە کە خوا بە واسیطەی ئەمەوە صوڵح بخاتە بەینی دوو فیرقەی موسوڵمانانەوە .

ئەم حەدیثی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ صەریحە لەوەدا کە وەقعەی بەینی موعاویەو عەلیو عائیشە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ حەزرەتی عائیشەی مەحبووبەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ورضي عنها ـو موعاویە لەمەوە کە خورووجیان لەسەر ئیمامی عەلی کردو حەربیان لەگەڵا کرد . . لە دین پێی ناچنە دەرەوە پێیشی گوناهبار نابن .

ئەبوبەکەرە : بەکەرە : چەرخی بیرە کە ئاوی پێ هەڵهێنجن لە بیر . ناوی نوفەیعەی کوری حەرثی کوری کەلەدەیە . لە موحاصەرەی طائیفا خۆی بەو چەرخەدا لە قەلعەی طائیف داهێشتە خوارێ . هاتە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆیە ناونرا بە ئەبوبەکەرە . ـ رضي الله تعالى عنه ـ زۆر موحیببی ئەهلی بەیت بوە . لە حەربی بەینی صەحابەدا بێطەرەف بوە .

عن ابي موسى[1] [اسرائيل بن موسى البصري] قال : سمعت الحسن [البصري] يقول : استقبل والله الحسن بن علي معاوية [رضي الله عنهم] بكتائب امثال الجبال [منهم اربعون الفا بايعوه على الموت] فقال

(١) ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

عمرو بن العاص [محرضا لمعاوية على قتال الحسن] : انى لأرى كتائب لا تولي حتى تَقْتُل اقْرانها . فقال له معاوية ـ وكان والله خير الرجلين [لانه يطلب الصلح ، والآخر يحرضه على القتال] ـ : اي عمرو ! ان قَتَلَ هؤلاء هؤلاء ، وهؤلاء هؤلاء من لي بامور الناس ، من لي بنسائهم ، من لي بضيعتهم ؟ [من لذراري المسلمين ؟ اخرى خ] فبعث اليه رجلين من قريش من بني عبد شمس : عبدالرحمن بن سمرة ، وعبدالله بن عامر ابن كُرَيْز . فقال : اذهبا الى هذا الرجل فاعرضا عليه ، وقولا له واطلبا اليه . فاتياه ، فدخلا عليه فتكلما ، وقالا له ، وطلبا اليه . فقال لهما الحسن بن علي [رضي الله تعالى عنهما] : انا بنو عبدالمطلب قد اصبنا من هذا المال وان هذه الامة قد عاثت في دمائها . قالا : فانه يعرض عليك كذا وكذا ، ويطلب اليك ويسألك [راجع تأريخ الكامل . وهذه المسائل بالتأريخ اليق منه بالحديث . ولكن فيه تصديق الحديث الأول وبيان المعجزة] قال : فمن لي بهذا ؟ قالا : نحن لك به . فما سألهما شيئا الا قالا نحن لك به . . فصالحه . فقال الحسن : ولقد سمعت ابا بكرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : رأيت رسول الله ـ ﷺ ـ على المنبر والحسن بن علي الى جنبه وهو يقبل على الناس مرة وعليه اخرى ، ويقول : ان ابني هذا سيد ولعل الله ان يصلح به بين فئتين عظيمتين من المسلمين . خ ـ ٤/٤١٠ ، ح ـ ٦/١٢٨ ، ح ـ ١٠/١٩٠ . ولما صالح قال له اتباعه : يا عار المؤمنين ! فقال ـ رضي الله تعالى عنه ـ : العار خير من النار ! قسطلاني ١٠ ـ ١٩٠ . د ، ت ، ن .

تەرجەمە :

حەسەنی بەصری ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : وەڵڵاهی حەسەنی کوڕی عەلی موقابەلەی موعاویەی کرد ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بە لەشکرێ وەکوو کێو وابوو [چل هەزاری لەسەر مردن موبایەعـەیان لەگەڵ کردبوو] عەمری کوڕی عاص وتی : وەڵڵاهی لەشکرێك ئەبینم تا ئەقرانی خۆی نەکوژێ پشت هەڵناکا . موعاویە ـ کە وەڵڵاهی چاکترینی ئەو دوو پیاوە بوو ، کە موعاویەو عەمرن ـ بە عەمری وت : ئەی عەمر ! کە ئەمانە ئەوانەی کوشتو ، ئەوانەیش ئەمانەی کوشت کێ ئەبێ بـە کەفیلی ئیش و کاری خەڵق ؟ کێ ئەبێ بە کەفیلی ژنەکانیان کە چاوێرییان بکا ؟ کێ ئەبێ بە کەفیلی ماڵو ئەراضی یان ؟ [کێ ئەبێ بە کەفیلی مناڵیان کە بە ضائیع نەچن ؟] عەمـر[1] وتی : من . [یەعنی مـەترسـە شەڕی لەگەڵ بکە ئەگەر شتێکی وا رووی دا من ئەبم بە کەفیلی ماڵو مناڵیان ، صوڵحی لەگەڵ مەکە . بۆیە حەسەنی بەصری ـ رحمه الله ـ فەرمووی : موعاویە لە عەمر چاکترە] .

موعاویە [بە گوێی عەمری نەکرد طالیبی صوڵح بوو بۆ خاطری ئەمە خوێن نەڕژێ] دوو پیاوی لە قورەیش لە بـەنی (عبدالشمس) کـە عەبدورەحمانی کوڕی سومرەو ، عەبدوڵڵای کوڕی عامیرن ناردە خدمەت حەزرەتی حەسەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی وتن : بچنە لای ئەو پیاوە صوڵحی عەرض بکەن ، قسەی لـەگەڵا بکـەن ، طەڵـەبی صوڵحی لێ بکەن . هەردوکیان چوونە خدمەتی ئیمامی حەسەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیان کرد ، طەڵەبی صوڵحیان لێکرد . فەرمووی : ئێمە کـە

(١) لە دەقی عەرەبی یەکەدا ئەم قسەی عەمرە نی یە . کە (عەمروتی : من) .

بەنو (عبدالمطلبين) ئێمە لەم ماڵە ئینتیفاعمان لێکردوە[1] . ئەم ئوممەتە بە خوێنی یەکتری رژانن بەفەسادا چوون ، بۆ طەماعی دنیایی ناگەرێنەوە . عەرزیان کرد : کە موعاویە ئەوەندەو ئەوەندەت عەرض ئەکا ، طەڵەبی صوڵحت لێ ئەکا . حەزرەتی حەسەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەگەر صوڵحی لەگەڵ بکەم کێ ئەبێ بە کەفیل کە ئەمانەم بداتێ ؟ وتیان : ئێمە ئەبین بە کەفیل . (والحاصل) حەزرەتی ئیمام هەرچی طەڵەب کردو کردی بە شەرطی صوڵح ئەوان ئەیانوت : ئێمە کەفیلین [چونکە وەکیلی موطڵەق بوون] صوڵحی لەگەڵ کردن . ئەویش وەفای بە وەعدەکەی کرد[2] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [حەسەنی بەصری ـ رضي الله عنه ـ حەدیثەکەی پێشوو لە ئەبوبەکرەوە ریوایەت ئەکا مەعنای لێدراوەتەوە] .

٤٦/٧٦٦ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : قال رسول الله ـ ﷺ ـ اذا انزل الله بقوم عذابا اصاب العذاب من كان فيهم ، ثم بعثوا على اعمالهم . ح ـ ١٠/١٨٨ ، م ـ ١٠/٣٤٣ .

وفي السنن الاربعة من حديث ابي بكر الصديق ـ رضي الله تعالى عنه ـ : انه سمع رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : ان الناس اذا رأوا المنكر فلم يغيروه أوشك ان يعمهم الله بعذاب . قسط ـ ١٠ ـ ١٨٨ .

تەرجەمە :

(١) لێرەدا تەرجەمەکە بزرکاوە ئەیتوانی بفەرموێ : (ئێمە کە . . . ئینتیفاعمان لەم ماڵە کردوە) .

(٢) دانەر ـ خ ـ وەك زیادەکەی قەسطەلانی لەبیرچووبێ وایە . ئەمە تەرجەمەکەیەتی :
کاتێ حەزرەتی حەسەن صوڵحی لەگەڵکردن کۆمەڵەکەی وتیان : ئەی رسوایی موسوڵمانان ! جا حەزرەتی حەسەن فەرمووی : رسوایی لە ئاگر باشترە !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : كە خوا ـ عز وجل ـ عەذابێكی ناردە سەر قەومێ ئەو عەذابە هەركەسێ لە ناو ئەو قەومەدا بێ ئەیگرێ ، لە دواییدا هەركەس لەسەر عەمەلی خۆی زیندووئەبێتەوە .

ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : ئینسان كە مونكەریان دیو تێكیان نەدا نزیكە خوا عەذابێكی عوموومی یان بۆ بنێرێ . [وەك ئێستە یەك لەسەر یەك]

٤٧/ ٧٦٧ قال حرملة ـ مولى اسامة ـ قال : ارسلني اسامة الى علي [رضي الله تعالى عنهما] وقال : انه سيسألك الآن : ما خلّف صاحبك ؟ فقل له : يقول لك : لو كنت في شدق الأسد لأحببتُ ان اكون معك فيه ، ولكن هذا امر لم اَرهُ ، فلم يعطني شيئا فذهبت الى حسن وحسين وابن جعفر [رضي الله تعالى عنهم] فاوقروا الي راحلتي . ح ـ ١٠/ ١٩٠

تەرجەمە :

حەرمولەی مەولای ئوسامەی خۆشەویستی پێغەمەر ـ ﷺ ـ وتی : ئوسامە ناردمی یە خذمەت حەزرەتی عەلی كە شتێكی بداتێ ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئێستە لێت ئەپرسێ : كە بۆچی رەفیقەكەت تەخەللوفی كرد ، نەهاتە موعاوەنەتم ؟ عەرزی بكە كە ئەڵێ : ئەگەر لالەغاوەی شێرا بوویتایە وام حەزەكرد كە لە خذمەتتا بوومایە . ئەمما شەڕكردنی موسوڵمانان لەگەڵ یەكتری شتێكە من نەمدیوە .

[ئوسامە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردی یە سەر قەومێ ، دایان بەسەر قەومەكەدا شكانیان ، پیاوێكی مەرداس ناوی ئازاو شەجیع ئوسامەی شوێن كەوت ، كە تەنگی پێ هەڵچنی وتی : (لا اله الا الله) ئوسامە ـ رضي الله تعالى عنه ـ گوێی نەدایێ و كوشتی . عەرزی پێغەمەر كرا ـ ﷺ ـ زۆری تەكدیری ئوسامە كرد . لەسەر ئەوە

ئـوسامـە ـ رضي الله تعالى عنـە ـ سوێنی خـوارد کە هیـچ مـوسـوڵمـانێ نەکوژێ . لەبەر ئەوە لە وەقعەی حەزرەتی عەلی و موعاویەدا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تابیعی هیچ طەرەفێ نەبوو ، خۆی پارازت] .

حەرمولە ئەڵێ چوومە : خذمەت حەزرەتی ئیمامی عەلی قسەکەی ئوسامەم عەرزکرد . حەزرەتی عەلی هیچی نەدامێ ، چوومە خذمەت حەزرەتی حەسەن و حسەین و عەبدوڵلای کوری جەعفەری برای ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ وشترەکەیان بۆ گران بار کردم .

٧٦٨/٤٨ عَن نافع قال : لما خلع اهل المدينة يزيد بن معاوية جمع ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حشمه وولـده فقال : اني سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : ينصب لكل غادر لواء يوم القيامة ، وانا قد بايعنا هذا الرجل على بيع الله ورسوله ، واني لا اعلم عُذْرا [غَدْرا ، نسخة] اعظم من ان يبايع رجل على بيع الله ورسوله ، ثم ينصب له القتال ، واني لا اعلم [في المغازي قسطلانى : ولم اجد الا احاديث لواء الغدر ليس فيها قصة خلع يزيد] احدا منكم خلعه ولا بايع [غيره] في هذا الأمر الا كانت الفيصل [القاطعة] بيني وبينه ح ـ ١٩١/١٠

تەرجەمە :

نافیع مەولای ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە ئەهلی مەدینە ـ رضي الله عنهم ـ کە یـەزیدی کـوری موعـاویەیـان خەلع کرد لە پاشایەتی . . ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەدەم و حەشەم و ئەولادەکانی کـۆکردەوەو فـەرمووی : لـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : خوا لە ڕۆژی قیامەتا بۆ کوللی کەسێ کـە عەهـدو پەیمان هەڵبوەشێنێ بایداخێکی بۆ هەڵەکا ، ئێمە موبایەعەمان لەگەڵ ئەو پیاوەدا کردوە لەسەر موبایەعەی خواو رەسوولی ، هیچ عوذرێ یا غەدرێ

لەوەگەورەتر نیە کە ئینسان لەسەر بەیعی خواو رەسوولی بەیعەت لەگەڵ کەسێ بکاو لە پاشا حەربی لەگەڵ دامەزرێنێ ، هەرکەسێ لە ئێوە (مطلع) ببم بە سەریا کە خەلعی بکاو بەیعەت بە کەسێکی تر بکا ئەو خەلع و بەیعەتە ئەبێ بە سەبەبی جوێیێتی لە بەینی من و ئەوا .

سەبەبی خەلعی یەزید ئەوەیە کە طەبەری ذیکری کردوە کە یەزید عەماری کوڕی مامە حەمەی خۆیی کرد بە ئەمیری مەدینە . عەماری مامە حەمە جەماعەتێکی لە ئەهلی مەدینە نارد بۆ لای یەزید . لەو جەماعەتەدا عەبدوڵلای کوڕی غەسیلی مەلائیکەو ، عەبدوڵلای کوڕی عەمری مەخزوومی مەوجوود بوون کە گەیینە لای ، یەزید ئیکرام و نەوازشی کردن ، خەلاتی کردن ، کە گەڕانەوە بۆ مەدینە عەیبیان لە یەزید دەرهێنا کە شەرابی خواردۆتەوەو ئەوەو ئەوە ئەکا . . لەسەر ئەوە ئەهلی مەدینە یەزیدیان خەلع کرد ، عەماریان دەرکرد . ئەو وەختە ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حەشەم و ئەولادەکانی کۆکردەوەو نەصیحەتی کردن کە ئەم خەبەرە بە یەزید گەیی لەشکرێکی لەگەڵ موسلیمی کوڕی عوقبەدا ناردنەسەر ، ئەمری پێکرد تا سێ رۆژ دەعوەتیان بکاتەوە سەر ئیطاعە ، ئەگەر نەگەڕانەوە حەربیان لەگەڵ بکا ، کە غالب بوون سێ رۆژ سەرو ماڵ و عیرضی مەدینەیی یان بۆ حەلاڵ بکا ، لێیان نەپرسێتەوە .

موسلیم لە دوای سێ رۆژ کە دەعوەتی کردن و نەهاتنەوە سەر ئیطاعەت حەربی لەگەلا کردن ، لەشکری موسلیم غەلەبەی کرد ، سێ رۆژ کوشتاریان کرد لە ئەهلی مەدینە ، دە هەزار پیاوو ژن و منالیان کوشت .

حەنظەلە شەهید کرا ، بەقایای موهاجیرو ئەنصارو ئەجیللەی

تابیعین ـ رضي الله تعالی عنهم ـ شەهید کران ، هەر ئەوانە هەزارو حەوصەد صەحابەو تابیعین بوون . تەحقیری مەسجیدی نەبەوی یان کرد ، ئەسپیان تیا لنگ دا ، حەمەلەی قورئانیان کوشت ، چەند ذەواتێکیان لە ژێدا شکەنجە دا ، شەهید کرد . لە هەزار زیاتر کچیان بێ بن کرد ، ئەوانی مابوونەوە بە کورهو ناحەز بەیعەتیان کرد . ناوی ئەم وەقعەیە وەقعەی (حرە)یە کە مابەینی دووشاخی مەدینەیە . . مەدینە چۆڵ بوو ، ماڵیان و میوەی باغ و باغاتیان مایەوە بۆ طەیرو درندە . وەك پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێدابوو . (من قسطلاني) .

٧٦٩/٤٩ عن ابي المنهال [سيال بن سلامه] قال : لما كان ابن زياد ، ومروان بالشام ووثب ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] بمكة ، ووثب القراء [وهم الخوارج] بالبصرة ، فانطلقت مع ابي الى ابي برذة [رضي الله تعالى عنه] الاسلمي حتى دخلنا عليه ، وهو جالس في علية [غرفة] له من قصب فجلسنا اليه ، فانشأ ابي يستطعمه الحديث فقال : يا ابا برذة الا ترى ما وقع فيه الناس ؟ فاول شئ سمعته تكلم به اَنِّي احتسبت عندالله أني اصبحت ساخطا على احياء من قريش ، انكم يا معشر العرب كنتم على الحال الذي علمتم من : الذلّة ، والقلّة ، والضلالة ، وان الله انقذكم بالاسلام وبمحمد ـ ﷺ ـ حتى بلغ بكم ما ترون [من : العزة ، والكثرة ، والهداية] وهذه الدنيا التي أفسدت بينكم ، ان ذاك الذي بالشام [مروان بن الحكم] والله ان يقاتل الا على الدنيا ! وان هؤلاء الذين [وفي اخرى : ان الذين حولكم يزعمون أنهم قراؤكم . يعني الخوارج] والله ان يقاتلون الا على الدنيا ، وان ذاك الذي بمكة [يعني ابن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] والله ان يقاتل على الدنيا . ح ـ ١٩٢/١٠ .

تەرجەمە :

ئـەبولمینهـال ئەفـەرموێ : کـە یەزیـد مردو ، ئیبن‌و زیـاد ـ کـە عەبدوڵڵایە ـ و مەروانی کوڕی حەکەم لە شام بوون‌و ، مەروان قیامی کرد لە شاما بۆ پاشایەتی ، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قیامی کرد بۆ خەلافەت . قوڕای بەصـره ـ کە خـەواریجن ـ لە بەصره قیامیان کرد بۆ پاشایەتی . من‌و باوکم ـ کە ـ سەلامەیە ـ هەڵساین چووینە خدمەت ئەبوبەرزەی ئەسلەمی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ماڵی خۆیا لـە ژێر سێبـەری کۆشکێکی قـامیشینا دانیشتبـوو ، لە خـذمەتیـا دانیشتین . باوکم طەڵەبی حەدیثی لێکرد ، فەرمووی : یـا ئەبـوبەرزە چاوت لێیە کە چی کەوتوەتە بەینی خەڵقەوە ؟ خەڵق کەوتوونە ناو چە شەڕو شۆڕێ ؟ ئەوەڵ کەلیمەیێ کە لێم بیست ئەوە بوو کە فەرمووی : من لە لای خوا ئەوەم مەطلووبەو بە ثەوابی ئەزانم کە رقم لە قەبائیـلی قورەیش هەڵساوە ، ئێوە ـ ئەی جەماعەتی عەرەب ـ لەسەر حاڵێ بوون کە ئەیزانن لە : ذیللەتا بوون ، کـەم بوون ، فـەقیر بـوون ، گومـراه بوون . خوا عەزیزی کردن ، غاڵبی کردن ، زۆری کردن ، هیدایەتی دان بە ئیسلامەتی‌و بە محەمەد ـ ﷺ ـ لەو حاڵە نەجاتی دان تا گەیینە ئەم دەرەجەیە کە ئەیبینن ، ئەم دنیایە کە فەسادی خستوەتە بەینتانەوەو ئێوەی تێك داوە ، ئەوەی کە لە شامە ـ وەك مەروان ـ وەڵڵاهی هەر بۆ دنیا شەڕ ئەکا ! ئەو خاریجی یانەی کە خۆیان بە قوڕڕا ناو ئەبەن‌و لـە بەینتـانان وەڵڵاهی هەر بۆ دنیا شەڕ ئەکەن ! ئەوی کە لـە مەککـەیە وەك (ابن الزبير) ـ وەڵڵاهی بۆ دنیا شەڕ ئەکا !

٥٠/ ٧٧٠ عن حذيفة بن اليمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : ان المنافقين اليوم شر منهم على عهد النبي ـ ﷺ ـ كـانوا يـومئذ يسـرون [الكفر] واليوم يجهرون ح ـ ١٠/١٩٢ ن .

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : مونافیقی ئیمرۆ خراپترن لە مونافیقی زەمانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو وەختە کوفریان ئەشاردەوە وە ئیمرۆ ئاشکارای ئەکەن .

مەعنای نیفاق لەم حەدیثەدا وا نی یە کە ئیمان ئیظهار بکاو لە باطینا کافر بێ ، چونکی ئەوانەی کە حوذەیفە ـ رضي الله تعالی عنە ـ ناویان ئەبا بە مونافیق لە ظاهیرو باطینا موسوڵمان بوون ، ئیمانیان بوە بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و بە قورئانو ئەحادیث . کە وابێ مەعنای مونافیق ئەوەیە کە لە دڵیا شتێك ببێ و خیلافی ئەوە ئیظهار بکا ، وەك بەیعەت بە یەکێ بکاو لە پاشا هەڵیوەشێنێ ، یا ئیظهاری صەداقەتی دۆستێ بکاو لە (نفس الامر) ا دوشمنی بێ ، مەعنای خراپێتیان چی یە ؟ ئەوەیە کە مونافیقانی پێشوو زەرەریان کەمتر بوە ، هی ئەو زەمانە ئەو فیتنە عەظیمانەیان خستوەتە بەینی موسوڵمانەوە .

٥١ / ٧٧١ وعنه قال : انما كان النفاق على عهد النبي ـ ﷺ ـ فاما اليوم فانما هو الكفر بعد الايمان . ح ـ ١٠ / ١٩٣

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : نیفاق لە عەهدی پێغەمەرا بوو ـ ﷺ ـ ئەمما ئیمرۆ نیفاق نی یە ، کوفری (بعد الايمان)ە ، موراد لە کوفر کوفری حەقیقی نی یە . یەعنی سەتری عەداوەت ناکرێ ، بە ئاشکرا ئەچن بە گژ ئەئیمەی دینا ، بە گژ برای دینا . . . لە بەر طەمەعی دنیا .

٧٧٢/٥٢ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى يمر الرجل بقبر الرجل فيقول : يا ليتني مكانه ! ح ـ ١٠/١٩٣ ، م ـ ١٠/٣٦٨ .

٧٧٣/٥٣ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : والذي نفسي بيده ! لا تذهب الدنيا حتى يمر الرجل على القبر ، فيتمرغ عليه ، ويقول : يا ليتني كنت مكان صاحب هذا القبر ، وليس به الدين الا البلاء . م ـ ١٠/٣٦٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەو ذاتە کە نەفسی من لە دەستیایە ! دنیا ناڕوا ـ لە ریوایەتەکەی ترا ـ قیامەت هەڵناستێ تا ئەو وەختە کە پیاو ـ یەعنی ژنیش ـ بە لای قەبرا رائەبوورێ خۆی بەسەر گڵەکەیا ئەتلێنێتەوە ، ئەڵێ : کاشکی لە جێی صاحیبی ئەم قەبرە بوومایە ، چونکی دین بۆ ئەوغەیری بەڵا هیچی تر نی‌یە . ئێستە وایە .

٧٧٤/٥٤ وعنه ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تضطرب اَلَيات نساء (دوس) على ذي الخُلُصة وذو الخَلُصة [وبفتح فسكون] طاغية دوس [يعني خلصة طاغيتهم ، وسمي المكان الذي ـ فيه ـ بذي الخلصة] التي كانوا يعبدون في الجاهلية [بتبالة م] موضع باليمن] م ـ ١٠/٣٦٧ ، ح ـ ١٠/١٩٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تا ئەو وەختە کە کەفەڵی ژنانی دەوس هەڵتەك‌هەڵتەکی ئەیێ بە دەوری (ذو الخلصە)دا ، (خلصە) بتی دەوسە لە زەمانی جاهیلیەتا ئەیانپەرست . لە تەبالەیە کە

جێیەکە لە یەمەن ، یەعنی خەڵق ئیرتیداد ئەکەن ئەچنەوە سەر بتپەرستی ی . لە پێش چاومانە ، ئەیبینین . (صدق رسول الله ـ ﷺ ـ)

٧٧٥/٥٥ وعنه قال قال رسول الله ـ ﷺ ـ لا تقوم الساعة حتى تخرج نار من ارض الحجاز تضيئ اعناق الابل ببصرى حوران .

م ـ ١٠/٣٦٦ ، خ ـ ١٠/١٩٥ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قیامەت هەڵناستیٚ تا ئەووەختە ئاگریٚ لە ئەرزی حیجاز ظوهوور ئەکا شوعلەو رووناکیی ئەدا لە ملی وشتر لە شاری حەورانا .

لە قەسطەلانیدا حیکایەتیٚ ئەکا کە ئەم ئاگرە بوە . لەو صەحیفەدا .

٧٧٦/٥٦ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : كأنّي به اسود افحج [متكبرا في مشيته تداني صدور قدميه وتباعد عقباه] يقلعها حجرا حجرا . ح ـ ٤/١٥٤ .

وفي حديث غريب عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : استكثروا من الطواف بهذا البيت قبل ان يحال بينكم وبينه ، فكأني برجل من الحبشة اصلع . او قال : اصمع [گوێ کەڕیلە] حمش الساقين ، قاعد عليها ، وهي تهدم .

وروي عنه مرفوعا من طريق آخر . من قسطلاني .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : (كأنه) من لە پێش چاومە ئەو کەسەی

کە بەیت ئەڕووخێنیٚ ، ڕەشە ، موتەکەببیرە لە ڕۆیینیا ، پەنجەی هەردوو پێی نزیکی یەك ، پاژنەکانی بلاّو دائەنیٚ ، بەرد بەرد هەڵی ئەکەنیٚ .

لە حەدیثە مەوقووفەکەدا ئەفەرمویٚ : طەوافی ئەم بەیتە زۆر بکەن لە پێش ئەمەدا کە مانیعیٚ بکەوێتە بەینی ئێوەو ئەوەوە نەیێلیٚ کە طەواف بکەن . (كأنه) من لای ئەو پیاوەم لە حەبەشە کە تـووکی ناوەڕاستەو پێشی سەری هەڵوەریوە ، کەڕیلەیەو ، قاچ باریکەو ، لەسـەر بەیت دانیشتوەو بەیت ئەڕووخێنریٚ .

ئەم حەدیثە بە مەرفووعیش لە ئیمامی عەلی‌یەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت کراوە ، مەوقووفیش بیٚ چونکی لەوانە نی‌یە کـە عەقـڵ ظەفەری پیٚ بەریٚو مەوقووفی صەحابی‌یە بە مەرفووع حسێبە .

٥٧/٧٧٧ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : يوشك الفرات ان يحسر يكشف عن كنز [جبل . اخرى م] من ذهب ، فمن حضـره فـلا يـأخـذ منـه شيئـا . ح ـ ١٠/١٩٦ ، م ـ ١٠/٣٥٧ د ، ت .

٥٨/٧٧٨ وعنه ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى يحسر الفرات عن جبل من ذهب ، يقتل الناس عليه ، فيقتل من كل مائة تسعة وتسعـون ، ويقول كـل رجل منهم : لعـلي اكون انـا الـذي انجـو . م ـ ١٠/٣٥٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : نزیکە کە فورات خەزێنەی ئاڵتوون ـ لە ریوایەتەکەی ترا ـ : شاخێکی ئاڵتوون دەربخا . هەرکەسیٚ حازر بیٚ لەویٚ هیچی لیٚ هەڵنەگریٚ .

ـ لە ریوانەکەیترا ـ : قیامەت هەڵناستێ تا ئەو وەختە کە فورات شاخێکی ئاڵتوون دەرەخا ، لەسەر ئەوە خەڵق ئەکوژرێ ، لە هەر صەد کەس نەوەودو نۆی لێ ئەکوژرێ ، کوللی کەسێ لەوانە ئەڵێ : بەڵکو من دەرەچم نەجاتم ئەبێ .

٧٧٩/٥٩ ـ عن عبدالله بن الحرث بن نوفل ، قال : كنت واقفا مع ابي بن كعب [في ظل أُجُم ـ بضمتين : الحصن نووي ـ حسان ، اخرى م] فقال : لا يزال الناس مختلفة اعناقهم في طلب الدنيا ؟ قلت : اجل . قال : اني سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : يوشك الفرات ان يحسر عن جبل من ذهب ، فاذا سمع به الناس ساروا اليه ، فيقول : من عنده لئن تركنا الناس يأخذون منه ليُذْهبَنَّ به كله ، قال : فيقتتلون عليه ، فيقتل من كل مائة تسعة وتسعون م ـ ١٠/٣٥٧ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوری حەرث ئەڵێ : لە خدمەت ئوبەیي بنی کەعبا لە سێبەری قەڵای حەسانا راوەستابووین ، فەرمووی : خەڵق هەر لە طەلەبی دنیادا یێنو ئەچن ، ملی بۆ درێژ ئەکەن ؟ وتم : بەڵێ ، فەرمووی : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست فەرمووی : نزیکە کە فورات شاخێکی ئاڵتوون دەربخا ، کە خەڵق بیستیان بۆی ئەچن ، ئەوانەی لە لاین ئەڵێن : ئەگەر بێڵین خەڵق بیبەن هەمووی ئەبرێ ، شەری لەسەر ئەکەن ، لە کوللی صەدێ نەوەدو نۆی لێ ئەکوژرێ .

٧٨٠/٦٠ ـ حارثة بن وهب [رضي الله تعالى عنه] قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : تصدقوا ، فسيأتي على الناس زمان يمشي بصدقته فلا يجد من يقبلها . قال مسدد (حاریشە برای دایکیی

عوبەیدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەرە) قاله ابو عبدالله البخاري نفسه . =
= ح ـ ١٠/١٩٩ =
تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : صەدەقە بکەن ! ئینسان زەمانێکی بەسەرا یێ صەدەقە بە خەڵقەوە دەگێڕێ کەسی دەست ناکەوێ کە لێی قەبووڵ بکا .

[لە زەمانی عومەری بنی عەبدولعەزیزا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم حاڵە واقیع بوە ، دوای شەهادەتی چووەوە سەر حاڵی پێشووی] .

عەداڵەت بەرەکەت ئەخاتە ناو هەموو شتێك ، ئەوەندە بە بەرەکەتە گورگێ مەڕێکی خوارد شوانەکەی خەبەری دا بە وەفاتی عومەری بنی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ . لە موددەی حەیاتیا گورگ مەڕی نەخوارد .

٧٨١/٦١ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تقتتل فئتان عظيمتان [علي واعوانه ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ومعاوية واقرانه] تكون بينهما مقتلة عظيمة [قتل من الطرفين سبعون الفا او اكثر] دعوتهما واحدة هي تأييد الحق [والحق مع علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] .

(٢) وحتى يبعث دجالون كذابون كلهم يزعم انه رسول الله [لعنهم الله] الى هنا ح ـ٦٠/٥٤

(٣) حتى يقبض العلم وتكثر الزلازل .

(٤) ويتقارب الزمان .

(٥) وتظهر الفتن .

(٦) ويكثر الهرج وهو القتل .

(٧) وحتى يكثر فيكم المال ، فيفيض حتى يهم رب المال [يحزنه] من يقبل صدقته ، وحتى يعرضه فيقول الذي يعرضه عليه : لا اِرْبَ لي به .

(٨) وحتى يتطاول الناس في البنيان .

(٩) وحتى يمر الرجل بقبر الرجل فيقول : ياليتني مكانه .

(١٠) وحتى تطلع الشمس من مغربها ، فاذا طلعت ورآها الناس آمنوا اجمعون ، فذلك حين لا ينفع نفساً ايمانها لم تكن آمنت من قبل أو كسبت في ايمانها خيرا . [من هنا الى الأخير م ـ ١٠/٤١٣] او لتقومن الساعة ونشر الرجلان ثوبهما بينهما ، فلا يتبايعانه ولا يطويانه . ولتقومن الساعة وقد انصرف الرجل بلبن لقحته [اللبون من النوق] فلا يطعمه . ولتقومن الساعة وهو يليط حوضه فلا يسقى فيه . ولتقومن الساعة وقد رفع أُكْلَته [لقمته] الى فيه فلا يطعمها [يعني ان القيامة تقوم بغتة] ح ـ ١٠/١٩٧ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تا دوو فیرقەی گەورە لە ئیسلام لەگەڵ یەك شەڕ نەکەن قیامەت هەڵناستێ لە بەینیانا ، شەڕێكو کوشتارێکی زۆر ئەبێ ، وەك موعاویەو ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنهما ـ [بەوە موعاویەو ئەتباعی لە ئیسلامەتی ناچنە دەرێ] .

ئیددیعای هەردوکیان یەکێکە ، هەرکەس ، بە ئیعتیقادو ئیجتیهادی خۆی ، لەسەر حەق شەڕ ئەکا با دەعوای موعاویە باطیل بێ لە (نفس الامر)ا .

[حەتا بە ئیعتیرافی خۆیشی کە حەق بە طەرەفی حەزرەتی

عـەلی‌یایـەو ، ئـەو ئـەهلتـرەو لایـەقتـرە بـە خـەلافـەت . قسـطلاني م - ١٠ /١٩٧]

تا نزیك سی دەججالی درۆزن کە هەموویان ئیددیعای ئەوە ئەکەن کـە رەسوولـوڵڵان [ئـەمما رسـول الشیطانن] ظـوهوور نـەکا قیـامـەت هەڵناستێ . ئەم دەججالانە غەیری دەججالی مەشهوورن ؛ چونکی ئەو ئیددیعای خواییێتی ئەکا .

خاریق ئەنوێنێ ئەگەر ئیددیعای پێغەمەرێتی بکا نـاتوانێ خـاریق بنوێنێ .

تـا بە ئینقیـراضی عـولـەمـا عیلم ئینقیـراضی نـەبێ قیـامـەت هەڵناستێ ، تا زەلزەلە زۆر نەبێ قیامەت هەڵناستێ .

ئێستە عیلمیش نەماوە ، زەلزەلەیش زۆرە ئەیبینین . ئیمساڵ لە مەلاطی‌یەوە گرتی تا ساحیلی بەحری سیاە ، چەند شارو دێ وێران بوو ، چەند هەزار کەس مرد ، چەند هەزاری بێ سەقەط بوو .

زەمان لێك نزیك ئەبێتەوە ـ یەعنی خەڵق ئەوەندە ئەکەونە فەرەح و روفاهی‌یەتەوە نازانن چۆن وەقتیان لێ ئەڕوا ، ئەویش لە زەمانی مەهدیدا ئەبێ ـ یا مەعنای وایە زەمان ئەشوبهێن بە یەکترێ . یەك لە دوای یەك خراپتری تیاییێتە وجوودەوە ، یا بە دەوام شەوو رۆژ بەرابەر ئەبن . تا فیتنە زۆر نەبێ ، تا قەتڵ زۆر نەبێ . . . هەمو و زۆر بوون . تا ماڵ زۆر نەبێ و وەك ئاوی جاری نەبێ ، لە بەر فیتنـە ئەوەنـدە زۆر ئەبێ کـەس ناپەرژێتـە سەرمـاڵ . صاحێبی مـاڵ مەحـزوون ئەبێ کـە کەس نـابێ صەدەقەی لێ قەبووڵ بکا ، زەکات ئەدا بە موستەحەق ئەڵێ : ئـەمرۆ ئیحتیـاجم پێی نی‌یە ، چی لـە ماڵ بکـەم ؟ تا ئـەمانـە نەبێ قیـامەت هەڵناستێ .

تا خەڵق لە خانووو بینادا دەستدرێژی نەکا [هەرکەس ئەڵێ ئەبێ خانووی من لە خانووی ئەوی تر بەرزتر بێ] قیامەت هەڵناستێ . تا وای لێ نەیێ کەسێ کە بە لای قەبرێکا رابووریێو نەڵێ کاشکی من لە جێی ئەو بوومایە [یەعنی لەبەر شەڕو شۆڕو خراپەی زۆرو نارەحەتی خەڵق هەموو کەس تەمەنناى مردن ئەکا] قیامەت هەڵناستێ . تا رۆژ لە مەغریبەوە طولووع نەکا قیامەت هەڵناستێ . کە رۆژ لە مەغریبەوە طولووعی کرد تا ئەو وەختە ئینسان ئیمانی نەهێنابێو ئەو وەختە ئیمان بێنێ . . . ئیمانەکەی فائیدەی نابێ . یا ئیمانی بووبێو عەمەلی چاکەی نەبووبێ کە چاوی بەو رۆژگەرانەوە کەوت دەست بکا بە عەمەلی چاکەو لە خراپە لابدا . . ئەو عەمەلانەی فائیدەی بۆی نابێ .

قیامەت کوتوپڕ هەڵەستێ کەس بە خۆی نازانێ ؛ دوو کەس تۆپە کووتاڵیان لێك کردۆتەوە خریدو فرۆختیان لە بەینا نابێو ناپێچنەوە قیامەت هەڵەستێ . لە ناو گەلە وشتری شیری دۆشیوە تامی ناکاو قیامەت هەڵەستێ . حەوز سواغ ئەداو ئاوی لێ ناخواتەوەو حەیوانی لێ ئاو ناد ا قیامەت هەڵەستێ . لوقمەی کردوە هەڵیبریوە بیبا بۆ دەمی نایگەیێنێتە دەمی و طەعامی ناکا قیامەتی لێ هەڵەستێ .

ئێمە گەلێ (اشراط) مان بە چاوی خۆمان دیوە ، ئەمما ئومێدم وایە (ان شاء الله) قیامەت لە ئێمە هەڵنەستێ ؛ چونکی لە حەدیثایە قیامەت وەختێ هەڵەستێ ئەوی بڵێ (الله ، الله) نامێنێ ، (الحمد لله) ئەوانە لە سێصەد ملیۆن زیاترن . (فقط من مات فقد قامت قیامته) مردن کوتوپڕ بێ ئەگەر ئەو کوتوپڕ نەیێ نەخۆشیەکەی کوتوپڕ بێ .

٧٨٢/٦٢ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : والذي نفسي بيده ! لا تذهب الدنيا حتى يأتي على الناس يوم لا يدري القاتل فيم قَتَل ، ولا

المقتول فيم قُتِل . فقيل : كيف يكون ذلك ؟ ! قال : الهرج ، القاتل والمقتول في النار . م ـ ١٠/٣٦٩

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! دنیا ناڕوا تا بەسەر ئینسانا رۆژو زەمانێ نەیێ قاتیل نـازانێ بۆچی قەتلی کردوە ، مەقتوول نازانێ بۆچی کوژراوە . عەرزیان کرد : ئەوە چۆن ئەبێ ؟ فەرمووی : هەرجە . [یەعنی خەڵق تێکەڵو پێکەڵ ئەبن ، لەسەر هیچ ئەچن بە گژ یەکا ، قەصدی قەتڵی یەکتری ئەکەن] کوژراوو پیاوکوژ هەردوکیان لە ئاگران .

[لەم نەوعە زۆرمان دیـوەو ئەیشی بینـین ، چۆن ئـەبێ پێغەمـەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێداو نەبێ ؟ (صدق ﷺ ـ روحي واهلي ومالي فداه)]

٧٨٣/٦٣ ـ عن عبيـدالله بن القبطيـة ، قال : دخـل الحرث بن ابي ربيعة ، وعبدالله بن صفوان ـ وانا معهما ـ على ام سلمة ام المؤمنين [رضي الله تعالى عنها] فسألاها عن الجيش الذي يخسف به ، وكان ذلك في أيام ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] فقالت : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : يعوذ عائذ بالبيت فيبعث اليه بعث ، فاذا كانوا ببيداء من الارض خسف بهم . فقلت : يا رسول الله فكيف بمن كان كادها ، قال : يخسف به معهم ، ولكنه يبعث يوم القيامة على نيته ، وقال ابو جعفر [احد الرواة] : هي بيداء المدينة . م ـ ١٠/٣٤٦

٧٨٤/٦٤ ـ عبدالله بن صفوان يقـول : اخبرتني حفصـة [رضي الله تعالى عنها] انها سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقـول : ليؤمَّنَّ هذا البيت جيشٌ يغزونَه ، حتى اذا كانوا ببيداء من الارض يخسف بأوسطهم وينادي اولُهم

آخرَهُم ثم يخسف بهم ، فلا يبقى الا الشريد الذي يخبر عنهم . فقال رجل : اشهد عليك انك لم تكذب على حفصة ، واشهد على حفصة انها لم تكذب على النبي ـ ﷺ ـ . م ـ ١٠ / ٣٤٧

٧٨٥/٦٥ ـ يوسف بن ماهَك قال : اخبرني عبدالله بن صفوان عن ام المؤمنين : ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : سيعوذ بهذا البيت ـ يعني الكعبة ـ قوم ليست لهم مَنْعة [اى من يحميهم] ولا عدد ، ولا عدة ، يبعث اليهم جيش حتى اذا كانوا ببيداء من الارض خسف بهم . قال يوسف : واهل الشام يومئذ يسيرون الى مكة ، فقال عبدالله بن صفوان : اما والله ! ما هو بهذا الجيش م ـ ١٠ / ٣٤٧

٧٨٦/٦٦ ـ عائشة [رضي الله تعالى عنها] قال : عبث رسول الله ـ ﷺ ـ في منامه [اضطرب بجسمه ، او حرك اطرافه ، كأنه يأخذ شيئا او يدفعه] فقلنا : يا رسول الله صنعت شيئا في منامك لم تكن تفعله . فقال : العجب ! ان ناسا من امتي يؤمون بالبيت برجل من قريش قد لجأ بالبيت ، حتى اذا كانوا بالبيداء خسف بهم ، فقلنا : يا رسول الله ان الطريق قد يجمع الناس ، قال : نعم فيهم المستبصر [لاراءة الجيش الطريقَ] ، والمجبور ، وابن السبيل ، يهلكون مهلكا واحدا ، ويصدرون مصادر شتى يبعثم الله على نياتهم . م ـ ١٠ / ٣٤٨

تەرجەمە :

چوار حەدیث لە سێ زەوجی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەیەك حادیثەدا بە فەرقێکی کەمی لەفظیی ، هەموو مەعنای مەقصوودیان یەکێکە .

مەعنای حەدیثی حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وایە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ڕۆژێ یا شەوێ کە نوستبوو بە دەم خەوەوە حەرەکەتێکی کرد ، وەك شتێك بگرێ یا دەفعی کا ، کە خەبەربۆوە عەرزمان کرد : (یا رسول الله) لە نوستنتا شتێکت کرد کە نەتکردبێ ، فەرمووی : عەجایب ! لەشکرێ ـ بەعزێ کەس لە ئوممەتی من قەصدی بەیت ئەکەن [غەزای بەیت ئەکەن] ، بۆ پیاوێ لە قورەیش ئیلتیجای بە بەیت کردوە [قووەتیان نی یە ، عەدەدیان نی یە ، تەداروکی ئەسبابی حەربیان نی یە] تا ئەگەنە دەشتی مەدینە هەموویان بە ئەرزا ئەچنە خوارێ نقوم ئەبن . [فەرقەی ناوەراستیان بە ئەرزا ڕۆئەچن ، ئەوەڵیان ئاخریان بانگ ئەکا ، هەموویان ژێرەو زەبەر ئەبن بە ئەرزا ، یەکێ نەبێ کە هەرای کردوەو خەبەر ئەباتەوە هیچیان لێ دەرناچێ .

لە حەدیثی (ام السلمه)دا ئەفەرموێ وتم : (یا رسول الله) ئەی ئەوە کە بە زۆر برابێ ؟] حەزرەتی عائیشە ئەفەرموێ : (یا رسول الله) ڕێگە ئەنواعی خەڵق کۆ ئەکاتەوە . یەعنی هەموو نەوعە ڕێبوارێ پیائەڕوا ، ئەی ئەوانە چی ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەوەی تیایە کە ڕێ پێنیشان بدا ، ئەوانەی تیان کە بە زۆر براون ، ڕێبواریان تیایە . . . چاك و خراپ هەموو بە یەك دەفعە بەهیلاکا ئەچن ، لە حەشرا هەرکەس بە نەوعێ ئەگەڕێتەوە لای خوا ـ جل جلاله ـ خوا هەرکەسێ لەسەر نیەتی خۆی زیندووی ئەکاتەوە .

لە حەدیثی یوسفا ئەڵێ : لەو ڕۆژانەدا ئەهلی شام بۆ مەکە ئەچوون بۆ سەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ؟ لە جوابیا عوبەیدوڵڵای کوڕی صەفوان وتی : خەیر ، وەڵڵاهی ! ئەو جەیشە ئەم جەیشە نی یە .

[قسەکەی عوبەیدوڵڵا ڕاستە ، ئەم جەیشەی عەبدولمەلیکی مەروان لە مەعی یەتی حەججاجا ناردی یە سەر (ابن الزبیر) لە دنیادا

خەسف نەبوون ، لە ئاخیرەتا خەسفی ناو ئاگری جەهەنەم ئەبن . یەعنی خواهشکەرەکانیان . ئەمە تا ئێستە نەبیسراوە کە وقووعی بووبێ . موحەققەقە کە ئەبێ ، رەنگە لە ئاخری زەمانا بێ] .

٧٨٧/٦٧ ـ ابو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : انها ستكون فتن ، القاعد فيها خير من القائم ، والقائم فيها خير من الماشي ، والماشي فيها خير من الساعي ، من تشرف لها يستشرفه ، ومن وجد فيها ملجأ فليعذبه . م ـ ١٠/٣٤٩ ، ح ـ ٦/٥١ ، ح ـ ٦/١٧٣ .

٧٨٨/٦٨ ـ ابو هريرة [رضي الله تعالى عنه] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تكون فتنة النائم فيها خير من اليقظان ، واليقظان فيها خير من القائم ، والقائم فيها خير من الساعي ، فمن وجد ملجأ او معاذا فليستعذ . م ـ ١٠/٣٤٩ ، ح ـ ٦/١٧٤

٧٨٩/٦٩ ـ عثمان الشحام ، قال : انطلقت انا وفرقد السنجي الى مسلم بن ابي بكَرة [رضي الله تعالى عنه] وهو في ارضه فدخلنا عليه ، فقلنا : هل سمعتَ اباكَ يحدث في الفتن حديثا ؟ قال : نعم سمعتُ ابا بَكَرة يحدث قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : انها ستكون فتن ، الا ثُمَّ تكون فتنةٌ ، القاعد فيها خير من الماشي فيها ، والماشي فيها خير من الساعي اليها ، الا ! فاذا نزلت او وقعت فمن كان له ابل فليلحق بابله ، ومن كانت له غنم فليلحق بغنمه ، ومن كانت له ارض فليلحق بارضه ، قال : فقال رجل : يا رسول الله أرأيت من لم تكن له ابل ، ولا غنم ،

ولا ارض ! قال : يعمد الى سيفه فيدق على حده بحجر ، ثم لينج ان استطاع النجاء ، اللهم هل بلغت ؟ اللهم هل بلغت ؟ اللهم هل بلغت [ثلاثا] ؟ قال : فقال رجل : يا رسول الله ارأيت ان اُكْرِهتُ حتى ينطلق بي الى احدِ الصَّفين ، او احدى الفئتين فضربني رجل بسيفه ، او يجئ سهم فيقتلني ؟ قال : يبوء باثمه واثمك ، ويكون من اصحاب النار .
م ـ ۳٤۹/۱۰

تەرجەمە :

ئەبو بەکەرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بە تەحقیق گەلێ فیتنە ئەبێ ، خەبەرتان بێ ! لـە دوای ئەو فیتنانە فیتنەیێك ئەبێ ، ئەوی تیا دانیشتبێ چاکترە لەوەی تیایا بـروا ، ئەوی تیایا بروا چاکترە لەوەی کە بۆی هەڕاکا . خەبەرتان بێ ! کە ئەو فیتنەیە نازڵ بوو ، یا فەرمووی : واقیع بوو ، ئەوی وشتری هەیە بچێ بۆ لای وشترەکانی ، ئەوی مەڕی هەیە بچێ بـۆ لای مەڕەکـانی ، ئەوی ئەرزێکی هەیە بچێ بۆ ئەرزەکەی [تێکەڵ بە ئەهلی ئەو فیتنە نەبێ] . پیاوێ عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەگەر کەسێ نە وشتری بوو ، نە مەڕی بوو ، نـە ئەرزی بـوو [چی بکا ؟] فـەرمووی : بچێ بـە لای شیرەکەیەوە ، دەمی بە بەردێ بشکێنێ . ئەگەر توانی نەجاتی خۆی بدا لەو فیتنەیە نەجاتی خۆی بدا ، خوایا ئایا تەبلیغم کرد ؟ خوایا ئایاتە بلیغم کرد ؟ خوایا ئایا تەبلیغم کرد ؟ ئەبوبەکـەرە فەرمـووی : پیاوێکی تـر عەرزیکرد : خەبەرم بدەرێ : ئەگەر بە زۆر بردمیان بۆ یەکێ لەو دوو صەففە ، یا عەرزیکرد : بۆ یەکێ لەو دوو جەماعەتە ، یەکێ بە شیر لێی دام ، یا تیرێ هـاتو کوشتمی ؟ یـەعنی گونـاهم هەیـە یان نـا ؟ فەرمووی : ئەو کەسە کە ئەتکوژێ ئەگەر تۆ بە ناحەق ئەوت بکوشتایە

چەندی گوناه هەیە ئەو گوناهەو گوناهی خۆی کە تۆ بە ناحەق ئەکوژێ ئەبا بۆ خۆیو ، لە ئەصحابی ئاگر ئەبێ .

لە حەدیثەکەی ئەوەڵی ئەبوهورەیرەدا ئەفەرموێ : هەرکەسێ کە ملی بۆ بەرزکاتەوەو ملی بۆ درێژ کا ئەو فیتنەیە ئەیکێشیتە لای خـۆی . هەرکەسێ مەلجەئێکی ببێ پەنای بەرێتە بەر خۆیی لێ بپـارێزێ . لـە حەدیثەکەی تریا ئەفەرموێ : لەو فیتنەدا نوستوو لە بێدار چاکترە ، بێدار لە راوەستاو چاکترە . . . . الخ .

مەذهەبی بەعزێ لە ئەصحابی کیرام وایە دروست نی‌یە کە ئینسان داخلێ هیچ فرقەیێ ببێ لە وەختی فیتنەی موسوڵمانان . حەتا بچنە سەر ماڵەکەی کە ئەگەر داخلێ طەرەفێ نەبێ بیکوژن دروست نی‌یە بۆی کـە مودافەعەی نەفسی بکا ، وەك مەذهەبی ئەبوبەکرەو ئەمثالی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ . مەذهەبی ئیبن‌وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ یش وایە . ئەمما مودافەعەی نەفس دروستە .

مەذهەبی موعظەمی صەحابەو تابیعین‌و عامەی عولەمای ئیسلام نوصرەتی حەق واجبە لەبەر ئایەتی (وان طائفتان من المؤمنين اقتتلوا . . . الاية)(١) .

مەذهەبی صەحیح ئەمەیـە ئەم ئـەحادیثـانە تـەخصیص ئەکـەن بەوانەوە کە هەردوو طەرەف هیچ تەئویلیان بە دەستەوە نەبێ‌و ، ئەوانەی کە حەق بەدەستیان بوو مەعلووم نەبووبێ بۆچی ئەگەر نوصرەتی حەق نەدرێ ئەشقیاو ئەهلی بەغی‌و فەساد زۆر ئەبن‌و فەسادی زۆر ئەکەن ، وەك ئێستە .

---

(١) سوورەتی : حوجورات ، ئایەتی : ٩ .

٧٠/٧٩٠ ـ عن اسامة [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ ﷺ ـ اشرف على أُطُم من اطام المدينة [على حصن من حصونها] ثم قال : هل ترون ما ارى ؟ اني لارى مواقع الفتن خلال بيوتكم كمواقع القطر م ـ ٣٤٨/١٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشريفی سەركەوتە سەر قەلاّیێ لە قەلاّكانی مەدينە ، فەرمووی : ئەوی من ئەيبينم ئێوەيش ئەيبينن ؟ من جێ وقووعی فيتنە ئەبينم لە بەينی ماڵەكاّنتانا وەك جێگە قەطرەی باران . يەعنی ئەوەندە زۆرو يەك لە دوای يەكە .

ئيشارەی فەرموە وەقعەی قەتڵی ئيمامی عوثمانو شەهادەتیو ، وەقعەی جەمەلو صەففەينو ، شەهادەتی ئيمامی حەسەنو حسەينو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وەقعەی حەررەو شەهادەتی (ابن الزبير) ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەم خەبەردانە لە پێش وقووعيا موعجيزەيێكی گەورەيە . لە پێشەوە عەرزمان كردن كەهەموو فيتنەو ئەشراطی ساعەت موعجيزەن يەك يەك وقووعيان ئەبێ كە قيامەت هەڵسا نيهايەتی يێت .

٧١/٧٩١ ـ عن ثوبان [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ان الله ذوى لي الارض فرأيت مشارقها ومغاربها ، وان أمتي سيبلغ ملكها ما ذوى لي منها ، واعطيت الكنزين الأحمر والأبيض . واني سألت ربي لأمتي ان لا يهلكها بسنة عامة وان لا يسلط عليهم عدوا من سوى انفسهم فيستبيح بيضتهم [اى جماعتهم واصلهم ، والبيضة ـ ايضا ـ : العز والملك] وان ربي قال : يا محمد اني اذا قضيت قضاء فانه لا يرد . واني أعطيت لأمتك ان لا أهلكهم بسنة عامة ، ولا اسلط عليهم

عـدوا من سـوى انفسهم يستبيـح بيضتهم ، ولـو اجتمـع عليهم من باقطارها ، او قال من بين اقطارها حتى يكون بعضهم يهلك بعضـا ، ويسبي بعضهم بعضا م ـ ١٠/٤٥٣

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوای ـ تبارك وتعـالى ـ ئەرزی بـۆ پێجامەوە بۆی کۆکردمەوە ، مەشریق و مەغریبی ئەرزم بۆ هاتەوە یەك . دیم موڵکی ئوممەتی من ئەگاتە ئـەو میقدارەی کـە بۆی هێنـامەوە یـەك ـ کۆکردمەوە ـ کەنزی سوورو سپی پێ عەطا فەرمووم [کـە ئاڵتـوون و زیوی غەزنەی کیسراو قەیصەرە] هەم طەلەبم لە خوا کرد کە ئوممەتی من بە گرانی یێکی عموومی بە هیلاکا نەبا ، لە غەیری خۆیان دوشمنێکیان بەسەرا موسەللەط نەکا کە عیززو شەرەفی ئیسلام موباح بکاو نەیهێڵێ ، هەم خوای من فەرمووی : ئەی محەمەد من کە حوکمم بە شتێ کرد رەد نابێتەوە ، من عەطام کرد بە ئوممەتی تۆ کە بە گرانی یێکی عومووومی بە هیلاکیانا نەبەم ، هەم ئەوەم دانێ کە لە غەیـری خۆیـان دوشمنێکیان بەسەرا موسەللەط نەکەم کە عیززەت و شەرەفیان موباح بکاو نەیهێڵێ با ـ ولو ـ هەرچی لە ئەطرافی ئەرزایە لەسەریان کۆبێتەوە ، تا وا ئەبێ کە بەعزێکیان بەعزێکیان هیلاك ئەکا ، بەعزێکیان بـەعزێکیـان ئەکـا بە ئەسیر .

ئەم حەدیثە چەند موعجیزەی گەورە گەورەی تیایە ، هەمـووی واقیع بوو ، گرانی لە بەعزێ جێ بوە لە بەعزێ نەبوە ، ئیسلام لە حەربی کوففارا مەغلووب بوە ، ئەمما مەحو نەبۆتەوە . لە چەند جێ دەوڵـەتی ئیسلام ماوەتەوە گەلەکۆمەکیان لێ کراوە ، ئەرزیان لێ زەوت کراوە ئەمما هەر ماونەوە .

٧٩٢/٧٢ ـ عن سعد [بن ابي وقاص] رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ اقبل ذات يوم من العالية [في طائفة من اصحابه . اخرى م] حتى اذا مر بمسجد بني معاوية دخل فركع ركعتين ، وصلينا معه ، ودعا ربه طويلا ، ثم انصرف الينا ، فقال : سألت ربي ثلاثا ، فاعطاني اثنين ، ومنعني واحدة . سألت ربي ان لا يهلك أمتي بالسنة فأعطانيها ، وسألته ان لا يهلك امتي بالغرق فأعطانيها . وسألته ان لا يجعل بأسهم بينهم فمنعنيها . م ـ ٣٥٤/١٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژێ لە دێهاتی ژوور مەدینەوە تەشریفی هاتەوە [لە ناو جەماعەتێ لە ئەصحابی کیرامیدا] بە لای مەسجیدی بەنی موعاویەدا رابورد ، تەشریفی چوە مزگەوتەکەوە دوو رەکعەت نوێژی کرد ، ئێمەیش نوێژمان لە خزمەتیا کرد ، دووررو درێژ لە خوا پارایەوە لە دوایی یا رووی‌کردە ئێمە فەرمووی : سێ شتم لە خوا طەڵەب کرد ، دوانی پێ عەطا فەرمووم ، یەکێکی لێ مەنع‌کردم . طەڵەبم‌کرد کە ئوممەتەکەم بە گرانی بە هیلاکا نەبا ئەوەی پێ عەطا فەرمووم . طەڵەبم لێ‌کرد کە ئوممەتم بە غەرق بە هیلاکا نەبا ئەوەیشی پێ عەطا فەرمووم . طەڵەبم لێ‌کرد کە شەڕوشۆڕ نەخاتە بەینیانەوە ئەوەی لێ مەنع‌کردم .

هەرسێکی واقیعە بە طەڵەبی ئەم حەدیثەوە طەڵەبەکەی ئەبێ بە چوار . سێی بە(1) عەطا کراوە . یەکێکی لێ مەنع کراوە .

حوکمی (تحية المسجد) سوننەتە .

ئینسان کە عەودەتی لە سەفەر کردەوە لە پێش هەموو شتێکا بچێتە مزگەوتێ دوو رکات (تحية المسجد) بکا .

---

(1) هەروا نووسراوە رەنگە (پێ) بێت .

له نوێژی سوننەتا جەماعەت سوننەتە وە ئەکرێ .
شەفەقەتی لەگەڵ ئوممەتی چەند زۆرە .

٧٩٣/٧٣ ـ قال حذيفة [رضي الله تعالى عنه] والله اني لَأعلمُ الناسِ بكل فتنة هي كائنة بيني وبين الساعة ، وما بي الا ان يكون رسول الله ـ ﷺ ـ اسرَّ اليَّ في ذلك شيئا لم يحدثه غيري ، ولكن رسول الله ـ ﷺ ـ قال ـ وهو يحدث مجلسا ـ انا فيه عن الفتن . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ ـ وهو يعد الفتن ـ : منهن ثلاث لا يكدن يذرن شيئا . ومنهن فتن كرياح الصيف منها صغار ، ومنها كبار . قال حذيفة [رضي الله تعالى عنه] : فذهب اولئك الرهط كلهم غيري . م ـ ١٠/٣٥٤

تەرجەمە :

حوذەيفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵڵاهی ! من بە تەحقیق لە هەموو کەس عالمترم بە هەموو فیتنەیێ کە لە مابەینی من تا قیامەت واقیع ئەبێ . هیچ سەبەبێکی نی یە کە نایڵێم ئەوە نەبێ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەعزێ لەوانەی بە پەنهانی لای من بەحث لێ فەرمووە ، لای غەیری من نەیفەرمووە . [یەعنی ئەو بەعزە سیرڕی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ تەودیعی بە من فەرمووەو دروست نی یە کە ئیفشای بکەم . (والله اعلم) . . .]

ئەمما پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەی بۆ مەجلیسێ ئەفەرموو منیش لەو مەجلیسەدا بووم بەحثی لە فیتنە ئەفەرموو ، فەرمووی : سێ فیتنە نزیکە کە هیچ کەس نەهێڵن . [والله اعلم . وەقعەی جەمەل و ، حەڕڕەو ، صەففینە] بەعزێ لەو فیتنانە وەك بای هاوین وانە ، گەورەو بچووکیان هەیە . حوذەيفە فەرمووی : لەو جەماعەتە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەحثی لەم فیتنانە لە ناوا بۆ فەرموون غەیری من هەموویان ڕۆیین . [یەعنی وەفاتیان کردووەو هەر من ماومەوە] .

٧٩٤/٧٤ ـ عن حذيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : قام فينا [لقد خطبنا . خ] رسول الله ـ ﷺ ـ مقاما [خطبة] ما ترك [فيها] شيئا يكون في مقامه ذلك الى قيام الساعة اِلأحدَّث به [ذكره علمه من علمه ، وجهله من جهله . خ] حفظه من حفظه ، ونسيه من نسيه ، قد علمه اصحابي هؤلاء ، وانه ليكون منه الشيْ قد نسيته فاراه فاذكره كما يذكر الرجل وجه الرجل اذا غاب عنه ثم اذا رآه عرفه . م ـ ١٠/٣٥٤ ، ح ـ ٩/٣٣٥ . د .

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەناومانا تەشریفی لە مەقامێکا وەستا [خوطبەیێکی بۆ خوێنین لەو خوطبەدا] لەو مەقامەدا هیچ شتێکی لەوانەی کە ئەبێ تا رۆژی قیامەت تەرك نەکرد ، بەحتی لە هەمووی کرد [یەعنی لە ئەشراطی ساعەت و ئەو ئیشانەی کە مەصڵەحەتی بۆ ئوممەت تیایە] ئەوی حیفظی کرد حیفظی کرد ، ئەوی لە فکری چوەوە ـ لە فکری چوەوە [ئەوی زانی و تێی گەیی وا زانی ، نەیزانی ـ نەیزانی . بەعزێکیان تێیگەیین و حیفظیان کرد ، بەعزێکیان تێی نەگەیین و حیفظیان نەکرد . ئەم نەوعە عیبارەتە ئێمەیش ئەیڵێین ؛ مەثەلا : ئەوی مایەوە ـ مایەوە . ئەوی رۆیی ـ رۆیی . یەعنی بەعزێ مانەوەو بەعزێ رۆیین . گینا دیارە ئەوی حیفظی بکا حیفظی ئەکا ئەوی نەیکا نایکا] . ئەم رەفیقانی منە تێی گەییون و ئەیزانن . بەعزێ لەوانەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو مەقامەدا لەو خوطبەدا کە فەرمووی وقووعی ئەبێ ، ئەمما من لە فکرم چوەتەوە ، کە وقووعی بووو چاوم پێیکەوت یێتەوە فکرم ، وەك چۆن کەسێ کەسێ ببینێ و موددەیێ لێی غائیب ببێ لە دواییا کە چاوی پێکەوت ئەیناسێتەوە منیش بۆ ئەوانەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێدا وامە .

لەم فەرموودەی حوذەیفەوە دەرەکەوێ کە گەلێ لەوانە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو خوطبە خەبەری لێداوە لە حەیاتی حوذەیفەدا ـ رضي الله تعالى عنە ـ ظوهووری کردوە . (صدق رسول الله) ـ ﷺ ـ چی هەیە بیفەرموێ و نەیێتە ظوهوورەوە ؟

٧٩٥/٧٥ ـ وعنه ـ ايضا ـ انه قال : اخبرني رسول الله ـ ﷺ ـ بما هو كائن الى ان تقوم الساعة ، فما منه شيئ الا قد سألته ، الا اني لم اسأله : ما يخرج اهل المدينة من المدينة . م ـ ١٠/٣٥٥

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنە ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری داومێ بەو حادیثاتەی کە وقووعی ئەبێ تا رۆژی قیامەت ، هیچ شتێ لەوانە نی یە کە لێم نەپرسیبێ ، ئەوەندەی هەیە ئەوەم لێ نەپرسی : کە چی ئەهلی مەدینە لە مەدینە ئەکاتە دەرێ ؟

لە بابی حەججا (انشاء الله) بێت کە خەڵقی مەدینە مەدینە تەرك ئەکەن ، میوەی بۆ طەیرو طویوور ئەمێنێتەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێداوە ، بەیانی ئەوەی نەفەرموە کە کێ ئەیانکاتە دەرێ . . حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنە ـ ئەمەی لێ نەپرسیوە . لە حەدیثی چل و هەشتا سەبەبەکەی بەیان کراوە کە وەقعەی حەررەیە .

فقد صدق الصادق المصدوق ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ روحي واهلي ومالي له فداء . اللهم اجعل حبه وحب اهل بيته وجميع اصحابه من اولهم الى آخرهم لروحي شفاء ودواء . وادم حسينا على هذا الحب ، واجعل له الى مدة مديدة بقاء ولي به لقاء آمين !

٧٩٦/٧٦ ـ عمرو بن اخطب [رضي الله تعالى عنه] قال : صلى بنا رسول الله ـ ﷺ ـ الفجر وصعد [بابه علم] المنبر فخطبنا حتى حضرت الظهر ، فنزل فصلى ثم صعد المنبر ، فخطبنا حتى حضرت العصر ، ثم نزل فصلى ، ثم صعد المنبر فخطبنا حتى غربت الشمس ، فاخبرنا بما كان وبما هو كائن فاعلمنا احفظنا . م ـ ١٠/٣٥٥

نەوەی قسەی لێ نەکردوە .

تەرجەمە :

عەمری کوری ئەخـطەب ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمـووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ نوێژی سبەینێی پێ‌کردین تەشریفی سەرکەو تـە سەر مینبەر خوطبەی بۆ خوێندین تا نیوەرۆ داهات ، تەشریفی هاتە خوارێ‌و نوێژی کرد ، لە دوایی‌یا تەشریفی چووە سەر مینبەرەکە خوطبەی بۆ خوێندین تا وەقتی عەصر هات ، لە دوابیدا هـاتەوە خـوارێ‌و نوێـژی کرد ، لە دوایی‌یا تەشریفی چووە سەر میبەرەکە خوطبەی بۆ خوێندین تا رۆژ ئاوابوو خەبـەری داینێ بەوەی کـە بوەو ئـەبێ ، عالمتـرینی ئێمە حافیظترینی ئێمەیە ، کێ زیاتری لەو خوطبانە حیفظ کردبێ لە هەموومان عالمترە .

٧٩٧/٧٧ ـ قال جندب : جئت يوم الجرعة [موضع بقرب الكوفة على طريق الحيرة ـ موقع بكوفة ـ ويومها يوم خرج فيه اهل الكوفة يتلقون واليا ولاه عليهم عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فردوه وسألوه ان يولِّيَ عليهم ابا موسى الاشعري فولاه] فاذا رجل جـالس فقلت : ليهراقن اليوم ههنا دماء ، فقال ذاك الرجل : كلا والله ! قلت : بلى والله ! قال : كلا والله ! قلت : بلى والله ! قال : كلا والله ! انه لحديث رسـول الله

ـ ﷺ ـ حـدثنيه . قلت : بئس الجليس لي أنت ! منـذ اليـوم تسمعني أخـالفك [معجـبا ، ومهملا] وقـد سمعته من رسـول الله ـ ﷺ ـ فـلا تنهاني . ثم قلت : ما هذا الغضب ؟ فاقبلت عليه واسأله ، فاذا الرجل حذيفة [رضي الله تعالى عنه] م ـ ١٠/٣٥٦

تەرجەمە :

جوندوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : رۆژی (جەرعه) [کە ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ پیاوێکی کردبوو بە ئەمیری کووفە کووفەیی قەبووڵیان نەکردو ئەبومووسای ئەشعەری‌یان لێ طەڵەب کردو کردی بە والی] هاتم [یەعنی لەگەڵ خـەڵقا بـۆ جەرعـە] پیاوێ لـەوێ دانیشتبوو . وتم : ئیمرۆ لێرەدا خوێنی زۆر ئەرژێنرێ . ئەو پیاوە وتی : خەیر وەڵڵا ! وتم : بەڵێ وەڵڵا ! وتی : خەیر وەڵڵا ! وتم : بەڵێ وەڵڵا ! فەرمووی : نە وەڵڵا ! ئەم خوێن نەرژانە حەدیثی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ پێی فەرمووم . وتم : چە هاونشینێکی خراپی لە کەیەکەوە گوێت لێمە کە موخالەفەتت ئەکەم یا سوێن بـۆ یەك ئـەخۆین و نـەهیم لێ ناکـەی کە موخالەفەتت نەکەم و سوێنی لەسـەر نەخـۆم ؟ لە دوایی یـا وتم : ئەم قەهرو غەضەبـەت لە چی یـە ؟ رووم تێکردو لێم ئـەپرسی ، کـەچی حوذەیفە بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری داوە بە حودەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە حەقی وەقعەی جەرعەدا کە خـوێنی تیا نـارژێنرێ . لـە خەلافـەتی ئیمامی عوثمانا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ظوهووری کرد (اصدق به رسولا و نبیا) .

٧٩٨/٧٨ ـ قال المستورد القرشي [بن شداد] عند عمرو بن العاص

ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : تقوم الساعة والروم اكثر الناس . فقال له عمرو : ابصر ما تقول ! قال : اقول ما سمعت من رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لئن قلت ذلك ان فيهم لخصالا أربعا :

١ ـ انهم لأحلم الناس عند فتنة .

٢ ـ واسرعهم افاقة بعد مصيبة .

٣ ـ واوشكهم كرة بعد فرة .

٤ ـ وخيرهم لمسكين ويتيم وضعيف .

وخامسة ـ حسنة جميلة ، وامنعهم من ظلم الملوك . م ـ ١٠ / ٣٦٠

تەرجەمە :

موستەوریدی قورەشیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لای عەمری کوڕی عاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : قیامەت هەڵـەستیّو رۆم زۆرترینی خەڵق ئەبن . عەمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : تێفکرە کە چی ئەڵێی ! فەرمووی : شتێك ئەڵێم کە لە پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیستوە . عەمر فەرمووی : کە تۆ وا ئەڵێی ئەڵبەتە ئەڵبەتە لەوانا چوار صیفەتی چاك هەیە :

١ ـ لە وەختی فیتنەدا حەلیمترینی هەموو خەڵقن .

٢ ـ لە دوای موصیبەت لە هەموو کەس زووتر ئیفاقەیان ئەبێ [یەعنی یێنەوە سەرخۆیانو هۆشیان یێتەوە بەبەراو تەلافی (مافات) ئەکەن] .

٣ ـ لە حەربا کە کۆڵیان دا زووتر لە خەڵق ئەگەڕێنەوە سەر حەرب .

٤ ـ چاکترینی هەموو خەڵقن بۆ میسکین ، بۆ هەتیو ، بۆ ضەعیف .

پێنجـەمینیشان جـوانن (ممتنع) تـرینی هەمـوو خەڵقن لـە ظوڵمی پادشاهان .

٧٩٩/٧٩ ـ عن سعيد بن المسيب [معلقٌ وصله ابو نعيم في مستخرجه] وقعت الفتنة الاولى ، يعني مقتل عثمان [رضي الله تعالى عنه لثمان ليال خلت من ذي الحجة بعد ان حوصر تسعـة واربعين يـوما او شهـرين وعشرين يوما] فلم تُبْقِ من اصحاب بدر [الذين شهدوا وقعتها] احدا ، ثم وقعت الفتنة الثانية يعني الحرة [موضع بالمدينة كانت الوقعة بين اهلها وعسكر يزيد بن معاوية سنة ثلاث وستين ، وكان عسكر يزيد سبعـة وعشرين الف فارس وخمسة عشر الف راجل] . فلم تبق من الصحابة الحديبية احدا . ثم وقعت الثالثة [قيل : هي فتنـة الازارقة بـالعراة . وقيل : فتنة ابي حمزة الخارجي بالمدينة في خلافة مروان بن محمد بن مروان سنة ثلاثين ومائة . وقيل : فتنة قتل الحجاج لعبد الله ابن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وتخريبه الكعبة سنة اربع وسبعين] فلم ترتفع وللناس طباخ [اى عقل ، او قوة ، او بقية اقوال . وعلي ، وطلحة ، والزبير ، وسعد ، وسعيد ، وغيـرهم . . . من اصحاب بـدر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ عاشوا بعد مشهد عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فليس المراد انهم قتلوا عندها ، بل المراد ماتوا بعدها قبـل وقعة الحـرة . من قسطلاني]
ح ـ ٦/٢٦٤

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی موسەییب ـ رحمه الله ـ کە لە کیباری تابیعینە ، حەدیثی مورسەلی ئەو حوکمی مەرفـووعی هەیـە . ئەفـەرموێ : کـە فیتنەی ئەووەڵ کە شەهادەتی حەزرەتی عوثمانە ـ رضي الله تعالى عنه ـ

واقيع بو لە ئەصحابی بەدر هیچ کەسی نەهێشت ، یەعنی لەو فیتنەوە تا فیتنەی دوەم کەسیان نەمانەوە .

فیتنەی دوەم کە وەقعەی حەرەیە یەزیدی کوڕی موعاویە بیستو حەوت هەزار سوارو پانزە هەزار پیادەی ناردە سەر مەدینە . ئەو فیتنە لە ئەصحابی حودەیبیە هیچ کەسی نەهێشت .

فیتنەی سێیەم کە واقیع بوو ـ کە فیتنەی ئەزاریقەیە لە عێراق ، یا فیتنەی ئەبو حەمزەی خاریجی لـە مەدینـەی مونـەووەرەدا ، یا فیتنـەی حەججاجی بنی یوسفە لە مەککەدا کە کەعبەی رووخانو ، عەبدوڵڵای بنی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی تیا شەهید کرد . ئەو فیتنەیـە لا نەچوو ، کە لاچوو خەڵقی نە عەقڵی مابوو نە قودرەتی مابوو .

٨٠٠/٨٠ ـ عن عبدالله بن عمرو [بن العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] : حفظت من رسول الله ـ ﷺ ـ حديثا لن انسه بعدُ . سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : ان اول الآيات خروجا طلوع الشمس من مغربها ، وخروج الدابة على الناس ضحى ، وايهما ما كانت قبل صاحبتها ، فالاخرى على اثرها قريبا . م ـ ١٠/٤٠٤

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئـەفەرمـوێ : حەدیثێکم بیست لـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ئێشتـا لـە فکـرم نەچوەتەوە . لە رەسوولوڵڵا ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : ئەووەڵ ئایەتێ لە ئایاتی ساعەت کە خورووج ئەکا هەڵاتنی رۆژە لە مەغریبەوە ، هەم خورووجی (دابة الارض) لە وەختی چێشتەنگاوە لەسەر خەڵق . لەم دوانە هەر کامێکیان لە پێش ئەوی تریا ظوهوور بکا ئەوی تر کەمێ لە دوای ئەو ظوهوور ئەکا .

ئایەتی ئەشراط زۆرە ، مـوراد لە هـەموو گـەورەتریـان ئەم دوو ئایەتەیە .

٨٠١/٨١ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان النبيَّ ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا قوما كأن وجوههم المَجانُّ المُطْرَقةُ ، ولا تقوم الساعة حتى تقاتلوا قوما نعالهم الشعر . م ـ ١٠ / ٣٧٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تـا شەڕ لـەگەڵ قەومێك ئەکەن روویان وەك قەڵغانێ وایە کە طەراقی بەسەرا کێشرابێ [طەراق پێستێکە ئەیگرن بەسەر قەڵغانا دووقات ئەبێ وەك قەڵغان لەسەر قەڵغان] ساعەت قیام ناکا تا شەڕ لەگەڵ قەومێکا ئەکەن کە کەوشیان لە موە ، یا کاڵەیە یا کەڵاشە .

٨٠٢/٨٢ ـ وعنه عن النبيّ ـ ﷺ ـ : لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا قوما نعالهم الشعر [مەعنای رابورد] . وحتى تقاتلوا الترك : صغار الأعين ، حمر الوجوه ذلّف الانوف [صغيرها] كأن وجوههم المجان المطرقة :

تا شەڕ لەگەڵ تورکا ئەکەن چاوو لووت بچکۆلە روومەت سوور ، روومەت پانو مودەووەرو گۆشتن وەك قەڵغانی دووچین .

وتجدون من خير الناس اشدَّهم كراهية لهذا الامر حتى يقع فيه :

لە چاکترینی ئینسانان بەعزێ کەس ئەبینن کە لە هەمـوو کەس زیاتر ئەم ئیشی خەلافەتو ئەمیریێتی یە ئەکەرهێنێ تا تێی ئەکەوێ [کە کەوتە ناویەوە ئەیحوبێنێ ؛ چونکی خۆی طالیب نەبوە خوا موعاوەنەتی ئەکا]

والناس معادن :

ئینسان مەعدەن مەعدەنە ؛ چاکیان هەیەو خراپیان هەیە وەك مەعدەن .

خيارهم في الجاهلية خيارهم في الاسلام :

ئەوانەی لە زەمانی جاهیلیەتا شەریفو نەجیب بوون کە موسوڵمانیش بوون شەرەفو نەجابەتەکەیان ئەمێنێ .

وليأتين على احدكم زمان لأن يرني احب اليه من ان يكون له مثل اهله وماله :

بەسەر ئێوەدا زەمانێ یێت چاوپێکەوتنی منی لەوە لە لا خۆشەویستر ئەبێ کە ئەوەندەی تر ماڵو ماڵی ببێ .

الحمد لله هەموو موسوڵمانان وانە . ح ـ ٦/٤٥ ئەم حەدیثە چوار حەدیثە .

٨٠٣/٨٣ ـ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان النبيَّ ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا «خوزا» و «كرمان» من الاعاجم : حمر الوجوه ، فطس الانوف ، صغار الاعين كأن وجوههم المجان المطرقة ، نعالهم الشعر . ح ـ ٦/٤٦ ، م ـ ١٠/٣٧٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تا شەڕ لەگەڵ خۆزاو کرمان ئەکەن لە عەجەم . دەموچاو سوور ، لووتداتەپیو ، چاو بچکۆلە (کأنە) دەمو چاویان وەك قەڵغان لەسەر قەڵغان وایە ، کەوشیان لە موە . یەعنی ئەو وەختە وابوون یا لەمەولا وا ئەبن .

٨٠٤/٨٤ ـ ابو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : صحبت رسول الله

ـ ﷺ ـ ثلاث سنين [وفي اخرى اربع سنين . والكل صحيح بحذف المشهور في الاولى وادخالها في الثانية] لم اكن في سنيّ احرص على ان اعي الحديث مني فيهن . سمعته يقول ـ وقال هكذا بيده ـ : بين يدي الساعة تقاتلون قوما نعالهم الشعر ، وهو هذا البارز [الظاهر انه برزان الذي بموصل ، وهم الاكراد الساكنون هناك] ح ـ ٦/٤٦ ، م ـ ١٠/٣٧٠ ليس فيه لا اوله ولا آخره .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : سێ ساڵ (بلا فاصله) لە صوحبەتی پێغەمەرا بووم ـ ﷺ ـ لە موددەی عومری خۆما لەسەر حیفظی حەدیث حەریصتر نەبووم لە خۆم وەك لەو سێ ساڵەدا حەریص بووم . [یەعنی حیرصم بوە لەوەپێش ، فەقەط لەو سێ ساڵەدا زیاتر حەریص نەبووم][1]

لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو ـ بە دەستی موبارەکی وای ئیشارەت کرد ـ : لە پێش قیامەتا ئێوە شەڕ ئەکەن لەگەڵ قەومێ کەوشیان موە . ئەوانە ئەم بارزانەن کە لە جێێ بەرزا دانیشتوون .

٨٥/٨٠٥ ـ وعن ابن مسعود [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : ستكون اثرة [بفتحتين ، وبضم فسكون] وامور تنكرونها . قالوا : يا رسول الله فما تأمرنا ؟ قال : تؤدون الحق الذي عليكم وتسألون الله الذي عليكم ح ـ ٦/٥٢ م في المغازي (نەمدۆزیەوە) . ت

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : گەلێ پێشخستنی ئینسانی خراپ

(١) دەبوو بیگوتایە : «لەو سێ ساڵەدا زیاتر حەریص بووم» .

لەسەر چاكو گەلێ شت ئەبن كە مەعرووف نینو مونكەرن ، ناياسنو ئینكاری ئەكەن وەك : تەودیعی ئیش بە ناكەس ، ظولمو ضەلالەتو بێدینیێ كە لە پێش چاومانە . عەرزیان كرد : (یا رسول الله) ئەمرمان بە چی پێ ئەكەی لەو وەختەدا ؟ فەرمووی : هەر حەقێكیان بێ بەسەرتانەوە بیانەنێ ، حەقی خۆتان لە خوا بوێ .

میصداقی ئەكثەری ئەم حەدیثانە رابووردوونو لە ناو بەعزێكیشیان .

٨٠٦/٨٦ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] : ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى يقاتل المسلمون اليهود [زمن الدجال] فيقتلهم المسلمون [تقاتلكم اليهود فتسلطون عليهم حتى يقول الحجر . . الخ خ] حتى يختبئ اليهودي من وراء الحجر والشجر : فيقول الحجر والشجر ، يا مسلم يا عبد الله ! هذا يهودي خلفي فتعال فاقتله ، الا الغرقد ، فانه من شجر اليهود . م ـ ١٠/ ٣٧٧ ، ح ـ ٦/ ٤٧ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وليس فيه الشجر والغرقد .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تا موسوڵمانو جوولەكە شەڕ نەكەن قیامەت هەڵناستێ [یەهوودی شەڕتان لەگەڵ ئەكا موسەللەط ئەبن بەسەریانا] موسوڵمانان ئەیانكوژن حەتتا جوولەكە لە پەنا بەردا لە پەنا درەختا خۆی ئەشارێتەوە ، بەردەكە ، دارو درەختەكە ئەڵێن : یا موسوڵمان یا عەبدوڵلا ئەوە جوولەكەیە لە پشت منەوە وەرە بیكوژە ، داری زی نەبێ كە نایڵێ ؛ چونكی ئەوە لە درەختی جوولەكەیە ، راستییان لێ ناڵێ .

[ئیبن و ماجەهـ لە ئەبوئەمـامەوە ، ئـەبوداود ، ئـەحمەد ، ئیبن و مەندە . . ریوایەت ئەکەن کە دەججال خورووجی کردو حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ نوزوولی کرد لەگەڵ دەججال حەفتا هەزار جوولەکەی لەگەڵا ئەبێ هەموو شیری (ئالوس) کراویان تاجیان هەیە . کە حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـی دی ئەتوێتەوە ، وەك خوێ لە ئاوا هەرا ئەکا ، .حەزرەتی عیسا ـ علیهِ الصلاة والسلام ـ پێی ئەفـەرموێ : لێم پێش ناکەوی یەك ضەربەم هەیە کە لێت‌دەم . حەزرەتی عیسا ـ علیـه الصلاة والسلام ـ ئـەیگاتێ لای بـابی لوددی طـەرەفی شەرقـەوە لەوێ ئەیکوژێ ، جوولەکە ئەشکێن هەرا ئەکەن ، هەرچی مەخلووقاتە خوا هەموویان پێنێتە زمان : دار بێ ، بەرد بێ ، دیوار بێ . . . کە یەهوودیی خۆی لە پەنادا شاردەوە ئەڵێ : ئەی عەبدی موسوڵمان ئەوە جوولەکەیە وەرە بیکوژە . درکە زی نەبێ قسە ناکا ؛ چونکی درەختی جوولەکەیە . قسطلانی]

کێ نوطقی داوە بە ئینسان کە لە گیاو میوەو حوبووبات و حەیوانات دروست کراوە ؟ ئەوانیش هەموو لە گڵ دروست‌کراون ئەو ذاتە جەلیل و عەظیم و بێ نەظیرە ئەتوانێ نوطق بدا بە دارو بەرد کە خەبەر بدەن کە جوولەکەکان . . . موجتاح بە تەئویل نییە کە بڵێین بە زمانی حاڵ ، هەر بەوە موحتاجە کە ئینسان باوەڕ بکا بە صیدقی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئیمان بە شموولی قودرەتی خوای ـ تبارك وتعالی ـ .

٨٠٧/٨٧ ـ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال قال رسول الله ـ ﷺ ـ : يهلك الناس هذا الحي من قريش [هم بنوامية] . قالوا : فما تـأمرنـا ؟ قـال : لـو ان النـاس اعتـزلـوهم ! [اى لكـان خيـرا لهم]
ح ـ ٥٢/٦ ، م ـ ٣٧٤/١٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەم طائیفەیە لە قورەیش [کـە بەنی ئومەییەن] هەموو ئینسان بە هیلاکا ئەبەن عەرزیان کرد : (یا رسول الله) ئەو وەختە بە چی ئەمرمان پێ ئەفەرمووی ؟ فەرمووی : ئەگەر خەڵق لێیان لادەن و شەڕیان بۆ نەکەن فیرار بە دینیان بکەن بۆ جێی ئەمنییەت بۆیان چاك ئەبێ .

[لە واقیعا بوون بە سەبەبی شەهادەتی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ؛ موعاویە طەڵەبی خوێنی ئیمامی عوثمانی کرد بە بەهانەو ، خورووجی لەسەر ئیمامی عەلی کرد ، فیتنەی صەففین و ، جەمەل و ، خاریجی و ، تەفریقەی ئیسلامی لێ پەیدا بوو نەبچڕایەوە تا عەبدوڵڵای سەفاح ـ دەستی خۆش بێ ـ پاکۆی دان] .

٨٠٨/٨٨ ـ عمرو بن يحيى بن سعيد بن عمـرو بن سعيد ، قـال : اخبرني جدي [سعيد بن عمرو بن سعيد بن العاص الاموي] قال : كنت جالسا مع ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] في مسجد النبيّ ـ ﷺ ـ بالمدينة [زمن معاوية] ومعنا مروان . قال ابو هريرة : سمعت الصادق المصدوق يقول : هُلْكة امتي على يدي غِلمة من قريش . فقال مروان : لعنة الله عليهم غِلْمةً ! فقال ابو هريرة . [رضي الله تعالى عنه] : لو شئت ان اقول بني فلان وبنى فلان لفعلت [لانه يعرفهم وهم في جرابه الذي لم يبثه] وقد اخرج الطبراني احاديث في لعن الحكم والد مروان وما وَلَد] فكنت اخرج مع جدي الى بني مروان حـين ملكوا [معلوم فعـل ، او مجهول فَعَّل] بالشام فاذا رآهم غلمانا احداثا . قال لنا : عسى هؤلاء ان يكونوا منهم ! قلنا : انت اعلم . ح ـ ٥٣/٦ ، ح ـ ١٦٣/١٠ ، م ـ / احمد نسائي بزيادة سفهاء .

تەرجەمە :

عەمری کوڕی یەحیای کوڕی سەعیدی ، کوڕیعەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی ئەمەوی ئەڵێ : باپیرم [کە سەعیدی ئەووەڵە] خەبەری دامێ ، فەرمووی : لەگەڵ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە مزگەوتی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ دانیشتبووم لە مەدینەدا ، مەروانی کوڕی حەکەمیشمان لەگەڵا بوو ، [لە زەمانی موعاویەدا] ئەبو هورەیرە فەرمووی : لە صادقو مەصدووقم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیستوە ئەیفەرموو : هیلاك بوونی ئوممەتی من لەسەر دەستی بەعزێ منالی قورەیشا ئەبێ ، مەروان [نەیزانی کە ئەو منالانە ئەولادی خۆیو موعاویەن] وتی : نەعلەتیان لێ بێ چە منداڵێکن ! ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : هەوەسم ببێ بڵێم ئەولادی فلانو [یەعنی مەروان] ئەتوانم بێلیم .

عەمری کوڕی یەحیا ئەڵێ : لەگەڵ باپیرما ئەچوومە لای بەنیمەروان کە لە شاما بوون بە قەیصەر ، کە تێفکرین هەموو منالی تازە تازە بوون ، باپیرم فەرمووی : رەنگە ئەوانەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەمانە بن . وتمان : تۆ چاکتری ئەزانی .

ئیبنو ئەبی شەیبە لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت ئەکا کە (مرفوعا) ئەیفەرموو یەعنی پێغەمەر ـ ﷺ ـ : پەنا ئەگرم بە خوا لە ئەمیریێتی منالان ، ئیطاعەیان بکەن دینتان بە هیلاك ئەچێ ، بێئەمرییان بکەن سەرتانو ماڵتان ئەروا .

هەم لەوەوە ریوایەتە : کە بە بازارا ئەرۆیی ئەیوت : خوایە مەمگەیێنەرە تەئریخی شەصت . . . . خودا دۆعاکەی قەبووڵ کرد .

٨٠٩/٨٩ ـ عن ابي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : اخبرني من هو خير مني [ابو قتادة ـ رضي الله تعالى عنه . اخرى] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال لعمار [رضي الله تعالى عنه] حين جعل يحفر الخندق جعل يمسح راسه ويقول : بؤس ابن سمية تقتلك فئة باغية . وفي اخرى : يا ويس . م ـ ١٠ /٣٧٣ وعن ام سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ مثله .

تەرجەمە :

لە غەزای خەندەقا پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە عەممار ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەندەقی هەڵەکەند سەری ئەسڕیو ئەیفەرموو : ئەی فەلاکەتی ئیبنو سومەیی یە چەندە گەورە (!) ئەی بەستەزمان ! فیرقەی باغیە ئەتکوژن . لە طەرەف فیرقەی موعاویەوە شەهیدکرا .

٨١٠/٩٠ ـ عن عكرمة [وان كان خارجيا لكن تزكية البخاري له وروايته عنه كاف في عدالته] قال لي ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ولابنه عليّ : انطلقا الى ابي سعيد فاسمعا من حديثه ! فانطلقنا ، فإذا هو في حائط يصلحه ، فأخذ رداءه فاحتبى ، ثم انشأ يحدثنا حتى اتى ذكر بناء المسجد ، فقال : كنا نحمل لبنة لبنة ، وعمار [بن ياسر] لبنتين . لبنتين . فرآه النبي ـ ﷺ ـ فينفض [من باب نصر] التراب عنه ، ويقول ، ويح عمار يدعوهم الى الجنة ويدعونه الى النار ! قال : يقول عمار : اعوذ بالله من الفتن . ح ـ ١ /٤٣١ ، ح ـ ٥ /٤٨

تەرجەمە :

عەکرەمە ئەڵێ : ئیبنو عەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەمری بە منو عەلی کوڕی خۆی فەرموو : بچنە خدمەت ئەبوسەعیدی خدری ـ رضي الله تعالى عنه ـ ! چووینە خدمەتی لە ناو باغێکی خۆیا بوو ،

لەگەڵی خەریك بوو ، بەرماڵەکەی هەڵگرتو دەستەوئەژنۆ دانیشتو ؛ هەردوو ئەژنۆی هەڵناو بە هەردوو دەستی گرتی . دەستی پێ‌فەرموو حەدیثی بۆ ریوایەت ئەکردین ، تا هاتە سەر بەحثی بینای مزگەوت ، فەرمووی : ئێمە خشت‌خشتمان هەڵەگرتو عەممار دووخشت دووخشتی هەڵەگرت . پێغەمەر ـ ﷺ ـ چاوی پێی کەوت تۆزی لێ‌ئەتەکانو ئەیفەرموو : بێچارە عەممار بانگیان ئەکا بۆ بەهەشتو ئەوان ئەو بانگ ئەکەن بۆ جەهەننەم ! عەممار ئەیفەرمو : پەنا ئەگرم بە خوا لەو فیتنانە کە سەبەبی ئەوەیە پێی بچمە جەهەننەم .

٨١١/٩١ ـ عبيد الله بن ابي رافع مولى رسول الله ـ ﷺ ـ [ورضي عنهما] : ان الحرورية لما خرجت ـ وهو مع علي ابن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] قالوا : لا حكم الا لله . فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : كلمة حق اريد بها باطل . ان رسول الله ـ ﷺ ـ وصف ناسا اني لأعرف صفتهم ، في هؤلاء يقولون الحق بألسنتهم لا يجوز هذا منهم ـ واشار الى حلقه ـ من ابغض خلق الله اليه منهم اسود ، احدى يديه طبي شاة [ضرعها] او حلمة ثدي ، فلما قتلهم علي ابن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] قال : انظروا ، فنظروا فلم يجدوا شيئا فقال : ارجعوا فوالله ! ما كذَبتُ ولا كُذِبتُ مرتين او ثلاثا ثم وجدوه في خربة ، فاتوا به حتى وضعوه بين يديه . قال عبيد الله : وانا حاضر ذلك من امرهم وقول علي فيهم . وفي اخرى قال : رأيت ذلك الاسود . م ـ ٥/٣٥

تەرجەمە :

عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبو رافیعی ئازادکراوی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەڵێ : کە (حرورية) خورووجیان کرد لەسەر ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ خۆی لە خدمەت ئیمامی عەلیدا بوو ـ رضي الله تعالى

عنە ـ . حەرووری‌یە وتیان : حوکم هەر هی خوایە کەسی تر حوکمی نی‌یە . ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : ئەوە کەلیمەییێکی حەقەو ئیرادەی باطیلی پێ کراوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەصفی بەعزێ کەسی کرد ، من صیفەتی ئەو کەسانە لەم حەرووری‌یانەدا ئەبینم . حەق ئەڵێن بە زبان‌و لێرەیان تەجاوز ناکا ـ ئیشارەی گەرووی خۆی کرد ـ ئەوانە لە مەبغووضترینی خەڵقی خوان لە لای خوا ـ عز وجل ـ یەکێك لەوانە یەکێکی رەشە دەستێکی وەك گوانی مەڕ وایە . یا فەرمووی : وەك گۆی مەمك وایە . کە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنە ـ کوشتنی فەرمووی : بچن تەماشای لاشەکانیان بکەن بزانن ئەو پیاوەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەعریفی کرد لە ناویانا هەیە یا نی‌یە ؟ چوون تێفکرین هیچیان نەدۆزی‌یەوە . فەرمووی : دووبارە بگەڕێنەوە بگەڕێن . وەڵڵاهی ! من درۆم نەکرد . وەڵڵاهی ! درۆم نەکرد[1] . دوو دەفعە یا سێ دەفعە ئەو سوێنەی خوارد . لە دواییا لە ناو کەلاوەییێکا دۆزییانەوە ، هێنایان لە بەردەمی ئیمامی عەلیدا ـ رضي الله تعالی عنە ـ دایان نا . عوبەیدوڵڵا ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : من حازری ئەوانە بووم کە چۆن بوون‌و چییان کرد . حازری ئەوە بووم کە حەزرەتی

---

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا لە مانای (والله ما كذبت ولا كذبت)دا فەرمووی : (وەڵڵاهی ! من درۆم نەکرد ، وەڵڵاهی ! درۆم نەکرد) بەڵام وا بزانم هەڵەو لەبیرچوون لە دانەرەوە رووی داوەو ، مانای جێگەکە ئاوایە : وەڵڵاهی من درۆم نەکردووەو ، وەڵڵاهی درۆیشم لەگەڵ نەکراوە . واتە مەبەستی ئەوەیە کە ئەو وەصفی ئەو کەسانەی کردوە لە خۆیەوە نەیکردووەو ، وەصفەکەی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بیستوەو دیارە فەرموودەی ئەویش شوێنی گومان نی‌یە .

عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەرحەقی فەرموون . لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەو پیاوە رەشەم دی .

٨١٢/٩٢ ـ عن عبيدة [السلماني] عن علي [رضي الله تعالى عنه] قال : ذكر الخوارج فقال : فيهم رجل مُخْدَج اليد ، او مُؤدَن اليد ، او مثدون اليد ، [مخدج اليد : ناقصها . والمثدون : صغيرها كتندوة الثدي مقلوب ثدن بمعناه] ولولا ان تبطروا [تتكبروا] لحدثتكم بما وعد الله الذين يقتلونهم على لسان [نبيكم] محمد ـ ﷺ ـ قال : قلت : آنت سمعته من محمد ـ ﷺ ـ ؟ قال : اي ورب الكعبة ! اى ورب الكعبة ! اي ورب الكعبة ! م ـ ٥/٣٢

تەرجەمە :

(عبيدة السلماني) لە ئیمامی عەلی‌یەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا فەرمووی : ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ذیکری خەواریجی کرد ، فەرمووی : لە ناو خەواریجا پیاوێ هەیە دەستی ناقیصە ، یا فەرمووی : کورتە ، یا فەرمووی : وەك گۆی مەمك وایە بچووکە ، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە کیبرتان پێی هەڵەستێ قسەی ئەوەم بۆ ئەکردن [یەعنی بە تەفصیل] کە خوا ـ عز وجل ـ لەسەر زوبانی محەمەد ـ ﷺ ـ چی وەعدە داوە بەوانەی کە ئەیانکوژن . عوبەیدە فەرمووی : عەرزم کرد : تۆ ئەوەت لە محەمەد ـ ﷺ ـ بیست ؟ فەرمووی : بەڵێ قەسەم بە رەببی کەعبە ! سێ جار .

٨١٣/٩٣ ـ سلمة بن كهيل حدث زيد بن وهب الجهني انه كان في الجيش الذي كانوا مع علي [رضي الله تعالى عنه] الذين ساروا الى الخوارج ، فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : ايها الناس اني سمعت

رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : يخرج قوم من أمتي يقرؤن القرآن ليس قراءتكم الى قراءتهم بشيئ ، ولا صلاتكم الى صلاتهم بشيئ ، ولا صيامكم الى صيامهم بشيئ . يقرؤن القرآن يحسبون انه لهم وهو عليهم ؛ لا تجاوز صلاتهم الى تراقيهم . يمرقون من الاسلام كما يمرق السهم من الرمية [الصيد الذي رمي بسهم] لو يعلم الجيش الذين يصيبونهم ما قضى لهم لاتّكلوا عن العمل ، وآية ذلك ان فيهم رجلا له عضد وليس ذراع ، على رأس عضده مثل حلمة الثدي ، عليه شعرات بيض ، فتذهبون الى معاوية واهل الشام وتتركون هؤلاء يخلفونكم في ذراريكم واموالكم . والله ! اني لأرجو ان يكونوا هؤلاء القوم ، فانهم قد سفكوا الدم الحرام ، واغاروا في سرح الناس ، فسيروا على اسم الله .

قال سلمة بن كهيل : فنزلني زيد بن وهب منزلا [منزلا نسخة] حتى قال مررنا على قنطرة الدبرجان ، فلما التقينا وعلى الخوارج يومئذ عبدبن وهب الراسي ، فقال لهم : القوا الرماح وسلّوا سيوفكم من جفونها فاني اخاف ان يناشدوكم كما ناشدوكم يوم حروراء فرجعوا فوحشوا برماحهم [رموا بها عن بعد] وسلّوا السيوف ، وشجرهم الناس برماحهم [طاعنوهم بها] قال : وقتل بعضهم على بعض وما اصيب من الناس [من اصحاب علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يومئذ الا رجلان .

فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : التمسوا فيهم المخدج ! فالتمسوه فلم يجدوه ، فقام علي [رضي الله تعالى عنه] بنفسه حتى اتى ناسا قد قتل بعضهم على بعض ! قال : اخروهم فوجدوه مما يلي الارض ، فكبّر ، ثم قال : صدق الله وبلغ رسوله [ﷺ] قال : فقام اليه عبيدة السلماني فقال : يا امير المؤمنين الله الذي لا اله الا هو لسمعت هذا

الحديث من رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فقال : اي والله الذي لا اله اِلا هو ! حتى استحلفه ثلاثا وهو يحلف له . م ـ ٥/ ٣٤ ن .

موسيلم ـ رحمه الله ـ ئەم حەديثانەی كە دائيرن بە خەواريج هەموويانی لە بابی زەكاتا ذيكر كردوە بە موناسەبەی ئيعطای (مؤلفة القلوب)ەوە .

تەرجەمە :

سەلەمەی كوڕی كوهەيل ئەفەرموێ : زەيدی كوڕی وەهەبی جوهەينی قسەی بۆ كردم كە زەيد لەو لەشكرەدا بوە كە لە خدمەت حەزرەتی ئيمامی عەليدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوون بۆ سەر خەوارێج . ئيمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی خەڵقينە من لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بيست ئەيفەرموو : قەومێ لە ئوممەتی من خورووج ئەكا ، قورئان ئەخوێنن [بۆيە پێيان ئەڵێن (قراء)] قيرائەتی ئێوە بە نيسبەت قيرائەتی ئەوانەوە هيچ نی يە ، نوێژی ئێوە بە نيسبەت نوێژی ئەوانەوە هيچ نی يە ، ڕۆژووی ئێوە بە نيسبەت ڕۆژووی ئەوانەوە هيچ نی يە ، قورئان ئەخوێنن وا تێئەگەن كە قورئان لەسەر مەنفەعەتی ئەوانە كەچی لەسەر زەرەريانە [رب تال يلعنه القرآن ئەمانەن] قورئان لە دەميانەوە ناچێتەخوارێ بۆ چوڵەمەيان ، لە دينی ئيسلام ئەچنە دەرێ وەك چۆن تير لە نێچير ئەچێتە دەرێ [يەعنی لەم ديوی ئەداو لەو ديوی تێپەرئەبێ و ئەچێتە دەرێ ، ئەوانيش بەو نەوعە لە ئيسلامەتی ئەچنە دەرێ] ئەگەر ئەو لەشكرەی كە ئەيانكوژن بزانن كە خوا ـ عز وجل ـ چی بۆ تەقديركردوون لەسەر زمانی پێغەمەريانا ـ ﷺ ـ بەوە ئيكتيفا ئەكەن لە عەمەلی ترو ئيعتيمادی ئەدەنە سەر [يەعنی ئەوەندە زۆر ئەوابيان ئەبێ بری هەموو عەمەلێكی تريان ئەكەوێ] عەلامەتی ئەو قەومە ئەوەيە

کەپیاوێکیان تیایە قۆڵێکی تا ئانیشکە ، بازووی نی یە ، لەسەر ئەو قۆڵەی لە باق باسك شتێك هەیە وەك گۆی مەمکە ، چەند موویەکی سپی لەسەرە ، ئێوە ئەچنە سەر موعاویەو ئەهلی شام ، ئەمانە لێرە بێڵنەوە ، کە ئەبن بە جێ نشینتان بەسەر ماڵ و منالتانەوە . وەڵلاهی من ئومێدم وایە کە ئەمانە ئەو قەومە بن کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی .

[لەم فەرموودەی ئیمامی عەلیدا ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیشارەی تیایە کە موعاویەو ئەهلی شام بەوە کە خورووجیان کردوە لەسەر ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە دین نەچوونە دەرەوە] . چونکی ئەم قەومە خوێنی حەرامیان رژانوە ، حەیوانات و ماڵی خەڵقیان تالان کردوە . کە وابێ بە یاریی یەی ناوی خواوە ـ عز وجل ـ حەرەکەت بکەن .

سەلەمەی کوڕی کوهەیل فەرمووی : زەیدی کوڕی وەهەب مەنزڵ مەنزڵ قسەکەی هێنا تا ئەوێ کە فەرمووی : بە لای پردی دەبەرجانا رابوردین [کە حەزرەتی ئیمام خوطبەکەی تیا خوێن] کە دوو لەشکر بەرابەر یەك وەستاین ئەو رۆژە سەرکردەی خەواریج عەبدوڵلای کوڕی وەهەب بوو پێی وتن : رمەکانتان فرێدەن ، شیر لە کالان بکێشن ، ئەترسم سوێنتان بدەن وەك چۆن رۆژی حەرەورا سوێنیان دان .

[نەوەوی بەیانی رۆژی حەرەورای نەکردوە] لە طەهارەتا ح ـ ۱/۳۵۱ ، م ـ ۲/٤۱۸ (انشاء الله) بێت کە حەرەورا دێیەکە لە کووفە ، خاریجی لەوێ ئیجتیماعیان کردو عەهدو پەیمانیان کرد لەسەر خورووج لەسەر حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەقەط ئەوەی تیا نی یە کە سوێندان لەسەر چی بوە . ئیحتیمالی هەیە ئەو سوێندانە بێ کە لە قەسطەلانیدا لە شەرحی حەدیثی ح ـ ۱۰/۱۹۷ ، ح ـ ٦/٥٤ ئەڵێ :

کە ئەبو موسلمیی خەولانی بە موعاویەی وت : تۆ لەسەر خەلافەت شەڕ لەگەڵ ئیمامی عەلیدا ئەکەی بۆ تۆ وەکوو ئەوی ؟ موعاویە وتی : ئەزانم کە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە من ئەفضەلترە ، بە خەلافەت ئەحەقترە . فەقەط من ئامۆزای ئیمامی عوثمانم ـ رضي الله تعالی عنه ـ بچن پێی بڵێن قاتڵەکانم بداتە دەست ، چوونە خدمەتی عەرزیان کرد ، فەرمووی : بێ بەیعەت بکا ، مورافەعەیان بێنێتە لای من . موعاویـە نەیکرد حەزرەتی ئیمامی عەلی لە عیراقەوە لەشکری کرد ، موعاویەیش لە شامەوە . لە صەففینا مولاقاتیان بوو ، نزیکی ئەوە بوو کە موعاویە بشکێ ، عەمری کوڕی عاص چۆن لە مەسئەلەی تەحکیما ئەبو مووسای ئەشعەریی تەفرەدا ح ـ ٣١٢/٦ . ئـەم حیلەیەیشی کـرد کە طـەرەفی موعاویە قورئانیان کرد بەسەر دارەوە ، بەوە لەشکری حەقیان دەعوەت کردە سەر باطیل ، نیهایەت لەسەر تەحکیم قەراریان داو ئەبو مووسای ئەشعەری یان تەفرە دا .

خەواریجی یەکان گەڕانەوە رمەکانیان بۆ جێیەکی دوور فڕێ دا ، شیریان لە کالان دەرکێشا ، لەشکری حەزرەتی شێـری خوا رمیـان بۆ درێژ کردن ، بە رم تێیان کەوتن ، هەموویان بەسەر یەکا کوشتن ، ئەو رۆژە لـەشکری حـەزرەتی ئیمام ـ رضي الله تعـالی عنه ـ غـەیری دوو کەس ، هیچ کەسیان لێ شەهید نەکرا . فەرمووی : بگەڕێن بۆ ئـەو دەستگۆجە ! بۆی گەڕان نەیاندۆزی‌یەوە ، خـۆی ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەشریفی هەڵسا تا چـوو بە لای بـەعزێ مـەقتولـەوە کە تێـك ترشابوون ، فەرمووی : ئەمانە لادەن .

کە لادران لەسـەر یەك لـە ژێرەوە لـەسەر ئـەرز دۆزییانـەوە ، حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ (الله اکبر) ی کردو فەرمووی :

خوا ـ عز وجل ـ راستی فەرموو و پێغەمەریشی ـ ﷺ ـ ئەو فەرمودەی تەبیلغ کرد . زەید فەرمووی : عوبیدەی سەلمانی هەڵسا بۆ خـزمەت حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یـا امیر المؤمنـین) سوێندت ئەدەم بەو خوایەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بە حەق نی یە تۆ ئەم حەدیثەت لە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ بیست ؟ فـەرمووی : قـەسەم بـەو خوایەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بە حەق نی یە ! بەڵێ . تا سێ دەفعە سوێنی دا ، هەر سێ دەفعەکە سوێنی بۆ خوارد .

٨١٤/٩٤ ـ حذيفة بن اليمان [رضي الله تعالى عنهـما] يقول : كـان الناس يسألون رسول الله ـ ﷺ ـ عن الخير ، وكنت اسأله عن الشر مخافة ان يدركني ، فقلت : يا رسول الله انا كنا في جاهلية وشر ، فجاءنا الله بهذا الخير فهل بعد هذا الخير من شر ؟ قال : نعم . قلت : وهل بعد هذا الشر من خير ؟ قال : نعم وفيه دخن [كدر] قلت : ومـا دخنه ؟ قال : قوم يهدون بغير هديي ، تعرف منهم وتنكر ، قلت : فهل بعد ذلك الخير من شر ؟ قال : نعم دعاة الى ابواب جهنم من اجابهم اليها قذفوه فيها . [كزماننا هذا . اعاذنا الله منهم] قلت : يا رسول الله صفهم لنا ! فقال : هم من جلدتنا ، ويتكلمون بالسنتنا . قلت : فما تأمرني ان ادركني ذلك ؟ قال : تلزم جماعة المسلمين وامامهم . قلت : فان لم يكن لهم جماعة ولا امام ! قال : فاعتزل تلك الفرق كلها ولو ان تعض باصل شجـرة حتى يـدركـك المـوت وانت عـلى ذلـك . ح ـ ٦/٥٣ ، ح ـ ١٠/١٧٥ ، جه م ـ ٨/٤٦ .

وفي اخرى من مسلم في السؤال الأخير : قلت : كيف ؟ قال : تكون بعدي ائمة لا يهتدون بهداي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم

دجال ، قلوبهم قلوب الشيطان في جثمـان انس ! قال : قلت : كيف اصنع يا رسول الله ان ادركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع للأمير ، وان ضرب ظهرك وأخذ مالك فاسمع واطع م ـ ٤٧/٨ .

تەرجەمە :

(حذيفة بن يمان) ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : خەڵق لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ هەر لە خێريانْ ئەپرسی ، من لە شەڕم ئەپرسی ، لـە ترسی ئەمـە كە بگـەم بە زەمـانی شەڕ [يـەعنی تا خـۆمی لیٚ بپارێـزم] عەرزم‌كرد : (يا رسول الله) ئێمە لە جاهيلييەت‌و شەڕا بووين خوا ئەم خێرەی بۆ هێناين ، ئايا لە دوای ئەم خێرە شـەڕ هەيـە ؟ فەرمـووی : بەڵێ . عەرزم‌كرد : لە دوای ئەم شەڕە خێر هەيە ؟ فەرمووی : بەڵێ . لێڵی تيا هەيە . عەرزم‌كرد : لێڵی يەكەی چی‌يە ؟ فەرمووی : قەومێكە كە بە غەيری ڕێی ئەو هيدايەتەی كە من بۆم هێناون ئەڕۆن ، چاكەيشيان هەيەو خراپەيشيان هەيە . بەعزێ ئێشيان چاكەو پەسەندی ئەكـەی ، بەعزێ ئێشيان خراپەو ئينكاری ئەكەی . عەرزم‌كرد : لە دوای ئەم خێرە شەڕ هەيە ؟ فەرمووی : بەڵێ بەعزێ كەسن خەڵق بـانگەكـەنە سـەر دەرگای جەهەننەم هەركەسێ بەگوێيان بكا ئەيهاونە ناو جەهەننەمەوە . عەرزم‌كرد : (يا رسول الله) وەصفيانم بۆ بكە . فەرمووی : ئەوانە لە خۆمانن ، بە زمانی ئێمە تەكەللوم ئەكەن ، يەعنی لە عەرەبن [وقيل : بەو وەعظو نەصيحـەتەی كـە خواو رەسـوولی فەرمـوويانـە تەكـەللوم ئەكەن ، ئەمما لە دڵيانا هيچ خێر نی‌يە] . عەرزم‌كرد : ئەگەر ئەو زەمانە تـووش بووم بـە چی ئەمـرم پیٚ ئەفـەرمـووی ؟ فـەرمـووی : لازمی جەماعەت‌و ئيمامی موسوڵمانان ئەبی [يەعنی ببە] . عەرزم‌كرد : ئەگەر جەماعەت‌و ئيماميان نەبوو ! فەرمووی : لەو فيرقانە لە هەموويان كەنار

بگره ، با به دان بنی داریّ بگەزی ! لەو درەختە جویّ مەبەرەوە تا لەسەر ئەو حاڵە مردنت ئەگاتیّ .

له موسلیما له سوئالی ئەخیرا ئەفەرمویّ : بەڵیّ له دوای ئەو خێره لێڵه شەرِ هەیه [یەعنی لەوه شەرِتر هەیه] . عەرزم‌کرد : ئەوه چۆنه ؟ فەرمووی : له دوای من بەعزیّ پادشـاه ئەبن بـه هیدایـەتی من نارِۆن بەرِێوه ، به سوننەتو طەریقی منا نارِۆن ، بـەعزیّ پیـاو یێنه رەئسی کارەوه دڵیان دڵی شەیطانه له قاڵبی ئینسانان ! فەرمووی : عەرزم‌کرد : ئەگەر گەییمه ئەو زەمانه چی بکەم ؟ فەرمووی : ببیەو ئیطاعەت بکه . با پشتت دارکاریی بکەن ، با ماڵت لیّ بستێنن ، ببیەو ئیطاعەت بکه . [یەعنی به هیچ نەوعیّ موقابەلەیان دروست نی‌یه ؛ چونکی خراپتری لیّ پەیدا ئەبیّ . به چاوی خۆمان دیمان له حەربی عوموومیدا به واسیطەی ئیختیلافی ئەولیای ئوموور ئەم هەموو موڵکەمان له کیس چوو] .

۸۱٥/۹٥ ـ عن عكرمة بن خـالد ، عن ابن عمـر [رضيّ الله تعالى عنهما] قال : دخلت على حفصة [رضي الله تعالى عنها] ونسواتها ، اى ضفائر شعرها تنطف [تقطر] قلت : قد كان من امر الناس ما ترين ، فلم يجعل لي من الامر شئ فقـالت : الحق [بهم] فانهم ينتـظرونك ، واخشى ان يكون في احتباسك عنّهم فرقة [بينهم ومخالفة] فلم تدعه حتى ذهب ، فلما تفرق الناس خطب معاوية وقال : من كان يريد ان يتكلم في هذا الامر فليطلع لنا قرنه [اى : راسه ، او صفحة وجهه] فلنحن احق به منه [اي ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] ومن أبيه [اي عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] . . . .

قال حبيب بن مسلمة [الصحابي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فهلا اجبته ! قال عبد الله [رضي الله تعالى عنه] فحللت حبوتي [ثوب يُلْقى على الظهر ويربط طرفاه على الساقين بعد ضمهما] وهممت ان اقول : احق بهذا الامر منك من قاتلك واباك على الاسلام [وهو اسد الله الغالب على بن ابي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فخشيت ان اقول كلمة تفرق بين الجمع وتسفك الدم ، ويحمل عني غير ذلك ، فذكرت ما اعد الله في الجنان . قال حبيب ـ رضي الله تعالى عنه ـ : حُفِظْتَ وعُصِمْتَ . قال محمود عن عبد الرزاق : ونوساتها [اي ذوائبها] ح ـ ٣١٢/٦ .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : چوومە لای حەفصەی خوشکم ـ رضي الله تعالى عنها ـ پرچی ئاوی لێ ئەچۆڕایەوە ، عەرزم کرد : کە ئیشی خەڵق وای لێ هاتوە کە ئەیبینی [لە بەینی حەزرەتی عەلی و موعاویەدا [رضي الله تعالى عنهما ـ لە صەففینا ئەو حەربە قورسە واقیع بوە ، لە طەرەفەین چەند کوژراوە ، نووسرا بۆ ئەطراف و ئەکناف بۆ ئەو صەحابانەی کە مابوون وەعدەیان دا لە جێیێ کۆبنەوە چارەیێکی بکەن] منیش :- کاری خەلافەت و ئەمارەت هیچ شتێکم هیچ حیصەیێکم نی یە : [بچم بۆ ئەو ئیجتیماعە چی بکەم ؟] حەزرەتی حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : بیانگەرێ چاوەڕوانی تۆن ، ئەترسم ئەگەر نەچی لێیان پاش بکەوی ، ئیختیلاف و جوێیێتی بکەوێتە بەینی ئەصحابەوە . . وازی لێ نەهێنا تا تەشریفی چوە ئەو جێیە [ی کە خەڵقی لێ کۆبووبوەوە . قەراریان دا لەسەر ئەوە کە دوو کەس بکەن بە حەکەم ، لەسەر کامیان ئیتیفاقیان بێ ئەو بکەن بە خەلیفە . لە طەرەف حەزرەتی عەلی یەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەبو مووسای ئەشعەری یان

کرد بە حەکەم ـ رضي الله تعالی عنه ـ . لە طەرەف موعاویەوە عەمری بنی عاصیان کرد بە حەکەم ـ رضي الله تعالی عنهما ـ عەمری بنی عاص بە حەزرەتی ئەبوموسای دڵساف و بێ غەشی وت : بۆ دوو کەس بۆچ ئەوەندە لە موسوڵمانان بەقر بچن ؟ با هەردوکیان لە خەلافەت عەزل بکەین ، ئەو وەختە خەڵق کێ ئەکا بە خەلیفە بیکا . ئەبو مووسا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ بەم حیلەی عەمری بروا کرد . عەمر پێی وت : هەڵسە خەڵقەکە تێگەیێنە کە لەسەر چی ئیتتیفاقمان کردوە عەلیش و موعاویەیش ـ رضي الله تعالی عمن رضي منهما ـ عەزل بکە . ئەبو مووسا تەشریفی هەڵسا ، فەرمووی : من و عەمر لەسەر شتێ (ئیتتیفاقمان)کرد ، بۆ خەڵق لەوە چاکتر نی یە . هەردوکیان عەزل بکەین لە نامزەدێتی خەلافەت . خەڵق بەسەربەستی کێ ئینتیخاب ئەکەن بیکەن . من وا عەلیش و موعاویەیشم خەلع کرد . ئەوەی فەرموو و چوە دواوە . عەمر هەستا وتی : ئەی خەڵقە گوێتان لێ بوو کە ئەبو مووسا چی وت ؟ کە رەفیقەکەی خۆیی خەلع کرد کە حەزرەتی عەلی یە ـ رضي الله تعالی عنه ـ وا منیش خەلعم کرد ، موعاویەم هێشتەوە کە صاحێبی خوێنی ئیمامی عوثمانە لە هەموو کەس ئەهلترەو موستەحەقترە بۆ ئەم ئێشە .

کە خەڵق بڵاوەیان کرد موعاویە دەستی کرد بە خوطبە خوێنن ، وتی : هەرکەسێ ئیرادەی وایە لەم ئێشەدا قسەیێ بکا سەر هەڵبڕێ و خۆی دەرخا [لەمە مەقصوودی ئیبن و عومەر بو ـ رضي الله تعالی عنهما .ـ] من بە خەلافەت لەویش و لە باوکیشی [کە ئیمامی عومەرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ] لایەقترو موستەحەقترم بە خەلافەت .

حبیب بن مسلمة [لابن عمر ـ رضي الله تعالی عنهم ـ] پێی فەرموو : بۆ جوابی موعاویەت نەدایەوە ؟ فەرمووی : کەمەندم لە خۆم

کردەوەو تەمام بو بلێم : بەم خەلافەتە لە تۆ لایەقتر ئەو کەسـەیە کـە لەسەر ئیسلامەتی شەڕی لەگەڵ تۆو باوکت ئەکـرد . ئەو وەختـە ئێوە هەردوکتان کافر بوون ، [کە حەزرەتی شێری خوایە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فەقەط ترسام قسەیێ بکەم و ببێ بە سەبەبی تەفرەقەی جەماعەتی ئیسلام و ، غەیری ئەوەی کە من ئیرادەم کردوە لەو قسەیەم لێ ریوایەت بکرێ ، فکری ئـەو نیعمەت و ثـەوابەم کـردەوە کە خـوای تەعـالا لە بەهەشتا موهەییای کردوە بۆ ئەوانە کە صابیـرن . حەبیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەزری کرد : [بەو قسەنەکردنـە] مەحفـووظو مەعصـووم بووی لە گوناه .

عەبدوڕەزاق لە باتی [نسوات] ، (نوسات) ی رایوایەت کردوە [کە ئەمیش بە مەعنا نسواتە] .

٨١٦/٩٦ ـ ابو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بينا نحن عند رسول الله ـ ﷺ ـ وهو يقسم قسماً اذ اتاه ذو الخويصرة ، وهو رجل من تميم اسمه نافع ، او عرقـوص ابن زهير ، فقـال : يا رسـول الله اعدل ! فقال : ويلك ! ومن يعدل اذا لم اعدل ؟ [وفي رواية ابن ابي نعيم : فقال : يا رسول الله اتق الله ! قال : ويلك ! اَوَلستُ احقَّ اهل الارض ان يتق الله ؟] قد خبتُ وخسرتُ ان لم اكن اعدل . فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله ائذن لي فاضرب عنقه ! فقال : دعه فان له اصحابا يحقر احدكم [يستقل] صلاته مع صلاتهم ، وصيامه مع صيامهم ، يقرؤن القرآن لا يجاوز تراقيهم ، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية ، ينظر الى نصله (پەیکان) فلا يوجد فيه شئ [من دم الصيـد] ثم ينظر الى رصـافه [وهـو العقب ، وهو عصب يعمـل منه الاوتار ، يلوي فوق الرعظِ وهو مدخل سنخ النصل ، اى اصله] فما

يوجد فيه شيٌ . ثم ينظر الى نضيه وهو قدحه ، فلا يوجد فيه شيٌ ، ثم ينظر الى قذذه [ريشه] فلا يوجد فيه شيٌ قد سبق الفرث والدم ، آيتهم رجل اسود ، احدى عضديه مثل ثدي المرأة ، او مثل البضعة [قطعة لحم] تدردر [تضطرب] ويخرجون على حين ، [خير نسخة] فرقة [اختلاف] من الناس .

قال ابو سعيد : فاشهد اني سمعت هذا الحديث من رسول الله ـ ﷺ ـ وأشهد ان علي بن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] قاتلهم وانا معه [بالنهروان] فامر بذلك الرجل فالتمس ، فأُتِيَ بهحتى نظرت اليه على نعت النبي ـ ﷺ ـ الذي نعته ح ـ ٦/٥٥ ، م ـ ٥/٣٠ ن ، جه .

اخرجه المؤلف في الادب وفي استتابة المرتدين ح ـ ١٠/٨٢ . وفيه قال ابو سعيد [رضي الله تعالى عنه] فنزلت : ﴿ومنهم من يلمزك في الصدقات﴾[1] ح ـ ٩/٩٤ .

تەرجەمە :

ئەبو سەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لەو وەختەدا کە ئێمە لە حوضووری پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ ماڵێکی تەقسیم ئەکرد . (ذو الخويصره) هات وتی : (يا رسول الله) عەدالەت بەجێبێنە ! فەرمووی : خوا بتگرێ ! کە من عەدالەت نەکەم کێ ئەیکا ؟ کە من عەدالەت نەکەم خائیبو خاسیر ئەبم . یا تۆ خائیبو خاسیر ئەبی کە من عەدالەت نەکەم . [چونکی خوا منی بۆ ئیجرای عەدالەت ـردوە ، کە تۆ ئیقرارت بەوە کرد کە من بۆ ئێوە نێرراوم کە ئیجرای عەدالەت بکەمو منیش نەیکەم تۆ رەنج بە عەبەث ئەبی ؛ چونکی بووی بە تابیعی منو ، منیش خیانەت بکەم خوا منی خۆش ناوێ بەو واسیطەیە تۆیشی خۆش ناوێ] .

(١) سوورەتی : تەوبە ، ئایەتی : ٥٨ .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) ئیذنم بدە کە لە گەردنی بدەم ! فـەرمووی : وازی لیٚ بیٚنـە ؛ چونکی بەعزیٚ ئەصحابی هەیە کە بە نیسبەت نویٚژ و رۆژووی ئەوانەوە ئیٚوە نویٚژ و رۆژووی خۆتان بە کەم ئەزانن . قورئان ئەخوێنن لە گەروویان تیٚپـەڕ نابیٚ ، لە دین ئەچنە دەریٚ وەك تیر لە نیٚچیر ئەچیٚتە دەریٚ ، تەماشای پەیکانەکەی ئەکریٚ هیچی تیا نابینریٚ ، تەماشای ئەوژیٚیەی ئەکەی کە تیرو پەیکانەکەی پیٚ مەحکەم کراوە هیچ خویٚن و شتی پیٚوە دیاری نادا ، تەماشای داری تیرەکە ئەکریٚ هیچی پیٚوە نی یە ، تەماشای پەڕی تیرەکەی ئەکەی هیچ عەلامەتیٚکی تیا نادۆزریٚتەوە ، کەچی ئەو تیرە لەو طەعامەی کە لە ناو زگیایەو لە خوێنی ئەو نیٚچیرە تیٚپەڕی کردوە . [یەعنی ئەوەندە بە سیرعەت لە نیٚچیرەکە تیٚپەڕ بوە تیرەکە هیچی نەگرتۆتە خۆی ، ئەوانیش لە دین وا ئەچنە دەریٚ کە هیچ لە ئاثاری دینیان پیٚوە نامیٚنیٚ] عەلامەتی ئەوانە پیاویٚکی رەشە یەکیٚ لە قۆڵی وەك مەمکی ژن وایە ، یا فەرمووی : وەك پارچە گۆشت وایە ، ئەلەریٚتەوە ، لە وەختیٚکا کە جوێتی بکەویٚتە بەینی خەڵقەوە ئەچنە دەریٚ . یا لەسەر چـاکترینی فیـرقەیـەك ئەچنـە دەریٚ .]

ئەبو سەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من شەهادەت ئەدەم کە ئەم حەدیثەم لە پیٚغەمەر ـ ﷺ ـ بیست ، هەم شەهادەت ئەدەم کە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەوانـەی کوشت و منیش لـە خدمەتیا بووم ئەمری کرد کە بۆ ئەو پیاوە بگەڕیٚن . بۆی گەڕان و بۆیان هیٚنا . حەتا تەماشام کرد لەسەر ئەو وەصفە بوو کـە پیٚغەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی .

٨١٧/٩٧ ـ عن ابي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : بعث علي [رضي الله تعالى عنه] وهو باليمن بذهب في تربتها [بذهيبة في اديم مقروظ لم تحصل من ترابها . م ـ ١٧/٥] الى رسول الله ـ ﷺ ـ فقسمها رسول الله ـ ﷺ ـ بين اربعة نفر : الاقرع بن حابس الحنظلي ، وعيينة بن بدر الفزاري ، وعلقمة بن علاءة العامرى ، [اما علقمة بن علاءة ، واما عامر ابن الطفيل . م اخرى] ثم احد بني كلاب وزيد الخير الطائي ، ثم احد بني النبهان ، قال : فغضب قريش . فقال : ايعطي صناديد نجد ويدعنا ؟ ! فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : اني انما فعلت ذلك لأتألّفهم . فجاء رجل كثُّ اللحية ، مشرف الوجنتين [اي غليظهما]غائر العينين ، ناتئ الجبين ، محلوق الرأس ، فقال : اتق الله يا محمد ! قال : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : فمن يطع الله ان عصيته ؟ ايأمنني على اهل الارض ولا تأمنوني ؟ ! قال : ثم أدبر الرجل ، فاستأذن رجل من القوم في قتله ، يرون انه خالد ابن الوليد [سيف الله ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ان من ضِئْضِئ هذا ، او في عقب هذا قوم يقرؤن القرآن لا يجاوز حناجرهم ، يقتلون اهل الاسلام ، ويدَعون اهل الاوثان ، يمرقون من الاسلام كما يمرق السهم من الرمية ، لِأن ادركتهم لأقتلنهم قتل عاد . م ـ ١٩/٥ ، ح ـ ٣٢٦/٥ ن . [ضئضئ صنصئ ، نِجاد ، نحاس ، سِنح ، سِنْخ ، عنصر ، ارومة . . . اصل مترادفات] .

٨١٨/٩٨ ـ وفي اخرى عنه فقال رجل من اصحابه : كنا نحن احق بهذا من هؤلاء . قال : فبلغ ذلك النبي ـ ﷺ ـ فقال : الا تأمنوني وانا امين من في السماء يأتيني خبر السماء صباحاً ومساءً ؟ ! قال : فقام رجل غائر العينين ، مشرف الوجنتين ، ناشزُ الجبهة ، كَثُّ اللحية ، محلوق

الرأس ، مشمّر الازار . فقال : يا رسول الله اتق الله ! فقال : ويلك ! او لست احق اهل الارض ان يتقي الله ؟ ثم ولى الرجل . فقال خالد بن الوليد [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله الا اضرب عنقه ؟ فقال : لعله ان يكون يصلي , قال : خالد : وكم من مصلٍّ يقول بلسانه ما ليس في قلبه ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : اني لم اومر ان انقب عن قلوب الناس ، ولا اشق بطونهم . قال : ثم نظر اليه ـ وهو مقفٍ ـ فقال : انه يخرج من ضِئضِئ هذا قوم يتلون كتاب الله رطبا ، لا يجاوز حناجرهم ، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية . قال : اظنه قال : لئن ادركتهم لأقتلنهم قتل ثمود . ح ـ ٦/٤٠٧ ، م ـ ٥/٢٠ .

٩٩/٨١٩ ـ وفي اخرى : فقام اليه عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فقال : يا رسول الله الا اضرب عنقه ؟ قال : لا . ثم ادبر ، فقام اليه خالد ـ سيف الله ـ فقال : يا رسول الله الا اضرب عنقه ؟ قال : لا ، فقال : انه سيخرج . . . الخ م ـ ٥/٢٣

١٠٠/٨٢٠ ـ عن ابي نضرة عن ابي سعيد [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ ﷺ ـ ذكر قوما يكونون في امته يخرجون في فرقة من الناس ، سيماهم التحالق ، قال : هم شر الخلق ، او من اَشرِّ الخلق [شك الراوي] يقتلهم ادنى الطائفتين الى الحق [اى : اقربها اليه ، وهو طائفة علي ـ رضي الله تعالى عنه وعنهم ـ] قال : فضرب النبي ـ ﷺ ـ لهم مثلا ، او قال قولا : الرجل يرمي الرمية ، او قال الغرض ، فينظر في النصل ، فلا يرى بصيرة [دما] وينظر في النضي فلا يرى بصيرة ، وينظر في الفوق [موضع الوتر من السهم] فلا يرى بصيرة [دما يبصر] قال [أبو

نضرة] قال ابو سعيد : وانتم قتلتموهم يا اهل العراق . م ـ ٥/٢٧ وفيه روايات أُخر مبسوطة ومختصرة متقاربة الالفاظ . وهذا القدر كاف .

مەعناى ئەم چو ار حەديثه

ئەبو سـەعيدى خـدريى ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفـەرموێ : حەزرەتى عەلى ـ رضي الله تعالى عنه ـ كه له يەمەن بوە بەعزێ ئاڵتونى نارد له چەرمێكا بوو دەباغ كرابوو ، له تۆزو خۆڵ پاك نەكرابووەوە . بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ له بەينى چوار كەسا بەشى كرد [كه مؤلفه بوون] له بەينى : ئەقرەعى كوڕى حـابيسى حەنـظەلىو ، عويـەينەى كوڕى بەدرى فەزارىو ، عەلقەمەى كوڕى عەلاثەى عاميرى كه يەكێ بوو له بەنى كيلابو ، (زيد الخير)ى طائى كه له بەنى نەبهان بوو [بەشى كەسى ترى لێ نەدا] قورەيش [و ئەنصار . بوخارى] رقيان هەڵسـا ، وتيان : ئەيدا بە گـەورەى نەژدو ئێمـه تەرك ئـەكا ! پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : من بۆيێكم وا كرد بۆ خاترى ئەمە كه دڵيان بەجێ بێنم [بۆ تـەمەعى دنيا لەسـەر ئيسلامـەتى قەرار بگـرنو ، له دين پـەشيمـان نەبنەوە . . . .]

لـە دوايـا پيـاوێكى ريش پـڕى ، لاجـانـگ بـەرزى ، چاوبەقوولاّچووى ، ناوچاوان دەرپەڕيوى ، سەرتاشراو هات . وتى : (يا محمد) له خوا بترسێ ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : كه من عاصى ببم له خوا ئيتر كێ ئيطاعەى خوا ئەكا ؟ خـوا ـ عز وجـل ـ لێم ئەمينـه ، ئەمينەتيم پێ ئەكا بـۆ سەر ئـەهلى ئـەرزو ئێوە ئـەمينەتم پێ نـاكەن ! [ئێوارێو سبەينێ خەبەرى ئاسمانم بۆ يێ . اخرى] يەكێ له ئەصحاب ،

كە ئەڵێن : خاليدى كورى وەليدە [لە ريواتەكەى ترا ئيمامى عومەر ، لە ريوايەتەكەى ترا ئيمامى عومەر لـە دواى‌ئەو خـاليد ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ] ئيذنيان خواست لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ وتيان : (يا رسول الله) لە گەردنى نەدەين ؟ فەرمووى : خەير ـ. [لە ريوايەتەكـەى ترا كـە هەر حەزرەتى خاليدى تيايە فەرمووى : ئيحتيمالى هەيە كە نوێژ بكا . خاليد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووى : چەند نوێژ كەر هەيەو بە زمان ئەيلێ‌و لە دڵيا نى‌يە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : ئەمرم پێ نەكراوە كە تەفتيشى دڵيان بكەم‌و زكيان هەڵدرم .

كە ئەو پياوە پشتى هەڵكردو ئەڕۆيى پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : لە قەوم‌و لە نەسلى ئەمەدا قەومێ هەيـە قورئـان ئەخـوێنن لە گـەروويان تێناپەڕێ بۆ دڵيان . ئەهلى ئيسلام ئەكوژن‌و بتپەرست تەرك ئەكەن . لە دين ئەچنە دەرێ وەك چۆن تير لە نێچير ئەچێتە دەرێ . ئەگەر بگەمە زەمـانى ئەمـانە ئـەيانكـوژم وەك قەومى عـاد چۆن ئـەكوژرێن . [لـە ريواتەكەى ترا : وەك ئەموود] .

لە موسليـما لەم نـەوعە زۆرە ، ئـەوەندە بـەسە ؛ چـونكى يەك حاديثەيەو مەئاليان يەكێكە .

١٠١/٨٢١ ـ ابو سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنـه] قال : قـال رسـول الله ـ ﷺ ـ : يأتي عـلى الناس زمـان فيغزو فئـام من الناس ، فيقولون : هل فيكم من صاحب رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فيقولون : نعم ، فيفتح لهم . ثم يأتي على الناس زمان فيغزو فئام من الناس ، فيقال : هل فيكم من صاحب اصحاب رسول الله ؟ ـ ﷺ ـ فيقولون : نعم . فيفتح لهم . ثم يأتي على الناس زمان فيغزو فئام من الناس فيقال : هل فيكم من

صاحب من صاحب اصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فيقولون : نعم ، فيفتح لهم . وعن جابر مثله ، وليس فيه الثالث . ح ـ ٦/٤٨/٧٧ وفي الجهاد .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : زەمانێ بەسەر خەڵقا بێت بەعزێ طائیفە غەزا ئەکەن پێیان ئەڵێن : ئەصحابی پێغەمەرتان تیایە ؟ ـ ﷺ ـ ، ورضي عنهم ـ ئەڵێن : بەڵێ . فەتحیان بۆ ئەکرێ بە بەرەکەتی ئەصحاب ، لە دوایی یا زەمانێ بەسەر ئینسانانا یێ قەومێ غەزا ئەکەن لێیان ئەپرسن : ئەصحابی ئەصحابی پێغەمەرتان تیایە ؟ ـ ﷺ ـ ورحمهم الله ، ورضي الله عنهم ـ ئەڵێن : ئا . فەتحیان بۆ ئەکرێ . لە دواییا زەمانێ بەسەر ئینسانانا بێت قەومێ غەزا ئەکەن لێیان ئەپرسێ : ئەصحابی ئەصحابی ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ، ورضي عنهم ، ورحمهم الله ـ تان تیا هەیە ؟ ئەڵێن : بەڵێ . فەتحیان بۆ ئەکرێ .

یەعنی ئەصحاب هەموویان باشن ، بێ غەشن . تابیعینیش ئەکثەریان باشە . تابیعینی تابیعینیش باشیان زۆرە . بە بەرەکەتی چاکی ئەو زەمانە خوا نەصرەتی موسوڵمانان ئەدا ئەگەر خەڵق هەموو پەیرەوی قورئانو سوننەت بکا دنیا دوشمنیان بێو گەلەکۆمەکیان لێ بکەن قەط ناشکێن . ئەمما هەیهات . خوا ئیصلاحی حاڵی موسوڵمانان بکا .

٨٢٢/١٠٢ ـ عن زينب بنت جحش [امنا ام المؤمنين ـ رضي الله تعالى عنها ـ] : ان النبي ـ ﷺ ـ دخل عليها فزعا يقول [قد استيقظ من النوم وهو يقول . اخرى م] : لا اله الا الله من شر قد اقترب ؛ فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذا ، وحلق باصبعه [الابهام] وبالتي تليها .

فقالت زینب : فقلت : یا رسول الله انهلك وفینا الصالحون ؟ قال : نعم اذا کثر الخبث . ح ـ ٦/ ٥٠ ، م ـ ١٠/٣٤٤/٣٤٥ ، ح ـ ١٠/ ١٦٤/ ٢٠٦ [فزعا محمرا وجهه یقول . اخری . م]

تەرجەمە :

حەزرەتی زەینەبەی دایکمان ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هاتەلام بەترسەوە . لە ریوایەتەکەی ترا ئەڵێ : بەترسەوە لە خەو هەڵسا ئەفەرموێ : لا اله الا الله لە شەڕێکە نزیك بوەوە ، ئیمڕۆ لە سەددی یەئجووج و مەئجووج بە قەد ئەوەندەی لێ کراوەتەوە ، پەنجەی گەورەیی و شەهادەتی کرد بە حەلقە ، حەزرەتی زەینەبە ـ رضي الله تعالیٰ عنها ـ فەرمووی : وتم : (یا رسول الله) ئایا ئێمە هیلاك ئەبین ، وەحاڵ ئەوەندە ئینسانی صاڵحمان لەناوایە ؟ فەرمووی : بەڵێ کە پیسێتی زۆر ببێ . ح ـ ٦/ ٥٠ ، ح ـ ١٠/ ١٦٤/ ٢٠٦ وفیە : ویل للعرب من شر . م ـ ١٠/ ٣٤٥ ن ، جە .

١٠٣/ ٨٢٣ ـ خباب بن الارت [رضي الله تعالی عنه] قال : شکونا الی رسول الله ـ ﷺ ـ وهو متوسد بردة له في ظل الکعبة ؛ قلنا له : الا تستنصر لنا ألا تدعو الله لنا ؟ قال : کان الرجل فیمن قبلکم یحفر له في الارض فیجعل فیه ، فیجاء بالمنشار فیوضع علی راسه فیشق باثنتین ، وما یصده ذلك عن دینه ! ویمشط بامشاط الحدید [جمع مُشْط] ما دون لحمه من عظم او عصب . وما یصده ذلك عن دینه ! والله لیُتَمَّنَّ هذا الامر حتی یصیر الراکب من صنعاء الی حضر موت لا یخاف الا الله او الذئب علی غنمه . ولکنکم تستعجلون . ح ـ ٦/ ٥٨د ، ن ، ح ـ ١٠/ ٩٢ وفي باب مالقي النبي ـ ﷺ ـ من المشرکین .

٨٢٤/١٠٤ ـ وعنه يقول : اتيت النبي ـ ﷺ ـ وهو متوسد بردة وهو في ظل الكعبة ، وقد لقينا من المشركين شدة فقلت : الاتدعو الله ؟ فقعد وهو محمرٌ وجهه ، فقال . . . والباقي مثله بتقديم المشط على الاشر ، ويصرفه بدل يصدُّه . خ ـ ١٧٧/٦ .

تەرجەمە :

خەببابی کوڕی ئەرەت ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : شکایەتی ذیللەتمان بردە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە سێبەری کەعبەدا شانی دادابوە سەر بوردەیێ ، لە موشریکان زۆرمان ئەذییەت دیبو ، عەرزمان کرد : (یا رسول الله) بۆ طەڵەبی نەصرەتمان بۆ ناکەی ؟ بۆ دۆعامان بۆ ناکەی ؟ تەشریفی هەڵساو دانیشت ، سوور بوویوەوە ، یەعنی ئەو تەکلیفەی لە لا ناخۆش بوو . فەرمووی : پیاو لە پیاوانی پێش ئێوە ئەرزیان بۆ هەڵەکەنرا ، مشاریان بۆ ئەهێنرا ، ئەیان نایە سەر تەوقی سەریان ، ئەیانکردن بە دوو لەتەوە ، ئەوە لە دینی نەدەگێرایەوە ! شانەی ئاسنینیان بۆ ئەهێنا ، گۆشت و رەگیان بەو شانەیە لە ئێسقانیان دائەماڵی ، ئەوە لە دینی نەئەگێراوە ! وەڵڵاهی ! خوا ـ عز وجل ـ ئەم دینە ئیکماڵ ئەکا تا وای لێ بێ سوارێ لە صەنعای یەمەنەوە تا حەضرەمەوت ئەچێ لە غەیری خوا ناترسێ ، لە غەیری گورگ ناترسێ لەبەر مەرەکانی . ئەمما ئێوە عەجەلە ئەکەن (صدق رسول الله ـ ﷺ ـ) صەبر کلیلی فەرەجە .

٨٢٥/١٠٥ ـ اسود بن عامر ، حدثنا شعبة بن الحجاج عن ابي نضرة ، عن قتادة ، عن قيس بن عباد . اخرى . م ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قلت لعمار : ارأيتم صنيعكم [أرأيت قتالكم . م اخرى] هذا الذي صنعتم في امر علي ؟ ارأيا رايتموه [فان الراي يخطي ويصيب ، او عهدا . م اخرى] او شيئاً عهده اليكم رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فقال : ماعهد

الينا رسول الله ـ ﷺ ـ شيئا لم يعهده الى الناس . ولكن حذيفة [رضي الله تعالى عنه] اخبرني عن النبي ـ ﷺ ـ قال : [ان رسول الله . اخرى م] قال النبي ـ ﷺ ـ : [في امتي . م اخرى] في اصحابي اثنا عشر منافقا . فيهم ثمانية لا يدخلون الجنة [ولا يجدون ريحها . اخرى م] حتى يلج الجمل في سم الخياط ـ بحركات السين ـ ثمانية منهم تكفيكهم الدبيلة [سراج من النار يظهر في اكتافهم حتى ينجم من صدورهم م . اخرى [يظهر ويعلو] واربع لم احفظ ما قال شعبة فيهم م ـ ١٠/٢٥٥ .

تەرجەمە :

ئەسوەدی کوڕی عامیر ئەڵێ : شوعبەی کوڕی حەججاج لە قەتادەوە ، ئەویش لە ئەبو نەضرەوە ، ئەویش لە قەیسی کوڕی عوبادەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قسەی بۆ کردین کە : قەیس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : عەرزی عەممار ی کوڕی یاسیرم کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : خەبەرم بدەرێ ئەو شەڕو شۆڕو موعامەلەیە کە کردتان بۆ ئیشی حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئایا بە رەئی خۆتان بوو ؟ ئەگەر بە رەئی بووبێ رەئی خەطایش ئەکاو ئیصابەتیش ئەکا ، یاخۆ شتێکە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ کردوون کە بیکەن ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەهدی شتێکی لەگەڵ خوصووصی ئێمە نەکردوە کە لەگەڵ عومومی خەڵقا نەیکردبێ ، یەعنی چی بە خەڵق فەرمووبێ ئەوەیشی بە ئێمە فەرمووە . ئەمما ئەوەندە هەیە حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری داومێ لە پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ کە فەرموویەتی : لە ئەصحابی منا ؛ لە ئوممەتی منا دوانزە مونافیق هەن ، هەشتیان ناچنە بەهەشتەوەو بۆنی ناکەن تا وشتر ئەچێتە کونی دەرزییەوە !

[دیارە وشتر بە کونی دەرزییەوە ناچێ . یەعنی قەط ناچنە

بەهەشتەوە . (جَمَل) وشتر ، (جُمَّل) گوریسی زۆر ئەستوور ، هەر کامێکیان بێ تەعلیقە بە مەحاڵەوە . ئەگەر وەشترەکە یا گوریسەکە باریك بکرێتەوە وەك خەیاطە ئەو وەختە پێیان ناڵێن و شترو گوریس . کونی دەرزی‌یەکە گەورە بکرێ تا وشتر ئەمدیو ئەودیوی پیا بکا ، یا گوریسی پێوە بچێ پێی ناڵێن دەرزی . یەعنی هەردوو لا لەسەر حاڵی خۆیان بمێنن تا وشتر یا تا گوریس بە کونی دەرزی‌یەوە نەچن ـ کە بە عەقڵ مەحاڵە ـ ئەو هەشت کەسەیان ناچنە بەهەشتەوە]

هەشت لەوان گرێکی ئاگر لە دەفەی شانیانەوە[1] تا لە سنگیان بێتە دەرەوە ئەوانە لە ئێوە دەفع ئەکا . ئەسوەد ئەڵێ : حیفظی ئەوەم نەکردوە کە شوعبە دەرحەق چوارەکەی تر چی وت .

١٠٦/٨٢٦ ـ ابو الطفيل قال : كان بين رجل من اهل العقبة :

فەرمووی : لە بەینی پیاوێ لە ئەهلی عەقەبە [ی تەبووكو کە مونافیقان لەوێدا کۆبوونەوە کە غەدر لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بکەن خوای تەعالا حیفظی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ لە شەری ئەو مونافیقانە] .

وبين حذيفة بعض ما يكون بين الناس :

لە بەینی حوذەیفەدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەعزێ لەو دەمەقاڵێەی کە لە بەینی خەڵقا ئەبێ وقووعی بوو .

فقال :

ئەو پیاوە وتی :

انشدك ـ كنصر ـ بالله !

(١) وەرگێر ـ خ ـ مانای (يظهر)ی لەبیرچوە . کە ئەمەی بخرێتەوە سەر مانای حەدیثەکە وای لێ دێت : «گرێکی ئاگر لە دەفەی شانیانەوە پەیدا دەبێ . . .»

به خوات سوێند ئەدەم ! كە :

كم كان اصحاب العقبة ؟

ئەصحابی عەقەبە كە تەمایان بوو غەدر كەن لە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ چەند كەس بوون ؟

قال : فقال له القوم : اخبره اذ سألك :

ئەبو طوفەیـل وتی : ئەو خـەڵقەی كـە لە لایـان بوون عـەرزی حوذەیفەیان كرد ـ رضي الله تعـالی عنه ـ : كـە چونكی لێی پـرسیوی خەبەری بدەرێ .

قال : كنا نخبر انهم اربعة عشر ، فان كنتَ منهم فقد كان القوم خمسة عشر :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالی عنه ـ فـەرمووی : خـەبەرمـان دراوەتێ كە چواردە بوون ، ئەگەر تۆیش لەوان بووبی بوون بەپانزە .

واشهد بالله ان اثني عشر منهم حرب لله ولرسوله في الحياة الدنيا ويوم يقوم الاشهاد[1] :

خوا ئەكەم بە شاهید كە دوانزە لەوان ئیعلانی حەربیان كردوە لەگەڵ خوا ـ عز وجل ـ و لەگەڵ رەسوولی خوادا ـ ﷺ ـ لە حەیاتی دنیاداو لەو رۆژەدا كە شاهید رائەبووررێ لە حوضووری خوادا .

وعذر ثلاثة ؛ قالوا : ما سمعنا منادي رسول الله ـ ﷺ ـ ولا علمنا بما اراد القوم :

(١) لەم شوێنەدا پاش و پێشێـك هەبـوو بەم شێـوە لە «ان اثنی عشـر . . . تا الاشهـاد» دوای تـەرجـەمـەكـەی نـووسـرابـوو ئێمـە خستمـانـەوە پێش تەرجەمەكە . هەروەها ئەو بەشەی دوایی كە بـە «فمشی . . فقال . .» دەست پێدەكات .

سیانیش لەو قەومە پێغەمەر ـ ﷺ ـ عـوذری لێ قەبـووڵ‌کردن ، وتیان : گوێمان لە مونادیی پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەبوەو خـەبەریشمـان نیە لەوەی کە ئەو مونافیقانە قەصدو ئیرادەیان کردوە ، کە ئیتتیفاقیان کردوە لەسەر سووئی قەصد دەرحەق پێغەمەر ـ ﷺ ـ

وقد كان في حرة :

ئەو سەفەرەیش کە سەفەری تـەبووکـە لە گـەرمایـەکی زۆر بە شیددەتا بوو .

فمشى فقال : ان الماء قليل فلا يسبقني اليه احد ، فوجد قوما قد سبقوه فلعنهم يومئذ . م ـ ١٠ / ١٥٧

پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەرەکەتی فەرموو ، فەرمووی : ئاوی تەبـووك کەمە لـە پێش منا کـەس نەچێ‌و دەستی بـداتێ . پێغەمـەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی چوە سەر ئاوەکە بەعزێ کـەسی لێ پێشکەوتبـوو ، دەستیان لێدابوو . ئەو رۆژە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو مونافیقانەی لەعن کرد .

بەدەم خەوەوە بووم بەعزێ لە تەرجەمەکەم لە مەتنی حەدیثەکە پێش خستوە .

٨٢٧ / ١٠٧ ـ عروة قال : قالت لي عائشة [رضي الله تعالى عنهما] : يا ابن اختي اُمِروا ان يستغفروا لاصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ فسبـوهم ! م ـ ١٠ / ٤٧٢

[قالت هذا عندما سمعت اهل مصر يقولون في عثمان ما قالوا ، واهل الشام في علي ما قالوا ، والحرورية في الجميع . نووي ـ رضي الله تعالى عنها ـ واخزى السابين في نار جهنم !]

تەرجەمە :

عورِوە فەرمووی : حەزرەتی عایشەی دایکمان ـ رضي الله تعالى

عنها ـ پێی فەرمووم : ئەی کوڕی خوشکم [ئەسما بينتی صەديق ـ رضي الله تعالى عنهما] ئەمريان پێکراوە ئيستيغفار بکەن بۆ ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ، ورضي عنهم ـ کەچی جوێنيان پێ ئەدەن . ئەم قسەيـەی ئەو وەختە فەرمووکە بيستی ميصريی جوێن بە ئيمامی عوثمان ئەدەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ شاميش جوێن بە ئيمامی عەلی ئەدەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەرەووريش لە سەر مەسئەلەی تەحکيم جوێن بە هەردوولاو بە سائيری ئەصحابە ئەدەن . (لعن الله اللاعنين !) .

٨٢٨/١٠٨ ـ حذيفة بن اسيد الغفاري [رضي الله تعالى عنه] قال : اطلع النبي ـ ﷺ ـ علينا ونحن نتذاكر . فقال : ما تذاكرون ؟ قالو : نذكر الساعة . قال : انها لن تقوم حتى ترون قبلها عشر آيات : فذكر ١ ـ الدخان . ٢ ـ والدجال . ٣ ـ والدابة . ٤ ـ وطلوع الشمس من مغربها . ٥ ـ ونزول عيسى بن مريم ـ عليهما الصلاة والسلام ـ . ٦ ـ ويأجوج ومأجوج . وثلاثة خسوف . ٧ ـ خسف بالمشرق . ٨ ـ وخسف بالمغرب . ٩ ـ وخسف بجزيرة العرب . ١٠ ـ وآخر ذلك نار تخرج من اليمن تطرد الناس الى محشرهم . وفي اخرى : وريح تلقي الناس في البحر . وفي اخرى : تنزل معهم اذا نزلوا ، وتقيل معهم حيث قالوا . م ـ ١٠/٣٦٣/٣٦٥ وفي اخرى : قال : كان النبي ـ ﷺ ـ في غرفة ونحن اسفل منه ، فاطلع . . . وفي آخره نار تخرج من قعرة عدن ترحل الناس .

تەرجەمە :

حـوذەيفەی کـوڕی ئەسيـدی غيفاری ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ فەرمووی : تەشريفی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەرخـانێ بوو ئێمـە لە خـوار ئـەوەوە بووين . رۆژێ طـەلعەتی طـولووعی کـرد بەسـەرمانـا ، ئێمە

موذاكەرەمان ئەكرد . فەرمووی : موذاكەرەی چی ئەكەن ؟ عەرزمانكرد : قسە لە ساعەت ئەكەین كەی هەڵەستێ . فەرمووی : تا لە پێش ئەوەوە دە عەلامەت ظوهوور نەكاو نەیبینن قیامەت هەڵناستێ :
١ ـ دوخانو . ٢ ـ دەجـجالو . ٣ ـ دابـةالارضو .
٤ ـ طولووعی رۆژ لە مەغـریبەوەو . ٥ ـ نـوزوولی عیسای كـوڕی مەریەم ـ علیهما السلام ـ . ٦ ـ یەئجووجو مەئجووجو . سێ رۆچوونی ئەرزو . ٧ ـ رۆچوونێكی لە مەشریق . ٨ ـ رۆچوونێكی لە مەغریب . ٩ ـ رۆچوونێكی لە (جزیرة العرب) ذیكر فەرموو .
١٠ ـ فەرمووی : ئاخری ئەوانە ئاگرێكە لە یەمەن ظـوهوور ئەكا ، كۆچ بە خەڵق ئەكا بۆ مەحشەر . لە ریوایەتێكا : بایێكیش كە خەڵق فرێ ئەداتە ناو بەحر .

١٠٩ / ٨٢٩ ـ عوف بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : اتيت النبي ـ ﷺ ـ في غزوة تبوك ، وهو في قبة من ادم . فقال : أعدد ستا بين يدي الساعة : موتي ، ثم فتح بيت المقدس [وقد وقعتا] ثم موتانٌ [طاعون] يأخذ فيكم كقعاص الغنم [داء يأخذ الدواب فيسيل من انوفها شئ فتموت فجأة] . ثم استفاضة المال ، حتى يعطى الرجل ماءة دينار فيظل ساخطا . ثم فتنة لا يبقى بيت من العرب الا دخلته . ثم هدنة [متاركة] تكون بينكم وبين بنِي الأصفر ، فيغدرون ، فيأتونكم تحت ثمانين غاية [راية] تحت كل غاية اثنا عشر الفا . ح ـ ٥/٢٣٢ .

تەرجەمە :

عەوفی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە غەزای تەبووكا چوومە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە خێوەتێكی چەرما بوو .

فەرمووی : لە بەینی خۆت و قیامەت هەڵسانا شەش شت هەڵژمێرە :

١ ـ مردنی من .

٢ ـ فەتحی (بیت المقدس) لە دواییدا .

٣ ـ تاعوونێك : مردنێکی عموومی ئەتانگرێ ، وەك نەخۆشی یەك کە مەڕ ئەگرێ و لە لووتیەوە شتێك جاری ئەبێ و (فجأة) پێی ئەمرێ .

٤ ـ لە دواییدا ماڵ زۆر بوون بە دەرەجەییێك صەد دینار ئەدەی بە یەکێ و بە کەمی ئەزانێ و لێی ئەتۆرێ و رقی هەڵەسێ .

٥ ـ لە دواییدا فیتنەیێك هیچ خانوویێ[1] نامێنێتەوە کە تێی نەچێ .

٦ ـ لە دواییدا موتارەکەییێك لە بەینی ئێوەو بەنی ئەصفەرا . ئەوان غەدر ئەکەن ، موعاهەدەکە ئەشکێنن ، بە لەشکرێکی هەشتا بەیاخی یەوەو ، هەر بەیاخێ دوانزەهەزار کەسی لەژێرا بێ بێنە سەرتان .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەفاتی فەرمووە . قودس فەتح کراوە . گەلێ تاعوون و مەوتی عموومی بوە . فیتنەی بەینی عەرەبیش لە شەهادەتی حەزرەتی عوثمانەوە دەستی پێ بکە تا زەمانی پادشاهانی عەبباسی نەبرایەوە . ئەوانی تریش دیارە کە ئەبن .

مەعنای وا نی یە کە ئەم شەشە بوون دەرحاڵ قیامەت هەڵەستێ . یەعنی تا ئەمانە نەبێ هەڵناسێ ، ئەمانە تەنها دەلیلی قیامەت هەڵسانە .

١١٠ / ٨٣٠ ـ رهط منهم ابو الدَّهماء ، وابو قتادة ، قالوا : كنا نمر على هشام بن عامر ، نأتي عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقال ذات يوم : انكم لتجاوزوني الى رجال ما كانوا باحضر لرسول الله ـ ﷺ ـ مني ، ولا اعلم بحديثه . سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : ما بين خلق

(١) لە حەدیثەکەدا «هیچ خانوو بێ لە عەرەب»ە . دیارە وەرگێر لەبیری چوە .

آدم الى قيام الساعة خلق [امر . اخرى م] اكبر من الدجال .
ح - ١٠/٤١٠ .
تەرجەمە :

جەماعەتێ لە تابیعین وەك (ابو الدهما) و قەتادە فەرموویان : بەسەر هیشامی کوڕی عامیرا رائەبوردین ئەچووینە خدمەت عیمرانی کوڕی حوصەین - رضي الله تعالى عنهما - هیشام - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئێوە لە من تێپەڕ ئەبن بۆلای بەعزێ پیاو کە لە من زیاتر حازر نەبوون لە خدمەت پێغەمەرا - ﷺ - ، لە من زیاتر عالمتر نین بە حەدیثی ، لە پێغەمەرم بیست - ﷺ - ئەیفەرموو : لە بەینی خەلقی ئادەم - علیه الصلاة والسلام - تا قیامی ساعەت خەڵقێ هەن لە خوصووصی شەڕو زەرەر بۆ خەڵق لە دەجال گەورەترن .

[دەججال چی ئەکا ؟ موددەی چل رۆژی ئەو - کە ساڵێك و چەند مانگێ ئەگرێتەوە - خەڵق دەعوەت ئەکاتە سەر کوفر . ئەمە هەزارو چەند ساڵ زیاترە ئێمە لەو حاڵەداین . (حفظنا الله من ذلك الخلق) . ئەمە موعجیزەی پێغەمەرە - ﷺ - کە نەیفەرموە پیاوێ هەیە فەرموویەتی خەڵقێ هەیە]

٨٣١/١١١ - عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] : ان رسول الله - ﷺ - قال : بادروا بالاعمال ستا : ١ - طلوع الشمس من مغربها . ٢ - او الدخان . ٣ - او الدجال . ٤ - او الدابة . ٥ - او خاصة احدكم . [وفي اخرى : او خويصة احدكم اي الموت] ٦ - او امر العامة . [اي القيامة] [وفي اخرى (الواو) بدل (او) التي للتقسيم]
م - ١٠/٤١٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە شەش شت دەسپێشکەریی بکەن و ئیشی چاکە بکەن : ١ ـ لە پێش رۆژگەرانەوە لە مەغریبەوەو . ٢ ـ دوخانو . ٣ ـ دەججالو . ٤ ـ دابة الارضو . ٥ ـ مردنو . ٦ ـ قیامەت هەڵسان .

١١٢/٨٣٢ ـ معقل بن يسار ـ رضي الله تعالى عنه ـ ردّهُ [يعني رفعه] الى النبيّ ـ ﷺ ـ قال : العبادة في الهرج كهجرة اليّ . م ـ ١٠/٤١١

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عیبادەتکردن لە زەمانی فیتنەو فەسادا خێرو ثەوابی وەك خێرو ثەوابی هیجرەتکردن بۆ لای منە [چونکی لەو وەختەدا دڵی خەڵق مەشغووڵ ئەبێ بەو فیتنەوەو ناپەرژێتە سەر عیبادەت] .

١١٣/٨٣٣ ـ عن سهل بن سعد [الساعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يقول : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يشير باصبعه التي تلي الابهام والوسطى ـ وهو يقول ـ : بعثت انا والساعة هكذا م ـ ١٠/٤١٢ ، ح ـ ٩/٢٧٨ وعن انس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بلفظ كهاتين . وعن قتادة : كفضل احداهما على الأخرى .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە پەنجەی شەهادەتو پەنجەی ناوەڕاستی ئیشارەتی ئەفەرموو . ئەیفەرموو : نێررانی منو هەڵسانی قیامەت وەك ئەم دوو پەنجەیە وایە . یەعنی موددەی خەڵقی ئادەم تا ئێستە ئەوەندەی

زیاترە لە موددەی ئێستەوە تا قیامەت بە قەد زیادی پەنجەی ناوەراست بەسەر پەنجەی شەهادەتا دەرحەق باقی موددەی دنیا کە کەی قیامەت هەڵەستێ .

ر هەر حەدیثێ هەڵبەسترابێو ، هەر قسەیێ کرابێ هەمووی درۆیە . موددەی دنیا مەعلووم نی یە ، ئەوەندە لەم حەدیثە مەعلووم ئەبێ کە موددەی بەقای دنیا لە پاش پێغەمەر - ﷺ - کەمترە لەوەی کە رابوردوە . بە هەشت نۆمیثلی ئەوی رابوردوە . غەیری خوا کەس نایزانێ کەی قیامەت هەڵەستێ ، لە مەغیباتی خەمسەیە ، لە قورئانا لە چەند جێگەدا ئەفەرموێ : کە عیلمی ئەوە مەخصووصە بە خوا .

لەو حەدیثە کە لە ئیمانا رابورد پێغەمەر - ﷺ - لە جوابی حەزرەتی جیبریل - علیه السلام - ا فەرمووی : من لە تۆ عالمتر نیم کە کەی قیامەت هەڵەستێ .

لە دوای ئایەتو حەدیث هەر قسەیێ بکرێ هەمووی درۆو دەلەسەیە هەڵبەستراوە .

في القسطلاني في تلك الصحيفة واللتان تليانها شفاء لما في الصدور . فراجعها .

١١٤ / ٨٣٤ - عن امنا عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : كانت العرب [كان رجال من الاعراب جفاة . بخاري] اذا قدموا على رسول الله - ﷺ - سألوه عن الساعة : متى الساعة ؟ فنظر الى احدث انسان منهم ، فقال : ان يعش هذا لم يدركه الهرم قامت عليكم ساعتكم . وعن انس - رضي الله تعالى عنه - نحوه كثير في مسلم . ح - ٩ / ٢٨٣ وفيه قال هشام : يعني : موتهم م - ١٠ / ٤١٣

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : عەرەبی بەرِرانیی تەبیعەت وشك كە ئەهاتنە خـذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێیان ئەپرسی : كەی قیامەت هەڵـەستێ ؟ پێغەمـەر ـ ﷺ ـ تەمـاشای كـام ئینسان لەوێدا لە هەموویان بوچووكتر بووی كرد ، فەرمووی : ئەگەر ئەمە بژییێ ناگاتە پیربوون قیامەتی ئێوە هەڵەستێ . یەعنی ئەمرن .

تەماشای فەرموودەی پێغەمەر كە ـ ﷺ ـ چـەندە حـەكیم بوە ! عاریف بوە بە مەقامی خیطاب و بەو موخاطەبانەی كە قسەیان لەگـەڵ ئەكا . نەیفەرمـوو قیامـەت هەڵـەستێ ، فەرمـوویەتی : قیـامەتی ئێـوە هەڵەستێ . ئەگەر بیفەرموایە : نازانم ئەو عەرەبـانە ـ چـونكی ئێشتا ئیسلامەتی تەواو لە دڵیانا نەچەسپی بوو ـ[1] بكەونە شوبهەوە یا ئیرتیداد بكەن . كەچی لە جوابی جوبریل ـ علیه السلام ـ ا فەرمووی : سائیل لە مەسئوول عالمتر نی یە[2] . چونكە ئەو وەختە ئەوانە كە لە خدمەتیا بوون ئیمانیان لە پیكی پۆڵا ساغتر بوو . ئەگەر لە جوابیانا بیفەرموایە فلانە وەقت قیامەت هەڵەستێ موخالیفی : واقیـع و ، ئایـات و ، ئەحـادیثی خۆی ئەبوو . خوڵاصە مردنی كوللی كەسێ قیامەتی ئەو كەسەیە .

١١٥/٨٣٥ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] : ان النبي ـ ﷺ ـ قال : سمعتم بمدينة جانب منها في البر وجانب منها في البحر ؟ قالوا : نعم يا رسول الله . قال : لا تقوم الساعة حتى يغزوها سبعون الفا من بني

---

(١) لێرەدا مانـاكەی بـاش نارِوات دەبێ بگـوترێ : «لـەوانە بـو بكەونـە» یا «ئەكەوتنە»

(٢) ئەمەیش پێچەوانەیە ، دەبوو بیگوتایە : «مەسئوول لە سائیل عالمتر نی یە» .

اسحاق [الظاهر من اسماعيل ، كما نقله القاضي عياض عن بعض ، والبلدة قسطنطين . من نووي] فاذا جاؤها نزلوا فلم يقاتلوا بسلاح ، ولم يرموا بسهم . قالوا : لا اله الا الله والله اكبر . فيسقط احد جانبيها قال ثوري : لا اعلم الا قال الذي في البحر . ثم يقولوا الثانية لا اله الا الله والله اكبر . فيسقط جانبها الآخر ، ثم يقولوا الثالثة لا اله الا الله والله اكبر . فتفرج لهم ، فيدخلوها فيغنموا ، فبينما هم يقتسمون المغانم اذ جاءهم الصريخ : ان الدجال قد خرج ! فيتركون كل شئ ويرجعون م ـ ١٠ / ٣٧٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : شارێکتان بیستوە کە طەرەفێکی لە بەرڕایەو ئەوی تری لە بەحرایە ؟ فەرموویان : بەڵێ (یا رسول الله) . فەرمووی : قیامەت هەڵناستێ تا حەفتا هەزار لە بەنی ئیسحاق غەزای ئەکا ، کە چوونە ئەطرافی ئەو شارەوە لەوێ دائەبەزن ، بە سیلاح شەڕیان لەگەڵ ناکەن ، تیر ناهاون ، ئەڵێن : (لا اله الا الله والله اکبر) طەرەفێکی سوقووط ئەکا . ئەوریی راویی ئەڵێ : وا بزانم ئەو طەرەفە سوقووط ئەکا کە لە بەحرایە . لە دواییدا دووبارە ئەڵێن : (لا اله الا الله والله أکبر) طەرەفەکەی تریشی سوقووط ئەکا . لە دواییدا دەفعەی سێیەم ئەڵێن : (لا اله الا الله والله اکبر) بۆیان فەتح ئەبێ‌و ئەچنە ژوورەوەو غەنیمەت ئەکەن . لەو بەینەدا کە لە بەینی خۆیانا تەقسیمی تالاّن ئەکەن هاوارکەریان بۆ دێ : کە دەجال هەڵسا ! ئیتر هەموو شتێ تەرك ئەکەن‌و ئەگەڕێنەوە .

ئەم فەتحە غەیری فەتحی سولطان فاتیحە ؛ چونکی سولطان فاتیح بە سیلاح شەڕی کرد ، بە تۆپ گرتی ، ئەمما تیری هاویت یا نەیهاویت ؟

ئەوە مەعلووم نی‌یە . خەبەری دەججالیان بۆ نەهاتو نەیشگەڕایەوە . لەو وەختەوە تا ئێستە حوکوومەتی تورکەو دەججالیش هەڵنەستاوە . یا ئەو شارە کە لە حەدیثەکەدا هەیە (استانبول) نی‌یە یا (استامول) دەفعەییکی تر لە طەرەف عەرەبەوە فەتح ئەکرێ .

(لتفتحن القسطنطينية راجع عزيزيه شرح جامع الاصغر) . ئەمما حەدیثێکی ضەعیفە .

١١٦/٨٣٦ ـ عن انس [رضي الله تعالى عنه] قال : جاء رجل الى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله متى الساعة ؟ قال : وما اعددت لها ؟ قال : حب الله ورسوله . قال : فانك مع من احببت . قال انس [رضي الله تعالى عنه] : فما فرحنا بعد الاسلام فرحا اشد من قول النبي ـ ﷺ ـ : فانك مع من احببت . [قال انس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فانا احب الله ورسوله وابا بكر وعمر [رضي الله تعالى عنهم] فأرجو ان اكون معهم ، وان لم اعمل بأعمالهم . م ـ ١٠/ ٧٠ .

١١٧/٨٣٧ ـ انس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : بينما انا ورسول الله ـ ﷺ ـ خارجين من المسجد فلقينا رجلاً عند سدة المسجد [هي الظلال المسقفة عند باب المسجد] فقال : يا رسول الله متى الساعة ؟ قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ما اعددت لها ؟ قال : فكأنّ الرجل استكان . ثم قال : يا رسول الله ما اعددت لها كبير [من كثير . خ] صلاة ، ولا صيام [ولا صدقة . خ] . ولكني احب الله ورسوله . قال : فانت مع من احببت . م ـ ١٠/ ٧٢ ح ـ ٩/ ٩٨ . وليس فيه : كأنّ الرجل استكان .

وفي القسطلاني : ان الرجل ذو الخويصرة اليماني الذي بال في المسجد . وليس هذا ذو الخويصرة التميمي ؛ فانه كان منافقا . وقال

للنبي ـ ﷺ ـ : اتق الله واعدِل . وسأل خالد وعمر قتله ـ رضي الله عنهما ـ

١١٨/٨٣٨ ـ عن ابي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : قيل للنبي ـ ﷺ ـ : الرجل يحب القوم ولما يلحق بهم . قال : المرء مع من احب .

ح ـ ٩٨/٩ ، م ـ ٧٢/١٠ .

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە وەختێكا كە لە خذمەت پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ لە مزگەوت ئەچووینە دەرێ گەیین بە پیاوێ لای ستارۆكەی مزگەوتەوە وتی : (یا رسول الله) كەی قیامەت هەڵەستێ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چیت بۆ حازركردوە ؟ ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەو پیاوە (كأنه) تەریق بوەوە ، لە دوایی یا وتی : (یا رسول الله) شتێكی وا گەورەو زۆرم بۆ حازر نەكردوە لە نوێژو رۆژوو صەدەقە ، ئەمما خواو پێغەمەرم خۆشەوێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : كە وابێ تۆ لەگەڵ ئەو كەسەی كە خۆشت دەوێ .

لە حەدیثەكەی پێشەوەدا ئەنەس فەرمووی : لە دوای ئیسلامەتی فەرەحی وامان نەبوو وەك ئەو فەرەحە كە بوومان بە فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ كە فەرمووی : تۆ لەگەڵ ئەو كەسەی كە خۆشتدەوێ . ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من [یەعنی منو مەلا حسەینیش ـ سلمه الله ـ وسلامه] خوام خۆشەوێ ، پێغەمەری خوام خۆشەوێ ـ عليه الصلاة والسلام ـ ئەبوبەكرو عومەریشم خۆشەوێ ـ رضي الله تعالى عنهما ـ . هەموو ئەهلی بەیتو ، ئەزواجی طاهیراتو ، هەموو ئەصحابی كیرامیشمان خۆشەوێ . اللهم احشرنا معهم ـ رضي الله تعالى عنهم ـ اجمعين .

ئەو پیاوە (ذو الخویصرە)ی یەمانی‌یە ، (ذو الخویصرە)ی تەمیمی نی‌یە ، کە بە پێغەمەری وت ـ ﷺ ـ : (اعدل) ؛ چونکی ئەو مونافیق بوو ، رەئسی خاریجی بوو . ئەمە حوببی خواو رەسوولی خوای هەیە .

بە دیققەت تەماشای جوابی پێغەمەر کە ـ ﷺ ـ کە بەحتی لە قیامی ساعەت تیا نی‌یە . (کأنه) فەرموویەتی : تۆ دەخلت بەسەر وەقتی قیامەت هەڵسانا چیە ؟ هەر وەختێ هەڵستێ با هەڵسێ . تۆ لە دنیادا عەمەلی چاکەی بۆ حازر کە ! پیاوەکە لە خۆشییا سوئالەکەی خۆی لە بیر چۆتەوە .

١١٩/٨٣٩ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : ـ قبل ان يموت بشهر ـ تسألوني عن الساعة ، وانما علمها عند الله ، واقسم بالله ربي ! ما على الارض من نفس منفوسة تأتي عليها مائة سنة . وفي اخرى : وهي حية يومئذ م ـ ٩/ ٤٣٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ مانگێ لە پێش وەفاتیا ئەیفەرموو : ئێوە سوئالم لە قیامی ساعەت لێ ئەکەن ، عیلمی ئەوە (امجا) هەر لای خوایە ، یەعنی کەسی تر نایزانێ ، سوێن بە خوای رەببی خۆم ئەخۆم ! کە : هیچ نەفسێکی رۆح لەبەر نی‌یە ئیمرۆ لەسەر ئەرز کە صەد ساڵی بەسەرا بێ‌و ئەو رۆژە زیندووبێ . یەعنی ئەوی ئێستە لەسەر ئەرزایە ناگاتە صەد ساڵ ئەمرێ . مەعنای وا نی‌یە کە تا صەد ساڵی تر هەموو دنیا ئەگاتە نیهایەت‌و قیامەتی عوموومی هەڵەستێ .

١٢٠/ ٨٤٠ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ مُنِعت العراق درهمها وقفيزها ، ومُنِعت الشام مُدْيها ودينارها ،

ومُنِعت مصر اردبها ودينارها . وعدتم من حيث بدأتم ، شهد على ذلك لحم ابي هريرة ودمه . م ـ ١٠ /٣٥٨

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عێراق مەنعی دیرهەم و قەفیزی لێ ئەکرێ ، شام مەنعی مودیو دیناری لێ ئەکرێ : میصر مەنعی ئەردەبی و دیناری لێ ئەکرێ ، لە کوێوە هاتوون عەودەت ئەکەنەوە بۆ ئەوێ . یەعنی ئیسلام بە غەریبی ظوهووری کردو غەریب ئەبێتەوە .

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەسەر ئەمە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ وای فەرموە گۆشتو خوێنی ئەبو هورەیرە شەهادەت ئەدا .

قەفیز : ظەرفێکە هەشت (مکوك) ئەگرێ . (مکوك) ربەو نیوێکە . ربە پێنج (کیلە)یە . عێراقی بەوە دانەوێڵە ئەپێون .

مودی : ئەهلی شام شتی پێ ئەپێون ، پانزە مەکووکە .

(اردب) : ئەهلی میصر شتی پێ ئەپێون . بیستو چوار ربەیە .

مەنع دوو مەعنای هەیە کە مەشهوورن :

١ ـ ئیسلام ئەبنو جیزیەیان لەسەر هەڵگیرێ .

٢ ـ عەجەمو رۆم ئیستیلا ئەکەن بەسەر مەمالیکا لە ئاخری زەمانا ، مەنعی ئەکەن لە موسوڵمانان .

مەعنایێکی تریش هەیە : خەڵق لە ئاخری زەمانا مورتەد ئەبنو زەکات نادەن .

مەعنایێکی تریش هەیە : کوففار بە شەوکەت ئەبن ، جیزیەو خەرج نادەن . (کل ذلك من نووي)

ئەم حەدیثە موعجیزەییێکی گەورەی تیایە ؛ ئەو وەختە کە پێغەمەر

ـ ﷺ ـ كە ئەمەی فەرموو ، نە عێراق ، نە شام ، نە میصر هیچیان نە جیزیەیان ئەدا ، نە فەتح کرابوون . فەرموودەکەی ئیشارەتە بەوە کە جیزیە ئە دەن . . دایان ، فەتح ئەکرێن ، فەتح کران . لە دوایی مەنعی ئەوە ئەکەن لە ئیسلام کە ئەیاندانێ . ئێستە ئەو جێیانە با (ظاهراً) حوکوومەتی ئیسلام بن ئێستە هەموو لە ژێر ئیدارەی ئینگلیلزو فەرەنگان (صدق رسول الله ـ ﷺ ـ)

۸٤١/١٢١ ـ عن الجريري عن ابي نضرة قال : كنا عند جابر بن عبد الله [رضي الله تعالى عنهما] فقال : يوشك اهل العراق ان لا يجيَ اليهم قفيز ولا درهم . قلنا : من اين ذاك ؟ قال : من قبل العجم يمنعون ذلك . ثم قال : يوشك اهل الشام ان لا يجيَ اليهم دينار ولا مديٌ . قلنا : من اين ذاك ؟ قال : من قبل الروم . ثم اسكت هنية . ثم قال [من هنا عن ابي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه] قال رسول الله ـ ﷺ ـ : يكون في آخر أمتي خليفة يحثي المال حثيا ، ولا يعده عدا . قال : قلت لأبي النضرة وابي العلاء : اتريان انه عمر بن عبد العزيز [رضي الله تعالى عنه] ؟ فقالا : لا . م ـ ١٠/٣٧٢

تەرجەمە :

جەریری لە ئەبی نەضرەوە کە فەرمووی : لای جابیری کوڕی عەبدوڵڵا بووین [رضي الله تعالى عنهما] فەرمووی : نزیکە کە ئەهلی عێراق نە قەفیزیان بۆ بێ نە دیرهەمیان بۆ بێ . وتمان : ئەوە لەبەر چی ؟ فەرمووی : لە طەرەف عەجەمەوە لێیان مەنع ئەکەن . لە دواییدا فەرمووی : نزیکە کە ئەهلی شام دینارو مودیان بۆ نەیێ . وتمان : ئەوە لەبەرچی ؟ فەرمووی : لە طەرەفی ڕۆمەوە . لە پاشا کەمێ بێدەنگ

بوو ، لە دوایی یا فەرمووی : لە ئاخری ئوممەتی منا خەلیفەیێك ئەبێ بە مست پارە ئەبەخشێ ، نایژمێرێ . جەریری ئەفەرموێ : بە ئەبو نەضرەو ئەبولعەلامان وت : ئەو خەلیفەیە ئایا عومەری بنی عەبدولعەزیزە ؟ فەرموویان : نەء .

ظاهیر وایە لە زەمانی مەهدی یا بێ .

٨٤٢/١٢٢ ـ عن ام سلمة [رضي الله تعالى عنها] قال : استيقظ النبي ـ ﷺ ـ ذات ليلة فقال : سبحان الله ماذا انزل الليلة من الفتن ! وماذا فتح من الخزائن ! ايقظوا ذوات الحجر ، فرب كاسية في الدنيا عارية في الآخرة ، ح ـ ١٦٨/١٠ ، ح ـ ٢٠٣/١

تەرجەمە :

(ام سلمە)ی دایکمان ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : شەوێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری بوەوە ، فەرمووی : (سبحان الله) ئێمشەو چەندە فیتنە نازڵکرایە سەر خەڵق ! چەندە خەزێنە فەتح کرا . صاحێبی حوجرەکان ـ یەعنی ئەزواجی طاهیرات ، رضي الله تعالى عنهن ـ خەبەرکەنەوە بۆ نوێژ ، چەند کەس هەیە لە دنیادا پۆشتەیەو لە ئاخیرەتا رووت و قووتە .

یەعنی لە وەختی خۆف و فیتنەدا [التجا] بە نوێژ و دۆعا ئومێدی لێ ئەکرێ کە ئینسان لە ترس و فیتنە موحافەظە بکا .

مسيلمة الكذاب

٨٤٣/١٢٣ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قدم مسيلمة الكذاب على عهد رسول الله ـ ﷺ ـ [سنة ٩] فجعل يقول : ان جعل لي محمد [ﷺ] الأمر من بعده تَبِعتُه . وقدمها في بشر كثير من قومه . فاقبل اليه رسول الله ـ ﷺ ـ ومعه ثابت بن قيس بن شماس [رضي الله تعالى عنه] وفي يد رسول الله ـ ﷺ ـ قطعة جريد ، حتى وقف على مسيلمة في اصحابه ، فقال : لو سألتني هذه القطعة ما اعطيتكها ، ولن تعدو امر الله فيك ، ولئن ادبرت ليعقرنك الله ، واني لاراك الذي اريتُ فيك ما رأيت . فاخبرني ابو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : بينما انا نائم رأيت في يديّ سوارين من ذهب ، فاهمني شأنهما ، فاوحي اليَّ في المنام : ان انفخهما ، فنفختهما فطارا . فاولتهما لكذابين يخرجان بعدي . فكان احدهما [الاسود العنسي ، والآخر مسيلمة الكذاب صاحب اليمامة .] ح ـ ٦٣/٦ ، م ـ ١٣٢/٩ . ت ، ن ، مسند .

تەرجەمە :

ئيبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : موسەيلەمەی کەذذاب لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ [لە ساڵی نۆی هيجرەتا] هاتە مەدينە ئەيوت : ئەگەر محەمەد ـ ﷺ ـ لە دوای خۆی پێغەمەرێتی يا خەلافەتی بگێرێتە سەر من تابيعی ئەبم . لەگەڵ خەڵقێکی زۆرا هاتە مەدينە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشريفی چوە لای [بە ئومێدی ئەوە کە دڵيان بێنێتە جێ و ئيسلاميان بکا] لە خدمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ ثابيتی کوڕی قەيسی ،

کوڕی شەمماسی خەطیبی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پارچە شوولێکی بەدەستەوە بوو ، تا بەسەر موسەیلەمەو رەفیقەکانی یەوە وەستا ، فەرمووی : داوای ئەم پارچە شوولەم لێ بکەی ناتدەمێ ! تۆ تەجاوز ناکەی لەو ئەمرەی کە خوا دەرحەق تۆی موقەددەر کردوە . ئەگەر لە ئیطاعەتی من رووەرگێری و پشت کەیتە من خوا هیلاکت ئەکا ، وات ئەبینم کە تۆ ئەوەی کە لە خەوما دەرحەق تۆ دیم و پێنیشانم درا .

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەبوهورەیرە خەبەری دامێ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە وەختێکا کە نوستبووم لە خەوما دیم کە لە هەردوو دەستما دوو بازنی ئاڵتوونم دی [چونکی بازنی ئاڵتوون زینەتی ژنانە] ئەوە مەحزوونی کردم ، لە خەوەکەما وەحییم کرایێ کە فوویان لێ بکەم ، فووم لێ کردن ، هەردوکیان فرین [ئەوەندە سووك بوون] . ئەو بازنانەم بە دوو کەذذاب تەئویل کرد کە لە دوای من خورووج ئەکەن .

[یەعنی لە دوای ظوهووری نوبووەتی من لە بیلادا ؛ چونکی ئەسوەدی عەنەسیی لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ ظوهوری کردو ئیددیعای پێغەمەریتی کردو شەوکەتی پەیداکرد ، لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ کوژرا . موسەیلیمەیش لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ ئیددیعای پێغەمەریی کرد ، ئەمما دوای پێغەمەر شەوکەتی پەیدا کرد ، لە خەلافەتی ئیمامی صەدیقا ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە دەستی وەحشیی ـ قاتیلی حەزرەتی حەمزە ـ کوژرا] ئەو دوو کەذذابە یەکێکیان ئەسوەدی عەنەسیی بوو ، یەکێکیان موسەیلیمەی کەذذاب بوو کە رەئیسی یەمامەیە .

ئەهلی صەنعاو ئەهلی یەمامە لەوەپێش موسوڵمان بووبوون ، وەك

دوو دەستی ئیسلام وا بوون . ئەسوەد لە صەنعـادا ظوهـووری کرد ، موسەیلیمە لە یەمامە ظوهووری کرد ، خەڵقی زۆریان تەفرە دا ، بوون بـە بازن بـۆ دوو دەستی ئیسلام ، پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـووی لێ کـردن ، هەردووکی وەك پەڕ هەڵفڕان .

١٢٤/٨٤٤ ـ عبيد الله بن عتبة [بن مسعود ، احد الفقهـاء السبعة] قال : بلغنا ان مسيلمة الكذاب قدم المدينة فنزل في دار بنت الحرث وكان تحته بنت الحرث [كيّسة] بن كريز ، وهي ام [اولاد] عبدالله بن عامر [بن كريز ، عبـدالرحمن ، عبـدالملك ، وعبدالله] فـاتاه رسـول الله ـ ﷺ ـ [استئلافا له ولتبليغ الوحي] ومعه ثابت ابن قيس بن شماس ، وهو الذي يقال له : خطيب رسول الله ـ ﷺ ـ وفي يد رسول الله ـ ﷺ ـ قضيب ، فـوقف عليه فكلمـه ، فقال لـه مسيلمة : ان شئت خليت بيننـا وبين الامـر ، ثم جعلتَه لنـا بعدكَ ! فقـال النبيِ ـ ﷺ ـ : لوِ سـألتني هـذا القضيب ما أعطيتكه ، واني لأراك الذي اريتُ فيه ما اُريتُ ، وهذا ثابت بن قيس وسيجيبك عني . فانصرف النبي ـ ﷺ ـ .

قال عبيد الله بن عبدالله : سألت عبدالله بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن رؤيا رسول الله ـ ﷺ ـ الذي ذكره ، فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : ذكر لي [اي ذكره لي ابو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ كما في الحديث الاول] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : بينا انا نائم رأيت انه وُضِـع في يدي سـواران من ذهب ، ففظعتهـا وكـرهتهـا ، فـاذن لي فنفختهما ، فطارا ، فاولتهما كذابين يخرجان . فقال عبيد الله : احدهما [الاسود] العنسي الذي قتله فيروز باليمن . والآخر مسيلمة الكذاب ح ـ ٦/٤٢١ مرسل .

تەرجەمە :

عوبەیدوڵڵا کە تابیعی یەو لە فوقەهای سەبعەیە ـ رحمە الله ـ ئەفەرموێ : بە ئێمە گەیووە [یەعنی لە ئیبن و عەباسەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە تەرکی ئیبن و عەباس حەدیثەکە بوە بە مورسەل] کە موسەیلیمەی کەذذاب هاتە مەدینە لەماڵی کچی حەرثا دابەزی ، موسەیلیمە (کیسە)ی کچی حەرثی لە ژێر نیکاحا بوو ، (کیسە) دایکی عەبدورەحمان و ، عەبدولمەلیك و ، عەبدوڵڵای ئەولادی عەبدوڵڵای کوڕی عامیر بوو [لە پێشا ژنی موسەیلیمە بوو ، کە موسەیلیمە کوژرا عەبدوڵڵا مارەی کرد ئەو کورانەی لێ بوو]

[دارەقوطنی و ئیبن و ماکولا ئەڵێن : لەو وەختەدا کە موسەیلیمە چوو بۆ مەدینە (کیسە) لە مەدینە نەبوو لە یەمامە بوو لای موسەیلیمە ، ئەوی کە موسەیلیمە میوانی بوو (رملە)ی کچی حەدثە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە ژنی مەعازی کوڕی عەفرایە ـ رضي الله تعالى عنه ـ قاتیلی ئەبوجەهل . راوی حەدثی بە حەرث لێ تێکچوە . ماڵی رەمە موسافیرخانە بوو ، خۆی صەحابی یە بوو ، ژنی موسەیلیمەی کەو نەبوو . ئەمما لام وایە ریواتەکەی بوخاری لە ریوایەتی دارەقوطنی موعتەبەرترە ؛ چونکی حەرث غەلەط بێ ؟ کریز عەنەط بێ ؟ (ام عبدالله بن عامر) غەلەطبێ ؟؟]

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆ دەعوەت و تەبلیغی وەحی تەشریفی چوە لای موسەیلیمە ، ثابیتی کوڕی قەیسی ، کوڕی شەمماسی خەطیبی پێغەمەری لە خدمەتا بوو ـ ﷺ ، ورضي عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لقێ لە دارخورمای بە دەستەوە بوو ، بەسەر موسەیلیمەوە تەشریفی راوەستا ، قسەی لەگەڵ کرد ، موسەیلیمە عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : وتی :

ئارەزووت هەیە واز لە دەعوای پێغەمەرێتی بێنم ، بۆ تۆی تەرك ئەكەم ، بەو شەرتە لە دوای خۆت وەری گێریە سەر من !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر ئەم شوولەم داوا لێ بكەی نادەمێ ، وات ئەبینم كە تۆ ئەوەی كە لە خەوما دەرحەق تۆ پێنیشانم درا ئەوی پێنیشانم درا . ئەمە ثابیتی بنی قەیس لە باتی من بە تەفصیلی جوابت دەداتەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی گەڕایەوە .

عوبەیدوڵڵای كوڕی عەبدوڵڵا فەرمووی : لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسم پرسی لەو خەوەی كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەرحەق موسەیلیمەی كەذذاب فەرمووی . ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : بۆم ذیكركراوە [یەعنی ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ خەبەری داومێ] : كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە وەختێكا كە نوستبووم پێنیشانم درا كە دوو بازنی ئاڵتوونم كرابوە هەدوو دەستەوە ، لێیان ترسام ؛ چونكی زینەتی ژنانەو پێم ناخۆش بوون ، ئیذن درام كە فوویان لێ كەم ، كە فووم لێ كردن هەردوكیان فرین . تەئویلم بەوە لێدایەوە كە دوو كەذذاب خورووج ئەكەن . عوبەیدوڵڵا فەرمووی : یەكێكیان ئەو عەنەسی یەیە كە فەیرۆز ـ رضي الله تعالی عنه ـ كوشتی لە یەمەن . ئەوی تریشیان موسەیلیمەی كەذذابە .

كەیفی یەتی كوشتنی موسەیلیمەی كەذذاب (انشاء الله) لە غەزەواتا یێ . كەیفی یەتی ئەسوەدی عەنەسیی وایە : كە لە صەنعا خورووجی كرد ئیددیعای پێغەمەرێتی كرد ، خەڵقێكی زۆری تابیع بوو ، غەڵەبەی بەسەر عامیلی پێغەمەرا كرد ـ ﷺ ـ كە موهاجیری كوڕی (ابو امیه) بوو ، یا (باذان) بوو ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ، صەنعای ضەبط كرد ، باذان ـ رضي الله تعالی عنه ـ وەفاتی كرد ، ئەسوەد مەرزەبانەی ژنی بازانی مارە

کرد . مەرزەبـان وەعدەی دا بـە فەيـرۆزو دارۆيە ، فـەرمووی : من شەرابێ ئەدەمێ سەرخۆشی ئـەکەم شـەوێ ، ئێوەيش بـێن بيکوژن . هەزار کەس بە دەوری سەراکەيا ئێشکيان ئەگرت . شەوێ فەيرۆزو ، دارۆيەو ، رەفيقەکانيان ديواری سەراکەيان بری‌و ، کوشتيان‌و هەرچی ماڵی بەقيمەت بوو هەڵيان‌گرت‌و ، مەزرەبانيان نەجات‌داو ، خەبەريان ناردە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ . فەقەط پێغەمەر ـ ﷺ ـ شەوو رۆژێ لە پێش وەفاتيا لەو دەقيقەدا کە ئەسوەد کوژرا مـوژدەی دا بە ئـەصحابێ کيرامی ، لە پێش ئەمەدا کە خەبەری فەيرۆزی بگاتێ رحلەتی فەرموو بۆ خدمەت رەفيقی ئەعلا ، موژدەکە درا بە حەزرەتی صـەديقی ئەکبـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

ئەسوەد بە حيلەو تەفرەدان‌و قووەت ئيستيلای صەنعـای کرد ، ئەوە کە ئـەڵێن : دوو شـەيطانی بـوو يەکێکيـان سوحـەيقی ناو بـوو ، يەکێکيان شوهەيقی ناو بوو ، کە بازان وەفـاتی فەرمـوو شەيـطانێکيان خەبەری دايە خۆی‌و قەومەکەی چوون ئيستيلای صەنعايان کردو ، ئەو دوو شەيطانە خەبەری حاديثاتيان ئەدايە . . بابەيهەقيش بيلێ قەت پێی بروا مەکە درۆيە ؛ چونکی ئەوە خاريقی عادەتە (موددەعی نـوبووەت بەدرۆ) خاريقی عادەتی لەسەر دەست صادير نابێ . گينا فەرقی لەگەڵ پێغەمەری راستا نامێنێ ، ئيش مـوشەوەش ئـەبێ . فەقـەط موددەعی ئولووهی‌يەت خاريقی لەسەر دەستا ظوهوور ئەکا ؛ چونکی بەديهی‌يە کە ئيددیعاکەی درۆيە .

١٢٥/٨٤٥ ـ عن ابي سعيد [الخدري] ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان النبي ـ ﷺ ـ قال : لَتَتَّبِعُنَّ سنن من قبلكم شبرا بشبر ، وذراعا بذراع ، حتى لـو سلكـوا جحـر ضب لسلكتمـوه ! قلنـا : يـا رسـول الله اليهـود

والنصارى ؟ قال : فمن ؟ ح ـ ٤٢٣/٥ ، ح ـ ٣١٥/١٠ ، وفيه : لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم .م/١٠٩/١٠ .

٨٤٦/١٢٦ ـ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا تقوم الساعة حتى تأخذ أمتي بأخذ القرون قبلها شبرا بشبر وذراعا بذراع . فقيل : يا رسول الله كفارس والروم ؟ فقال : ومَنِ الناسُ الا اولائك ؟ ح ـ ٣١٥/١٠

تەرجەمە :

ئەبو سەعيدى خدريى ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : (البتة والبتة) ئێوە تابيعى رەوشتى ئەو ميللەتانە ئەبن كە لە پێش ئێوەوە بوون بست بە بست ذيراع بەذيراع ، حەتتا ئەگەر بچنە كونى بزنمژەوە ئێوەيش ئەيچنێ ! عەرزمانكرد : ئەو ميللەتانە گاورو جوون ؟ فەرمووى : ئەى كێن ؟

ئەبو هورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : قيامەت هەڵناستێ تا ئوممەتى من رەوشتى ئوممەتانى پێش خۆى ئەگرێ بست بە بست ذيراع بە ذيراع ، عەرزيكرا : (يا رسول الله) وەكوو فارسو رۆم ؟ فەرمووى : ئەى ئينسان غەيرى ئەوانە كێن ؟ [چونكى لەو وەختەدا ميللەتى بەشەوكەتو بە قووەت هەر ئەوان بوون . (صدق رسول الله) ـ ﷺ ـ بە چاوىخۆم ديم ، وام لە ناويانا ، ئەمما (بحمد الله) وەك ئەوان نيم .]

ابن الصياد

١٢٧/٨٤٧ - عن عبدالله - رضي الله تعالى عنه - قال كنا مع رسول الله - ﷺ - فمررنا بصبيان فيهم ابن صياد [ويقال له : ابن صائد . واسمه صاف ، كما يأتي في الاحاديث بعد] ففر الصبيان ، وجلس ابن صياد ، فكأن رسول الله - ﷺ - كره ذلك . فقال له النبي - ﷺ - : تربت يداك ! اتشهد اني رسول الله ؟ فقال : لا ، بل تشهد اني رسول الله ؟ فقال عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] : ذرني يا رسول الله حتى اقتله . فقال رسول الله - ﷺ - : ان يكن الذي ترى فلن تستطيع قتله . م - ١٠/٣٧٨

١٢٨/٨٤٨ - وعنه قال : كنا نمشي مع النبي - ﷺ - فمررنا بابن الصياد ، فقال له رسول الله - ﷺ - : قد خبأت لك خبأً ، فقال : دُخ . فقال رسول الله - ﷺ - : اخسأ ! فلن تعدو قدرك . فقال عمر : يا رسول الله دعني فاضرب عنقه . فقال رسول الله - ﷺ - : دعه ، فان يكن الذي تخاف لن تستطيع قتله . م - ١٠ / ٣٨٠

١٢٩/٨٤٩ - عن ابي سعيد [سعد بن مالك الخدري - رضي الله تعالى عنه -] قال : لقيه رسول الله - ﷺ - وابو بكر وعمر [رضي الله تعالى عنهما] فقال له رسول الله - ﷺ - : اتشهد اني رسول الله ؟ فقال هو : اتشهد اني رسول الله ؟ فقال رسول الله - ﷺ - : آمنت بالله وملائكته وكتبه ، ما ترى ؟ قال : ارى عرشا على الماء . فقال رسول الله - ﷺ - : ترى عرش ابليس على البحر . وما ترى ؟ قال : ارى صادقين وكاذبا ، او كاذبين وصادقا . فقال رسول الله - ﷺ - : لبس عليه ، دعوه . م - ١٠ / ٣٨١

تەرجەمە :

١ ـ عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : لە خدمەت پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ بە لای بەعزێ منالا رابوردین ، (ابن الصیاد) یان لە ناوا بوو ، منالەکان هەرایان‌کرد ، (ابن الصیاد) دانیشت ، (کأنە) پێغەمەر ـ ﷺ ـ دانیشتنی (ابن الصیاد)ی پێ خۆش نەبوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بە هیلاك بچیت ! شەهادەت ئەدەی کە من رەسولوڵلام ؟ وتی : نەء ، ئەمما تۆ شەهادەت ئەدەی کە من رەسولوڵلام ؟ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : (یا رسول الله) وازم لێ بێنە تا بیکوژم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر ئەوە بێ کە تۆ لێی ئەترسی ظەنی ئەبەیتێ بە دەججال ناتوانی بیکوژی .

٢ ـ لە حەدیثەکەی دوەما پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەفەرموێ : شتێکم بۆ گردوویتە دڵ چی یە ؟ وتی : (دخ) ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیتر بە ذیللەت دانیشە ، لە قەدەری خۆت تەجاوز ناکەی . (ومعنی الباقی مرَّ) .

٣ ـ ئەبو سەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالی عنە ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکرو عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ تووشی (ابن الصیاد) بوون ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : شەهادەت ئەدەی بەوە کە من رەسولوڵلام ؟ ئەویش وتی : تۆ شەهادەت ئەدەی بەوە کە من رەسولوڵلام ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیمانم هەیە بە : خواو ، بە مەلائیکەی خواو ، بە کتێبی خوا کە [روسولیش داخلێ کتێبەو ، لە ریوایەتەکەی تردا (ورسلە) تیایە] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چی ئەبینی ؟ وتی : عەرشێ ئەبێنم لەسەر ئاو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەوە عەرشی شەیتانە لەسەر بەحر . چی تر ئەبینی ؟ وتی : دوو راستو درۆیێ(1) ، یا دوو درۆو راستێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : وازی لێبێنن سەری لێ شێوێنراوە .

١٣٠/ ٨٥٠ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ لابن الصياد : ما تربه الجنة ؟ قال : دَرْمكة مسك يا ابا القاسم . قال : صدقت . م ـ ١٠/٣٨٣

١٣١/ ٨٥١ ـ وعنه : ان ابن صياد سأل النبي ـ ﷺ ـ عن تربة الجنة فقال : درمكة بيضاء ، مسك خالص . م ـ ١٠/٣٨٣ .

[قال القاضي : قال بعض اهل النظر : الرواية الثانية اظهر . نووي]

(درمكة) : ئاردگەندمی خالیصی بێژراوەیە .

تەرجەمە :

لە ئەبو سەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوو ریوایەت کراوە ، لە ریوایەتی ئەوەڵا ئەڵێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە (ابن الصياد)ی پرسی : خاکی بەهەشت چییە ؟ (ابن الصياد) وتی : میسکێکی خالیصە وەك نانی گەندمی خالیص . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : راست ئەڵێی .

لە ریوایەتی دوەما ئەفەرموێ : (ابن الصياد) لە پێغەمەری ـ ﷺ ـ پرسی : کە خاکی بەهەشت چییە ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی :

---

(1) لە دەقی عەرەبییەکەدا : (اری صادقين وكاذبا ، او كاذبين وصادقا)ە ، بەم پێیەیش دەبێ لە وەرگێرانەکەیدا بۆ کوردی بگوترێ : (دوو راستگۆو درۆزنێ ، یا دوو درۆزنو راستگۆیێ ئەبینم) .

ئاردێکی خالیصەو بێژ راوەی سپی ، میسکێکی خالیصە .

قاضیی ئەڵێ : ریوایەتی دوەم صەحیحە . (نووی) یەعنی راوی لێی ئیشتیباه بوە .

١٣٢/٨٥٢ ـ محمد بن المنكدر قال : رأيت جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يحلف بالله : ان ابن صائد الدجال . فقلت : اتحلف بالله ؟ قال : اني سمعت عمر [رضي الله تعالى عنه] يحلف عند النبي ـ ﷺ ـ فلم ينكره النبي ـ ﷺ ـ م ـ ١٠/ ٣٨٣

تەرجەمە :

محەمەدی کوڕی (منكدر) ـ رحمە الله ـ ئەفەرموێ : جا بیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ م دی سوێنی بە خوا ئەخوارد کە (ابن الصائد) دەججالە . وتم : بە خوا سوێن ئەخۆی ؟ فەرمووی : گوێم لە عومەر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە خدمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ سوێنی خوارد پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئینکاری نەکرد .

١٣٣/٨٥٣ ـ سالم بن عبدالله ، ان عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] اخبره ان عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ انطلق مع رسول الله ـ ﷺ ـ في رهط قبل ابن الصياد حتى وجده يلعب مع الصبيان عند أُطْمِ بني مغالة [من الانصار حصنهم] وقد قارب ابن الصياد يومئذ الحلم ، فلم يشعر حتى ضرب رسول الله ـ ﷺ ـ ظهره بيده ، ثم قال رسول الله ـ ﷺ ـ لابن الصياد : اتشهد اني رسول الله ؟ فنظر اليه ابن صياد ، فقال : اشهد انك رسول الأميين . فقال ابن صياد لرسول الله ـ ﷺ ـ : أتشهدُ اني رسول الله ؟ فرفضه [اى ترك سؤاله] .

وفي البخاري : فرضه [اى دفعه] رسول الله [النبي . خ] ـ ﷺ ـ فقال [ثم ، خ] : آمنت بالله وبرسله . ثم قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ماذا

ترى ؟ قال ابن صياد : يأتيني صادق وكاذب . فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : خلط عليك الامر . ثم قال له رسول الله ـ ﷺ ـ : اني قد خبأت لك خبيأ ، فقال ابن صياد : هو الدخ ، فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : اخسأ ! [كلمة يزجر بها الكلب ، اي : اسكت صاغرا] فلن تعدو قدرك . فقال عمر بن الخطاب : ذرني يا رسول الله اضرب عنقه . فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : ان يكنه ، [يكن هو ، خ] فلن تسلط عليه . وان لم يكنه [يكن هو ، خ] فلا خير لك في قتله .

وقال سالم بن عبد الله : سمعت عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : انطلق بعد ذلك رسول الله ـ ﷺ ـ وابي بن كعب الانصاري الى النخل التي فيها ابن صياد ، حتى اذا دخل رسول الله ـ ﷺ ـ النخل طفق يتقي بجذوع النخل ، وهو يختل [يستغفل] ان يسمع من ابن صياد شيئا قبل ان يراه ابن صياد ، فرآه رسول الله ـ ﷺ ـ وهو مضطجع على فراش في قطيفة له فيها زمزمة [وفي البخارى : فيها رمرمة او زمزمة] فرأت ام ابن صياد رسول الله ـ ﷺ ـ وهو يتقي بجذوع النخل ، فقالت لابن صياد : يا [اى ، خ] صاف ! ـ وهو اسم ابن صياد ـ هذا محمد ، فثار [فتناهى ، خ] ابن صياد ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : لو تركته بين .

قال سالم : قال عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فقام رسول الله ـ ﷺ ـ في الناس ، فأثنى على الله بما هو اهله ، ثم ذكر الدجال فقال : اني لا نذركموه ما من نبي الا وقد انذره قومَه ؛ لقد انذره نوح [عليه السلام] قومَه ، ولكن اقول لكم فيه قولا لم يقله نبي لقومه [تعلمون خ] تعلموا انه اعور ، وان الله تبارك وتعالى ليس باعور م ـ ١٠/٣٨٣ الى ٣٨٥ . ح ـ ٩/٩٩ ـ ١٠٠ قال ابو عبدالله البخاري : خسأت الكلب

بعدته خاسئين مبعدين .

١٣٤/٨٥٤ ـ قال ابن شهاب : واخبر عمر بن ثابت الانصاري انه اخبره بعض اصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال ـ يوم حذر الناس الدجال ـ : انه مكتوب بين عينيه : كافر يقرؤه من كره عمله ، او يقرؤه كل مؤمن . وقال : تعلموا انه لن يرى احد منكم ربه حتى يموت . م ـ ١٠/٣٨٥

تەرجەمە :

له سالمی کوڕی عەبدوڵلاوە ریوایەتە کە عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەبەری داوەتێ کە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە ناو جەماعەتێکا تەشریفیان چوو بۆ لای ، ئیبن وصەییادیان دۆزی‌یەوە لەگەڵ بەعزێ منالاً . لای قەڵای بەنی مەغالەی ئەنصار یاریی ئەکرد ، ئەو وەختە نزیکی باڵغ بوونی بو ، (ابن الصياد) خەبەری لە خۆی نەبوو تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی موبارەکی ماڵی بە پشتیا ، لە دوایی یا پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە ئیبن وصەییادی فەرموو : شەهادەت ئەدەی کە من رەسوولوڵلام ؟ ئیبن و صەییاد تەماشای پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ وتی : شەهادەت ئەدەم کە تۆ پێغەمەری نەخوێندەوارەکانی ، وتی : تۆ شەهادەت ئەدەی کە من رەسوولوڵلام ؟ ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ [کە لە موسوڵمان بوونی ئیبن و صەییاد مەئیووس بوو] وازی لە تەبلیغ کردنی هێنا بۆ ئیسلامەتی .

بە پێی لەفظی بوخاری : پاڵی نا بە سنگی یەوەو دەفعی کردو فەرمووی : ئیمانم بە خواو مەلائیکەی خواو پێغەمەرانی خوا هەیە . لە دوایی یا پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چیت چاو پێ ئەکەوێ ؟ وتی : درۆیشم بۆ یێ و راستیشم بۆ یێ ، یەعنی بەعزێ شت ئەبینم بە درۆ

دەرئەچێ ، بەعزێ شتم خەبەر ئەدەنێ بە راست دەرئەچێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سەرت لێ شێوێنراوەو ئیشت لەسەر پەشێوێنراوە . لە پاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : شتێکم بۆ لە دڵ گرتووی چی یە ؟ وتی : دوخ ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سا ئیتر بێدەنگ و رسوا بە ! [یەعنی ئیدديعات نەمێنێ]

لەم نەوعە مەقامەدا کە موخاطەب مەغلووب بێ عەرەب ئـەڵێن (اخسأ) کەلیمەیێکە کە سەگی پێ دەرەکرێ ، ئەڵێن ، چغە ، وەك چۆن بە پشیلە ئەڵێن : ختە ، بە طەیر ئەڵێن : کشە ، بە مەرو بزن ئەڵێن : یخە . . . کورد لەم جێگایانەدا ئەڵێ : ئیتر بێدەنگ بە ، وسکوت بە ، رەحەت لێی دانیشە ، بەعزێ شتی تریش ئەڵێن .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئایەتی : ﴿فارتقب يوم تأتي السماء بدخان مبين﴾[1] لە دڵ گرتبوو . ئیبن و صەییاد لە طەرەف شەیطانەکەیەوە هەر بە لەفظی دوخی خەبەر پێدرابوو ، شەیطانەکەی ئەو دوو حەرفەی چۆن زانیبو کە خەبەر بدا بە ئیبنی صەییاد ؟ رەنگـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ لەو وەختـەدا بە سیرری تەلەفوظی بە ئایەتەکە کردبێ و شەیطانەکەی ئیبن و صەییاد ئەو دوو حەرفەی گوێ لێ بووبێ والله اعلم]

لە میقداری خۆت [کە کاهینی یە] بەرەوژوورتر ناچی . ئەو وەختە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) وازم لێ بێنە با لە گەردنی بدەم ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر ئەو بێ تۆ موسەللەط ناکرێیت بەسەریا [چونکی ئەوی دەججال ئەکوژێ حەزرەتی عیسایە ـ علیه الصلاة والسلام ـ] ئەگەر ئەو نەبێ لە کوشتنیا بۆ تۆ هیچ زەرەری نی یە .

(١) بڕوانە : سوورەتی دوخان ، ئایەتی : ١٠ .

[ئەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەوە کە ئیبن وصەییاد ئیددیعای پێغەمەریێتی کرد لە بەرچی ئەمری بە کوشتنی نەکردو نەیهێشت کـە ئیمامی عـومەر بیکـوژی ؟ چونکی ئیبن و صـەییاد ئـەو وەختە منـاڵ بو ، مـوکەللەف نەبوو ، هەم ئەو وەختە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەگـەڵ جوولـەکەی ئـەطرافی مەدینە موتارەکەی کردبوو] .

سالمی کوڕی عەبدوڵلا ئەفەرموێ : لە عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەری باوکم بیست ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەیفـەرموو : پێغـەمەر ـ ﷺ ـ لە دوای ئەو جـارە دەفعەیێکی تـریش خۆی و ئـوبەییی کـوڕی کەعبی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفیان چوو بۆ طەرەفی ئەو دارخورمایانەی کە ئیبن و صەییـادی لەنـاوا بوو ، تـا پێغەمـەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە ناو دارخورماکانەوە ، خۆی ئەدایە پەنا دارخورماکانەوە کە ئیبن و صەییاد غافڵ بکاو لە پێش ئەمەدا کە ئیبن وصەییاد بی بینێ شتێکی لێ ببیێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیبن وصەییادی دی لەسەر فەرشێ راکشابوو ، لە ناو قەدیفەیێکا بوو ، لە ناو قەدیفەکـەوە دەنگە دەنگێـك ئەهـات . دایکی ئیبن وصەییاد پێغەمەری دی ـ ﷺ ـ بانگی ئیبن و صەییادی کرد : ئەی صاف ! ـ صـاف ناوی ئیبن و صـەییادە ـ ئـەوە محەمـەدە . ئیبن و صەییاد هەڵسایە سەرپێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئـەگەر دایکی ئیبن وصەییاد وازی لـە ئیبن وصەییـاد بهێنایـەو خەبـەری نەدایێ ئیبن و صەییاد خۆی بە تەواویی مەعلووم ئەکرد .

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : لە دوای ئەوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لەناو خەڵقا راوەستا ، بەوەی کە لایەق بێ بە خوا حەمدو ئەنای خوای کـرد ، لە پـاشا بـەحثی لە دەججـال کرد ، فەرمووی : من ئێوە لە دەججال ئەترسێنم ، هیچ پێغەمەرێ نی یـە کە

ئـوممەتی خـۆی لە دەججـال نەتـرسانبێ . نـووحیش قەومی خـۆی لە دەججال ترسانوە . ئەوەندەی هەیە من قسەیێ بە ئێوە ئەڵێم کـە هیچ پێغەمەرێ بە قەومی خۆی نەووتبێ . . بزانن ! کە دەججال چاوێکی کوێرە ، خوای تەعالا کوێر نی یە .

ئیبن وشـەهاب ئـەڵێ : عومـەری کوڕی ثـابیتی ئـەنصـاریی لـە ئەصحابی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ خەبەری دوامێ کە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ لەو رۆژەدا کە خەڵقی لە دەججال ئەترسان فەرمووی : دەججال لە مابەینی هەردو چاویا کەلیمەی کافری لێ نووسراوە ، هەرکەسێ کە کـردەوەی دەججالی پێ خۆش نەبێ ئەیخوێنێتەوە . یا فەرمووی : هەموو موسوڵمانێ ئەیخوێنێتەوە .

هەم پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بزانن ! کە هیچ کەسێ لە ئێوە خـوا نابینێ تـا نەمـرێ . [یەعنی ئیبن وصـەییاد بێ ، دەججـال بێ . . ئەبینرێن . ئەگەر بگەنە ئـەو زەمانـەی کە دەججـال خورووج ئـەکاو ئیددیعای خوایەتی ئەکا ، بزانن کە خوا نی یە ؛ چونکی خوا لـە دنیادا کەس نایبینێ) .

۸۵۵/۱۳۵ ـ عن نافع قال : لقي ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] في بعض طرق المدينة فقال قولا اغضبه ، فانتفخ حتى ملأ السّكة ، فدخل ابن عمر على حفصة [رضي الله تعالى عنهم] وقد بلغها ، فقالت له : رحمك الله ما اردت من ابن صياد ، اما علمت ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : انما يخرج من غضبة يغضبها ؟ م ـ ۱۰/۳۸٦

تەرجەمە :

نافیع ئەڵێ : ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە بـەعزێ ڕێگـەی مەدینـەدا گەیی بـە ئـین وصـەییـاد قسـەیێکی پێ وت ، ڕقی

ئیبن وصەییادی هەڵسان . ئیبن وصەییاد ئاوسا تـا ڕێگەکـەی پڕکـرد !
ئیبن وعومەر تەشریفی چوە خدمـەت حەفصـەی دایکمان ـ رضي الله
تعالى عنهم ـ ئەو موعامەلەیەی ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە
لەگەڵ ئیبن وصەییاد کردبووی بە حەزرەتی حەفصەی دایکمان ـ رضي
الله تعالى عنها ـ گەیی بو ، پێی فەرموو : تۆچیت دەوێ لە ئیبن وصەییاد
بۆ نازانی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : ئەو شتەی کە ئەبێ بە سەبەبی
خورووجی دەججال هەر ڕقێکیەتی کە هەڵئەستێ ؟

١٣٦/٨٥٦ ـ نافع قال : قال ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : لقيته مرتين ، قال فلقيته فقلت لبعضهم : هل تحدثـون انه هـو ؟ قال : لا والله ! قال : قلت كذبتني ، والله لقد اخبرني بعضكم انه لن يموت حتى يكون اكثركم مالا وولدا ، فكذلك هو ، زعموا اليوم . قال : فتحدثنا ثم فارقته . قال فلقيته لقية اخرى وقد نَفَرَت عينه . فقلت : متى فعلت عينـك ما ارى ؟ قـال : لا ادري . قـال : قلت : لا تـدري وهي في رأسك ؟ قال : ان شاء الله خلقها في عصاك هذه . قال : فنخر كأشدّ نخير حمارٍ سمعتُ . قال : فزعم بعض اصحابي اني ضربته بعصا كانت معي حتى تكسرت ، واما انا فوالله ما شعرت . قال : وجاء حتى دخل على ام المؤمنين ـ رضي الله تعالى عنها ـ فحدثها ، فقالت : ما تريد اليه ؟ الم تعلم انـه قد قـال : ان اول ما يبعثـه على النـاس غضب يغضبه ؟
م ـ ١٠/٣٨٧

تەرجەمە :

نـافیع ئـەفەرمـوێ : ئیبن و عـومـەر ـ رضي الله تعـالى عنهـما ـ فەرمووی : دوو دەفعە بە ئیبن وصەییاد گەییم . فەرمووی : دەفعەیێ

پێی گەییم بە بەعزێ لەوانەی کە لەگەڵما بوون وت : ئایا ئێوە قسەتان بۆ ئەکرێ کە ئیبن وصەییاد دەججالە ؟ وتیان : خەیر وەڵڵاهی ! فەرمووی : بەو کەسەم وت : درۆت لەگەڵ کردم ! وەڵڵاهی بەعزێ لە ئێوە خەبەری داومێ کە ئیبن وصەییاد نامرێ تا لە خوصووصی ماڵو مناڵەوە لە هەمووتان زیاتر نەبێ ، ئێستە ئەڵێن : ئیمرۆ ئەویش وایە ، ماڵو مناڵی لە هەمووتان زیاترە . [یەعنی عەلامەتی ئەمە کە ئیبن و صەییاد ئەو دەججالی مەعهوودەیە ئەمەیە کە ئیبن وصەییاد نامرێ تا ماڵو ئەولادی لە ئێوە زیاتر نەبێ ، ئێستە ئەو عەلامەتە لە ئیبن و صەییادا ظوهووری کردوە ، کە وابێ ئەبێ دەججال بێ]

ئیبن وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : لەگەڵ ئیبن وصەییادا قسەمان کردو لێی جوێ بوومەوە .

فەرمووی : دەفعەیێکی تریش مولاقاتم لەگەڵیا بوو چاوی ئاوسا بوو ، بەرز بوویوەوە ، پێم وت : کەی چاوت وای لێ هاتوە ؟ وتی : نازانم ، وتم : نازانی وا لە سەرتا ؟ وتی : ئەگەر خوا ئیرادە بکا ئەیخاتە ئەو عەصایەی تۆوە . لە دواییا زەڕەیەکی کرد وەکوو بەشیددەتو قایمترینی ئەو زەڕەی کەرانە بوو کە بیستبووم . فەرمووی : بەعزێ لە رەفیقەکانم پێیان وتم : گوایا بەو عەصایەی کە پێم بوو تا عەصاکەم تیا شکان لێم داوە ـ یەعنی بۆیە نەڕانی ـ ئەمما من وەڵڵاهی خەبەرم نی یە کە لیم دابێ .

نافیع ئەڵێ : ئیبن وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەشریفی هات تا چوە خدمەت حەفصەی دایکمان ـ رضي الله تعالى عنها ـ قسەی ئەو حاڵەی خۆیو ئیبن وصەییادی بۆ کرد ، حەزرەتی حەفصەی دایکمان فەرمووی : تۆ چیتە لە ئیبن وصەییاد ؟ بۆ نازانی کە وتوویەتی : ئەووەڵ شتێ کە خورووجی پێ ئەکا غەضەبێکە کە ئەیگرێ ؟

[سیاقی ئەم عیبارەتە وایە کە سەبەبی خورووجەکەی ئیبن و صەییاد وتبێتی لە حەدیثەکەی پێشەوەدا ، ئەڵێ کە پێغەمەر - ﷺ - فەرموویەتی : مومکینە کە ئەویش وتبێتی و ، مومکینیشە کە ئەمەیش هەر قسەی پێغەمەر بێ - ﷺ - با لە لەفظەکەیشا ناوی پێغەمەر - ﷺ - رانەبووردبێ .]

٨٥٧/١٣٧ ـ عن ابي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : خرجنا حجاجا او عمارا ومعنا ابن صائد ، قال : فنزلنا منزلا فتفرق الناس ، وبقيت انا وهو ، فاستوحشت منه وحشة شديدة مما يقال عليه . قال : وجاء بمتاعه فوضعه مع متاعي . فقلت : ان الحرَّ شديد ، فلو وضعته تحت تلك الشجرة ! قال : ففعل . قال : فرفعت لنا غنم فانطلق ، فجاء بعُسٍّ [قدح كبير من اللبن] فقال : اشرب ابا سعيد ! فقلت : ان الحرَّ شديدٌ واللبن حارٌ ، ما بي الا اَنِّي اكره ان اشربَ عن يده ، او قال : آخذ عن يده . فقال : ابا سعيد ! لقد هممت أن آخذ حبلا فاعلقه بشجرة ثم اختنق مما يقول لي الناس . يا ابا سعيد من خفي عليه حديث رسول الله ـ ﷺ ـ ما خفي عليكم معشر الانصار . ألست من اعلم الناس بحديث رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ اليس قد قال رسول الله ـ ﷺ ـ : هو كافر وانا مسلم ؟ او ليس قد قال رسول الله ـ ﷺ ـ هو عقيم لا يولد له ، وقد تركت ولدي بالمدينة ؟ او ليس قد قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لا يدخل المدينة ولا مكة وقد اقبلت من المدينة [وفي اخرى : وقد ولدت بالمدينة] م ـ ١٠ / ٣٨١ وانا اريد مكة ؟ قال ابو سعيد [رضي الله تعالى عنه] : حتى كدت ان اعذره ، ثم قال : أما والله اني لأعرفه وأعرف مولده واين هو الآن . قال : قلت : تبًّا لك سائر اليوم .
م ـ ٣٨٢/١٠

١٣٨/٨٥٨ ـ عن ابي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : قال لي ابن صائد ، وأخذتني منه ذَمامة [حياء واشفاق من الذم واللوم] هذا عذرت الناس ما لي ولكم يا اصحاب محمد [ﷺ ـ] ؟ الم يقل نبي الله ـ ﷺ ـ : انه يهودي وقد اسلمت ؟ قال : ولا يولد لـه وقد ولـد لي ؟ وقال : ان الله قد حرم عليه مكة وقد حججت ؟ قال لي : فما زال حتى كاد ان يأخذ فيَّ قولُه . قال : فقال له : اما والله اني لأعلم الآن حيث هو واعرف اباه وامه . قال وقيل له : ايسرك انك ذلك الرجـل ؟ قال : فقال : لو عرض عليّ ما كرهت . م ـ ١٠/٣٨١ وفي اخـرى : قال : فلبسني [اى جعلني التبس في امره] .

تەرجەمە :

ئەبو سەعیدی خـدري ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمـووی : بۆ حەج ، یا فەرمووی : بۆعومره [شك الراوي] لە مەدینە چووینە دەرێ ، ئیبن وصـائیـدمـان لـەگـەڵ بـوو ، لـە مـەنـزڵێکـا دابـەزین ، خـەڵق بڵاوبوونەوە ، من و ئەو ماینەوە ، وەحشەتێکی گرانم لێوە گرت ، یەعنی خۆفێکی زۆرم لەوەوە لێ نیشت ، لـەبەر ئـەو قسانـەی کە دەرحـەقی ئەکرێ ، کە ئەڵێن دەججالە ، فەرمووی : کەل وپەلەکەی هێنایە لای کەل و پەلەکەی من ، پێم وت : زۆر گەرمایە ، ئەگەر شت ومەکەکانت ببەیتە بن ئەو دارە چاتر ئەبێ . فەرمووی : بردی . فەرمـووی : رانێ مەرمان بـەدیی کرد . چـوو کاسـەیەکی گـەورەی شیر هێنـا ، وتی : بخۆرەوە (یا ابـا سعید) . وتـم : زۆر گـەرمایـە ، شیریش طـەبیعەتی گەرمە ، هیچ بەهانەیێکم نەبوو ئەوە نەبێ کە حەزم نەدەکرد کە لە دەستی ئەو وەری بگرم . وتی : (یا ابا سعید) وام تەمایە پەتێ بێنم لە دارێ هەڵی بخـەم و خۆم بخنکێنم ، لـەبەر ئـەوەی کە خـەڵق پێم ئـەڵـێن ! ئـەی

ئەبوسەعید هەرکەسێ حەدیثی پێغەمەری ـ ﷺ ـ لێ خەفی ئەبێ لەسەر ئێوە ، کە جەماعەتی ئەنصارن ، خەفی نابێ . ئایا تۆ لە هەمووکەس زیاتر عالمتر نیت بە حەدیثی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەیفەرموە کە دەججال کافرەو جوولەکەیە ؟ من موسوڵمانم . بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەیفەرموە : کە نەزۆکەو ئەولادی نابێ ؟ من ئەولادم بوەو لە مەدینە بەجێم هێشتوون . بۆ نەیفەرموە کە ناچێتە مەککەو مەدینە ؟ وە من لە مەدینەدا بەوەلەد بووم و لەوێوە رووم کردۆتە مەککەو بۆ مەککە ئەچم ؟

ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : [ئەوەندەی لەو نەوعە وت] تا نزیك بووم کە بە مەعذووری بزانم ، لە دواییا وتی : وەڵلاهی من دەججال ئەناسم ، ئەزانم ئێستە لەکوێیە ، ئەزانم لە کوێو کەی لەدایك بوە .

[لە ریوایەتەکەی ترا : لێیان پرسی : حەزەکەی کە تۆ ئەو پیاوە بی ؟ وتی : ئەگەر تەکلیفم لێ بکرێ لەبەرم گران نی‌یە]

ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : لەو رۆژانەدا کە ماوە خوا بە هیلاکتا با ! [لە ریوایەتەکەی تریا ئەبوسەعید ئەفەرموێ : بەم قسەی ئاخری‌یەی خستمیەوە شوبهە لە ئیشی خۆیا . یەعنی هێنامیە سەر ئەوە کە بڵێم ئەونی‌یە . بەم قسەی دوایی‌یەی لێی کەوتمەوە شوبهە .

لە حەق ئیبن‌وصەییادا ئیختیلاف لە بەینی سەلەفا ـ رضي الله تعالی عنهم ـ هەیە کە : دەججالی مەعهوودە یان نا ؟ ئەم حەدیثی فاطیمەی کچی قەیس ـ رضي الله تعالی عنها ـ دەرحەق (جساسە)و دەججال ئەنووسم لە دواییدا ـ إن شاء الله ـ قسەی نەوەویش کە فەرموویەتی ـ ئەوی لازم بێ ـ نەقلی ئەکەم .

جساسة

١٣٩ / ٨٥٩ عامر بن شراحيل الشَّعبي شَعْبِ هَمْدان : انه سأل فاطمة بنت قيس ، اخت الضحاك بن قيس [رضي الله تعالى عنهما] وكانت من المهاجرات الأُوَل ، فقال : حدثيني حديثا سمعتِهِ من رسول الله - ﷺ - لا تسنديه الى احد غيرِهِ ، فقالت : لئن شئت لأفعلن . فقال لها : اجل حدثيني . فقالت : نكحتُ ابن المغيرة وهو من خيار شباب قريش يومئذ ، فاصيب في اول الجهاد مع رسول الله - ﷺ - [اى جرح ولم يمت به ، وانما مات بعد ان طلق فاطمة - رضي الله تعالى عنها - حين كان مع علي - رضي الله تعالى عنه - باليمن - كما في رواية اخرى اخصر عنه] .
قال : دخلنا على فاطمة بنت قيس [رضي الله تعالى عنها] فاتحفتنا برطب يقال له : رطب ابن طاب ، وأسْقتْنا سويق سلت [جوّ پێغه‌مه‌رانه] فسألتها عن المطلقة ثلاثا : اين تعتد ؟ قالت : طلقني بعلي ثلاثا ، فاذن لي النبيُّ - ﷺ - ان اعتد في اهلي ، قالت فنودي في الناس ... الخ
[م - ١٠/٤٠٨]

فلما تأيمت [اي بالطلاق لا بالجراح] خطبني عبدالرحمن بن عوف في نفر من اصحاب محمد - ﷺ - وخطبني رسول الله - ﷺ - على مولاه اسامة بن زيد [رضي الله تعالى عنهما] ، وكنت قد حُدِّثْتُ ان رسول الله - ﷺ - قال : من احبني فليحبَّ اسامة ، فلما كلمني رسول الله - ﷺ - قلت : امري بيدك ، فأنْكحني من شئتَ ، فقال : انطلقي الى ام شريك ، وام شريك [رضي الله تعالى عنها] امرأة غنية من الانصار ، عظيمة النفقة في سبيل الله ، ينزل عليها الضيفان . فقلت : سأفعل . فقال : لا تفعلي ،

ان ام شريك امرأة كثيرة الضيفان ، فاني اكره ان يسقط عنك خمارك ، او ينكشف الثوب عن ساقيك فيرى القوم منك بعض ما تكرهين . ولكن انتقلي الى ابن عمك عبدالله بن عمرو ابن ام مكتوم ، وهو رجل من بني فهر قريش ، وهو من البطن الذي هي منه ، فانتقلت اليه . فلما انقضت عدَّتي سمعت نداء المنادي ، منادي رسول الله - ﷺ - ينادي : الصلاة جامعة . فخرجت الى المسجد ، فصليت مع رسول الله - ﷺ - فكنت في صف النساء الذي يلي ظهور القوم .

فلما قضي رسول الله - ﷺ - صلاته جلس على المنبر وهو يضحك ، فقال : ليلزم كل انسان مصلاه . ثم قال : اتدرون لم جمعتكم ؟ قالوا : الله ورسوله اعلم . قال : اني والله ما جمعتكم لرغبة ، ولا لرهبة ، ولكن جمعتكم لان تميما الداري كان رجلا نصرانيا ، فجاء فبايع واسلم ، وحدثني حديثا وافق الذي كنت احدثكم عن مسيح الدجال . حدثني انه ركب في سفينة بحرية مع ثلاثين رجلا من (لخم) و (جذام) فلعب بهم الموج شهرا في البحر ، ثم ارفؤا [التجأوا] الى جزيرة في البحر حتى مغرب الشمس ، فجلسوا في اقْرُبِ السفينة [قايەق] فدخلوا الجزيرة ، فلقيتهم دابة ، اهلب ، كثير الشعر [تفسير] لايدرون ما قبْلَهُ من دُبُرِه ، من كثرة الشعر ، فقالوا : ويلكِ ! ما انتِ ؟ فقالت : انا الجساسة [اي التجسس الاخبار للدجال . وعن عبدالله بن عمرو بن العاص - رضي الله تعالى عنهما - : انها الدابة المذكورة في القرآن] .

قالوا : وما الجساسة ؟ قالت : ايها القوم انطلقوا الى هذا الرجل في الدير ، فانه الى خبركم بالاشواق . قال : لما سمَّت لنا رجلا فرقنا منها ان تكون شيطانة . قال : فانطلقنا سراعا حتى دخلنا الدير ، فاذا فيه اعظم انسان رأيناه قط خلقا ، واشده وثاقا ، مجموعة يداه الى عنقه ، ما

بين ركبتيه الى كعبيه بالحديد ، قلنا : ويلكَ ! ما انتَ ؟ قال : قد قدرتم على خبري ، فاخبروني ما انتم ؟ قالوا : نحن اناس من العرب ، ركبنا في سفينة بحرية ، فصادفنا البحر حين اغتلم [اى هاج] فلعب بنا الموج ، ثم ارفأنا الى جزيرتك هذه ، فجلسنا في اقْرُبِها ، فدخلنا الجزيرة ، فلقيتنا دابة اهلب ، كثير الشعر ، لا ندري ما قبله من دبره من كثرة الشعر . فقلنا : ويلكِ ! ما انتِ ؟ فقالت : انا الجساسة . قلنا : وما الجساسة ؟ قالت : اعمدوا الى هذا الرجل في الدير ، فانه الى خبركم بالاشواق ، فاقبلنا اليك سراعا ، وفَزعنا منها ، ولم نأمن ان تكون شيطانة .

فقالت : اخبروني عن نخل بيسان . قلنا : عن اي شأنها تستخبر ؟ قال : اسألكم عن نخلها هل يُثْمِرُ ؟ قلنا له : نعم . قال : اما انها يوشك ان لا تثمر . قال : اخبروني عن بحيرة طبرية ! قلنا : عن اي شأنها تستخبر ؟ قال : هل فيها ماء ؟ قالوا : هي كثيرة الماء . قال : اما ان ماءها يوشك أن يذهب . قال : اخبروني عن عين زغر [بلدة بالشام] قالوا : عن اي شأنها تستخبر ؟ قال : هل في العين ماء ؟ وهل يزرع اهلها بماء العين ؟ قلنا له : نعم ، هي كثيرة الماء ، واهلها يزرعون من مائها . قال : اخبروني عن نبي الأميين [ﷺ] ما فعل ؟ قالوا : قد خرج من مكة ونزل يثرب . قال : أقاتلَتْهُ العرب ؟ قلنا : نعم . قال : كيف صنع بهم ؟ فاخبرناه انه قد ظهر على من يليه من العرب واطاعوه . قال لهم : قد كان ذاك ؟ قلنا : نعم . قال : اما ان ذاك خير لهم ان يطيعوه ، واني مخبركم عني : اني انا المسيح الدجال ، واني اوشك ان يؤذن لي في الخروج فاخرج فأسير في الارض ، فلا ادع قرية الا هبطتها في اربعين ليلة غير مكة وطيبة ، فهما محرمتان عليّ كلتاهما ، كلما اردت ان ادخل

واحدة او واحدا منهما استقبلني ملك بيده السيف صُلتا [مسلولا] يصدني عنها ، وان على كل نقب منها ملائكة يحرسها . قللت : قال رسول الله ـ ﷺ ـ وطعن . بمخصرته في المنبر : هذه طيبة ، هذه طيبة ، هذه طيبة . يعني المدينة . الا هل كنت حدثتكم ذلك ؟ فقال الناس : نعم . فانه اعجبني حديث تميم انه وافق الذي كنت احدثكم عنه ، وعن المدينة ومكة ، الا انه في بحر الشام ، او بحر اليمن ، لا بل من قبل المشرق ، ما هو [قال القاضي : لفظة (ما هو) زائدة صلة للكلام ، ليست بنافية . نووي] من قبل المشرق ، ما هو من قبل المشرق ، ما هو ـ واومأ بيده إلى المشرق . قالت : فحفظت هذا من رسول الله ـ ﷺ ـ م ـ ١٠/٤٠٤ ـ ٤٠٨ .

طوبى لتميم من منقبة اي منقبة ! حيث روى عنه الحديث رسولُ الله ـ ﷺ ـ وأيَّدَ بحديثه ما حدث به اصحابَهُ ـ عليه الصلاة والسلام ، وعليهم رضوانه ـ وكفى بذلك شرفا له .

تەرجەمە :

عامیری کوڕی شەراحیلی شەعبیی ـ شەعبی هەمەدان ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : سوئاڵم لە فاطیمەی کچی قەیسی خوشکی ضەحاکی کوڕی قەیس ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە لەو ژنە موهاجیرانە بوو لە پێشەوە هیجرەتیان کردبوو ـ کرد ، پێم وت : حەدیثێکم بۆ ریوایەت بکە کە لە پێغەمەرت بیستبێ ـ ﷺ ـ ئیسنادی مەدەرە ئەلای غەیری ئەو . فەرمووی : ئەگەر ئەتەوێ وا ئەکەم . عامیر عەرزی کرد : بەڵێ وام بۆ ریوایەت بکە . فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : شووم کرد بە کوڕی موغیرە کە ئەو وەختە لە هەڵبژێرراوی جوانانی قورەیش بوو ، لە ئەووەڵ غەزایێ کە لە خدمەت پێغەمەرا کردی ـ ﷺ ـ بریندار بو [ئەمما

لەو برینە خەلەصت ، لە یەمەنا لە خدمەت حەزرەتی عەلیدا بوو ـ رضي الله تعالی عنها ـ لەوێ طەلاقنامەی بۆ ناردم] کە بێوەژن بووم عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و چەند کەسێ لە ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ خوازبێنییان کردم بۆ خۆیان . پێغەمەریش ـ ﷺ ـ خوازبێنی کردم بۆ ئوسامەی کوڕی زەیدی ئازادکراوی پێغەمەر ـ ﷺ ، ورضي عنهما ـ منیش قسەم بۆ کرابوو کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ منی خۆشەوێ ئوسامەی خۆش بوێ [منیش و مەلا حسەینیش خۆشمانەوێ] .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو خوصووصەوە قسەی لەگەڵ فەرمووم عەرزم کرد : ئیشی من بە دەست تۆیە ، لە کێم نیکاح ئەفەرموی بیفەرموو . [ئەم خوازبێنی‌یە دوای عیدەچوونی بوو کە مێردەکەی طەلاقی داو خەبەری پێگەیی] پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێفەرموو : بگوێزەرەوە لای (ام شریك) ام شریك ژنێکی دەوڵەمەند بوو لە ئەنصار ، لە رێی خوادا نەفەقەی زۆری ئەدا بە خەڵق ، زۆر میوانی ئەچوە ماڵ . عەرزم کرد : بەڵێ ئەیکەم . لە دواییدا فەرمووی : خەیر وا مەکە ؛ چونکی (ام شریك) ژنێکی میوانزۆرە ، حەز ناکەم کە سەرپۆشەکەت لێ بکەوێ ، یا جل لەسەر قاچ و قولت لابچێ خەڵق جێیەکت ببینن پێت ناخۆش بێ ، بچۆرە لای ئامۆزای خۆت کە عەبدوڵلای کوڕی باوکی عەمرەو ، کوڕی دایکی (ام مکتوم)ە . عەبدوڵلا پیاوێکە لە بەنی‌فەهر ، فەهری قورەیش ، لەو بەطنەیە کە فاطیمە لەوانە . فاطیمە فەرمووی : چوومە لای عەبدوڵلا ، کە عیددەم رابورد ، گوێم لێ‌بوو کە مونادیی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بانگی کرد : (الصلاة جامعةً) . چوومە دەرێ بۆ مزگەوت ، نوێژم لە خدمەت پێغەمەرا کرد

- ﷺ - لە صەفی ئەو ژنانەدا بووم کە لە پشت پیاوەکانەوە بوون .

کە پێغەمەر - ﷺ - نوێژەکەی تەواوکرد تەشریفی لەسەر مینبەرەکەی دانیشت ، پێکەنی ، فەرمووی : هەرکەسێ لە جێ نوێژی خۆی دانیشێ . لە دواییدا فەرمووی : ئەزانن من ئێوەم بۆ چی کۆکردوەتەوە ؟ فەرموویان : خواو پێغەمەری خوا ئەزانێ . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : وەڵڵاهی ! من ئێوەم بۆیە کۆ نەکردۆتەوە نە لەبەر ترسێ کە بمبێ ، نە لەبەر مەنفەعەتێ کە بمەوێ . (لكن) بۆیەکم کۆکردنەوە چونکی تەمیمی داریی پیاوێکی نەصرانی بوو ، هات و بەیعەتی پێکردم و موسوڵمان بوو ، قسەییکی بۆ کردم موافیقی ئەو قسەیە کە من بۆم ئەکردن لە مەسیحی دەججال .

تەمیم قسەی بۆ کردم کە خوێ و سی پیاو لە لەخم و جەذام سواری سەفینەییکی بەحریی بوون ، تا مانگێ شەپۆلی بەحرەکە بەم لاو بەولایا ئەبردن . ئیلتیجایان کرد بە جەزیرەیەك لە ناو بەحرەکەدا تا رۆژ ئاوابوون چوونە ناو ئەو قایەقانەی کە لە گەمێکەدا بوون ، بەوە چوونە ناو جەزیرەکەوە حەیوانێکیان پێگەیێ ، ئەوەندە تیسکن بوو پێشی لە پاشی فەرق نەدەکرا لەبەر تیسك . پێیان وت : کۆست کەوێ ! تۆ چیت ؟ وتی : من جەساسەم . وتیان : ئەی جەساسە چیە ؟ وتی : ئەی قەوم بچنە لای ئەو پیاوە کە لە ناو دێرەکەدایە ؛ چونکی ئەو زۆر بەشەوق و ئارەزوە بۆ ئێوە .

تەمیم وتی : کە ناوی پیاوی بۆ ئێمە برد لێی ترساین کە شەیتانێ بێ . تەمیم وتی : بە عەجەلە چووین تا چووینە دەیرەکەوە ، کە چووین پیاوێکی زۆر زەلام لە هەموو ئینسانێ کە دیبوومان زەلامتری تیابوو ، بە بونیەو جوثە ، بە قووەت بەسترابوو دەست و ملی بەیەکەوە بەسرابوو ،

له هەردوو ئـەژنۆيـەوە تا قـولەپێی بـە ئاسن مـەحكەم بـەسترابـوو ، پێمـان‌وت : خوا بتگـرێ ! تۆ چيت ؟ وتی : ئێـوە ظەفـەرتان بـرد بە خەبەری من [يەعنی له دواييدا تێئەگەن كه من چيم] ئێوە خەبەرم بدەنێ كه چين ؟ وتيان : ئێمه بەعزێ خەڵقين لەعەرەب [هەموويان بە تەفصيل بۆ حيكايەت كرد تا لای ئەو] ئەو پياوە زنجير كراوەكه وتی : خەبـەرم بدەنێ له دارخورمای بيسان . وتمان : له چيی ئەپرسيت ؟ وتی : لەوەتان لێ ئەپرسم بەر ئەگرێ ؟ وتمان : ئا بەر ئەگرێ . وتی : نزيكه كه بەر نەگرێ . وتی : خەبەرم بدەنێ له گـۆلی طەبـەرييە . وتمـان : له چـە خوصووصێكی ئەپرسی ؟ وتی : ئـاوی تيايـە يان نـا ؟ وتمان : ئـاوی زۆرە ، وتی : نزيكه ئاوەكەی بروا . وتی : خەبەرم بدەنێ له سەرچاوەی شاری زوغەر . وتمان : له چە شتێكی ئەپرسی ؟ وتی : ئاوی هەيە يا نی‌يە ؟ خەڵقی ئەوێ بە ئاوەكەی زەراعەت ئەكەن يا نايكەن ؟ وتمان : ئاوی زۆرە ، خەڵق زەراعەتی پێ ئەكەن . وتی : خەبەرم بدەنێ له (نبي أُمّيّين) چی كرد ؟ وتيان : وتمان : تەشريفی له مەككه چوە دەرێ ، له مـەدينەدا جێ‌نشـين بوو . وتی : عـەرەب شەريـان لـەگـەڵ كـرد يـا نـەيان‌كـرد ؟ وتمان : كـرديان . وتی : چی لـەگـەڵ عـەرەب كـرد ؟ خەبەرمان دايێ كه غەڵەبەی كرد بەسەر ئەو عەرەبانه كـە له ئـەطرافی بوون . . هەمـوو ئيطاعـەيان كـرد . ئەو پيـاوە بە قـەومەكـەی وت : موحەققەق ئەوە وقووعی بوو ؟ وتمان : ئا . وتی : ئەوە بۆ عەرەب خێرە ئەگەر ئيطاعەی بكەن .

منيش خەبەرتـان ئەدەمێ لـە خۆم . من مـەسيحی دەججالم ، نزيكه كه ئيذن بدرێم كه خورووج بكەم [بە تەما بێ ! با هەر له زنجيرا بێ تا چەنـد هەزار سـاڵی تر ! ئـەمما لـەزنجيرامـانی بۆی بـە فايـدەترە لـە

خورووجی ؛ چونکی ساڵێك و چەند مانگێ دەوام ئەکاو حەزرەتی مەسیح عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ بە جەهەننەمی موشەڕڕەف ئەکا !] وتی : کە خورووجم کرد لە ئەرزا ئەڕۆم ، لە ظەرفی چل شەوا غەیری مەککەو مەدینە هیچ نامێنێ کە نەیچمێ ، مەککەو مەدینە هەردوکیان لەسەر من حەرامکراون ، هەر وەختێ ئیرادە بکەم بچمە ناو یەکێکیانەوە مەلائیکەیێکی دەست بەشیری لە کالان دەرکێشراو بەرەوپیرم بێ و مەنعم ئەکا لەوێ ، لەسەر کوللی کەلەبەرێکی مەککەو مەدینە مەلائیکە هەیەو پاسەوانی و موحافەظەی ئەکا .

فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەصاکەی بە مینبەرەکەدا کێشاو فەرمووی : ئەمە طیبەیە ، ئەمە طیبەیە ، ئەمە طیبەیە . گوێتان لێ بێ : ئایا من لەمە خەبەرم داونێ یان نا ؟ خەڵق فەرموویان : بەڵێ خەبەرت داوینێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عەجایەبم ما لە قسەی تەمیم کە موافیقی ئەوە بوو کە قسەم بۆ کردوون . خەبەرتان بێ کە لە بەحری شامایە ، یا لە بەحری یەمەنایە . خەیر لە طەرەفی مەشریقەوەیە . لە طەرەفی مەشریقەوەیە ، لە طەرەفی مەشریقەوەیە ئەو هەر بە دەستی موبارەکی ئیشارەتی مەشریقی کرد . فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : ئەمەم لە رەسوولوڵلاوە ـ ﷺ ـ حیفظ کردوە .

عولەما فەرموویانە : ظاهیری ئەحادیث وایە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەحی بۆ نەهاتوە دائیر بەمە کە ئیبن وصەییاد دەججالە یا دەججال نی یە . تەنها صیفاتی دەججالی بە وەحی بۆ نازڵ بوە . لە ئیبن وصەییادا بەعزێ قەرینە مەجوود بوە کە ئینسان ئەخاتە تەرەددو شوبهەوە ، بۆیە پێغەمەر ـ ﷺ ـ قەطعی نەناوە کە ئیبن وصەییاد دەججالە یا دەججال نی یە . بۆیە

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە حەزرەتی عومەری فەرموو ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەگەر ئەو بێ تۆ موسەللەط ناکرێی بەسەریا . ئیستیدلالی ئیبن وصەییادیش کە کردوویەتی بۆ ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەوە کە وتی : دەججال کافرەو ناچێتە مەککەو مەدینەو ، عەقیمە من موسوڵمانم و ئەولادم هەیەو لە مەدینەوە ئەچم بۆ مەککە . . دەلالەت ناکا لەسەر ئەمە کە ئەو نییە ؛ چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لە صیفاتی دەججال داوە کە لە زەمانی خورووج و ئیستیلایا وا ئەبێ کە وەقتی نوزوولی عیسایە ـ علیه الصلاة والسلام ـ .

ئەو سوئال و جوابانەی کە لە خدمەت پێغەمەرا وتوویەتی و لە خدمەت ئەبوسەعیدا وتوویەتی ، لەگەڵ ئیبن و عومەرا کە ئاوساوەو رێگەکەی پڕ کردوەو خەڵقی خستوەتە شوبهەوە کە دەججال بێ . . ئیظهاری موسوڵمانەتی و ، حەج و غەزاکردنی دەلالەت ناکا لەسەر ئەمە کە ئەو نییە .

ریوایەتیش کراوە کە تەوبەی لەو کردەوەی پێشووی کردوە لە مەدینەدا مردوە ، لە وەختی نوێژی جەنازەیدا پێنیشانی خەڵق دراوە . ئەبوداوودیش ریوایەتێکی صەحیحی ریوایەت کردوە ، کە لە حەزرەتی جابیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە رۆژی حەرەدا کە یەزید ئیستیباحەی عەرض و رۆح و ماڵی مەدینەیی کرد ئیبن و صەییاد ون بوو . کە وابێ لە مەدینە نەمردوە .

جابیرو ئیمامی عومەریش ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سوێندیان خواردوە لەسەر ئەمە کە ئیبن و صەییاد دەججالە .

بەیهەقیش ئەفەرموێ : کە لە ئیبن وصەییادا ئیختیلافێکی زۆر هەیە ؛ ئەوی کە ئەڵێ دەججال نییە ئیستیدلالی بە حەدیثی تەمیمی

داریی کردوه کە حەقیش وایە کە وابێ ؛ چونکە ئیبن وصەییاد لەو وەختەدا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیمتیحانی کرد منالێکی (دون البلوغ) بو ، تەمیمی داریش ـ رضي الله تعالی عنە ـ لە سالی نۆیەمی هیجرەتا هاتە خدمەت پێغەمەرو موسولمان بوو ، ئەو حەدیثی دەججالو جەساسەی عەرزی پێغەمەر کرد ـ ﷺ ـ ئیبن و صائیدیش لە زەمانی ئیمتیحانیا تا زەمانێ کە لە خدمەت ئەبوسەعیدا ـ رضي الله تعالی عنە ـ چوە بۆ حەج لە مەدینە جوێ نەبۆتەوە . ئەبێ کەی چووبێ بۆ ئەو جزیرەیەو ؟ بووبێ بە پیاوو لە کۆت درابێ ؟؟ ئەمە بە قەطعی دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە ئیبن و صائید دەججال نی یە ، نیهایەت بەعزێ لەو صیفەتانەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەرحەق دەججال فەرموویەتی لەوا مەوجوود بوە بەوە لازم نابێ کە دەججال بێ ، وەك چۆن پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە لە مەککەدا حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ و دەججالی لە خەوا پێنیشان درا ، فەرمووی : دەججال لە هەموو کەس زیاتر بە (عبد العزّا)ی کوری (قطن) ئەشوبهێ ، دیارە کە (ابن قَطَن) دەججال نی یە . ئەوەیش کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە دوای ئیمتیحانەکەیا پێی فەرموو : تۆ لە قەدری خۆت تەجاوز ناکەی . . یەعنی لە کاهینی تەجاوز ناکەی ، دەلالەت ئەکا (ضمنا)کە دەججال نی یە ؛ چونکی دەرەجەی دەججالی لە دەرەجەی کاهینی گەلێ بەرزترە . دەججال چەند خاریقی گەورە گەورە ئەکا ، بەیانی (ان شاء الله) لە حەدیثەکانی دواییدا یێت . ئیبن و صائید غەیری (دوخ) چە خاریقێکی هەیە ؟

قسەی جەساسەیش حەدیثێکی صەحیحە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە تەمیمی داریی ریوایەت کردوە ، تەمیمی داریش ـ با دەججالی لە زەمانی نەصرانی یەتا دیبێ ئەمما لە دوای موسولمان بوون بۆ پێغەمەری ـ ﷺ ـ

گێراوتەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەصدیقی کـردوە ، دیارە بـەقووەتتـرە لە ظەنی ئیمامی عومەرو جابیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ، غەیببوونی لە وەختی حەڕەدا هەر ئەوە ئەگەیێنێ کە لە مەدینەدا نەمـردبێ ، لێی لازم نایێ کە دەججال بێ ، جێگەو مەئوای دەججالزانیشی ناگەیێنێ کە خۆی دەججال بێ ، لە دوای موسوڵمانبوونی ئیرتیدادیشی هیچ کەس ریوایەتی نەکردوە . بە هەموو نەوعێ بەقای موسوڵمان لەسەر موسوڵمانەتی چاکترە لە ئیعتیقادی ئیرتیدادی بە شوبهە . بۆ ئێمە ئەوی لازم بێ باوەڕکردنە بەمە کە دەججال بێ ، حەزرەتی عیسا ـ علیه الصـلاة والسلام ـ ئـەیکوژێ ؛ چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری لێداوە .

ئیتر بەسە با بچینە سەر بەحسی دەججال ـ علیه اللعنة ـ

دجال وابن صياد

١٤٠/ ٨٦٠ عن المغيرة بن شعبة [رضي الله تعالى عنه] قال : ما سأل النبي - ﷺ - عن الدجال اكثر مما سألت . قال [لى : اي بني . اخرىم] وما يُنْصِبُكَ [اى : ما يتعبك] منه ؟ انه لا يضرك . قال : قلت : يا رسول الله انهم يقولون : ان معه الطعام والانهار [انهم يقولون : معه جبال من خبز ولحم ، ونَهَرِ ماء] قال : هو اهون على الله من ذلك . [قال القاضي : معناه : من ان يجعل الله ما خلقه على يديه مضلا للمؤمنين ومشككا لقلوبهم ، بل انما جعله له ليزداد الذين آمنوا إيماناً ، وتثبت الحجة على الكافرين والمنافقين . وليس معناه انه ليس معه شيء من ذلك . نووي] .

وفي القسطلاني : اهون على الله من ان يجعل شيئا من ذلك آية على صدقه ، لاسيما وقد جعل الله فيه آية ظاهرة في كذبه وكفره من عوره وقبح منظره وكتابة : (كافر) بين عينيه] م - ٤٠١/١٠ ، ح - ١٩٩/١٠ جه .

ته‌رجه‌مه :

موغیره‌ی کوڕی شوعبه - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووی : هیچ که‌س زیاتر له من سوئالی له پێغه‌مه‌ر - ﷺ - نه‌کردوه ئه‌وه‌نده‌ی من که لێم پرسیوه له ده‌رحه‌ق ده‌ججال ، پێی فه‌رمووم : ئه‌ی کوڕی خۆم چه شتێك له ده‌ججال تۆ ئه‌خاته ناو زه‌حمه‌ته‌وه [ئه‌وه‌نده‌ی لێ ئه‌پرسی] ؟ ئه‌و هیچ زه‌ره‌ر به تۆ ناگه‌یێنێ . شوعبه فه‌رمووی : وتم : چونكی ئه‌ڵێن : طه‌عام و نه‌هری ئاوو به قه‌ده‌ری شاخ نان و گۆشتی له‌گه‌ڵه . پێغه‌مه‌ر - ﷺ - فه‌رمووی : [با ئه‌وانه‌یشی له‌گه‌ڵ بێ] له لای خوا ئه‌و له‌وه که‌متره [که خوا ئه‌وانه‌ی بۆ بكا به عه‌لامه‌تی راستێتی ئه‌و ؛ چونكی عه‌لامه‌تی

درۆزنێتی ئەو دیارە بۆ هەموو موسوڵمانێ : چاوێکی کوێرە ، چاوەکەی تری وەك بۆڵەترێ دەرپەڕیوە ، لە بەینی هەردوو چاویا (كفر) نووسراوە] .

١٤١/٨٦١ انس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ليس من بلد الا سيطؤه الدجالُ الامكة والمدينة ، وليس نقب من انقابها الا عليه الملائكة صافين تحرسها [م ـ ١٠ / ٤٠٩] يجئ الدجال حتى ينزل من ناحية المدينة [عند الطريق الاحمر عند منقطع السبخة . جه] [فينزل بالسبخة . م] فترجف المدينة ثلاث رجفات يخرج اليه منها كل كافر ومنافق . م ـ ١٠/٤٠٩ ، ح ـ ١٠/٢٠٠ جه ، فيأتي سبخة الجرف فيضرب رواقه ، فيخرج اليه كل منافق ومنافقة . اخرى . م .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : غەیری مەککەو مەدینە هیچ شارێ نی یە کە دەججال نەیچێتێ ، ئەمما ناچێتە مەککەو مەدینە ، وە هیچ کەلەبەرێ نی یە لە کەلەبەرانی مەککەو مەدینە کە مەلائیکە صەفی تیا نەبەستبێ و موحافەظەی نەکا لە دەججال . دەججال یێ بۆ طەرەفی مەدینە ، لای سوورەرێ کە شۆرەکاتەکە ئەبرێتەوە ، لەوێ باری لێ ئەخا ، مەدینە سێ دەفعە ئەلەرزێتەوە ، لە مەدینەدا هەرچی کافرو مونافیق ببێ هەمووی لە مەدینە ئەچێتە دەرەوە بۆ لای دەججال .

١٤٢/٨٦٢ حذيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : الدجال اعور عين اليسرى ، جُفال الشعر [اى كثيره] معه جنة ونار ، فناره جنة وجنته نار م ـ ١٠ / ٣٩٠ ان معه ماء ونارا ، فناره معه بارد ، وماؤه نار . ح ـ ١٠/٢٠٢

تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : دەججال چاوی چەپی کوێرە ، مووی زۆرە ، باغو ئاگری ـ لە ریوایەتەکەی بوخاریدا ـ ئاوو ئاگری لەگەڵە ، باغو ئاوەکەی ئاگرە ، ئاگرەکەی باغو ئاوێکی ساردە .

٨٦٣/١٤٣ وعنه ایضا قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : **لأنا اعلم بما مع الدجال منه . معه نهران يجريان : احدهما رأي العين ، ماء ابيض ، والآخر رأي العين نار تأجج . فاما أدركنَّ احد فليأت النهر الذي يراه نارا ، وليغمض ثم ليطأطئ رأسه فيشرب منه ؛ فانه ماء بارد ، وان الدجال ممسوح العين ، عليها ظَفَرة غليظة [تانه] مكتوب بين عينيه : (كافر) يقرؤه كل مؤمن كاتب وغير كاتب . م ـ ١٠/٣٩٠ ، ح ـ ٥/٤٢١ بمعناه ، وفيه ابن مسعود .**

تەرجەمە :

حوذیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : من لە دەججال چاکتر ئەزانم کە چی لەگەڵایە ، دوو نەهری جاریی لەگەڵە ؛ یەکێکیان لەبەرچاو ئاوێکی سپی یە . ئەوی تریان لە پێش چاو ئاگرێکە گری لێ ئەبێتەوە . ئەگەر یەکێ لە ئێوە گەیی بە دەججال بچێتە ناو ئەوەی کە بە چاو بە ئاگری ئەبینێ ، چاوی لێك نێ ، لە دواییا سەری دانەوێنێو لێی بخواتەوە ئەوە ئاوێکی ساردە . دەججال چاوێکی مەمسووحە ، یەعنی تەختەپەردەیێکی ئەستووری بەسەرا کێشراوە ، لە بەینی هەردوو چاویدا کەلیمەی کافری لێ نووسراوە ، کاتبو غەیری کاتب ئەیخوێنێتەوە .

١٤٤/٨٦٤ عن ابي بَكَرَة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا يدخل المدينة رعب الدجال ، ولها يومئذ سبعة ابواب ، على كل باب ملكان [يذبان عنه رعب المسيح . حاكم] ح ـ ١٠/ ٢٠٠

تەرجەمە :

ئەبوبەكەرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : ترسى دەججال ناچێتە ناو مەدینەوە ، ئەو رۆژە مەدینە حەوت دەرگاى هەيە ، كوللى دەرگايەكى دوو مەلائيكەى لەسەرە موحافەظەى ئەكەن لە ترسى دەججال .

١٤٥/٨٦٥ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : الا اخبركم عن الدجال حديثا ما حدثه نبيٌّ قَوْمَهُ ؟ : انه اعور ، وانه يجيئ معه مثل الجنة والنار ؛ فالتي يقول انها الجنة هي النار . واني انذرتكم به كما انذر به نوح قومه . م ـ ١٠/ ٣٩١

تەرجەمە :

ئەبوهورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : خەبەرتان بدەمێ لە دەججال بە خەبەرێ كە هيچ پێغەمەرێ نەيدابێ بە قەومى خۆى ؟ : دەججال چاوێكى كوێرە ، شتێكى وەك باغچەو وەك ئاگرى لەگەڵە ، ئەوەى كە ئەو ئەڵێ باغە ئاگرە . من ئێوەى لێ ئەترسێنم وەك چۆن نووح ـ عليه السلام ـ قەومى خۆيى لێ ترسانوە .

١٤٦/٨٦٦ عن انس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ : ما بعث نبي الا انذر أمته الاعورَ الكذاب ، الا انه اعور وان ربكم ليس باعور ، وان بين عينيه مكتوب كافر . [ك ، ف ، ر . م] ح ـ ١٠/ ٢٠٣ [فيه ابو هريرة وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] م ـ ١٠/ ٣٨٩ .

٨٦٧/١٤٧ وعنه قال رسول الله ـ ﷺ ـ : الدجال ممسوح العين ، مكتوب بين عينيه كافر . ثم يتهجاها (ك ف ر) يقرؤه كل مسلم م ـ ١٠/ ٣٨٩ .

٨٦٨/١٤٨ وعن نافع عن ابن عمر اراه عن النبي ـ ﷺ ـ قال : [ان الدجال اعور العين اليمنى كانها عنبة طافية . ح ـ ١٠/ ٢٠٠

تەرجەمە :

لەم حەدیثەدا دەججال چاوی راستی ئەعوەرە . لە حەدیثی حوذەیفەدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی چەپی ئەعوەرە . تەوفیقی قەسطەلانی ١٠ ـ ٢٠١ .

لە صیفەتی دەججالا ئەم میقدارە کافی‌یە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ مەقصوودی لە ترسانی موسوڵمانان لە دەججال و بەیانی صیفەتی ئەمەیە کە خوا ـ عز وجل ـ لە ئاخری زەمانا خەڵق موبتەلا ئەکا بە فیتنەی دەججال . دەججالیش ئیددیعای خوایی ئەکا . خوا بۆ ئیمتیحانی خەڵق بەعزێ خاریقی عادەتی لەسەر دەستا خەلق ئەکا . ئەوی کە خوا موەففەقی بکا بروای پێ ناکا .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆ ئیرشادی موسوڵمانان ئەفەرموێ : دەجولە ، حادیثە ، جیسمە ، عەیب و نەقصی زۆری هەیە . خوا ـ عز وجل ـ ئەزەلی‌یە ، مونەززەهە لە صیفاتی حودووث ، لەعەیب و نەقص بەری‌یە . . . کە وابێ ئەگەر یەکێ لە ئێوە بگاتە زەمانی ئەوو بی‌بینێ ـ بەعزێ خاریقی عادەتیشی لەسەر دەستا ظوهوور بکا ـ بەوە نابێ بە خوا ، بەو نەقص و عەیبانە بزانێ کە درۆزن و کەذذابە . پێغەمەریش ـ ﷺ ـ خەبەری لێ داوەو بەیانی عەلامەت و خاریقی عادەتی فەرموە ، سەری لێ تێك نەچێ و شوێنی نەکەوێ . خوا سەرمان لێ تێك نەداو ڕیمان

پێ ون نەکا لەگەڵ هەموو برادەرو ئەحباب و خزم و موسوڵمانانا (آمین) .

٨٦٩/١٤٩ عن انس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله - ﷺ - قال : يتبع الدجال من يهود اصبهان سبعون الفا عليهم الطيالسة . م- ١٠/ ٤١٠

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لە جوولەکەی ئەصفەهان حەفتاهەزار شوێن دەججال ئەکەوێ ، هەموو طەیلەسانیان لەسەرایە .

طەیلەسان لەسەرکردن چاك نی یە ، لیباس و سەرپۆشی جوولەکەی تەبەعەی دەججاله .

٨٧٠/١٥٠ ام شريك [رضي الله تعالى عنها] سمعت النبي - ﷺ - يقول : ليفرّنَّ الناس من الدجال في الجبال ! قالت ام شريك : يا رسول الله فاين العرب يومئذ ؟ قال : هم قليل . م- ١٠/ ٤١٠

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - ئەيفەرموو : خەڵق بە پەتەوە لە دەججال هەرا ئەکەن ! (ام شريك) - رضي الله تعالى عنها - عەرزی کرد : (يا رسول الله) ئەو رۆژە عەرەب لە کوێن ؟ فەرمووی : عەرەب کەمن .

٨٧١/١٥١ ابو هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله - ﷺ - قال : لا تقوم الساعة حتى ينزل الروم بالأعماق ، او بدابق الاعماق [موضعان بقرب حلب] فيخرج اليهم جيش من المدينة من خيار اهل

الارض يومئذ ؛ فاذا تصافوا قالت الروم : خلّوا بيننا وبين الذين سَبَوا منا نقاتلهم ؛ فيقول المسلمون : لا والله ! لا نخلّي بينكم وبين اخواننا ، فيقاتلونهم فينهزم ثلث لا يتوب الله عليهم ابدا . ويقتل ثلثهم افضل الشهداء عند الله ، ويفتتح الثلث لا يفتنون ابدا . فيفتتحون قسطنطينية ، فبينما هم يقتسمون الغنائم قد علقوا سيوفهم بالزيتون اذ صاح فيهم الشيطان : ان المسيح قد خلفكم في اهليكم ، فيخرجون وذلك باطل ، فاذا جاؤا الشام خرج . فبينما هم يعدون للقتال يسوّون الصفوف [للقتال] اذ اقيمت الصلاة ، فينزل عيسى ابن مريم [عليهما الصلاة والسلام] فَأَمَّهم ، فاذا رآه عدو الله ذاب كما يذوب الملح في الماء ، فلو تركه لانذاب حتى يهلك ، ولكن يقتله الله بيده ، فيريهم دمه في حربته . م ـ ١٠/٣٥٨

تەرجەمە :

ئەبو هورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تا رۆم نازڵ نەبێتە (اعماق) یا فەرمووی (دابق الاعماق) [کە دوو جێن لە نزیکی حەڵەب] قیامەت هەڵناستێ ، کە هاتنە ئەوێ لە مەدینەوە لەشکرێکیان لە چاکترینی ئەهلی ئەرزی ئەو وەختە بۆ ئەچێتە دەرێ ، کە بەرابەر یەك صەفیان بەست بۆ شەڕ رۆم بەو موسوڵمانانە ئەڵێن : ڕێمان بۆ چۆڵ بکەن لە بەینی ئێمەو ئەوانەی کە ئەسیریان لێ گرتووین شەڕیان لەگەڵ بکەین [ئەسیرەکانمان نەجات بدەین] ئەو موسوڵمانانە بە ڕۆمەکان ئەڵێن : وەڵڵاهی لە بەینی ئێوەو برادەری دینیمان ڕێ چۆڵ ناکەین ، شەڕیان لەگەڵا ئەکەن ، سێیەکی لەشکری موسوڵمانەکان ئەشکێن قەت خوا تەوبەیان لێ قەبووڵ ناکا ، سێیەکیشیان لێ شەهید ئەبێ کە چاکترینی شوهەدان لای خوا ـ عز وجل ـ سێیەکیشیان

فەتح ئەکەن ، کە بە هیچ فیتنەیێ لە رێ ناچنەدەرێ ، فەتحی قوسطەنطین ئەکەن .

لەو وەختە خەریکی تەقسیمی تالان ئەبن و شیرەکانیان بە داری زەیتوونا هەلْئاوەسیبوو ، شەیتان صەیحەیێ ئەکا : کە دەججال واجێنشینی ئێوە بوە بە سەر ماڵ و منالەکانتەوە[1] لە قوسطەنطین ، ئەچنە دەرەوە ، ئەو قسەو بانگی شەیتانە باطیل بوو [چونکی ئێشتا دەججال خورووجی نەکردوە] کە ئەو لەشکرە هاتنەوە شام دەججال خورووج ئەکا ، تەداروکی شەڕ ئەکەن و بۆ شەڕ تەسوییەی صوفووف ئەکەن ، قامەت بۆ نوێژ ئەکرێ ، لەو وەختەدا حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم ـ علیهما الصلاة والسلام ـ نوزوول ئەفەرموێ ، نوێژ یان پێ ئەکاو ئەبێ بە ئیمامیان [ظاهیر وایە ئەم ئیمامەتییە دوای ئەو دەفعەیە بێ کە محەمەدی مەهدیی ئیمامەتیان بۆ ئەکا . حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئیقتیدای پێ ئەکا] کە دەججال چاوی بە حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ ئەکەوێ خوێ لە ناو ئاوا چۆن ئەتوێتەوە ئەویش وا ئەتوێتەوە ، ئەگەر حەزرەتی عیسا دەخلْی نەکردایە تا بە هیلاکا ئەچێ ئەتوایەوە ، ئەمما خوا بە دەستی حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ ئەیکوژێ ، حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ خوێنەکەیان پێ نیشان ئەدا کە بە سەری نێزەکەیەوە بوو .

---

(١) دەبوو بیگوتایە : منالەکانتانەوە .

٨٧٢/١٥٢ عن يسير بن جابر [رضي الله تعالى عنه] ، [وفي رواية شيبان بن فروخ عن اسير] قال : كنت في بيت عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] والبيت ملآن ، قال : فهاجت . اخرىم . قال : هاجت ريح حمراء [اى شديدة] بالكوفة ، فجاء رجل ليس له هجّيرىٰ [اي شأن ودأب] الايا عبدالله بن مسعود جاءت الساعة ! قال : فقعد وكان متكئا ، فقال : ان الساعة لاتقوم حتى لايقسم ميراث ، ولا يفرح بغنيمة . ثم قال بيده هكذا ، ونحاها نحو الشام ، فقال : عدو يجمعون لأهل الاسلام ويجمع لهم اهل الاسلام . [قال يسير] : قلت : الرومَ تعني ؟ قال : نعم ، وتكون عند ذاكم القتال ردة شديدة ، فيشترط المسلمون شُرْطة [طائفة من الجيش تقدم للقتال] للموت لاترجع الا غالبة ، فيقتتلون حتى يحجر بينهم الليل ، فيفيُ [يرجع] هؤلاء وهؤلاء كل غير غالب ، وتفنى الشرطة ، ثم يشترط المسلمون شرطة للموت لاترجع الا غالبة ، فيقتتلون حتى يحجر بينهم الليل ، فيفيُ هؤلاء وهؤلاء كل غير غالب ، وتفنى الشُرْطة ، ثم يشترط المسلمون شرطة للموت لاترجع الا غالبة ، فيقتتلون حتى يمسوا ، فيفيُ هؤلاء وهؤلاء كل غير غالب وتفنى الشرطة ، فاذا كان اليوم الرابع نَهد اليهم بقية اهل الاسلام ، فيجعل الله الدبرة [اي الهزيمة] فيقتتلون مقتلة . اما قال : لايرى مثلها . واما قال : لم يُرَ مثلها ، حتى ان الطائر ليمر بجنباتهم [نواحيهم] فما يُخَلِّفُهمْ [اي يجاوزهم] حتى يخرّ ميتا . فيتعاد بنو الأب كانوا مائة فلا يجدون بقي منهم الا الرجل الواحد ، فبأي غنيمة يفرح ؟ او اي ميراث يقاسم ؟

فبيناهم كذلك اذ سمعوا ببأس هو اكبر من ذلك ، فجاءهم الصريخ : ان الدجال قد خلفهم في ذراريهم ، فيرفضون ما في ايديهم ،

ويُقْبِلون ، فيبعثـون عشرة فـوارس ، قـال رسـول الله : اني لأعـرف اسماءهم واسماء آبائهم ، والوان خيولهم ، هم خير فوارس على ظهـر الارض يومئذ ، او من خير فوارس على ظهر الارض يومئذ . قال ابن ابي شيبة في روايته عن اسير بن جابر . م ـ ١٠ / ٣٦١

تەرجەمە :

يوسەيرى كورى جابير ـ رضى الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بايێكى بە شيددەت هات لە كووفە ، پياوێ هات هيچ ئادابێك و عادەتێكى نەبوو ئەوە نەبێ كە وتى : يا عەبدوڵلاى كورى مەسعوود قيامەت هات ! عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنـه ـ پاڵى دابـووەوە ، هەڵسـاو دانيشت ، قيامەت[1] هەڵناستێ تا واى لێ بێ كە : ميرات بەش ناكرێ ، كەس بە تالان دڵخۆش نابێ لە پاشا دەستى وا لێ كرد ، درێژى كـرد بۆ طـەرەفى شام ، فەرمووى : دوشمنێ لەشكر كۆئەكاتەوە بۆ شەر لەگەڵ ئيسلام ، ئيسلاميش لەشكر كۆئـەكەنـەوە بۆ شـەرلەگـەڵ كردنيـان . وتـم : ئەو دوشمنـە رۆمە ؟ فـەرمووى : بـەڵێ . لەو وەختـەدا پيـاهـەڵپـژانێكى بەشيددەت ئەبێ ، ئيسلام بەعزێ لە خەڵق هەڵەبژێرن كە لەسەر مردن شەر بكەن بە غالبى نەبێ نەگـەرێنەوە ، شـەر ئەكـەن تا شـەو لێكيان جوێ ئەكاتەوە ، هيچ لايێكيان غەڵەبە ناكەن ئەو فيرقەيە مەحو ئەبنەوە . رۆژى دوەميش و رۆژى سێيەميش بەو نەوعە . رۆژى چوارەم ئەو (بقيه السيوف) ەى كە لە ئيسلام ماونەوە لەگەڵيان ئەكەونە شەركردن ، خوا كـافرەكـان ئەشكێنێ ، شـەرێكى وا ئەكـەن كە ميثلى نابيسـرێ . يـا

(١) وەرگێر ـ خ ـ ماناى (فقال) ى بيرچوە ، واتە : فەرمووى : قيامەت . . . .

فـەرمووی : میثـلی نەبیستـراوە . طەیـر بە لایـانا رائـەبووری نـاگاتـە ئەوپەریـانەوە تـا ئەکـوژرێو بەلادا ئێ . عـەشیرەتێ ئـەولادی باوکێ هەڵەژمێررێن لە صەد یەکێکیان ئەمجا مابێ ! کە وابێ بە چە غەنیمەتێ دڵ خۆشە بێ ؟ یا چە میراتێ تەقسیم ئەکری ؟

کە لەو حـاڵەدا ئـەبن خەبـەری موصیبـەتێکی گەورە ئـەبیێن ، هاوارکەریان بۆ یێ

کە : دەججال لە دوای ئەوان لە ناو ماڵو منداڵیانا جێنشین بوە ، هەرچێیکان لە دەستایە هەمووی بەجێ یێڵنو ئەگەرێنەوە . دە سوار لە پێشەوە ئەنێرن . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ناوی خۆیان ، ناوی باوکیان ، رەنگی ئەسپەکانیان ئەزانم . ئەو دە سوارە لەو رۆژەدا چاکترینی ـ یا فەرمووی لە چاکترینی ـ سواری سەر ئەرزن .

ئەم حەدیثە لە ئەوەڵەکەی وا دەرەکەوێ کە مەوقووف بێ ، لەوە کە ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ فەرمـووی . . دەرەکەوێ کە مەرفووعە .

۸۷۳/۱۵۳ عن جابر ـ صحابي ابن الصحابي ـ بن سَمُرة عن نافع بن عتبة [رضي الله تعالى عنهم] قال : كنا مَع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غزوة ، قال : فاتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قومٌ من قبل المغرب فوافقوه عند اكمة ، فانهم لقيام ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قاعد ، قال : فقالت لي نفسي : ائتهم فقم بينهم وبينه لايغتالونه ، قال : ثم قلت : لعله نجى معهم . فاتيتهم فقمت بينهم وبينه . قال فحفظت منه اربع كلمات اَعُدهنَّ في يدي ، قال : تغزون جزيرة العرب فيفتحها الله ، ثم فارس فيفتحها الله ، ثم تغزون الروم فيفتحها الله ، ثم تغزون الدجال فيفتحها الله . قال [عبدالملك الراوي

عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فقال نافع [رضي الله تعالى عنه] : يا جابر لانرى الدجال يخرج حتى تفتح الروم . م ـ ١٠/٣٦٢

تەرجەمە :

نافيعی كوڕی عوتەيبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە غەزايێكا بووين لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەومێ لە طەرەف مەغريبەوە هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لای تەپۆڵكەيێ بە خزمەتی گەيين ، ئەوان بەپێوە بوون ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشريفی دانيشتبوو ، نەفسم پێی وتم : بچۆ لە بەينی ئەوان و پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ راوەستە مەبادا فرصەت ببينن و بيكوژن ، لە دوايی يا وتم : بەڵكو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قسەی سيرڕی يان لەگەڵ ئەكا ، چوومە لايان ، لە بەينی ئەوان و پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەستام ، چوار كەليمەم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حيفظ كرد لە دەستما ئەيژمێرم ، فەرمووی : غەزای (جزيرة العرب) ئەكەن و ، خوا ـ عز وجل ـ بۆتان فەتح ئەكا ، لە دوايی دا غەزای فارس ئەكەن و ، خوا بۆتان فەتح ئەكا . لە دوايی دا غەزای رۆم ئەكەن و خوا بۆتان فەتح ئەكا . لە دوايی دا غەزای دەججال ئەكەن و خوا بۆتان فەتح ئەكا . عەبدولمەليكی راويی ئەڵێ : نافيع ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە جابيری فەرموو ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئەی جابير وا ئەبينين تا رۆم فەتح نەكرێ دەججال نايێ .

لەسەر ئەو تەرتيبەی كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی (جزيرة العرب) و ، فارس و ، رۆم فەتح كران . ماوەتەوە دەججال ، ئەويش كە وەختی خۆی هات بە تەحقيق عەرەب فەتحی

ئـەکا . ئیحتیمـالی ئەوەیشی هـەیە کـە خیطابـەکە عـام بێ بۆ هـەموو موسولْمانان . سێ مـوعجیزەی گـەورەی تیایـەو تەحـەققوقی کـردوە . موعجیزەی چوارەمیش ئەبێ تەحەققوق بکا . آمنت به وبما جاء به ـ علیه الصلاة والسلام ـ

دەججال و یەئجووج و مەئجووج

٨٧٤/١٥٤ عن النواس بن سمعان قال : ذكر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الدجال ذات غداة ، فخفَّض فيه ورفَّع [اى حقَّر شأنه ببيان عيوبه ، وفخم شأنه بما يفعله الله من الخوارق على يده . او خفَّض صوته عند التعب ، ورفع صوته بعدما استراح ليبلغ صوته كل احد . من نووي] حتى ظنناه في طائفة النخل ، فلما رحنا اليه عرف ذلك فينا . فقال : ماشأنكم ؟ قلنا : يارسول الله ذكرت الدجال غداة ، فخفَّضت فيه ورفَّعت حتى ظنناه في طائفة النخل ، فقال : غير الدجال اخوفني عليكم [اى اخوف مخوفاتي عليكم] إن يخرج وانا فيكم فانا حجيجه دونكم ، وان يخرج ولست فيكم فامرؤ حجيج نفسه ، والله خليفتي على كل مسلم ، انه شابٌ قَطَط ، عينه عنبة طافئة كأني اشبهه بعبد العزى بن قطن [رجل من خزاعة مات بالجاهلية] فمن ادركه منكم فليقرأ عليه فواتح سورة الكهف انه خارج خَلَّةً [اى ما] بين الشام والعراق فعاث [ففسد وأفسد] يمينا ، وعاث شمالا . ياعباد الله فاثبتوا . قلنا : يا رسول الله ومالبثه في الارض ؟ قال : اربعون يوما : يوم كسنة ، ويوم كشهر ، ويوم كجمعة . وسائر ايامه كأيامكم [سنة واربع وسبعون يوما ، ولاشك ان ضرره اقل من الرؤساء الظالمين الضالِّين المضِلِّين ، كما قاله عليه الصلاة والسلام . اللهم احفظنا من شرورهم]

قلنا : يارسول الله فذلك اليوم الذي كسنة [اى وكشهر وجمعة] اتكفينا فيه صلاة يوم ؟ قال : لا . إقدِروا له قدره [بابه نصر وضرب]

قلنا : يا رسول الله وما اسراعه في الارض ؟ قال : كالغيث استدبرته الريح ، فيأتي على القوم ، فيدعوهم فيؤمنون به ويستجيبون له ، فيأمر السماء فتمطر ، والارض فتنبت ، فتروح عليهم سارحتهم اطول ماكانت ذرى واسبغه ضروعا وامده خواصر ، ثم يأتي القوم فيدعوهم ، فيردون عليه قوله . فينصرف عنهم ، فيصبحون ممحلين ليس بايديهم شئ من اموالهم ، ويمر بالخربة [بفتحتين جمع خرب ، وبفتح فكسر صفة] فيقول لها : أخرجي كنوزك فتتبعه كنوزها كيعاسيب النحل [ذكورها ، او جماعتها] ثم يدعو رجلا شبابا مُمْتلئا فيضربه بالسيف فيقطعه جزلتين [قطعتين] رمية الغَرَض [اى بينهما مقدار رميتها] ثم يدعوه فيُقْبِل ويتهلَّل وجهه ويضحك ، فبينما هو كذلك اذ بعث الله المسيح بن مريم ـ عليهما الصلاة والسلام ـ فينزل عند المنارة البيضاء [وهي موجودة اليوم] شرقيَّ دِمَشْقَ بين مهرودتين [بالدال والذال : لابس ثوبين مصبوغين بالورس والزعفران] واضعاكفيه على اجنحة ملكين ، اذا طأطأ رأسه قطر ، واذا رفعه تحدد منه جمال اللؤلؤ ، فلا يحل لكافر يجد ريح نَفَسه الامات ، ونَفَسه ينتهي حيث ينتهى طرفه ، فيطلبه حتى يدركه بباب بلدة (لُدّ) فيقتله .

ثم يأتي عيسى ابن مريم [عليهما الصلاة والسلام] الى قوم قد عصمهم الله منه ، فيمسح عن وجوههم ، ويحدثهم بدرجاتهم في الجنة . فبينما هو كذلك اذ اوحى الله الى عيسى ـ عليه السلام ـ : اني قد أخرجتُ عبادا لي لايدان لاحد بقتالهم فحرِّز [اى ضم] عبادي الى الطور [واجعله حرزالهم] .

ويبعث الله يأجوج ومأجوج وهم من كل حدب ينسلون ، فيمر اوائلهم على بحيرة طبرية فيشربون ما فيها ، ويمر آخرهم فيقولون : لقد

كان بهذه مرَّةً ماءً ! ويحصر نبي الله عيسى - عليه السلام - واصحابه حتى يكون رأس الثور لأحدهم خيرا من مائة دينار لاحدكم اليوم ، فيرغب نبي الله عيسى واصحابه ، فيرسل الله تعالى عليهم النغف في رقابهم [دودة تكون في انوف الابل والغنم] فيصبحون فَرْسىٰ [مقتولين] كموت نفس واحدة . ثم يهبط نبي الله عيسى - عليه السلام - واصحابه الى الارض ، فلا يجدون في الارض موضع شبر الا ملأه زهَمهم [دسمهم] ونتنهم ، فيرغب نبي الله عيسى - عليه السلام - واصحابه الى الله تعالى فيرسل الله طيرا كاعناق البخت فتحملهم فَتطرحهم حيث شاء الله ، ثم يرسل الله مطرا لايكن منه بيت [لا يستتر] مددٍ ولا وبر [خانووى گڵ و خێوەت و دەوار] فيغسل الله الارض حتى يتركها كالزلقةً [وروى : كالزَلَفة كالمرآة ، او كالمصانع للماء ، او كالإجّانة للخضراء ، او كالروضة . . . معانٍ] ثم يقال للارض : انبتي ثمرتك ، وردي بركتك ، فيومئذ تأكل العصابة من الرمانة ، ويستظلون بِقحْفها ، ويبارك في الرِسل [اللبن] حتى ان اللِّقْحَةَ [تازەزاو] من الابل لتكفي الفئام من الناس [الجماعة الكثيرة] واللقحة من البقر لتكفي القبيلة من الناس ، واللقحة من الغنم لتكفي الفخذ من الناس . فبينماهم كذلك اذ بعث الله ريحا طيبة فتأخذهم تحت آباطهم ، فتقبض روح كل مؤمن وكل مسلم ، ويبقى شرار الناس يتهارجون فيها تهارج الحمر [يجامع الذكران النساء علنا فيمابينهم] فعليهم تقوم الساعة م - ١٠ / ٣٩١

وفي اخرى بعد قوله : (لقد كان بهذه مرةً ماءٌ) ثم يسيرون حتى ينتهوا الى جبل الخمر وهو جبل بيت المقدس ، فيقولون : لقد قتلنا من في الارض ، هلم فلنقتل من في السماء ! فيرمون بنشابهم الى السماء فيرد الله عليهم نشابهم مخضوبة دما . م - ١٠ / ٣٩٨

تەرجەمە :

نەواسی کوڕی سەمعان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەیانی یەك بەحثی لە دەججال فەرموو ، زۆری نزم کردەوەو تەحقیری کرد ، زۆری بەرزکردەوەو ، کردەوەیی و (خارق العادە) ی بەیان فەرموو : حەتا وامان ظەن برد گە لە ناو بەعزێ باخی خورماکانایە ، کە چووین بۆ لای خورماکانەوە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرقي پێ کردین کە ظەنمان بۆ کوێ چوە . فەرمووی : ئیشتان چی یە ئەچنە ناو دارخورماکانەوە ؟ عەرزمانکرد : (یارسول الله) تۆ بەیانی بەحثت لە دەججال فەرموو ، زۆرت نزم کردەوەو زۆریشت بەرزکردەوە ، حەتتا وا تێگەیین کە لە ناو بەعزێ لەو دارخورمایانەدایە . فەرمووی : [دەججال هیچ نی یە] ئەوی کە زۆر خۆف و ترسم لێی هەیە بۆئێوە دەججال نی یە ، غەیری دەججالە . ئەگەر دەججال خورووج بکات و من لەناوتانا بم من موعارەضەو مودافەعەی ئەکەم لە باتی ئێوە . ئەگەر خورووج بکاو من لەناوتانا نەبم هەرکەس لە ئێوە مودافەعەی نەفسی خۆی بکا ، خوا ـ عزوجل ـ وەکیلی من بێ لەسەر ئێوە . دەججال جەهێلێکی موو گرژو لوولە ، چاوی وەك بۆڵە ترێ بەرز بۆتەوە ، ئەوی کە من پێی بشوبهێنم عەبدولعوزای کوڕی قەطەنە . هەرکەسێ لە ئێوە بگاتە زەمانی ئەوو تووشی ببێ ئەووەڵی سوورەتی (الکهف) بخوێنێ . [لە ریوایەتێکی ترا ئاخری سوورەتی (الکهف) بخوێنێ] . دەججال لە مابەینی شام و عێراقا خورووج ئەکا . ئەی (عباد الله) ثابت ببن ، لەسەر ئیمان بمێنن . یەعنی تەبەعەی مەکەن . عەرزمانکرد : (یا رسول الله) چەندە لەسەر ئەرز ئەوەستێ ؟ فەرمووی : چل رۆژ ؛ رۆژێکی بە قەد ساڵێکە ، رۆژێکی بەقەد

مانگێکە ، رۆژێکی بەقەد هەفتەیێکە . باقی رۆژەکانی وەك رۆژی ئێستەی ئێوە وایە . یەعنی ساڵێك و هەفتاو چوار رۆژ ئەمێنێتەوە .

عەرزمانکرد : (یا رسول الله) ئەو رۆژەی کە بە قەد ساڵێکە ـ یەعنی ئەوانەیش کە بە قەد مانگێك و هەفتەیێکە ـ نوێژی رۆژێ بۆ ئێمە کافی یە ؟ فەرمووی : خەیر بە قەد رۆژەکانی تر تەقدیری بکەن . یەعنی هەر کە خورووجی کرد لە هەر بیست و چوار سەعاتا پێنج نوێژ بکەن .

عەرزمانکرد : (یا رسول الله) سیرعەتی و خێرایی لە ئەرزا چوونە ؟ فەرمووی : وەك بارانێکە بای لە پشتەوە بێ ، بەسەر قەومێکا رائەبوورێ دەعوەتیان ئەکا ، ئیمانی پێ ئەهێنن ، ئیجابەتی ئەمری ئەکەن ، ئەمر بە ئاسمان ئەکا باران ئەبارێنێ ، ئەمر بە ئەرز ئەکا گیاو زەراعەت ئەروێنێ ، حەیواناتیان ئێوارێ ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵێ بەرز ، گوانپڕ ، کەڵەکە هەڵاوساو . لە دوای ئەوە بەسەر قەومێکی ترا ئەڕوا دەعوەتیان ئەکا ، ئەمری ڕەدئەکەنەوە ، لێیان ئەگەڕێتەوە ، هەموو فەقیر ئەبن ، لە ماڵ و موڵکی خۆیان هیچیان بە دەستەوە نامێنێ . بە لای کەلاوەدا رائەبوورێ بە کەلاوەکە ئەڵێ : چە غەزنەت تیایە بیخەرە دەرێ ! غەزنەکەی وەك پوورەی هەنگ شوێنی ئەکەوێ ! لە دواییا پیاوێکی زۆر جوان و جەهێڵ بانگ ئەکا بە شیر لێی ئەدا ، ئەیکا بە دوو پارچەوە ، بەینی پارچەکانی بەقەد ئەوەندەی تیر بگرنە نیشان لێك دوورن ، لە دواییا بانگی ئەکا بە پێکەنین و رووخۆشی یێتەوە لای .

لەو وەختەدا کە ئەو لەسەر ئەو حاڵەیە [سەلطەنەت و قودرەت و شەوکەتەکەی لێ ئەبێ بە زەهری مار] خوا ـ عز وجل ـ حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم ئەنێرێ ـ علیه الصلاة والسلام ـ تەشریفی لای منارەی سپی ـ کە ئێمڕۆیش مەوجوودە ـ لە طەرەفی شەرقی دیمەشقەوەیە نوزوول ئەکا .

لە ناو دوو لیباسایە ، یەکێکیان بە زەعفەران ، یەکێکیان بە وەرس ـ کە گیایێکی بۆن خۆش و زەردەر رەنگ کراوە ، دەستی موبارەکی ناوەتە سەر باڵی دوو مەلائیکە کە سەری دانەوێنێ قەترەی ئاوی لێ یێتە خوارێ ، کە سەر بەرز بکاتەوە وەك دانە مرواریی لێ یێتە خوارێ . هیچ کافرێ بۆی حەڵاڵ نی یە کە بۆنی نەفەسی بکاو نەمرێ . بۆنی نەفەسی بە مەددی نەظەری خۆی ئەروا . حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ شوێن دەججال ئەکەوێ تا بەردەرگای شاری (لودد) ، کە شارێکە نزیکی قودوس ، ئەیگاتێ و بە جەهەننەمی موشەررەف ئەکا .

لە دواییا حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ تەشریفی یێتە لای قەومێ کە خوا حیفظی کردوون لە شەری فیتنەی دەججال . دەستی موبارەکی بەسەرو چاویانا ئەهێنێ ، خەبەریان ئەداتێ بە دەرەجەیان لە بەهەشتا ، لەو وەختەدا خوا وەحی نازڵ ئەکاتە سەر حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەفەرموێ : بەعزێ لە عیبادی خۆم خورووجم پێ کردوون ، هیچ کەس توانای نی یە کە حەربیان لەگەڵ بکا ، عیبادی من ببە بۆ کێوی طوور ، لەوێ موحافەظەیان بکە .

خوا یەئجووج و مەئجووج ئەنێرێ ، لە هەموو سەربەرەوژێرەیێ گلۆر ئەبنەوە ، ئەوەڵیان بە لای گۆلی طەبەری یەدا رائەبوورن ، چە ئاوێکی تیابێ هەمووی ئەخۆنەوە ئاخری یەکەیان بە لایا رائەبوورن ئەڵێن : دەفعەیێ ئێرە ئاوی تیا بوو ! یەئجووج و مەئجووج موحاصەرەی حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ و ئەصحابی ئەدا ، وای لێ ئێ کە سەری گایێکیان لە لا لە صەد دینار چاتر ئەبێ[1] . حەزرەتی عیسا ـ علیه

(١) دەبوو بینو وسیایە : لە صەد دینار بۆ یەکێکی ئیمرۆی ئێوە . . .

السلام ـ و ئەصحابی لە خوا ئەپارێنەوە ، خوا کرمێکیان لە ناو ملیانا بۆ ئەنێرێ ، بە یەك دەفعە وەك نەفسێکی واحیدە ئەمرن ، لە دواییدا حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ و ئەصحابی لە کێوی طوور ئێنە خوارەوە سەر ئەرز ، یەعنی بۆ دەشت جێ بستێ لە ئەرزا نی‌یە کە لە لاشەو بۆنی پیسیان پڕ نەبووبێ . حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ و ئەصحابی لە خوا ئەپارێنەوە . خوا ـ عز وجل ـ طەیرێك ئەنیرێ وەك ملی وشتر گەورە ، ئەو لاشانە هەڵەگرن فرێیان ئەدەنە ئەو جێیەی کە خوا ـ عز وجل ـ ئەمرو ئیرادەی کردوە لە دوایێدا خواباراننێك ئەنێرێ ، هێچ خانوویێك‌و هیچ خێوەتێ نابێ بە مانیعی ، خوا ـ عز وجل ـ ، بەو بارانە ئەرز ئەشواتەوە وەك مینای لێ ئەکا ، لە دوایی‌دا خوا ـ عز شأنه ـ ئەمر بە ئەرز ئەکا : درەختی میوە دارت بروێنە ، بەرەکەتەکەت بێنەرەوە . عەشیرەتێکی گەورە لە هەنارێك ئەخۆن ، لەبەر سێبەری تێکوڵەکەیا دائەنیشن ! بەرەکەت ئەکەوێتە شیرەوە بەو نەوعە وشترێکی تازەزاو بەشی عەشیرەتێ ئەکا . مانگایێکی تازەزاو بەشی فیرقەیێ لەو عەشیرەتە ئەکا . مەرێکی تازەزاو بەشی خێڵێ ئەکا . . . لەسەر ئەم حاڵەدا ئەبن ، خوا بایێکی بۆن‌خۆش ئەنێرێ . لە بن‌باخەڵیان ئەداو هەرچی موسوڵمان بێ ئەمرێ ، خەڵقی خراپ‌و فاسق‌و فاجیر ئەمێننەوە ، وەك کەرگەل بە ئاشکارا لای یەکتری سواری ژن ئەبن ! لەسەر ئەوانە قیامەت هەڵەستێ .

لە ریوایەتێکا ئەفەرموێ : ئەڕۆن تا شاخی خەمر کە شاخی قودوسە . ئەڵێن : خەڵقی سەرئەرزمان کوشت ، بێن خەڵقی ئاسمانیش بکوژین ! تیر ئەگرنە ئاسمان ، خوا بە خوێنەوە تیرەکەیان بۆ ئەگێڕێتەوە .

١٥٥/ ٨٧٥ عن ابي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : حدثنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوما حديثا طويلا عن الدجال ، فكان فيما يحدثنا به انه قال : يأتي الدجال ، وهو محرم عليه ان يدخل نِقابَ المدينة [طريق بين الجبلين ، او بقعة بعينها] فينزل بعض السباغ [ارض لاتنبت لملوحتها] التي تلي المدينة [من قبل الشام] ، فيخرج اليه يومئذ رجل هو خير الناس او من خير الناس [شك من الراوي] فيقول : اشهد انك الدجال الذي حدثنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حديثه . فيقول الدجال [لاوليائه] : أرأيتم ان قتلت هذا ثم احييته هل تشكون في الامر ؟ فيقولون : لا . فيقتله ثم يحييه . فيقول : والله ماكنت فيك اشدُّ بصيرة مني اليومَ . فيريد الدجال ان يقتله فلا يسلط عليه .

[وفي رواية الآتي عن ابي الوداك : فيأخذه الدجال ليذبحه ، فيجعل ما بين رقبته وترقوته نحاساً فلا يستطيع اليه سبيلا . قسطلاني] ح ـ ٣٢٦/٣ ح ـ ٢٠٣/١٠ ن . م ـ ٣٩٩/١٠ وفيه : قال ابو اسحاق : يقال : ان هذا الرجل هو الخضر [ابو اسحاق هذا هو ابراهيم بن سفيان راوي الكتاب عن مسلم . نووي] فيكون مسلم روى هذه القطعة عن ابي اسحاق . ثم روى ابو اسحاق تمام الكتاب عن مسلم .

تەرجەمە :

ئەبو سەعيدی خدريی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ بەحێکی دوورو درێژ ی لە دەجال بۆ فەرمووين . لەو فەرموودەی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەوەی تيا بوو کە دەجال بێت ، لە سەری حەرامە کە بچێتە ناو دەربەندی مەدينەوە لە بەعزێ جێی شۆرەکاتی خوار مەدينەوە باری لێ

ئەخا ، پیاوێ لە مەدینە ـ کە چاکترینی ، یا فەرمووی : لە چاکترینی ئینسانانانە لەو رۆژەدا ـ ئەچێ بۆلای دەججال ، بە دەججال ئەفەرموێ : شەهادەت ئەدەم کە تۆ ئەو دەججالەی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەبەری لێ داویت بە ئێمە . دەججال بەو خەڵقەی کە لە لایەتی ئەڵێ : پێم بڵێن ئەگەر ئەمە بکوژم و زیندووی بکەمەوە . . ئایا هیچ شکتان ئەمێنێ لەوەدا کە من خوای ئێوەم ؟ ئەڵێن : خەیر . ئەو پیاوە ئەکوژێ و زیندووی ئەکاتەوە . ئەو پیاوە بە دەججال ئەڵێ : وەڵلاهی هیچ رۆژێ لەمەوپێش یەقینم لەم رۆ زیاتر نەبوە لەوەدا کە تۆ دەججالی . دەججال تەمای ئەبێ بیکوژێ ، ناتوانێ .

لە ریوایەتی ئەبولوەداکا ئەفەرموێ : دەججال ئەیگرێ پاڵی ئەخا کە سەری بڕێ بە ئەمری خوا ـ عز وجل ـ مابەینی قورقوڕاگەیی و چۆڵەمەی ملی ئەکا بە تەختەیێکی مس . رێی نامێنێ کە سەری ببڕێ . ئەبوئیسحاق ئەفەرموێ : ئەڵێن : ئەو پیاوە حەزرەتی خضرە .

٨٧٦/١٥٦ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يخرج الدجال فيتوجه قِبَلَه رجلٌ من المؤمنين ، فتلقاه المسالح [قوم معهم السلاح يرتبون في المراكز] مسالح الدجال فيقولون له : اين تعمد ؟ فيقول : اعمد الى هذا الذي خرج . قال : فيقولون له : اوما تؤمن بربنا ؟ فيقول : ما بربنا خفاء . فيقولون : اقتلوه . فيقول بعضهم لبعض : اليس قد نهاكم ربكم ان تقتلوا احدا دونه ؟ قال : فينطلقون به الى الدجال ، فاذا رآه المؤمن قال : يا ايها الناس هذا الدجال الذي ذكر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ . قال : فيأمر الدجال به فيشجُّ [من شجَّ ، بجيم مشددة ، اى يجرح راسه

ووجهـه . او من شبح بشـين وباء وحـاء . اى يمدُّ] فيقـول : خذوه وشجوه ، فيوسع ظهره وبطنه ضربا . قال : فيقول : اما تؤمن بي ؟ قال : فيقول : انت المسيح الكذاب . قال : فيؤمر به فيؤشر بالمنشار من مفرقه حتى يفرق بين رجليه . قال : ثم يمشي الدجال بين القطعتين . ثم يقول له : قم . فيستوي قائما . قال : ثم يقول له : اتؤمن بي ؟ فيقول : ما ازددت فيك الا بصيرة . قال : ثم يقول : يا ايها الناس انه لايفعل بعدي باحد من الناس . قال : فيأخذه الدجال ليذبحه ، فيجعل مابين رقبته الى ترقوته نحاسا ، فلا يستطيع اليه سبيلا . قال : فيأخذ بيديه ورجليه فيقذف به ، فيحسب الناس انما قذفه الى النار ، وانما القي في الجنة . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هذا اعظم الناس شهادة عند رب العالمين . م ـ ١٠ / ٤٠٠

تەرجەمە :

ئەبو سەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : دەججال خورووج ئەكا ، پیاوێكی موسوڵمان ئەچێ بۆ لای ، لە رێ موحافیظی سەلاحشووری دەججالی پێئەگەن ، لێی ئەپرسن بۆكوێ ئەچی ؟ ئەفەرموێ : بۆلای ئەو پیاوەی كە خورووجی كردوە . پێی ئەڵێن : بۆ بـروا ناكـەی بە رەببی ئێمـە ؟ ئـەفەرمـوێ : رەببی ئێمە دیـارە پەنهان نیـیـە . ئـەڵـێن : بیكـوژن . بەعزێكیان بە بەعزێكیان ئەڵێن : بۆ دەججال نەهی لێ نەكردوون كـە هیچ كەس بە بێ ئەو مەكوژن ؟

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەیبەن بۆ لای دەججال ، كە موسوڵمانەكە چاوی بە دەججال كەوت ئەفەرموێ : ئەی خەڵقینە ئەمە ئەو دەججالەیە كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی .

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : دەججال ئەمر ئەکا ئەڵێ : بیگرن رایکێشن . کە رایان کێشا تێرتێر لە پشتو زگی ئەو پیاوە موسوڵمانە ئەدرێ . فەرمووی : دەججال پێی ئەڵێ : ئیتر ئیمانم پێ نایێنی ؟ ئەفەرموێ : تۆ مەسیحی کەززابی . فەرمووی : ئەمری پێ ئەکرێ بە مشار داینرێ ، لە تەپڵی سەریەوە تا ناولنگی لێک جوێ ئەکرێتەوە ! فەرمووی : دەججال بە مابەینی هەردوو لەتەکەیا ئەڕوا ، لە دوایيا دەججال پێی ئەڵێ : هەڵسە . هەڵەستێتە سەر پێ . فەرمووی : لە دوایيا پێی ئەڵێ : وام لێ کردیو ئیتر ئیمانم پێ ناهێنی ؟ ئەفەرموێ : بەوەی کە کردت غەیری یەقین بەوە کە تۆ دەججالی هیچ شتێکی ترم زیادی نەکردوە . [چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری داوینێ کە عەلامەتی دەججال ئەوەیە کە پیاو ئەکوژێو زیندووی ئەکاتەوە . ئەو عەلامەتە لە تۆدا مەوجودە ، کە وابێ بەمە کە کردت یەقینم پێی زیاد بوو] .

لە دوایيا ئەفەرموێ : ئەی خەڵقینە لە دوای ئەوە کە لەگەڵ منی کرد ئیتر ناتوانێ هیچ بکا بە خەڵقی تر . فەرمووی : دەججال ئەیگرێ تا سەری برێ ، بەینی ژێرچەنەیی و چالاڵی ملی ئەکرێ بە مس رێی نامێنێ کە سەری ببرێ . فەرمووی : دەججال هەردوو دەستیو هەردوو پێی ئەگرێو فرێی ئەدا . خەڵق وا تێ ئەگەن کە فرێی داوەتە ناو ئاگرەوە . ئەمما فرێی داوەتە ناو بەهەشتەوە . [یەعنی ناو ئەو ئاگرەی لە پێش چاوی خەڵق ئاگرە ، ئەمما لە حەقیقەتا باغو ئاوو گوڵزارە] .

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەو پیاوە لە خوصووصی شەهادەتەوە لە حوضووری (رب العالمين) ا لە هەموو کەسێ گەورەترە ؛ [چونکی لەسەر ئەو هەمو ئازارو جەفایەدا لە قسەی حەق لای نەدا] .

٨٧٧/١٥٧ عبدالله بن عمرو [بن العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] وجاءه رجل فقال : ما هذا الحديث الذي تحدث به ؟ تقول : ان الساعة تقوم الى كذا وكذا ؟ فقال : سبحان الله ، او لا اله الا الله ، او كلمة نحوهما . لقد هممت ان لا احدث احدا شيئا ابدا . انما قلت : انكم سترون بعد قليل امرا عظيما ؛ يحرّق البيت ، ويكون ، ويكون . ثم قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ تعالى عليه وسلم ـ : يخرج الدجال في أمتي ، فيمكث اربعين لا ادري اربعين يوما ، او اربعين شهرا ، او اربعين عاما . فيبعث الله عيسى بن مريم [عليهما الصلاة والسلام] كأنه عروة بن مسعود . فيطلبه فيُهلكه . ثم يمكث الناس سبع سنين ، ليس بين اثنين عداوة . ثم يرسل الله ريحا باردة من قبل الشام . فلا يبقى على وجه الأرض احد في قلبه مثقال ذرة من خير او ايمان الا قبضته . حتى لو أَنَّ احدكم دخل في كبد جبل لدخلته عليه حتى تَقْبِضَهُ . قال : سمعتها من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

قال : فيبقى شرار الناس في خفة الطير واحلام السباع ، لا يعرفون معروفا ولا ينكرون منكرا . فيتمثل لهم الشيطان ، فيقول : الا تستجيبون ؟ فيقولون : فما تأمرنا ؟ فيأمرهم بعبادة الاوثان وهم في ذلك دارّ رزقهم ، حسن عيشهم . ثم ينفخ في الصور ، فلا يسمعه احد الا اصغى لِيتا ورفع لِيتا [امال صفحة من العنق ، ورفع صفحته الاخرى] واول من يسمعه رجل يلوط حوض أبله ، فيصعق ويصعق الناس ، ثم يرسل الله ، او قال : ينزل الله مطرا كأنه الطلّ او الظلّ [قال العلماء : الاصح الطَلّ بالمهملة ، وهو الموافق للحديث الآخر انه كمني الرجال . نووي] نعمان الشاك . فتنبت منه اجساد الناس . ثم ينفخ فيه اخرى فاذا هم قيام ينظرون . ثم يقال : يا ايها الناس هلموا الى ربكم

وقفوهم انهم مسؤلون . قال : ثم يقال : اخرجوا بعث النار فيقال : من كم ؟ فيقال : من كل الف تسعمائة وتسعة وتسعين . قال : فذلك يوم يجعل الولدان شيبا . وذلك يوم يكشف عن ساق . م ـ ١٠ / ٤٠٢

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وتی : چیە ئەم حەدیثەی کە تۆ ئەیڵێی کە قیامەت تـا فـلانەو فـلانە وەقت هـەڵەستێ ؟ عـەبدوڵـڵا ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمووی : (سبحان الله) یا فەرمووی : (لا اله الا الله) یا کەلیمەیێکی وای فەرموو . نێتم وایە کە لەمەولا بۆ هیچ کەسێ هیچ حەدیثێ ریوایەت نەکەم . من هەر ئەمەم وتوە کە ئەوەندەی پێ ناچێ ئەمرێکی گـەورە ئـەبینن : بەیتـوڵڵا ئـەسووتێ [حـەججاج سـووتانی] ، ئـەوەو ئـەوە ئەبێ . . . لە دواییا فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ناو ئوممەتی منا دەججال هەڵەستێ . چل ئەوەستێ ، نازانم چل رۆژ یا چل مانگ ، یا چل ساڵ . لە دواییا خوا ـ عز وجل ـ حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم ـ عليه الصلاة والسلام ـ ئەنێرێ ، شوێنی ئەکەوێ ئەیکوژێ . لە دواییا حەوت ساڵ خەڵق ئەمێننەوە ، لە بەینی هیچ دوو کەسێکا دوشمنایەتی نابێ ، لە دواییا خوا باییێکی فێنك ئەنێرێ . لەسەر رووی ئەرزا هیچ کەسێ نایێڵێتەوە لەوانەی کە ذەرەیێ ئیمانی یا خێری لە دڵا بێ ، قەبضی رۆحی هەموویان ئەکا ، حەتتا ئەگەر یەکێ لە ئێوە بچێتە ناو جەرگەی شاخێکەوە ئەو بایە ئەچێتە ناو شاخەکە سەر ئەو کەسە تا قەبضی رۆحی ئەکا .

عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەوەم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیست فەرمووی : هەر خـەڵقی خراپ

ئەمێننەوە بۆ خراپەکردن . وەك مەل وانە ، ئەوەندە سووك هەڵـەستنە سەر خراپەکردن ، لە عەقڵی درندەدان ، نە چاك ئـەزانن کە بیکـەنو ئەمری پیٚ کەن ، نە خراپ ئەزانن کـە لێی لادەنو یەکێکی تـر کردی مەنعی بکەن . شەیتان بۆ ئەو کەسانە ئەچێتە شکڵی ئینسانەوە پێیان ئەڵێ : ئێوە بە گوێم ناکەن ؟ ئەڵێ : بە چی ئەمرمان پیٚ ئەکەی ؟ ئەمریان پیٚ ئەکا بە بتپەرستن . ئەو خەڵقە لە بتپەرستنا رزقیان زۆر ئەبێ ، عەیشیان خۆش ئەبێ .

لە دواییا نەفخ ئەکریٚ بە صوورا ، هیچ کەس نیـە کە بیبیٚو لایێکی ملی لار نەکاتەوەو لایێکی بەرزنەکـاتەوە [و بـەلادا نەبیٚ] . فەرمووی : ئەوەڵ کەسیٚ کە ئەی‌بیٚ ئەو پیاوە حەوزی وشترەکانی سواغ ئەدا ، کە لێی ئاو بدا . بە هیلاکا ئەچیٚو هەموو خەڵقیش بە هیـلاکا ئەچن . لە دواییا خوا بارانیٚ ئەبارێنیٚ وەك پرووشەو شەونم ، یـا وەك سێبەر . نوعمان کەوتۆتە شکەوە کە عەبدوڵلا چۆنی فەرموە . [عولەما ئەڵێن : پرووشەو شەونم صەحیحترەو موافیقە لەگەڵ ئەو حەدیثەدا کە ئەفەرمویٚ : وەك مەنیی پیـاوانە] بـەو بارانـە جەسـەدی ئینسانی پیٚ ئەرویٚ ، لە دواییدا دەفعەیێکی تر نەفخ بە صـوورا ئەکـریٚ ، ئیسنان هەموو راست ئەبنەوەو تەماشا ئەکەن . لە پاشا ئەمر ئـەکریٚ : ئـەی ئینسانان بێن بۆ حوضووری خوای خۆتان . ئەمر ئەکریٚ رایانبگرن . سوئالیان لیٚ ئەکریٚ ، لە دواییا ئەمر ئەکریٚ ئەوی ئەچێتە ئاگرەوە جوێیان بکەنەوە . [ئەوی کە ئەمری پیٚ ئەکریٚ حەزرەتی ئادەمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ] ئەفەرمویٚ : لە چەند چەند ؟ ئەمری پیٚ ئەکریٚ لە هـەر هەزاریٚ نۆصەدو نەوەدو نۆ . فەرمووی : ئەوە ئەو رۆژەیە کە منال پیر ئەکا . ئەوە ئەو رۆژەیە کە بۆ حیساب قـولی لیٚ هەڵـەکریٚو شیـدەت

دەست پێ ئەكا .

اللهم حاسبنا وحسينا حسابايسيرا . تم ولله الحمد . جمعه ٢٠/٩ـ٩٤٠ .

نامەیەك بۆ مامۆستا مەلا حسەین

ئەی حسەینم ! ئەم وەرەقانەم لە بیستی مانگا تەواو کردبوو کە بە کاغەذەکەت موشەرەف بووم . فەرمووبووت : کەم کەمەیە غەڵەطی تیایە . راست ئەفەرمووی ؛ چونکی لە ئاخری پیریما خوا خستی یە دڵەوە کـە بوخـاریو موسلیم جـەمع بکـەمەوە . مـردن لێم نزیـك بـۆتـەوە **پەلەپەلە**[1] **لە پێش مردنا (انشاء الله) تەواوی بکەم** . لەبەر ئـەوە هەر نووسیومە تەماشام نەکردۆتەوە . لەسەر ئەمـری خێری جـەنابت ئـەم صەحیفانەم تەماشا کردەوە ، ئەوی فەرقم پێکرد لە غەڵەطی کیتابەتیدا بە قەدطاقەت ئیصلاحم کرد ئیمرۆو ئێستە (الحمد لله) تەواو بوو . جومعە ساعەت پێنجی (الافەرەنگە الاعشرین دقائق ٢٧/٩/٩٤٠)

ذیهنم کول بوە ، دەستم زۆر ئەلەرزێ ، مـەرەکەب هـەمووی

---

(١) لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا وتم : «وەکو خوا درێژەی دابێ بە تەمەنی بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە وایە . . » وە ئەو کاتەیش ئەم بەشەی ئێرەی کتێبەکەم لە بەردەستدا نەبوو .
ئێستە کە ئەمە دەخوێنینەوە دێینە سەر ئـەوە کە بڵێـین : وەك دەڵێن « دڵی خەبەری داوە » کە مردن کەلەبەری پێ گرتوەو ، تا زوو بکات درەنگە بۆیە لێرەدا وا بە (پەلەپەل) دەنووسێ و ، یەك جار کتێبەکە دەنووسێتەوە . وە وەك خۆیشی دەفەرموێ : کەمکەم هەڵەی نووسینی ـ وەك لـەم لاپەرەی سەرەوەدا دیارە ـ هەیە . منیش ئـەوەی کە هـەڵەی زۆر زەقو ئـاشکراو بچووك بێ وەك دەبینی لە سەرەوە لە باتی (٩٤٠) . (٣٤٠) نووسراوە ، یان نوختەی (غلط) نەکراوە . . ئەوانەم چاك کردوەو کەمتر لە پەراوێزەوە باسم کردوە . مەبەستیشم ئەوەیە کە کتێبەکە بەم پەراوێزانە زۆر نەکەمو ، ئەگەر هەڵیکم چنگ بکەوێ بۆ لەچاپدانی کتێبەکە تا بتوانم زیاتری لێ بەچـاپ بگەیێنمو لە دەست لەناوچوونی رزگار بکەم .

بۆیایه دایئه‌داته ئه‌و دیوه‌وه ، قه‌ڵه‌می خۆمان نی‌یه ، کاغه‌ذی چاك نی‌یه ، هه‌ر ئه‌وه‌نده ئه‌توانم . ئه‌گه‌ر عه‌ڵه‌طیشم بێ له مه‌عنادا ـ دیاره که هه‌یه ـ ئومێدم وایه به هیممه‌تی جه‌نابت‌و ئه‌حبابان که ئیصلاحی بکه‌ن ، با مه‌عنای حه‌دیثه موباره‌که‌کان به غه‌ڵه‌طی نه‌مێنێته‌وه .

له دوای ئه‌م بابه (انشاء الله) ده‌ست به فه‌ضائیلی ئه‌صحابی کیرام ئه‌که‌م که فه‌ضائیلی ئه‌وانیش هه‌ر له ته‌علیم‌و ته‌ربی‌یه‌ی پێغه‌مه‌ره ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، وعليهم الرضوان ـ ئه‌ویش له فه‌ضائیلی ئه‌و مه‌عدووده‌و ، به‌ره‌که‌ت‌و موعجیزه‌ی ئه‌وه . (متعني الله واياك بلقائهم تحت لوائه ـ عليه الصلاة والسلام ـ آمين) رشيد بابان ٢٧/ ٩/ ٣٤٠ .

ئه‌مه‌یشت عه‌رزبکه‌م ئه‌م وه‌ره‌قانه که ئه‌ینێرم به خدمه‌تی بگه‌ی (تأمل ؛ لانها احاديث) هه‌م ته‌بییضه هه‌م موسوه‌دده‌یه له خدمه‌ت هیچی تریانا نیم ، که بزانم موکه‌رِه‌ری تیایه یاتیا نی‌یه . ره‌نگه زۆری تیا بێ ، شایه‌د فه‌رقیان نه‌بێ مه‌ینووسن . (والسلام عليكم والسلام)

فضـائل اصحـاب النبي ـ عليه الصـلاة والسلام ، وعليهم رضوان الملك العلام . ٢٨/٩/٩٤٠

فضائلهم في الجملة

بسم الله الرحمن الرحيم

(الحمد لله رب العالمين ، صلوات الله وسلامه على سيد المرسلين . وعلى آله ، واصحابه ، وازواجه ، وذرياته الطيبين الطاهرين . رضوان الله تعالى عليهم أجمعين) .

ئەوی صوحبەتی پێغەمەری - ﷺ - کردبێ ، باسەعاتێکیش بێ ، یا پێغەمەری - ﷺ - دیبێ بە موسوڵمانی ، نێر بێ یا مێ ، گەورە بێ یا منداڵ . . ئەو کەسە صەحابی یە . ح/٦/٧٦

[مم] الفضيلة الآية[1]

﴿يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى ، وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ، ان اكرمكم عند الله اتقاكم ان الله عليم خبير[2]﴾ حجرات ح - ٦/٢

عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : الشعوب : القبايل العظام . والقبائل : البطون . ح - ٦/٣ .

﴿يا ايها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة ، وخلق منها زوجها ، وبث منهما رجالا كثيرا ونساء] واتقوا الله الذي تساءلون به والارحام ، ان الله كان عليكم رقيبا[3]﴾ . ح - ٦/٢ اول آية سورة النساء .

---

(١) ئەم ناونیشانەم باش بۆ نەخوێنرایەوە

(٢) سوورەتی حجرات ، ئایەتی (١٣)

(٣) سوورەتی نیساء ، ئایەتی (١)

خوا ـ عز وجل ـ بەم دوو ئایەتە کەریمە بەیانی ئەوە ئەکا کە فەضل و شەرەفی ئینسان بە : حەسەب و ، نەسەب و ، دەولەمەندی و عەشیرەت زۆری و ، شەوکەت و ، قوەتی دنیایی . . . نی یە ، چونکی دنیا بۆ هیچ کەس بەقای نەبوەو نابێ . لە موددەیێکی کەما ئەبرێتەوە ، صەد هەزار سال لە دنیادا بژی کە برایەوە وەکوو هیچ نەبووبێ وایە . نە لەذەتی نە ذیللەتی نامێنێ .

ئیمرۆ حەفتاو دوو سالم عومرە ، بە حیسابی شەمسیی ، هەر ئەم ثانەیە کە ئەمە ئەنووسم ، ئەویش وا رابورد . عیززەت و شەرەف بە ئیطاعەتی ئەمرو نەهی خوایە ، ئیطاعەتی پێغەمەرانیش ـ علیهم الصلاة والسلام ـ هەر ئیطاعەتی خوایە . دوای مردن فەقیرو پادشاە هیچ فەرقیان نامێنێ ، (ظاهرا) ئەبن بە جەماد ، با پادشاهەکەیش گومەزی ئالتوونی لەسەر بکرێ ، بە ئەطرافیا گول و گولزار بکرێ ، لە قەبرەکەیا مەشغوولی عەمەلی خۆیەتی . زۆرترینیان ئاوات بە گەلێ فەقیر ئەخوازێ کە لە برسانا مردبێ . سەلطەنەتەکەی لێ ئەبێ بە زەهری هەلاهی . (کوردیی ئەنووسم !) .

لە ئایەتی ئەوەلا ئەفەرموێ : ئەی ئینسانان ! بە تەحقیق من ئێوەم ، فەقیرتان و دەولەمەندتان ، پادشاو رەعییەتتانم ، لە نێرێك و لە مێیێکم خەلق کردوون کە ئادەم و حەووایە ـ علیهما السلام ـ یا کوللی یەکێکم لە ئێوە ، نێربێ یا مێ بێ ، حەسەب و نەسەبی ببێ یا نەیبێ . . لە باوکێك و لە دایکێ خەلق کردوە هەموو لەوەدا شەریکن ؛ وەکوو یەك وانە ، هیچ فەرقتان نی یە ، خالیقتان و ئەصلتان یەکێکە ، یەکێ روانوونی ، هەموو لقی دارێکن ، ئیتر چە مەعنای هەیە فەخربەسەر یەکتریدا ئەکەن ؟ لەو خوصووصەوە کەستان لە کەستان زیاتر نی یە .

ئێوەم کردوە بە شوعبەو قەبیلە بۆ خاتری ئەمە کە یەکتری بناسن ، وەك بڵێی فلاّن کەس لە فلاّن عەشیرەتە ، لە فلاّن قەبیلەیەتی ، لەو قەبیلەیش لە فلاّن خێڵە ، کوری یا کچی فلاّنە ، فلاّن کەس لە فلاّن شارە ، لە فلاّن محلەیە ، لە فلاّن شەقام و جادەیە ، لە فلاّن کۆڵانە ، لە خانەی فلاّن نومرۆیە کە پێی ئەڵێن ناونیشان ، ئادرەس . بەوە یەکتری ئەناسن ، یەکتری ئەدۆزنەوە ، لە یەکتری ون نابن . فایدەی شوعبەو قەبیلە هەر ئەوەندەیە . بۆیێکم نەکردوون بە عەشیرەت و قەبیلە کە فەخر بەسەر یەکتریدا بکەن ؛ چونکی عەشیرەت و قەبیلە نابن بە سەبەبی ئیفتیخارو گەورەیی و شەرەف ، گەورەو شەریف ئەوەیە کە لای خوا گەورەو شەریف بێ . گەورەبوون و شەریفبوون لە لای خوا بەوە ئەبێ کە ئینسان تەقواو عیبادەتی خواو ئیطاعەتی خوای زۆر بێ . کە وابێ ئەکرەمترین و مەقبوولترینی ئێوە لە حوزووری خوادا ئەوانەتانن کە تەقوای زیاتر بێ . بە تەحقیق خوا عیلمی هەیە بە ئێوەو خەبەری هەیە بەسەر ظاهیرو باطینتانا ، بەسەر هەموو عەمەلی چاکەو خراپەتانا . ئەزانێ کێتان تەقوای هەیەو کێتان نییەتی . هی کامتان زۆرە ، هی کامتان کەمە .

[ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژی فەتحی مەککە لەسەر ئوشترەکەیەوە خوطبەی خوێن ، بەوەی لایەق بە خوا بێ حەمدو ثەنای خوای کرد ، لە دوایی یا فەرمووی : ئەی ئینسانینە خوای تەعالا لە ئێوە تەعظیمی ئینسانی بە واسیطەی باوك و باپیرەوە ، کە عادەتی جاهیلییەت بوو ، قەطع کردوە . ئینسان دوو پیاوە ، یەعنی دوو نەوع ئینسانە : پیاوێکی صاحیب تەقوایە لای خوا کەریمە . یەعنی حەسەب و نەسەبی دنیایی ببێ یا نەبێ . پیاوێکیان فاسق و شەقییە ، سووکە لە لای خوا بێقەدرو قیمەتە ، پادشا

بێ یا گەدا بێ ، ئەو ئایەتەیشی خوێنەوە : ﴿ یا ایها الناس انا خلقناکم﴾[1] . . . الآیة . رواه ابن ابي حاتم . قسطلاني .

[بوخاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شەعب نەسەبی بەعیدە . قەبائیل لە خوار ئەوەوەیە .

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شوعووب قەبائیلی گەورە گەورەیە . قەبیلە بەطنە .

بەیضاوی و قەسطەلانی ئەفەرموون : (شعبە) جەمعێکی گەورەیە کە مەنسووب بێتە ئەلای باوکی . (شعبە) جامیعی گەلێ قەبیلەیە . قەبیلە جامیعی گەلێ (عمارە) یە ، (عمارە) جامیعی بەطنە . بەطن جامیعی گەلێ فەخذە . فەخذ جامیعی گەلێ فەصیلەیە . (خزیمە) شەعبە . (کنانە) قەبیلەیە . قورەیش عیمارەیە . قوصەی بەطنە . هاشم فەخذە . عەباس فەصیلەیە .

بەعزێك ئەڵێن : شەعب بەطنی عەجەمە ، قەبیلە بەطنی عەرەبە]

مەعنای ئایەتەکەی (نساء) :

ئەی ئینسانان ! تەقوای خوای خۆتان بکەن ، خۆتان لە موخالەفەی ئەمرو نەهی ئەو بپارێزن . رەببێکی واتانە ئێوەی لە تەنها یەك نەفس خەلق کردوە بە طەریقی تەوالود ، ئەو نەفسە کە حەزرەتی ئادەمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەگەر بڵێی : لە دوو نەفسی خەلق کردوە کە ئادەم و حەوایە ـ علیهما السلام ـ . . زەوجیشی کە حەزرەتی حەوایە ـ علیها السلام ـ هەر لەو نەفسە خەلق کردوە ، لە تەنها پەراسووییێکی چەپی ئەوی خەلق کردوە ، لەو دوانەیش چەندە پیاوی زۆرو ژنی زۆری

(١) سوورەتی : حجرات ، ئایەتی : (١٣) .

خەڵق و نەشرو بڵاو کردۆتەوە بەسەر ئەرزا .

خوایێکی ئەوەندە قادر بێ لە هیچ ئەرز خەلق بکـاو ، لە ئـەرز نەفسێك و ، لەو نەفسە ژنێك و ، لەو ژن و پیاوە ئەم هەموو ئینسانانەو ئەم هەموو پیاوو ژنە ئیجاد بکا . . بۆ قودرەتی نی یە بەسەریانا کە موخالەفەی بکەن عەذابیان بدا ؟ لەگەڵ ئەم قودرەتە قاهیرەیەو ئەو نیعمەتە باهیرەی ئیجـادو ئینعـام و ئیعـطای رزق و . . . صیفـاتی سـائیـرەو تـەدریجـا پەروەردەکردنیان بۆ لایەق نابێ بەمە ئیطاعەتی بکرێ و لە مـوخالـەفەی (توقی) بکرێ ؟

هەم خۆتان بپارێزن لە موخالەفەی ئەو خوایەی کە بە ناوی ئەوەوە داوای شت لە یەکتری ئەکەن ، ئەڵێن : تو خوا ئەوە وا بکەو ، ئەوە وا بکە . یەعنی ئیدراکی ئەوە ئەکەن کە خوایەو گەورەیەو (لازم الاطاعة)یە بۆیە بە ناوی ئەوەوە رجا لە یەکتری ئەکەن . وەك چۆن لەبەر عەظەمەتی ئەو ناوی ئەکەن بە شەفیع لای یەکتری لەبەر ئەو عەظەمەتەیش لازمە لە موخالەفەی خۆ بپارێزن .

هـەم خۆیشتـان لە قـەطعی صیلەی رەحم بپارێـزن ؛ چـونکی قەطعی ئەو مووجیبی ئەوەیە کە خوا ـ عز وجل ـ ئەوەی کە قەطعی ئەکا لە رەحمەتی خۆیی قەطع بکا . (انشـاء الله) بەحتی صیلەی رەحم لـە (رقاقا) بێت . بـۆیە لازمـە لەسـەرتان کـە خۆتـان لە خـواو لە رەحم بپارێزن ؛ چونکی بە تەحقیق خوا ـ عز وجل ـ حافیظی ئێوەیەو (مطلع)ە بەسەر ئەحواڵتانا ، چاوی لە هەموو کردەوەی چاکەو خراپەتانە ، هیچی لێ ون نابێ ، بە پێی ئەوە موعامەلەتان لەگەڵ ئەکا .

ئەم ئایەتەیش ئـەگەیێنێ کـە شەرەفـو گـەورەیی بە شـەرەفـو حەسەب و نەسەبی دنیەوی نی یە ؛ چونکی هەموو کەس ئەولادی دایك و

باوكێكن ، كەستان لە كەستان گەورەو شەریفتر نین . نەسەبی هەمووتان یەكێكە . حەسەبی دنیەویش (ظل)ێكی زائیلە . حەسەبی (اخروی)یش . ئەمجا لە ئاخیرەتا مەعلووم ئەبێ ، حەتتا ئەگەر ئینسان بە عیلمی دینی و عیبادەت و تەقوای ئیفتیخار بكا ئەبێ بە عوجب و خودپەسەندیی ، هەموو عەمەلی بە فەسادا ئەبا ، كە وابێ لە دنیادا مووجیبی ئیفتیخار هیچ شتێك مەوجوود نی یە . كە بە (منقّح)ی ئینسان چوە حوضووری خوا ئەو وەختە ئیستیفادە لە ئەعمالی صالیحەی ئەكا .
وفقنا الله وحسبنا على هذا وجعلنا من المتقين .

١/٨٧٨ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : تجدون الناس معادن ؛ خيارهم في الجاهلية خيارهم في الاسلام اذا فَقُهوا [ومن باب علم المضموم لازم ، والمسكور متعدٍّ] ، وتجدون خير الناس في هذا الشأن اشدهم له كراهية . وتجدون شر الناس [من شرار الناس . م] ذا الوجهين : الذي يأتي هؤلاء بوجه ويأتي هؤلاء بوجه .
ح ـ ٤/٦ ، م ـ ٤٢٠/٩
وفي مسلم: تجدون من خير الناس في هذا الامر اكرههم له قبل ان يقع فيه . م ـ ٤٢١/٩.
تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه .. پێغەمەر ـ ﷺ ـ .. فەرمووی : [لە خێرو شەڕا] نەوعی ئینسانتان وەك مەعدەن بۆ دەرەكەوێ . یەعنی چۆن مەعدەن چاكی هەیەو خراپی هەیە ؛ مەعدەنی زیوو ، ئاڵتوونو ، ئەڵماسو ، ئاسنو ، خەڵووزو .. سائیرەی هەیە .. ئینسانیش بەو نەوعە چاكو خراپو ، مەقبووڵو بەقیمەتو

بێقیمەتی هەیە . ئەو ئینسانانەی کە لە زەمانی جاهیلیەتا لە ناو خەڵقا ئیعتیبارو قیمەتی بوە لە دوای ئیسلامبوونیشیان بەو نـەوعە بـە نیسبەت غەیری خۆیانەوە بەو نەوعە ئیعتیبارو قیمەتیان موحافەظە ئەکەن ، بەو شەرتە کە عیلمو فەضیلەتی دینییان ببێ ، ئەو وەختە فەضیلەتی زەمانی جاهیلیەتیشیان موحافەظە ئەکەن [یەعنی فەضیلەتی حەسەبیو نەجابەتی نەسەبیشیان بۆ ئـەبێ ، هەردوو شـەرەفەکـەیان ئـەبێ ، هەم شـەرەفی مەورووثیان ئەبێ ، هەم شەرەفی موکتەسەبیان ئەبێ .

١ ـ ئەگەر ئەو کەسەی کە لە زەمانی جاهیلییەتا شەریف بووبێ ـ وەك قورەیش (مثلا) ـ دوای ظوهووری ئیسلامییەت ئیسلامەتی قەبووڵ نەکا ـ با کوری پێغەمەرێکیش بووبێ ـ شەرەفی جاهیلییەتی هیـچ قیمەتی نامێنێ .

٢ ـ ئەگەر ئیسلامەتی قەبووڵ بکا جامیعی دوو شـەرەف ئەبێ ، ئـەو وەختە ئەگەر لەگەڵ ئەو دوو شەرەفەدا شەرەفی عیلمی دینیو ، زوهدو تەقوایشی ببێ ئەو وەختە لە ئەعلای دەرەجـەی شەرەفـا ئەبێ . ئەبێ بە تاجی مورەصصەعی هـەموو مـوسوڵمانان ؛ وەك خولەفای راشیدینو ئەهلی بەیتو ذورییاتی طاهیرین . ئەگەر لە جاهیلییەتا شەرەفی نەبووبێ ـ وەك جوولەکـەیێ موسـوڵمان ببێ ـ فەقەط ئیسلامەتیەکەی بە عیلمو تەقوا ئارایش نەکا ئەو کەسە لە ئەدنای دەرەجەی شەرەفا ئەبێ . . لە ژوور ئەمەوە ئەو شەریفی جاهیلییەتەیە کـە ئیسلام بێو ئیسـلامەتیـەکەی بـە عیلمو تەقـوا مـوزەییەن نـەکا . لـە ژوور ئەمـەوە غەیـرە شـەریفی فـەقیهـو مـوتەقی ؛ پیـاوێکی دۆم کەسبی عیلمو فـەضـلو تـەقـوا بکـا ئەفضەلترە لە سەییدێکی غەیرەموتەقیو جاهیل .

خوڵاصه : مەثالی ئایەتەکانو ، مەثالی ئەم حەدیثە یەك ئەگرنەوە ، کە صیرف شەرەفی نەسەبی ی هیچ قیمەتی نی یە لە لای خوا ـ عز وجل ـ حەقیقەتی شەرەف هەر هی زوهدو تەقوایە ، ئەگەر شەرەفی نەسەبیشی لەگەڵا بێ ئەبێ بە (نور علی نور) ، وەك ئەڵماسێکی لێ بێ کە لە ناو گڵو قوڕا بێو پاکی بکەیتەوە] .

هەم لە ئیشی ئیمامەتیو خەلافەتا بۆتان مەعلووم ئەبێ کە کێ لە هەموو کەس زیاتر خەلافەتو ئەمارەت ئەکەرهێنێ [تا ئە کەوێتە ناوی (أخری یأتي انشاء الله تعالی) یەعنی کە کەوتە ناوی پێی خۆش ئەبێ] لێتان مەعلووم ئەبێ کە خرابترینی هەموو کەس ئەوەیە کە دووڕوە : بە روویەکی ئەچێتە لای ئەوانو بە روویێکی ئێتە لای ئەمان .

٢ / ٨٧٩ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [انه سئل عن قوله تعالى . خ اخرى] : ﴿الا المودّة في القربى﴾[1] فقال سعيد بن جبير [رحمه الله] : قربى محمد ـ ﷺ ـ [حمل الآية على امر المخاطبين بان يوادوا اقاربه ـ ﷺ ـ وهو عام لجميع المكلفين] فقال [ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لسعيد] : ان النبي ـ ﷺ ـ لم يكن بطن من قريش الا وله فيه قرابة . فنزلت عليه [هذه الآية التي تفسيره] الا ان تصلوا قرابة بيني وبينكم . ح ـ ٦/٤ ، ح ـ ٧/٣١٦ ، وفيه : فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما ـ لسعيد] : عجلت .

تەرجەمە :

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سوئالی تەفسیری ئەم ئایەتەی لێکرا کە لە (حم عسق)ایە کە تەفسیری وایە : ئەی محەمەد بە قورەیش بڵێ : کە من لەسەر ئەمە کە ئەحکامی خواتان تەبلیغ ئەکەم

(١) سوورەتی (شوری) ئایەتی : (٤٢)

هيچ ئەجرتان لێ طەلەب ناکەم ، هەر ئەمەتان لێ طەلەب ئەکەم کـە مەحەببەتی منتان ببێ لەبەر ئەوە کە خزمایەتیمان لە بەینایە . هەر کەسێ کەسبی حەسەنەیێ بکـا ، وە کوو مـەحەبـەتی پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ئێمە حەسەناتی زیاد ئەکەین ، بە تەحقیق خوا غەفوورو رەحیمە . . سەعیدی بنی جوبەیر ـ رحمه الله ـ کە لە خدمەتیا بوو فەرمووی : موراد لە (قربی) ئالی محەمەدە ـ علیه الصلاة والسلام ـ یەعنی موخـاطەبـەکان ، یـەعنی هەموو ئینسان ئەمریان پێ کراوە کە ئالی پێغەمەریان خۆش بوێ ـ ﷺ ، ورضي عنهم ـ .

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : موخاطەبەکان هەموو ئینسان نین ، تۆ عەجەلەت کرد لە تەفسیرەکەیا ، موخاطەبەکان تەنها قورەیشن . پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ قەومێ لە قورەیش نیە کە لەو قەومەدا زیاد لە قورەیشێتی خزمایەتییەکیان نەبێ لەگەڵ پێغەمەرا ـ ﷺ ـ یەعنی مەعنای ئایەتەکە وا نییە کە ئەی موسوڵمانینە ئێوە ئالی پێغەمەرتان ـ ﷺ ـ خۆش بوێ . مەعنای وایـە : ئەی قـورەیش پێغەمـەر ـ ﷺ ـ خزمی هەمووتانە ، هیچ نەبێ صیلەی خزمایەتییەکەی بەجێ بێنن ، هەر لەبەر خزمایەتییەکەی ئەوتان خۆش بوێ .

لەفظی (في) بۆ تەعلیلە .

٨٨٠/٣ عن جبير بن مطعم بن نوفل [رضي الله تعالى عنه] قـال : مشيت انا وعثمان [منبع الحياء والعـرفان ـ رضي الله تعـالى عنه ـ] الى رسـول الله ـ ﷺ ـ [فيـها قسـم من الخـمس بـين بني هـاشـم وبني المطلب ، د ، ن] [قال جبير : ولم يقسم النبي ـ ﷺ ـ لبني عبد شمس ، ولا لبني نوفل ح ـ ٢١٢/٥ اخرى] فقلنا : يـا رسول الله اعـطيت بني

المطلب ، وتركتنا ونحن وهم منك بمنزلة واحدة ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : انما بنو المطلب وبنو هاشم شيئ واحد . [سيّ واحد . ذر] ح ـ ٥/٢١١ ، ح ـ ٦/٧

تەرجەمە :

جوبەیری بنی موطعەم ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لەگەڵ عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ دا چووینە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ خومسێکی تەقسیم ئەکرد لە بەینی بەنی هاشم و (بني المطلب) بەشی (بني عبد الشمس)و بەنی نەوفەلی لێ نەدا عەرزمان کرد : (یا رسول الله) لە خومس بەشی (بني المطلب)ت داو بەشی ئێمەت نەدا . ئێمەت تەرك کرد ، حاڵ وایە کە ئێمەو ئەوان لەگەڵ تۆدا بە نیسبەت (عبدالمناف)ەوە دەرەجەیێکمان هەیە ؟ [ئەوان ئەولادی موطەلیبن ، ئەویش کوڕی (عبدالمناف)ە عوثمان ئەولادی (عبدالشمس)ە (عبدالشمس) کوڕی (عبدالمناف)ە ، موطعەم کوڕی نەوفەلە ، نەوفەلیش کوڕی عەبدولەنافە ، تۆیش کوڕی هاشمی ، هاشم کوڕی (عبدالمناف)ە . . بۆچ بە هاشمی و موطەلیبی ی ئەدەی ، بەشی نەوفەلی و عەبدوشەمسی نادەی ، باپیری هەموومان یەکێکە ؟] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : (بنو المطلب)و بەنوهاشم یەك شتن [چونکی هاشم باپیرمانە ، موطەلیب ـ با وەك باپیری ئێوە مامیشم بێ ـ ئەمما ئەو (عبدالمطلبی) باپیرمی پەروەردە کردوە ، مامەکانی تری دەخڵیان نەکردوە خۆیان تێنەگەیانوە]

٨٨١/٤ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال رسول الله ـ ﷺ ـ : قريش [بنو النضر ، او فهر بن مالك بن النضر] والانصار ، وجهينة ، ومزينة ، واسلم ، واشجع ، وغفار موالي ليس لهم مولى دون الله ورسوله . ح ـ ٦/٧ م ـ ٩/٤١٧

وعن ابي ايوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ بتقديم بعض على بعض ، وليس فيه قريش ، وفيه : ومن كان من بني عبدالله مواليَّ دون الناس ، والله ورسوله مولاهم .م في تلك الصحيفة .

٥/٨٨٢ عن ابي ذر [رضي الله تعالى عنه] قال : قال لي رسول الله ـ ﷺ ـ : ائت قومك فقل : ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : اسلم سالمها الله ، وغفار غفر الله لها [دعاء ، او خبر] م ـ ٩/٤١٦

٦/٨٨٣ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : اسلم سالمها الله ، وغفار غفر الله لها . اما اني لم اقلها . ولكن قالها الله ـ عز وجل ـ م ـ ٩/٤١٦

والاحاديث في حق اسلم وغفار وردت عن ابي ذر ، وابي ايوب ، وابي هريرة ، وجابر ، وخفاف بن ايماء ، وابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ

٧/٨٨٤ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ اخبر ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال على المنبر : غفار غفر الله لها ، واسلم سالمها الله ، وعصية عصت الله ورسوله . ح ـ ٦/١١ ، م ـ ٩/٤١٦

تەرجەمە :

١ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قورەیش و ، ئەنصارو ، جوهەینەو ، موزەینەو ، ئەسلەم و ، ئەشجەع و ، غیفار مەولاو یاریەدەری منن ، ئەوان غەیری خواو رەسوولی خوا یاریەدەریان نی یە .

٢ ـ ئەبوئەییوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەنصارو ، موزەینەو ، جوهەینەو ، غیفارو ، ئەشجەع و ، ئەوانەی لە ئەولادی عەبدوڵلا ـ ناوی جاهیلییەی

(عبدالعزى)يه پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناوی گۆڕین بۆیـە عەرەب پێیـان ئەڵێن : (بني محولة) لە غەطەفانن ـ بن مـەولای منن ، غەیـری ئەوان مەولام نین ، خواو رەسوولی خوایش مەولای ئەوانە .

٣ ـ عن ابي ذر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرمووم : بچـۆرە ناو قـەومەکـەت پێیان بـڵێ : کـە رەسـوولـوڵـلا ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەسلەم خوا موسالەمەی لەگەڵ کردوون ، یەعنی کە سەلامەتیان ئەکا لە عەذاب . غیفار خوا لێیان خۆش بوە .

٤ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەسلەم خوا سەلامەتیـان بکا ، غیفـار خوا لێیـان خۆش بـوە . خەبەرتان بێ ! ئەمە من نەمـوتوە خـوا فەرمـوویەتی [هـەرکەس ئیطاعەی ئەمری خوا ـ عز وجل ـ و رەسوولی خوا ـ علیه الصلاة والسلام ـ بکا وایە .]

٥ ـ ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەبەری داوە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر مینبـەر فەرمـووی : غیفار خـوا لێی خۆش بـوە ، ئەسلەم خوا موسالەمەی لەگەڵ کردوەو ، (عصیة) عیصیـانی لە خواو پێغەمەری خوا کردوە ـ ﷺ ـ

٨٨٥/٨ عن عدي بن حاتم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : اتيت عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] فقال لي : إن اول صدقة بيّضت [اى سرتهم وأفرحتهم . نووي] وجه رسـول الله ـ ﷺ ـ ووجوه اصحـابه صدقة طيٍّ جئت بها الى رسول الله ـ ﷺ ـ م ـ ٩/ ٤٢٠

تەرجەمە :

عودەیی کوڕی حاتەمی طائی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : هاتمە خدمەت عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرمووم : ئەوەڵ صەدەقەیێ کە رووی پێغەمەرو ئەصحابی پێغەمەری ـ ﷺ ـ ، ورضي عنهم ـ سپی کردبێ ، یەعنی فەرەحناکی کردبن صەدەقەی طەی بوە کە هێنات ئەلای پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

٨٨٦/٩ وعنه [رضي الله تعالى عنه] قال : اتينا عمر [رضي الله تعالى عنه] في وفد ، فجعل يدعو رجلا رجلا ويسميهم . فقلت : اما تعرفني يا امير المؤمنين ؟ قال : بلى أسلمتَ اذ كفروا ، وأقبلتَ اذ ادبروا ، واوْفيتَ اذ غدروا ، وعرفتَ اذ أنكروا . فقال عدي : فلا أبالي اذا . ح ـ ٦/٤٢٩ .

ذكر ابن اسحاق : ان خيل النبي ـ ﷺ ـ اصابت اخت عديّ ، وان النبيّ ـ ﷺ ـ منَّ عليها ، فأطلقها بعد أن استعطفها ، فقالت له : هلك الوالد ، وغاب الوافد ، فامنن عليَّ منَّ الله عليكَ . قال : ومَنْ وافِدُكِ ؟ قالت : عديُّ بن حاتم . قال : الفارُّ من الله ورسوله ؟ قال : فلما قَدِمتْ على عديّ اشارت عليه بالقدوم على رسول الله ـ ﷺ ـ فقدم واسلم .

وفي الترمذي : انه لما قدم قالوا : هذا عديٌّ بن حاتم . وكان النبيّ ـ ﷺ ـ قال قبل ذلك : اني لَأرجو الله ان يجعل يَدهُ في يدِهِ . قسطلاني .

تەرجەمە :

عەدیی کوڕی حاتەمی طائی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : هاتینە خدمەت عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەگەڵ جەماعەتێ عومەر

ـ رضي الله تعالى عنه ـ يەكە يەكە بانگی ئەكردن و ناوی ئەبردن . عەرزم كرد : (يا امير المؤمنين) نام ناسی ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەتناسم : لە وەختێكا ئەوان كافر بوون تۆ موسوڵمان بووی ، وەختێ ئەوان پشتیان تێكردين تۆ رووت تێكردين ، وەختێ ئەوان نەقضی عەهدیان كرد تۆ وەفات بە عەهد كرد ، وەختێ ئەوان ئێمەيان ئينكار كردو نەيان‌سين تۆ ئێمەت ناسی . عەديی فەرمووی : [كە بەم نەوعە ميقداری منت زانی] ئيتر باكم نی‌يە [لەوە كە لە لێپرسينا ئەوانت لێ پێش‌خستم] .

ئيبن و ئيسحاق ئەفەرموێ : سەبەبی ئيسلامی عەديی ئەوەيە كە : سواری لەشكری پێغەمەر ـ ﷺ ـ كچێكی حاتەمی طائی‌يان بە ئەسير گرت . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەلطيف و ئيكرامی گرت ، منەتی نا بەسەرياو ئازادی كرد . عەزری پێغەمەری ـ ﷺ ـ كرد : باوك بەهيلاك چوو ، هاتوچۆكەرمان غائيب بوو ، منەتم بەسەرا نێ ، خوا ئينعامت بەسەرا كا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هاتوچۆكەری تۆ كێيە ؟ وتی : عەديی كوری حاتەمە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەوەی كە لە خواو رەسوولی فيراری كردوە ؟ ئيبن وئيسحاق ئەڵێ : كە كچەكەی حاتەم عەودەتی كردەوەو ، چوە لای عەديی ئيشارەتی كرد كە بچێتە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ . ئەويش چوە خدمەتی و موسوڵمان بوو .

ترمذی ئەڵێ : كە عەديی هاتە حوضووری پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزيان‌كرد : ئەوە عەدی‌يە . لەوەپێشيش پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەيفەرموو : ئومێدم وايە بە خوا ـ عز وجل ـ كە دەستی عەديی بنێتە ناو دەستمەوە .

عەديی نەصرانی بوو ، بە بەرەكەتی رجای پێغەمەر ـ ﷺ ـ خوا كردی بەو صەحابە گەورە كە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەو نەوعە تەعريفی كرد .

١٠/ ٨٨٧ قال ابو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لا أزال أحبُّ بني تميم من ثلاث سمعتهن من رسول الله ـ ﷺ ـ : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : هم أشدُّ أمتي على الدجال . قال : وجاءت صدقاتهم فقال النبي ـ ﷺ ـ : هذه صدقات قومنا . قال : وكانت سبية منهم عند عائشة [رضي الله تعالى عنها] فقال النبي [رسول الله] ـ ﷺ ـ : اعتقيها فانها من ولد اسماعيل [عليه السلام] . ح ـ ٤/ ٣٠٧ م ـ ٩/ ٤٢٠ ، ح ـ ٦/ ٤١٥ .

وفي اخرى من مسلم مثله . وفيه : هم اشدُّ الناس قتالا في الملاحم . ولم يذكر الدجال . م ـ ٩/ ٤٢٠

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموویەتی : لە حوببی بەنی‌تەمیم قەط لانادەم لە بەر سێ شت کە لە پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیستوە : لێم بیست ئەیفەرموو : بەشیددەتترینی ئوممەتی منن لەسەر دەججال . لە ریوایەتەکەی ترا : بە شیددەتترینی خەڵقن لە حەربا . صەدەقەی بەنی‌تەمیم هات فەرمووی : ئەمە صەدەقەی قەومی خۆمانە . کچێکی ئەسیر لەوان لە خدمەت حەزرەتی عائیشەدا بوو ، فەرمووی : ئازادی بکە ؛ چونکە لە ئەولادی ئیسماعیلە ـ علیه السلام ـ .

١١/ ٨٨٨ عن الاعرج وعن طاوس ، كلاهما عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : نساء قريش خير نساء ركبن الابل . قال احدهما : صالح نساء قريش . وقال الآخر : نساء قريش احناه على يتيم [طفل . اخرى م] في صغره . وارعاه على زوج في ذات يده . م ـ ٩/ ٤٢٢

وفي اخرى مثله . وفي آخره يقول ابو هريرة على اثر ذلك : ولم تركب مريم بنت عمران بعيرا قط . م ـ ٩/٤٢٢

تەرجەمە :

ئەعرەج و طاوس لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت ئەکەن کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ژنانی قورەیش چاکترینی ئەو ژنانەن کە سواری وشتر بوون . یەکێکیان ئەڵێ : ژنی صالیحەی قورەیشە . ئەوی تریان ئەڵێ : ژنی قورەیشە شەفەقەتی لەگەڵ یەتیما ، لە ریوایەتەکەی ترا بەسەر منالاً لە وەختی منالی یا زۆرترە ، چاکیان پەروەردە ئەکەن ، کە هەتیو بن بەسەریانەوە رائەوەستن شووناکەنەوە ، ریعایەتی حەقی مێردی خۆیان ئەکەن لە هەموو خوصووصیێکیانا : لە (عرض)ا ، لە مالاً ، لە نەفەقەدا (مثلا) .

لە ریوایەتەکەی ترا ئەبوهورەیرە ئەڵێ : مەریەمەی کچی عیمران ـ رضي الله تعالى عنها ـ قەط سواری وشتر نەبوە . یەعنی لازم نایێ لەو چاکتر بن .

١٢ / ٨٨٩ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان النبي ـ ﷺ ـ خطب ام هانئ بنت أبي طالب [رضي الله تعالى عنها] فقالت : يا رسول الله اني قد كبُرتُ ، ولي عيال . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : خير نساء . ثم ذكر بمثل حديث يونس [راوى الحديث الاول عن إبن شهاب] غير انه قال : احناه على ولد في صغره . م ـ ٩/٤٢٢

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ خوازبێنی ئوموهانیئ کچی ئەبو طالیبی کرد [رضي الله تعالى عنها] عەرزی کرد : (يا رسول الله) من پیر بووم ، ماڵ و

منالْم هەيە . [يەعنى ئەترسم كە لە خدمەتتا قوصوور بكەم] ئەو وەختە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : ژنە قورەيشى چاكترينى ئەو ژنانەن كە سوارى وشتر بوون ، بە شەفەقەتترينى ژنانن بەسەر منالْيانا لە وەختى منالْى‌ياو ، بە ريعايەتترينى ژنانن لە خوصووصى حوقووقى مێرديانا .

سەعيدى بنى موسەييەب ئەفەرموێ : ئەبو هورەيرە دوايى ئەيفەرموو : مەريەمى كچى عيمران ـ رضي الله تعالى عنها ـ قەط سوارى وشتر نەبوە . مەقصوودى پێغەمەر ـ ﷺ ـ وايە كە ژنە قورەيشى لە هەموو ژنە عەرەب چاكترن . عەرەبيش لە خەڵقى تر چاكترن (في الجمله) بۆيە ئەبوهورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : مەريەم ـ رضي الله تعالى عنها ـ سوارى وشتر نەبوە . . لەوە لازم نايێ كە ژنە قورەيشى لەو چاكتر بن .

١٣/ ٨٩٠ سلمة [بن الاكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ على قوم من اسلم [بن اقصى[1] من اليمن] يتناضلون بالسوق ، فقال : ارموا بني اسماعيل ، فان اباكم كان راميا ، وانا مع بني فلان . [اى بنى الادرع] لاحد الفريقين فامسكوا [اي الفريق الآخر] بأيديهم ، فقال : ما لهم ؟ قالوا : وكيف نرمي وانت مع بني فلان ؟ فقال : ارموا وانا معكم كلكم . ح ـ ٥/ ٩٠/ ٣٥٨ ، ح ـ ٦/ ٩

[وعند ابن اسحاق : بينا محجن بن الادرع يناضل رجلا من اسلم يقال له : نضلة الخير . وفيه : فقال نضلة ـ والقى قوسه من يده ـ : والله لا أرمي معه وانت معه !]

تەرجەمە :

(سلمة بن الاكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ) ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی بەسەر قەومێکا لە ئەسلەم چوو ، لە بازارا تیریان ئەگرتە نیشانە ، فەرمووی : ئەی بەنی ئیسماعیل بهاون ، باوکی ئێوە ـ کە ئیسماعیلە ـ تیرانداز بوە . من لەگەڵ بەنی فلانم ، دەرحەق یەکێ لەو دوو فیرقەیەی فەرموو کە بەنی [ادرع]ن .

ئیبن و حیبان : ناوی ئەدروع (محجن)ە . [طبرانی]

فیرقەکەی تر لە ئەسلەم کە (نضرة الخیر)ە کەوانەکەی لە دەستی فرێدا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆچی نەضلە کەوانەکەی فرێدا ؟ نەضلە وتی : چۆن ئێمە تیر ئەهاوین کە تۆ لەگەڵ بەنی ئەدروعا بی ؟ ! [نضلة الخیر حەیا گرتی کە سەعی بکا تا غالب بێ بەسەر فیرقەییێکا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ یەکێ بێ لەو فیرقەیە] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تیر بهاون من لەگەڵ هەردوو لاتانم .

١٤/٨٩١ عن ابي بكرة [رضي الله تعالى عنه] : ان الاقرع بن حابس [التميمي ، وكان من مؤلفة الفتح] قال للنبي ـ ﷺ ـ : انما تابعك سُرّاق الحجيج من اسلم ، وغفار ، ومزينة . واحسبه : وجهينة [قال شعبة بن الحجاج محمد] بن يعقوب [الراوي هو الذي شك] . قال النبي ـ ﷺ ـ : ارأيت ان كان اسلم ، وغفار ، ومزينة ، واحسبه وجهينة خيرا من بني تميم ، ومن بني عامر واسد ، وغطفان ! خابوا وخسروا ؟ قال : نعم . قال : والذي نفسي بيده ! انهم لخير منهم . ح ـ ١٢/٦

١٥/٨٩٢ وعنه قال : قال النبي ـ ﷺ ـ : ارأيتم ان كان جهينة ، ومزينة ، واسلم ، وغفار خيرا من بني تميم ، وبني اسد ، ومن بني

عبدالله بن غطفـان ، ومن بني عامـر بن صعصعة ؟ فقـال رجل [هـو الاقرع] : خابوا وخسروا ! فقال [ﷺ] : هم خير من بني تميم ومن بني اسـد ، ومن بني عبدالله بن غـطفـان ، ومن بني عـامـر بن صعصعـة ح ـ ١٢/٦ ، م ـ ٤١٨/٩ ت ، وليس في هذا الشك .

تەرجەمە :

ئەبوبەکەرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . ئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : تۆ هەر ئەوانەی کە دزیی لە حەججاج ئەکەن لە قەومی ئەسلەمو ، غیفارو ، موزەینەو . (محەمەدی کوڕی ئەبویەعقووب ئەڵێ : ظەننم وایە کە وتیشی لە جـوهەینـە) . . شوێنت کەوتوون[1] ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خەبەرم بدەرێ ئەگەر ئەسلەمو ، غیفارو ، موزەینە ، وابزانم فەرموویشی جوهەینە ، چاکتر بن لە بەنی تەمیمو ، بەنی عامیرو ، ئەسەدو ، غەطەفـان ئایـا ئەمـانە مەحرووم و خەسارەتمەند ئەبن ؟ ئەقرەع وتی : بەڵێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! ئەوان چاکترن لەمان .

لە ریوایەتی دوەما کە عەبدولمەلیکی کوڕی عومەیر لە عەبدورەحمانی کوڕی ئەبوبەکرەی ریوایەت ئەکا لە جوهەینەدا شك نی یە . یەعنی بەوە کە بەعزێ لە بـەعزێ چـاکتر بێ لازم نـایێ کە بـەعزە (مفضـول)ەکە مەحرووم و خەسارەتمەند بن ؛ چونکی شك نی یە لەوەدا کە بەعزێ لە ئەهلی ئیمان لە بەعزێ چاکترن . حەتتا بەعزێ لە ئەنبیا تەفضیل دراون بەسەر بەعزێکا .

---

(١) وەرگێڕ ـ خ ـ مانای (تابعك)ی بیرچووبوو ، منیش بە (شوێنت کەوتوون) نووسیم .

١٦/ ٨٩٣ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : قال : قال [النبي] ـ ﷺ ـ : اسلم ، وغفار ، وشئ من مزينة ، وجهينة ، او قال شئ من جهينة ، او مزينة ، خير عند الله او قال يوم القيامة [الشك من احد الرواة] من اسد وتميم وهوازن وغَطَفان [ذكر هوازن بدل بني عامر ، وبنو عامر منهم ؛ فذكر هوازن اشمل] ح ـ ١٣/٦ ، م ـ ٤١٨/٩ بتقديم بعض على بعض .

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەسلەمو ، غیفارو ، بەعزێ لە موزەینەو ، جوهەینە . یا فەرمووی : بەعزێ لە جوهەینە یا موزەینە چاکترن لای خوا . یا فەرمووی : لە رۆژی قیامەتا لە ئەسەدو تەمیمو هەوازین و غەطەفان [لە باتی بەنی عامیر هەوازینی ذیکر فەرموە کە بەنی عامیر قەبیلەیێکە لە هەوازین] .

١٧/ ٨٩٤ عن عروة بن الزبير قال : كان عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] احب البشر الى عائشة [رضي الله تعالى عنها] وكانت لا تمسك شيئا مما جاءها من رزق الله تصدقت [أو مجهولا] ، فقال ابن الزبير : ينبغي ان يؤخذ على يديها . فقالت : ايؤخذ على يديّ ؟ عليَّ نذرٌ اِنْ كلمتُه ، فاستشفع اليها برجال من قريش وبأخوال رسول الله ـ ﷺ ـ [الزهريين] خاصة فامتنعتْ . فقال له الزهريون اخوال النبي ـ ﷺ ـ منهم عبدالرحمن بن الاسود بن عبد يغوث ، والمسور بن مَخْرمة : اذا استأذنّا فاقْتَحِم الحجاب ، ففعلَ ، فارسل اليها بعشر رقاب ، فاعتقتْهُمْ . ثم لم تزل تعتِقُهم حتى بلغت اربعينْ . وقالت : وددت أني جعلت حين حلفت عملا اعمله فافرغ منه . ح ـ ٧/٦

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر - رضي الله تعالى عنها - خۆشەویسترینی هەموو کەس بوو لە خزمەت حەزرەتی عایشەدا - رضي الله تعالى عنها - حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - لە رزقی خوا هەرچییێکی بۆ بهاتایە لای خۆی بەندی نەدەکرد ، ئەیبەخشی . ئیبن‌وزوبەیر - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : لازمە دەستی حەزرەتی عایشە بگیررێ ، حیجری بنرێتە سەر . حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : حیجرم ئەنێتە سەرو دەستم ئەگیررێ لە عەطا ؟ نەذرێکم لەسەر بێ ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەم . عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - کە ئەم خەبەرەی گەیی یێ لە خۆی ترسا ، شەفاعەتی بە واسیطەی گەلێ لە پیاوانی قورەیش بردە لا ، بە خوصووصی خاڵانی پێغەمەری - ﷺ - لە بەنی زوهرە بردە لا ، ئاشت‌نەبۆوە لەگەڵی . خاڵانی زوهریی پێغەمەر - ﷺ - کە یەکێ لەوان عەبدورەحمانی بنی ئەسوەدی بنی عەبدی یەغووثی [بنی وەهەبی بنی عەبدی مەنافو] میسوەری کوڕی مەخرەمەی [کوڕی ئوهەیبی ، کوڕی عەبدی مەناف بو] بە عەبدوڵڵایان فەرموو : ئێمە ئەچین ئیستیذانی لێ ئەکەین ، کە ئیذن دراین بچینە خزمەتی تۆ بچۆرە ئەودیو پەردەکەوە . عەبدوڵڵا وای کرد بەو نەوعە شەفاعەتیان قەبووڵ کرا . عەبدوڵڵا دە عەبدی ناردە خزمەت ، هەمووی ئازادکردن ، بەم نەوعە تا چل عەبدی ئازاد کردو فەرمووی : کاشکی شتێکم بکردایە کە سوێنم خوارد بیکەمو لێی بمەوە . یەعنی نەذرەکەم وا بکردایە : ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەم عەبدێ ئازاد بکەم ، یا مانگێ بەڕۆژوو بم . بە موطڵەقی نەموتایە نەذرم لەسەر بێ .

ئیمامی شافیعی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : که‌سێ وا به موطلّه‌قی نه‌ذر بکا نه‌ذره‌که‌ی (منعقد) ئه‌بێو دروسته ، موخه‌ییه‌ره له به‌ینی ئیشی خێرا ، ته‌عیینی موحه‌ووه‌له به‌و . ئه‌گه‌ر ئیشێکی خێری نه‌کرد که‌فاره‌تی سوێنی له‌سه‌ره . (بویطی) ئه‌فه‌رموێ : نه‌ذره‌که‌ی دروست نی‌یه‌و هیچی له‌سه‌ر نی‌یه .

١٨ / ٨٩٥ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : اذا سرّك ان تعلم جهل العرب فاقرأ ما فوق الثلاثين ومائة في سورة الانعام : ﴿قد خسر الذين قتلوا اولادهم سفها بغير علم . .﴾ الى قوله : ﴿قد ضلوا وما كانوا مهتدين . .﴾ ح ـ ٦/١٧

ته‌رجه‌مه :

ئیبن‌وعه‌باس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : ئه‌گه‌ر حه‌زه‌که‌ی جه‌هلی عه‌ره‌بتان لێ مه‌علووم بێ له سووره‌ی ئه‌نعام له ژوور ئایه‌تی صه‌دو سی‌یه‌وه بخوێنه‌ره‌وه که ئه‌فه‌رموێ : به ته‌حقیق ئه‌وانه که ئه‌ولادی خۆیان ئه‌کوژن به سه‌فاهه‌ت و بێ ئه‌مه که عیلمیان ببێ بزانن که شتێکی خراپ ئه‌که‌ن . . ئه‌وانه خه‌ساره‌تمه‌ندن : . . تا ئه‌و ئایه‌ته‌ی که ئه‌فه‌رموێ : به ته‌حقیق ئه‌وانه ڕێی حه‌قیان ونکردوه‌و ظه‌فه‌ریان پێ نه‌بردوه .

١٩ / ٨٩٦ قال ابو هريرة : قال النبي ـ ﷺ ـ : رأيت عمرو بن عامر بن لحى الخزاعي يجر قصبه في النار ، وكان اول من سيب السوائب ح ـ ٦/١٧

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چاوم بە عەمری کوری عامیری کوری لەحیای خەزاعی کەوت ریخۆڵەی بە ناو ئاگرا رائەکێشا ؛ چونکی ئەوەڵ کەسێکە سائیبەی ئیجاد کردوە .

سائیبە : ئەو وشترەیە کە ئەیبەنە لای خەدەمەی بەیت ، لای ئەوان بەرەڵای ئەکەن بە خێری بتەکانیان . ئیتر نە سواری ئەبن نە باری لێ ئەنێن .

٨٩٧/٢٠ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : استأذن حسان النبيَّ ـ ﷺ ـ في هجاء المشركين . قال : كيف بنسبي ؟ فقال حسان : لأسلنَّك منهم كما تسل الشعرة من العجين . خ ـ ١٩/٦

٨٩٨/٢١ وعن هشام عن ابيه [عروة] قال ذهبت : اسب حسانا عند عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فقالت : لا تسبه ، فانه كان ينافح عن رسول الله ـ ﷺ ـ . قال ابو الهيثم : نفحت الدابة اذا رمحت بحوافرها . ونفحه بالسيف : اذا تناوله من بعيد . ح ـ ١٩/٦ ، م ـ ٣٩٥/٩ وفيه : يا رسول الله إئذن لي في ابي سفيان . قال : كيف بقرابتي منه . . ؟ الخ .

تەرجەمە :

عایشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : حەسانی بنی ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیذنی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ خواست کە هەجوی موشریکین بکا [کە هەجوی ئەبوسوفیان بکا . م] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی نەسەبی من چی لێ ئەکەی ؟ [یەعنی هەجوی قورەیش بکەی ؛ چونکی منیش لەو نەسەبەم ، ئەو وەختە هەجوی نەسەبی منیش ئەکەی] حەسان فەرمووی : وەك چۆن موو لە هەویر ئەنرێتە دەرێ بەو

نەوعە تۆیش لەو قورەیشە ، کە هەجوی ئەکەم ، پێنمە دەرێ ، لەو هەجوە هیچ بە تۆوە نانووسێ .

عوروە ئەڵێ : حەسان لە مەسئەلەی (افك)ا دەرحەق عائیشە زۆر بێمەعنایی کردبوو . لەبەر ئەوە لە لای عائیشە جوێنم پێ ئەدا . فەرمووی : جوێنی پێ مەدە ، چونکی مودافەعەی پێغەمەری ئەکرد . - ﷺ -

٨٩٩/٢٢ عن مسروق قال : دخلت على عائشة [رضي الله تعالى عنها] وعندها حسان بن ثابت ينشدها شعرا يشبب بابيات له . وقال : حصان [عفيفة] رزان [صاحبة وقار] ما تُـزَنُّ [تُتَّهمُ] بريبة ، وتصبح غرثى [جائعة] من لحوم الغوافل . فقالت له عائشة [رضي الله تعالى عنها] : لكنك لستَ كذلك . قال مسروق : فقلتِ لها : لم تأذني له أن يدخل عليك وقد قال الله تعالى : ﴿والذي تولى كبره منهم له عذاب عظيم﴾[1] ؟فقالت : وأي عذاب اشد من العمى : قالت له : انه كان ينافح ، او يهاجي عن رسول الله - ﷺ - . ح - ٦/٣٣٢

تەرجەمە :

مەسرووق ئەفەرموێ : لە خدمەت حەزرەتی عائیشەدا - رضي الله تعالى عنها - دانیشتبووم ، حەسانی کوڕی ثابیتی لە خدمەتا بوو ، شیعری بۆ ئەخۆندەوە دەرحەق وەصفی ژنان ، مەعنای شیعرێکی وایە : ئەو ژنانە عەفیفە بوون ، صاحێب ویقارو بە (حیثیت) بوون ، بە هیچ نەوعێ توهمەتی خراپەیان پێ نەدەبرا ، برسی ئەبوون لە گۆشتی ئەو ژنانەی کە غافڵ و بێخەبەرن . [یەعنی ئەو ژنانە غەیبەتی ژنی تریان

(١) سوورەتی نوور . ئایەتی (١١)

نەدەکرد ، چون خۆیان لە توهمەت بەریی بوون ، لەوەیش بەریی بوون کە ئیفتیرا بە ژنی تر بکەن و بە گۆشتی ئەوان خۆیان تێر بکەن] .

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - بە حەسانی فەرموو : ئەمما تۆ وا نەبووی [من کە غافڵ بووم خەبەرم لە هیچ نەبوو تۆ ئیفتیرات پێکردم ، لە گۆشتی من خۆت تێرکرد] .

مەسرووق ئەفەرموێ : عەرزی حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - م کرد : تۆ بۆچی ییڵی و ئیذن ئەدەی کە حەسان بێتە خزمەتت ، وەلحاڵ خوا لە قورئانا لە ئایەتی تەبری‌یەی ذیمەتی تۆ لەو ئیفتیرایە ئەفەرموێ : ئەو کەسەی کە ئەو ئیفتیرایەی زۆر گەورە کردو رازانیەوەو ، بە ناو خەڵقا بڵاوی کردەوە عەذابێکی زۆر گەورەی هەیە کە پێی موعەذذەب ئەبێ ؟ [یەعنی حەسان وەکوو ئیبن و ئوبەی ئەو ئیفتیرایەی بە ناو خەڵقا رازانەوە شایعەی پێ بەست ، ئیتر بۆچ رێ ئەدەی ئەو موفتەری‌یە گەورەیە بێتە خدمەتت ؟] حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : چە عەذابێك لە کوێرییێتی بەشیددەتترە ؟ وا خوا لە دنیادا کوێری کرد . [چونکی ئەوی نەیدیبێ وەك بە چاو دیبێتی قسەی لێ‌کردو خوایش جەزای دایەوە .]

لە دواییا حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : حەسان مودافەعەی پێغەمەر - ﷺ - یا فەرمووی : موقابەلەی کوففار ئەکا بە هەجوکردنیان لە باتی پێغەمەر - ﷺ - [موقابیلی ئەو خراپەیەی ئەم چاکەیەی هەیە . (ان الحسنات يذهبن السيئات) حەسەنە خراپە مەحو ئەکاتەوە گوناهی ناییڵێ] .

٩٠٠/٢٣ عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : خير امتي قرني [زماني الذي كنت فيه] ثم الذين يلونهم ، ثم الذي يلونهم . قال عمران [رضي الله تعالى عنه] : فلا ادري أذَكَر بعد قرنه قرنين او ثلاثا ؟ ثم ان بعدكم قوما يشهدون ولا يستشهدون ، ويخونون ولا يؤتمنون ، وينذرون ولا يفون ، ويظهر فيهم السِّمَن . ح ـ ٦/٧٧ ، م ـ ٩/٤٢٧

وعن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ايضا ، وفيه : ثم يجئ قوم تسبق شهادة احدهم يمينه ويمينه شهادته . قال ابراهيم النخعي : وكانوا يضربونا على الشهادة والعهد ونحن صغار . ح ـ ٦/٧٨ ، م ـ ٩/٤٢٦ بدون الضرب .

وعن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها : قالت : سأل رجل النبيَّ ـ ﷺ ـ : اى الناس خير ؟ قال : القرن الذي انا فيه . ثم الثاني ، ثم الثالث . بدون شك م ـ ٩/٤٢٩

تەرجەمە :

عیمرانی کوڕی حصەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەیفەرموو : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چاکترینی ئوممەتی من ئەوانەن لە زەمانی حەیاتی منان ، لە پاش ئەوان ئەوانەن کە لە دوای ئەوان یێن ، لە دوای ئەوان ئەوانەی لە دوای ئەوانن . عیمران ئەفەرموێ : نازانم کە لە دوای قەرنی خۆی دوو قەرنی فەرمووە یا سیان ؟ [لە حەدیثی عائیشەدا ـ رضي الله تعالى عنها ـ و ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هیچ شکی تیا نی‌یە دوو قەرنی فەرموە] . لە دوای ئەو قەرنانە قەومێك یێن بێ ئەمە بیانکەن بە شاهید لە خۆیانەوە ئەبن بە شاهید ، بێ ئەمە طەڵەبی شەهادەتیان لێ بکەن لە خۆیانەوە ئەچن شەهادەت ئەدەن .

[له حەدیثەکەی ئیبن و مەسعوودا ئەفەرموێ : شەهـادەتیان لـە سوێنیان پێش ئەکەوێ ، سوێنیان لە شەهادەتیان پێش ئەکەوێ ، یەعنی حەریصن لەسەر سوێندو شەهادەت ، لە خۆیانەوە شەهادەت ئەدەن لە دواییا سوێندیشی لەسەر ئەخۆن ، بەعزێ وەقتیش لە پێشـەوە سوێنـد ئەخۆن لە دواییشا شەهادەت ئەدەن . ئیبراهیمی نەخەعي کە لە ریوایەتی ئیبن و مەسعوودایە ئەفەرموێ : ئێمە منالْ بووین ، لەسەر عەهدکردن و شەهادەتدانا لێیان ئەدایـن] خیانەت ئەکەن ئەمنی یەتیان پێ ناکرێ ، نەذر ئـەکەن بـەجێی نایێنن ، هـەر لـەگـەڵ ئـەوە خـەریکن کـە خـۆیـان قەڵەوبکەن ، قەڵەوییان پێوەدیارە .

ئێستە لە لاکۆڵانا قینطار دانراوە خەڵق ئەچن خۆیان ئەکێشن بزانن چەند کیلۆن ، ئەگەر دەفعەی پاشوو لە دەفعەی پێشوو کـەمتر بێ وەك باوك و برای مردبێ ئەوەندەی پێ ناخۆش ئەبێ . ئیفتیخار بە قـەڵەویی ئەکەن کەچی لای خوا - عز وجل - لە باڵە مێشوولە سووکترن !

مناقب المهاجرين وفضلهم

منهم ابو بكر بن ابي قحافة التميمي [واسمه عثمان ، وامه ام الخير سلمه ـ رضي الله تعالى عنهم ـ]

قال الله ـ تعالى ـ : ﴿للفقراء المهاجرين الذين اخرجوا من ديارهم واموالهم يبتغون فضلا من الله ورضوانا ، وينصرون الله ورسوله اولئك هم الصادقون﴾[1] حشر ص : ٥٤٤

وقال : ﴿الا تنصروه فقد نصره الله ، اذ اخرجه الذين كفروا ، ثاني اثنين اذ هما في الغار ، اذ يقول لصاحبه : لا تحزن ، ان الله معنا﴾[2] توبة . ص : ١٩٢ . ح ـ ٩/٧٨/٦

تەرجەمە :

صەدەقەو ، ئیحسانو ، فەیئ ـ ئەوەی بە بێ حەرب دەستی ئیسلام بکەوێ لە کوففارەوە ـ بۆ موهاجیری فەقیرن کە بە ناحەق لە دیاریانو لە ماڵیان کراونەدەرێ ، طەڵەبی فەضلو رەحمەتو ، ریضوان لە خوا ئەکەن موعاوەنەتی دینی خواو رەسووڵی خوا ئەدەن ، ئەو موهاجیرە فەقیرانە هەر لەسەر صیدقو وەفان لە راستی لەگەڵ خواو پێغەمەرا لا نادەن .

---

(١) سوورەتی حەشر . ئایەتی : ٨

(٢) سوورەتی تەوبە . ئایەتی : ٥

خوا - عز وجل - له سووره‌تی به‌رائه‌تا ئه‌فه‌رموێ : ئه‌گه‌ر ئێوه موعاوه‌نه‌تی پێغه‌مه‌ر نه‌که‌ن خوا موعاوه‌نه‌تی ئه‌کا ، وه‌ك چۆن که کافران له مه‌ککه‌یان کرده‌ده‌رێ دووه‌مینی دوو که‌س بوو که له غاره‌که‌دا بوون ، به صاحیبه‌که‌ی - که حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌کره - رضي الله تعالى عنه - فه‌رموو : مه‌حزوون مه‌به خوا له‌گه‌ڵ ئێمه‌یه چۆن ئه‌و وه‌خته که دوو که‌س بوون خوا موعاوه‌نه‌تی کردو له شه‌ڕی موشریکینی حیفظ کرد . . ئێسته‌یش که له غاره‌که هاتۆته‌ده‌رێ خوا موعاوه‌نه‌تی ئه‌کاو ضایعی ناکا .

قالت عائشة [ذكره في الهجرة] وابو سعيد [وصله ابن حبان في صحيحه] وابن عباس [أخرجه أحمد والحاكم - رضي الله تعالى عنهم -] : وكان ابو بكر مع النبيّ - ﷺ - [ورضي عنه] في الغار ح - ٦/ ٧٩ . معلق .

ته‌رجه‌مه :

عائیشه ، ئه‌بوسه‌عیدی خدریی ، ئیبن‌و عه‌باس [رضي الله تعالى عنهم] . . فه‌رموویانه : که پێغه‌مه‌ر - ﷺ - هیجره‌تی فه‌رموو و ته‌شریفی له غاره‌که‌دا ئیختیفای کرد . . حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌کری له خدمه‌تا بوو له ناو غاره‌که‌دا . (رضي الله تعالى عنه من صديق)

٩٠١/٢٤ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : كنا نخير بين الناس في زمن النبيّ - ﷺ - فنخير ابا بكر ، ثم عمر بن الخطاب ، ثم عثمان بن عفان - رضي الله تعالى عنه - ح - ٦/ ٨٢

ته‌رجه‌مه :

له ئیبن‌و عومه‌ر - رضي الله تعالى عنهما - وه ریوایه‌ته که فه‌رمووی : له زه‌مانی پێغه‌مه‌را - ﷺ - له به‌ینی خۆمانا به‌یانی ئه‌وه‌مان

ئەكرد كە لە بەینی ئەصحابا لە هەموویان چاكتر كێیە ؟ لە پێشا ئیمامی ئەبوبەكر ، دوای ئەو ئیمامی عومەر ، دوای ئەو ئیمامی عـوثمانی بنی عەفانمان تەرجیح ئەدا بەسەر باقیەكانا .

٩٠٢/٢٥ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كنـا في زمن النبي ـ ﷺ ـ لا نعدل بابي بكر احدا ، ثم عمر ، ثم عثمان ثم نتـرك اصحاب النبيّ ـ ﷺ ـ لا نفاضل بينهم . ح ـ ١٠٥/٦

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئـەفەرمـوێ : لە زەمـانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ كەسمان ئاوتای ئەبوبـەكر نـەدەگرت ، لـە دوای ئەو عومەر ، لە دوای ئەو عوثمان ، لە دوای ئەوە ئەصحابی پێغەمەرمان وەها ئەهێشتەوە ، تەرجیحمان نەدەدان بەسەر یەكتریدا .

٩٠٣/٢٦ عبدالله بن ابي مليكة ، قال : كتب اهل الكـوفة الى ابن الزبير في الجد . فقال : اما الذي قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لو كنت متخذا من هذه الامة خليلا لاتخذته انزله ابا ، يعني ابا بكر . ح ـ ٨٣/٦

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای كوڕی ئەبو مولەیكە ئەفەرموێ : كووفەیی نووسی یان بۆ خدمەت عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرحەق جەد كە : لە ئیرثا چی وەرەگرێ ؟ فەرمووی : ئەمما ئەو كەسـەی كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەرحەقی فەرموویەتی : ئەگەر لەم ئومەتە خـەلیلێكم بگرتایە ئەوم ئەگرت بە خەلیل .

فـەرموویـەتی : باپیـری باوكیی وەك بـاوك وایە . ئـەو كـەسـە

ئەبوبەکرە . چە روتبەیێ هەیە لە روتبەی خەلیلییێتی گەورەتر بێ ؟

٢٧ / ٩٠٤ عن جبير بن مطعم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أتت امرأة النبيَّ ـ ﷺ ـ [فكلمته في شيْ . اخرى] فأمرها أن ترجع اليه . قالت : أرأيت ان جئت ولم أجدك ؟ كأنها تقول الموت . قال ـ ﷺ ـ : ان لم تجديني فأتي ابا بكر . ح ـ ٨٤/٦ ، م ـ ٢٧٤/٩ ، ح ـ ٢٦١/١٠ [وباسناد ضعيف عن الطبراني : قلنا : يا رسول الله الى من ندفع صدقات اموالنا بعدك ؟ قال : الى ابي بكر الصديق . قسطلاني]

تەرجەمە :

جوبەیری بنی موطعیم ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ژنێ هاتە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆ شتێك قسەی لە خدمەتیا کرد ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرموو : کە لە دوایيدا دووبارە بچێتەوە خدمەتی . ژنەکە فەرمووی : ئەگەر هاتمەوەو تۆم دەست نەکەوتی . (کانە) ئەڵێ : تۆ وەفاتت کردبو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر منت دەست نەکەوت وەرەوە لای ئەبوبەکر .

لە حەدیثەکەی قەسطەلانی ئەفەرموێ : وتمان : (یا رسول الله) لە دوای تۆ صەدەقەی ماڵمان بدەین بە کێ ؟ فەرمووی : بیدەن بە ئەبوبەکری صەدیق .

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەلیفەی ئەووەڵە .

٢٨ / ٩٠٥ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : قال لي رسول الله ـ ﷺ ـ : ادعي لي ابا بكر اباك ، واخاك حتى اكتب كتابا ، فاني اخاف ان

يتمنى متمنٍ ويقول قائل انا اولى ، ويأبى الله والمؤمنون الا أبا بكر .
م - ٩ / ٢٧٤
تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - ئەمری پێ فەرمووم : ئەبوبەكری باوكتو ، براكەتم بۆ بانگ بكە تا شتێك بنووسم ؛ چونكی ئەترسم كە بەعزێ (متمني) تەمەننای ئەوە بكاتو بەعزێ كەس بڵێن : من ئەحەققم - یەعنی بە خەلافەت - ئەمما خواو موئمینان لە غەیری ئەبوبەكر ئیبا لە خەڵقی تر ئەكەن .

ئەم حەدیثە نەصە بەسەر خەلافەتی ئەبوبەكرا - رضي الله تعالى عنه - ئەگەر هەموو دنیا لەسەر غەیری ئەو ئیتیفاقی بكردایە هەر ئەوەبوو ؛ چونكی خوا ئیبای لە غەیری ئەو كردوە .

٩٠٦ / ٢٩ عن ابي سعيد - رضي الله تعالى عنه - قال : كان بين خالد بن الوليد وبين عبدالرحمن بن عوف [رضي الله تعالى عنهما] شئ ، فسبَّه خالد ، فقال رسول الله - ﷺ - : لا تسبُّوا احدا من اصحابي [فو الذي نفسي بيده . م اخرى عن ابي هريرة] فان احدكم لو انفق مثل احد ذهبا ما ادرك مُدَّ احدِهم ولا نصيفه . م - ٩ / ٤٣٢ .

وعن ابي هريرة - رضي الله تعالى عنه - بدون التصريح بسبب النهي عن السبِّ . ح - ٦ / ٩٠ . د ، ت ، ن ، جه .
تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خدریی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ... ه ...یی خالیدی بنی وەلیدو عەبدورەحمانی بنی عەوفا - رضي الله تعالى عنهما - دەمقاڵێی پێ بوو ، حەزرەتی خالید جوێنی بە عەبدورەحمان دا - رضي الله

تعالى عنهما - پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : جوێن بە ئەصحابی من مەدەن . قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! ئەگەر یەکێ لە ئێوە بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتوون لە ڕێی خوادا صەرف بکا ناگا تا موددێکی ئەوانو ، ناگاتە نیوە موددێکیشیان .

(فیه سؤال وجواب ! واستخراجهما الى عبدالسلام - سلمه الله ، واقرّ به عين أخي حفظه الله) .

٩٠٧/٣٠ عن ابي بردة عن ابيه [ابي موسى الاشعري - رضي الله تعالى عنه -] قال : صلينا المغرب مع رسول الله - ﷺ - ثم قلنا : لو جلسنا حتى نصلي معه العشاء ! قال : فجلسنا فخرج علينا ، فقال : ما زلتم ههنا ؟ قلنا : يا رسول الله صلينا معك المغرب ، ثم قلنا نجلس حتى نصلي معك العشاء قال : احسنتم ، او اصبتم . قال : فرفع راسه الى السماء ، وكان كثيرا ما يرفع رأسه إلى السماء ، فقال : النجومُ أَمَنة للسماء ؛ فاذا ذهبت النجوم اتى السماء ما توعدون . وانا أَمَنة لأصحابي فاذا ذهبت اتى اصحابي ما يوعدون [من الفتن] واصحابي اَمَنة لأمتي ، فاذا ذهب اصحابي اتى أمتي ما يوعدون [من ظهور البدع والحوادث في الدين وسائر اشراط الساعة] م - ٩/ ٤٢٤

تەرجەمە :

ئەبو موسای ئەشعەریی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : نوێژی شێوانمان لە خزمەت پێغەمەرا کرد - ﷺ - لە دواییدا وتمان : دابنیشتینایە تا نوێژی خەوتنانمان لە خزمەتا ئەکرد ! دانیشتین ، پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی هاتەدەرێ بۆ نوێژی خەوتنان ، فەرمووی : ئەوە هەر لێرەن ؟ عەرزمانکرد : نوێژی شێوانمان کردو وتمان با بمێنینەوە تا نوێژی

خەوتنانیشی لە خزمەتا ئەکەین . فەرمووی : چاکتان کرد ، یا ئیصابەتتان کرد . فەرمووی : سەری هەڵبری بۆ ئاسمان ، زۆر جار سەری بەرزەکردەوە بۆ ئاسمان [یەعنی بۆ ظوهووری بەرەکەت] لە پاشا فەرمووی : ئەستێرە ئەمینی یە بۆئاسمان ؛ کە ئەستێرەی ئاسمان نەما ئەو وەختە ئەو موصیبەتانەی کە وەعدەتان پێدراوە ، کە لە ئاسمانەوە یێ ، ئاسمان ئەیانهێنێ . من ئەمینیم بۆ ئە صحاب کە من ڕۆییم ئەو فیتنانەی کە وەعدەیان پێدرابێ بۆیان یێ . ئەصحاب ئەمینین بۆ ئوممەتی من کە ئەوان نەمان ئەوی وەعدەیان پێدرابێ بۆیان یێ . (صدق رسول الله - ﷺ -)

٩٠٨/٣١ عن عمار [بن ياسر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يقول : رأيت رسول الله ـ ﷺ ـ وما معه الا خمسة اعبد : [بلال ، زيد بن حارثة ، عامر بن فهيرة ، وابو فكيهة ـ مولى صفوان بن أمية بن خلف ـ وعبيد بن زيد الحبشي . وذكر بعضهم عمار بن ياسر بدل ابي فكيهة] وامرأتان : [خديجة ـ ام المؤمنين ـ وام ايمن ، او سمية] وابو بكر الصديق ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ح ـ ٨٤/٦

تەرجەمە :

عەمماری بنی یاسیر ئەفەرموێ : پێغەمەرم دی ـ ﷺ ـ غەیری پێنج عەبدو دوو ژن و ئەبوبەکری صەدیقی لە خدمەتا نەبوو ، کە ناویان نووسراوە .

٩٠٩/٣٢ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان لابي بكر [رضي الله تعالى عنه] غلام يخرج له الخراج ، وكان ابو بكر يأكل من

خراجه ، فجاء يوما بشيْ ، فأكل منه ابو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال له الغلام : تدري ما هذا ؟ فقال ابو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : وما هو ؟ قال : كنت تكهنت لانسان في الجاهلية وما أُحْسِنُ الكِهانةَ الا انيّ خدعته ، فلقيني فأعطاني بذلك ، فهذا الذي اكلتَ منه . فادخل ابو بكر يده فقاء كل شيىءٍ في بطنه ! ح ـ ٦/١٧٢

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ غولامێکی بوو لەو میقدارەی کە کەسبی ئەکرد میقدارێکی لەسەر مەعلووم کرابوو کە بیدا بە حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ . حەزرەتی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو خەرجەی ئەخوارد . رۆژێ غولامەکەی شتێ لەو کەسبەی هێنایە خدمەتی لێی خوارد ، غولامەکە عەرزی‌کرد : ئەزانی ئەوی بۆم هێنای چی بوو ؟ فەرمووی : چی بوو ؟ عەرزی کرد : لە زەمانی جاهیلییەتا کاهینیم بۆ پیاوێ کرد ، کولێ نانێتیشم نەئەزانی ، ئەمما خەڵەتانم ، تووشم بوو ، موقابیل بەو کوڵەنانێتی‌یە ئەوەی دامێ ، ئەوەیە کە تۆ لێت خوارد . حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستی کرد بە گەرروویا ، هەرچی لە زگیا بوو بە ئیستیفراق هێنایەوە !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەهی کردوە لە (حلوانی)[1] کوڵەنانی ، بە تەفرەدانیش بوە ، دوو نەوع حەرامی تیا بوە .

---

(١) ئەم وشەم بە باشی بۆ نەخوێنرایەوە ، وەك خۆی روونووسم کرد .

٩١٠/٣٣ عن ابي الدرداء [عويمر بن زيد بن قيس الانصاري] ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت جالسا عند النبي ـ ﷺ ـ اذ أقبل ابو بكر آخذا بطرف ثوبه حتى ابدى من ركبته . فقال النبي ـ ﷺ ـ : اما صاحبكم فقد غاص [اى خاصم] . فسلم وقال : يا رسول الله انه كان بيني وبين ابن الخطابِ شيئ فاسرعت اليه ثم نَدِمتُ ، فسألُته ان يغفر لي ، فابى عليَّ ؛ فاقبلتُ اليك . فقال : يغفر الله لك يا ابا بكر (ثلاثا) .

ثم ان عمر ندِم فاتى منزل ابي بكر [رضي الله تعالى عنهما] فسأل : أَثَمَّ ابو بكر ؟ فقالوا : لا . فأتى الى النبيِّ ـ ﷺ ـ فسلم عليه ، فجعل وجه النبي ـ ﷺ ـ يتمعَّرُ [تذهب نَضارته من الغضب] حتى اشفق ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] فجثا على ركبتيه ، فقال : يا رسول الله والله انا كنت اظلم (مرتين) فقال النبي ـ ﷺ ـ : ان الله بعثني اليكم فقلتم : كذبتَ ، وقال ابو بكر : صدق ؛ وواساني بنفسه وماله . فهل انتم تاركو لى صاحبي ؟ (مرتين) فما اوذي بعدها . ح ـ ٦/ ٨٤

تەرجەمە :

ئـەبودەرداء ـ رضي الله تعالى عنه ـ فـەرمووى : لـە خدمـەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ دانیشتبووم ، لەو وەختەدا حەزرەتى ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هات داوێنى لیباسەكەى گرتبوو تا ئەژنۆى دەركەوتبوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : ئەمما رەفیقەكەتان لەگەڵ یەكێكا دەمەقاڵێ بوە . تەشریفى هاتو سەلامى كرد . فەرمووى : (یا رسول الله) لـە بەینى منو (ابن الخطاب) شتێك بوو ، من عەجەلـەم كرد ، [یـەعنى قسەیێكى ناخۆشم پێ وت] لە دوایـیـدا پەشیمـان بوومـەوە ، طەڵـەبى لێخۆشبوونیم لێكـرد لێم خۆش نـەبوو . وا هـاتوومـە خدمـەت تۆ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : یا ئەبوبەكر خوا لێت خۆش بێ . (سێ جار واى فەرموو) .

له دواييا عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ په‌شيمان بۆوه ، ته‌شريفى چوه مالّى ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ، پرسيى : ئه‌بوبه‌كر له‌وێيه ؟ وتيان : خه‌ير . ئه‌ويش ته‌شريفى چوه خدمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ سه‌لامى لىّ كرد . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له غه‌ضه‌با ره‌نگى گۆڕراو تێكچوو . حه‌زره‌تى ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ترسا كه پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ شتێكى خراپ به ئيمامى عومه‌ر بلّىّ ، دۆعايێكى خراپى لىّ بكا . . حه‌زره‌تى صه‌ديق ـ رضي الله تعالى عنه ـ بـه‌چۆكـاهات ، فـه‌رمووى : (يـا رسول الله) وه‌للّاهى من له‌و زالّمتر بووم [يه‌عنى من له پێشا قسه‌م پىّ وت ، به ناحه‌ق ئازارى دلّم دا] (دووجار واى فه‌رموو) . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووى : خوا ـ عز وجل ـ منى به پێغه‌مه‌رييّتى بۆ ناردن ، ئێوه وتتان : درۆ ئه‌كه‌ى ، ئه‌بوبه‌كر وتى : راست ئه‌كا . به مالّى و به نه‌فسى خۆى چاكه‌ى له‌گه‌لّ كردووم . (دوو جار فه‌رمووى) ئيتر واز له براده‌ره‌كه‌م يێنن ؟ له دواى ئه‌م واقيعـه‌يه ئيـتر دلّى حه‌زره‌تى ئـه‌بوبـه‌كر لـه طه‌ره‌ف هيـچ كه‌سێكـه‌وه نه‌يێشێنرا .

ئيعتيرافى قوصوور ، شه‌فاعه‌ت لاى گه‌وره ، عه‌فوى قوصوورى غه‌ير . . . له مه‌كاريمى ئه‌خلاقه .

ئه‌مر به موراعاتى حه‌قى ئه‌هلى حه‌ق‌و ، ئه‌مر به ئيحتيرامى ئه‌هلى فه‌ضل‌و به‌يانى فه‌ضلى . سوننه‌ته .

٩١١/٣٤ عن ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت مع النبي ـ ﷺ ـ في الغار ، فرفعت رأسي ، فاذا انا بأقدام القوم ، فقلت : يا نبي الله لو ان بعضهم طأطأ بصره رآنا ! قال : اسكت يا ابا بكر ، اثنان الله ثالثهما . [ما ظنك يا ابا بكر باثنين ؟ اخرى . . م ، وخ] .

م ـ ٢٦٨/٩ ، ح ـ ٨٠/٢١٩/٦

تەرجەمە :

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە غارا لە خدمەت پێغەمەرا بووم ـ ﷺ ـ سەرم هەڵبڕی ، چاوم کەوت بە پێی موشریکەکان کە هاتبوون بە شوێنمانا ، عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) ئەگەر بەعـزێ لەمانە چاویان دانەوێنن تەماشای بەرپێی خـۆیان بکـەن ئەمـان‌بینن . فەرمووی : وز بە (یا ابو بکر) ئەڵێی چی ؟ گومانەت چۆنە بە دووکەس سێیەمینی ئەوان خوا بێ ؟ [ئایا هیچ زەرەریان پێتە پێش ؟]

ئەم حەدیثە موعجیزەیەکی گەورەی تیایە کە چاوی موشریکەکانی لێ کوێر بوە .

فەضلێکی چەندە گەورەیە بۆ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە حوضووری خواو رەسوولیا بـوە . بەیانی شەجـاعەت‌و ئیعتیمـادی پێغەمەری تیایە بە خوا ـ عز وجل ، و ـ ﷺ ـ .

٩١٢/٣٥ عن ابن ابي مليكة : سمعت عائشة [رضي الله تعالى عنها] وسئلت : من كان رسول الله ـ ﷺ ـ مستخلفا لواستخلفه ؟ قالت : ابو بكر . فقيل لها : ثم مَنْ بعد ابي بكر ؟ قالت : عمر . ثم قيل لها : مَنْ بعـد عمر ؟ قـالت : ابـو عبيـدة بن الجـراح . ثم انتهت الى هـذا . م ـ ٢٧٣/٩

تەرجەمە :

لە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ پـرسرا : پێغـەمەر ـ ﷺ ـ ئەگەر لە پاش خۆی یەکێکی بکردایە بە خەلیفە کێی ئەکـرد ؟ فەرمووی : ئەبوبەکری ئەکرد . عەرزیان‌کرد : دوای ئەو کێی ئەکرد ؟

فەرمووی : عومەری ئەکرد . لە دوای ئەو[1] کێی ئەکرد ؟ فەرمووی : ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحی ئەکرد . حەزرەتی عایشە تا ئێرە هات و لێرە راوەستا . ـ رضي الله تعالى عنهم كلهم ـ .

٩١٣/٣٦ عمرو بن العاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان النبي ـ ﷺ ـ بعثه على جيش ذات السلاسل [ماء لبني جذام بناحية الشام في جمادي الأخرى سنة ثمان نووي [سبع . قسطلاني] ولمّا امّره ـ عليه الصلاة والسلام ـ على الجيش ـ وفيهم ابو بكر وعمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ظن انه مقدَّمٌ منزلة على من في الجيش ، قال قسط][2] فاتيته فقلت : اى الناس احبُّ اليك ؟ قال : عائشة . فقلت : مِنَ الرجال ؟ فقال : ابوها . فقلت : ثم من ؟ قال : ثم عمر بن الخطاب . فعد رجالا ح ـ ٨٥/٦/٤١١ ، م ـ ٩/٢٧٢ فسكتت مخافة ان يجعلني في آخرهم . ح ـ ٦/٤١١ ت ، ن .

تەرجەمە :

عەمری بنی عاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردمی بە ئەمیری لەشکری (ذات السلاسل) کە جێیەکە(٣) لە طەرەفی شامەوە . لە (جمادی الاخری)ی ساڵی حەوتەم یا هەشتەما ، لەو

(١) لێرەدا وەرگێڕ ـ خ ـ ماناى (ثم قيل لها : من بعد عمر) ی نەنووسیوە ، رەنگە هەر بە ئارەزوو بەو شێوەی سەرەوە کورتی کردبێتەوە .

(٢) وشەی (قال) پێش (قسط ـ قسطلاني) نووسرابوو ، بە گوێرەی قەسطەلانی چاکم کرد .

(٣) دەبوو بیگوتایە : «ئاوی بەنی جوذامە لە . . .» وەك لە حەدیثەکەدایە .

لەشكرەدا حەزرەتی ئەبوبەكرو عومەر مەوجوود بوون ، بە دڵنیا هات كە مەرتەبەی من لەوان گەورەترە ، چوومە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێم پرسی : (یا رسول الله) كێت لە هەموو كەس زیاتر خۆشەوێ ؟ فەرمووی : عایشە . عەرزم كرد : لە پیاوان ؟ فەرمووی : باوكی عایشە . عەرزم كرد : دوای ئەو ؟ فەرمووی : عومەری كوڕی خەطاب . چەند پیاوێكی ژمارد . عەمر ئەفەرموێ : ئیتر بێدەنگ بووم مەبادا بمخاتە دوای هەموویانەوە .

٩١٤/٣٧ ابو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : بينما راع في غنمه عدا عليه الذئب ، فأخذ منها شاة ، فطلبه الراعي [حتى كأنه استنقذها منه ، فقال له الذئب : هذا ! استنقذتها مني خ ـ ٥/٤٣٢] فالتفت اليه الذئب ، فقال : مَنْ لها يوم السبُع ؛ يوم ليس لها راعٍ غيري ؟ [فقال الناس : سبحان الله . فقال النبي ـ ﷺ ـ : فاني اومن به ، وابو بكر وعمر . وما ثمَّ ابو بكر وعمر . ح ـ ٦/١٠٠ ، م ـ ٩/٢٧٦ بتقديم البقرة على الذئب . وفي كليهما : فقال الناس : سبحان الله . وقول النبي ـ ﷺ ـ فاني اومن . وفي حديث الذئب ، فطلبه الراعي حتى استنقذها منه] .

وبينا رجل يسوق بقرة قد حمل عليها اذ ركبها فضربها . فالتفتت اليه فكلمته ، فقالت : اني لم اخلق لهذا ، ولكن خلقت للحرث . قال الناس : سبحان الله ! بقرة تتكلم ! فقال النبي ـ ﷺ ـ : فاني اومن بذلك ، وابو بكر ، وعمر ابن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ح ـ ٦/٨٦

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم

ـ ﷺ ـ بيست ئـەيفەرمـوو : وەختێ شوانێ مـەڕی ئەلـەوەڕان گورگێ مەڕێکی فڕان ، شوانەکە شوێنی کـەوت و لێی سەنـدەوە . گورگـەکە رووی تێکرد وتی : رۆژی درندە کـە مەڕ غـەیری من شـوانی نابێ کێ موحافەظەی ئەکا لـە من ؟ خەڵقـەکە وتیـان : (سبحان الله) [یـەعنی تەعەجوبیان لەوە کرد کە گورگ قسە بکا] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : من باوەڕی پێ ئەکەم ، ئەبوبەکرو عومەریش باوەڕی پێ ئەکەن . پیاوێ لە وەختێکا گاجووتێکی لێ ئەخوڕی ، باری لێ نابوو ، سواری بوو لێی دا ! گاجووتەکە رووی تێکرد ، وتی : من بۆ ئەمە خەلق نەکراوم . بۆیە خـەلق کراوم کـە جووتم پێ بکـرێ . خەڵق وتیـان : (سبحـان الله) گاجووت و قسـە بکا ! ؟ پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرمووی : من بـڕوای پێ ئەکەم ، ئەبوبەکرو عومەریش بڕوای پێ ئەکەن . نە ئەبوبـەکر لـەوێ بوو ، نە عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .

٩١٥/٣٨ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من جر ثوبه خيلاء لم ينظر الله اليه يوم القيامة . فقال ابو بكر : ان احد شقي ثوبي يسترخي الا ان اتعاهد ذلك منه . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : انك لست تصنع ذلك خيلاء . قال موسى [بن عقبة] فقلت لسالم : اَذَكَرَ عبدالله (مَنْ جَرَّ ازاره) ؟ قال : لم اسمعه ذكر الا (ثوبه) .

ح ـ ٦/٨٧

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ بە کیبرو ئیفتیخار جلی خۆی بە

ئەرزا راکێشێ رۆژی قیامەت خوای تەعالا بە نەظـەری مەرحـەمەت تەماشای ئەو کەسە ناکا . حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) من طەرەفێکی لیباسـەکەم شـۆڕەبێتەوە ، مەگەر ظەریف دیققەتی لێ بکەم و لێی غافـڵ نەبم . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تۆ ئەوە بە کیبرەوە ناکەی . مووسای کوری عەقەبە ئەڵێ : بە سالم وت : کە لە عەبدوڵلای باوکت بیست کە بـڵێ : (ازار) لە بـاتی (ثوب) ؟ فەرمووی : هەر (ثوب)م لێ بیست . یەعنی لەفظەکەی عامە لە هەموو نەوعە لیباسێ . خاص نی‌یە بە ئیزارەوە .

٩١٦/٣٩ عن محمد بن الحنفية قال : قلت لأبي : ايّ الناس خير بعد رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ قال : ابو بكر . قلت : ثم من ؟ قال : ثم عمر . وخشيت ان يقول عثمان . قلت : ثم انت ؟ قال : ما انا الا رجل من المسلمين . ح ـ ٨٩/٦

تەرجەمە :

حەمە حەنیفەی کوری ئیمامی عـەلی ـ رضي الله تعالى عنهـما ـ فەرمووی : عەرزی باوکم کرد : چاکتـرینی خەڵق لـە دوای پێغەمـەر ـ ﷺ ـ کێیە ؟ فەرمووی : ئەبوبەکرە . عەرزمکرد : دوای ئەو کێیە ؟ فەرمووی : عـومەر . تـرسام لێی پـرسم دوای ئەو کێیـە ، مەبـادا بڵێ عوثمانە [چونکی لام وابوو باوکم لە عوثمان گەورەترە] عەرزمکرد : لە دوای ئەو تۆ چاکتری ؟ فەرمووی : من هەر پیاوێکم لە موسوڵمانان .

ئەصحابی کیرام ـ علیهم الرضوان ـ هەموو دوڕو ئەڵماسن ؛ کامی لـە کامیـان بەقیمـەتترە ؟ هـەر گەوهـەرفرۆش ئـەیناسێ . ئێمـە لە موورووی‌شس نازانین . وا چاکە لەوە زیاتر کە ئەئیمەی دین فەرموویانە ئێمە هەر لێی بێدەنگ بین .

٩١٧/٤٠ عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : اني لواقف في قوم ؛ فدعوا الله لعمر بن الخطاب - رضي الله تعالى عنه - وقد وضع على سريره ، اذا رجل من خلفي قد وضع مرفقه على منكبي يقول : رحمك الله ، ان كنت لأرجو ان سيجعلك الله مع صاحبيك ؛ لأني كثيرا مما كنت اسمع رسول الله - ﷺ - يقول : كنت وابو بكر وعمر ، وفعلت وابو بكر وعمر ، وانطلقت وابو بكر وعمر ؛ فان كنت [واني كنت . نسخة الفرع] لأرجو ان يجعلك الله معهما ، فالتفتت فاذا هو علي بن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] ح - ٩٤/٦ . م - ٢٧٨/٩

تەرجەمە :

ئیبن و عەباس - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : [کە ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - وەفاتی فەرموو] لە ناو قەومێکا بووم دوعایان بۆ ئیمامی عومەر کرد [رضي الله تعالى عنه] ئەویش لەسەر تەختی سەعادەتی دانرابوو ، پیاوێ لە پشتمەوە ئانیشکی لەسەر شانم دانابوو ، ئەیفەرموو : خوا رەحمەت پێ بکا ، بە تەحقیق من رجام وابوو کە خوا - عز وجل - لەگەڵ دوو رەفیقەکەتا بتهێڵێ ؛ چونکی زۆر جار لە پێغەمەر - ﷺ -م ئەبیست ئەیفەرموو : من و ئەبوبەکرو عومەر بووین ، من و ئەبوبەکرو عومەر کردمان ، من و ئەبوبەکرو عومەر ڕۆیین . من و ئەبوبەکرو عومەر داخڵی فلاّن جێ بووین . ئیتر ئومێدم بوو کە خوا [لە قیامەتیشا] بتکا بە رەفیقی رەفیقەکانت . کە ئاوڕم دایەوە ئەو پیاوە حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو طالیب بوو - رضي الله تعالى عنه ، وخفف عن ابیه - .

٩١٨/٤١ عن عروة بن الزبير قال : سألت عبدالله بن عمرو بن

العاص [رضي الله تعالى عن الاولين] قلت : اخبرني [بأشدِّ شيٍّ صنعه . خ اخرى .] عن اشدِّ ما صنع المشركون [بالنبي . اخرى] برسول الله ـ ﷺ ـ قال : رأيت عقبة بن ابي معيط [لعنه الله ، زوج ام عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ] جاء الى النبي ـ ﷺ ـ وهو يصلي [في حجر الكعبة . اخرى . خ] فوضع رداءه [اى رداء النبي ـ ﷺ ـ] في عنقه فخنقه به خِنْقا شديدا ، فجاء ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] حتى [أخذ بمنكبه . اخرى خ] دفعه عنه ـ ﷺ ـ [وهو يبكي . ابن اسحاق] فقال : اتقتلون رجلا ان يقول ربي الله وقد جاءكم بالبينات من ربكم ؟ ح ـ ٩٤/٦ ، ح ـ ١٧٩/٦ . في باب ما لقي النبي ـ ﷺ ـ من الاذى ببعض فرق تراه .

تەرجەمە :

عوروە ئەفەرموێ : لەعەبدوڵڵای کوڕی عەمری عاصم پرسی لە بەشیددەتترینی ئەو موعامەلەی کە موشریکان لە مەکەدا لەگەڵ پێغەمەریان کردوە ـ ﷺ ـ فەرمووی : عەقەبەی کوڕی ئەبوموعەیطی مەلعوونم دی [کە مەسخەرەی قورەیش بوو ـ لعنه الله ـ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە لە حیجرا نوێژی ئەکرد عەقەبەی [مەلعوونی باوەپیارەی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی زاوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ] چوو ئەو بەرماڵەی کە بەسەرشانی موبارەکی پێغەمەرەوە بوو ـ ﷺ ـ لە ملی پێغەمەری ئاڵان و بەوە پێغەمەری ـ ﷺ ـ ئەخنکان . حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوو لە دەستی ئەو مەلعوونە نەجاتی داو ، فەرمووی : بۆ تەماتانە پیاوێ بکوژن کە ئەفەرموێ : پەروەردگاری من خوایەو ، لە طەرەف پەروەردگاری خۆتانەوە ئایاتی واضیحەو ظاهیرەی بۆ هێناون ؟ [کە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوەی کە

پێغەمەری بەحەقەو لە طەرەف خواوە رەوانەکراوە . ئەو بۆ نەجاتی ئێوە لە ئاگر نێرراوە کەچی ئێوە ئەیکوژن !

حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەلێ لە موئمینی ئالی فیرعەون چاکترە کە بە زمان موجادەلەی لەگەڵ فیرعەون و فیرعەونیـدا کرد ، مودافەعەی حەزرەتی مووسای کرد ـ علیه الصلاة والسـلام ـ ؛ چونکی حەزرەتی صـەدیقی ئەکبـەر بە قـەول و بە فیعـل مودافـەعەی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ ، ورضي عنه ـ لە فیرعەونی ئەم ئوممەتـە ـ لعنه الله ـ] .

باب الهجرة ، وفيه فضل الصديق
- رضي الله تعالى عنه -

٩١٩/٤٢ براء بن عازب [رضي الله تعالى عنهما] يقول : جاء ابو بكر - رضي الله تعالى عنه - الى ابي في منزله ، فاشترى منه رَحلا ، فقال لعازب : ابعث ابنك يحمله معي . قال : فحملته معه ، وخرج ابي ينتقد ثمنه ، فقال له ابي : يا ابا بكر ! حدثني كيف صنعتما حين سريت مع رسول الله - ﷺ - ؟ قال : نعم . قال : اسرينا ليلتنا ومن الغد حتى قام قائم الظهيرة ، وخلا الطريق ؛ لا يمر فيه احد ، فرُفِعَتْ [ظهرت] لنا صخرة طويلة ، لها ظل ، لم تأت عليه الشمس ، فنزلنا عنده ، وسويت للنبي - ﷺ - مكانا بيدي ينام عليه ، وبسطت فيه فروة [كانت معي . ابن اسحاق] وقلت : نم يا رسول الله وانا انفض لك ما حولك [من الغبار واحرسك] فنام ، وخرجت انفض ما حوله ، [من الغبار واحرسه] فاذا انا براعٍ مقبل بغنمه الى الصخرة ، يريد منها مثل الذي اردنا ، فقلت : لمن انتَ يا غلام ؟ فقال : لرجل من اهل المدينة [مسلم جزما] او مكة [مدينة هنا صفة لا علمٌ ، بمعنى البلد والمراد مكة] قلت : أَفي عنزك لبن ؟ قال : نعم . قلت : افتحلب ؟ قال : نعم . فأخذ شاة ، فقلت : انفض الضرع من التراب والشعر والقذى .

قال [ابو اسحاق] : فرأيت البراء يضرب احدى يديه على الأخرى ينفض . فحلب في قعب [كأس] كثبة [قليلا] من لبن ومعي إِداوةً [مطارة] حملتها للنبي - ﷺ - يرتوي منها ، يشرب ويتوضأ ، فأتيت النبي

ـ ﷺ ـ فكرهت ان اوقظه ، فوافقته حين استيقظ ، فصببت من الماء على اللبن حتى برد اسفله ، فقلت : اشرب يا رسول الله . قال : فشرب حتى رضيتُ . ثم قال : اَلَمْ يأن للرحيل ؟ قلت : بلى . قال : فارتحلنا بعدما مالت الشمس . واتبعَنا سراقة بن مالك فقلت : اُتينا يا رسول الله . فقال : لا تحزن ان الله معنا . فدعا عليه النبي ـ ﷺ ـ فارتطمت [غاصت قوائمه] به فرسه الى بطنها ارى في جَلَد [صلب] من الارض (شك زهير) . فقال : اني أراكما قد دعوتما عليَّ ، فادعوا لي . فالله لكما ان اردَّ عنكما الطلب . فدعا له النبي ـ ﷺ ـ فنجا ، فجعل [رضي الله تعالى عنه] لا يلقي احدا الا قال : كفيتكم ما هنا . فلا يلقي احدا الا رده ، قال : ووفى لنا [ثم اسلم ـ رضي الله تعالى عنه ـ] . خ ـ ٦/ ٦٠ ، م ـ ١٠/ ٤٦١

تەرجەمە :

بەرائی کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هاتە لای باوکم لە ماڵەوە ، کۆپانێکی وشتری لێ کری ، فەرمووی بە باوکم : کوڕەکەتم لەگەڵ بنێرە لەگەڵم هەڵبگرێ . بەراء فەرمووی : لە خدمەتیا هەڵمگرت ، باوکیشم لە خذمەتیا هات کە پارەکەی وەربگرێ ، باوکم عەرزی کرد : یا ئەبوبەکر قسەی ئەوەم بۆ بکە کە شەو لە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفتان ڕۆیی چۆنتان کرد ؟ فەرمووی : بەڵێ قسەت بۆ ئەکەم . فەرمووی : شەو ڕۆیین ، ڕۆژی دواییش ڕۆیین تا وەختی نیوەڕۆ ، ڕێگە چۆڵ بوو ، کەسی پیا نەدەڕۆیی ، بەردێکی درێژی سێبەردارمان بۆ دەرکەوت ، ئێشتا هەتاوی نەهاتبوویێ ، لای ئەو بەردە دابەزین ، بە دەست ئەرزەکەم بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ڕێك خست کە لێی

بنوێ ، کەولێکم پێ بوو بۆم ڕاخست ، عەرزم کرد : (یا رسول الله) بنوو من دەورو پشتت ئەماڵم تۆزت بۆ نەیێ ، تەماشای ئەطراف ئەکەم کە کەسمان بە شوێنا هاتوە یان نا ؟

پێغەمەر ـ ﷺ ـ نوست ، منیش چووم ئەطراف تەماشا بکەم کەس دیارە دیار نی‌یە ؟ تێفکریم شوانێکی مەڕ مەڕەکەی ئەهێنایە بن بەردەکە ، بۆ بەر سێبەری بەردەکە . لێم‌پرسی : غوڵامی کێی ؟ وتی : هی فلانی مەککەییم . وتم : لە مەڕەکەتا شیر هەیە ؟ وتی : بەڵێ . وتم : ئیذن‌دراوە کە شیری لێ بدۆشرێ بۆ ڕێبوار ؟ وتی : بەڵێ . شوانەکە مەڕێکی گرت . پێم‌وت : ظەریف گوانی مەڕەکە لە تۆزو موو و پیسایی پاکەرەوە .

ئەبوئیسحاقی راویی ئەڵێ : بەرائم دی دەستێکی بە دەستێکیا ئەدا ، تەصویری حیکایەتی ئەمەی ئەکرد کە شوانەکەی چۆن گوانی مەڕەکەی پاك ئەکردەوە لە تۆز ـ دیارە ئەویش چاوی لە حەزرەتی صەدیق بوە کە تەصویری ئیشی شوانەکەی کردوە ـ حەزرەتی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شوانەکە کەمێ شیری بۆ دۆشین ، منیش مەطارەیێکم پێ بوو ئاوی خواردنەوەو دەزنوێژی پێغەمەری ـ ﷺ ـ تیا بوو ، بە شیرو مەطارەکەوە هاتمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەزم نەکرد کە خەبەری کەمەوە ، کە چووم چوونەکەم تەصادوفی وەختی خەبەربوونەوەی ئەوی کرد . لە ئاوی مەطارەکە کردم بەسەر شیرەکەدا تا لای خوارووی سارد بۆوە . عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) فەرموو : بخۆرەوە ، خواردی‌یەوە تا بە مەرامی من تێر بوو ، لە پاشا فەرمووی : وەختی ڕۆیین نەهاتوە ؟ وتم : بەڵێ هاتوە . سواربووین لە دوای ئەوە کە ڕۆژ مەیلی بە لای مەغریبا کردبوو ، گەرمی کەم بووبوو .

سوراقەی کوڕی مالیکی جوعشومان شوێن کەوتبوو کە بمانکوژێ . عەرزی پێغەمەرم کرد - ﷺ - : (یا رسول الله) وا پێمان گەیین . فەرمووی : مەحزوون مەبە ئێمە خوامان لەگەڵە ! پێغەمەر - ﷺ - دۆعای لێ کرد ، ئەسپەکەی تا زگی بە ئەرزا چوە خوارێ .

زوهەیر کە یەکێکە لە روای‌یەکان ئەڵێ : وام ظەن هەیە کە فەرمووی : بە ئەرزێکی رەقا رۆچوو . سوراقە - رضي الله تعالى عنه - عەرزی پێغەمەری کرد - ﷺ - : وا بزانم دۆعاتان لێ کردم . دۆعام بۆ بکەن نەجاتم بێت ، خوا حافیظتان بێ . بۆیێکم دۆعا بۆ بکەن ئەوانەتان لێ بگێرمەوە کە تەعقیبتان ئەکەن . پێغەمەر - ﷺ - دۆعای بۆ کرد نەجاتی بوو . سوراقەیش - رضي الله تعالى عنه - تووشی هەرکەسێ لەو طەرەفەوە ببوایە پێی ئەوت : پێی ناوێ لەم طەرەفەوە تەعقیبی بکەن ، ئەم طەرەفەم گرتۆتە سەر خۆم ، زەحمەتی ئەم دەورو پشتەم لە کۆڵ خستوون . حەزرەتی صەدیق - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : سوراقە وەفای بە وەعدەکەی خۆی کرد . - رضي الله تعالى عنه - .

٩٢٠/٤٣ عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : لم اَعقِل ابوي قط الا وهما يدينان الدين ، ولم يمرَّ علينا يوم الا يأتينا فيه رسول الله - ﷺ - طرفي النهار : بكرة ، وعشية . فلما ابتلي المسلمون خرج ابو بكر - رضي الله تعالى عنه - مهاجرا نحو ارض الحبشة حتى بلغَ بِرْكَ الغِماد ، [موضع على خمس ليال من مكة الى جهة اليمن] لقيه ابن الدَّغِنَة [وهو اسم امه ، واسمه الحرث بن زيد] وهو سيد القارة [قبيلة] ، فقال : اين تريد يا ابا بكر ؟ فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : اخرجني قومي ، فاريد أن

أسيح في الأرض ، واعبد ربي . فقال ابن الدغنة : فان مثلك يا ابا بكر لا يَخْرُجُ ولا يُخْرَجُ ؛ انك تكسب المعدوم [اي تعطي الناس ما لا يجدونه] ، وتصل الرحم ، وتحمل الكلَّ [الثقل ، او الذي لا يستقل بامره] وتَقْري الضيف ، وتعين على نوائب الحق . [اي : حوادثه . فوصفه بمثل ما وصفت خديجة ـ رضي الله تعالى عنها ـ به رسول الله ـ ﷺ ـ] فانا لك جار ، ارجع واعبد ربك ببلدك , فرجع وارتحل معه ابن الدُّغُنَة فطاف ابن الدُّغْنة [فيه لغات اشرت اليها] عشية في اشراف قريش ، فقال لهم : ان ابا بكر لا يَخْرج مثله ولا يُخْرج . اتُخرِجون رجلا يكسب المعدوم ، ويصل الرحم ، ويحمل الكل ، ويقري الضيف ، ويعين على نوائب الحق ؟ فلم تكذِّب قريش بجوار ابن الدغنة [اى لم تَردّه] .

وقالوا لابن الدغنة : مر ابا بكر فليعبد ربه في داره . فليصل فيها ، وليقرأ ما شاء . ولا يوذينا بذلك ، ولا يستعلن به ؛ فانا نخشى ان يفتن نساءنا وابناءنا ، فقال ذلك ابن الدغنة لابي بكر [رضي الله تعالى عنه] فلبث ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] بذلك يعبد ربه في داره ، ولا يستعلن بصلاته ، ولا يقرأ في غير داره .

ثم بدا لابي بكر [رضي الله تعالى عنه] فابتنى مسجدا بفناء داره [امامها] وكان يصلي فيه ، ويقرأ القرآن ، فينقذف عليه نساء المشركين وابناؤهم [اي يجتمعون عليه] وهم يعجبون منه ، وينظرون اليه . وكان ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] رجلا بكّاء ، لا يملك عينيه اذا قرأ القرآنَ . فافزعَ ذلك أشرافَ قريش من المشركين . فأرسلوا الى ابن الدغنة ، فقدم عليهم ، فقالوا : انا كنا اجرنا ابا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ

بجوارك على ان يعبد ربه في داره . فقد جاوز ذلك فابتنى مسجدا بفِناء داره ، فاعلن بالصلاة والقراءة فيـه ، وانا قـد خشينا ان يفتن نسـاءنا وابناءنا ، فانهه ، فان احب ان يقتصر على ان يعبد ربه في داره فعل ، وان ابى الا ان يعلن فسله ان يردَّ اليك جِوارك ؛ فانا قد كرِهنا ان نُخْفِرَك [اى ننقض عهدك] ولسنا مقرين لأبي بكر الاستعلان .

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فأتى ابن الدغنة الى ابي بكر [رضي الله تعالى عنه] فقال : قد علمت الذي عاقدت لك عليه ؛ فاما ان تقتصر على ذلك واما ان ترجع اليّ ذمّتي ، فإني لا احب ان تسمع العرب اني اخفرت في رجل عقدت له . فقال ابو بكر [رضى الله تعالى عنه] : فإني اردُّ اليك جوارك وارضى بجوار الله ـ عز وجل ـ ! والنبيُّ ـ ﷺ ـ يومئذ بمكة .

فقال النبي ـ ﷺ ـ : للمسلمين : اني أُريت دار هجرتكم ذات نخل بين لابتين ، وهما الحرتان [حجارة سود] . فهاجر من هاجر قِبَل المدينة ، ورجع عامة من كان بارض الحبشة الى المدينة . وتجهز ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] قبل المدينة . فقال لـه رسول الله ـ ﷺ ـ : عـلى رسلك [اصبر . ابن حبان] فاني ارجو ان يؤذن لي . فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] وهل ترجو ذلك بأبي انت [وامي كش] ؟ قال : نعم . فحبس ابـو بكر [رضي الله تعـالى عنه] نفسـه على رسـول الله ـ ﷺ ـ ليصحبه ، وعلف راحلتين كانتا عنده ورق السَّمُرِ وهو الخَبْط [ما يُخبط بالعصا فيسقط] اربعة اشهر .

قال ابن شهاب : قال عروة : قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فبينما نحن يوما جلوس في بيت ابي بكر [رضي الله تعالى عنه] في نحر الظهيرة قال قائل [اسماء ، او عامر بن فهيرة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] لابي بكر : هذا رسول الله ـ ﷺ ـ متقنعا في ساعة لم يكن يأتينا فيها ، فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : فداء له ابي وامي ، والله ما جاء به في هذه الساعة الا امر ! قالت : فجاء رسول الله ـ ﷺ ـ فاستأذن ، فأَذن له ، فدخل ، فقال النبي ـ ﷺ ـ لابي بكر [رضي الله تعالى عنه] : اَخرِج مَنْ عندك . فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : انما هم اهلك وامها ، بابي انت يا رسول الله . قال : فإنّي قد اذن لي في الخروج . فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : الصحابةَ بابي انت يا رسول الله . قال رسول الله ـ ﷺ ـ : نعم . قال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : فخذ بابي انت يا رسول الله احدى راحلتي هاتين . قال رسول الله ـ ﷺ ـ : بالثمن [ثمانمائة والراحلة القصواء ، او الجدعاء] .

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فجهزناهما [احب كش] احث الجهاز [اسرعه] وصنعنا لهما سُفْرة [زادا] في جراب ، فقطعت اسماء بنت ابي بكر [رضي الله تعالى عنهما] قطعة من نطاقها فربطت به على فم الجراب ؛ فبذلك سميت ذات النطاق .

قالت : ثم لحق رسول الله ـ ﷺ ـ وابو بكر [رضي الله تعالى عنه] بغار في جبل ثور [يوم الخميس] فكمنا [بفتح فكسر ، او فسكون او محركة . حاذق] فيه ثلاث ليال [وخرجا يوم الاثنين] يبيت عندهما عبدالله بن ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وهو غلام شاب ثَقِف ، لَقِن [فهيم] فيُدْلِجُ [من الإِفعال او التفعيل] من عندهما بسحر ، فيصبح مع قريش بمكة كبائت ، فلا يسمع امرا يُكتادان به الا وعاه حتى يأتيهما بخبر ذلك

حين يختلط الظلام ، ويرعى عليهما عامر بن فهيرة مولى ابي بكر [رضي الله تعالى عنهما] مِنحة [شاة تحلب] من غنم [للصديق - رضي الله تعالى عنه -] فيريحها عليهما حين تذهب ساعة من العشاء ، فيبيتان في رِسل ، وهو لبن منحتهما ورضيفهما [الموضوع فيه الحجارة المحماة ، لتذهب وخامته وثقله] حتى ينعق بها [يزجرها] عامر بن فهيرة بغلس [ظلمة آخر الليل] يفعل ذلك كل ليلة من تلك الليالي الثلاث .

واستأجر رسول الله - ﷺ - وابو بكر [رضي الله تعالى عنه] رجلا من بني الديل ، وهو من بني عبد ، بن عدي هاديا خِرِّيتا . والخِرِّيت : الماهر بالهداية . قد غمس حِلْفا في آل العاص بن وائل السهمي ، [اذا تحالفوا غمسوا ايديهم في دم ، او في شيٌ له لون ، تاكيدا للحلف] - وهو على دين كفار قريش - فأَمِناه ، فدفعا اليه راحلتيهما ، وواعداه غار ثور بعد ثلاث ليال . فأتاهما براحلتيهما صبح ثلاث . وانطلق معهما عامر بن فهيرة ، والدليل [عبدالله بن أُرَيقِط] فاخذ بهم طريق السواحل .

قال ابن شهاب : واخبرني عبدالرحمن بن مالك المُدْلِجيّ ، وهو ابن اخي سراقة بن مالك بن جُعْشُم [رضي الله تعالى عنه] ان اباه مالكا اخبره انه سمع سراقة بن جعشم [نسبة لجده] يقول : جاءنا رسول كفار قريش يجعلون في رسول الله - ﷺ - وابي بكر [رضي الله تعالى عنه] دية كل واحد منهما من قتله او اسره . فبينما أنا جالس في مجلس من مجالس قومي - بني مُدْلج - اقبل رجل منهم حتى قام علينا ونحن جلوس . فقال : يا سُراقة اني قد رأيت آنفا أسودة بالساحل أُراها محمدا [ﷺ] واصحابه . قال سراقة : فعرفت انهم هم ، فقلت له : انهم ليسوا بهم ، ولكنك رأيت فلانا وفلانا انطلقوا باعيننا ، ثم لبثت في المجلس ساعة ثم قمت فدخلت ، فامرت جاريتى ان تخرج بفرسي [وزاد موسى

بن عقبة : ثم اخذت قِـداحى [اى الازلام] فاستَقْسَمتُ بهـا ، فخرج الذي اكره : لا تضره ، وكنت ارجو ان ارده وآخذ المائة ناقة] وهي من وراء اكمة فتحبسها عليّ ، واخذت رمحي ، فخرجت به من ظهر البيت فحططت [معجا ومهمـلا] بِزَجِّـه الارض وخفضت عاليـه حتى اتيت فرسي فركبتها فرفعتها [فَعَل او فَعَّل] تُقَرِّبُ بي [التقريب : ان ترفع يديها معا وتضعها معا] حتى دنوت منهم ، فعثرت بي فرسي ، فخَرَرت عنها ، فقمتَ فاهويت يدي الى كنانتي ، فاستخرجت منه الازلام ، فاستقسمت بها : اضرهم ام لا ؟ فخرج الذي اكره [لا تضرهم] فركبت فرسي ، وعصيت الازلام تقرِّب بي حتى اذا سمعت قراءة رسول الله ـ ﷺ ـ وهو لا يلتفت ، وابو بكر [رضي الله تعالى عنه] يكثر الالتفات . . . ساخت يدا فرسي في الأرض حتى بلغتا الركبتين ، فَخَررت عنها ثم زجرتها ، فنهضت ، فلم تكد تخرج يديها ، فلما استوت قائمة اذاً لَاثر يديها عُثان [دخان] ساطع في السماء مثل الدخان فاستقسمت بالازلام ، فخرج الذي اكره ، فناديتهم بالامان [وعند ابن اسحاق : فناديت القوم : انا سراقة بن مـالك بن جعشم ، انـظروني اكلمكم ، فوالله لا يـأتيكم مني شئ تكرهونه] . فوقفوا فركبت فرسي حتى جئتهم ، ووقع في نفسي حين لقيت ما لقيت من الحبس عنهم : ان سيظهر امر رسول الله ـ ﷺ ـ فقلت له : ان قومك قد جعلوا فيك الدية ، واخبرتهم أخبار ما يريد الناس بهم ، وعرضت عليهم الزاد والمتاع ، فلم يَرْزَآني ولم يسألاني [شيئا مما معي] الا ان قال : اَخْفي عنا . فسألته ان يكتب لي كتاب اَمن ، فاَمر عامر بن فهيرة ، فكتب في رقعة من اديم [وزاد ابن اسحاق : فاَخذته فجعلته في كنانتي ، ثم رجعت] ثم مضى رسول الله ـ ﷺ ـ .

قال ابن شهاب : فأخبرني عروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه ، ولم يولد عروة اذ ذاك] ان رسول الله ـ ﷺ ـ لقي الزبير [رضي الله تعالى عنه] في ركب من المسلمين كانوا تجاراً قافلين من الشام ، فكسا الزبير [رضي الله تعالى عنه] رسول الله ـ ﷺ ـ وابا بكر [رضي الله تعالى عنه] ثياب بياض . [وفي رواية الدمياطي : ان الذي كساهما طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ والكل صحيح] .

وسمع المسلمون بالمدينة فخرج رسول الله ـ ﷺ ـ من مكة ، فكانوا يغدون كل غداة الى الحرة فينتظرونه حتى يردُّهم حرُّ الظهيرة ، فانقلبوا يوما بعد ما اطالوا انتظارهم ، فلما اَووا الى بيوتهم اَوْفى [اى طلع] رجل من يهودَ على اُطُم من اَطامهم لأمر ينظر اليه ؛ فبصر برسول الله ـ ﷺ ـ واصحابه مبيضّين [بيض الثياب ، او من فارس بائض متعجل] يزول بهم السراب ، فلم يملك اليهودي ان قال باعلى صوته : يا معاشر العرب هذا جدّكم ، [حظكم وصاحب دولتكم] الذي تنتظرون . فثار المسلمون الى السلاح ، فتلقوا رسول الله ـ ﷺ ـ بظهر الحرة ، فعدل بهم ذات اليمين حتى نزل بهم في بني عمرو بن عوف [بقباء] وذلك يوم الاثنين من شهر ربيع الاول ، فقام ابو بكر للناس ، وجلس رسول الله ـ ﷺ ـ [ورضي عنه] صامتا ، فطفق من جاء من الانصار ـ ممن لم يرَ رسول الله ـ ﷺ ـ يحيى ابا بكر [رضي الله تعالى عنه] حتى اصابت الشمسُ رسول الله ـ ﷺ ـ فاقبل ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] حتى ظلّل عليه بردائه ، فعرف الناس رسول الله ـ ﷺ ـ عند ذلك .

فلبث رسول الله ـ ﷺ ـ في بني عمرو بن عوف بضع عشرة ليلة ، واسس المسجد الذي اسس على التقوى [مسجد قباء] وصلى فيه رسول الله ـ ﷺ ـ ثم ركب راحلته [يوم الجمعة] فسار يمشي معه الناس ، حتى

بركت عند مسجد الرسول ـ ﷺ ـ بالمدينة وهو يصلي فيه يومئذ رجال من المسلمين . وكان مِرْبدا للتمر لسُهيل وسَهْل [ابني رافع بن عمرو] غلامين يتمين في حجر اسعد بن زرارة [رضي الله تعالى عنه] فقال رسول الله ـ ﷺ ـ ، حين بركت به راحلته : هذا ـ ان شاء الله ـ المنزل ، ثم دعا رسول الله ـ ﷺ ـ الغلامين ، فساومهما بالمِرْبَد ليتخذه مسجدا ، فقالا : بل نهبه لك يا رسول الله . فابى رسول الله ـ ﷺ ـ ان يقبله منهما هبة حتى ابتاعه منهما ، ثم بناه مسجدا ، وطفق رسول الله ـ ﷺ ـ ينقل معهم اللَّبِن في بنيانه ويقول :

هذا الحِمال لا حِمال خيبر
هذا أبَرّ ربنا واطهر

ويقول :

اللهم ان الاجر أجر الآخرة
فارحم الانصار والمهاجرة

فتمثل بشعر رجل من المسلمين لم يسمَّ لي [عبدالله بن رواحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] .

قال ابن شهاب : ولم يبلغنا في الاحاديث ان رسول الله ـ ﷺ ـ تمثل ببيت شعر تام غير هذا البيت خ ـ ٦/٢٠٧ ـ ٢١٣

تەرجەمە :

عايشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لەو رۆژەوە كە من دايكو باوكی خۆمم ناسیوە هەر لەسەر ئەم دینە بوون ، هیچ رۆژێکمان بەسەرا رانەبوردوە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئێوارێو سبەینێ نەهاتبێتە مالّی ئێمە . کە موسولّمانان لە طەرەفی موشریکەوە موبتەلا بوون بە ئەذاو جەفا ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە موهاجیریی بۆ ئەرزی حەبەش لە

مه‌ككه ته‌شريفی چوه ده‌رێ ، تا گه‌یی یه (برك الغماد) كه مه‌سافه‌ی پێنج ڕۆژه له مه‌ككه‌وه بۆ طه‌ره‌فی یه‌مه‌ن . له‌وێ (ابن الدغنه)ی پێگه‌یی . (ابن الدغنه) گه‌وره‌ی قه‌بیله‌ی قاره‌یه كه شوعبه‌یێكه له موضه‌ر . . عه‌رزی ئه‌بوبه‌كری كرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : یا ئه‌بوبه‌كر بۆ كوێ ؟ فه‌رمووی : قه‌ومه‌كه‌م ده‌ریان‌كردووم ، ته‌مامه له ئه‌رزا سه‌یاحه‌ت بكه‌م و عیباده‌تی ره‌ببی خۆم بكه‌م . (ابن الدُغنه) وتی : پیاوی وه‌كوو تۆ نه خۆی ئه‌ڕوا نه ده‌ریش ئه‌كرێ ؛ چونكی تۆ شت ئه‌به‌خشی به‌وانه‌ی كه هیچیان نی‌یه ، صیله‌ی ره‌حم به‌جێ ئینی ، ئیشی قورس و گرانی پیاوی بێ ده‌سته‌ڵات ئه‌گری‌یه سه‌ر خۆت ، میهمان نه‌وازیی ئه‌كه‌ی ، موعاوه‌نه‌تی ئینسانی لێ‌قه‌وماو ئه‌كه‌ی ، من په‌نات لای خۆم ئه‌ده‌م كه موشریكان ئه‌ذیه‌تت نه‌ده‌ن ، بگه‌ڕێره‌وه له شاری خۆتا عیباده‌تی خوای خۆت بكه .

ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ته‌شریفی گه‌ڕایه‌وه (ابن الدغنه) له خدمه‌تیا سوار بوو بۆ مه‌ككه . ئێوارێیه‌ك به گه‌وره‌و ئه‌شرافی قوره‌یشه‌وه گه‌ڕا ، پێی وتن : پیاوی وه‌ك ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ له وه‌ته‌نی خۆی ناچێته ده‌ره‌وه‌و ده‌ریش ناكرێ ، بۆ ئێوه ته‌ماتان وایه پیاوێ له وه‌ته‌نی خۆی بكه‌نه ده‌رێ كه شت ئه‌به‌خشێ به ئینسانی نه‌بوه ، صیله‌ی ره‌حم ئه‌كا ، ئیشی ئینسانی بێ ده‌سته‌ڵات ئه‌گرێته سه‌رخۆی ، میوانداریی خه‌ڵق ئه‌كا ، موعاوه‌نه‌تی لێ‌قه‌وماوان ئه‌كا . . قوره‌یش په‌نادانی (ابن الدغنه) یان ره‌د نه‌كرده‌وه . پێیان‌وت : ئه‌مر بكه به ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ له ماڵی خۆیا عیباده‌تی خوای خۆی بكا ، له ماڵی خۆیا به هه‌وه‌سی خۆی نوێژ بكاو بخوێنێ ، به‌وه ئه‌ذیه‌تی ئێمه نه‌داو ئاشكارای نه‌كا له ناو ئێمه‌دا ؛ ئه‌ترسین مناڵه‌كانمان و ژنه‌كانمان به

ئاشکاراکردنی نوێژو خوێنی لە رێ بکاتە دەرێ .

(ابن الدغنه) ئەو قسەی قورەیشەی عەرزی ئەبوبەکر کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەسەر ئەو شەرتە مایەوە ؛ لە ماڵی خۆیا عیبادەتی خوای ئەکردو ، لە غەیری ماڵی خۆیانا هیچی نەدەکرد تا موددەیێ . دوای ئەو موددەیە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ غەیری ئەو حاڵەی بە چاك بۆ دەرکەوت ؛ لە بەردەمی ماڵەکەیانا مزگەوتێکی دروستکرد ، لەوێدا نوێژی ئەکردو قورئانی ئەخوێن . ژنو منالی قورەیشی لێ کۆئەبوونەوە ، تەماشایان ئەکردو تەعەججوبیان لێ ئەما ، ئەبوبەکریش ـ رضي الله تعالى عنه ـ پیاوێکی (رقيق القلب) بوو زۆر ئەگریا ، کە قورئانی ئەخوێن فرمێسکی چاوی پێ رانەدەگیررا .

ئەو موعامەلەی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کەتە کەتەی قورەیشی ترسان لەوە کە ژنەکانیانو کورەکانیان موسوڵمان ببن ، ناردیان بە شوێن (ابن الدغنة)دا هات پێیانوت : کە ئێمە بە واسیطەی تۆوە پەنای ئەبوبەکرمان دا کە نەروا بەو شەرتە کە لە ماڵی خۆیا عیبادەت بکا ئێستە ئەو لەو شەرتەی تێپەر کرد ؛ ئیعلانی هەموو شتێکی کرد ، ئەترسین ماڵو منالمان تووشی فیتنە بکا . پێی بڵێ نەیکا . ئەگەر ئارەزووی هەیە کە لە ماڵی خۆیا عیبادەت بکا بیکا ، ئەگەر هەر نەیکردو ئیعلانی عیبادەتی کرد لە ناو خەڵقا پێی بڵێ ضامنێتیەکەت رەد بکاتەوە ، ئێمە حەز ناکەین ضامنێتی تۆ بشکێنین ، ئەبوبەکریش لەسەر ئەو حاڵە نایێڵینەوە کە بە ئاشکارا عیبادەت کاو بخوێنێ .

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : (ابن الدغنه) هاتە خدمەت ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیکرد : ئەزانی کە چۆنم

عـەهد لـەگەڵ کـردووی . یا لـەسەر ئـەوە بمێنە یـا ضـامنێتی یـەکـەم بدەرەدواوە ، حەز ناکەم کەعەرەب ببێی کە من ضامنێتیم شکێنراوە بۆ پیاوێ کە عەهدم لەگەڵ کردووە . ئەبوبەکـر ـ رضي الله تعالی عنـه ـ فەرمووی : ئەو پەنایەی کە تۆ داوتە بە من وا بۆم رەدکردیەوە ، بە پەنای خواو ئامانی ئەو رازیی ئەبم !

پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تـەشریفی لـەو وەختەدا لـە مەککـە بـوو بـەو موسوڵمانانەی کە لە خدمەتیا بوون فەرمووی : ئەو جێگەیەی کە هیجرەتی بۆ ئەکەن پێنیشانم دراوە ؛ دارخورمای زۆری هەیە ، لە بەینی دوو شاخی بەردەڵانی رەشایە . ئەوی هیجرەتی بۆ مەدینە کرد ـ کردی ، ئەوانەی کە لەوەپێش هیجرەتیان کردبوو بۆ ئەرزی حەبەش گەڕانەوە بۆ مـەدینە . حـەزرەتی ئەبـوبەکـریش ـ رضي الله تعالی عنـه ـ تەدارەکی کـرد کـە هیجرەت بکا بۆ مەدینە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرموو : جارێ صەبر کە ، ئومێدم وایە کە ئیذن بدرێم کە هیجرەت بکەم . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : دایكو باوکم بە قوربانت بێ ! بۆچ ئومێدت هەیە کە ئیذن بدرێی ؟ فەرمووی : بەڵێ . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ خۆی لەسەر پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەندکرد کە لە هیجرەتا بێ بە رەفیقی رەسوولی ئەکرەم ـ ﷺ ـ .

دوو وشتری بە قووەتی خۆشرەوتی ـ کە لە خدمەتا بوو ـ بە گەڵای داری مۆرد بەخەم کرد ، تا چوار مانگ .

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : رۆژێ لە مـاڵی حەزرەتی ئـەبوبـەکرا ـ رضي الله تعـالی عنه ـ دانیشتبـووین ، لە

گەرمای نیوەڕۆدا ، یەکێ [یا عامیری کوڕی فوهەیرە ، یا ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ] عەزری ئەبوبەکری کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئەوە رەسولوڵڵایە ـ ﷺ ـ لەچەکی کردوە ، لە سەعاتێکا بوو کە قەط لەو سەعاتەدا تەشریفی نەهاتبوە لامان . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : باوكو دایکم فیدای بێ ، وەڵڵاهی لەم سەعاتەدا ئەبێ ئیشێك ئەوی هێنابێ .

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هات ئیستیذانی کرد ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیذنی دا ، تەشریفی هاتەژوورێ ، بە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی فەرموو : ئەوانەی لە لاتن بیانکەرە دەرێ ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : باوکم بە قوربانت بێ ! غەیری ئەهل و عەیالی خۆت کێی لێیە (یا رسول الله) ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیذن‌درام کە بچم بۆ مەدینە . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : باوکمت بە قوربان بێ لە خدمەتتا بم (یا رسول الله) ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : باوکمت بە قوربان بێ ! کە وابێ (یا رسول الله) یەکێك لەم دوو وشترە بۆ تۆ بێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سا بە پارەی بەهای خۆی .

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : توێشوویێکی باشی بە عەجەلەمان بۆ کرد ، خواردنێکمان بۆ دروست کرد ، خستمانە ناو توێشەبەرەیێکەوە [واقیدی ئەڵێ : ئەوی لە توێشەبەرەکەدا بوو مەرێکی کوڵاو بوو] . [ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ . . . کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و باوکم ئیرادەیان کرد کە هیجرەت بکەن بۆ مەدینە توێشوویێکمان بۆ کردن . بە باوکم وت : هیچ نی‌یە غەیری پشتێنەکەم کە دەرکی

تویشەبەرەکەی پێ ببەستم ، فەرمووی : بیکە بە دوو لەتەوە ، کردم بە دووڵەتەوە . ح- ٦/٢١٣ .] ئەسماء - رضي الله تعالى عنها - پشتێنەکەی خۆی کرد بە دوو لەتەوە ، بە لەتێکی دەمی توێشەبەرەکەی پێ بەست ، لەبەر ئەوە ناونرا بە (ذات النطاقين) [یەعنی صاحیبی دوو پشتێن] .

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : پێغەمبەر - ﷺ - و ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - تەشریفیان چوو بۆ غارێ کە لە شاخی (ثەور)ا بوو ، سێ شەو خۆیان لەوێدا شاردەوە ، شەو عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنهما - لە لایان لە غارەکەدا شەوی بەسەر ئەبرد . عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - کوڕێکی جەهێڵی زیرەك و عاقڵ و تێگەییو بوو ، لە ئاخری شەوا لە غارەکە ئەهاتە دەرێ بۆ مەککە ، سبەینێ لە مەککە لەگەڵ قورەیشا لێ ئەبۆوە . (كأنه) شەوی لە مەککەدا بەسەر بردوە . قورەیش حیلەو تەدبیرێکیان بکردایە دەرحەق پێغەمەر - ﷺ - و حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - حیفظی ئەکرد ، تا لە وەختی تاریکی شەوا ئەو خەبەرانەی بۆ ئەبردنەوە .

عامیری کوڕی فوهەیرەی ئازادکراوی حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنهما - یش لە مەڕانی حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - مەڕێکی شیرداری بۆ موحافەظە ئەکردن ، کوللی شەوێ لەو شەوانە کە تەشریفیان لە غارەکەدا مابووەوە کە ساعەتێ لە شەو ئەڕۆیی مەڕەکەی بۆ ئەبردن ئەیاندۆشی و شیرەکەیان نۆشی گیان ئەکرد . پێغەمەر - ﷺ - و ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - لە روفاهی یەت و رەحەتی یا شەویان رائەبوارد بە شیری تازەو بەردی گەرم تێنراوی ئیصلاح کراو ، تا وەختی ئاخری شەو عامیر - رضي الله تعالى عنه - دەنگی لە مەڕەکە ئەکردو ئەیبردنە لەوەڕ . ئەو سێ شەوە ئیشی عامیر ئەوە بوو بە رۆژ لەگەڵ شوانی

ترا ئەبوو ، وەك شەو لە لایان بووبێ نەئەزانرا کە چی کردوە .

پێغەمەر - ﷺ - و ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - پیاوێکیان لە (بنی الـدیل) کـە لە بـەنی عەبـدی کوڕی عـەدی دیِّلی بـوو بە دەلیـلی بەکرێ‌گرت کە رێیان پێ‌نیشان بدا ، پیاوێ بە مەهارەت لە رێ‌ناسینا . ئەو پیاوە بۆ تەئکیدی سوێن دەستی کردبوو بە خوێنا یا بە شتێکا کە دەست رەنگ بکا بە عادەتی عەرەب کە سوێن بخۆن لەسەر (اتحاد)یان ، ئەو دەلیلەیش لە ناو طائیفەی عاصی بەنی‌وائیلی سەهمی یا بەو نەوعە بووبوو بە سوێن‌خواریان ، هەم لەسەر دینی کافـری قورەیش بـوو ، پیاوێکی راست بوو . پێغەمەر - ﷺ - وحەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - ئەمنی‌یەتیان پێکرد ، وشترەکانیان تەسلیم کرد ، وەعدەیان دایێ کە لە دوای سێ شەو لە غاری ئەورا صبحەینێی سێیەم «وشترەکانیان» بۆ بەرێ کە لە وەعدەکەدا وشترەکەی بۆ بردن . عامیری بنی فوهەیرەو دەلیلەکە لە خدمەتیا رۆیین . دەلیلەکە بە خواری عەسفانا رێی سەواحیلی پێ گرتن . [خوایان لەگەڵ بێ] .

ئیبن‌وشـەهاب ئـەفەرمـوێ : عـەبـدوڕەحمـانی کـوڕی مـالیکی مودلەجی کە برازای سوراقەی کوڕی مالیکی بنی جوعشومە خەبـەری داومێ لـە باوکیـەوە کە لـە سوراقـەی کوڕی جـوعشومی بیستـوە کـە ئەیفەرموو : فروستادەی کافرانی قورەیشمان بۆ هات کە : هەرکەسێ رەسولوڵلا - ﷺ - و ئەبوبەکـر - رضي الله تعالی عنـە - ئەسیر بکا یـا بیانکوژێ بە موقابیلی هەر یەکێکیان خوێنی پیـاوێکی ئەدەینێ کـە صەد وشترە . لە وەختێکا کە دانیشتبووم لە مەجلیسێکی قەومەکەما ، کە بەنی مودلەجە ، پیاوێکی بەنی‌مودلەج هات وتی : سەوادی چەند کەسێکم دی کە بە ساحیلا ئەڕۆیین ، وا بزانم محەمەدو رەفیقەکانیە - علیه الصلاة

والسلام ـ . سوراقه ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : زانیم كه ئه‌وانن ئه‌مما بۆ شوێنه‌ونی پێم‌وت : ئه‌وانه‌ی كه به‌چاوت كردن ئه‌وان نین ، ئه‌بێ فلان‌و فلان بوون كه له‌به‌رچاوی ئێمه رۆیین كه وشتریان ون‌بووبوو چوون بۆی بگه‌ڕێن .

له دوای ئه‌وه له مه‌جلیسه‌كه‌دا سه‌عاتێ دانیشتم ، له پاشا چوومه ماڵه‌وه به كاره‌كه‌ره‌كه‌مانم وت : بچۆ ئه‌سپه‌كه‌م بۆ ببه‌ره ده‌رێ ، ئه‌سپه‌كه‌م له پشت ته‌پۆڵكه‌یێكی به‌رزه‌وه بوو له‌وێ بۆم راگرێ ، رمه‌كه‌م هه‌ڵگرت ، له پشت خانوه‌كه‌مانه‌وه چوومه ده‌رێ ، بنی رمه‌كه‌م له ئه‌رز ئه‌خشان‌و سه‌ره‌كه‌یشم دانه‌وان كه كه‌س نه‌یبینێ ، تا چوومه لای ئه‌سپه‌كه‌م‌و سواری بووم‌و پێم‌پێوه ناو به تاو رۆییم تا لێیان نزیك بوومه‌وه . ئه‌سپه‌كه‌م سه‌رسمێكی پێدام له سه‌ری كه‌وتمه خوارێ ، هه‌ڵسامه‌وه ده‌ستم برد بۆ تیركه‌شه‌كه‌م ئه‌زلامه‌كانم ده‌رهێنا قورعه‌م پێ كێشا كه : ئه‌توانم زه‌ره‌ریان پێ بگه‌یێنم یا ناتوانم ؟ ئه‌وه‌م بۆ هات كه حه‌زی لێ‌نه‌كه‌م . یه‌عنی زه‌ره‌ریان پێ ناگه‌یێنی . سواری ئه‌سپه‌كه‌م بووم عیصیانی ئه‌زلامه‌كه‌م كرد .

[ئه‌زلام : چه‌ند تیرێكه كه له‌سه‌ر به‌عزێكیان (ئا) له‌سه‌ر به‌عزێكیان (نا) نووسراوه ، به‌عزێكیان هیچی لێ نه‌نووسراوه . كه ته‌مای ئیشێكیان بێ به‌و ئه‌زلامه فاڵی خێرو شه‌ر ئه‌گرنه‌وه ؛ ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌یان بۆ بێ كه (ئا)ی لێ نووسراوه ئه‌چن بۆ ئه‌و ئیشه ئه‌یكه‌ن ، ئه‌گه‌ر (نا) یان بۆ هاته ده‌رێ وازی لێ دێنن . ئه‌گه‌ر بۆشیان بۆ هاته‌ده‌رێ هه‌ڵی ئه‌خه‌نه‌وه تا یه‌كێ له (ئا) یا (نا) یان بۆ بێته ده‌رێ]

ئەسپەکەم نزیکی ئـەخستمەوە تـا ئەو وەختـە گوێم لـە دەنگی پێغـەمەر بـوو ـ ﷺ ـ کە قـورئانی ئـەخوێن . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ ئـاوڕی نەدەدایەوە . ابو بکر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ زۆری ئـاوڕ ئەدایـەوە . هەردوو دەستی ئەسپەکەم داچوو تا هەردوو ئەژنۆی ، لەسەری کەوتمە خوارێ ، تێمەوەژەن ، هەڵسا ئەمما نزیك بوو کە دەستی نەتوانێ بی هێنێتە دەرێ ، کـە راستەوە بـوو جێی دەستی شتێکی لێ ئەهـاتـەدەرێ وەك دووکەڵ بە ئاسمانا هەڵەچوو .

بە ئەزلامەکە قیسمەتی خەیرو شەڕی خۆمم تاقی کردەوە ئەوەم بۆ هاتەوە کە پێم ناخـۆش بوو . بـانگم کردنێ کـە ئەمـانم بدەن [وتم : سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومم ، لەسەرم بوەستن قسەتان بۆ ئەکەم ؛ وەڵـلاهی لە منـەوە شتێکیان بـۆ نایێ کـە پێتان نـاخۆش بێ] راوەستان تا چوومە لایان ، لەو وەختەدا کە ئەسپەکـەم دەستی داچوو لێیان پاشەکەوتم کە نەیانگەمێ ، بە دڵا هات کە ئیشی پێغەمەر ـ ﷺ ـ سەرەگرێ . عەرزمکرد : کە قەومەکەت بۆ تۆ بـە کەسێ بتکـوژێ یا ئەسیرت بکا صەدِ وشتریان بەڵێن داوە . ئەو موعامەلەی کە قـورەیش تەمایان بوو لەگەڵیانا بکەم ، هەمووم خەبەردانێ ، نانو شتو مەکم . عەرزکردن کە بیاندەمێ هیچیان لێ کەم نەکردمەوەو داوایای هیچیـان لێنەکردم ئەوە نەبێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرمووم کە جێو شوێنیان لە خەڵق ون بکەم ، طەڵەبم لێکرد کە کاغەذی ئەمانم بۆ بنـووسێ ، ئەمری کرد بە عامیری کوڕی فوهەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پارچەیێ پێستی دەبـاغ کـراو بـۆی نـووسیمو [وەرمگـرتو خستمـە نـاو تیرکەشەکەمەوەو گەڕامەوە] لە پاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەگەڵ رەفیقەکانی لێیانداو تەشریفیان رۆیی .

ئیبن و شەهاب ئەفەرموێ : عورووەی کوری زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ [عورووە نە خۆی نەکاکی کە عەبدوڵلاّیە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئاگایان لە دنیا نەبوە] خەبەری داومێ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رێ بە زوبەیر گەیی لەگەڵ چەند سوارێکا لە موسوڵمانان بۆ تیجارەت چووبوونە شام و گەرابوونەوە . زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لیباسی سپی دانێ پۆشییان .

[دومیاطي ئەڵێ : ئەوی لیباسی تەقدیم کردن طەلحە بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ هیچ مانیع نی‌یە کە لەو رێیە هەردووکیان بەیەکەوە ، یا یەك لە دوای یەك بە خزمەتی پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیی بن . هەردوو ریوایەتەکە صەحیحە] .

موسوڵمانی مەدینە خەبەری ئەوەیان بیست کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە مەککەوە تەشریفی دەرچوە . . کوللی رۆژێ بەیانیان تا (حرّە) ئەچوون ئینتیظاری‌یان ئەکێشا تا گەرمای نیوەرۆ ئەیگێرانەوە . رۆژێ لە دوای ئەمە زۆریان چاوەروانی کێشا گەرانەوە . کە چوونەماڵەوە جوولەکەیێك بۆ تەماشاکردنی شتێك سەرکەوتە سەر قەلاّیێ لە قەلاّکانی خۆیان ، چاوی کەوت بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و بە ئەصحابی لە دوورەوە سپی ئەچوونەوە ، بە سیرعەت ئەرۆیین ، تەنگی‌یان بە سەراب هەڵچنی بوو طەیی‌یان ئەکرد . بە بێ ئیختیار جوولەکەکە خۆی پێ نەگیررا ، بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد : ئەی جەماعەتی عەرەب موژدە ! ئەوە مەطلووبەکەتان و رەئیسەکەتان کە ئینتیظاریتان بۆ ئەکێشا وا هات . یەعنی خۆشیی لە خۆتان . موسوڵمانان هەموو بە جارێ پەلاماری سیلاحیان داو چوون بەرەوپیری پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە سەر شانی حەررەوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ گێرانیەوە بە لای راستا تا دایەزانن لە ناو بەنی عەمری

بەنی عەوفا . رۆژی دووشەمـەی (ربیع الاول) [یـەکەمی ؟ دوەمی ؟ دوانزەهەمی ؟ سێنزەهەمی . . . اقوال] .

ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنە - تەشریفی راوەستـا بوو خـەڵق لەگەڵیانا مـولاقاتی ئـەکرد . پێغـەمەریش - ﷺ - تـەشریفی بێـدەنگ دانیشتبوو ، بەعزێ لە ئەنصار - لەوانەی کە پێغەمەر - ﷺ - ەیان نەدیبو - ئەبوبـەکریـان بە پێغـەمەر ئـەزانی و تەعـظیمیان ئـەکردو سـەلامیان لەوەکرد ، تا رۆژ هاتەسەر پێغەمەر - ﷺ - ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنە - تەشریفی چوو بۆ حوضووری پێغەمەر - ﷺ - ەو بە بەرماڵەکەی کۆڵی سێبەری کرد بۆ پێغـەمەر - ﷺ - ئیـتر خەڵق پێغـەمەریـان ناسی - ﷺ - .

پێغەمەر - ﷺ - دە شەوو ئەوەندە تەشریفی لە ناو بەنی عـەمری بەنی عەوفا بەند بوو ئەو مزگەوتەی لە سوورەتی بەرائەتا ئەفەرموێ کە لەسەر تەقوا بیناکراوە کە مەسجیدی قوبایە . . ئەساسەکەی دامەزران و نوێژی تیا کرد . لە دواییا رۆژی جومعە تەشریفی سـواربوو . وەختی جومعەی لە بەنی سالمی بەنی عەوفا بـەسەراهـات تەشـریفی ئەڕۆیی و خەڵقیش لە خذمەتیا ئەڕۆیین تا وشترەکەی لە لای ئەو جێگەیەی کـە ئێستە لە مەدینەدا [لە جێی مینبەرەکەیا] مـەسجیدی پێغـەمەرە - ﷺ - چۆکی دادا ، ئەو رۆژانە لەوێدا خەڵقی موسوڵـمان نوێـژیان ئـەکرد ، جێ موشتاخی خورمای سەهل و سوهەیل بو [کە کوڕی رافیعی کوڕی عەمر بوون] دوو غولامی هەتیو بوون لە ژێر حیمایەی ئەسعەدی کوڕی زەرارەدا بوون - رضي الله تعالى عنهم - پێغەمەر - ﷺ - لەو وەختەدا کە وشترەکەی چۆکی دادا فەرمووی : ئێرە (ان شاء الله) مەنزڵە . لە پاشا پێغەمەر - ﷺ - ئەو دوو کوڕەی بانگ کرد ، سەودای جێ موشتاخەکەی

لێ‌كـردن كه بیكـا به مـزگه‌وت . عـه‌رزیان‌كـرد : هـه‌ر بـه خـۆڕایی ئه‌دده‌ینێ ، پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به بێ پاره لێی قه‌بووڵ نه‌كردن تا لێی كڕین و كردی به مزگه‌وت .

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له بیناكردنی مه‌سجیـده‌كه‌دا لـه‌گه‌ڵ ئـه‌صحابـا خشتی ئه‌گوازته‌وه‌و ئه‌م شیعرانه‌ی ئه‌خوێنده‌وه كه مه‌عنای وایه :

ئه‌م خشت‌هه‌ڵگرتنه‌یه به بار حسێب بێ نه‌ك باری خورماو مێوژو مه‌حصوولاتی خه‌یبه‌ر . ئه‌م خشت‌گوازتنه‌وه خیرو مه‌نفه‌عـه‌تی زیاتـرو به‌ده‌وامتره ، (عند الله) ته‌میزتره له واریداتی هه‌مووخه‌یبه‌ر .

هه‌م ئه‌یفه‌رموو :

خوایا ! ئه‌جر هـه‌ر ئه‌جـری ئاخیـره‌ته ڕه‌حم بكـه به ئـه‌نصارو موهاجیره .

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به‌م شیعرانه [كه له به‌حـری (رجز)ن] شیعـری پیاوێكی موسوڵمانی ته‌مثیل فه‌رموو . [ڕاوی‌یه‌كه ظـاهیر وایـه كه ئیبن‌و شـه‌هاب بێ] ئـه‌فه‌رمـوێ : كه نـاوی ئه‌و پیـاوه‌م بۆ نـه‌براوه كـه كێیه [قه‌سطه‌لانی ئه‌ڵێ : عه‌بدوڵلای بنی ڕه‌واحه‌یه ـ رضي الله تعالى عنه ـ] .

ئیبن‌و شه‌هاب ئـه‌ڵێ : به ئێمـه نه‌گـه‌ییوه كـه پێغه‌مـه‌ر ـ ﷺ ـ به‌یتێكی به ته‌واوی له شیعر خوێندبێته‌وه غه‌یری ئه‌م به‌یته .

[ئه‌میش بێ وه‌زنه فه‌قه‌ط ئه‌گه‌ر بڵێی : (لا هُمَّ) له باتی (اللهم) ، (فَارْحَم) بڵێی له باتی (فَارْحم) وه‌زنی ئه‌بێ .

قه‌سطه‌لانی ئـه‌فه‌رمـوێ : بوخـاریی ـ رحمه الله ـ ئـه‌م حه‌دیثی هیجره‌ته‌ی به پارچه پارچه له‌گه‌ڵ جێدا ذیكـر فه‌رمـوه ، به تـه‌واوه‌تی

لێرەیدا ، یەعنی لە بەحثی فەضائیلا ، ذیکر فەرموە .

پێغـەمەر ـ ﷺ ـ لـەسەری حـەرام نـەبـوە کـە شیعـری خـەڵق بخوێنێتەوە ، شیعروتنی لەسەر حەرام بوە .

٩٢١/٤٤ انس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قـال : اقبل نبيُّ الله ـ ﷺ ـ الى المدينة وهو مردف أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وابو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ شيـخ يعرف [لتـردده اليهم للتجارة] ونبي الله ـ ﷺ ـ شاب لايعرف [لعدم تردده إليهم] قال : فيلقي الرجل ابا بكر ، فيقول : يا أبا بكر من هذا الرجل الذي بين يديك ؟ فيقول : هذا الرجل يهديني السبيل ؛ فيحسب الحاسب انه انما يعني الطريق ، وانما يعني سبيل الخير . فالتفت ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] فاذا هو بفارس قد لحقهم ، فقال : يا رسول الله هذا فارس قد لحق بنـا ، فالتفت نبي الله ـ ﷺ ـ فقال : اللهم اصرعه ! فصرعه [فرسه ، ذر] ثم قامت تَحَمْحَمُ [تصوت] فقال : يا نبي الله مرني بم شئتَ ، فقال : فقف مكانك لاتتركنَّ احدا يلحق بنا . قال : فكان سراقة اول النهار جاهدا على نبي الله ، وكان آخر النهار مَسْلَحَة له [مدافعا له بالسلاح] . [الى هنا مرسل الصحابي] .

فنـزل رسول الله ـ ﷺ ـ جـانب الحرة [فـأقام بقبـاء ، وبني بها المسجـد] ثم بعث الى الانصار ، فجـاؤا الى نبي الله ـ ﷺ ـ وابي بكـر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فسلموا عليهما ، وقالوا : اركبا آمِنَيْن مطاعَيْن ، فركب نبي الله ـ ﷺ ـ وابو بكر وحفّوا دونهما بالسلاح ، فقيل في المدينةَ : جاء نبي الله ـ ﷺ ـ فاشرفوا ينظرون ويقولون : جاء نبي الله [ﷺ] فاقبل يسير حتى نزل جانب دار ابي ايوب ، فانه ليحدث اهله اذ سمع به عبدالله بن سلام [الاسرائيلي من حلفاء بني عوف] وهو في نخل لاهله يخترف

[يجني ثمرها] فيها ، فعجل ان يضع الذي يخترف فيها ، فجاء وهي [الثمرة التي جناها] معه ، فسمع من نبي الله ـ ﷺ ـ [ان قال : ايها الناس افشوا السلام ، واطعموا الطعام ، وصلوا الارحام ، وصلُّوا بالليل والناس نيام . . تدخلوا الجنة بسلام]

ثم رجع الى اهله ، فقال نبي الله ـ ﷺ ـ : أيُّ بيوت اهلنا اقرب ؟ فقال ابو ايوب : انا يا نبي الله ، هذه داري ، وهذا بابي ، قال : فانطلق فهيِّ لنا مقيلا ، قال : قوما على بركة الله تعالى . فلما جاء نبي الله ـ ﷺ ـ [الى منزل ابي ايوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ] جاء عبدالله بن سلام اليه ـ ﷺ ـ فقال [بعد ما سأله عن مسائل ، وسمع جوابه ـ عليه الصلاة والسلام ـ] : اشهد انك رسول الله ، وانك جِئْتَ بحقٍّ ، وقد عَلِمَتْ يهودُ اني سيدهم وابن سيدهم ، واعلمهم وابن اعلمهم ، فادْعُهُمْ ، فاسألهم عني قبل ان يعلموا اني قد اسلمت ، فانهم ان يعلموا اني قد اسلمت قالوا فيَّ ما ليس فيَّ .

فارسل نبي الله ـ ﷺ ـ فاقبلوا فدخلوا عليه ، فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : يا معشر اليهود ! ويلكم ! اتقوا الله ! فو الذي لا اله الا هو ! انكم لتعلمون اني رسول الله حقا ، واني جئتكم بحق ، فاسلموا . قالوا : ما نعلمه . قالوا للنبيّ ـ ﷺ ـ قالها ثلاث مرار . قال : فأَيُّ رجل فيكم عبدالله بن سلام ؟ قالوا : ذاك سيدنا وابن سيدنا ، واعلمنا وابن اعلمنا ، قال : أفرأيتم ان اسلم ؟ قالوا : حاشالله ماكان ليسلم ! قال : أفرأيتم ان اسلم ؟ قالوا : حاشالله ما كان ليسلم ! قال : افرايتم ان اسلم قالوا : حاشالله ماكان ليسلم ! قال : يا ابن سلام اخرج عليهم ! فخرج ، فقال : يا معشر اليهود اتقوا الله ، فو الذي لا اله الا هو ! انكم لتعلمون انه رسول الله ، وانه جاء بحق ، فقالوا له : كذبت ! فاخرجهم رسول الله ـ ﷺ ـ . ح ـ ٦/ ٢١٤

تەرجەمە :

ئەنەسی بني مالیك ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە مەککەوە ئەشریفی رووی‌کردە مەدینە [بۆ ئەوێ هیجرەتی فەرموو] ئەبوبەکریش لە خذمەتیا لە دوای ئەوەوە سواری راحیلەی خۆی بووبوو تەشریفی ئەرۆیی . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ پیری پێوە دیاریی دابو [بۆ تیجارەت هاتوچۆی مەدینەی کردبوو لە مەدینەدا] ئەناسرا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ جوان بوو [پیر نەبووبوو ، سەرو ریشی موبارەکی مووی سپی تێنەکەوتبوو ، لەویش بە سێ ساڵ بە عومرتر بوو ، لەبەر ئەوە هاتوچۆی مەدینەی نەفەرموو بوو لە مەدینەدا] نەناسرابوو ، پیاو لە رێدا لەگەڵ ئەبوبەکرا ـ رضي الله تعالی عنه ـ مولاقاتی ئەکرد لێی ئەپرسی : ئەو پیاوە کە لە بەردەوەمتەیە کێیە ؟ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەیفەرموو : ئەم پیاوە رێگەم پێ نیشان ئەدا . ظەن بەر وای ظەن ئەبرد کە رێوبانی پێ نیشان ئەدا ، [بۆرۆیین] ئەویش قەصدی وا بوو کە رێی خێری پێ نیشان ئەدا . حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئاوری دایەوە کە تێفکری سوارێ [کە سوراقە بوو ، تەعقیبی ئەکردن] پێیان گەیی ، فەرمووی : (یا رسول الله) ئەوە سوارێکە وا پێمان گەیی .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئاوری دایەوە فەرمووی : (یا اللّهم) بیخەرە خوارێ ، ئەسپەکە خستی‌یە خوارێ . [یەعنی ئەسپەکەی کەوت و ئەوی لەسەر کەوتە خوارێ] لە دواییا ئەسپەکەی هەڵسایەوەو دەنگی لێوە ئەهات . [لە دوای حەپسەو پەپسەی کە لە حەدیثەکانی پێشەوایە] وتی : (یا نبي الله) بەچی ئەمرم پێ ئەکەی بیکەم ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە جێی خۆت راوەستەو مەیێڵە خەڵقمان بگاتە سەر .

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : سوراقە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ئەووەڵی رۆژا بە دوشمنايەتی بۆ کوشتنی یا بۆ ئەسیرکردنی پێغەمەر ـ ﷺ ـ هەوڵی ئەدا ، لە ئاخری رۆژا بوو بە سیلاحی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و دەفعی دوشمنی لێ ئەکرد .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە لای حەررەدا دابەزی لە دوای ئەو [موددەیە کە لە قوبادا تەشریفی بەندبوو بینای مەسجیدی تیا کرد] ناردی بە شوێن ئەنصارا . [ئەم حەدیثە تا ئێرە مورسەلی صەحابی‌یە ؛ چونکی ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ (بالذات) ئاگای لەمانە نەبوە] ئەنصار ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفیان هاتە خدمەت پێغەمەرو ئەبوبەکر ـ ﷺ ـ سەلامیان لێ‌کردن‌و عەزریان کردن : بفەرموون بە ئەمینی‌و بە ئیطاعەکراوی سوار بن . پێغەمەر وئەبوبەکر ـ ﷺ ، ورضي عنە ـ تەشریفیان سوار بوو ، ئەنصاریش بە سیلاحەوە دەورەی پێغەمەرو ئەبوبەکر ـ ﷺ ، ورضي عنە ـ یان گرت . لە مەدینەدا خەڵق ئەیان‌وت : (نبي الله) هات ، (نبی الله) هات ـ ﷺ ـ لێی نزیك بوونەوەو تەماشایان ئەکرد . ئەیانفەرموو : (نبي الله) هات . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی موتەوەجیهی مەدینە بوو تا لە تەنیشت ماڵی ئەبوئەییووبی ئەنصاریدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دابەزی .

لەو وەختەدا کە قسەی لەگەڵ خزمانی خۆی ئەفەرموو عەبدوڵڵای بنی سەلام خەبەری تەشریف‌هاتنی پێغەمەری بیست ـ ﷺ ـ ئەو وەختە عەبدوڵڵا لە ناو باغی خورمایانا بوو ، هێشوەکانی ئەبری ، نەپەرژ ایە سەر ئەوە کە ئەو خورمایە بە دەستی‌یەوەیە داینێ‌و بیخاتە سەر خورماکانی تر . خورماکەی هەروا لە دەستا بوو هاتەخزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەی موبارەکی پێغەمەری ـ ﷺ ـ بیست .

[ترمزی . . ئەووەڵ کەلامێ کە لێی بیست ئەوەیە کە فەرمووی : ئەی خەڵقینە سەلام بە ناو خۆتانا بڵاوکەنەوە ، ئیطعامی طەعام بکەن ، صیلەی رەحم بکەن ، بە شەو کە خەڵق لە خەوا بن ئێوە نوێژ بکەن . . تا بە سەلامەتی داخلی بەهەشت ببن] لە دواییا عەبدوڵلا گەڕایەوە بۆ لای ماڵ و منالی خۆی .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کام خانووی خزمەکانم نزیکترە ؟ [خاڵوانی عەبدولموطەلیب کەس و کاری سەلمای دایکی کە کچی عەمرە لە بەنی نەججار] ئەبوئەییووبی ئەنصاری ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا نبي الله) من لە هەموویان نزیکترم ، ئەوە خانوەکەمە ، ئەوەیش دەرگاکەمە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی . دەسا بچۆ جێیەکمان بۆ حازر کە کە ئیستراحەتی تیا بکەین . فەرمووی : (على بركة الله) تەشریفتان هەڵسێ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی چوە ماڵی ئەبوئەییووب ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەبدوڵلای بنی سەلام [دووبارە] تەشریفی هاتەخزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ [لە دوای ئەو سوئال و جوابەی لە بەینا جاریی بوو ، کە لە بەحثی موسوڵمانبوونی عەبدوڵلادا (ان شاء الله) ذیکر ئەکرێ] فەرمووی : شەهادەت ئەدەم کە تۆ پێغەمەری خوای بە حەق هاتووی . جوولەکە ئەزانن کە من گەورەی ئەوانم ، کوڕی گەورەیانم ، عالمتری هەموویانم ، کوڕی عالمترینی ئەوانم . لە پێش ئەمەدا کە بزانن موسڵمان بووم لێیان بپرسە : کە لەناویانا چۆنم ؛ چونکی ئەگەر بزانن من موسوڵمان بووم ، دەرحەق من ئەوە ئەڵێن کە تیاما مەوجوود نەبێ ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردی بە شوێنیانا ، هاتنەخذمەتی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : ئەی جەماعەتی یەهوود لە خوا بترسن ! سوێن ئەخۆم بەو

ذاتەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بە حـەق نی‌یە ! ئێـوە ئەزانن کـە من (رسول الله)م بە حەق بۆ ئێوە هاتووم موسوڵمان ببن . . وتیان : خەیر ئەوە نازانین . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ سێ دەفعـە وای پێ فەرمـوون ، هەر سێ جارەکە وایان جوابی پێغەمەر دایەوە کە نازانین تۆ پێغەمەری خوایی و بە حەق هاتووی .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عەبدوڵلای بنی سەلامتان لە ناوا چۆن پیاوێکە ؟ وتیان : گەورەمانەو کوری گەورەمـانە ، عـالمترینی ئێمـەیەو کوری عالمترینمانە ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئەڵێن چی ئەگەر مـوسوڵمـان بووبێ ؟ وتیـان : (حاشـا لله) قەد نـابێ مـوسـوڵمـان ببێ . فەرمووی : ئەڵێن چی ئەگەر موسوڵمان بووبێ ؟ وتیان : (حاشا لله) قەد نابێ موسوڵمان ببێ . فەرمووی : ئەڵێن چی ئەگەر مـوسوڵمـان بووبێ ؟ وتیان : (حاشالله) نابێ کە قەد موسوڵمان ببێ [سێ جار] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی ئیبن و سەلام وەرە دەرێ بۆیان ! عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هاتەدەرێ ! فەرمووی : ئەی گەلەجوو ! تەقوا لە خوا بکەن ، قەسەم بەو خوایەی کە غەیری ئـەو مەعبوودی بە حەق نی‌یە ! ئێوە ئەزانن کە ئەو رەسوولوڵلایەو بە حـەق هاتوە . . وتیان : درۆ ئەکەی .. پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردنی‌یە دەرێ .

بە موناسەبەی هیجرەتەوە ئەم قسەی قەسطەلانی‌یە ئەنووسم کە ئەساسی هیجرەتە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ هەموو مەوسیمێ خۆی لە لای قەبائیلی عـەرەبا رائەنوان کە موعاوەنەتی بکەن . لە لای (عقبە) مولاقاتی لەگەڵ شەش کەسا لە خەزرەج کرد . ئەمە عەقەبەی ئوولای پێ ئەڵێن . ئەو شەش کەسە :

١ ـ ئەبوئەمامە ، ئەسعەدی کوڕی زەرارە .
٢ ـ عەوفی کوڕی حەرثی کوڕی رەفاعە کە مەشهوورە بە (ابن عفرا)ء .
٣ ـ رافیعی بنی مالیکی عەجلانی .
٤ ـ قەطبەی کوڕی عامیری ، کوڕی حەدیدة .
٥ ـ عەقەبەی کوڕی عامیری ، کوڕی نابی .
٦ ـ جابیری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی رەباب .

بەعزێ لە ئەهلی عیلم لە باتی جابیر عوبادەی کوڕی صامیتیان داخلی ئەم عەقەبەیە کردوە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمانەی دەعوەتوکردە سەر ئیسلامەتی ، ئیمانیان هێنا ، عەرزی پێغەمەریان کرد ـ ﷺ ـ : کە قەومەکەمان وا بەجێهێشت لە بەینیانا حەرب بوو ، ئەگەرێینەوە دەعوەتیان ئەکەینە سەر ئەوە کە ئێمەت دەعوەت کردوتە سەر ، بەڵکو خوا بە واسیطەی تۆوە کۆیان بکاتەوە . ئەگەر قسەیان یەکدیگیر ببێ و تابیعی تۆ ببن هیچ کەس لە تۆ بە عیزەتتر نابێ . ئەو شەش کەسە گەرانەوە بۆ مەدینە قەومەکەیان دەعوەت کردە سەر ئیسلامەتی ، تا ئیسلامەتی لە مەدینە بلاوبۆوە . هیچ ماڵێ لە ماڵی ئەنصارا نەما کە ناوی پێغەمەری تیا نەبێ ـ ﷺ ـ .

ساڵی دوایی لە ئەنصار دوانزە پیاو هاتنە مەککە ، پێنجیان لە شەشەکەی پێشوو بوو :
١ ـ ئەبو ئەمامە .
٢ ـ عەوفی بنی عەفراء .
٣ ـ رافیعی بنی مالیك .
٤ ـ قەطبە .
٥ ـ عەقەبە .

حەوتەکەی تر :

١ ـ مەعازی کوڕی حەرثی ، کوڕی رەفاعە . برای عەوف .

٢ ـ ذەکوانی بنی عەبدی قەیس .

٣ ـ عوببادەی بنی صامیت .

٤ ـ ئەبوعەبدوڕحمانی یەزیدی کوڕی ثەعلەبە .

٥ ـ عەباسی بنی عوببادەی بنی نەضلە . ئەمانە هەموو لە خەزرەجن .

دوانیش لە (ئەوس) :

١ ـ ئەبولهەیثەم کوڕی تیهان ، لە بەنی (عبدالاشهل) .

٢ ـ عوەیمی کوڕی ساعیدە ، لە بەنی عەمری کوڕی عەوف .

ئەم دوانزە کەسانە بەیعەتیان لە خدمەتا کرد . لە سەر بەیعەتی ژنەکانیشیان کە موسوڵمان ببن پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەبدوڵلای کوڕی ئومی مەکتووم و ، موصعەبی کوڕی عومەیری لەگەڵ ناردن ، تا قورئان فێری ئەوانە بکەن کە موسوڵمان بوون ، ئەوانەیشیان کە ئێشتا موسوڵمان نەبوون دەعوەتیان بکەنە سەر موسوڵمانەتی . لەسەر دەستی موصعەبا خەڵقێکی زۆر موسوڵمان بوو . لە بەنی (عبدالاشهل)ا ، لە پیاوو ژن ، هیچ کەس نەما کە موسوڵمان نەبێ تەنها (ئەصرەم) کە عەمری کوڕی ثابیتی کوڕی وەقشە . . مایەوە موسوڵمان نەبوو تا ڕۆژی ئوحود ، ڕۆژی ئوحود هاتەخدمەت پێغەمەر ، موسوڵمان بوو ، هەر ئەو ڕۆژە بێ ئەمە سوجدەیێ بۆ خوا بنا شەهید کرا . ـ رضي الله عنهم ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە خەبەری درایە فەرمووی : لە ئەهلی بەهەشتە !

لە دوای ئەو عەقەبەیە ساڵی دوایی لەوانەی کە موسوڵمان بوون لە ئەنصار جەماعەتێکی زۆر ئارەزووی لیقای پێغەمەریان کرد ، لەگەڵ کوففاری خۆیان چوونە مەککە ! وەعدەیان دا بە پێغەمەر ـ کە لە

ناوەڕاستی ئەییامی تەشریقا لە عەقەبە بچنە خدمەتی . لەوێدا موبایەعەیان لەگەڵ کرد لەسەر ئەمە کە موحافەظەی بکەن لەوانەی کە خۆیان و ماڵ و منالی خۆیانی لێ موحافەظە ئەکەن . هەم خۆی و ئەصحابی ئەشریفیان بچێ بۆ مەدینە . حەزرەتی عەباس لەو وەختەدا کە ئێشتا لەسەر دینی قورەیش بوو حازری موعاهەدەیێ بوو کە لەسەر ئەهلی مەدینە تەوثیق کرابوو . ئەو شەوە بەرائی بنی مەعروور لە عەهدو پەیمانا جێگەیەکی زۆر گەورەی گرت . ئەو شەوە ئەوانەی کە موبایەعەیان لە خدمەتا کرد حەفتا پیاوو دوو ژن بوون . قسط ٦/٢٠٠

٩٢٢/٤٥ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : شهد بي خالاي العقبة [الثالثة] . قال ابو عبدالله : قال ابن عيينة : احدهما البراء بن معرور [من اقارب امه ، ليس بخاله حقيقة . وخالاه الحقيقيان ثعلبة وعمرو . وشهدا العقبة الثالثة] قال جابر : انا وابي وخالي من اصحاب العقبة الثالثة . ح ـ ٦/٢٠١

تەرجەمە :

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : خاڵەکانم بردمیان بۆ عەقەبەی سێیەم . هەم ئەفەرموێ : من و باوکم و لە ئەصحابی عەقەبەی سێیەمین .

٩٢٣/٤٦ براء بن عازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : اول من قدم علينا مُصْعَب بن عمير ، وابن ام مكتوم . وكانا يقرئان الناس . فقدم بلال وسعد [بن ابي وقاص] وعمار بن ياسر . ثم قدم عمر بن الخطاب في

ـرين من اصحاب النبي ـ ﷺ ـ ثم قدم النبي ـ ﷺ ـ [وابو بكـر ، وعامر بن فهيرة ـ رضي الله تعالى عنهم اجمعين] فما رأيت أهل المدينة فرحوا بشيئ فرحهم برسول الله ـ ﷺ ـ حتى جعل الاماء يقلن : قدم رسول الله ـ ﷺ ـ .

• [وعند الحاكم عن انس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فخرجت جوارٍ من بني النجار يضربن بالدف وهن يقلن :

نحن جوار من بني النجار يا حبذا محمد من جار !]

فما قدم حتى قـرأت (سبح اسم ربـك الاعلى) في سـور من المفصل .
ح ـ ٦/ ٢٢٠

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەووەڵ کەسێ کە هاتەلامان موصعەبی کوڕی عومەیـرو ئیبنو ئومی مەکتووم بوون . قورئانیان فێری خەڵق ئەکرد ، لە دواییا بیلالو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو عەمماری کوڕی یاسیر هاتن . لە دواییا عومەری کـوڕی خەطاب لە ناو بیست کەسا تەشریفی هات . لە دوا پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هات [لە رەفاقەتیا صەدیقی ئەکبەرو عـامیری بنی فـوهەیـرە بوون] نەمدیبوو کە لەوەپێش ئەهلی مەدینە فەرەحناك بووبن بە شتێـك ئەوەندە کە بە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرەحیان پێگـەیی . حەتـا جاریـەی مەدینەیی ئەیانوت : رەسوولی خوا ـ ﷺ ـ تەشریفی هات .

[حاکم لە ئەنەسەوە ریوایەت ئەکا کە کچە مەدینەیی بە دەفەوە ئەیانوت : ئێمە لە کچانی (بني النجارين) پێغەمەر ـ ﷺ ـ چە پەنایێکی گەورەو ظەریفە بۆ ئێمە !] پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی نەهات تا سوورەی

(سبح اسم ربك الاعلى) و چەند سوورەتێ لە (مفصل) م خوێن [کە لە سوورەی (حجرات) ەوەیە] .

٩٢٤/٤٧ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله - ﷺ - يوم الفتح : فتح مكة : لاهجرة ولكن جهاد ونية ، واذا استنفرتم فانفروا . م - ٦/٥٦

وعن عائشة [رضي الله تعالى عنها] وفي اوله قالت : سئل رسول الله - ﷺ - عن الهجرة فقال . .

تەرجەمە :

ئیبن و عەباس و عائیشە [رضي الله تعالى عنهم] . . . پێغەمەر - ﷺ - [سوئالی دەرحەق هیجرەت لێ کرا . عایشە] [ڕۆژی فەتحی مەککە . ئیبن و عەباس] فەرمووی : دوای فەتح هیجرەت نی یە ، ئەمما جیهاد هەیە ، نییەتی ئەعمالی خەیری یە بۆ ئینسان هەیە . ئەگەر حوکوومەت تەکلیفی لێ کردن لە جێی خۆتان بچنە دەرێ بۆ حەرب لەگەڵ کوففارا . . دەرچن .

[هیجرەتکردن لە مەککە لە پێش فەتحی مەککەدا بۆیە بوە کە ئەصحابی کیرام بە دەست موشریکینەوە لە ئەذاو جەفادا بوون ، کە فەتحی مەککە کرا ئەو سەبەبە نەما ، فەقەط ئەصلی هیجرەت بۆ موحافەظەی دینی خۆی لە جێیکا لەسەر دینداری ئەذیەت بدرێ . . ئەوە تا ڕۆژی قیامەت باقی یە . ئێستە (الحمدلله) لە هەموو بیلادی کوففارا بە ئاشکارا بە بێ ترس لە خەڵق ئیجرای موسوڵمانەتی ئەکرێ ، بۆ ئەوە فەرقی داری ئیسلام و فەرقی داری کوفر نەماوە . هیچ بیلادی کوففار نی یە کە بێ حیساب مەساجیدی تیا بینا نەکرابێ . (فلله الحمد) .

٩٢٥/٤٨ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : جاء عبد ، فبايع النبي ـ ﷺ ـ على الهجرة ولم يَشْعُرْ انه عبد ؛ فجاء سيده يريده ؛ فقال النبي ـ ﷺ ـ : بعنيه ، فاشتراه بعبدين اسودين ، ثم لم يبايع احدا بعد حتى يسأله : أعبدٌ هو ؟ م ـ ٧/ ٤٠

تەرجەمە :

عەبدێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر هیجرەت موبایەعەی لە خدمەتا کرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەیزانی کە عەبدە ، لە پاشا صاحیبەکەی هاتە خزمەت پێغەمەر داوای عەبدەکەی لێ کرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : پێم بفرۆشە . لێی کری بە دوو عەبدی ڕەش . لە دوای ئەوە موبایەعەی لەگەڵ کەس نەدەکرد تا لێی نەپرسیایە : کە عەبدە یان نا ؟

ظاهیر وایە ئەو عەبدەی کە موبایەعەی لە خزمەتا کردوە موسوڵمان بوە ، صاحیبەکەی کافر بوە ، ئەو عەبدانەیش کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردوویەتی بە ئەمەنی عەبدە موسوڵمانەکە کافر بووبن .

بەیعی عەبد بە عەبد دروست بێ بەیعی حەیوان بە حەیوان (بە طەریقی ئەولا) دروست ئەبێ .

٩٢٦/٤٩ عطاء بن ابي رباح قال : زرت عائشة [رضي الله تعالى عنها] مع عبيد بن عمير الليثى ، فسألناها عن الهجرة ، فقالت : لا هجرة اليوم ، كان المؤمنون يفر احدهم بدينه الى الله والى رسوله ـ ﷺ ـ مخافة ان يفتن عليه . فاما اليوم فقد اظهر الله الاسلام ، واليوم يعبد ربه حيث شاء ، ولكن جهاد ونية . ح ـ ٦/ ٢٠٥ ح/٦/ ٣٨٦

تەرجەمە :

ئەبو رەباح لەگەڵ عوبەیدی کوڕی عومەیرا ئەچنە خزمەت حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لێی ئەپرسن لە هیجرەت ، فەرمووی : ئیمرۆ هیجرەت نی یە ، موسوڵمانان لەوەپێش لەبەر دینیان فیراریان ئەکردە لای خواو رەسوولی ـ ﷺ ـ لە ترسی ئەوە لەسەر دین تووشی فیتنەیێ ببن . ئەمما ئێستە خوا ظوهووری بە ئیسلام کردوە . ئەمرۆ ئیسلام لە هەر جێێ ئارەزووی بێنێ عیبادەتی خوای خۆی ئەکا ، لاکین جیهاد هەیە . نییەتی ئەعمالی صالیحە هەیە موقابیلی هیجرەت .

٩٢٧/٥٠ عن ام خالد بنت خالد [بن سعيد بن العاص] قالت : قدمت من ارض الحبشة وانا جويرية ، فكساني رسول الله ـ ﷺ ـ خميصة لها اعلام ، فجعل رسول الله ـ ﷺ ـ يمسح الاعلام بيده ، ويقول : سناه ، سناه . قال الحميدي : يعني حسن ، حسن . ح ـ ١٩١/٦

تەرجەمە :

(ام خالد) ی کچی خالید ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : کچێکی مناڵ بووم لە ئەرزی حەبەشەوە هاتمەوە بۆ مەدینە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ لیباسێکی گوڵداری پێ پۆشیم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی موبارەکی ئەهێنا بەسەر گوڵەکانیا ئەیفەرموو : (سنه ، سنه) یەعنی تەتەیە .

جلی گوڵدار لەبەرکردن دروستە .

٩٢٨/٥١ عن عايشة [رضي الله تعالى عنها] ان ابا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تزوج امرأة من كلب يقال لها : ام بكر . فلما هاجر ابو بكر

طلقها ؛ فتزوجها ابن عمها [ابو بكر شداد بن الاسود] هذا الشاعر الذي قال هذه القصيدة ، رثى (منكرا للبعث] كفار قريش [الذين قتلوا الى جهنم يوم البدر] :

وماذا بالقليب قليب بدر
من الشيزى [شجر تعمل منه القصاع والجفان] تزين بالسنام ؟
وماذا بالقليب قليب بدر
من القَيْنات والشَّرْب الكرام [جمع شارب النديم]
تحيي بالسلامة ام بكر
وهل لي بعد قومي [لعنهم الله] بالسلام ؟
يحدثنا الرسول [ﷺ] بان سَنُحْيا وكيف حياة اصداء وهام ؟

خ ـ ٦/٢١٨

تەرجەمە :

[عەرەبی جاهیلییەت لایان وابوە کە ئینسان مرد طەیرێ کە بە شەو ئەخوێنێ کە پێی ئەڵێن (صەدا) لە کاسەی سەری ئێتەدەرێو ئەفرێ . یا پیاو کوژراو خوێنی نەستێنرا رۆحەکەی ئەبێ بەو طەیرەی لە کاسەریەوە یێتە دەرێ ، قونەقونە ئەکا بەدەوری قەبرەکەیا ، ئەڵێ : تینوومە خوێنی قاتیلەکەم بدەنێ بیخۆمەوە . کە خوێنی ستێنرا هەڵەفرێ . (من قسطلاني)]

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ژنێکی لە عەشیرەتی کەلب مارەکرد ناوی (ام بکر) بوو کە هیجرەتی کرد تەلاقی دا ، ئامۆزای ژنەکە مارەی کرد ، کە ناوی ئەبوبەکرە ، شەدادی کوری ئەسوەدە . ئەو شاعیرە کە لە (مرثیە) ی ئەو موشریکانەدا کە رۆژی بەدر رەوانەی جەهەننەم کران ئەم قەصیدەی وتوە :

ئەوە چی یە لە ناو بیری بەدرایە ؟ ئەو پیاوە گەورانە کێن کە وەك ئەو سوفرەو خوانەو کاسەو تەبەقـە زلانەن کـە بە گـۆشتی سەرپشتی وشـتر ئەڕازێنرێنەوە ؟ یەعنی صاحیبی سوفرەو خوان بوون و ئێستە چاڵی بەدرە .

ئەوە چی یە کە لە بیری بەدرایە کە صاحیبی ئەو ژنە گۆرانی بێژانەو ئەو ساقییانەن کە لە مەجلیسیانا شەرابیان ئەگێراو عوودو کەمانیان بۆ لێ ئەدان ؟ ئەوانە دۆعای سەلامەتی بۆ (ام بکر) ئەکەن ، یا خۆیان چوونە جەهەننەمەوەو سەلام لە (ام بکر) ئەکەن . ئایا لە دوای قەومەکەم ئیتر من هیچ سەلام و سەلامەتیم بۆ هەیە ؟

رەسوولوڵلا ـ ﷺ ـ قسەی ئەوەمان بـۆ ئەکـا کە ئێمـە لەمـەولا زینـدوئەبینـەوە : زیندوبـوونەوەی ئـەو رۆحانـەی بوون بـە (صەدا)و (بایەقوش) و «کوننەبەبوو» چۆن مومکین ئەبێ ؟

[ئێستە لە جەهەننەما ئەم قەصیدەیان بۆ بخوێنێتەوە !]

٩٢٩/٥٢ عن سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] قال : ما عدّوا التأريخ من مبعث النبيِّ ـ ﷺ ـ [لأن وقته كان مختلفا فيه بحسب دعوته للحق ، ودخول الرؤيا الصالحة فيه ، فلا يخلو من نزاع في تعيين سنته] ولا من وفاته [لما يقع في تذكره من الاسف ، والتألم على فراقه] ما عدّوا الا من مقدمه المدينة . ح ـ ٦/ ٢٢٤ .

[وانما جعلوه من اول المحرم ؛ لأن ابتداء العزم على الهجرة كان في اول المحرم ، اذ البيعة وقعت في اثناء ذي الحجة ، وهي مقدمة الهجرة ، فكان المحرم اول هلال استهل بعد العزم على الهجرة ، وكان ذلك ؛ خلافة عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ سنة سبع عشرة . واشار اليه عمر

وعثمان ، وعلي ، ـ رضي الله تعالى عنهم ـ واخذوه من قوله تعالى : ﴿لمسجد اسس على التقوى من اول يوم﴾[1] وهو اول الزمن الذي عزَّ الله فيه الاسلام ، وعبَدَ فيه النبيُّ ـ ﷺ ـ ربه آمنا . وقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : الهجرة فرقت بين الحق والباطل . . . فارخوا بها وبالمحرم ؛ لانه منصرف الناس من الحج ، فاتفقوا عليه . من قسطلاني . ٢٢٥ .

تەرجەمە ﴿٦﴾

سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : مەبدەئی تەئریخیان لە مەبعەثی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ حیساب نەکرد [چونکی خیلافی تیایە کە ئەووەڵی مەبعەث ئەو وەختەیە کە روئیای صالیحەی تیا بینیوە ، یا ئەو وەختەیە خەڵقی دەعوەت کردوە بۆ ڕێی حەق] لە وەقتی وەفاتیەوەیش حیسابیان نەکردوە ؛ [چونکە ئەیهێنێتەوە فکری ئینسان و حوزنی بۆ پێنیٚو تازەی ئەکاتەوە] ئەوەیان کردوە بە مەبدەئی تەئریخ کە تەشریفی گەییوەتە مەدینە [لە زەمانی ئیمامی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ساڵی حەڤدەی هیجرەتا بە ئیشارەتی ئەوو عوثمان و عەلی ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ کۆبوونەوە بەعزێکیان مەبعەثیان بە موناسب زانی . بەعزێکیان هیجرەتیان بە موناسب زانی . . ئیمامی فاروق ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : هیجرەت تەفریقی حەقی لە باطیل کردوە . ئەویان کرد بە مەبدەء .

لە موحەرەمەوە حسێبیان کرد ؛ چونکی حاجییان لەو وەختەدا گەڕانەوە لە حەج و ئیتتیفاقیان لەسەر کردوە . هەم چونکی بەیعەتی

(١) بڕوانە : سوورەتی بەرائەت ، ئایەتی : ١٠٨

عەقەبەی دوایی لە ناوەڕاستی (ذی الحجة)دا بوو . ئەووەڵ هیلالی دوای ئەو مانگی موحەڕەمە . هەم بینای مەسجیدی قوباء کە لەسەر تەقوا بینا کراوە لە ئەووەڵ ڕۆژێکا بوە خوا ئیسلامی تیا عەزیزو بەقووەت کردوە . ئەو ڕۆژەیە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەییوەتە قوبا . لەو ئایەتەیان (استنباط) کردوە کە ئەفەرموێ لە سوورەی بەرائەتا . ﴿لمسجد اسس على التقوى من اول يوم﴾ ئەووەڵ ڕۆژ ڕۆژی مواصەلەتە بە مەدینە کە لە (ربیع الاول)ا بوە . فەقەط (مقدمە)ی ئەو ڕۆژە ئاخری عەقەبەیە کە لە (ذی الحجة)دا بوە ناوەڕاستی مانگ نابێ بە تەئریخ . ئەووەڵی مانگی دوایی یان کردوە بە مەبدەئی تەئریخ .

مناقب عمر
- رضي الله تعالى عنه -

٥٣/ ٩٣٠ عن جابر بن عبدالله - رضي الله تعالى عنهما - قال : قال النبيُّ - ﷺ - رأيتني دخلت الجنة ، فاذا انا بالرُّمَيْصاء [سهلة بنت ملحان] امرأة ابي طلحة [رضي الله تعالى عنهما] وسمعتُ خَشْفَة ، فقلت : من هذا ؟ فقال : هذا بلال . ورأيت قصرا بفنائه جارية ، فقلتُ : لمن هذا ؟ فقال : لعمر . فاردتُ ان ادخله فَأَنظُرَ اليه فذكرتُ غَيْرَتك ! فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : بابي وامي يا رسول الله اعليك اغارُ ؟ !
ح - ٩٥/٦ م - ٩/ ٤٨٤ ن بدون رميصاء ، وبلال .

٥٤/ ٩٣١ وعن ابي هريرة - رضي الله تعالى عنه - نحوه ، قال : بينا نحن عند رسول الله - ﷺ - اذ قال : بينا انا نائم رأيتني في الجنة فإذا امرأة تتوضأ الى جانب قصر ، فقلت : لمن هذا القصر ؟ فقالوا : لعمر . فذكرتُ غَيْرته ، فوليت مدبرا ! فبكى عمر ، وقال : اعليك اغار يا رسول الله ؟ ! ح - ٩٥/٦ ، م - ٩/ ٢٨٥

تەرجەمە :

جابیری کوڕی عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لە خەوما خۆم وا چاو پێکەوت کە چوومە بەهەشتەوە . تێفکریم (رميصا)ی ژنی (ابو طلحه)م دی ، دایکی ئەنەسی بنی مالیك ، خشپەخشپێکم بیست ، پرسیم : ئەمە کێیە ؟ فەرمووی : ئەوە بیلالە . قەصرێکم دی ، لە لای ئەو قەصرەوە

جاریەیێکی لێ بوو ، وتم : ئەم قەصرە قەصری کێیە ؟ ئەو مەلائیکەی لێم پرسی فەرمووی : قەصری عومەرە . تەمام بوو بچمە ناوی تەماشای بکەم ، غیرەتی تۆم فکرکەوتەوە رووم وەرگێراو رۆییم ! ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ گریا فەرمووی : (يا رسول الله) باوكو دايكم بە فیدات بێ ! بۆ تۆ غیرەتم ببزوێتەوە ؟ ! لە حەدیثەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەو جاریەیە دەزنوێژی ئەشت .

لەم حەدیثەدا فەضلی (ام سليم)و بیلالیشی تیایە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .

٩٣٢/٥٥ عن سعد بن ابي وقاص [رضي الله تعالى عنه] قال : استأذن عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] على رسول الله ـ ﷺ ـ وعنده نسوة من قريش يكلمنه ويستكثرنه ، عالية اصواتهن على صوته [قبل النهي عن رفع الصوت] ، فلما استأذن عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] قمن فبادرن الحجاب . فأذن له رسول الله ـ ﷺ ـ فدخل عمر [رضي الله تعالى عنه] ورسول الله ـ ﷺ ـ يضحك . فقال عمر : أضحك الله سنك يا رسول الله ! فقال النبيُّ ـ ﷺ ـ عجبت من هؤلاء اللاتي كُنَّ عندي ، فلما سمعن صوتك إبتدرن الحجاب ! فقال عمر : فـأنت احق ان يهبن يا رسول الله . ثم قال عمر : يا عدوات انفسهنَّ اتهبنني ولا تهبن رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ ! فقلن : نعم انت افظ واغلظ من رسول الله ـ ﷺ ـ . فقال له ـ ﷺ ـ إيهاً يا ابن الخطاب والذي نفسي بيده ! ما لقيك الشيطان سالكا فجاً قطُ الا سلك فجاً غير فجِّك . ح ـ ٦/٩٧ ، م ـ ٩/٢٨٥

تەرجەمە :

سەعدی بنی ئەبی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عومەری بنی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیذنی خواست بۆ

حوضووری پێغەمەر ـ ﷺ ـ چەند ژنە قورەیشییێکی لە خدمەتا بـوو لە ئەزواجی طاهیرات ، لە خوصووصی نەفەقەوە کە بـۆیان زیـاد بکا ، بەدەنگی بەرزتر بەسەر دەنگی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ لە خدمەتیـا قسەیـان ئەکرد ، کە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیستیذانی کرد لە ترسانا هەموو رایانکردە پشت پەردەکەوە ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیـذنی دا ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوە ژووریٚو پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێئەکەنی .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) خودا هەر ددانت بێنێتە پێکەنین [یەعنی هەر مەسرووورت بکا ، بە چی پێئەکەنی ؟] فەرمووی : عەجائیبم لەم ژنانـە ما کـە لە لام بـوونو بە دەنگی بەرز قسەیان ئەکرد ، کە دەنگی تۆیان بیست هەرایان کردە پشت پەردەکەوە [لە هەیبەتی تۆ] . ئیمـامی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) تۆ لە من موستەحەقتری کـە هەیبـەتت لیٚ بکەن . لە دواییا عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی ئەوانەی کە دوشمنی خۆیانن ! ئێوە لە من ئەترسنو لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناترسن ؟ ! جوابیان دایەوە فەرموویان : تۆ لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ توندترو بەشیددەتتری [یەعنی ئەو حیلمی هەیەو بە شیددەتو حیددەت موقابەلە ناکا ، تۆ وا نیت] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی (ابن الخطاب) قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایـە ! هیچ وەقتیٚ نیـیە کە لـە ریٚگەییٚکـا شەیطانت تووش بیٚ کە تۆی پیا ئەڕۆی شەیطان لە ترسی تۆ لەو ریٚگەیە لانەداتو بە ریٚییٚکی ترا نەڕوا !

لـەم حەدیثـەدا صەراحـەت هەیـە لەسـەر عیصمەتی کـاملەی حەزرەتی فارووق ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە موخالەفەی ئەمری خوا لەو

رۆژەی کە خوا - عز وجل - هیدایەتی داوە تا رۆژی شەهادەتی بە قەد ذەرڕەیێ ئیشێکی لێ صادیر نەبوە کە دڵی شەیطانی پێ خۆش بێ . هەرچی ئەو بە رەئی و ئیجتیهاد کردبێتی حوکمی خوایەو (واجب الإتباع)ە ، وەك ئەوامیرو نەواهي (سنیە)ی حەزرەتی ریسالەتپەناهی - علیه الصلاة والسلام ، ورضي عنه - .

٩٣٣/٥٦ قال عبدالله بن مسعود - رضي الله تعالى عنه - : ما زلنا اعزّةً منذ اسلم عمر [رضي الله تعالى عنه - بعد حمزة - رضي الله تعالى عنه - بثلاثة ايام] . ح - ٩٨/٦

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لەو رۆژەوە کە ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - موسوڵمان بوە هەر عەزیزو غالیب بووین [یەعنی هیچ ذیلەتمان بەسەرا نەهاتوە ، سێ رۆژ لە دوای ئیمامی حەمزە - رضي الله تعالى عنه - موسوڵمان بوە] .

[ترمزیی لە ئیبن و عومەر - رضي الله تعالى عنهما - بە ئیسنادێکی صەحیح رایوایەت ئەکا کە پێغەمەر - ﷺ - دوّعای فەرموو : «اللهم اعز الاسلام باحب الرجلين اليك بابي جهل ، اوبعمر . قال فكان احبُّهما اليه عمر - رضي الله تعالى عنه -»

خوایا ئیسلام عەزیز بکەی بە خۆشەویسترینی ئەو دوو پیاوە لە خلمەتی تۆدا ، کە یا بە ئەبوجەهل و یا بە عومەر . ئیبن و عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : خۆشەویستریان حەزرەتی عومەر بوو - رضي الله تعالى عنه - .

ئیبن وشەیبە لە حەدیثی ئیبن و مەسعودەوە ریوایەت ئەکا کە فەرموویەتی : ئیسلامی عومەر عیززەت بوە بۆ ئیسلامەتی ، هیجرەتی

نەصرەت بو بۆ موسوڵمانان ، ئەميريێتى رەحمەت بوو . وەڵلاهی نەمان ئەتوانی لە دەوری بەيت نوێژ بكەين بە ئاشكارا تا حەزرەتی عومەر موسوڵمان بوو .

ئيبن وسەعد لە حەديثی صوهەيب ريوايەت ئەكا كە فەرموويەتی : لەو وەختەدا كە ئيمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ موسوڵمان بوو موشريكەكان وتيان : (انتصف القوم منا . قسطلاني . ٦ ـ ٩٨ . وفيه : حديث سبق في مناقب ابي بكر : دخلت ، خرجت ، فعلت ، انا وابو بكر وعمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .)

٩٣٤/٥٧ عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : بينما هو في الدار خائفا ، اذ جاء العاص بن وائل السهمي ابو عمرو عليه حلة حِبَرَةٍ وقميص مكفوف [مخيط] بحرير وهو من بني سهم ، وهم حلفاؤنا في الجاهلية ، فقال له : ما بالك ؟ قال : زعم قومك انهم سيقتلونني ان اسلمت ، قال : لا سبيل اليك ، بعد ان قالها اَمِنتُ ، فخرج العاص ، فلقي الناس قد سال بهم الوادي . فقال : اين تريدون ؟ فقالوا : نريد هذا ابن الخطاب الذي صبا . قال : لا سبيل اليه . فكرَّ الناسُ . ح ـ ١٨٤/٦

٩٣٥/٥٨ وعنه : لما اسلم عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ اجتمع الناس عند داره وقالوا : صبأ عمر ، وانا غلام فوق ظهر بيتي ، فجاء رجل عليه قباء من ديباج . فقال : قد صبأ عمر ، فما ذاك ؟ فانا له جار . قال : فرأيت الناس تصدعوا عنه . فقلت : من هذا الرجل ؟ [قالوا . نسخة] فقال : العاص بن وائل . ح ـ ١٨٤/٦

تەرجەمە :

١ ـ عەبدوڵلای كوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : لە

وەختێکا ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە ترسەوە لە ماڵەوە بـوو عاصی بنی وائیـلی سەهمیی هـات دەستێ لیباسی (حبـره)ی ئاورێشمی لەبەرا ، کراسێکی بە ئاوریشم دووراوی لەبەرا بوو ، عاص لە عەشیرەتی بەنی سەهمـە ، سوێنخـواری ئێمە بـوون لە زەمـانی جـاهیلییـەتـا . عـاص پێی وت : لـە چ حــاڵێکـای ؟ فـەرمووی : قـەومەکـەت لایان وایـە کە ئـەمکوژن ؛ چـونکی موسوڵمان بووم . عاص وتی : رێیان نی‌یە بۆ لای تـۆ [یەعنی من نایێڵم بێنە سەرت] عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە عاص وای‌وت ئەمین بووم‌و ترسـم نەما [چونکی عاص پیاوێکی موطاع بوو] .

عاص چوەدەرێ بە خەڵق گـەیی لێشاویـان وادیی مەککـەی پڕ کردبوو ، لێی پرسین : بۆ کوێ ئەچن ؟ وتیان : تەمامانە بچین بۆ سەر عومەری خەطاب لە دین وەرگەڕاوە . وتی : رێتان نی‌یە بۆ لای ئەو . خەڵقەکە بە جارێ گەڕانەوە .

٢ ـ عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ موسوڵمان بوو خەڵق لەبەر ماڵەکەیا کۆبـوونەوە ، وتیان : عومەر لەدین وەرگەڕاوە . منیش مناڵ بووم لەسـەر بانی ماڵی خۆمان بووم ، پیاوێ هات کەوایێکی دێباجی لەبەرا بوو ، وتی : عومەر لەدین وەرگەڕاوە چی بوە ؟ من موحافیظی ئەوم . خەڵقەکەم چاو پێکەوت کە هەموو بڵاوەیان لێ‌کرد . پرسیم ئەمە کێیە ؟ باوکم ، یا خەڵقی تر ، وتیان : ئەوە عاصی کوڕی وائیلە .

٩٣٦/٥٩ اسلم [مولى عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : سألني ابن

عمر [رضي الله تعالى عنه] عن بعض شأنه يعني عمر [رضي الله تعالى عنه] فاخبرته ، فقال : ما رأيتُ احدا قط بعد رسول الله ـ ﷺ ـ من حين قبض [عليه الصلاة والسلام] كان اجدًّ واجود حتى انتهى [الى آخر عمره] من عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] ح ـ ٦/٩٩

تەرجەمە :

ئەسلەم ئەڵێ : عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بەعزێ ئەحواڵی حەزرەتی عومەری لێپرسیم خەبەرم دایە . عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : دوای وەفاتی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختەوە تا نیهایەتی عومری عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كەسم نەدیوە لە پاش پێغەمەر ـ ﷺ ـ كە لە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ جیددی ترو سەخی تر بووبێ .

٩٣٧/٦٠ عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لقد كان فيما قبلكم من الامم محدَّثون [ملهمون] فان يكن في أمتي احد فانه عمر .

زاد زكريا بن ابي زائدة عن سعد . عن ابي سلمة ، عن ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه . قال : قال النبيُّ ـ ﷺ ـ : لقد كان فيمن كان قبلكم من بني اسرائيل رجال يُكَلَّمون [تكلمهم الملائكة] من غير ان يكونوا انبياء ، فان يكن من امتي منهم أحد فعمر .

قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : من نبي ولا محدث [وصله ابن عيينه ، وعبد بن حميد ، بلفظ : كان ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقرأ : «وما ارسلنا من قبلك من : رسول ولا نبي[1] ، ولا محدَّثٍ] ح ـ ٦/٩٩

(١) بڕوانە : سوورەتی حەج ، ئایەتی : (٥٢)

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە ئوممەتی پێش ئێوەدا لە بەنی ئیسرائیل چەند پیاوێ بوو وا کە مەلائیکە قسەیان لەگەڵ کردوون و ئیلهامیان کراوەتە سەر ، بێ ئەمە کە پێغەمەر بن . ئەگەر لە ئوممەتی منا یەکێ لەوانە بێ ئەوە عومەرە .

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەو ئایەتی سوورەتی (حەج)ە دا کە مەعنای وایە : ئەی محەمەد لە پێش تۆوە نە هیچ رەسوولێ ، نە هیچ نەبییێ ، نەهیچ (محدث) ێکمان نەناردوە کە شەیطان قسەیێکی خۆی تێکەڵ بەو ئایەتە نەکردبێ کە بۆی وەحی کراوە ، ئەو وەختە کە شەیطان وای کرد خوا ئەوە مەحو ئەکاتەوە کە شەیطان لە ئەثنای وەحیەکەدا وتوویەتی ، تا خەڵق بە وەحی بزانن ، ئایەتەکە تەثبیت ئەکا کە خەڵق لێیان نەپەشۆکێ . وەك لە سوورەی (والنجم)دا پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە گەیی یە سەر (ومناة الثالثة الاخرى) شەیطان لەو بەینەدا ئەوەی تێکەڵ کرد وتی : ئەو بتە گەورانە شەفاعەتیان لە لای خوا رجا ئەکرێ ، موشریك بەوە دڵخوش بوون ، حەتا لە ئاخری سوورەتەکەدا لەگەڵ پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە سەجدەی برد ئەوانیش هەموو سەجدەیان برد . لە دواییا حەزرەتی جیبریل ـ علیه السلام ـ خەبەری دا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە شەیطان ئیشێکی وای کرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەوە زۆر مەحزوون بوو ، خوا بەم ئایەتی سوورەتی حەجە تەسەللی پێغەمەری دا ـ علیه الصلاة والسلام ـ

فەقەط بەیضاوی بەم مەعنایە رازی نی یە ، حەقیش وایە کە پێی رازی نەبێ ؛ چونکە ئەگەر شەیطان بتوانێ حیلەیێکی وا لە وەحیا بکا ئیعتیماد بە ئایاتی قورئان نامێنێ .

مەعنای صەحیحی ئەمەیە کە بەیضاوی لێی ئەداتەوە : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئارەزووی شتێکی بوو کە بیکا شەیطان پێت چەند ئارەزووی تری دنیایی پێنێ بە دڵا ، خوا ئارەزووی دنیایی یەکەی لە دڵ ئەکاتە دەرێو ئەباتی لەسەر ناکاو ، ئەو ئایەتانەی کە داعین بۆ ئەوە کە ئیشتیغالی بێ بە ئاخیرەتەوە ئەچەسپێنێتە دڵی . مەسئەلەی غەرانیق[1] درۆیە واقیع نەبوە .

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە قیرائەتی خویا (محدثون)ی لێ زیاد کردوە .

ئەم حەدیثە لە طەرەف پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ شەهادەتی تیایە کە قسەو ئیجتیهادی حەزرەتی فاروقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەمووی بە ئیلهامە . خەطای تیا نی یە ، (واجب الاتباع)ە ، بە تەنها ئەبێ بە حوججەت . چۆن نابێ بە حوججەت لە چواردە جێی قورئانا رەئیی موافەقەتی قورئانی کردوە ؟

٩٣٨/٦١ عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : ما سمعت عمر [رضي الله تعالى عنه] لشيئ قط يقول : إنِّي لأظنُّه كذا الا كان كما يظن . بينما عمر [رضي الله تعالى عنه] جالس اذ مرَّ به رجل جميل ، فقال عمر : لقد اخطأ ظني ، او إن هذا على دينه في الجاهلية او لقد كان كاهنهم ، عليَّ الرجل [سواد بن قارب] فَدُعِيَ له ، فقال له ذلك . فقال [سواد] : ما رأيت كاليوم استُقْبلَ به رجل مسلم . قال : فاني اعزم عليك الا ما اخبرتني ! قال : كنت كاهنهم . قال : فما اعجب ما جائتك

(١) مەبەست لە (غەرانیق) ئەوەیە گوایە کە پێغەمەر ـ د ـ ئایەتی «ومناة الثالثة الأخرى»ی خوێندۆتەوە (تلك الغرانيق العلى وإن شفاعتهن لترتجى)ی بەدەمدا هاتوە ، تا دوایی جیبریل ـ د ـ ئاگاداری کردۆتەوە .

به جنيتك ؟ ! قال : بينما انا يوما في السوق جائتني اعرف فيها الفزع . فقالت : الم تر الجن وابلاسها [خوفها] ويأسها من بعد إنكاسها ولحوقها بالقلاص واحلاسها [غير موذون . وروي : ورحلها العيس باحلاسها] .

قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : صدق . بينما انا عند آلهتهم اذ جاء رجل بعجل فذبحه ، فصرخ به صارخ لم اسمع صارخا قط اشد صوتا منه ، يقول : يا جليح [أي وقح المكافيح والمكاشف] امر نجيح [من النجاح الظفر بالبغية] [رجل فصيح يقول : لا اله الا انت [الله] فوثب القوم ، قلت : لا ابرح حتى اعلم ما وراء هذا . ثم نادى : يا جليح امر نجيح رجل فصيح يقول : لا اله الا الله ، فقمت ، فما نَشِبْنا [لبثنا] اَن قيل : هذا نبي . ح ـ ٦/١٨٥

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەڵێ : قەط نەمبیستوە لە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەرحەق شتێ کە فەرمووبێتی : ظەننم وایە کە وایە . . ئیللا ئەو شتە ئەبێ وەك ظەننەکەی ئەو بووبێ . وەختێ تەشریفی دانیشتبوو پیاوێکی جوان بە لایا رابورد . فەرمووی : ظەننم بە خەطا چوە[1] دەرحەقی کە وتوومە سەوادی کوڕی قاریب لەسەر دینی جاهیلییەتی ماوە یا کاهینی قەومەکەی خۆی بوە . ئا بۆم بانگ‌کەن ! بۆیان بانگ‌کرد ، خەبەری ئەوەی دایێ کە لە پاش ملەی فەرمووبووی ، سەواد وتی : قەط شتی وام نەدیوە وەك ئیمرۆ کە لە بەرەورووی پیاوێکی موسوڵمانا بیڵێن ! عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ

(١) لێرەدا وا جوانترە کە بنووسرێ : «یا من بەهەڵەدا چووم یا سەوادی کوڕی قاریب لەسەر دینی جاهیلیەتی ماوە ، یا . . .»

فەرمووی : ئەمرت پێ ئەکەم هەر ئەبێ خەبەرم بدەیتێ . فەرمووی : کاهینیان بووم . عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : عەجایبترینی ئەوانەی کە جنی‌یەکەت بۆی هێناوی چی‌یە ؟ سەواد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : رۆژێ لە بازارا بووم هاتە لام ، عەلامەتی ترسی پێوە دیار بوو وتی :

نابینی جینن و ترسی ؟
سەرنگوونی و مەئیووسی ؟
سواری وشترو پەلاسی
[بۆ هیدایەت ئەگەڕێ
بۆ مەککە کەوتۆتە رێ
نین هیچ موسولمانیان
وەکوو گاورەکانیان
خێرا هەلسە تۆیش بچۆ
لە بتپەرستی‌ی لاچۆ
لای صەفوەتی هاشمی
چاو ببڕە سەرو دەمی]

[سەواد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : منی خەبەردار کردو ترسانمی پێی وتم : ئەی سەواد خوا ـ عز شأنه ـ پێغەمەرێکی ناردوە هەلسە بچۆرە خزمەتی ، مەسعوود ئەبی‌و لەسەر رێی راست ئەبی .
شەوی دواییش هات لە خەو خەبەری کردمەوە وتی :

عەجایب مام لە جنی
لە ئیش و شوێنکەوتنی

جل لە وشترکردنی
ریگەی مەککەی گرتوە
شوین هیدایەت کەوتوە
لە پیش وەك لە پاش نی یە
دواکەوتووی دین باش نی یە
سا هەلسە برۆ زووکە
هاشمیی ئارەزووکە
چاویشت بەرزکەرەوە
بۆ لای ئەو سەروەرەوە

شەوی سییەم هات خەبەری کردمەوە وتی :

عەجائیب مام لە جنی
لە نەفیر عام کردنی
کورتانی دا لە وشتر
دەس خا هیدایەت زووتر
پیاوخراپ وەك چاك نی یە
پیاوی چاك هیلاك نی یە
هەلسە بۆ لای خولاصەی
هاشم بونکە هەناسەی
موئمینەکانیان پاکن
کوففاریان غەمناکن

سەواد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەلێ : موسولمانەتی کەوتە دلەوە ، چوومە مەدینە ، کە پیغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : مەرحەبا ئەی سەوادی کوری قاریب ، ئەزانم چی توی هیناوە . سەواد عەرزی کرد : شیعرم

وتوه لێم ببیه . سه‌واد فه‌رمووی : وتم :

اتاني رأيي بعد ليل وهجعة
ولم اك فيها قد بليت بكاذب
ثلاث ليال قوله كل ليلة :
اتاك نبي من لؤي بن غالب
فشمرت عن ساقي الازار ووسطت
بي الذعلب الوجناء عند السباسب
فأشهد ان الله لا رب غيره
وانك مأمون على كل غائب
وانك ادنى المرسلين شفاعة
الى الله يا ابن الأكرمين الأطايب
فمرنا بما يأتيك ، يا خير مرسل
وان كان فيها جاء شيب الذوائب
فكن لي شفيعا يوم لا ذو شفاعة
سواك بمغن عن (سواد بن قارب)

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ پێکه‌نی تا ددانی خرێی ده‌رکه‌وت (دلائل بيهقى) .

سەرووەرم ! من شیعرەکانی ترم تەرجەمە کرد ، بە خراپم نەزانی کە تەرجەمەی ئەکەم ؛ چونکی شیعری جنۆکەیە . فەقەط ئەم شیعرانەی دوایی چونکە مەدیحەیە ئومێدم وایە کە خۆت یا مەلا سەلام بە نەظم تەرجەمەی کەن . جێم بۆ هێشتوویتەوە . السلام علیکم][1] .

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : سەواد راست ئەکا ، لە وەختێکا من لای بتەکانیان بووم پیاوێ گوێرەکەیێکی هێنا سەری بری ، [ظاهیر وایە بۆ بتەکان] بانگکەرێ بەسەر ئەو پیاوەیا نەڕان ، قەد نەڕەی وا دەنگ بەشیددەتم نەبیستبوو . ئەیوت [یەعنی بەو پیاوە] . ئەی بێ حەیای ، بێ ئابرووی کە بە ئاشکارا دوشمنایەتی ئەکەی ! شتێکی وا ظوهووری کردوە کە بەو شتە ئینسان ظەفەر بە مەقصوود ئەبا ، پیاوێکی فەصیح ئەفەرموێ : (لا الـه الا الله) ئەو قەومەی کە لەوێدا حازر بوون لە جێی خۆیان راپەڕین . حەزرەتی عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لێرە نابزووم تا بزانم دوایی یەکەی چۆن ئەبێ ؟ لە دوای ئەوە بانگی کرد وتی : ئەی بێحەیای ، بێئابروو شتێك ظوهووری کردوە کە بەو شتە ظەفەر بە مەقصوود ئەبرێ . ئەفەرموێ : (لا اله الا الله) ئیتر هەڵسام زۆری پێ نەچوو وتیان : ئەوە پێغەمەرە ظوهووری کردوە .

[ئەبونەعیم لە (دلائل النبوة) یا ئەفەرموێ : ئەبوجەهل صەد وشتری وەعد دا بەوەی کە پێغەمەر - ﷺ - بکوژێ . عومەر - رضي الله

(١) ئەم قسەی لەگەڵ خوالێ خۆش بوو مامۆستا مەلا حسەینی هاورێی گیانی یەتی . بەڵام نە مامۆستا خۆیی و نە مامۆستا مەلاسەلام شیعرەکانیان تەرجەمە نەکردوە .

تعالى عنه ـ فەرمووی : بە ئەبوجەهلم وت : ئەی (ابو الحكم) ضامنی یەتی یەکەت کە صەد وشترت وەعدە داوە بەوەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بکوژێ راستە یا نا ؟ وتی : بەڵێ وەعدەم داوەو بووم بە ضامن .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : شیرەکەم بەست ، چووم قەصدی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ بە لای گوێرەکەیێکا رابوردم ، تەمایان = بوو = سەری برن ، راوەستام سەیرم ئەکردن ، کەچی هاوارکەرێ هاواری ئەکرد لە ناو گوێرەکەکەوە ئەیوت : ئەی ئالی (ذریح) شتێکی خەلاصکار ظوهووری کردوە ، پیاوێ بە زمانێکی فەصیح بانگ ئەکا ، لە دڵی خۆما وتم : لەم ئیشەدا من نەبم هیچ مەقصوودێکی تر نی یە . چوومە لای خوشکەکەم ، سەعیدی کوڕی زەیدی لە لا بوو . (الى آخر القصة في اسلامه) قسط ٦ ـ ١٨٦ .

ئەسلەم ئەڵێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرمووین : حەزەکەن ئیسلامەتی خۆمتان بۆ بەیان بکەم کە چۆن موسوڵمان بووم ؟ وتمان : بەڵێ . فەرمووی : دوشمنی خوێنینی پێغەمەر بووم ـ ﷺ ـ . رۆژێکی گەرما نەعیمی کوڕی عەبدوڵڵای نەحمامم تووش بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەویش موسوڵمان بوو ، ئیسلامەتی یەکەی خۆی ئەشاردەوە ، پێی وتم : ئەی (ابن الخطاب) بۆ کوێ ئەچیت ؟ تۆ لای خۆت ئەڵێی : من وامەو ، وامە . یەعنی لەسەر دینی قورەیش ثابیتی و ئەڵێی : هەرکەسێ موسوڵمان ببێ وای لێ ئەکەم و وای لێ ئەکەم ! وا ئەم موسوڵمانەتیە کەوتۆتە ماڵی ئێوەوە ، خوشکەکەت لە دینی خۆی وەرگەڕاوەو موسوڵمان بوە !

به غه‌ضه‌به‌وه گه‌رامه‌وه ماڵه‌وه ، چوومه لای خوشكه‌كه‌م ، پێم‌وت : ئه‌ی دوشمنی نه‌فسی خۆی . بیستوومه كه له دین وه‌رگه‌راوی ؟ شتێكم به ده‌سته‌وه بوو هه‌ڵم‌ئه‌بری‌و به‌وه لێم ئه‌دا ، خوێنی پیا هاته‌خواریٚ‌و گریا . له دواییا وتی : ئه‌ی (ابن الخطاب) چیت له ده‌ست دێ بیكه موسوڵمان بووم ! تێفكریم كتێبێ له گۆشه‌یێكی هۆده‌كه‌دا بوو پێم‌وت : ئه‌وه‌م بده‌رێ . وتی : نادده‌مێ تۆ ئه‌هلی ئه‌وه نیت ، له جه‌نابه‌ت غوسڵ ناكه‌ی ، خۆت پاك راناگری ، ئه‌م كتێبه‌یش ئینسانی پاك نه‌بێ كه‌س ده‌ستی لێ نادا !

هه‌ر وازم لێ نه‌هێنا تا دایه ده‌ستم تێفكریم (بسم الله الرحمن الرحيم)ی تیا بوو ، كه گه‌ییمه (الرحمن الرحيم) ترسم لێ نیشت‌و رقم هه‌ڵساو ، له دواییدا هاتمه‌وه سه‌ر خۆو هه‌ڵم‌گرت ، ئه‌وه‌ی تیا بوو ﴿سبح لله ما في السماوت والارض وهو العزيز الحكيم﴾[1] هه‌رچی له ئه‌رزو ئاسمانایه هه‌موو به زمانی حاڵ یا به زمانی (قال) ته‌سبیحاتی خوا ئه‌كه‌ن ، هه‌رخوایه غاڵب بێ ، به = سه‌ر = هه‌رچێكا كه ئیراده‌ی بكاو ، هه‌رچی ئه‌كا هه‌مووی موافیقی حیكمه‌ته ، پێش‌و پاش‌و نه‌تیجه‌كه‌ی ئه‌زانێ‌و (مطلع)ه به‌سه‌ریا . كه به لای هه‌ر ئیسمێ له (اسماء الله)دا رائه‌بوردم رقم هه‌ڵه‌ستا ، دووباره شوعوورم ئه‌هاته‌وه به به‌را ، تا گه‌ییمه ﴿آمنوا بالله ورسوله . . . =(تا)= ان كنتم مؤمنين﴾[1] ئه‌و وه‌خته وتم : (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) ئه‌وانه كه خۆیان له‌وێدا شاردبۆوه ، هه‌موو هاتنه‌ده‌رێ‌و له خۆشییانا ده‌ستیان كرد به ته‌كبیركێشان .

(١) بڕوانه : سوره‌تی (حه‌دید) ئایه‌ته‌كانی (١ ـ ٧)

که چوومه خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەرۆکی کراسەکەی گرتم و رایکێشام بۆ لای خۆی ، فەرمووی : ئەی (ابن الخطاب) موسوڵمان بە ! خوایا هیدایەتی بدە ! وتم : (اشهد ان لا اله الا الله وانك رسول الله) موسوڵمانان بە یەك دەفعە تەکبیرێکیان کرد ، لە هەردوو طەرەفی مەکەدا دەنگی دایەوە . لە دواییا چووم ، لە دەرگای خاڵم دا پێم وت : خەبەرت هەیە کە لە دینی قورەیش وەرگەڕاوم ؟ دەرگاکەی بە کراوەیی بۆ بەجێ هێشتم رۆیی ، کە خەڵق کۆبوونەوە چوومە لای پیاوێ کە هیچ سیرڕێکی خەڵق ناشارێتەوە ، بە دزی یەوە پێم وت : من لە دین وەرگەڕاوام ، بۆ خاطری = ئەوە = خەبەر بڵاوکاتەوە بە ناو خەڵقا ؛ تا ئەو ئەذاو جەفایەی کە تووشی موسوڵمانان ئەبێ بە منیش بگا ، ئەو پیاوە بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد : کە عومەری کوری خەطاب لە دین وەرگەڕاوەتەوە ! خەڵقم لێ کۆبوەوە لێیان ئەدام و لێم ئەدان ، تا خاڵم هات و وتی : چی قەوماوە ؟ وتیان : عومەری خەطاب لە دین وەرگەڕاوە . خاڵم لەسەر (حجر) وەستاو بە فەقیانەکەی ئیشارەتی کردو وتی : ئەی خەڵقینە من پەنای خوشکەزاکەی خۆمم داوە لە ئەمانی منایە . خەڵقم لێ تەکی یەوە ، هەرکەسێکم ئەدی لە موسوڵمانان لێیان ئەدرا ، من هیچ کەس لێی نەدەدام . وتم : ئەمە هیچ نی یە کە خەڵق لێی بدرێت و من هیچ موتبەلا نەبم بەوی موسوڵمانان پێی موبتەلا بوون .

راوەستام ، کە خەڵق لە حیجرا کۆبوونەوە ، چوومە لای خاڵم پێم وت : ضامنێتی یەکەم دایەوە بەسەرتا . هەر بەم نەوعە خەڵق لێیان ئەدام و منیش لە خەڵقم ئەدا ، تا خوا ـ عز وجل ـ ئیسلامەتی عەزیزو غاڵب کرد .

ئیبن و ئیسحاق ئەم خەبەرەی رایویەت کردوە ، ئەڵێ : ئەوی لە

صەحیفەکەدا بوە سوورەی (طه) بوو . مونافاتی لەگەڵ پێشوەکەی نی‌یە کە (سبح لله ما في السماوت) خوێنەوە . ئەگونجێ صەحیفەیەك نەبووبێ ، یا هەردوو سوورەتەکەی تیا بووبێ . قسط ١٨٦/٦

حادیثەی سەواد لە زەمانی پێغەمەرێتی پێغەمەرا بوە ـ ﷺ ـ موعجیزەیە . حادیثەی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەبێ دوو حادیثە بێ . ئەوی لە بوخاریدایە پێش زەمانی نوبووەت بوەو ئیرهاصە ، ئەوی لە قەسطەلانیدایە موعجیزەیە دوای ئیددیعای نوبووەت بوەو شیووعی ئیسلام .

حەدیثەکە فەضلی سەوادیشی تیایە ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١٨٣ / ١٠٦٠ عبدالله بن عمر[1] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن ابيه قال : كان فرض [ابوه] للمهاجرين الاولين اربعة آلاف في اربعة [آلاف ، او في اربعة اعوام] وفرض لابن عمر ثلاثة آلاف وخمسمائة فقيل له [لعمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : هو من المهاجرين فلِمَ نقصتَه من اربعة آلاف ؟ قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : انما هاجر به ابواه . [وكان عُمُرهُ احدى عشرة سنة واشهرا] يقول : ليس هو كمن هاجر بنفسه ح ـ ٢١٦/٦ .

لە فەضائیلی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی بنووسن .

(١) وەرگێر ـ خ ـ چوار حەدیثی دەربارەی فەضائیلی عومەر ـ خ ـ لە باسی فەضائیلی عەبدوڵلای کوڕی‌و یارانی دیکەدا نووسیوە . لێرەدا نووسیویە : [لێرەدا حەدیثی ١٨٣/١٠٦٠ ، ١٨٤/١٠٦١ ، ١٨٥/١٠٦٢ ، ١٨٦/١٠٦٣ بنووسن ، نومرۆکانی بگۆڕن] ئێمە حەدیثەکان دەگوێزینەوە ئێرە ، بەڵام هەر بە ژمارەکانی خۆیان دەیاننووسین‌و ، کە ـ خودا یار بێ ـ گەیشتینە ئەوێ ئەو چوار ژمارە دەپەڕێنین ، بۆ ئەوەی هەموو ژمارەکان تا ئەوێ نەگۆڕێن .

تەرجەمە :

عەبدوڵلاّی کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرمـوێ : عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بۆ موهـاجیرینی ئـەووەڵین چـوار هەزار درهەمی لە چوار [ساڵاَ لە چوار ضەرب بکرێ] مەعاش قەطع کرد . بۆ عـەبدوڵـلاّی سێ هەزارو پێنصـەدی بڕی‌یـەوە . عەرزیـانکرد : کـە عەبدوڵلاّیش لە موهاجیرینە بۆچی کەمت بۆ ئەو مـەعاش بـڕی‌یەوە ؟ فەرمووی : ئەو دایكو باوکی هیجرەتیان پێکردوە ، وەکوو ئەوانە نی‌یە کە خۆیان هیجرەتیان کردبێ .

ئەم حەدیثە فەضلی عەبدوڵلاّی تیایە کە هیجرەتی کردوە . فەضلی عومەری تیایە کە ئەولادی جگەرگۆشەی خۆیی بـەرابەر نـەکردوە بـە سائیری موهاجیرینو لەوانی بە کەمتر داناوە .

لەفظی حەدیثەکە ئەوەیە : چوار هەزاری لە چوار بۆ بڕیونەوە . قەسطەلانی دوو مەعنای لێ ئەداتەوە :

١ ـ چوارهەزار لە چوار هـەزار ضەرب بکـرێ = (١٦ر٠٠٠ر٠٠٠) شانزە ملیۆن . ئەم مەعنایە مەعقوول نی‌یە .

٢ ـ چوار هەزار لە چوار ساڵاَ ساڵی هەزار . مەعقوولە ، ئەمما کەمە .

ئیحتیماڵێکی تریشی هەیە : چوار هەزار لە چوار ضەرب بکرێ ، شانزە هەزار ئەکا ، ساڵی چوار هەزار .

ئەم ئیختیلافـە لە عـەدەدا بێ ئەهمی‌یـەتە خـەلەل بـە مەقصـەد ناگەیێنێ . ئەوی موهیم بێ بەیانی فەضلی ئەو دوو مەردەیە .

١٠٦١/١٨٤ عن ابي بردة بن ابي موسى الأشعري ـ رضي الله تعالی عنه ـ قال : قال لي عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ : هل تدري ما قال ابي لابيك ؟ قال : قلت : لا . قال : فان ابي قال لابيك : يا ابا

موسى هل يسرك اسلامنا مع رسول الله ـ ﷺ ـ وهجرتنا معه ، وجهادنا معه ، وعملنا كله معه بَرَدَ لنا [ثبت وسَلِمَ] وان كل عمل عملناه بعده نجونا منه كفافا ؛ رأسا برأس ؟ فقال أبي [اي أبوك] : لا والله ، قد جاهدنا بعد رسول الله ـ ﷺ ـ وصلينا ، وصمنا ، وعملنا خيرا كثيرا ، واسلم على ايدينا بشر كثير . . . وانا لنرجو ذلك ، فقال ابي : لكني انا والذي نفس عمر بيده ! لوددت ان ذلك بَرَدَ لنا ، وان كل شيئ عملنا بعد نجونا منه كفافا راسا برأس . فقلت : ان اباك والله خير من ابي ! [لان مقام الخوف افضل من مقام الرجاء] خ ـ ٦/٢١٦

تەرجەمە :

ئەبوبەردەی کوڕی ئەبوو مووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لێی پرسیم : ئەزانی باوکم چی بە باوکت وت ؟ وتم : خەیر . وتی : باوکم بە باوکتی وت : (یا ابا موسى) ئەوەت پێ خۆشە کە ئیسلامەتی و هیجرەت و ، غەزاو ئەو عەمەلانە کە لە خزمەت پێغەمەرا کردوومانە ـ ﷺ ـ بە سەلامەتی بۆمان بمێنێ و ، لەوەی کە لە دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردوومانە نەجاتمان ببێ و سەربەسەر لە ژێر گوناهی دەرچین و واز لە ثەوابی بێنین ؟ باوکت وتی : خەیر ، وەڵڵاهی لە دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ غەزامان کردوەو ، نوێژمان کردوەو ، ڕۆژوومان گرتوەو ، ئیشی خێرمان کردوەو ، زۆر خەڵقمان لەسەر دەست موسوڵمان بوەو . . . ئێمە ئومێدی ئەوانەمان هەیە . باوکم فەرمووی : ئەمما من قەسەم بەو ذاتەی نەفسی عومەر لە دەستی قودرەتیایە ! حەزەکەم ئەوانەی کە لە خزمەت ئەوا کردوومانە بە سەلامەتی بۆم دەرچن ، هەرچیەکمان لە دوای ئەو کردوە سەربەسەر بە بێ ثەواب و بێ عەذاب نەجاتمان لێی ببێ . وتم : وەڵڵاهی

باوكی تۆ ـ كه عومەره ـ ـ رضي الله تعالى عنه ـ له باوكی من ـ كه ئەبوو موسايه ـ ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاكتر بوه . [چونكی مەقامی باوكی تۆ خەوف بوه ، مەقامی باوكی من رەجا بوه ؛ چونكی مەقامی خەوف له مەقامی رەجا به فەضلتره . باوكی تۆ له باوكی من چاكتر بوه]

له فەضائيلی حەزرەتی عومەريا بنووسن ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١٠٦٢/١٨٥ عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن عبدالرحمن بن يزيد قال : سألنا حذيفة عن رجل قريب السمت والهَدْي من النبيّ ـ ﷺ ـ حتى نأخذ عنه . فقال : ما اعرف احدا اقرب سمتا [اي هيئة حسنة] وهَدْيا ودلاً بالنبيّ ـ ﷺ ـ من ابن ام معبد . ح ـ ٦/١٣٤ ت ، ن . وفي : خ ـ ٩/٦٠ من حين يخرج من بيته الى ان يرجع فيه لاندري ما يصنع اذا خلا .

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی كوڕی یەزید دەفەرموێ : له حوذەيفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ مان پرسی : كه پياوێ كه هەيئەت و طەريقەت و مەقامی نزيك بێ به پێغەمەر ـ ﷺ ـ كێيه ؟ فەرمووی : هيچ كەس نازانم كه سيرەت و ئەخلاق و هيدايەتی له (ابن ام عبد) نزيكتر بێ به پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختەوە له ماڵ يێتە دەرەوە تا ئەچێتە ماڵەوە كه خۆی به تەنهابێ نازانين چی ئەكا .

١٠٦٣/١٨٦ ابو موسى الاشعري [رضي الله تعالى عنه] يقول : قدمت أنا وأخي [ابو رهم ، او ابو بردة] من اليمن فمكثنا حينا ما نرى الا أن عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] رجل من اهل البيت النبي ـ ﷺ ـ لما نرى من دخوله ودخول امه على النبيّ ـ ﷺ ـ ح ـ ٦/١٣٤ . م ـ ٩/٣٦٩

تەرجەمە :

ئەبو مووسای ئەشعەریی - رضي الله تعالى عنه - ئـەفەرمـوێ : من و [ئەبو رهم ، یا ئەبو بوردەی] برام لە یەمەن = گەراینەوە = هاتینە خـزمەت پێغـەمەر - ﷺ - هـەر وامان ئـەزانی کە عـەبدوڵـڵای کوری مەسعوود - رضي الله تعالى عنه - یەکێکە لە ئەهلی بەیتی پێغەمەر - ﷺ - ئەوەندە خۆی و دایکی ئەچوونە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - .

من فضائل عمر
- رضي الله تعالى عنه -

١٨٧/١٠٦٤ عن ابي عثمان النهدي : قـال : سمعت ابن عمـر - رضي الله تعالى عنها - اذا قيل له : هاجر [اسلم . اخرى] قبل ابيه يغضب [لما فيه من رفعته على ابيه] قال : وقدمت انا وعمر على رسول الله - ﷺ - [عند بيعة الـرضوان] فـوجدنـاه قائـلا ، فرجعنـا الى المنزل ؛ فارسلني عمر [رضي الله تعالى عنه] وقال : اذهب فانظر : هل استيقظ [عليه الصلاة والسلام] ؟ فأتيته فدخلت عليه ، فبايعته ، ثم انطلقت الى عمر ، فأخبرته : انه قد استيقظ ، فانطلقنا اليه نهرول هرولة ، حتى دخل عليه ، فبايعه ، ثم بايعته [ثانيا] ح - ٢١٧/٦ ويأتي نحوه إن شاء الله في الغزوات ح - ٣/٣٤٢/٦

تەرجەمە :

ئەبوعوثمانی نەهەدیی - رحمه الله - ئەفەرموێ : لە ئیبن و عومەرم بیست - رضي الله تعالى عنها - کە عەرزیان بکردایە : کە ئەو لە پێش باوکیا هیجرەتی کردوە [موسوڵمان بوە . اخرى] بەوە رقی هـەڵەستـا .

فەرمووی : [مەنشەئی ئەم غەلەطە ئەوەیە] کە منو باوکم [لە بەیعەتی ریضـوانا] چـووینە خـذمەتی پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تـەشـریفی نـوستبـوو ، قەیلوولەی ئەکرد ، گەڕاینەوە بۆ جێی خۆمان ، لە دواییا عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ناردمی فەرمووی : بچۆ بزانە تەشریفی لە خەو هەڵساوە یان نا ؟ چوومە خذمەتیو موبایەعەم لە خذمەتا کرد . [یەعنی لـەسەر ئەوە کە خەڵق موبایەعەیان لە خذمەتا کردبوو] لە دواییدا گەڕامەوە بۆ خذمەت عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ خـەبەرم دایێ کـە تەشـریفی خەبەری بۆتەوە . هەردوکمان بە هەڕاکردن چووین بـۆ خذمـەتی ، تا عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوە ژووری خذمەتیو موبـایەعـەی لە خذمەتا کرد ، منیش دووبارە موبایەعەم لە خـذمەتیـا کردەوە . [ئـەم موبایەعەیە کە خەڵق وا تێئەگەن کە من لە پێش باوکما هیجرەتم کردوە]

ئەم حەدیثە لە فەضائیلی حەزرەتی عومەرا بنووسن .

مناقب عثمان
ـ رضي الله تعالى عنه ـ

٩٣٩/٦٢ عبيدالله بن عدي بن الخيار اخبر ان المِسْوَر بن مخرمة ، وعبدالرحمن بن الاسود بن عبديغوث قالا : ما يمنعك ان تَكَلَّمَ عثمان لأخيه [لامه] الوليد ؟ [بن عقبة بن ابي معيط ـ لعنه الله ـ وكان عثمان عزل سعد بن ابي وقاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن الكوفة ، وولاها مكانه ذاك ابن اللعين] فقد اكثر الناس فيه [لعزله سعدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو احد العشرة ، وقال له ـ عليه الصلاة والسلام : «اِرْمِ فداك ابي وامي» وكان فاتح كنوز كسرى ، وصاحب المناقب السنية ـ كما يأتي ـ انشاء الله تعالى ـ وولى مكانه ابن عدو رسول الله ـ ﷺ ـ من ليس له شيئ من المحاسن]

فقصدت لعثمان حتى خرج الى الصلاة . قلت : ان لي إليك حاجة ، وهي نصيحة لك . قال : يا ايها المرء منك ! قال معمر : أُراه قال : اعوذ بالله منك ! فانصرفت ، فرجعت اليهما اذ جاء رسول عثمان [رضي الله تعالى عنه] فاتيته ، فقال : ما نصيحتك ؟ فقلت : ان الله سبحانه [وتعالى] بعث محمدا ـ ﷺ ـ بالحق ، وانزل عليه الكتاب ، وكنتَ ممن استجاب لله ولرسوله ـ ﷺ ـ فهاجرت الهجرتين [هجرة الحبشة وهجرة المدينة] = وصحبت رسول الله ـ ﷺ ـ ورأيت هديه = [1] وقد اكثر الناس في شأن الوليد . قال : ادركت رسول الله ـ ﷺ ـ ؟

---

(١) له (وصحبت) ەوە تا ئێرە کەوتبوو ، ئێمە خستمانەوە شوێنی خۆی .

قلت : لا ، ولكن خَلَص اليَّ من علمه ما يَخلصُ الى العذراء في سترها [لكونه شائعا ذائعا] .

قال : اما بعد : فان الله بعث محمدا ـ ﷺ ـ بالحق ، فكنتُ ممن استجاب لله ولرسوله ، وآمنتُ بما بعث به ، وهاجرتُ الهجرتين ـ كما قلت ـ وصحبتُ رسول الله ـ ﷺ ـ وبايعتهُ . فوالله ما عصيته ولا غشَشْته حتى توفاه الله . ثم ابو بكر مثله . ثم عمر مثله . ثم استُخْلِفْتُ ، افليس لي من الحق مثل الذي لهم ؟ قلت : بلى . قال : فما هذه الاحاديث التي تبلغني عنكم ؟ اما ما ذكرت من شأن الوليد فسنأخذ فيه بالحق ـ ان شاء الله تعالى ـ ثم دعا عليا ، فأمره ان يجلده فجلده ثمانين . ح ـ ٦/١٠٣

٩٤٠/٦٣ وفي اخرى عنه : ان المِسور بن مخرمة ، وعبدالرحمن بن الاسود بن عبديغوث قالا له : ما يمنعك ان تكلم خالك عثمان [ليست امه اخته ، بل من رهطه] في اخيه [لأمه] الوليد بن عقبة ؟ [اللعين] وكان اكثر الناس فيما فعل به . . . قال عبيد الله : فانتصبتُ لعثمان حين خرج الى الصلاة ، فقلت له : ان لي اليك حاجة وهي نصيحة ، فقال : ايها المرء اعوذ بالله منك ! فانصرفت .

فلما قضيت الصلاة جلست الى المسور والى ابن عبديغوث ، فحدثتهما بالذي قلت لعثمان وقال لي . فقالا : قد قضيت الذي كان عليك . فبينما انا جالس معهما اذ جاءني رسول عثمان ، فقالا لي : قد ابتلاك الله ـ تعالى ـ ، فانطلقت حتى دخلت عليه ، فقال : ما نصيحتك التي ذكرت آنفا ؟ قال : فتشهدت ، ثم قلت : ان الله بعث محمدا ـ ﷺ ـ وانزل عليه الكتاب ، وكنتَ ممن استجاب لله ورسوله ـ ﷺ ـ وآمنتَ به ، وهاجرتَ الهجرتين الاولين ، وصحبتَ رسول الله ـ ﷺ ـ ورأيتَ هديه . . . وقد اكثر الناس في شأن الوليد بن [اللعين] عقبة ، فحق عليك ان تقيم عليه الحد .

فقال لي : يا ابن اخي [اختي . أبي ذر] ادركتَ رسول الله ؟ قال : قلت : لا ، ولكن قد خلص اليَّ من علمه ما خلص الى العذراء في سترها . قال : فتشهد عثمان ، فقال : ان الله قد بعث محمدا ـ ﷺ ـ بالحق ، وانزل عليه الكتاب ، وكنتُ ممن استجاب لله ورسوله ـ ﷺ ـ ، وآمنتُ بما بعث به محمد ـ ﷺ ـ وهاجرتُ الهجرتين الاولبين ـ كما قُلتَ ـ وصحبتُ رسول الله ـ ﷺ ـ وبايعتهُ ، والله ما عصيته ولا غششتهُ حتى توفاه الله ، ثم استخلف الله ابا بكر فوالله ما عصيته ولا غششته ، ثم استخلف عمر ، فوالله ما عصيته ولا غششته ؛ ثم استُخْلِفْتُ افليسِ لي عليكم [من الحق] مثل الذي كان لهم عليٌّ ؟ قال : بلى . قال : فما هذه الاحاديث التي تبلغني عنكم ؟ فاما ما ذكرت من شأن الوليد بن عقبة [اللعين] فسنأخذ فيه ـ ان شاء الله تعالى ـ بالحق . قال : فجلد الوليد اربعين جلدة ، وامر عليا ان يجلده ، وكان هو يجلده . ح ـ ٦/١٨٩ .
هذا مغن عن الاول .

دوو حەدیثه عەینی یەك ، ئەم ریوایەتە چەند کەلیمەییّکی زیاترە ، (مغنی) یە لە ئەووەڵەکەی ، هەوەستان هەیە حەذفی بکەن .
تەرجەمە :

عوبەیدوڵڵای کوڕی عەدیی ، کوڕی خیار ئەفەرموێ : میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالى عنه ـ و عەبدورەحمانی کوڕی ئەسوەدی کوڕی عەبدی یەغووث ئەمریان پیّ کردم : بۆچی تۆ قسە ناکەی لە خذمەت خاڵتا کە عوثمانە ؟ [رضي الله تعالى عنه ـ خاڵی حەقیقی نی یە ، لە قەومی ئەوە] دەرحەق وەلیدی کوڕی عوقبە [کە بەسەرخۆشیی نوێژی سبەینێی چوار رکات کردوە] خەڵق زۆر قسەی لیّ ئەکەن [کە پیاوی وەك سەعدی لە عیراق عەزل کردوەو ، سەرخۆشێکی وەك وەلیدی داناوە لە

جێی ئەو پیاوە گەورە کە صەحابی یەو لە عەشەرەی موبەشەرەیە ، مەناقیبێکی زۆری هەیە .]

عوبەیدوڵڵا ئەفەرموێ : راوەستام تا ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات بۆ نوێژ عەرزم کرد : ئیحتیاجێکم لە خزمەتتا هەیە ، کە نەصیحەتە بۆ تۆ ، فەرمووی : ئەی پیاو پەنا ئەگرم بە خوا لە تۆ ! کە وای فەرموو گەڕامەوە ، کە نوێژم کرد چووم لای میسوەرو عەبدورەحمان دانیشتم ، چیم بە حەزرەتی عوثمان وتوو بوو چی جواب دامەوە . . بۆم گێڕانەوە . فەرموویان : ئەو وەظیفەی لەسەر تۆ بوو بەجێت هێنا .

لەو وەختەدا کە لە لایان دانیشتبووم پیاوی ئیمامی عوثمان هات ، وتی : حەزرەتی عوثمان بانگت ئەکا . میسوەرو عەبدورەحمان پێیان وتم : خوا موبتەلای کردی . چوومە خدمەتی ، فەرمووی : نەصیحەتەکەی نەختێ لەمەوپێش وتت چی یە ؟ کەلیمەی شەهادەتم هێنا ، عەرزم کرد : خوا ـ عز وجل ـ محەمەدی ناردوە ـ ﷺ ـ ، قورئانی نازڵ کردۆتە سەر ، تۆیش لەوانە بووی کە ئیجابەتی خواو رەسوولی خوات کردوە ـ ﷺ ـ . ئیمانت پێ هێناوە ، هەردوو هیجرەتی پێشووت کردوە بۆ حەبەشەو بۆ مەدینە ، صوحبەتی پێغەمەرت کردوە ـ ﷺ ـ هیدایەتی ئەوت دیوە . . . خەڵق دەرحەق وەلیدی کوڕی عوقبەی لەعین کە حەددی لێ نادەیت زۆرت قسە لێ ئەکەن . فەرضە لە سەرت کە حەددی بەسەرا ئیجرا بکەی .

عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : تۆ گەیبوی بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ؟ عەرزم کرد : بە خزمەتی نەگەیبوم ، ئەمما عیلمی ئەو ئەوەندە شیووعی بووەو مەشهوورە لە ناو خەڵقا کە بە کچی ناو پەردە گەیبوە ، وەك

چۆن بەو گەییوە وایش بە من گەییوە . عوبەیدوڵڵا فەرمووی : ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ کەلیمەی تەشەهودی هێنا ، فەرمووی : وەك تۆ وتت خوا ـ عز وجل ـ محەمەدی ـ ﷺ ـ بە حەق ناردوە ، کتێبی بۆ ناردوە ، لەوانەم کە ئیجابەتی خواو رەسوولی خوام کردوە ـ عز شأنه ! و ﷺ ـ ئیمانم هێناوە بەوەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی پێ نێرراوە ، هەردوو هیجرەتم کردوە ، صوحبەتی پێغەمەرم کردوە ـ ﷺ ـ ، بەیعەتم پێ کردوە ، وەڵڵاهی تا وەفاتی فەرموە موخالەفەم نەکردوە ، غەششم لە خزمەتا نەکردوە ، لە دوای ئەو خوا حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی کرد بە خەلیفە . وەڵڵاهی موخالەفەم نەکرد ، غەششم لەگەڵ نەکرد . دوای ئەو حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کرا بە خەلیفە ، وەڵڵاهی موخالەفەم نەکرد ، غەششم لەگەڵ نەکرد . دوای ئەو من بووم بە خەلیفە ، ئایا ئەو حەقانەی کە ئەوان بوویانە بەسەر منەوە منیش وەك ئەوان هیچ حەقم بەسەر ئێوەوە نی یە ؟ عەرزم کرد : بەلێ هەتە . فەرمووی : ئەی ئەم قسانەی کە لە ئێوەوە بە من ئەگا دەرحەق وەلیدی کوڕی عوقبەی لەعین = چین = ؟ ئەوی تۆ ئەڵێی کە داری حەددی لێ نەدراوە (ان شاء الله) حەقی لێ ئەستێنم . عوبەیدوڵڵا فەرمووی : [لە دوای ئەمە کە حەمران و صەعبی کوڕی جەثامە شەهادەتیان لێدا] ئەمری فەرموو بە حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ چل داری لێدا .

ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ وە نی یە لە ئیجرای حودوودی شەرعیدا ئیهمالی کردبێ . نیهایەت چونکی (شرعاً) لای ثابت نەبووبوو بۆیە تەئخیری کردبوو ، کە (شرعا) ثابت بوو دەزبەجێ ئیجرای کرد . ئەو چوار ئیمامەو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى

عنهم ـ به قەد ذەرڕە قوصووریان نیە . ئومەرای شەیخەین و حەزرەتی عەلیش ـ رضي الله تعالى عنهم ـ وا بوون . ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بێ قوصوور بوون ، لە شەهادەتی حەزرەتی عوثمانا هیچیان پێی ئالوودە نەبوون . لە طەرەف ئۆردووی میصری و قیبطی یەوە شەهید کرا ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

٩٤١/٦٤ سعيد بن زيد ، بن عمرو ، بن نفيل في مسجد الكوفة يقول : والله لقد رأيتني وان عمر [رضي الله تعالى عنه] لموثقي على الاسلام قبل ان يسلم عمر ، ولو ان أُحُداً ارفضٍ للذي صنعتم بعثمان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لكان محقوقا ان يرفضّ [يزول عن مكانه]
ح ـ ٧/١٨٣/٦

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی زەیدی ، کوڕی عەمری ، کوڕی نوفەیل [کە خۆی ئامۆزای ئیمامی عومەر بوو ، باوکی ئیختیلاف لە نوبووەتیا هەیە ، خۆی لە عەشەرەی موبەشەرەیە ، هەر دۆعایێکی کردبێ (لاردّ) بوە ـ رضي الله تعالى عنه وعن ابيه ـ] لە مزگەوتی گەورەی کووفەدا ئەیفەرموو : من خۆم وا دیی کە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێش ئەمەوە کە موسوڵمان بێ ، لە سەر موسوڵمان بوونم پێوەندی کردبووم عەذابی ئەدام . ئەمما لەبەر ئەوەی کە ئێوە بە عوثمانتان کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەگەر کێوی ئوحود لە جێی خۆی لابچێ حەق وایە لابچێ [مەقصوودی وایە ئەو ظوڵمەی کە ئێوە لە ئیمامی عوثمانتان کرد موشریك بە موسوڵمانی نەکردوە .]

[صاحیبی (صفوة) له ئه‌نه‌س - رضي الله تعالى عنه - ریوایه‌ت ئه‌کا که ئیمامی عومه‌ر - رضي الله تعالى عنه - که خه‌به‌ری ئه‌وه‌ی پێ گه‌یی که سه‌عیدی زاوایی و خوشکه‌که‌ی موسوڵمان بوون - رضي الله تعالى عنهما - سه‌عیدی خست به پێ شێلای ، خوشکه‌که‌ی ئیمامی عومه‌ر - رضي الله تعالى عنها - هات ئیمامی عومه‌ری له مێرده‌که‌ی ده‌فع کرد ، که ئیمامی عومه‌ر مسته‌کۆڵه‌یێکی پیا ماڵی خوێنی له ده‌م و لووتی هێنا . قسطلانی] .

[ئه‌م حه‌دیثه هه‌م فه‌ضلی عوثمان و ، سه‌عیدو ، فاطیمه‌ی خوشکی ئیمامی عومه‌ری تیایه - رضي الله تعالى عنهم - یه‌عنی ئه‌و حه‌ربی به‌ینی ئه‌صحابی کیرامه بۆ خوێنی عوثمان بێ‌شه‌رعیی تیا نه‌بوه‌و له‌سه‌ر حه‌ق بوه] .

٩٤٢/٦٥ عثمان بن مَوْهب قال : جاء رجل من أهل مصر حج البيت ، فرأى قوما جلوسا ، فقال : من هؤلاء القوم ؟ [فقالوا . كش] قال : هؤلاء قريش . قال : فَمَنِ الشيخ فيهم ؟ قالوا : عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : يا ابن عمر اني سائلك عن شيئ فحدثني عنه : هل تعلم ان عثمان فرَّ يوم احد ؟ قال : نعم . فقال : تعلم انه تغيب عن بدر ولم يشهد ؟ قال : نعم . قال : هل تعلم انه تغيب عن بيعة الرضوان فلم يشهدها ؟ قال : نعم . قال : الله أكبَر !

قال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] تعال ابين لك : اما فراره يوم احد ؛ فأشهد ان الله تعالى عفا عنه وغفر له [كما في آل عمران] وأمَّا تغيبه عن بدر ؛ فانه كان تحته بنت رسول الله - ﷺ - وكانت مريضة ، فقال له رسول الله - ﷺ - : ان لك اجر رجل ممن شهد بدراً وسهمه . واما تغيبه عن بيعة الرضوان ؟ فلو كان احد اعز ببطن مكة من عثمان لبعثه مكانه .

فبعث رسول الله ـ ﷺ ـ عثمان [الى اهل مكة ليُعْلِمَ قريشا انه ـ عليه الصلاة والسلام ـ إنَّما جاء معتمرا لا محاربا] وكانت بيعة الرضوان بعد ما ذهب عثمان [رضي الله تعالى عنه] الى مكة . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ بيده اليمنى : هذه يد عثمان ، فضرب بها على يده ، فقال : هذه لعثمان . فقال له ابن عمر : اذهب بها الآن معك . ح ـ ٦/ ١٠٥

ته‌رجه‌مه :

عوثمانی کوڕی مه‌وهه‌ب ئه‌فه‌رموێ : پیاوێ له ئه‌هلی میصر هات حه‌جی کرد ، چاوی که‌وت به جه‌ماعه‌تێ دانیشتبوون ، ئه‌و پیاوه ـ سا هه‌ر که‌سێ بێ ـ پرسی : ئه‌وانه کێن ؟ وتیان : قوره‌یشن . وتی : ئه‌و شێخه کێیه له ناویانا ؟ وتیان : عه‌بدوڵڵای کوڕی عومه‌ره ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌و پیاوه عه‌رزی‌کرد : وتی : ئه‌ی ئیبن و عومه‌ر سوئالت لێ ئه‌که‌م له شتێك جوابم بده‌ره‌وه . لێت مه‌علوومه که عوثمان له ڕۆژی ئوحودا فیراری کرد ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ . وتی : ئه‌زانی که له غه‌زای به‌در پاش‌که‌وت نه‌چوو ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ . وتی : ئه‌زانی که له (بيعة الرضوان)ا غائیب بوو له‌وێ نه‌بوو ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ . پیاوه‌که له خۆشییانا که قسه‌ی ئیبن و عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ موافیقی ئیعتیقادی ئه‌و بوو وتی : (الله اکبر) !

ئیبن و عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فه‌رمووی : بێ تێت‌بگه‌یێنم : فیرارکردنی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ له غه‌زای ئوحودا ؛ من شه‌هاده‌ت ئه‌ده‌م که خوا ـ عز وجل ـ لێی خۆش بوو .

[له سووره‌تی ئالی عیمرانا ئه‌فه‌رموێ : ئه‌وانه‌ی که ئه‌و ڕۆژه‌ی دوو له‌شکر به‌رابه‌ر وه‌ستان و له‌شکری ئیسلام فیراریان کرد به واسیطه‌ی

ئەوە بوو کە شەیطان زەللەی پێکردن ؛ بۆ تالانکردن تیراندزەکان لەو جێیەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بووی تەعین‌کردن . . جـوێ‌بوونـەوە ، بە تەحقیق خوا لییان خۆش بوو . ئەڵبەتە خوا ـ عز وجل ـ غەفوورەو گوناە عەفو ئەکا . حەلیمە لە عەذاب‌دانا عەجەلە ناکا تا تەوبەی لێ بکرێ .]

غائیب‌بوونی لە غەزای بەدریش لەبەر ئەوە بوو چونکی کچی پێغەمەری ـ ﷺ ـ کە حەزرەتی (رقیـە) یە ـ رضي الله تعـالى عنها ـ لـە باخەڵا بوو ، نەخۆش بوو . [پێغـەمەر ـ ﷺ ـ ئـەمری‌کـرد کە ئـەوو ئوسامەی لە لا بمێنن ، بەو ناساغی یە بە بیست ساڵی ی وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئەجری یەکێ لەوانەت هەیە کە حازری بەدر بوون‌و ، حیصەی یەکێکیش لەوان .

لە (بیعة الرضوان)یش کە بەجێ‌ما ؛ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردی بـۆ مەککە کە خەبەریان بداتێ کە بۆ عومرە هاتووەو بۆ حەربکردن نەهاتوە ، ئەگەر یەکێکی لە عوثمان عەزیزتر ببوایە لا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەوی ئەنارد لە باتی ئەو . (بیعة الرضوان) یش دوای ئەوە بوو کە عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ رۆییبوو بۆ مەککە .

[لە دوای ئەو خەبەر بڵاوبۆوە کـە موشـریکان خـەریکی ئەوەن حەرب لەگـەڵ پێغەمـەرا بکەن ـ ﷺ ـ مـوسوڵمـانانیش کـەوتنەخـۆ بۆ حەرب ، پێغەمە ر ـ ﷺ ـ لە ژێر شەجەرەی ریضوانا موبایەعەی لەگەڵ ئەصحاب کرد کە فیـرار نەکـەن] . پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بە دەستی راستی موبارەکی خۆی ئیشارەتی فەرموو ، فەرمووی : ئەمە دەستی عوثمانە . ماڵیی بە دەستی چەپی موبارەکی خۆیا ، فەرمووی : ئەم بەیعەتە لە باتی عوثمان [دیارە دەستی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆ عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ صەد هەزار جار لە دەستی خۆی چاترە] ئیبن‌و عومەر ـ رضي الله تعالى

عنه ـ فەرمووی : ئیمجا بەم جوابانەوە بڕۆرەوە [دەرحەق عوثمان عەقیدەت باش بێ] .

ئەم حادیثانە جۆێبەجۆێ هەر یەك مەنقەبەییێکی زۆر گەورەیە بۆ حەزرەتی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

نەخۆشی ئەهل و عەیال و خزم مەعذرەت تەشکیل = ئەکەن = بۆ هەموو شت .

بە قەد ئیمکان ئیزالەی شوبهە لازمە .

٩٤٣/٦٦ عن ابي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان النبيَّ ـ ﷺ ـ كان قاعدا في مكان فيه ماء قد انكشف عن ركبتيه ، او ركبته ، فلما دخل عثمان غطاها . ح ـ ١٠٣/٦

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە جێیێکی ئاوارا دانیشتبوو ، هەردوو ئەژنۆی ، یاخو فەرمووی : ئەژنۆی هەڵمالیبوو ، کە ئیمامی عوثمانی چوە خذمەت ئەژنۆی موبارەکی داپۆشي .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەیای لێکرد بە موقابەلەی ئەوە کە زۆر بە حەیا بوە .

٩٤٤/٦٧ عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : كان رسول الله ـ ﷺ ـ مضطجعا في بيته كاشفا عن فخذيه ، او ساقيه ، فاستأذن ابو بكر فأذن له ، وهو على تلك الحال ، فتحدث . ثم استأذن عمر فأذن له ، وهو كذلك ، فتحدث . ثم استأذن عثمان ؛ فجلس رسول الله ـ ﷺ ـ وسوى ثيابه . قال محمد [بن حرملة] : ولا أقول ذلك في يوم واحد . فدخل فتحدث ، فلما خرج قالت عائشة : دخل ابو بكر فلم تهتش له ولم تباله ، ثم دخل عمر فلم تهتش له ولم تباله . ثم دخل عثمان فجلستَ

وسويتَ ثيابك ؛ فقال : الا آستحي من رجل تستحي منه الملائكة ؟
ح ـ ٩/ ٢٩٠
تەرجەمە :

عـائيشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فـەرمووی : پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە ماڵەوە راکشابوو ، هەردوو رانی ، یا فەرمووی : هەردوو قاچی موبارەکی دەرخستبوو ، ئـەبوبـەکـر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ تەشریفی هات ئیذنی خواست ، ئیذن‌درا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەضعی یەتی خۆی تێك نەدا ، قسەی لە خذمەتا فەرموو . لە دواییا ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هات ئیذنی خواست بۆ حـوضوور ئیـذن‌درا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر ئەو حاڵە ما ، ئەویش لە خذمەتیا قسەی کرد . لە دواییا ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی ئیذنی خواست بۆ حوضوور ، [ئیذن‌دراو] پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشـریفی دانیشت‌و جلەکانی خـۆیی رێك‌خست . محـەمەدی راویی ئـەڵێ : ئەوە تـەنها لە رۆژێکـا نەبوو . ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتەژووریٚ‌و قسەی لە خذمەتا کرد . = عائیشە ئەفەرموێ : = کە رۆیی عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ : کە ئەبوبەکر هاتە ژووریٚ هیچ موبالاتت پیٚ نەکرد . لە دواییا عومەر هات هیچ موبالاتت پیٚ نەکرد . لە دواییدا عوثمان هات هەڵسای دانیشتی‌و خۆت کۆکردەوە ! فەرمووی : ئەمن حەیا نەکەم لە کەسیٚ کە مەلائیکە حەیای لیٚ ئەکا ؟

٦٨/ ٩٤٥ عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ ﷺ ـ وعثمان [رضي الله تعالى عنه] أخبرا ان أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ استأذن على

رسول الله وهو مضطجع على فراشه ، لابس مرط عائشة ، فأذِن لابي بكر وهو كذلك ، فقضى اليه حاجته ، ثم انصرف ، ثم استأذن عمر [رضي الله تعالى عنه] فاذن له ، وهو على تلك الحال ، فقضى اليه حاجته ، ثم انصرف ، قال عثمان : ثم استأذنتُ عليه ، فجلس ، وقال لعائشة : اجمعي عليك ثيابك ! فقضيت اليه حاجتي ثم انصرفت . فقالت عائشة : يا رسول الله ما لي لم اَرَكَ فَزِعتَ لأبي بكر وعمر [رضي الله تعالى عنهما] كما فزِعتَ لعثمان ؟ قال رسول الله ـ ﷺ ـ : ان عثمان رجل حيّيٌ ، واني خشيت اِنْ اَذِنت له على تلك الحال ان لا يبلغ اليَّ في حاجته . م ـ ٩/٢٩١

تەرجەمە :

عائيشەو عوثمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : ئەبوبەبکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیذنی خواست بۆ حوضووری پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر جێی خۆی راکشا بو ، لیباسێکی عائیشەی دابوو بە خۆیا ، ئیذنی دا هاتە خدمەتی ، لەسەر ئەو حاڵەتە . ئیحتیاجی یەکەی بەجێهێناو گەرایەوە . حەزرەتی عومەریش تەشریفی هات . هەروا . ئیمامی عوثمان ئەفەرموێ : من چووم ئیذنم خواست . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هەڵساو دانیشت ، ئەمری بە حەزرەتی عائیشە کرد : خۆت کۆکەرەوە ! ئیحتیاجی یەکەم عەرزکرد ، بەجێی هێناو گەرامەوە . حەزرەتی عایشە فەرمووی : (یا رسول الله) بۆچی وام نەدیت وەك ئیهتیمامت بە عوثمان کرد ئیهتیمامت نەکرد بە ئەبوبەکرو عومەر ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عوثمان پیاوێکی زۆر بە حەیایە ، لەوە ترسام ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە ئیذنی بدەم بێتە لام ئیحتیاجی یەکەی نەگەیێنێ بە من .

له فه‌ضائیلی ئه‌م سیّ ئیمامه ـ رضي الله تعالى عنه ـ دا حه‌دیثی (اثبت احد)و حه‌دیثی ئه‌بوموموسای ئه‌شعه‌ریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ که بوه به ده‌رگاوانی پیّغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ واریده ، له موعجیزاتا به‌یان کراوه . (فراجع)[1] .

(١) ئه‌م قسه‌یه مه‌به‌ستی ئه‌م دوو حه‌دیثه‌یه : (٥٩١/٥٣) و (٥٩٦/٥٨) که به‌ر به‌رگی دوه‌م ده‌که‌ون .

فضائل اسد الله الغالب
علي ابن ابي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ

دايكى فاطيمەيە كچى ئەسەدى ڕكوڕى هاشمە ، ئەووەڵ هاشمييکە موسوڵمان بووبێ ـ رضي الله تعالى عنه ـ في فضله حديث : انت مني وانا منك ح ـ ٤٠٦/٤ في الصلح وفي عمرة القضاء .

٩٤٦/٦٩ عن سهل بن سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لأعطين الراية غدا رجلا يفتح الله على يديه . قال : فبات الناس يدوكون ليلتهم [اى يخوضون] أَيُّهُمْ يعطاها ؟ فلما اصبح الناس غدوا على رسول الله ـ ﷺ ـ كُلُّهم يرجون (كش) ان يعطاها ، فقال : اين عليٌّ بن ابي طالب ؟ فقالوا : يشتكي عينيه يا رسول الله . قال : فأَرسِلوا اليه ، فأتوني به . فلما جاء بصق في عينيه ، ودعا له فبرء ، حتى كأن لم يكن به وجع [بل لم يرمد ولم يصدع بعد] فاعطاه الراية فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله اقاتلهم حتى يكونوا مثلنا ؟ فقال : اُنْفُذ [امض] على رسلك [هينك] حتى تنزل بساحتهم ، ثم اذعهم الى الاسلام ، وأخبرهم بما يجب عليهم من حق الله فيه . فوالله لان يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من ان يكون لك حمر النعم ح ـ ١١١/٦

تەرجەمە :

سەهلى بنى سەعدى ساعيديى ـ رضي الله تعالى عنه ـ

نەفەرموێ : پیغەمەر - ﷺ - فەرمووی : سبەینێ بـەیاخـەکە ئـەدەمە دەست پیاوێ کە خوا لەسەر دەستی ئەو فەتحی خەیبەر ئەکا . سەهل فەرمووی : خەڵق ئەو شەوەیان بەوە رۆژ کردەوە : ئاخۆ بە کێی عەطا بفەرموێ ؟ کە رۆژ بۆوە خـەڵق بەیـانی زوو هەمـوو چوونـە خزمـەت پێغەمەر - ﷺ - کو للێکیان ئومێدی وابوو کە بەوی عەطا بفەرمـوێ . فەرمووی : عەلی لە کوێیە ؟ عەرزیان کـرد : چاوی یێشێ (یـا رسول الله) : فەرمووی : بنێرن بە شوێنیا بۆم بێنن . کە تەشریفی هات تفی موبارەکی کردە ناو چاویەوە ، چاوی وا چاك بۆوە وەکوو هیچ چاوئێشەی نەبووبێ . [ئیتر لە پاش ئەوەیش قەت نە چاوی ئێشا ، نە سەری ئێشا] بەیاخەکەی پێ عەطا فەرموو . حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - عەرزیکرد : (یا رسول الله) تا وەکوو ئێمەیان لێ یێ شەریان لـەگەڵ بکەم ؟ فەرمووی : بە ئاهیستە برۆ تا ئەگەیتە قەراخماڵەکـانیان ، لـە دواییا دەعوەتیان بکەرە سەر ئیسلامەتی ، خەبەریان بدەرێ بەوەی کە لە ئیسلامەتیدا لەسـەریان واجبـە لە (حقـوق الله) . وەڵلاهی خـوا - عز وجل - ئەگەر بە واسیطەی تۆوە تەنها پیاوێ هیدایەت بدا لە حەیواناتی دۆشەنی سوور [کە لای عەرەب مەقبووڵە] چاترە بۆ تۆ .

٩٤٧/٧٠ عن سلمة بن الاكوع [رضي الله تعالى عنه] قال : كان عليٌّ [رضي الله تعالى عنه] قد تخلف عن النبيّ - ﷺ - في (غزوة) خيبر ، وكان به رمد ، فقال : انا أتخلف عن رسول الله - ﷺ - ؟ فخرج عليّ ، فلحق بالنبيّ - ﷺ - فلما كان مساء الليلة التي فتحها الله في صباحها ، قال رسول الله - ﷺ - : لاعطينَّ الراية ، او ليأخذنَّ الراية غدا ، رجلا [وبالرفع] يحبه الله ورسوله ، أو قال : يحب الله ورسوله ، يفتح الله عليه ، فـاذا نحن بعليّ - وما نرجوه - فقالوا : هذا عليّ ، فاعطاه رسول الله - ﷺ -

[الـرايـة . كش] فـفـتـح عـليـه . ح - ١١١/٦ ، م - ٣٠٣/٩ ، ح - ١٢٤/٥ .

تەرجەمە :

سەلەی کوڕی ئەکوەع لە شـوجعانی عـەرەب‌و سەلاحشـووری پێغەمەر = بوو = - ﷺ - ئەفەرموێ : عەلی - رضي الله تعالى عنه - لە غـەزای خەیبـەرا لە پێغـەمەر - ﷺ - دواکـەوت ، چـاوی ئـەیێشـا ، فەرمووی : من لە پێغەمەر - ﷺ - دواکەوم ؟ تەشریفی لە مەدینە چوە دەرێ ، بە پێغەمەر - ﷺ - گەیی [ئەبوبەکری نارد بۆ قەڵای خەیبـەر نەگیرا ، عومەری نارد نەگیرا . حاكم في الاكليل .] کە ئێوارێی شەوی ئەو سبەینێ‌یە داهات کە فەتحی خەیبەری تیـاکرا . . پێغـەمەر - ﷺ - فەرمووی : سبەینێ بەیباخەکە ئەدەم بە پیاوێ . یا فەرمووی : پیاوێ وەری‌ئـەگرێ ، کـە خواو رەسـوولی خوا ئـەویـان خـۆش بـوێ . یـا فەرمووی : کە خواو رەسوولی خوای خۆش بوێ ، خوا خەیبەر لەسەر دەستی ئەوا فەتح ئەکا . حەزرەتی = عەلی = پەیدا بوو ؛ چونکی چاوی ئەیێشا هیچ ئومێدمان نەبوو کە بێت . عەرزیان‌کرد : (یا رسول الله) ئەوە عەلی‌یە . پێغەمەر - ﷺ - بەیباخەکەی پێ عەطا فەرموو ، خوا فەتحی خەیبەری لەسەر کرد . [. . . . .]

٩٤٨/٧١ عن ابي حازم [سلمة بن دينار] ان رجلا جاء الى سهل بن سعد - رضي الله تعالى عنه - فقال : هذا فلان لامير المدينة [مروان بن الحكم . . .] يدعو عليا [رضي الله تعالى عنه وخذل الله من سبه وعابه] عند المنبر قال : فيقول : ماذا قال يقول له ابو تراب ؟ فضحك . قال : والله مـا اسماه الا النبيُّ - ﷺ - ومـا كـان لـه اسم اَحبّ اليـه منـه . فاستطعمت الحديثِ سهلا ، وقلت : يا ابا عباس كيف [ذلك . ذر] ؟

قال دخل علي علىٰ فاطمة [رضي الله تعالى عنهما] ثم خرج ، فاضطجع في المسجد ، فقال النبيُّ اين ابن عمك ؟ قالت : في المسجد . فخرج اليه [ﷺ ـ ورضي عنه] ، فوجد رداءه قد سقط عن ظهره ، وخلص التراب الى ظهره ، فجعل يمسح التراب عن ظهره فيقول ؛ اجلس يا ابا تراب ! مرتين . ح ـ ٦/١١١ .

تەرجەمە :

ئەبوحازم سەلمەی کوڕی دینار ئەفەرموێ : پیاوێ هاتە لای سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی‌کرد : کە فلانی ئەمیری [نا لایقی] مەدینە دەرحەق حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ناماقوولی ئەکا . سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ لێی پرسی : [مەروان] چە ناماقوولی‌یێ ئەکا ؟ عەرزی‌کرد : پێی ئەڵێ [ئەبو توراب] . سەهل پێکەنی فەرمووی : وەڵڵاهی غەیری پێغەمەر ـ ﷺ ـ کەس ناوی نەناوە بە ئەبوتوراب . حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە لای لەو ناوە خۆشتر ناوێ تری نەبوە .

ئەبو حازم ئەفەرموێ : کە سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ وای فەرموو حەزم‌کرد : تامی حەدیثەکەی لێ بچێژم ، عەرزم‌کرد ، یا ئەبو عەباس ئەوە چۆن بوو ؟ فەرمووی : حەزرەتی عەلی تەشریفی چووە لای حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە دواییدا حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چووە دەرێ بۆ مزگەوت تیا راکشا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە لای فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لێی پرسی : کوڕی مامت لە کوێیە ؟ فەرمووی : [دەمقاڵێکمان بوو ، لێم تۆرا چوو بۆ مزگەوت . في اخرى] وا لە مزگەوتە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بۆ مزگەوت بۆ لای ، وای دی کە بەرماڵەکەی لە کۆڵ

كەوتۆتـە خوارێ ، پشتی خـۆڵاویی بوە . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ بـە دەستی موبارەکی خۆی خۆڵو تۆزی لە پشتی حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەسری و ئەیفەرموو : هەڵسە دانیشە (ابا تـراب) ! دوو دەفعەی فەرموو . [. . . .]

٩٤٩/٧٢ عن سعد بن عبيدة قـال : جاء رجـل [نافـع بن الازرق الخارجي . . .] الى ابن عمر فسأله عن عثمان [رضي الله تعالى عنـه] فذكر عن محـاسن عمله ، قال : لعلك ذلـك يسوؤك ؟ قـال : نعم . قال : فارغم الله بانفك ! ثم سأله عن عليّ [رضي الله تعالى عنه] فذكر محاسن عمله . قال : هو ذاك بيته اوسط بيوت النبيّ [وعند النسائي : فقال : انظر الى منزله من نبيِّ الله ـ ﷺ ـ ليس في المسجد غير بيته] ثم قال : لعل ذلك يسوُؤك ؟ قال : اجل . قال : فأرغم الله بانفك ! انطلق فاجهد عليَّ جهدَك . ح ـ ٦/١١٢ ن .

تەرجەمە :

سەعدی ئیبنو عوبەیدە ئەفەرموێ : پیاوێ ، کە نافیعی کوڕی ئەزرەقی خاریجی یە ، هاتە خدمەت حەزرەتی عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرحـەق ئیمامی عـوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ سوئالی لێکرد ، ئیبنو عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەحثی لە مەنقەبەی حەزرەتی عوثمان بۆکرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە دوایی دا بە (ابن الازرق)ی فەرموو : رەنگە پێت ناخۆش بێ کە بەحثم لە چاکەی کرد ؟ وتی : بەڵێ . حەزرەتی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرموو : کە وابێ خوا ـ عز وجل ـ لووتت لە خۆڵەوە گلێنێ ، لە دوایی دا (ابن الازرق) دەرحەق حەزرەتی عەلی لێی پرسی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بەحثی مەحاسینی بۆکرد . فەرمووی : حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى

عنه ـ ئەوە ماڵەکەیەتی لە مزگەوتا ، لە ناوەڕاستی ماڵەکانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ بزانە چەندە لە پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ نزیکە ؟ غەیری هۆدەی ئەو هۆدەی کەسی تر لە مزگەوتا نی‌یە . لە دوایی دا ئیبن‌وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە نافیعی فەرموو : رەنگە لات ناخۆش بێ کە مەدحی حەزرەتی عەلیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆ کردی ؟ وتی : بەڵێ . فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ لووتت پێ لە ئەرز نێ ، ئیتر برۆ مل بشکێنە هەرچیت لە دەست یێ دەرحەقم هیچ قوصوور مەکە .

۹۵۰/۷۳ عن مصعب ، عن سعد بن ابي وقاص [رضي الله تعالى عنه] قال : خَلَّفَ رسول الله ـ ﷺ ـ عليٌّ ابن ابي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ في غزوة تبوك ، فقال : يا رسول الله تُخَلِّفُني في النساء والصبيان ؟ فقال : اما ترضى ان تكون مني بمنزلة هارون من موسى ؟ غير انه لا نبيَّ بعدي .

وعن عامر ابنه الآخر ، عن ابيه ، وليس فيه حديث التخلف . ولفظه : قال رسول الله ـ ﷺ ـ لعليٍّ [رضي الله تعالى عنه] : انت مني بمنزلة هارون من موسى الا انه لا نبيَّ بعدي .

قال سعيد [بن المسيب] : فأحببت ان اشافه بها سعدا ، فلقيت سعدا [رضي الله تعالى عنه] فحدثته بما حدثني به عامر ، فقال : انا سمعته . فقلت : انت سمعته ؟ قال : فوضع اصبعيه على اذنيه ، فقال : نعم ، وإلا فاستكَّتا [كاحمرٍّ من سكٍّ ، اى صَمَّتا] م ـ ۸/۲۹۷/۹ ، ح ـ ۱۱۳/٦ وليس فيه حديث التخلف ن ، جه .
وفي رواية احمد : فقال عليٌّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ : رضيت ، رضيت .

تەرجەمە :

لە سەعدی بني ئەبی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت کراوە

که پێغەمەر - ﷺ - حەزرەتی عەلی ی لە غەزای تەبووکا بەجێ هێشت .
حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - عەرزی کرد : لە ناو ژنان و منالانا بەجێم ئێلێ ؟ پێغەمەر - ﷺ - پێی فەرموو : رازی نابی بەوە کە تۆ لەگەڵ منا وەکوو هاروون وابی بە نیسبەت حەزرەتی مووسا - علیه السلام - ەوە ؟ ئەوەندەی هەیە کە لە دوای من هیچ پێغەمەر نی یە .

لە ریوایەتی ئەحمەدا - رضي الله تعالى عنه - حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - دوو دەفعە فەرمووی : رازیم ، رازیم .

بەمە دوشمنی ئەهلی بەیت شەق ببەن .

٩٥١/٧٤ عن عبيدة عن علي - رضي الله تعالى عنه - قال [لاهل العراق لما قدمها واخبرهم ان رأيه كرأي عمر - رضي الله تعالى عنه - في عدم بيع امهات الاولاد ، وانه رجع عنه ، فرأى ان يبعن . وقال له عبيدة السلماني : رأيك ورأي عمر - رضي الله تعالى عنه - في الجماعة احب اليَّ من رأيك وحدك في الفرقة] : أقضوا كما كنتم تقضون ؛ فاني اكره الاختلاف حتى يكون للناس جماعة ، او اموت كما مات اصحابي ، فكان ابن سيرين يرى أن عامة ما يروى على عليّ [رضي الله تعالى عنه] من مخالفة الشخين : الكذبُ . ح - ١١٣/٦

تەرجەمە :

حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - کە تەشریفی چوو بۆ عێراق لە خوصووصی بەیعی (ام الولد)ا رەئیی وابوو کە نافرۆشێن . وەك رەئیی ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - لە پاشا رەئیی گۆڕرا کە ئەفرۆشرێ . عەبیدەی سەلمانی عەرزی کرد : رەئیی تۆو رەئیی عومەر - رضي الله تعالى عنه - لە موافەقەتا لە تەنها رەئیی تۆ چاکترە لە جوێبوونەوەتا لە عومەر - رضي الله تعالى عنه - . حەزرەتی عەلی

ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : تا ئێستە چۆنتان حوکم کردوە کە نافرۆشرێن ئێستەیش هەروا حوکم بکەن بە نەفرۆتنی ، من لام ناخۆشە کە ئیختیلافم بێ لەگەڵ شەیخەینا تا خەڵق هەموو (متفق) بن ئیختیلاف لە بەینا نەبێ ، یا ئەمرم وەکوو رەفیقەکانم مردوون لەسەر (اتفاق) .

ئیبن وسیرین ئەفەرموێ : بەم فەرموودەی حەزرەتی عەلی یە مەعلووم ئەبێ هەرچی دەرحەق حەزرەتی عەلی ریوایەت کراوە کە موخالەفەی شەیخەینی کردوە . . هەمووی درۆیە .

فەضلی حەزرەتی عەلی لەم حەدیثەدا ئەوەیە کە بۆ خاتری ئەمە ئیختیلاف نەکەوێتە ناو ئوممەتەوە وازی لە رەئیی خۆی هێناوە ، مەنفەعەتی عامەی تەرجیح داوە بەسەر مەنفەعەتی شەخصیی خۆیا .
ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

٩٥٢/٧٥ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] ان رسول الله ـ ﷺ ـ قال يوم خيبر : لأعطينَّ هذه الراية رجلا يحب الله ورسوله ، يفتح الله على يديه . قال عمر بن الخطاب : ما احببت الأمارة الا يومئذ ، قال : فتساورت لها [اى تطاولت] رجاء ان ادعى لها . قال : فدعا رسول الله ـ ﷺ ـ عليَّ ابن ابي طالب ، فاعطاه اياها ، قال : امش ولا تلتفت حتى يفتح الله عليك . قال : فسار عليّ شيئا ثم وقف ولم يلتفت ، فصرخ : يا رسول الله على ماذا اقاتل الناس ؟ قال : قاتلهم حتى يشهدوا ان لا اله الا الله ، وأن محمدا رسول الله ، فاذا فعلوا ذلك فقد منعوا منك دماءهم واموالهم الا بحقها ، وحسابهم على الله .[1] = م ـ ٩/ ٣٠٠ =

(١) دانەر لێرەدا ئیشارەی بۆ شوێنی حەدیثەکە ـ واتە سەرچاوەکەی ـ نەکردوە .

تەرجەمە :

ئەم حەدیثەیش وەك حەدیثەكەی پێشووی وەهایە . ئەوەی زیادە كە حەزرەتی عومەر - رضي الله تعالى عنه - یش لەوێ بوە ، ئومێدی بوە كە بەییاخەكەی تەسلیم بكرێ ، ئەوەیشی تیایە كـە پێغەمـەر - ﷺ - ئەمری بە ئیمامی عەلی فەرموو : بڕۆو ئاوڕ مەدەرەوە ، ئەویش كەمێ ڕۆیی و وەستا ، بێ ئەمە ئاوڕبداتەوە . لە پێغەمەری پرسی - ﷺ - : كە لەسەرچی شەڕیان لەگەڵ بكەم ؟ یەعنی بە ذەڕڕە موخالەفەی ئەمری نەكرد .

٩٥٣/٧٦ عن ابي حازم ، عن سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] قال : استعمل على المدينة رجل [. . . . .] قال : فدعا سهل بن سعد ، قال : فامره ان يشتم عليًّا ، قال : فابى سهل . فقال له : امَّا اذا ابيت فقل : لعنَ الله ابا تراب . فقال سهل [رضي الله تعالى عنه] : ما كان لعليٍّ اسم احبَّ اليه من ابي التراب ، وان كان ليفرح اذا دعي بها . فقال له : اخبرنا عن قصته لم سُمِّيَ ابا تراب ؟ قال : جاء رسول الله - ﷺ - بيت فاطمة [رضي الله تعالى عنه] فلم يجد عليا في البيت ، فقال : اين ابن عمك ؟ فقالت : كان بيني وبينه شيئ فغاضبني ، فخرج ، فلم يَقِلْ عندي . فقال رسول الله - ﷺ - لانسانٍ : انظر اين هو ؟ فجاء فقال : يا رسول الله هو في المسجد راقد ، فجاءه وهو مضطجع قد سقط رداؤه عن شقه ، فاصابه تراب . فجعل رسول الله - ﷺ - يمسحه عنه ويقول : قم ابا التراب ، قم ابا التراب . م - ٣٠٦/٩ ، ح - ١١١/٦ كتب هذا في ٩٤٨/٧١ بفرق يسير .

تەرجەمە :

ئەبو حازم ـ رحمه الله ـ لە سەهلی كوڕی سەعدی ساعیدی‌یەوە ریوایەت ئەكا كە فەرمووی : پیاوێ [. . . .] [لە فتح الباری‌دا ئەڵێ : ئەو پیاوە مەروانە . . .] لەسەر مەدینە كرا بە ئەمیر ، ئەمری پێ كرد كە جوێن بدا بە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیمتیناعی كرد لە جوێن‌پێدانی ، ئەو نەتەوەی لەعینە وتی : هەر جوێنی پێ نادەی بڵێ : (لعن الله ابا التراب) [. . . . .] سەهل فەرمووی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لای حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ، ولعن من لعنه وسبه . من كان ـ لە ناوی (ابی التراب) خۆشەویستر ناوێكی تری نەبوو ، بەو ناوە بانگ بكرایە پێی فەرەحناك ئەبوو . ئەبو حازم عەرزی سەهلی كرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : (قصه)ی ئەوە چۆنە بۆچ پێی ئەڵێن (ابو التراب) ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی بردەماڵی حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئیمامی عەلی لێ نەبینی . پرسی : ئامۆزات لە كوێیە ؟ عەرزی‌كرد : دەم‌قاڵێكمان لە بەینا بوو چووە‌دەرێ ، لای من چێشتەخەوی نەكرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە كەسێكی فەرموو : بچۆ بڕوانە لە كوێیە ؟ هاتەوە عەرزی كرد : تەشریفی لە مزگەوتا نوستوە (یا رسول الله) . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بە لایەوە ، لەوێ ڕاكشابوو ، بەرماڵەكەی لە تەنیشتێكی داخزابوو ، تۆزاوی بووبوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تۆزەكەی لێ ئەسڕی‌و ئەیفەرموو : هەڵسە (ابو التراب) هەڵسە (ابو التراب) . [دوو جار]

لە مزگەوتا نوستن دروستە ، ئاشتكردنەوەی ئینسانی رق‌هەڵساو سوننەتە ، لەطیفە لەگەڵ‌كردنی‌و بۆ دڵهێنانەوەجێی چوونەلایشی سوننەتە .

چ تەئویلێ قابیلە بکرێ بۆ ئەو بێحەیایانەی رووڕەشانـەی دنیاو ئـاخیرەتـە ؟ (فسبحان الله !) خـوا لە نـەسلی مـەروان عـومـەری بنی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ یێنێتە وجوود !

٩٥٤/٧٧ عن سعد بن ابي وقاص [رضي الله تعالى عنه] قال : امر معاوية بن ابي سفيان سعدا [رضي الله تعالى عنه] فقال : ما منعك ان تسبَّ ابا التراب . فقال : اما [دام] ما ذكرتُ ثلاثا قالهن له رسول الله ـ ﷺ ـ فلن اسبه . لان تكون لي واحدة منهن احب اليَّ من حمر النعم : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول له ـ وقد خَلَّفهُ في بعض مغازيه ـ فقال له عليّ : يا رسول الله خلَّفتني مع النساء والصبيان ! فقال له رسـول الله ـ ﷺ ـ : اما ترضى ان تكون مني بمنزلة هارون من موسى ؟ الا انه لا نبوة بعدي .

وسمعته يقول يوم خيبر : لأعطينَّ الراية رجلا يحب الله ورسوله ، ويحبه الله ورسوله . قال : فتطاولنا لها ، فقال : ادعوا لي عليا ، فأتي به أرمدُ ، فبصق في عينيه ، ودفع الراية اليه ، ففتح الله عليه .

ولما نزلت هذه الآية : ﴿قل : تعالوا ندع أبناءنا وأبناءكم [ونساءنا ونسـاءكم ، وأنفسنـا وأنفسكم . ثم نبتهـل فنجعـل لعنـة الله عـلى الكاذبين﴾ . آل عمـران][1] دعا رسـول الله ـ ﷺ ـ عليا ، وفـاطمة ، وحسنا ، وحسينا ، فقال : اللهم هؤلاء أهلي . م ـ ٢٩٨/٩

تەرجەمە :

عامیری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص ـ رحمه الله تعـالى ، ورضي عن ابيه ـ ئەفەرموێ : موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ئەمری کرد

---

(١) بڕوانە : سوورەتی ئالی عیمران ، ئایەتی : (٦١)

به سه‌عد - رضي الله تعالى عنه - وتى : چى يه تۆى مه‌نع كردوه له‌وه كه جوێن بده‌ى به عه‌لى (ابـو التراب) ؟ سـه‌عد - رضي الله تعـالى عنه - فه‌رمووى : ئاگات له خۆت بێ ! پێغـه‌مه‌ر - ﷺ - سێ شتى ده‌رحـه‌ق حه‌زره‌تى عه‌لى فه‌رموه ، قه‌ط له فكرم ناچێته‌وه ، ئه‌گه‌ر من يه‌كێكم له‌و سێ شته ببێ له هه‌موو مالێياتى سوور له لام چاكتر ئه‌بێ . (مادام) ئه‌و سێ شته‌م بێته‌فكر جوێنى پێ ناده‌م :

پێغه‌مه‌ر - ﷺ - كه عه‌لى‌ى - رضي الله تعالى عنه - ى له به‌عزێ غه‌زادا نه‌برد له خذمه‌تى خۆيا . . حـه‌زره‌تى عه‌لى عـه‌رزى‌كرد : (يـا رسول الله) من له‌گه‌ڵ ژن‌و منالآنا به‌جێ يێـڵى ؟ له پێغـه‌مه‌رم - ﷺ - بيست پێى فه‌رموو : رازى نابى به‌وه كـه تۆ بـه نيسبه‌ت منـه‌وه وه‌كوو هاروون وابى به نيسبه‌ت مووساوه ؟ ئه‌وه‌نده‌ى هه‌يـه كه لـه دواى من پێغه‌مه‌ر نى‌يه .

لـه پێغه‌مـه‌رم بيست - ﷺ - له رۆژى خـه‌يبه‌را ئـه‌يفـه‌رمـوو : بـه‌يياخـه‌كه ئـه‌ده‌م به يـه‌كێ ، بـه پيـاوێ ، خـواو ره‌سـوولى خـواى خۆشه‌وێ ، خواو ره‌سوولى خوايش ئه‌ويان خۆشه‌وێ . سه‌عد - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووى : هه‌موو ملمان بۆ درێژ كرد ، فـه‌رمووى : عه‌ليم بۆ بانگ بكه‌ن عه‌لييان هێنا ، چاوى ئه‌يێشـا ، تفى موبـاره‌كى خۆيى كرده ناو هه‌ردوو چاوى‌يه‌وه‌و به‌يياخه‌كه‌ى ته‌سليم فه‌رموو ، خوا خه‌يبه‌رى له‌سه‌ر ده‌ستا فه‌تح كرد .

[كـه نه‌صـارا ئيدديعـاى ئه‌وه‌يـان كرد كـه عيسا - عليـه الصلاة والسلام - كورى خوايه ، خوا - عز وجل - له سووره‌تى ئالى عيمرانا به‌يانى چۆن‌هاتنه‌دنياى حه‌زرتى عيساى فه‌رموو به موقابه‌له‌ى ئه‌وه كه حه‌زره‌تى عيسا به بێ باوك خه‌لقكردنيان كردوه به ده‌ليل له‌سه‌ر ئه‌وه كه عيسا ئه‌بێ

کوڕی خوا بێ . . . خوا ـ عز وجل ـ ئەو ئایەتەی نازڵ فەرموو کە مەثالی وایە : بە بێ شك مەثەلی حەزرەتی عیسا لە لای خوا وەکوو مەثەلی ئادەم وایە ، کە لەگڵ خەلقی فەرموو لە پاشا ئەمری پێ فەرمو : ببە ، ئەویش بوو . یەعنی خوا موقتەدیرە لە هیچەوە شت خەلق بکا ، خەلقی [1] عیسایشی بە بێ باوك وا خەلق کردوە ، کە وابێ هەرکەسێ دەرحەق عیسا موجادەلەت لەگەڵ بکا] پێیان بڵێ : ئەی نەصارا بێن ئێمە کوڕەکانمان بانگ ئەکەین ، ئێوەیش کوڕەکانتان بانگ بکەن [ژنەکانمان بانگ ئەکەین و ژنەکانتان بانگ بکەن ، نەفسی خۆمان بانگ ئەکەین و نەفسی خۆتان بانگ بکەن ، لە دواییا لە خوا ئەپاڕێینەوە طەلەبی ئەوەی لێ ئەکەین کە خوا لەعنەت بکا لەوەی کە درۆزنە] کە خوا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەلی و ، فاطیمەو ، حەسەن و ، حوسەینی بانگ کردو ، فەرمووی : یا ڕەببی ئەمانە ئەهلی منن . [یەعني لە دوای ئەمانە ئیتر من چۆن جوێن بدەم بە حەزرەتی عەلی کە : وەك هاروون وابێ ، کە موحیب و مەحبوبی خواو پێغەمەری بێ ، کە وەك نەفسی پێغەمەر بێ ـ ﷺ ـ کە ئەهلی ئەو بێ ؟]

نەوەوی ـ رحمه الله ـ بۆ ئەم نەوعە حەدیثانە تەئویلێکی زۆر ضەعیف ئەکا . تەماشای بفەرموون بە ئینصاف ، تەئویلی مەقبوول تەئویلی قەریبە .

ئێستە هەردوو لا لە حوزووری خوادان ـ عز وجل ـ (أحكم الحاكمين)ە بە عەدالەت حوکم لە بەینیانا ئەکا ، حەقی هەموویان جێبەجێ ئەکا . ئیتر ئێمە هەرچی بڵێین زیادەو بێ فائیدەیە . هەزارو

---

(١) ئەم (خەلقی) یە نەبێ ماناکەی باشتر دەڕوات .

سێصەدو ئەوەندە ساڵەی بەسەرا رابوردوە .

عن ذِر [بن حُبيش ـ رضي الله تعالى عنه ـ وكان من المعمرين ، أدرك الجاهلية ، ومات سنة اثنتين وثمانين وهو ابن مائة وعشرين ، وقيل : واثنتين وعشرين ، وقيل : سبع وعشرين . نووي] قال : قال عليٌّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ : والذي فلق الحبة ، وبرأ النسمة ! إنه لعهد النبيِّ الأمِّيِّ إليَّ : أن لا يحبني الا مؤمن [وأنا وملا حسين نحبه] ولا يبغضني إلا منافق [. . . .] م ـ ١/ ٤١١

تەرجەمە :

حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : قەسەم بەوەی دانە لەت ئەکاو، گیاو گەندم و جۆو دانەوێڵەی لێ ئەروێنێ‌و ، نوطفەی کردوە بە ئینسان ! بە بێ شك پێغەمەری (امّی) ـ ﷺ ـ عەهدی لەگەڵ منا کردوە کە غەیری (مؤمن) من ناحوبێنێ‌و غەیری مونافیق من نابوغضێنێ[1] .

[هەرچی ئەهلی سوننەت بێ خۆشی ئەوێ ، هەرکەسێ بی بوغضێنێ‌و جوێنی پێ بداو ئەمرکا بە جوێنپێدانی ئەو کەسە مونافیقە ، وەك ئەو مونافیقەیە کە لەو حەدیثەدایە لە ئیمانا رابورد : «ثلاث مَنْ كنَّ فيه فهو منافق . . . او كما قال»]

(١) وەرگێر ـ خ ـ گەلێ جار لە شەرحی قەسطەلانی‌و نەوەوی وەردەگرێ‌و ، لە ناو حەدیثەکەدا دەینوسێ . کاتێك دێتەسەر تەرجەمەی حەدیثەکە ئەو وەرگیراوە تەرجەمە ناکا ، وەك لێرەدا دەربارەی ذیری کوری حوبەیش دەبینرێت . زیاد لەمەیش لێرەدا ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

فضائل اصحابه

- عليه الصلاة والسلام ، ورضي عنهم -

فضائل قرابته - عليه الصلاة والسلام -

فضل فاطمة - رضي الله تعالى عنها -

وفيها حديث المباهلة وآيتها .

٧٨/٩٥٥ مسور بن مخرمة [رضي الله تعالى عنه] حدث أنه سمع رسول الله - ﷺ - على المنبر وهو يقول : ألا إن بني هشام بن المغيرة إستأذنوني أن يُنكِحُوا ابنتهم عليَّ ابن أبي طالب فلا آذن لهم ، ثم لا آذن لهم ، ثم لا آذن لهم - إلا أن يحب ابن أبي طالب أن يطلق ابنتي ويُنكحَ ابنتهم ، فانَّما ابنتي بضعة مني ، يَريبني ما رابها ويوذيني ما آذاها .
م - ٩/٣٥٦

تەئریخی وەلادەتی ٤١ (من المولد النبوي) - عليه الصلاة والسلام - (تأريخ وفاتها سنة ١١ ليلة) سێشەمەی رەمەزان .

ته رجه مه :

پێغه مه ر ـ ﷺ ـ له سه ر مینبه ر ئه یفه رموو : بزانن که به نی هیشامی کوڕی موغیره ـ یه عنی که س و کاری ئه بوجه هل ، ئه وانه یان که موسوڵمان بوون ـ ئیذنیان لێ خواستم که کچی خۆیان له عه لی کوڕی ئه بو طالیب ماره که ن . ئیذنیان نادەم ، له دواییا ئیذنیان نادەم ، له دواییا ئیذنیان نادەم [سێ ده فعه] مه گه ره کی کوڕی ئه بو طالیب حه زکا که کچه که م طه لاق داو کچی ئه وان بهێنێ . کچی من هه ر پارچه یێ گۆشته له من ، ئه وی ئه و بخاته غائیله وه منیش ئه خاته غائیله وه ، ئه وی ئه ذی یه تی ئه و بدا ئه ذی یه تی منیش ئه دا .

٩٥٦/٧٩ علي بن الحسين [رضي الله تعالى عنهما] حدث ابن شهاب ، أنهم حين قدموا المدينة من عند يزيد [الملعون] ابن معاوية مقتل الحسين بن علي [رضي الله تعالى عنهما] لقيه المسور بن مخرمة . فقال له : هل لك اليّ حاجةٌ تأمرني بها ؟ قال : فقلت له : لا . قال له : هل أنت معطيّ سيف رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فاني أخاف أن يغلبك القوم عليه وأيم الله لان أعطيتني لا يُخْلَصُ إليه أبدا ! حتى تبلغ نفسي . إن علي ابن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] خطب بنت أبي جهل على فاطمة [رضي الله تعالى عنها] فسمعتُ رسول الله ـ ﷺ ـ وهو يخطبِ الناس في ذلك على منبره هذا ، وأنا يومئذ محتلم ، فقال : إن فاطمة منيّ ، وإني أتخوّف أن تفتن في دينها . قال : ثم ذكر صهرا له من بني عبدشمس ، فأثنى عليه في مصاهرته إياه ، فأحسن ، قال : حدثني فصدقني ووعدني فأوفى لي ، وإني لست أُحرِّم حلالا ولا أُحِلُّ حراما ، ولكن والله لا تجتمع بنت رسول الله ـ ﷺ ـ وبنت عدو الله مكانا واحدا أبدا . م ـ ٩/٣٥٦ ، ح ـ ٥/١٩٣ .

تەرجەمە :

عەلی ئەصغەری کوڕی ئیمامی حسەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : کە لە طەرەف یەزیدی لەعینی کوڕی موعاویەوە ئیذن دراین و هاتینە مەدینە لە زەمانی شەهادەتی حەزرەتی حسەینی کوڕی حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ، ولعن قاتلهما ـ میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی چوە خدمەت ، عەرزی فەرموو : ئیحتیاجییێك هەیە ئەمرم پێ بکەی بیکەم ؟ وتم : خەیر . میسوەر فەرمووی : عەرزم کرد : شیری موبارەکی پێغەمەرم ئەدەیتێ ـ ﷺ ـ ؟ چونکی ئەترسم کە خەڵق ـ یەعنی بەنی ئومەییە ـ غەڵەبەت بەسەرا بکەن و ، بە زۆر لێت بستێنن . ئەگەر بیدەی بە من [بۆت حیفظ بکەم] وەڵڵاهی تا نەمکوژن قەت نایێلم کەس دەستی بیگاتێ .

[زی بخارا می رود این سوخته][1]

---

(١) ئەمە نیوەی بەیتێکی (مثنوی) یە (قزلجی) بە نموونەی لادان لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە هێناویەتی . لە (تصریف ملا علی) لە باسی مەصدەری (فعل)ی لازمدا نووسیویە . ماموستا مەلا رەشید ـ خ ـ چەند جارێك ئەم شیعرەی نووسیوە . جگە لەم شوێنە لە حەدیثی ژمارە (٦٣٢) یشدا نووسیویە . ئەمە تەواوی شیعرەکەیە :

شمع مريمرا بهل أفروخته
زی بخارا می رود إين سوخته

لە چاپی (تصریف ملا علي) دا لە باتی (زی بخارا) (زینجارا) نووسراوە .

میسوەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : عەلی کوڕی ئەبو طالیب ـ خوای لێ رازی بێ ـ خوازبێنی کچی ئەبوجەهلی کرد بەسەر حەزرەتی فاطیمەی بهێنێ ـ رضي الله تعالى عنها ـ .

له پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست لەو خوصووصەوە خوطبەی ئەخوێن لەسەر ئەم مینبەرە ، من ئەو رۆژە بالّغ بووبووم ، فەرمووی : فاطیمە له منە ، ترسم هەیە لەوە کە بە واسیطەی هەوێوە لە دینا تووشی فیتنە ببێ .

میسوەر فەرمووی کە : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوای ئەو فەرموودەی بەحثی زاوایێکی خۆیی فەرموو لە ئەولادی عەبدی شەمس ، ئەنای لەسەر کرد بە ئەنایێکی باش . فەرمووی : قسەی بۆ کردم راستی پێ وتم ، وەعدەی پێدام بۆی بەجێ هێنام ، من حەلاڵ حەرام ناکەم ، حەرامیش حەلاڵ ناکەم ، ئەمما وەڵلاهی کچی ـ رسول الله ، ﷺ ـ لەگەڵ کچی دوشمنی خوا بە ئەبەدیی لە جێیەکا بە یەکەوە نابن .

اولادها : حسن ، حسين ، محسن ، زينب ، ام كلثوم ، رقية .
ـ رضوان الله عليها وعليهم ـ ازدواجها مع علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعد بدر في السنة الثانية .[1]

٩٥٧/٨٠ وعنه أن علي بن أبي طالب [رضي الله تعالى عنه] خطب بنت أبي جهل وعنده فاطمة بنت رسول الله ـ ﷺ ـ [ورضي عنها] فلما سمعت بذلك فاطمة [رضي الله تعالى عنها] أتت النبي ـ ﷺ ـ فقالت له : إن قومك يتحدثون أنك لا تغضب لبناتك وهذا علي ناكحا ابنة أبي جهل !

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم قسەی دوایی تەرجەمە نەکردوە کە ئەمە ماناکەیەتی : حەزرەتی فاطیمە : حەسەنو ، حوسەینو ، موحسینو ، زەینەبو ، (ام كلثوم)و روقیەی بوە . دوای جەنگی بەدر لە ساڵی دووی کۆچیدا شووی کردوە بە حەزرەتی عەلی .

قال المسور : فقام النبي ـ ﷺ ـ فسمعته حين تشهد ، ثم قال : أمّا بعد : فإني أنكحت أبا العاص ابن الربيع [ابنته زينب ـ رضي الله تعالى عنها ـ] فحدثني فصدقني ، وإن فاطمة ابنة محمد [ﷺ ورضي الله تعالى عنها] مضغة مني ، وإنما اكره أن يفتنوها ، وإنها والله لا تجتمع بنت رسول الله ـ ﷺ ـ وبنت عدو الله عند رجل واحد أبدا . قال : فترك عليٌّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ الخطبة . م ـ ٣٥٧/٩

تەرجەمە :

میسوەر ئەفەرموێ : عەلی کوری ئەبو طالیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە حەزرەتی فاطیمەی کچی پێغەمەری ـ ﷺ ـ ی لە ژێر نیکاحا بوو ، خوازبێنی کچی ئەبوجەهلی کرد . کە حەزرەتی فاطیمە ئەوەی بیست تەشریفی هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی‌کرد : خزمەکانت وا ئەزانن کە تۆ بۆ کچەکانت غەضەبت هەڵناستێ . ئەوا عەلی کچی ئەبو جەهل ئەهێنێ !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هەڵسا ، گوێم لێ بوو کە شەهادەتی هێنا ، لە پاشا فەرمووی : (اما بعد) من کچی خۆمم [کە حەزرەتی زەینەبە یە ـ رضي الله تعالى عنها] لە ئەبولعاصی کوری رەبیع نیکاح کرد ، قسەی راستی لەگەڵ کردم ، فاطیمەی کچی محەمەد ـ ﷺ ـ پارچەیێ گۆشتە لە من ، هەر ئەوەم پێ ناخۆشە کە تووشی فیتنەی بکەن . وەڵلاهی کچی (رسول الله) ـ ﷺ ـ و کچی دوشمنی خوا قەط نابێ لای پیاوێ ببن . میسوەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ وازی لە خوازبێنی‌یەکە هێنا .

٩٥٨/٨١ ابن عمر عن ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قال : ارقبوا محمدا ـ ﷺ ـ في أهل بيته . ح ـ ١١٦/٦

تەرجەمە :

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : موراعاتی محەمەد بکەن ـ ﷺ ـ لە دەرحەق ئەهل و بەیتی .

٩٥٩/٨٢ يزيد بن حيان قال : إنطلقت أنا وحصين بن سيرة ، وعمر بن مسلم الى زيد بن أرقم ـ رضي الله تعالى عنه ـ فلما جلسنا اليه قال له حصين : لقد لقيت يا زيد خيرا كثيرا : رأيتَ رسول الله ـ ﷺ ـ وسمعتَ حديثَهُ ، وغزوت معه ، وصليت خلفه ، لقد لقيت يا زيد خيرا كثيراً . حدثنا يا زيد ما سمعت من رسول الله ـ ﷺ ـ قال : يا ابن أخي ! والله لقد كبرتْ سِنِّي ، وقَدِمَ عهدي ، ونسيت بعض الذي كنت أعي من رسول الله ـ ﷺ ـ فما حدثتكم فاقبلوه ، وما لا فلا تكلفونيه : ثم قال : قام رسول الله ـ ﷺ ـ يوما فينا خطيبا بماء يدعى (خُمًّا) بين مكة والمدينة ؛ فحمد الله وأثنى عليه ، ووعظ ، وذكَّر ، ثم قال : أما بعد : ألا ايها الناس فإنما أنا بشر يوشك أن يأتي رسول ربي فأجيبَ ، وأنا تارك فيكم ثقلين :

اولهما كتاب الله فيه الهدي ، والنور . فخذوا بكتاب الله واستمسكوا به ، فحث على كتاب الله ورغب فيه .

ثم قال : وأهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي [ثلاثا] فقال له حصين : ومن أهل بيته يا زيد ؟ أليس نساؤه من أهل بيته ؟ قال : نساؤه من أهل بيته ، ولكن أهل بيته من حرم الصدقة بعده ، قال : ومن هم ؟ قال : هم آل عليٍّ ، وآل عقيلٍ ، وآل جعفرَ ، وآل عباس ، قال : كل هؤلاء حرم الصدقة ؟ قال : نعم . م ـ ٩/٣٠٣

وفي اخرى : كتاب الله ، فيه الهدي ، والنور من استمسك به

وأخذ به كان على الهدي ، ومن اخطأه ضل م ـ ٩/٣٠٥
وفي اخرى : كتاب الله هو حبل الله ، من اتبعه كان على الهدى ، ومن تركه كان على الضلالة . وفيه : فقلنا : من اهل بيته ؟ نساؤه ؟ قال : لا وايم الله ! ان المرأة تكون مع الرجل العصر من الدهر ، ثم يطلقها فترجع الى ابيها وقومها . اهل بيته : اصله ، وعصبته الذين حرموا الصدقة بعده . م ـ ٩/٣٠٦

تەرجەمە :

حصەینی کوڕی سیرە عەرزی زەیدی کوڕی ئەرقەمی کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ : تۆ خێرێکی زۆرت تووش بوە : چاوت بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کەوتوە قسەت لێ بیستوە ، لە خزمەتیا غەزات کردوە ، نوێژت لە پشتەوە کردوە . . تووشی گەلێ خێر بووی . یا زەید قسەی ئەوەمان بۆ بکە کە لە پێغەمەرت بیستوە ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی کوڕی برای خۆم ! وەڵلاهی پیر بووم ، زۆر دەمێکە لە خزمەتی دوور بووم ، بەعزێکم لەوانە کە لێم بیستوە لە فکرم چۆتەوە . ئەوی قسەتان بۆ بکەم لێم قەبووڵ بکەن ، ئەوی بۆتان بەحث نەکەم تەکلیفم لێ مەکەن ، لە دواییا زەید فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر ئاوی (خوما) کە لە بەینی مەککەو مەدینەدایە ، بە خەطیبی لە بەینمانا تەشریفی راوەستا ، حەمدو ئەنای خوای کرد ، ذیکری خوای کرد ، وەعظی دادا بۆ خەڵق . لە دواییا فەرمووی : (اما بعد) : ئەی خەڵقینە خەبەردار بن من غەیری بەشەر هیچی تر نیم [یەعنی مەلائیکە نیم کە نەمرم] نزیکە کە فروستادەی خوام بێتە لاو ئیجابەتی دەعوەتی بکەم . من دوو شتی گران و بەقیمەتتان لە ناوا بەجێ بێڵم :

ئەووەڵیان : (کتاب الله) یە ، هیدایەتی تیایە ، نووری تیایە ،

دەست بە (کتاب الله)وە بگرن . هەرکەسێ دەستی پێ بگرێ ، بیگرێتە گوێ لەسەر هیدایەت ئەبێ . . هەرکەسێ تەرکی بکا لەسەر گومراهی ئەبێ .

٢ ـ لە دواییا فەرمووی : ئەهلی بەیتیشتان لـە ناوا بـەجێ یێلم [سێ دەفعە لەسەر یەك] فەرموو ی : دەرحەق ئەهل و بەیتم خـواتان ـ عـز وجل ـ بینمەوە فیکر [یەعنی مەچن بەگژ یانا ، لێیان مەدەن ، جوێنیان پێ مەدەن ، مەیان کوژن ، ئەذاو جەفایان مەدەن ، . . .] حوصـەین عەرزی زەیدی کرد : ـ رحمه الله تعالی ، ورضي عنه ـ : یا زەید ئەهلی بەیت کێن ؟ بۆ ژنەکانی لە ئەهلی بەیتی نین ؟ فەرمووی : ژنەکانی لـە ئەهلی بەیتی ئەون [بەم مەعنایە لە خذمەتیا ئەبن لە مالآ ، نەفەقەیـان ئەکێشێ ، ئەمری بە ئیحتیرامیان کردوە] (لکن) ئەهل و بەیتی حەقیقی ئەو نین ، ئەهل و بەیتی حەقیقی ئەو ئەوانەن کە لقی شەجەرەی ئەوبن ، صەدەقەیان لێ حەرام بێ ، لە دوای ئەو مەحرووم بوون لە صەدەقە . حوصەین فەرمووی : ئەوانە کێن ؟ فەرمووی : ئەوانە ئالی عەلین ، ئالی عـەقیلن ، ئالی جـەعفەرن ، ئـالی عـەبـاسن [رضي الله تعـالی عنهم اجمعین] . حوصەین فەرمووی : وتم : بۆ ئەوانە هەموویان صەدەقەیان لەسەر حەرامە ؟ فەرمووی : بەلێ .

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەزواجی طاهیراتی لـە ئەهـلی بەیتی ئەو نین [یەعنی ئەهلی بـەیتی گۆشت و خـوێنی ئەو نـین] چونکی وەللاهی ژن زەمانێکی دوورو درێژ لەگەڵ مێردیدا دائەنیشێ لە دواییا [بە دوو کەلیمە] طەلاقی ئەدا ئەچێتەوە ماڵی باوانی .

[ژن بە دوو کەلیمە یێتە لای مێرد بە دوو کەلیمە یا بە مردنی مێرد لێی جوێ ئەبێتەوە . ئەهلی بەیتی حەقیقی ئەو خزم و کەس و کارەن کە

ئینسان خۆی بەدارا داو بە بەردا دا نیسبەت‌و عەلاقەی لەو پیّ قەطـع نەکریّ] .

٩٦٠/٨٣ عن عائشة ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ان فـاطمة والعبـاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أتيا ابا بكـر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ يلتمسان ميراثهما : ارضه من فَدَك وسهمه من خيبر ، فقال ابو بكر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقـول : لا نورَثُ ، مـا تـركنـاه صدقة ، انما يأكل آل محمد في هذا المال ، والله لقرابة رسول الله ـ ﷺ ـ احبُّ اليّ ان اصل من قرابتي . ح ـ ٢٧٢/٦ ، م ـ ٣٦٣/٧ .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرمویّ : حەزرەتی فاطیمەو عەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەشریفیان هاتنـە خذمـەت حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ داوای ئیرثیان لیّ‌کرد لە ئەرزی فەدەك‌و سەهمی پیّغەمەر ـ ﷺ ـ لە خەیبەر . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پیّغەمەر ـ ﷺ ـ م بیستوە ئەیفەرموو : ئیّمە [یەعنی هەموو ئەنبیا ـ عليهم الصلاة والسلام ـ] ئیرثمان لیّ‌ناگیریّ ، ئەو ماڵەی کە لە دوای خۆمان بەجیّی بیّڵین صەدەقەیە . ئالی محەمەد لەم ماڵە هەر لیّی ئەخوا [یەعنی بە قەدەری ئیحتیاجی ، بۆی نی‌یە تەمەللوکی بکـا] وەڵـڵاهی صیلەی رەحم بەجیّهیّنـان لەگـەڵ خزمی نـزیکی پیّغـەمـەر ـ ﷺ ـ م پیّ خۆشترە لەوەی کە صیلەی رەحم لەگەڵ خزمانی خۆم بەجیّ بیّنم .

٩٦١/٨٤ عن عـائشة ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ان فـاطمـة ـ عليهـا السلام ـ [المناسب ـ رضي الله تعالى عنها ـ] بنت النبي ـ ﷺ ـ ارسلَتْ الى ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تسأله ميراثها من رسول الله ـ ﷺ ـ مما أفاء

الله عليه بالمدينة وفَدَك وما بَقِيَ من خمس خيبر ، فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : ان رسول الله - ﷺ - قال : لا نورثُ ، ما تركناه صدقة ، انما يأكل آل محمد في هذا المال ، واني والله لا اغير شيئا من صدقة رسول الله - ﷺ - عن حالها التي كان عليها في عهد رسول الله - ﷺ - ولأعملنَّ فيها بما عمل به رسول الله - ﷺ - فابى ابو بكر ان يدفع الى فاطمة منها شيئا .

فوجدت فاطمة على ابي بكر [رضي الله تعالى عنهما] في ذلك ، فهجرته ؛ فلم تكلمه حتى توفيت ، وعاشت بعد النبيِّ - ﷺ - ستة اشهر ، فلما توفيت دفنها زوجها عليٌّ [رضي الله تعالى عنه] ليلا ولم يؤذِن بها ابا بكر [رضي الله تعالى عنه] وصلى عليها ، وكان لعليٍّ [رضي الله تعالى عنه] من الناس وجه حياة فاطمة [رضي الله تعالى عنها] فلما توفيت استنكر عليٌّ وجوه الناس ، فالتمس مصالحة ابي بكر [رضي الله تعالى عنهما] ومبايعته ، ولم يكن يبايع تلك الاشهر ، فأرسل الى ابي بكر [رضي الله تعالى عنه] : ان ائتنا ولا يأتنا احد معك كراهية لمحضر عمر [رضي الله تعالى عنه] فقال عمر : لا والله لا تدخل عليهم وحدك ! فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] وما عسيتهم ان يفعلوا بي ؟والله لآتينهم ! فدخل عليهم ابو بكر ، فتشهد عليٌّ [رضي الله تعالى عنهما] فقال : انا قد عرفنا فضلك ، وما اعطاك الله ، ولم ننفس علينا خيرا ساقه الله اليك . ولكنَّك استبددت علينا بالامر ، وكنا نرى لقرابتنا من رسول الله - ﷺ - نصيبنا حتى فاضت عينا ابي بكر [رضي الله تعالى عنه] .

فلما تكلم ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] قال : والذي نفسي بيده ! لقرابة رسول الله - ﷺ - احبُّ اليَّ ان اصل من قرابتي . واما الذي شجر بيني وبينكم من هذه الاموال فلم آل فيها عن الخير ، ولم اترك امرا رأيتُ

رسول الله ـ ﷺ ـ يصنعه فيها الا صنعته . فقال عليٌّ لأبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] : موعدك العشيَّة للبيعة ، فلما صلى ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] الظهر رقيَ المنبر ، فتشهد ، وذكر شأن عليٍّ وتخلُّفَهُ عن البيعة وعُذْره بالذي اعتذر اليه ، ثم استغفر وتشهد عليٌّ [رضي الله تعالى عنه] فعظَّم حق ابي بكر [وذكر فضله وسابقته في الاسلام ، ثم مضى الى ابي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فبايعه . مسلم] وحدث انه لم يحمله على الذي صنع نفاسةً على ابي بكر ، ولا انكارا للذي فضَّله الله به ، ولكنا كنا نرى لنا في هذا الامر نصيبا ، فاستبد علينا ، فوجدنا في انفسنا ، فَسُرَّ بذلك المسلمون ، وقالوا : اصبت ، وكان المسلمون الى علي قريبا حين راجع الأمر بالمعروف . ح ـ ٣٦٢/٦ ، م ـ ٣٥٩/٧

[وصحح ابن حبان وغيره من حديث ابي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان علياً بايع ابا بكر في اول الامر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ واما مافي مسلم عن الزهري ان رجلا قال له : لم يبايع عليٌّ ابا بكر حتى ماتت فاطمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ولا احد من بني هاشم . . . فقد ضعفه البيهقي بان الزهري لم يسنده . والرواية الموصولة عن ابي سعيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ اصح . قسطلاني] .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی فاطیمەی کچی پێغەمەر ـ ﷺ ، ورضي عنها ـ ناردیە خزمەت حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ داوای میراتی پێغەمەری لێ ئەکرد ـ ﷺ ـ لە ئەوەی کە خوا لە مەدینەدا بەسەریا رژانبوو ، لە فەدەك و ،

لەوەی کە لە خومسی خەیبەر مابووەوە . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : ئێمە ئیرثمان لێ ناگیرێ ، ئەوی لە پاشمان بەجێ بمێنێ صەدەقەیە . لەم ماڵە ئالی محەمەد هەر لێی ئەخۆن [نابێ بە موڵکیان] وەڵلاهی من لە صەدەقەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ شتێك تێك نادەم لەو حاڵەتەی کە لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ لەسەری بوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە چە نەوعێکی لە عەمەل هێنابێ منیش وای لەگەڵ ئەکەم .

ئەبوبەکر هیچ شتێکی لەوەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەجێی هێشتبوو نەدا بە حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لەوەوە لێی زیر بوو ، تەرکی کرد ، تا وەفاتی کرد قسەی لەگەڵ ئەبوبەکرا ـ رضي الله تعالی عنه ـ نەکرد . لە دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ شەش مانگ ژیا . کە وەفاتی کرد [لەسەر وەصیەتی خۆی] حەزرەتی عەلی بە شەو دفنی کردو نوێژی لەسەر کرد ، خەبەری بە حەزرەتی ئەبوبەکر نەدا ـ رضي الله تعالی عنه ـ حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە حەیاتی حەزرەتی فاطیمەدا ـ رضي الله تعالی عنها ـ لەبەر خاتری ئەو لە ناو خەڵقا حورمەتی بوو ، کە ئەو وەفاتی کرد ئەو حورمەتەی لە ناو خەڵقا نەما .

ئەو شەش مانگەی حەیاتی فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ بەیعەتی بە حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ نەکردبوو . دوای وەفاتی حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ کە حیسی بێحورمەتی خۆیی لەناو ئەصحابی کیراما کرد تەشەبوثی بەوە کرد کە صولح لەگەڵ ئەبوبەکرا بکا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ، خەبەری ناردە خذمەتی کە تەشریفی بێ ، ئەمما کەسی تر لە خذمەتی خۆیا نەهێنێ ؛ چونکی حەزی نەدەکرد کە حەزرەتی عومەری لە

خذمەتا بێ . کە ئەو دەعوەتە گەیی بە حەزرەتی عومەر - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی : خەیر وەڵڵاهی نابێ بە تـەنها بچیت . یەعنی مـەبادا بێحورمەتیت لە خذمەتا بکەن . حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی : ظەن نابەم کە شتێکی وام لەگەڵا بکەن . وەڵڵاهی ئەچم [یەعنی بە تەنها] تەشریفی چوو .

حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی : ئێمە فەضلی تۆمان و ئەو خێرەی خوا - عز وجل - بە تۆی ئینعام کـردبوو ئـەمانـزانی لەسەر ئەو خێرە کە خوا بۆی ناردووی ، وە نی یە حەسوودیمان پێ بردبێ . ئەمما تۆ بێ ئەمە مەشوەرەتێ بە ئێمە بکەی سەر بەخود قەبووڵی خەلافەتت کرد ، ئێمەیش وامان ئەزانی لەبەر ئەمە کە خزمایەتیمان هەیە لە خزمەتی پێغەمەرا - ﷺ - حەقێکمان هەیە لەم خەلافەتا [یەعنی هیچ نەبێ ئەبوو پرسێکمان پێ بکرایەو بخوێنرایناوە] .

حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنـه - بەم فـەرموودانـەی حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالی عنه - فرمێسك لە چاوی هـات ، کە دەستی فەرموو بە قسەفەرموون ، فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسی من لە دەستی قودرەتی ئەوایە حـەز بەوە زیـاترەکـەم کە صیلەی قـەرابەتی پێغەمەر - ﷺ - بەجێ بێنم لە بەجێهێنانی صیلەی قەرابەتی خـۆم ، ئەو لق و پۆپ تێك ئالاوی یەیش کە لەبەینمانا بوو لە خوصووصی ئەو ماڵەی کە پێغەمەر - ﷺ - بەجێی هێشتبوو ، لەو ماڵەدا هیچ قوصوورم لە خێر تیا نەکردوە . لەوانەی کە دیومە پێغەمـەر - ﷺ - لەو مـاڵەدا کـر دوویەتی هیچم تەرك نەکردوە هەمووم کردوە .

ئیمامی عەلی - رضي الله تعالی عنه - عەرزی فەرموو : وەعدەمان ئێوارێ بێ بۆ بەیعەت ، کە حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه -

نوێژی نیوەڕۆی کرد ، تەشریفی چوە سەر مینبەر ، کەلیمەی شەهادەتی هێنا ، بەیانی ئەوەی فەرموو کە بۆچ عـەلی ـ رضي الله تعالى عنـە ـ لە بەیعەتا پاش کەوتو ، بەو عوذرەی کە عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆی هێنابوەوە مەعذووری گرت .

لە پاش ئەو حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیستیغفاری کـردو کەلیمـەی شەهـادەتی هێناو ، تـەعظیمی حـوقـووقی حـەزرەتی صەدیقی کردو فەرمووی : نە حەسەد نە ئینکاری فەضیلەتی حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ منی نەهێناوەتە سەڕ ئەمە کـە درەنگ بەیعەتم پێکرد . (لکن) ئێمەیش لەم خەلافەتەدا بەشێکمان تیا هەیە ، ئەبوو پرسێکمان پێ بکراِیە ، پرسێکی پێ نەکردین خەلافەتی قەبـووڵ کرد ، لەوەوە دڵگیر بووین . موسولمانان بە فەرموودەی حەزڕەتی عەلی مەسروور بوون ، هەموو فەرموویان : حەقتەو راست ئەکەی . بەوە کە حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ روجـووعی کردەوە ئـەلای ئەو ئەمرە مەعرووفە کە موافەقەی خەڵقە لە بەیعەتـا . . لە نـاو ئەصحـابا حورمەتی حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ زیادی کرد .

[ئیبن و حیببان حەدیثێ لە ئەبوسەعیدی خدری رایوایەت ئـەکا تەصحیحی ئەکا ، ئەفەرموێ : کە حەزرەتی عەلی لە ئەووەڵەوە بەیعەتی پێکرد] (فوفق يا سلام)[1]

---

(١) رەنگە لەم وشەیە دووشتی مەبەست بووبێ : یەکەم دوٚعا بێ ، واتـە : یا سەلام تەوفیق بدە . دووەم : سەلام تۆ هەوڵ بدە تەوفیق لە نێوانیانا بکەیت و ناکۆکی یەکە لابەیت . دیارە کە مامۆستا مەلا سەلامیش ئەمەی نەکردوە .

مناقب جعفر ابن ابي طالب

- رضي الله تعالى عنه -

٩٦٢/٨٥ عن ابي هريرة - رضي الله تعالى عنه - ان الناس كانوا يقولون : اكثر ابو هريرة ، واني كنت الزم رسول الله - ﷺ - بِشِبَعِ بطني ، حتى لا آكل الخمير ، ولا البس الحبير ، ولا يخدمني فلان ولا فلانة ، وكنت الصق بطني بالحصباء من الجوع ، وان كنت لاستقرئ الرجل الآية هي معي كي ينقلب بي فيطعمني ، وكان اخير الناس للمسكين جعفر بن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] كان ينقلب بنا فيطعمنا ما كان في بيته ، حتى ان كان ليخرج إلينا العكة التي ليس فيها شئ ، فيشقها فنعلق ما فيها ! ح - ٦/١١٤ .

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : خەڵق ئەڵێن ئەبو هورەیرە زۆر حەدیث ریوایەت ئەکا . من بە نانەزگ لازمی پێغەمەر بووم - ﷺ - لێی جوێ نەبوومەوە ، حەتا نانی هەلاتووم نەدەخوارد ، جلی باشم لەبەر نەدەکرد ، فلان پیاوو فلان جاری‌یە خدمەتیان نەدەکردم ، لە برسانا بەردم بە زگمەوە ئەبەست ، لە یەکێك خوێندنەوەی ئایەتێکم لێ طەلەب ئەکرد ، کە ئەو ئایەتە خۆیشم ئەمزانی لە لام بوو ، مەقصوودم ئەوە بوو [بە عەلامەت فەرق بە برسێتیم بکاو] بمباتە ماڵەوە شتێکم دەرخوارد بدا . [هیچیان نەیان ئەبردمە ماڵەوە] جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب - رضي الله تعالى عنه - لە هەموو کەس چاکتر بوو بۆ فەقیر ؛ ئەیبردینە ماڵەوە ، چی لە ماڵەکەیا بوو دەرخواردی ئەیاین ، حەتا بەعزێ وەقت هیزەیەك کە هیچ رۆنی تیا نەمابێ بۆی ئەهێناین ، بۆی پارچە پارچە

ئەکردین و ئەوی پێوە بوو ئەمان لستەوە .

یەعنی بۆیە لە خەڵق زیاتر حەدیث ریوایەت ئـەکەم ؛ چـونکی ئەوی ئەوان نەیان ئەبیست من لە پێغەمەر م ـ ﷺ ـ ئەبیست .

لەم حەدیثەدا فەضلی جەعفەری تیایە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە زۆر سەخی بوەو بە مەرحەمەت بوە لەگەڵ فەقیرو فوقەرادا . فەضـلی ئەبوهورەیرەیشی تیایە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە زۆر قانیع بوەو ، زۆر طالیبی عیلم بوە .

٩٦٣/٨٦ عن الشعبي ان ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان اذا سلم على ابن جعفر [عبدالله] قال : السلام عليك يا ابن ذي الجناحين [لقوله ـ عليه الصلاة والسلام ـ له : هنيئا لك ابوك يطير مع الملائكة في السماء . طبراني . وفي حديث ابي هريرة ـ رضي الله تعالى عنـه ـ عند الترمذي والحاكم ، باسناد على شرط مسلم : انه ـ ﷺ ـ قال : مرَّ بي جعفر الليلة في ملأ من الملائكة ، وهو مخضب الجناحـين بالـدم ، وفي حديث ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مرفوعا : دخلت البارحة الجنة فرأيت فيها جعفرا يطير مع الملائكة . طبراني . وفي اخـرى عنه : ان جعفرا يطير مع جبريل وميكائيل له جناحان عوضه الله ـ عز وجل ـ من يديه لما استشهد بمؤتة قطعت يداه وبيده الراية . من قسطلاني] قال ابو عبدالله : الجناحان كل ناحيتين . ح ـ ١١٥/٦

تەرجەمە :

شیعبی ئەفەرموێ : عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە سەلامی لە عەبدوڵلای کوڕی جەعفەر ئەکرد ـ رضي الله تعالى

عنهما ـ ئەیفەرموو : (السلام علیك) ئەی کوڕی (ذو الجناحين) [چونكی پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرمووە : چاوت روون ، باوکت لە ئاسمانا لەگەڵ مەلائیکەدا ئەفرێ ، هەم فەرمووی : ئیمشەو جەعفەرم پێگەیی لە ناو جەماعەتێ لە مەلائیکەدا هەردوو باڵی لە خوێنا بوو . هەم ئیبن و عەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ کە فەرمووی : شەوی رابوردوو چوومە بەهەشتەوە ، چاوم بە جەعفەر کەوت لەگەڵ مەلائیکەدا ئەفری .

طەبەرانی لە ریوایەتێکی تریا : جەعفەر لەگەڵ جیبرەئیل و میکائیل ئەفری دوو باڵی هەبوو خوا لە باتی هەردوو دەستی ـ کە لە (مۆتە) دا کە سەرعەسکەر بوو ، بەییاخی بەدەستەوە بوو ، هەردوو دەستی قەطع کراو شەهید بوو ـ پێی عەطا فەرموو . قسطلانی]

بوخاریی ئەفەرموێ : جەناح بە هەردوو طەرەفی شت ئەڵێن .

عباس

ـ رضي الله تعالى عنه ـ

٨٧ / ٩٦٤ عن انس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] كان اذا قحطوا استسقى بالعباس [رضي الله تعالى عنه] فقال : اللهم انا كنا نتوسل بنبيِّنا ـ ﷺ ـ فتسقينا ، وانا نتوسل اليك بعم نبينا [ﷺ ، ورضي عنه] فاسقنا ! قال : فيسقون . ح ـ ٦/١١٥

تەرجەمە :

عومەری کوڕی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە بێبارانی بوایە بە عەباسی کوڕی (عبدالمطلب) لە خوا طەلەبی بارانی ئەکرد . ئەیفەرموو : (یا ربي) ئێمە (توسّل)مان بە پێغەمەرمان ئەکرد بۆ باران ، بارانت بۆ ئەبارانین ، ئێستە تەوەسول بە مامی پێغەمەر ئەکەین ـ ﷺ ـ بۆ باران، بارانمان بۆ ببارێنە . ئەنەس ئەفەرموێ : بارانیان بۆ ئەبارێنرا .

فضائل الحسنين

٩٦٥/٨٨ [١]ولد الحسن سنة ثلاث في رمضان ، وسمم من طرف زوجته بأمر يزيد اللعين سنة خمسين . وولد الحسيُن في شعبان سنة اربع ، واستشهد بكربلاء يوم عاشورا سنة احدى وستين - رضي الله تعالى عنهما - [. . . .]

٩٦٦/٨٩ ابو بكرة [نفيع - رضي الله تعالى عنه -] سمعت رسول الله - ﷺ - على المنبر ، والحسن - رضي الله تعالى عنه - الى جنبه ينظر الى الناس مرة ، واليه مرة ، ويقول : ابني هذا سيد ، ولعل الله ان يصلح به بين فئتين من المسلمين . ح - ١٢٨/٦

---

(١) دانەر - خ - ژمارەی حەدیثی بۆ ئەم قسەیە داناوە تەرجەمەیشی نەکردوە . ئـەمە حـەدیث نی‌یەو قسـەیەکـە لە قـەسطەلانی‌ی وەرگـرتوەو ئـەمـەیش ماناکەیەتی : حەسەن - خ - لەرەمەزانی سالّی سێی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە سالّی پەنجادا بە دەرمان‌خواردکراوی کۆچی دوایی کردوە . حسەینیش - خ - لە شەعبانی سالّی چواری کۆچیدا لە دایك بوەو لە عاشوورای سالّی شەصت‌و یەکی کۆچیدا لە کەربەلا شەهید کرا .

تەرجەمە :

ئەبوبەكرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست تەشریفی لەسەر مینبەر بوو ، حەسەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە تەنیشتی یەوە بوو ، جارێ تەماشای خەڵقی ئەکرد ، جارێکیش تەماشای حەزرەتی حەسەنی ئەکرد . ئەیفەرموو : ئەم کوڕی منە سەییدە ، ئومێدم هەیە کە خوا بە واسیطەی ئەوەوە صوڵح بکا لە بەینی دوو فیرقەی موسوڵمانانا .

صدق رسول الله ـ ﷺ ـ فلعنة الله على من سممه او امر او رضي به .

في الادب : كان رسول الله ـ ﷺ ـ يأخذني ، فيقعدني على فخذه ويقعد الحسن على فخذه الأخرى ، ثم يضمهما ، ثم يقول : اللهم ارحمهما فاني ارحمهما[1] . ح ـ ١٩/٩

٩٦٧/٩٠ عن اسامة بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ ﷺ ـ انه كان يأخذه والحسنَ [رضي الله تعالى عنه] ويقول : اللهم اني احبهما فأَحِبَّهما او كما قال . [وفي الادب : اللهم اني ارحمه فارحمهما] .
ح ـ ١٢٨/٦ ، ح ـ ١٩/٩

تەرجەمە :

ئوسامەی کوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ من و حەزرەتی حەسەنی ئەگرت و حەسەنی لەسەر رانی راستی و منی لەسەر رانی چەپی دائەنا ، بەیەکی یەوە ئەگوشین و

(١) دانەر ـ خ ـ مانای قسەکەی دوایی نەکرد ؛ دیارە لەبەر ئەوەیە کە ماناکە لە قسەکەی ئوسامەوە نزیکەو . دواییش بە کورتی قسەکە لەو حەدیثەدا تەرجەمە کراوە .

ئەیفەرموو : یارەببی من ئەمانەم خۆش ئەوێ تۆیش خۆشت بوێن . من رەحمیان پێ ئەکەم تۆیش رەحمیان پێ بکە .

لەعنەت لەوەی کە رەحمی نەکرد بەو خۆشەویستی پێغەمەرە - ﷺ - و ئەمری کرد کە زەهریان داپێ .

٩٦٨/٩١ عن انس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - أُتِيَ عُبَيد الله بن زياد [الذي جعله معاوية ابن ابيه لعنه الله] برأس الحسين بن علي - رضي الله تعالى عنهما - فجُعِل في طست فجعل [اللعين] ينكت [بابه نصر . يضرب بقضيب له في انفه وعينه ، فقال له زيد بن ارقم - رضي الله تعالى عنه - : ارفع قضيبك فقد رأيت فم رسول الله - ﷺ - في موضعه .

وعند الطبراني : إنه كان يقرع ثنايا الحسين بقضيبه ، فقال له زيد بن ارقم - رضي الله تعالى عنه - : ارفع قضيبك عن هاتين الثنيتين ، فوالله الذي لا اله الا هو ! لقد رأيت شفتي رسول الله - ﷺ - على هاتين الثنيتين يُقبِّلُهما ، ثم بكى . فقال ابن الزياد [اللعين] : ابكى الله عينك ! فوالله لولا انك شيخ قد خرفت وذهب عقلك لضربت عنقك ! فقام وصرخ ، وقال : يا معاشر العرب ! انتم بعد اليوم عبيد ؛ قتلتم ابن فاطمة وامَّرتم ابن مرجانة ، وهي ام زياد ، فهو يقتل خياركم ويستعبد شراركم ، فبعدا لمن رضي بالذل والعار] وقال في حسنه شيئا .

فقال انس : كان اشبههم برسول الله - ﷺ - وكان مخضوبا بالوشمة [معجما ومهملا]

[ولما قتل الحسين - رضي الله تعالى عنه - بكى الناس فأكثروا . وقتل الله ابن زياد - لعنه الله ومن ارسله - سنة اثنتين وستين ، قتله ابراهيم ابن الاشتر ، وكان المختار بن ابي عبيد الثقفي ارسله لقتاله ، وجيْ براسه ورأس اصحابه . . . بين يدى المختار ، فجاءت حية دقيقة

تخللت الرؤوس حتى دخلت في فم ابن الزياد ـ لعنه الله ـ وخرجت من منخره ودخلت من منخره وخرجت من فمه . ثُمَّ ارسل المختار رأسه وبقية الرؤس لمحمد بن الحنفية ، او الى عبدالله بن الزبير . قسطلاني] .

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سەری موبارەکی حسەینی کوڕی ئیمامی عەلی‌یان ـ رضي الله عنهما ـ هێنایە لای عوبەیدولڵای لەعینی کوڕی زیادی ، کوڕی باوکی خۆی ، لە ناو تەشتێکا دایان نا ، (ابن الزیاد)ی مەلعوون بە دارێ لە دەم و ددان و لووتی موبارەکی ئەدا . [زەیدی بنی ئەرقەم ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەو مەلعوونەی فەرموو : ئەو دارە لەسەر ئەو دەم و ددانە موبارەکە لابەرە . (والله الذي لا اله الا هو) پێغەمەر ـ ﷺ ـم دیوە کە ئەو ددانەی ماچ ئەکرد . ئەوەی فەرموو گریا . شەیطانی سەگی لەعین فلّطانی : خوا هەر بتگریێنێ ! وەڵلاهی ئەگەر پیرێکی فانی‌ی خەرەفاو نەبوویتایە لە گەردەنم ئەدای !

زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەڵسایە پێیان ، بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد : ئەی جەماعەتی عەرەب ! لەم رۆ بەدواوە ئێوە هەموو عەبدن ، ئەسیرن ، کوڕی حەزرەتی فاطیمەتان شەهید کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کوڕی مەلعوونی مەرجانەتان کرد بە ئەمیر ، چاکەکانتان ئەکوژێ و خراپەکانتان ئەکا بە ئەسیر . دوور بن لە رەحمەتی خوا ئەوانەی کە بە ذیللەت و عار رازی ئەبن ! کە حەزرەتی حسەین ـ رضي الله تعالى عنه ـ شەهید کرا خەڵقی زۆری بۆ گریان .

خوا لە دوایساڵێ ئیبن ومەرجانەی بە دەستی ئیبراهیمی بنی ئەشتەر بە جەهەننەم گەیان . موختاری کوڕی ئەبو عوبەیدی ثەقەفی

ئیبراهیمی ناردبوو بۆ شەڕی ئەو مەلعوونە بە جەهەننەمیان گەیان ، سەرە مەلعوونەکەی ئەوو سەری لەشکرە مەلعوونەکانیان هێنایە لای موختار ، مارێکی باریك هات بەناو سەرە خەبیثەکانا گەڕا ، سەری ئەو مەلعوونەی دۆزی‌یەوە ، چوە ناو دەمی و لە کونە لووتی‌یەوە هاتە دەرێ ، خزایە کونە لووتیەوەو لە دەمی هاتەدەرێ . موختار ئەو سەرە خەبیثانەی ناردە خزمەت حەمەحەنیفە ، یا خو (ابن الزبیر) ـ رضي الله تعالى عنهم ـ]

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه . ئەفەرموێ : حەزرەتی حسەین ئەشبەهی ئەهلی بەیت بوو بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ریشی موبارەکی لە وسمە گرتبوو ، ئیبن و زیادی لەعین بەحتی لە جوانی حەزرەتی حسەین کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ح ـ ٦/١٢٨

٩٦٩/٩٢ البراء بن عازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : رأيت النبيَّ ـ ﷺ ـ والحسن بن عليّ [رضي الله تعالى عنهما] على عاتقه . . يقول : اللهم اني أُحبُّه فأَحِبَّهُ ح ـ ٦/١٢٩ ، م ـ ٩/٣١٩ . ت ، ن .

تەرجەمە :

پێغەمەرم دی ـ ﷺ ـ حەسەنی کوڕی علی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەسەر شانی موبارەکی بوو ، ئەیفەرموو : یا ڕەببی من خۆشم ئەوێ تۆیش خۆشت بوێ .

٩٧٠/٩٣ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبيّ ـ ﷺ ـ انه قال لحسن [رضي الله تعالى عنه] : اللهم اني أُحبُّه فَأَحِبَّهُ واحبب من يحبه . م ـ ٩/٣١٨

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەرحەق حەسەن فەرمووی : خوایا من خۆشم

ئەویٚ تۆیش خۆشت بویٚ ، ئەو کەسـەیشت خۆش بـویٚ کە خـۆشی ئەویٚ .

وەڵلاهی ! منیش خۆشم ئەویٚ ، مەلا حسەینیش خۆشی ئەویٚ .

٩٧١/٩٤ عن عقبة بن الحرث قال : رأيت ابا بكر - رضي الله تعالى عنه - وحمل الحسن [رضي الله تعالى عنه] وهو يقول : بأبي شبيه بالنبيّ - ﷺ - ليس شبيه بعليّ ، وعليٌّ يضحك [رضي الله تعالى عنهم] .
ح - ١٢٩/٦

وعنه قال : صلى ابو بكر - رضي الله تعالى عنه - العصر ، ثم خرج يمشي [مع علي رضي الله تعالى عنه] فرأى الحسن بن علي [رضي الله تعالى عنهما] يلعب مع الصبيان ، فحمله على عاتقه ، وقال : بابي . . .

تەرجەمە :

ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - حەزرەتی حەسەنی هەڵگرت ، ئەیفەرموو : باوکم بە صەدەقەی بیٚ بە پیٚغەمەر ئەشوبهیٚ - ﷺ - نەك بە عەلی - عەلی - رضي الله تعالى عنه - پیٚئەکەنی .

٩٧٢/٩٥ عن انس - رضي الله تعالى عنه - قال : لم يكن احد اشبه بالنبيّ - ﷺ - من الحسن بن علي [رضي الله تعالى عنهما]
ح - ١٣٠/٦ ت .

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : هیچ کەس لە حەسەنی کوری عەلی - رضي الله تعالى عنهما - زیاتر نەشوبهاوە بە پیٚغەمەر - ﷺ - .

٩٧٣/٩٦ ابن ابي نعيم : سمعتُ عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] وسأله [اي رجل من اهل العراق ، ت] عن المحرم . قال شعبة :

احَسَبُه يقتل الذباب . فقال : اهل العراق يسألون عن الذباب وقد قتلوا ابن ابنة رسول الله - ﷺ - ! وقال النبيّ - ﷺ - : هما ريحانتاي من الدنيا . ح - ٦/ ١٣٠ ت ح - ٩/ ١٥

ولفظه عنه ايضا : قال : كنت شاهدا لابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] وسأله رجل عن دم البعوض [يصيب الجسد . ت] فقال : ممن انت ؟ فقال : من اهل العراق . قال : انظروا الى هذا يسألني عن دم البعوض ، وقد قتلوا ابن النبيّ - ﷺ - ! وسمعتُ النبيّ - ﷺ - يقول : هما ريحانتاي من الدنيا . ح - ٩/ ١٥

تەرجەمە :

پیاوێ لە ئیبن‌وعومەری پرسی [رضي الله تعالى عنهما] لە ریوایەتێکا لە مێشی لێ پرسی : کە دروستە پیاوی موحریم بیکوژێ یا دروست نی‌یە ؟ لە ریوایەتێکا لە خوێنی مێشوولەی لێ پرسی کە لە بەدەنەوە ئەچێ . . ئیبن‌وعومەر - رضي الله تعالى عنهما - لێی پرسی : خەڵقی کوێی ؟ وتی : خەڵقی عێراقم . فەرمووی : تەماشای ئەمە بکەن لە خوێنی مێشوولەم لێ ئەپرسێ کەچی خۆیان کوری کچی پێغەمەریان - ﷺ - کوشتوە ! لە پێغەمەرم بیست - ﷺ - ئەیفەرموو : حەسەن‌و حسەین ڕێحانەی دنیای منن .

ڕەنگە ئەو پیاوە سوئالی لە مێشیش‌و لە مێشوولەیش کردبێ . (ابن ابي نعيم) یا یەکێ لە راوی‌یەکان جارێ مێش‌و جارێ مێشوولەی لێ ریوایەت ئەکەن .

٩٧٤/٩٧ عن ابي هريرة الدوسي - رضي الله تعالى عنه - قال : خرج النبيُّ - ﷺ - في طائفة النهار ، لا يكلمني ولا أكلمه ، حتى أتى [جاء . م] سوق بني قينقاع [بتثليث النون] فجلس بفناء بيت فاطمة [ثم انصرف

حتى أتى خِباءَ فاطمة .م] [رضي الله تعالى عنها] فقال : اثمَّ لُكع ؟ أثم لكع ؟ [اى الصغير] فحبَسَتْه شيئا ، فظننت انها تلبسه سخابا [قلادة من طيب] او تغسله [مخففا ومشددا] فجاء يشتد حتى عانقه وقبله [يعني حسنا .م] وقال : اللهم [اني أُحبُّه م] احِبَّه واحِبَّ من يحبُّه ح ـ ٤٨/٤ ، م ـ ٣١٨/٩ ن ، جه . فلم يلبث ان جاء يسعى حتى اعتنق كل واحد منهما صاحبه .م .

تەرجەمە :

ئەبو هەرەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رۆژێکا تەشریفی چوە دەرێ نە قسەی لەگەڵما ئەفەرموو نە لە خذمەتیا قسەم ئەکرد ، تا تەشریفی چوو بۆ بازاڕی بەنی قەینوقاع ، لە تەنیشتماڵی حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وە تەشریفی دانیشت ، پرسی فەرمووی : بچکۆلە لە کوێیە ؟ . بچکۆلە لە وێیە ؟ حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەختێ بەندی کرد ، وابزانم مێخەكبەندی ئەکاتە ملەوە یا ئەیشوا . لە دواییا تەشریفی بە هەڕاکردن هات ، تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی کردەملی و ماچی کردو فەرمووی : خوایا تۆ خۆشت بوێ و ئەو کەسەیشت خۆش بوێ کە خۆشی ئەوێ .

خوا رووی ئەوانە رەش کە حەزیان لێ نەکردوە لە دنیاو ئاخیرەتا . . .

٩٧٥/٩٨ اياس عن ابيه قال : لقد قدت بنبيّ الله ـ ﷺ ـ والحسن والحسين [رضي الله تعالى عنهما] بغلته الشهباء ، حتى ادخلتهم حجرة النبيّ ـ ﷺ ـ هذا قدامه وهذا خلفه . م ـ ٣٢٠/٩

تەرجەمە :

باوکی ئەیاس [ ] ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ و

حەسەن و حسەین [رضي الله تعالى عنهما] سواری ئێستره سپیلکەکەی پێغەمەر بووبوون ـ ﷺ ـ ئەمیان لەبەردەمیەوەو ئەویان لە پاشکۆیەوە ، بۆم راکێشان تا بردمنه حوجرەی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ .

٩٧٦/٩٩ قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ غداة وعليه مرط مرحل ـ معجما ومهملا ـ من شعر اسودَ فجاء الحسن بن عليٍّ [رضي الله تعالى عنهما] فادخله ، ثم جاء الحسين فدخل معه ، ثم جاءت فاطمة فادخلها ، ثم جاء علي فادخله [رضي الله تعالى عنهم] ثم قال : ﴿انما يريد الله ليذهب عنكم الرجس اهل البيت ، ويطهركم تطهيرا﴾[1] .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : رۆژێ بەیانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە دەرێ عەباییکی خوریی رەشی نەخشاوی لەبەرا بوو ، حەسەنی کوڕی عەلی هات خستیه ناو عەباکەیەوە ، لە دواییا حسەین هات ئەویش چوە ژێر عەباکەوە ، لە دواییا فاطیمه هات ئەویشی بردە ژێر عەباکەیەوە ، لە دواییا عەلی هات ئەویشی بردە ناو عەباکەیەوە . لە دواییا فەرمووی : [ئەی ئەهلی بەیت خوا دەرحەق ئێوە لە بەینی چاکەو خراپەداو ، پاكو پیساو ، عەذابو ئەوابا] هەر چاکیو پاکیو ئەوابی ئیرادە کردوە لە موجیبی عەذابتان دوورخاتەوە لە گوناه پاکتان کاتەوە [یەعنی پیسیو عەذابو عیقابو مارو دووپشکی جەهەننەم بۆ دوشمنی ئەوانە] ـ رضي الله تعالى عنهم وارضاهم ـ .

---

(١) بڕوانه : سوورەتی : ئەحزاب ، ئایەتی : (٣٣)

معاوية وابواه

٩٩/٩٧٧[1] عن ابن ابي مليكة قال : اوتر معاوية بعد العشاء بركعة وعنده مولى لابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] وهو كريب] ، فأتى ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال : دعه فانه قد صحب النبي - ﷺ - وفي اخرى : انه فقيه . ح - ٦/١٣٥

تەرجەمە :

[........]

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو مولەیکـە ئەفـەرموێ : مـوعاويـە ركاتێ نوێژی وەتری کرد . کورەیبی مەولای ئیبن و عەبباسی - رضي الله تعالى عنهما - لە لا بوو . کورەیب چوو عەزری ئیبن وعەبباسی کرد - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : وازی لێ بهێنە ؛ چونکی صوحبەتی لە خدمەتی پێغەمەرا بوە - ﷺ - لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : فەقیهە .

ئەبوذەر ؛ راویی بوخاریی ئەفەرموێ : ئیبن و عەبباس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : موعاویە کە رکاتێکی کردوە خەطای نەکردوە ئیصابەتی کردوە ؛ چونکی فەقیهە .

لە قەسطەلانیدا ئەفەرموێ : موعاویە سپی بـوە ، جوان بـوە ، لەوانەیە کە صیفەتی حیلمیان بوە . . .

---

(١) دانەر - خ - ژمارە (٩٩)ی بە هەڵە دوویات کردوەتەوە .

١٠٠/٩٧٨ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : كنت الْعَبُ مع الصبيان ، فجاء رسول الله ـ ﷺ ـ فحطأني حطأة [به طه‌ريقى مولاطه‌فه به‌رى ده‌ستى مالْى به پشتما . من نووي] . وقال : اذهب وادع لي معاوية ، قال : فجئت ، فقلت : هو يأكل ، قال : ثم قال لي : اذهب فادع لي معاوية . قال : فجئت ، فقلت : هو يأكل . فقال : لا اشبع الله بطنه ! قال ابن المثنى : قلت لأمية : ما حطأني ؟ قال : قفدني قفدة . م ـ ٣٦/١٠

ته‌رجه‌مه :

ئيبن و عه‌بباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : له ناو منالآنا ياريم ئه‌كرد ، پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته‌شريفى هات ده‌ستى مالْى به پشتما ، فه‌رمووى : بچۆ موعاويه‌م بۆ بانگ كه ، چووم و هاتمه‌وه ، عه‌رزم كرد : نان ئه‌خوا . له‌دواييا ئه‌مرى پێ فه‌رمووم : بچۆ موعاويه‌م بۆ بانگ كه . چووم و هاتمه‌وه عه‌رزم كرد : نان ئه‌خوا . فه‌رمووى : قه‌ت خوا زكى تێر نه‌كا !

فاستجاب الله دعاءه ـ عليه الصلاة والسلام ـ .

ته‌نها ئه‌م حه‌ديثه كافى يه بۆ فه‌ضلى موعاويه .

١٠١/٩٧٩ عن عبدالرحمن بن عبد رب الكعبة ، قال : دخلت المسجد فاذا عبدالله بن عمرو بن العاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ جالس في ظل الكعبة ، والناس مجتمعون عليه . فأتيْتُهم ، فجلستُ اليه ، فقال : كنا مع رسول الله ـ ﷺ ـ في سفر ، فنزلنا منزلا ، فمنا من يصلح خِباء ، ومنا من ينتضل ، ومنا من هو في جشره [الدواب التي ترعى] اذ نادى منادي رسول الله ـ ﷺ ـ : الصلاة جامعةً . فاجتمعنا الى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : انه لم يكن نبي قبلي الا كان حقا عليه ان يدل أمته على خير

ما يعلمه لهم ، وينذرهم شر ما يعلمه لهم وان امتكم هذه جعل عافيتها في اوله ، وسيصيب اخرها بلاء وامور تنكرونها ، وتجيئ فتنة فُيرقق بعضها بعضا ، وتجيئ الفتنة فيقول المؤمن : هذه مهلكتي ثم تنكشف وتجيئ الفتنة فيقول المؤمن : هذه هذه . فمن احب ان يُزَحْزَحَ عن النار ويُدْخَلَ الجنَّةَ فلتأته منيته وهو يؤمن بالله واليوم الآخر . وليأت الى الناس الذي يحب ان يؤتى اليه . ومن بايع اماما فاعطاه صفقة يده ، وثمرة قلبه فليعطه ان استطاع ، فان جاء آخر ينازعه فاضربوا عنق الآخر .

فدنوت منه فقلت له : اَنشُدك الله آنت سمعت هذا من رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فاهوى الى اذنيه وقلبه بيديه وقال : سمِعَتْهُ اذناى ووعاه قلبي . فقلت له : هذا ابن عمك معاوية يأمرنا ان نأكل اموالنا بيننا بالباطل ، ونقتل انفسنا ، والله ـ عز وجل ـ يقول : يا ايها الذين آمنوا ﴿لا تأكلوا اموالكم بينكم بالباطل الا ان تكون تجارة عن تراضٍ منكم . ولا تقتلوا انفسكم ان الله كان بكم رحيما﴾[1] [نساء] قال : فسكت ساعة ، ثم قال : اطعه في طاعة الله : واعصه في معصية الله ـ عز وجل ـ م ـ ٨/٤٢

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی (عبدرب الكعبة) فەرمووی : چوومە (مسجد الحرام) تێفکریم عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاصی لێبوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەبەر سێبەری کەعبەدا دانیشتبوو ، خەڵقی لێکۆبوبوەوە ، منیش چوومە لایان لە لای دانیشتم ، عەبدوڵلا فەرمووی : لە سەفەرێکا لە خدمەتی پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ لە جێێ دابەزین ، بەعزێکمان خێوەتی رێك ئەخست ، بەعزێکمان تیری

(١) بڕوانە : سوورەتی نیساء . ئایەتی : (٢٩)

ئەهاویتە نیشان ، بەعزێکمان حەیوانی ئەلەوەڕان ، ئەوەندەم زانی بانگەری پێغەمەر - ﷺ - بانگی دا بۆ نوێژ ، لە پێغەمەر - ﷺ - گردبووینەوە ، فەرمووی : هیچ پێغەمەرێکی پێش من نەبوە کە لەسەری فەرز نەبووبێ کە هەرچی بە خێری ئەزانێ بۆ ئوممەتەکەی نیشانی بدا ، ئەوی بە شەری ئەزانێ بۆ ئوممەتەکەی . . ئوممەتەکەی لێ بترسێنێ ، ئەم ئوممەتی ئێوە سەلامەتو عافیێتی بۆ خراوەتە ئەووەڵەوە [وەك زەمانی شەیخەین لە دوای زەمانی سەعادەت] ئاخری ئەم ئوممەتە تووشی موصیبەتو بەلاو بەعزێ شت ئەبێ کە بە خراپی ئەزانن [لە شەهادەتی حەزرەتی عوثمانەوە - رضي الله تعالى عنه - دەستی پێکرد] فیتنەیێك یێ بەعزێکی - بەعزێکی لای خەڵق سووك ئەکا ؛ یەعنی ئەووەڵ بە نیسبەت دوەمەوە سووك ئەنوێنێ [مەثەلا شەهادەتی عوثمان - رضي الله تعالى عنه - لە خوڕووجی موعاویە لەسەر ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - ئەهوەنتر بوو ، زەمانی ئەو لە وەقعەی کەربەلاو سائیری . . . ئەهوەنتر بوو . وهکذا «كلما دخلت امة لعنت اختها» دوایی رەحمەت بۆ پێشوو ئەنێرێ] .

ئەم مەعنایە ئەگەر (يُرَقِّقُ) بخوێنرێتەوە ، ئەگەر (يَرْفُقُ) - یەعنی بە (فێ) بخوێنرێتەوە - یەعنی بەعزێکی رەفاقەتی بەعزێکی ئەکا ؛ یەعنی یەك لە دوای یەك یێن . ئەگەر (يَدْفِقُ) بخوێنرێتەوە یەعنی فیتنە وەك فوارە فیتنەی تر هەڵئەدا .

مەثالی هەموو ئیحتیمالەکان ئەوەیە : فیتنە لە دوای فیتنە یێ ، لێك ناپسێنەوە . (من نووی)

فیتنە یێت موئمین ئەڵێ : ئەم فیتنەیە هیلاکی یە بۆ من ، لە دواییدا ئەو فیتنەیە ئەڕواو نامێنێ . فیتنە یێ موئمین ئەڵێ : ئەم فیتنەیە ! ئەم

فیتنەیە ! یەعنی فیتنەیێکە دنیا سەرەوژێر ئەکا کـە وەك بەحـر شەپـۆل ئـەدا . ئەگـەر کەسێ حـەز ئەکـا کە لـە ئاگـر دوورکەوێتـەوەو بچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسە ئیشێکی وا بکا کە لەسەر حاڵەتێ بمرێ کە ئیمانی بە خواو رۆژی ئاخیرەت بێ ، هەم بە نەوعێ بچێتە لای خەڵق کە خۆی حەزەکا خەڵق بەو نەوعە بێنە لای ، یەعنی خۆی چۆن ئەیەوێ کە خەڵق موعامەلەی باشی لەگـەڵ بکەن ، حـورمەتی بگـرن ، هیچ خـراپیی لەگەڵ نەکەن ، غەیبەتی نەکەن ، ماڵی نەخۆن ، جوێنی پێ نەدەن . . . (والحاصل) بە هیچ نەوعێ زەرەریان بۆی نەبێ ، خۆیشی وابێ لەگەڵ خەڵقا [وەکوو ئەو حەدیثەی کە لە ئیمانا رابورد کە ئەفەرمـوێ : هیچ کەسێ لە ئێوە نابێ بە موئمینی کامیل تا چی بۆ خۆی خۆشەوێ بۆ برای دینی خۆیی خۆش بوێ . هەیهات بۆ ئەکثەری موسوڵمانانی ئێستە ! خوا ئیصلاحمان بکا بە رەحمەتی خۆی]

هەرکەسێ بەیعەتی لـەگەڵ ئیمـامێکا کـرد ، دەستی خستە نـاو دەستی‌یەوە ، هەموو ئیختیاری خۆی تەفویضی ئەو ئیمامە کرد ئەگـەر بتوانێ جگەرگۆشەی خۆی بدا بەو ئیمام وپادشایە . . . بیداتێ . یەعنی بە هەموو نەوعێ : مەنفەعەتی خۆیی تیا بێ ، یـا زەرەری خۆیی تیـا بێ بیداتێ هیچی لێ درێغ نەکا . ئەگەر لە دوای ئەمە کە بەیعەت بە ئیمامێ کراو کردیان بە پادشاە شایەد یەکێکی تر هات بۆ ئەمە کە خۆی ببێ بە پادشاە نیزاع لەگەڵ ئیمامەکەی پێشو بکا بیکوژن ، لە گەردنی بدەن .

عـەبدورەحمـانی کوڕی عـەبدی رەببی کـەعبە ئـەفەرمـوێ : لە عەبدوڵلاّم پرسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ وتم : بە خوات سوێن ئەدەم تۆ ئەمەت بیست لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ؟ عەبدوڵلاّ هەردوو دەستی بردبوو بۆ گوێ‌یی و دڵی فەرمووی : هەردوو گوێم لێی بیستو ، دڵم حیفظی کرد .

بە عەبدوڵلام وت : ئەوە موعاویەی ئامۆزای خۆتە ؛ ئەمرمان پێ ئەکا کە بە ناحەق ماڵی یەکتر بخۆین و ، یەکتری بکوژین ، خوایش - عز وجل - لە قورئانی کەریما ، لە سوورەی نیسادا ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە . بە غەیری تیجارەتێ کە بە خواهیش و رەزای خۆتان ئەیکەن بە باطیل بە ناحەق ماڵی یەکتری مەخۆن ، بە ناحەق یەکتری مەکوژن . خوا - عز وجل - کە ئەم نەهیەتان لێ ئەکا بۆییکتان لێ ئەکا ؛ چونکی وای ئیرادە بوە کە رەحمتان پێ بکا .

عەبدورەحمان ئەفەرموێ : عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - قەدرێ بێدەنگ بوو [. . . .] ، فەرمووی . لەوەدا ئیطاعەی خوای تیا بێ ئیطاعەی بکە ، لەوەدا کە لە خوا عاصی بوونی تیایە تۆیش لەو عاصی ببە بە گوێی مەکە . [بۆیە عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - لە کوشتاری صەحابەو ئەهلی بەیتا لە باوکی و موعاویە جوێ بوەوەو بێطەرەف لێی مایەوە - رضي الله تعالى عنه -] .

١٠٢ / ٩٨٠ عن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] قالت ام حبيبة [امنا ام المؤمنين رضي الله تعالى عنها] زوج النبيّ - ﷺ - : اللّهم امتعني بزوجي رسول الله - ﷺ - وبابي ابي سفيان ، وبأخي معاوية . قال [عبدالله] : فقال النبيّ - ﷺ - : قد سألتِ الله لآجالٍ مضروبة ، وأيّام معدودة ، وارزاق مقسومة ، ولن يُعَجِّل شيئا قبل حِلّه او يؤخر شيئا عن حله . ولو كنتِ سألتِ الله ان يعيذك من عذاب في النار ، او عذاب في القبر كان خيرا او افضل .

قال : وذُكِرَتْ عنده القردة - قال مسعر : وأراه قال (والخنازير) - من مسخ فقال : ان الله لم يجعل لمسخ نسلا ولا عقبا ، وقد كانت القردة والخنازير قبل ذلك . م - ١٠ / ١٠١

تەرجەمە :

(ام حبيبه)ی دایکمان ـ رضي الله تعالى عنها ـ زەوجەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ دۆعای کرد ، فەرمووی : یارەبی خوایا لەذذەتیابم بکەی بە زەوجم کە رەسوولوڵلایە ـ ﷺ ـ و بە باوکم کە ئەبوسوفیانەو ، بە موعاویەی برام . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تۆ شتێکت لە خوا ویست کە موقەددەر کراوەو براوەتەوە ، ئەجەلێکت ویست کە موعەییەن کراوە لە غەیری وەختی خۆیا نایێت ، لە وەختی خۆی دواناکەوێ ، ئەییامێکت لە خوا ویست کە ژمێرراوە زیاد نابێ‌و کەم نابێ ، رزقێکت ویست کە تەقسیم کراوە ، هەرکەس بەشی خۆی وەرگرتوە ، ئەگەر لە خوات ـ عزوجل ـ بویستایە کە لە عەذابی ئاگر ، یا فەرمووی : لە عەذابی ناو قەبر ، بتپارێزێ بۆ تۆ چاکتر ئەبوو . یا فەرمووی : فەضلی زیاتر ئەبوو . خوا هیچ شتێك لە پێش وەختی خۆیا ناهێنێ‌و پێشی ناخا ، لە وەختی خۆی دواناخا .

عەبدوڵلا فەرمووی : بەحتی مەیموونیشی لە خذمەتاکرا . میسعەری راویی ئەڵێ : وا بزانم بەحتی بەرازیشی لە خذمەتا کرا ، کە مەیموون جوولەکەیەو مەسخ بۆتەوە ، بەرازیش نەصاران کە مەسخ بوونەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ بەو ئینسانانەی کە مەسخی کردۆتەوە نەسلی نەداوەتێ . مەیموون‌و بەراز لە پێش ئەوەیشا هەر بوون .

لەم حەدیثە وا دەرەکەوێ کە هەموو (ماسوی الله) هەمووی لەوەپێش لە عیلمی خوادا هەموو خوصووصیێکی قەرار دراوە ، براوەتەوە ، ناگۆرێ . دۆعاکردن‌و نەکردنیش ، موسوڵمان بوون‌و کافریش ، بەهەشتی‌و جەهەننەمیش ، عابیدی‌و فاسقیش . . .

هەمووی براوەتەوە . ئەوی بۆ بەهەشت خەلق کرابێ هەر ئەبێ عەمەلی چاك بکا . شایەد عەمەلی خراپەیشی کرد تۆبەی لێ ئەکا . ئەوی بـۆ جەهەننەم خەلق کرابێ ، با حەفتا سالێش عیبادەت و تەقوا بکا . هەر ئەبێ لەسەر خراپە بمرێ (اعاذنا الله) .

کە وابێ مەلێن : دۆعاو عیبادەت بۆچ بکـەین ؟ بەوە نـابین بـە جەبری‌یە ؛ چونکی لە ئەزەلەوە لە عیلمی خودادا وا مونطەبیع بوە وەکوو ئەبێ ، وەکوو چۆن شەبەح لە ئاوێنەدا مونطەبیع ئەبێ . ئاوێنە ئەو شتە ناگۆرێ ، خیلافی ئەوی تیا مونطەبیع نابێ . یەعنی لە ئەزەلا وا مەعلووم بوە کە ئەو ئینسانە بە ئیختیاری خۆی ئەو ئیشە ئەکا چاك بێ یا خراب بێ .

دۆعاکەی (ام حبیبه) ـ رضي الله تعالى عنها ـ دەرحەق پێغـەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبو سوفیان قەبوول نەبوو ، چونکی دوای ئەوان موددەیێ ما ، دەرحەق موعاویە گیرا بوو ؛ چونکی وا موقەددەر کرابوو کە فیتنە بخاتە ناو موسوڵمانانەوە .

ابو سفيان

١٠٣/ ٩٨١ ابن عبَاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان المسلمون لا ينظرون الى ابي سفيان ، ولا يقاعدونه . فقال للنبيّ ـ ﷺ ـ : يا نبي الله ثلاث اعطنيهن . قال : نعم . قال : عندي احسن العرب واجمله ام حبيبة بنت ابي سفيان ازوجكها ، قال : نعم . قال : ومعاوية تجعله كاتبا بين يديك قال : نعم . قال : وتأمرني حتى اقاتل الكفار كما كنت أُقاتل المسلمين ، قال : نعم .

قال ابو زُمَيْل [الرواي عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : ولولا انه طلب ذلك من النبي ـ ﷺ ـ ما اعطاه ؛ لانه لم يكن يسأل شيئا الا قال نعم . م ـ ٩/ ٤٠٨

تەرجەمە :

ئیبن وعەبباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : موسـوڵمانـان تەماشای ئەبوسوفیانیان نەدەکرد لەبەر کـردەوەی پێشووی ، لـەگەڵیـا دانەنیشتن . ئەبو سوفیان عەرزی پێغەمەری ـ ﷺ ـ کرد : سێ شتم پێ عەطا بفەرموو ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ . ئەبو سوفیان وتی :

١ ـ یەکێکم لایە کە جوانترینی عەرەبە (ام حبیبە)ی کچی ئەبوسوفیان لێت نیکاح ئەکەم ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ .

[ام حبیبە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە باوكو برای هەموو کافر بوون لە مەککەداو حەربیان لەگەڵ خواو پێغەمەر ئەکرد ـ علیه الصلاة والسلام ـ موسوڵمان بووبوو ، هیجرەتی کردبوو بۆ حەبەش ، یا لەو وەختەدا کە تەشریفی لە حەبەش بوو ، یا لە دوای هیجرەت کە

موهاجیری ئەویٚ تەشریفیان لە حەبەشەوە هاتنەوە بۆ مەدینە پێغەمەر ـ ﷺ ـ مارەی کرد . ئەبوسوفیان لە ساڵی هەشتی هیجرەتا ، دوای فەتحی مەککە . . . خۆیو موعاویە موسوڵمان بوون ، ئەویش نابەدڵ . کە وابێ طەلەبی ئەبوسوفیان وا بوە کە بە رەزای خۆی نیکاحەکەی تازە بکاتەوە . (والله اعلم . من نووي)

٢ ـ موعاویەی کوڕم بکەی بە کاتب لە بەردەستی خۆتا بێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ .

٣ ـ ئەمرم پێ بفەرمووی شەڕ لەگەڵ کافرانا بکەم وەك لەمەوپێش شەڕم لەگەڵ موسوڵمانانا ئەکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ .

ئەبوزومەیل ـ کە راویی حەدیثەکەیە لە ئیبنو عەبباسەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەگەر ئەبوسوفیان ئەوەی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ طەلەب نەکردایە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو سێ شتەی بێ عەطا نەدەفەرموو ؛ چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ شتێکی لێداوا نەکراوە کە بفەرموێ : نا ، فەرموویەتی (نعم) مەگەر مومکین نەبووبێ [وەك طەلەبی مسیلمە]

ئەم حەدیثە . . . .

هند بنت عتبة بن ربيعة ، والدة معاوية

٩٨٢/١٠٤ له فه‌تحا موسوڵمان بوو له دوای ئه‌بو سوفیان ، ژنێکی به ده‌عیه‌و عینوان‌و صاحیب عه‌قڵ بوو ، له غه‌زای ئوحودا ده‌م‌و ، لێوو ، لووت‌و ، گوێی حه‌زره‌تی حه‌مزه‌ی بری - رضي الله تعالى عنه - له ده‌م‌و ، لێوو ، لووت‌و ، گوێی شوهه‌دای ئوحود ملیوانکه‌یێکی دروست‌کرد ، کردیه ملی . ملیوانکه به‌قیمه‌ته‌که‌ی خۆیی دا به (وه‌حشی) له موکافه‌ئه‌تی ئه‌وه‌دا که حه‌زره‌تی حه‌مزه‌ی شه‌هید کرد - رضي الله تعالى عنه - جگه‌ری له‌ت‌کرد خستیه ده‌میه‌وه که بیخوا ، جویی‌و پێی قووت نه‌چوو . [پێغه‌مه‌ر - ﷺ - فه‌رمووی : خوا ئیراده‌ی نه‌کردوه که هیچ جوزئێ له ئه‌جزای حه‌مزه بچێته ناو ئاگره‌وه (كما يأتي ان اشاء الله - تعالى - في الغزوات] قسطلاني - ٦ - ١٦٤ .

عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : جاءت هند بنت عتبة ، قالت : يا رسول الله ما كان على ظهر الارض من اهل خِباء أحبَّ اليّ أن يُذلُّوا من اهل خبائك ، ثم ما أصبح اليوم على ظهر الارض أهل خباء أحب اليّ أن يعزّوا من أهلِ خبائك . قالت : [فقال رسول الله - ﷺ - م] وايضا والذي نفسي بيده [ثم . م] قالت : يا رسول الله ان أبا سفيان رجل مِسّيك [ممسك . اخرى . م . . شحيح اخرى . م .] فهل عليَّ حرج ان أُطْعِمَ من المال الذي له عيالنا ؟ قال : لا أُراه الا بالمعروف . ح - ١٩٦/٨ ، م . ٢٧٦/٧

وفي اخرى ليس فيها البحث عن الذلة والعزة قالت : يا رسول الله إِن أبا سفيان رجل شحيح ، وليس يعطيني ما يكفيني وولدي إِلا ما

أخذت منه وهو لا يعلم . فقال : خذي ما يكفيك وولدك بالمعروف .
ح ـ ١٩٦/٨ ، م ـ ٢٧٤/٧ .
تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : هیندی کچی عوتبەی دایکی موعاویە هاتە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) لەسەر رووی ئەرزا ئەهلی بەیتێ نەبوە کە حەز بکەم لە ئەهلی بەیتی تۆ زیاتر لە ذیللەتا بێ ، لە دواییا ئیمرۆ هیچ ئەهلی بەیتێ نی‌یە لەسەر ئەرزا کە حەز کەم لە ئەهلی بەیتی تۆ زیاتر لە عیزەتا بێ . حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایەتی دیسان [لێی زیاد ئەکەی ، حوببی ئێمەت زیاتر ئەبێ ، زیاتر لە بوغضی ئێمە ئەگەڕێیتەوە] وتی : (یا رسول الله) ئەبوسوفیان پیاوێکی چرووکەو ئەوەندەم نـاداتێ کە بـەشی خۆم و منالەکانم بکا ، هیچ گوناهی هەیە کە بە بێ ئیندنی ئەو لە مالی ئەو خەرج بکەم بۆ منالەکانمان ؟ پێغەمەر ـ فەرمووی : ظەننم نی‌یە کە بە غەیری میقداری موناسب بە حالی ئەوو ئێوە بۆت دروست بێ [بە عادەت بۆ ئەمثالی ئێوە چەندە کیفایەت ئەکا بۆ خۆت و منالەکانت لە مـالی ئەو خەرج بکە]

[ئەمە ئەحوالی موعاویەو دایك و باوکی ؛ دایك و باوکی لە دوای ئەمە کە موسولمان بوون زەرەریان نەگەیان بە خەلق ، نەیشگەیینە زەمانێ کە دەستیان ببێ زەرەر بگەیێنن . (واما حساب معاوية فعلى الله وهـو احكم الحاكمين)]

فضائل امنا ام المؤمنين خديجة بنت خويلد

- رضي الله تعالى عنها -

١٠٥/٩٨٣ عبدالله بن جعفر [رضي الله تعالى عنهما] قال : سمعت عليا - رضي الله تعالى عنه - قال : سمعت رسول الله - ﷺ - يقول : خير نسائها [اي الدنيا] مريم [بنت عمران . م] وخير نسائها [اي هذه الامة] خديجة [بنت خويلد . م] واشار وكيع الى السماء والارض . م]
ح - ١٦٠/٦ ، م - ٣٢٤/٩

تەرجەمە :

[حەزرەتی خەدیجە - رضي الله تعالى عنها - نە لە پیاوان و لە ژنان هیچ کەس نەبوە لە پێش ئەوا موسوڵمان بووبێ ، وەزیری صادقی پێغەمەر بوو - ﷺ - پێغەمەر - ﷺ - لە موشریکان هەر ئەذاو جەفای دیبێ خەدیجە - رضي الله تعالى عنها - دڵخۆشی ی داوەتەوەو حوزن و کەدەری لە دڵ کردۆتە دەرێ . پێغەمەر - ﷺ - عومری بیست و پێنج ساڵ بوو کە مارەی کرد ، بیست و پێنج ساڵ لای پێغەمەر - ﷺ - مایەوە ، دە ساڵ دوای نوبووەت وەفاتی کرد لە رەمەزانا . فەضڵی و موعاوەنەتی بۆ پێغەمەر - ﷺ - بێ پایانە . قسطلانی]

ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه ، وقهر اعداءه - ئەفەرموێ : لە پێغەمەر - ﷺ - م بیست ئەیفەرموو : چاکترینی ژنی دنیا [یەعنی لە بەینی ئەرز و ئاسمانا لە زەمانی خۆیا] مەریەمی کچی عیمرانە ، چاکترینی هەموو ژنی سەر ئەرز [یەعنی لە زەمانی خۆیا] خەدیجەی کچی

خوەيليدە . وەكيع - كە يـەكێكە لـە راوييان - ئيشـارەتى ئەلاى ئـەرزو ئاسمان كرد .

[طەبەرانى و بەزار بە مەرفووعيى لـە عەمـارى كوڕى يـاسيرەوە - رضي الله تعالى عنه - ريوات ئەكەن كە حەزرەتى خەديجە - رضي الله تعالى عنها - فەضلى هەيە بەسەر ژنانى ئوممەتى منا هەروەك مەريـەم كە فەضلى هەيە بەسەر ژنى دنيادا .

[نەسائى بە حەديثى صەحيح ريوايەت ئەكا لە ئيبن و عەباسەوە - رضي الله تعـالى عنهما - (مـرفوعـا) كە : گـەورەترينى ژنـانى ئەهـلى جەنەت : خەديجەيە ، فاطيمەيە ، مـەريەمـە ، ئاسيـەيە - رضي الله تعالى عنهن - قسطلانى]

١٠٦/٩٨٤ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : ما غِرْتُ على امرأة للنبيّ - ﷺ - ماغِرتُ علي خديجة ، هلكتْ قبل ان يتزوجني ؛ لما كنت أسمعه يذكرها ، وأمره الله أن يبشرها ببيت من قصب [لؤلؤ مجوف] وإن كان ليذبح الشاة فيهدي في خلالها منها ما يسعهن ح - ١٦١/٦ وفي اخرى وتزوجني بعدها بثلاث سنين بـدل هلكت قبل ان يتـزوجني .
ح - ١٦١/٦ ، م - ٣٢٩/٩ .

تەرجەمە :

عائيشة - رضي الله تعـالى عنها - ئـەفەرمـوێ : بۆ هيـچ ژنێكى پێغەمەر - ﷺ - غيرەتم نەبزووتوە ئەوەندەى كە غيرەتم بزووتوە دەرحەق خەديجە ، كە سێ ساڵيش دواى وەفاتى ئەو پێغەمەر - ﷺ - منى هێناوە ؛ چونكى زۆرم لێ ئەبيست كە ناوى ئەبرد بە چاكە ، خوايش ئەمرى پێ فەرموويوو كە موژدەى بداتێ بەوە كە لە بەهەشتا خانوويێكى لە دوڕ بۆ دروستكراوە ، هەم پێغەمەر - ﷺ - مـەڕى سەر ئـەبرى بـۆ هەمـوو

دۆست و ئەحبابی ئەوی ئەوەندە ئەنارد کە بەشی هەموویان بکا .

١٠٧/٩٨٥ وعنها ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : ماغِرت على أحد من نساء النبيّ ـ ﷺ ـ ماغِرت على خديجة ، وما رأيتها ، ولكن كان النبيّ ـ ﷺ ـ يكثر ذكرها ، وربما ذبح الشاة ثم يقطعها أعضاء ثم يَبْعثُها في صدائق خديجة ، فربما قلت له : كأنه لم يكن في الدنيا الا خديجة ! فيقول : كانت ، وكانت ، وكان لي منها ولد . ح ـ ١٦٢/٦ ، م ـ ٣٢٩/٩ وفيه : قد رزقت حُبَّها .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە هیچ ژنێکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ غیرەتم نەهاتۆتە جۆش ئەوەندەی کە لە خەدیجە غیرەتم هاتۆتە جۆش ، نەیشم‌دیبوو ، ئەمما پێغەمەر ـ ﷺ ـ زۆری ناو ئەبرد ، زۆر جار مەڕی سەرەبڕی پارچەپارچەی ئەکردو ئەینارد بۆ دۆست و ئەحبابی خەدیجە . زۆر جار عەرزی پێغەمەرم ئەکرد ـ ﷺ ـ : ئەمە چی‌یە وەك لە دنیادا غەیری خەدیجە هیچ ژن نەبووبێ ؟ ! ئەیفەرموو : وابوەو ، وابوە ، لەو منالّم بوە ، حوببی لە دڵا چەسپیوە ، بوە بە رزقم .

١٠٨/٩٨٦ عن اسماعيل بن أبي خالد قال : قلت لعبد الله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [أكان . م] بَشَّر النبيُّ ـ ﷺ ـ خديجةَ ؟ قال : نعم ببيت من قصب لا صخب فيه [صياح] ولا نصب [تعب] م ـ ٣٢٦/٩

تەرجەمە :

ئیسماعیل ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عەرزی عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئەوفام کرد : ئایا پێغەمەر ـ ﷺ ـ موژدەی داوە بە حەزرەتی خەدیجە

- رضي الله تعالى عنها - ؟ فەرمووی : بەڵێ موژدەی داوەتێ کە لە بەهەشتا خانوویێکی لە دورِ بۆ دروستکراوە ، نە دەنگەدەنگی تیایە نە نارەحەتی .

[وعند أحمد عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لە وەختێکا کە خەڵق پێم کافر بوون خەدیجە ئیمانی پێ هێنام ، لە وەختێکا کە خەڵق پێیان ئەوتم : تۆ درۆئەکەی خەدیجە وتی : راست ئەکەی ، لە وەختێکا کە مەحرووم بووم لە ماڵی خەڵق نەیان دامێ خەدیجە دایمێ ، خوا کە مەحروومی کردم لەوە کە لە ژنەکانی ترم منالم ببێ لە خەدیجە خوا منالی پێ بەخشیم . قسطلاني] .

١٠٩/٩٨٧ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : أتى جبريل [عليه السلام] النبيّ - ﷺ - [وهو بحراء . طبراني] فقال : يا رسول الله هذه خديجة قد أتت معها إناء فيه إدام ، او طعام ، او شراب ، فإذا هي اَتتك فاقرَأ - عليها السلام - من ربها ومني . [فقالت : هو السلام ومنه السلام وعلى جبريل السلام . طبراني . وزاد النسائي عن أنس : وعليك يا رسول الله السلام ورحمة الله وبركاته . قسطلاني] وبشرها ببيت في الجنة من قصب لا صخب فيه ولا نصب . ح - ١٦٢/٦ ، م - ٣٢٦/٩ مرسل صحابي

تەرجەمە :

جیبریل - عليه الصلاة والسلام - تەشریفی هاتەخزمەت پێغەمەر - ﷺ - لە غاری حیرادا ، فەرمووی : یارەسوولەڵلا ، ئەوە خەدیجەیە ظەرفێکی پێیە پێخۆری تیایە ، یا فەرمووی ، طەعامی تیایە ، یا

فەرمووی : شەربەتی تیایە [راویی بە شك كـەوتوە] كـە هاتـە لات لە خواوەو لە منەوە سەلامی لیّ بكەو ، موژدەی بدەریّ كە لـە بەهـەشتا خانوویێكی هەیە لە دوڕ نە دەنگە دەنگی تیایە نە نارەحەتیّ .

موكافاتی ئەوە كە حەزرەتی خەدیجە - رضي الله تعالى عنها - دەفعی هەموو دڵنارەحەتییێكی كردوە لە پێغەمەر - ﷺ - لە موددەی حەیاتیا بە قەد ذەرە دڵی نەئێشانوە .

. . . . . .

٩٨٨/١١٠ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : بشر رسول الله - ﷺ - خـديجة بنت خـويلد [رضي الله تعالى عنهـا] ببيت في الجنـة . م - ٩/٣٢٦

٩٨٩/١١١ وعنها قالت : لم يتـزوج النبيّ - ﷺ - على خـديجة حتى ماتت . م - ٩/٣٢٨

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - موژدەی دا بە خەدیجە - رضي الله تعالى عنها - كە لە بەهەشتا بە خانوویێ[1] بۆی دروستكراوە . تا وەفاتی نەكرد پێغەمەر - ﷺ - ژنی بەسەر نەهێنا .

(١) ئەگەر بگوترێ : بـە خانـوویێ كە لـە بەهـەشتا بـۆی دروستكراوە . . باشترە .

١١٢/ ٩٩٠ وعنها - رضي الله تعالى عنها - قالت : اِستأذنتْ هالة بنت خويلد اخت خديجة على رسول الله - ﷺ - ، [ورضي عنهما] ، فعرف استئذان خديجة [رضي الله تعالى عنها - لشبه صوتها بصوت اختها] فارتاع لذلك [أي فزع وتغيّر] فقال : اللهم [اجعلها] هالة . قالت : فغِرْتُ ، فقلت : ما تذكر من عجوز من عجائز قريش حمراء الشدقين هلكت في الدهر ؟ ! قد أبدلك الله خيرا منها .

[وعند احمد والطبراني : قالت عائشة - رضي الله تعالى عنها - فقلت : قد أبدلك الله بكبيرة السن حديثةَ السنِّ ، فغضب حتى قلت : والذي بعثك بالحق ! لا أذكرها بعد هذا اِلاّ بخير] ح - ٦/١٦٣ ، م - ٩/٣٢٨

ته‌رجه‌مه :

حه‌زره‌تی عائیشه - رضي الله تعالى عنها - ئه‌فه‌رموێ : هاله‌ی کچی خوه‌یلید ، خوشکی حه‌زره‌تی خه‌دیجه - رضي الله تعالى عنها - ئیذنی خواست که بێته خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر - ﷺ - پێغه‌مه‌ر - ﷺ - وه‌یزانی خه‌دیجه‌یه - رضي الله تعالى عنها - که ئیستیذان ئه‌کا ؛ چونکی ده‌نگیان به یه‌ك ئه‌شوبها ، له‌وه‌وه پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ره‌نگی تێکچو ، فه‌رمووی : خوایا هاله بێ . . . له‌وه زۆر هاتمه غیره‌ت ، عه‌رزم‌کرد : ئه‌مه چی‌یه ئه‌وه‌نده پیرێژنێ له پیرێژنه‌کانی قوره‌یشی لاله‌غاوه سووری ددان‌له‌ده‌مانه‌ماو یێنیه‌وه فکری خۆت که زه‌مانێکی دوورو درێژه که نه‌ماوه ؟ ! خوا له باتی ئه‌و یه‌کێکی چاتری داویتێ [له باتی پیری ساڵ‌تازه‌ییکی پێ عه‌طا فه‌رمووی . پێغه‌مه‌ر - ﷺ - زۆر رقی هه‌ڵسا ، به نه‌وعێ تا عه‌رزم‌کرد : قه‌سه‌م به‌وه‌ی تۆی به حه‌ق ره‌وانه‌کردوه ! ئیتر له‌مه‌ولا به چاکه نه‌بێ ناوی نابه‌م] .

چەندە گەورە بوە ؟ ! بەو هەموو حوسن و جەمالەوە کە حەزرەتی عایشە بوویەتی لەسەر ئەو رقی هەڵسا ، تا حەزرەتی عایشەی مەجبوور کرد بەوە کە تۆبەی پێکرد دەفعەیێکی تر بە خراپە ناوی نەبا - رضي الله تعالى عنهما -

فضائل عائشة

رضي الله تعالى عنها - و تزوجه بالنبيّ - عليه الصلاة والسلام -

کچی ئـەبوبـەکری صـەدیقە ، دایکی (ام الـرومان)ی[1] کچی عامیرە ، کونیەی (ام عبدالله)یە بـە ناوی عـەبدوڵـڵای کوڕی زوبـەیر - رضي الله تعالی عنهم - هەشت ساڵ لە پێش هیجرەتا لە دایك بوە ، لە وەختی وەفاتی پێغەمەرا - ﷺ - هەژدە ساڵ بوو ، چواریەکی ئەحکامی شەرع لەو ریوایەت کراوە ، (افقە)و (اعلم)ی ئینسانی زەمانی خۆی بوە ، عەقڵ و رەئیی لە هەموو کەس مەتینتر بوە ، لە زەمانی خۆیا کەس نەبوە لەو عالمتر بێ بە فیقەو ، طیبو ، شیعر .

محـەمەدی بنی شـەهابی زوهـری ئەڵێ : عیلمی هـەموو ژنـانو ئەزواجی طاهیرات لەگەڵ عیلمی ئەوا موقایەسە بکرێ عیلمی ئەو لە هەموویان زیاترە .

لای پێغەمەر - ﷺ - لە هەموو ئەزواجی طاهیرات مـەحبووبـتر بوە .

خـوا - عز وجـل - لە مـەسئەلـەی ئیفکا بـە (نەصی قـورئـانی) تەبری یەی کردوە .

---

(١) یانی دایکی عائیشەیە . واتە عائیشة کچی (ام الرومان)ە .

له سالّی په‌نجاو هه‌شتا وه‌فـاتی کردوه . لـه شه‌وی سیّ‌شـه‌مه‌ی حه‌ڤه‌میني ره‌مه‌زان له زه‌مانی موعاویه‌دا . ئه‌بوهوره‌یره ـ رضي الله تعالی عنـه ـ نویّـژی لـه‌سـه‌ر کـرد ـ رضي الله تعـالی عنهـا ـ . قسـطلاني . ٦ ـ ١٣٦ .

٩٩١/١١٣ عائيشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : قال رسـول الله ـ ﷺ ـ يـوما : يـا عـائش هـذا جبـريـل يقـرئـكِ السـلام ، فقلت : [و . نسخة] عليه السلام ورحمة الله وبركاته . ترى مالا ارى . تريـد رسول الله ـ ﷺ ـ ح ـ ١٣٧/٦ ، م ـ ٣٤٠/٩ وليس فيه : تـريد . . الخ

ته‌رجه‌مه :

حه‌زره‌تی عائیشه‌ی دایکمان ئه‌فه‌رمویّ : رۆژیّ پیّغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : عایشۆلّیّ ئه‌مه جیبریله سه‌لامت لیّ ئه‌کا . وتم : (وعليـه السلام ورحمة الله وبركاته) ئه‌وی ئیّمه نای‌بینـین تۆ ئـه‌یبینی . خیطابـه له‌گه‌لّ پیّغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ .

سـه‌لام‌ناردن ـ مـطلقـا ـ سـه‌لام‌نـاردنی ئـه‌جنـه‌بی صـالیـح بـۆ ئه‌جنه‌بی‌یه‌ی صالیحه که خۆفی مه‌فسه‌ده نه‌بیّ . . . سـوننه‌تـه . جوابی فه‌رزه . زیادکردنی (ورحمة الله) وبركاته سوننه‌ته . لـه ناو کـاغه‌زیشـا بنووسریّ جوابی فه‌رزه ، به زمان یا به نووسین .

٩٩٢/١١٤ عن أبي موسى الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ كمل [بحركات الميم] من الرجال كثير ، ولم يكمل من النساء اِلاّ مريم بنت عمران ، وآسية امرأة فرعون . وفضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعـام ح ـ ١٣٧/٦ ، م ـ ٣٢٥/٩ ، ت ، ن ، جه . وفي حديث ابن حبان : أما ترضين أن تكوني زوجتي في الدنيا والآخرة ؟ قسط ٦ ـ ١٣٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە پیاوانا گەلێ کەس گەیبونە دەرەجەی کەمال ، لە ژنانا تەنها مەریەمو ، ئاسیەی ژنی فیرعەون پێگەیبون .

[ئیبن و حیببان ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە عایشەی فەرموو : رازی‌نابی بەوە کە لە دنیاو ئاخیرەتا ژنی من بی ؟] فەضلُ عائیشە بەسەر ژنانی ترا وەکوو فەضلی تریت وایە بەسەر سائیری طەعاما .

ئەم حەدیثە ئیمای تیایە کە حەزرەتی مەریەمو ئاسیە گەیبونە دەرەجەی (نبوة) ـ علیهما السلام ـ . ئەگەر موراد دەرەجەی ویلایەت بێ لازم ئەکا لە ژنانا هیچ (ولیة) نەبووبێ ، وایش نی‌یە ، هەموو ژنە ئەنبیا ـ غەیری ژنێکی نووحو ، ژنی‌لووط ـ علیهما الصلاة والسلام ـ بە بێ شك هەموو (ولیە) بوون ، سائیری ئەزواجی طاهیراتو حەزرەتی فاطیمەو ، هەموو ژنە صەحابیەو ئەمثالی رابیعەی عەدەوی‌یە ـ رضي الله تعالی عنهن ـ . . هەموو وەلی‌یە بوون ، ئەممانە گەیبونە غایەتی کەمال کە دەرەجەی نوبووەتە .

١١٥/٩٩٣ ابو وائل قال : لما بعث عليّ عمارا والحسن ـ رضي الله تعالى عنهم ـ الى الكوفة ليستنفرهم خطب عمار فقال : إِني لأعلم أنها زوجته في الدنيا والآخرة ولكن الله ابتلاكم لتتبعوه أواياها . ح ـ ١٣٨/٦ مرَّ في وقعة الجمل

تەرجەمە :

ئەبو وائیل ئەفەرموێ : کە حەزرەتی عەلی‌ی عەممارو حەزرەتی حەسەنی ـ رضي الله تعالی عنهم ـ نارد بۆ کووفە کە نەفیری عامیان پێ بکا بۆ موقابەلەی حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ عەممار ـ رضي الله

تعالى عنه ـ خوطبەی خوێن ، له ئەثنای خـوطبەکـەدا فەرمـووی : کە ئەزانم لێم (محقق)ە کە حەزرەتی عائیشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ ژنی دنیاو ئاخیرەتی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ ئەمما خوا ئێوەی موبتەلای ئەم وەقعەیە کردوە ئیمتیحانتان ئەکا کە : تابیعی خوا ئەبن بەمە کە ئیطاعەتی ئیمامی حەق بکەن یا تابیعی عائیشه ئەبن ـ رضي الله تعالى عنها ـ ؟

١١٦/٩٩٤ عن القاسم بن محمد أن عائشة [رضي الله تعالى عنها] اِشتكت فجاء ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال : يا ام المؤمنين تَقْدَمين على فَرَط صدق [اى السابق الى المنزل الصادق] على رسول الله ـ ﷺ ـ وعلى أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ح ـ ١٣٨/٦

تەرجەمە :

قاسمی کوڕی محەمەدی کوڕی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : حەزرەتی عـایشەی دایکمـان ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ نەخۆش کەوت ، عەبـدوڵڵای بنی عـەبباس ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ تەشریفی هات بۆعەیادەتی ، فەرمووی : ئەی دایکی هەموو موسوڵمانان تەشریفت ئەچێتە خدمەت کەسێ کە = لە = پێش ئوممەتەوە تەشریفی چوە کە مەنزڵمان بۆ حـازر بکا کـە پێشکەوتـوویێکی صادقـەو راستە ؛ تـەشریفت ئـەچێتە خـدمەت پێغـەمەر ـ ﷺ ـ و خـدمـەت حـەزرەتی صەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١١٧/٩٩٥ عروة [بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ] أن رسول الله ـ ﷺ ـ لما كان في مرضه جعل يدور في نسائه ، ويقول : أين أنا غدا ؟ حرصا على بيت عائشة . قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فلما كان يومي سكن . ح ـ ١٣٨/٦ . موصول في صورة المرسل .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - لە مەرەضی وەفاتیدا ئەگەڕا لە بەینی ئەزواجی طاهیراتا ، ئەیفەرموو : سبەینێ من لە کوێم ؟ ئەم سوئالەی بۆیـە بوو حیرصی لەسەر ئەوە بوو کە تەشریفی نەقڵ بکاتە بەیتی حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - [ئەزواجی طاهیرات هەموو موساعەدەیان کرد ، تەشریفی نەقڵی کردە هۆدەی حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها -] حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - = ئەفـەرموێ : = لـە ڕۆژی نەوبەتی منا وەفاتی کرد - عليه الصلاة والسلام - (فهنيئا له ذلك اليوم ، يوم لقائه الرفيق الاعلى) .

١١٨/٩٩٦ وعنه [عن عائشة - رضي الله تعالى عنها ظاهرا] قال : كان الناس يتحرون بهداياهم يوم عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فاجتمع صواحبي الى ام سلمة [رضي الله تعالى عنها] فقلن : يا ام سلمة والله إن الناس يتحرون بهداياهم يوم عائشة ، وإنا نريد الخير كما تريد عائشة ، فمري رسول الله - ﷺ - أن يأمر الناس أن يُهدوا اليه حيثما كان أو حيثما دار . قالت : فذكرتْ ذلك ام سلمة للنبيّ - ﷺ - قالت : فأعرض عني ، فلما عاد اليّ ذكرتْ له ذلك فأعرض عني ، فلما كان في الثالثة ذكرت له ، فقال : يا ام سلمة لا تـوذيني في عائشة ، فإنه والله ! ما نزل عليّ الوحي وأنا في لحاف امرأة منكن غيرها .

ح - ١٣٩/٦

تەرجەمە :

خەڵق کە دیارییان ئەبرد بۆ حەزرەتی پێغەمەر - ﷺ - ئەگەڕان چە ڕۆژێ نەوبەتی حەزرەتی عائیشەیە ، لەو ڕۆژەدا دیارییەکەیان تەقدیم ئەکرد . حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : کە هەموو

هەوێکانم لە لای (ام سلمە) دا کـۆبوونـەوە ، وتیان : (یـا ام سلمە) وەڵڵاهی خەڵق هەموو بۆ رۆژی عائیشە ئەگەڕێن ، لەو رۆژەدا هەدی یە ئەبەنە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ چۆن ئەو حەز بە خێر ئـەکا ئێمـەیش حەزی پێ ئەکەین ، عەرزی پێغەمەر بکە ـ ﷺ ـ کە ئەمر بکا بە خەڵق کە خۆی تەشریفی لای هەر ژنێکی بێ هەدی یەکەی بۆ ببەنە ئەوێ . عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : (ام سلمە) ئەوەی عەرزی پێغەمەر کرد ـ علیه الصلاة والسلام ـ (ام سلمە) فەرمووی : رووی لێ وەرگێرام ، کە نۆبەی خۆم هاتەوەو تەشریفی هات دووبارە عەرزم کرد ، دووبـارە رووی لێ وەرگێرام . لـە دەفعەی سێ یـەمیشا عـەرزم کـرد ؛ فەرمووی : ئەی (ام سلمە) لە خوصووصی عایشەوە ئەذییەتم مەدە ، وەڵڵاهی ! لە ژێر لێفەی هیچ کامتانا ـ غەیری عایشە ـ وەحیم بۆ نازڵ نەبوە .

۹۹۷/۱۱۹ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : إن كان رسول الله ـ ﷺ ـ ليتفقد يقول : أين أنا اليوم ؟ أين أنـا غدا ؟ استبـطاء ليوم عـائشة . قـالت : فلما كان يـومي قبضه الله بـين سحـري ونحـري .

م ـ ۳۳۶/۹

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشة ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمـووی : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بۆ رۆژی من ئەگەڕا ؛ ئەیفەرموو : ئیمرۆ لەکوێم ؟ سبەینێ لە کوێ ئەبم ؟ رۆژی منی بە دوورو درەنگ ئەزانی . کە رۆژی من هات خوا لە بەینی جەرگ‌و دڵما قەبضی رۆحی کرد ـ علیه الصلاة والسلام ـ .

۹۹۸/۱۲۰ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] ان الناس كانوا يتحرون بهـداياهم يـوم عائشـة ، يبتغـون بـذلـك مـرضـاة رسـول الله ـ ﷺ ـ

م ـ ۳۳۲/۹

تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالی عنها - ئەفەرموێ : خەڵق ئەگەران بۆ ڕۆژی حەزرەتی عائیشة ، لەو ڕۆژەدا دیارییان ئەبردە خدمەت پێغەمەر - ﷺ - بەوە طەلەبی ڕەضای پێغەمەریان ئەکرد - ﷺ - .

١٢١/٩٩٩ عن عـائشة [رضي الله تعـالى عنهـا] زوج النبيّ - ﷺ - قالت : أرسل أزواج النبي - ﷺ - فاطمة بنت رسـول الله - ﷺ - الى رسول الله - ﷺ - فاستأذنت عليه وهو مضطجع معي في مرطي فأذن لها ، فقالت : يا رسول الله اِن أزواجك أرسلنني اليك يسألنك العدل في اِبنة أبي قحافة ، وأنا ساكتة ، قالت : فقال لها رسول الله - ﷺ - : أي بنية اَلسْتِ تُحبِّين ما احبّ ؟ فقالت : بلى . قـال : فأَحبِّي هـذه . قالت : فقامت فاطمة حين سمعت ذلك من رسول الله - ﷺ - فأخبرهن بالذي قالت ، وبالذي قال لها رسول الله - ﷺ - . فقلن لها : ما نراك أغنيت عنا من شئ ، فـارجعي الى رسول الله - ﷺ - فقـولي لـه : اِن أزواجـك ينشدنك العدل في ابنة أبي قحافة . فقالت : والله لا أُكلم فيها أبدا .

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] فأرسلت أزواج النبيّ - ﷺ - زينب بنت جحش : زوج النبيّ - ﷺ - [ورضي عنها] وهي التي كانت تساميني منهن في المنزلة [أي تعادلني وتضاهيني] عند رسول الله - ﷺ - ولم اَرَ امرأة قط خيرا في الدين من زينب ، وأتقى لله ، وأصدق حـديثا ، وأوصل للرحم ، وأعظم صدقة ، وأشدّ اِبتذالا لنفسها في العمل الذي تصدق به ، وتقرب به الى الله - تعالى - ما عدا سَوْرة من حد كانت فيها تسرع منها الفيئة ، قالت : فاستأذنت على رسول الله - ﷺ - ورسول الله - ﷺ - مع عائشة في مرطها على الحالة التي دخلت فاطمة [رضي الله تعالى عنها] عليها وهوبها ، فأذن لها رسول الله - ﷺ - فقالت : يا رسول الله اِن

أزواجك أرسلنني اليك يسألنك العدل في اِبنة أبي قحافة . قالت : ثم وقعت بي ، فاستطالتْ عليّ ، وأنا أرقب رسول الله - ﷺ - وأَرْقبُ طرفه ؛ هل يأذن لي فيها ؟ قالت : فلم تبرح زينب حتى عرفت أن رسول الله - ﷺ - لايكره أن أنتصر . قالت : فلما وقعتُ بها لم أنشبها [أن أثخنتها غلبة . م اخرى] حين أنحيت عليها [قصدتها بالمعارضة] فقال رسول الله - ﷺ - وتبسم : اِنها ابنة أبي بكر . م - ٩/٣٣٣

تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : ئەزواجی پێغەمەر - ﷺ - ورضي عنهن - حەزرەتی فاطیمەی کچی پێغەمەریان - ﷺ - ناردە لای پێغەمەر - ﷺ - ئیستیذانی کرد ، پێغەمەریش - ﷺ - لەگەڵ منا لە ژێر مەوجەکەما راکشابوو ، پێغەمەر - ﷺ - ئیذنی دا . فەرمووی : (یا رسول الله) ژنەکانت منیان ناردۆتە خذمەتت عەداڵەتیان لێت ئەوێ لە خوصووصی کچی ئەبوقوحافەوە . حەزرەتی عائیشە فەرمووی : منیش بێدەنگ بووم . پێغەمەر - ﷺ - بە فاطیمەی فەرموو : ئەی کچی خۆم بۆ تۆ ئەوەت خۆش ناوێ کە من خۆشم ئەوێ ؟ فاطیمە فەرمووی : بەڵێ خۆشم ئەوێ . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : کە وابێ ئەمت خۆش بوێ .

حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : کە فاطیمە - رضي الله تعالى عنها - ئەمەی لە پێغەمەر - ﷺ - بیست هەڵساو ئەوەی کە عەرزی پێغەمەری کردبووو ئەو جوابەی کە پێغەمەر - ﷺ - دایەوەی بۆ ئەزواجی گێرایەوە . پێیان فەرموو : هیچ فائیدەیێکت بۆمان نەبوو ، بچۆرەوە عەرزی بکە : کە ژنەکانت سوێندت ئەدەن ، دەرحەق کچی ئەبو قوحافە طەلەبی عەداڵەتت لێ ئەکەن . حەزرەتی فاطیمە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : وەڵڵاهی قەط قسە لە عایشە ناکەم .

عائیشه - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : ئەزواجی پێغەمەر - ﷺ - زەینەبی کچی جەحشیان نارد ، کە ئەویش ژنی پێغەمەر بوو - ﷺ ورضي عنها - زەینەب لە جوانیو حورمەتا لە لای پێغەمەر - ﷺ - لە دەرەجەی منا بوو ، لە دنیادا هیچ ژنی وەکوو ئەوم نەدیوە ، لە هەموو ژن تەقوای لە خوا زیاتر بوو ، قسەی لە هەموویان راستتر بوو ، لە هەموویان زیاتر صیلەی رەحمی بەجێ ئەهێنا ، صەدەقەی لە هەموویان زیاتر بوو ، لە هەموویان بەسەعیتر بوو لەو عەمەلی صالیحەدا کە ئەیکردو بەوە (تقرب)ی (الی الله) ئەکرد . . . ئەوەندەی هەیە توندیو تیژییێکی بوو کە زوو لێی پەشیمان ئەبۆوەو بەسەر ئەچوو .

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : زەینەب ئیستیذانی کرد ، پێغەمەر - ﷺ - لەگەڵ عایشەدا لە ناو مەوجی ئەوا بوو لەسەر ئەو حاڵەتەی کە حەزرەتی فاطیمە - رضي الله تعالى عنها - چوە خذمەتی . پێغەمەر - ﷺ - ئیذنی دا . وتی : (یا رسول الله) ژنەکانت منیان ناردۆتە خذمەت ئەیانەوێ کە دەرحەق کچی ئەبوقوحافە عەداڵەت بەجێ بێنی . لە دواییدا زەینەب دەستی کرد بە لەسەروگوێلاك دانی من[1] ، زۆری درێژکردەوە ، منیش مونتەظیری پێغەمەر بووم - ﷺ - تەماشای چاویم ئەکرد تا بزانم ئیذنم ئەدا قسە بکەم یان نا ؟ فەرمووی :

---

(١) مەبەستی لە «لەسەرو گوێلاکدان» لێدانو دارکاریکردن نییەو ، مەبەستی قسەپێوتنە ، وەك دەڵێن : فلان کەسی داشۆرد . مانای وا نییە دایە بەر ئاو ، یان لە حەوزی هەڵکێشا .

زەینەب هەر وازی نەهێنا تا لێم مەعلووم بوو کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ پێی ناخۆش نی‌یە کە حەقی خۆم بکەمەوە . کە رووم تێکردو دەستم کرد بە موعارەضەکردنی هیچ مۆڵەتم نەدا تا بێدەنگم کردو غەڵـەبەم بـەسەرا کرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێکەنی‌و فەرمووی : ئەمە کچی ئەبوبەکرە .

قسەی زەینەب بە عایشەو جوابدانەوەی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ شتێکی وا نەبوە کە بە شەرع مەمنووع بووبێ ؛ گینا پێغەمـەر ـ ﷺ ـ زەینەبی بێدەنگ ئەکردو تەحسینی حەزرەتی عائیشەیشی نەدەکرد ، بەڵکو بێدەنگی ئەکرد .

١٢٢/١٠٠٠ قـاسم بن محمد عن عـائشة ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ قالت : كان رسول الله ـ ﷺ ـ اِذا خرج أقرع بين نسائه . فطارت القرعة على عائشة وحفصة فخرجتا معه جميعا . وكان رسول الله ـ ﷺ ـ اِذا كان بالليل سار مع عائشة يتحدث معها ؛ فقالت حفصة لعائشة : ألا تركبين الليلة بعيري وأركب بعيرك فتنظرين وأنظر ؟ قـالت : بلى . فـركبت عائشة على بعير حفصة ، وركبت حفصة على بعير عائشة . فجاء رسول الله ـ ﷺ ـ الى جمل عائشـة وعليه حفصـة ، فسلم ثم سار معهـا حتى نزلوا ، فافتقدته عائشة فغارَتْ ، فلما نزلوا جعلت تجعـل رجلها بـين الأذخر وتقول : يا رب سلط عليّ عقربا أو حية تلدغني ! رسولك ولا أستطيع أن اقول له شيئا . ح ـ ٨/ ١٠٠ ، م ـ ٣٣٨/٩

[وعند الاسماعيلي : ورسول الله ـ ﷺ ـ ينظر . قسطلاني]

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ئـەفەرمـوێ : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ تەشریفی بچوایە بۆ سەفەرێ قورعەی ئەکێشا لە بەینی حەرەمەکانیا . دەفعەیێ قورعـە لەسـەر عایشـەو حەفصـە دەرچوو ، هـەردوکیان لـە

خزمەتیا چوون ، پێغەمەر - ﷺ - کە شەو دائەهات لەگەڵ حـەزرەتی عایشەدا ئەرۆیی قسەی لەگەڵ ئەکرد . حەفصە بە عائیشەیٛ وت : بۆ تۆ سواری وشترەکەی من نابی و منیش سواری وشترەکەی تۆ ببم تێفکرین بزانین چی ئەبێ ؟ عایشە وتی : بەڵێ ، یەعنی باشـە . عایشـە سواری وشترەکەی حەفصە بوو و حەفصە سواری وشتـرەکەی عـائیشە بـوو . پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی هاتە لای وشترەکەی عایشەو حەفصەی سوار بوو بوو سەلامی کردو تەشریفی لەگەڵیا رۆیی تا باریان خست . عایشە ئەو شەوە پێغەمەری - ﷺ - ونکرد ، غیرەتی جۆشی سەند کە دابەزین پێی خۆی خستە ناو زورناتکی ئەویۆەو ئەیفەرموو : یارەببی دووپشکێ یا مارێکم بەسەرا (مسلط) بکەی پێمەوە دا ! ئەوە پێغەمەرە - ﷺ - ناتوانم هیچی پێ بڵێم . [کـە ئیمشـەو بـۆچیت بـەجێ هێشتم چـوویتـە لای حەفصە ؛ چونکی خەتای خۆم بوو]

لە سەفەرا دروستە قورعە لە بەینی ژنانا بکێشرێ کە کامیان لەگەڵ خۆی ببا . بە قەضاگێرانەوەی ئەو موددەیە لازم نی یـە . ئەممـا ئەگـەر سەفەری موباح نەبێ نە بە قورعە نە بە بێ قورعە دروست نی یە بەعزێکیان ببرێ و بەعزێکیان نەبرێ . ئەگەر کردی ئەبێ ئەو موددە بـە ئەوانی تـر بەقەضا بگێریتەوە .

لەم حەدیثانی پێشوەوە مەعلووم ئەبێ کە ئینسان هەر لە : نۆبەو ، جـلو ، خواردنـا . . لە بـەینی ژنانـا لە سـەری عەدالـەت لازمـە . موکەللەف نی یە بەوەی کە بە قەدیەك مەحەببەتی لەگەڵیان ببێ ؛ چونکی لە قودرەتی بـەشەرا نی یـە ﴿ولن تستطیعـوا أن تعدلـوا بین النسـاء ولو

حرصْتُم﴾[1] ئەبەدییا ئێوە ناتوانن کە لە لە بەینی ژنانا عەدالەت بەجێ بێنن با حەریصیش بن لەبەجێهێنانیا .

لە سەفەریشا لە وەختی رۆیینا قەسم لازم نی یە بۆ ئەوانەی کە لەگەڵینی ، لە قۆناغا لازمە .

حەسەدبردنی ژنانی پیاوێ بەیەکتری عەفوی لێ دراوە ، غیرەتکێشانیان بۆ مێردەکەیان دروستە بەو شەرطە ئیرتیکابی شتێ حەرامی تیا نەکرێ وەك جوێن ، وەك غەیبەت . لە سەروگوێلاکی درا موقابەلەی بەو شەرطە دروستە .

(١) بڕوانە : سوورەتی نیساء ، ئایەتی ٢٩ .

بسم الله الرحمن الرحيم

الالف الثاني[1]

١٠٠١/١٢٣ قالت : كنت ألعب بالبنات عند النبيّ - ﷺ - وكان لي صواحب يلعبن معي ، فكان رسول الله - ﷺ - إذا دخل يَتَقمَّعْن [يتغيبن] منه ، فيُسَرِّبهن [فيرسلهن] الي فيلعبن معي . ح - ٧٤/٩ ، م - ٣٣٢/٩

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : لای پێغەمەر - ﷺ - یاریم بە بووك ئەکرد [ئەوی کە کچان لە دارو چیتو لۆکە ئەیکەن] بەعزێ دەستەخوشکم بوو ئەوانیش لەگەڵ منا یارییان پێ ئەکرد ، کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی ئەهاتەوە دەستە خوشکەکانم خۆیان لێ ئەشاردەوە . پێغەمەر - ﷺ - ئەیناردنەوە لام یاریمان ئەکرد .

موساعەدەکردنی منالّ بۆ یاریکردن سوننەتە .

ئەو بووکانەی کە کچان لە شکلّی ئینسانو حەیواناو منالاّ دروستی ئەکەنو یاریی پێ ئەکەن دروستە . بەڵکو موساعەدەکردنیان سوننەتە ؛ چونکی موقەددیمەیە بۆ فێربوونی منالّ بەخەمکردنیانو ئیشی ناو مالّ .

---

(١) مەبەستی ئەوەیە تا ئێرە هەزار حەدیث تەرجەمە کراوە . لێرەوە هەزاری دوەمە .

قیاس لەوە هەرچی فائیدەیێکی ببێ لەو نەوعە شتانە دروستە .
وەك (فطوغراف) لە تەذكـەرەی نوفـووسا ، لـە سەنـەدی تاپـۆدا ، لە وەثیقەی ژن و مێردا ؛ چونکی زۆر حیلەی تیا ئەکرێ . (انما الاعمال بالنیات) . (الضرورات تبیح المحظورات)

ضەروورەت شتی مەمنـووع حەلاڵ ئـەکا ، وە حـەتتا لـە حینی حاجەتا بە دەرەجەی ئیحتیاجی یەکە ، نەك هەر بۆی حەلاڵ ببێ . . . سـوننەتیش ئـەبێ ، وەك ئەو میثـالانە . فـەرزیش ئـەبێ وەك گـۆشتی مردارەوەبوو ، وەك گۆشتی بەراز کە حەیات (توقف)ی ببەستێتە سەر .

ژنێ مارە بکا تەماشاکردنی سوننەتە .

حـەکیم بۆی دروسـتە تەمـاشای ژن بکـا ، حـەتتـا دەست لـە فەرجیشی بدا ، کە ئیحتیاجی نەما دووبارە حەرام ئەبێتەوە .

بـەعـزێ وەقت حـەلاڵیش حـەرام ئـەبێ ، نـانخـواردن . ئاوخواردنەوە زەرەری ببێ بۆ نەخۆش لێی حەرام ئەبێ . ئـەم نەوعـە ئەحکامانە لە حینی حاجەتا ئینقیلابیان لە بەینا ئەبێ . (لا حرج في الدين)

١٠٠٢/١٢٤ عنهـا ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ قالت : تـزوجني النبيّ ـ ﷺ ـ وأنا بنت ست سنين [وبنى بي وأنا بنت تسع سنين . قالت ، م] : فقدمنا المدينة ، فنزلنا في بني الحرث بن الخزرج ، فـوُكِعت ، فتمرق شعري [إنتتف] فوفي [كثر] جُمَيمة [ما سقط عن المنكبين ، وإذا بلغ الى شحمة الأذنين سمي وفرة] فأتتني امي : ام الرومان ، وإني لفي أرجوحة [گوریسی دیلانێ] ومعي صواحب لي ، فصرخت بي ، فأتيتها ، لا أدري ما تريد بي ، فأخذت بيدي حتى أوقفتنى على باب الدار ، وإني لأنهج [فعل أو أفعل ، أتنفس نفسا عاليا من الأعياء] حتى سكن بعض نفسي ، ثم أخذتُ شيئا من ماء فمسحت به وجهي ورأسي ، ثم أدخلتني الدار ،

فاذا نسوة من الأنصار في البيت ، فقلن على الخير والبركة وعلى خير طائر [حظٍّ ونصيب] فأسلمتني اليهن فاصلحن ، [فغسلن رأسي ، وأصلحنني م ـ ٦/١٥٨] من شأني ، فلم يَرُعني [فلم يفجأني] إلا رسول الله ـ ﷺ ـ فأسلمنني اليه وأنا يومئذ بنت تسع سنين . خ ـ ٦/٢٠٢ م ـ ٦/١٥٧ . جه .

[وعند أحمد : فإذا رسول الله ـ ﷺ ـ جالس على سرير ، وعنده رجال ونساء من الأنصار ، فأجلستني في حجره ، ثم قالت : هؤلاء أهلك يا رسول الله ، بارك الله لك فيهم ، فوثب الرجال والنساء ، وبنى بي رسول الله ـ ﷺ ـ في بيتنا . قسطلاني]

١٢٥/١٠٠٣ وعنها أن النبي ـ ﷺ ـ تزوجها وهي بنت سبع سنين ، وزفَّت اليه وهي بنت تسع سنين ولعبها معها ، ومات عنها ، وهي بنت ثمان عشرة . م ـ ٦/١٥٩

١٢٦/١٠٠٤ وعنها [رضي الله تعالى عنها] قالت : تزوجني رسول الله ـ ﷺ ـ في شوال ، وبنى بي في شوال ، فأيّ نساء رسول الله ـ ﷺ ـ كان أحظى عنده مني ؟ قال [عروة] : وكانت عائشة [رضي الله تعالى عنها] تستحب أن تدخل نساءها في شوال . م ـ ٦/١٦٠

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : عومرم شەش ساڵ بوو کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ مارەی کردم ، لە ریوایەتەکەی ترا : عومرم حەوت ساڵ بوو [یەعنی کەسرەکەی بە ساڵێ حسێب کردوە ، لەم ریوایەتەدا کەسرەکەی حسێب نەکردوە] [هاتە لام عومرم نە ساڵ بوو . م] [کە لە دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەگەڵ (ام الرمان)ی دایکمو ئەسمای خوشکم] هاتینە مەدینە ، لە ناو بەنی حەرثی کوڕی خەزرەجا دابەزین ،

تووشی لەرزو تا بووم ، سەرم رووتايەوە ، مووی سەرم نەختێ زۆر بوو تا ناوشانم درێژ بۆوە ، لە ناو ديلانێدا لەگەڵ چەند دەستە خوشكێكما ديلانێمان ئەكرد . (ام الرومان)ی دايكم بانگی كردم ، چوومە لای ، نەمەزانی چی لێم ئەوێ ، دەستی گرتم بردمی ، تا لەبەر دەرگای ماڵەوە رای‌وەستانم ، لەبەر ماندوێتی هەناسەم سوار بووبوو ، تا نەختێ پوشووم بەبەرا هاتەوە ، نەختێ ئاوم كرد بەسەر سەرو دەموچاوما ، لە دواييدا بردمێ ژوورێ كە تێفكريم بەعزێ ژنە ئەنصاری لێ بوو ، وتيان : لەسەر خێرو بەرەكەت‌و قسمەت‌و نەصيبێكی چاكا هات . دايكم دايمە دەست ئەوان ، سەريان شتم‌و رێكيان خستم ، ئەوەندەم زانی پێغەمەر - ﷺ - تەشريفی حازر بوو ، منيان تەسليم كرد ، ئەو رۆژە عومرم نۆ ساڵ بوو .

لە ريوايەتی ئەحمەدا ئەفەرموێ : كە چوومە ژوورێ پێغەمەر - ﷺ - لەسەر تەختێ دانيشتبوو ، بەعزێ پياوو ژنی ئەنصاريی لە خذمەتيا دانيشتبوون ، دايكم منی خستە باوەشی پێغەمەرەوە - ﷺ - و وتی : ئەمانە هەموو كەس‌و كاری تۆن خوا بە بەرەكەتيان بكا بۆت . لە دواييدا ئەوان هەڵسان رۆيين . پێغەمەر - ﷺ - لە ماڵی خۆمانا زەفافی لەگەڵ كردم .

لە ريوايەتەكەی ترا ئەفەرموێ : بە حەوت‌ساڵی مارەی‌كردم ، بە نۆساڵی كرديان بە بووك بۆی = بووك‌و ياری‌يەكانی خۆی پێ بوو = ، هەژدەساڵ بووم وەفاتی كرد .

لە ريوايەتەكەی دواييدا ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - لە مانگی شەووالا مارەی كردم ، لە شەووالیشا هاتەلام ، چە ژنێكی پێغەمەر - ﷺ - هەيە لە من لە لای خۆشەويستر بێ ؟ عوروە ئەفەرموێ :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وای حەزەکرد کە ژنانی خزمی هەر لە مانگی شەووالا بەبووکیی ببرێن .

خۆجوانکردنی ژن بۆ مێرد ، ژنهێنان لە شەووالا ، دۆعابۆکردنیان سوننەتە . بەعزێ ژنی خۆیی لە بەعزێکیان خۆشتر بوێ مەعفووە . موساعەدەکردنی منالآن بو یاریکردن سوننەتە . (دون البلوغ) کچ بەشوودان دروستە . لە هەشت تێپەڕیی لە بەشوودانیا مەحذوور نییە .

١٢٧/١٠٠٥ وعنها ـ رضي الله تعالى عنها ـ ان النبيّ ـ ﷺ ـ قال لها : أريتُكِ في المنام مرتين : أرى أنك في سرقة [قطعة] من حرير ويقول [جبريل ـ عليه السلام ـ] : هـذه امرأتـك فأكْشِفُ ، فـإذا هي أنتِ . فأقول : إن يك هذا من عندالله يمضه ح ـ ٣٠٣/٦ ، م ـ ٣٢٩/٩ وفي رواية : ثلاث مرات . قسطلاني .

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرمووم : لە خەوما دوو جار ، لە ریوایەتێکا سێ جار تۆم پێ نیشان درا ، تۆم لە ناو پارچەیێ ئاوریشما دی . جیبریل ـ علیه السلام ـ فەرمووی : ئەمە ژنی تۆیە ، ئاوریشمەکەم لەسەر لادای کە تێفکریم تۆ بووی ، وتم : ئەگەر ئەمە لە طەرەف خواوە بێ ئیمضای ئەکا ، یەعنی ئەیکا .

١٢٨/١٠٠٦ عروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنـه] قال : تـوفيت خديجة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قبل مخرج النبي ـ ﷺ ـ الى المدينة بثلاث سنين [أو أربع أو خمس] فلبث سنتين أو قريبا من ذلك [ثم دخل على سودة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قبل أن يهاجر] ونكح عائشة [رضي الله

تعالى عنها] وهي بنت ست سنين ، ثم بنى بها في شوال وهي بنت تسع سنين . ح ـ ٦/٢٠٤ .

هذا الحديث مرسل ، والأقرب أنه تحمله عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ .

تەرجەمە :

عورووە ئەفەرموێ : خەدیجة ـ رضي الله تعالى عنها ـ وەفاتی کرد سێ ساڵ لە پێش ئەمەدا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی بچێ بۆ مەدینە [بەعزێك ئەڵێن : چوار ساڵ ، بەعزێك ئەڵێن : پێنج ساڵ لە پێش هیجرەتا . لە دوای ئەو لە پێش هیجرەتاو لە پێش ئەمەدا کە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ مارە بکا سودەی مارە کرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پاشا حەزرەتی عائیشەیشی ـ رضي الله تعالى عنها ـ مارە کرد عومری شەش ساڵ بوو ، کە لە شەووالا چوە زەفافەوە عومری عایشە نۆ ساڵ بوو .

١٢٩/١٠٠٧ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : قال لي رسول الله ـ ﷺ ـ إني لأعلم إذا كنتِ عني راضية وإذا كنتِ عليَّ غضبى . قال : قلت : ومن أين تعرف ذلك ؟ قال : أمَّا إذا كنتِ عني راضية فإنكِ تقولين : لا وربِ محمد ، وإذا كنتِ غضبى قلت : لا ورب ابراهيم . قالت : قلت : أجل والله يا رسول الله ! ما أهجر إلا اسمك .

م ـ ٩/٣٣٠ ، ح ـ ٨/١٠٨

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرمووم : ئەزانم کە کەی لێم رازیت و کەی لێم عاجزی . عەرزم کرد : بە چی ئەوە ئەزانی ؟ فەرمووی : کە لێم رازی بی ئەڵێی

خەیر قەسەم بە رەببی محەمەد . کە لێم عاجز بی ئەڵێی : خەیر قەسەم بە رەببی ئیبراهیم . عەرزم کرد : بەڵێ وایە ، وەڵڵاهی (یا رسول الله) من کە لێت عاجز ببم هەر ناوت تەرك ئەکەم . [یەعنی حوببی ذاتی موبارەکت هەر لە دڵمایە ، قەط لێی ناچێتە دەرێ] .

١٠٠٨/١٣٠ **عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] [موقوفا إلا آخره فمرفوعا ، وفي بعض رواية ـ بينها القسطلاني ـ مرفوعا كله] قالت : جلس إحدى عشرة امرأة [في قرية من قرى اليمن ، وفي رواية إبن الهيثم بمكة] فتعاهدن وتعاقدن أن لا يكتمن من أخبار أزواجهن شيئا [حسنة أو سيئة] :**

١ ـ قالت الأولى : زوجي لحم جمل غَثٍّ [أي : شديد الهزال] على رأس جبل [وعر ، ت . أي كثير الأحجار ، يصعب الرقيُّ اليه] لا سهل فيرتقى [لصعوبة المسلك] ولا سمين [أي الجمل ، أو اللحم] فينتقل .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : یازدە ژن لە ئەهلی یەمەن لە مەجلیسێکا کۆبوونەوەو دانیشتن ، عەهدو پەیمانیان کرد لەسەر ئەمە کە ئەحواڵی مێردەکانیان ـ چاك بێ یا خراپ ـ نەشارنەوە ، هەمووی لەو مەجلیسەدا بگێرنەوە بۆ یەك .

١ ـ ئەووەڵ ژن کە قسەی کرد وتی : مێردەکەی من گۆشتی وشترێکی لەرە لەسەر شاخێکی بەرزی بەردەلانی یە ، کە سەرکەوتنی زۆر زەحمەتو بە مەشەققەتە ، سەرکەوتنی سووك نی یە کە ئینسان بە رەحەتی ی بچێ بیهێنێ ، گۆشتەکەیش قەڵەو نی یە کە ئینسان زەحمەتی بۆ بکێشێ و بچێ بیهێنێ . [یەعنی مێردەکەم زۆر بەخیلو چرووکە ، هیچ نادا بە ماڵو مناڵی ، زۆر ترۆو جەنگانی و تووڕەو

توندو تیژ و بەدخولقە ، لەگەڵی دەرنابرێو هەڵناکرێ .]

٢ ـ **قالت الثانية : زوجي لا أبثُّ خبره [لطوله وشناعته] اني أخاف أن لا أذره أن أذكره ، أذكرُه عجُرَه وبَجُره [عيوبه] .**

ژنی دوەم وتی : خەبەری مێردەکەم دوورو درێژە ، ناتوانم هەمووی بڵێم ، ئەگەر بیڵێم ئەبێ هەموو عەیبو خراپی یەکەی بڵێم ، هیچی تەرك نەکەم . [یەعنی کە وتم پێی ئەگاتەوە ، کە پێی گەییوە تەڵاقم ئەدا ، منالیشم لێی هەیە ناتوانم لێی جوێ‌بمەوە] .

٣ ـ **قالت الثالثة : زوجي العَشَنَّقُ [الطويل المذموم السيئ الخلقِ الأحمق] إن أنطِقْ أُطلَّقْ ، وإن أسكُتْ أُعلَّقْ . لا أيما ولا ذات بعل] .**

ژنی سێیەم وتی : مێردەکەم درێژێکی بەدخوڵقی ئەحمەقە ، ئەگەر عەیبی بڵێم [پێی ئەگاتەوەو] تەڵاق ئەدرێم ، ئەگەر نەیڵێم بە موعەللەقی ئەمێنمەوە ؛ نە بێوەژنم کە بتوانم شوو بکەم بە پیاوێکی باش ، نە مێرددارم کە فائیدەم لێی دەس‌کەوێ .

٤ ـ **قالت الرابعة : زوجي كَليلِ تِهامة [ليس فيه أذى ، بل فيه راحة ولذاذة عيش] لا حرٌّ ولا قُرٌّ ، ولا مخافة ولا سآمة .**

ژنی‌چوارەم وتی : مێردەکەم وەك شەوی حیجاز وایە ؛ نارەحەتی تیا نی‌یە ، هەر رەحەتی‌و لەذەتی عەیشی تیایە ، نە گەرمێکی وایە کە ئینسان پێی نارەحەت بێ ، نە ساردێکی وایە کە ئینسان سەرمای ببێ ، نە ترسی تیایە لە هیچ ، نە ئینسان لێی مەلوول ئەبێ . یەعنی خوڵقێکی باشی هەیە .

٥ ـ **قالت الخامسة : زوجي إن دخل فَهِدَ [أي يصير كالفهد ، ويغفل عن معايب البيت ، أو معناه : يثب عليَّ كالفهِد للجماع] ، وإن**

خرج أسِدَ ، ولا يسأل عما عَهِدَ .
ژنی پێنجەم وتی : مێردەکەم کە هاتەماڵەوە وەك شبری لێ یێ ، گورج خەوی لێ ئەکەوێ لە عەیبی ناوماڵ غافڵ ئەبێ . [یا وەك ئەو پەلامارم ئەداتێو سوارم ئەبێو ، موجامەعەم لەگەڵ ئەکا ، ئەوەندەی خۆشەوێم صەبرم لێ ناکا .] . [نازانم (فهد) چی یە ؟ مەیموونە ؟ سەگساره ؟ دەڵەکە ؟] . کە چوە دەرێ ئەبێ بە شێر ، لەوە کە لای بەجێ هێشتووم ناپرسێتەوە .
[فەهد : حەیوانێکە زۆر ئەنوێ ، زۆریش هەرا ئەکا ، وەصفیَ کردوە بە سەخاو حوسنی موعاشەرە] .
لە قەسطەلانیدا ئیحتیمالێکی تر ئەڵێ زۆر دوورو نامەعقوولە . تەماشای کە چۆن ئەم مەدحە ظاهیرە ئەکا بە ذەمێکی شەنیع . نووسینی عەیبە .
٦ ـ **قالت السادسة هند : زوجي إن أكل لفَّ ، وإن شرب إشتف ، وإن إضطجع إلتفّ ، ولا يولج الكفَّ ليعلم البثّ [أي الحزن] .**
شەشەم وتی : مێردەکەم کە خواردی لوولی ئەدا ، کە خواردی یەوە دڵۆپی تیا ناهێڵێ ، کە پاڵکەوت خۆی لە لێفەکەوە ئەپێچێنەوە ، دەست ناخاتە ناو جلەکانمەوە تا بزانێ حاڵی ژنەکەی چی یە ، یاری یێ یا گاڵتەو مەحەببەتێکم لەگەڵ بکا . یەعنی بەخیلە ، زۆرخۆرە ، لە ماڵو مناڵ ناپرسێتەوە ، هەر ورگی خۆیی ئەوێ .
٧ ـ **قالت السابعة حبي بنت علقمة : زوجي غياياء [خائب جاهل] أو [قالت] عياياء [وللنسائي : غياياء من غير شك] طباقاء [أحمق ، أو لا يحسن المجامعة] كل داء له داء شجّك أو فلَّك . أو جمع كلّا لك .**

ژنی حەوتەم وتی : مێردەکەم نەفام و بێ‌خێرە ، ئەحمەقە ، هیچی پێ ناکرێ ، موعامەلەی ژن و مێردیی نازانێ ، هەموو دەردی دنیا لەوا جەمعە ، یا سەرت ئەشکێنێ یا بەدەنت بریندار ئەکا ، یا هەردووکت بۆ کۆ ئەکاتەوە ؛ یەعنی سەریشت ئەشکێنێ و لەشیشت بریندار ئەکا .

٨ ـ قالت الثامنة [ياسر بنت جوس] : زوجي الريح ريح زَرْنَب [طيب] ، والمسُّ مس أرنب .

هەشتەم وتی : مێردەکەم دەستلێدانی وەك دەستلەکەروێشکدانە ، نەرم و شلە ، بۆنی وەك بۆنی عەطر خۆشە .

٩ ـ قالت التاسعة : زوجي رفيع العِماد ، طويل النِّجاد ، عظيم الرَّماد ، قريب البيت من الناد .

ژنی نۆیەم وتی : مێردەکەم کۆڵەکەی خانوەکەی بەرزە [لە دوورەوە ئەبینرێ کە بۆ میوانداریی بیچنێ] شەریطی شیرەکەی درێژە ، [یەعنی بالآ بەرزە] خۆڵەمێشی زۆرە [یەعنی بە دائیم بۆ میوان ضیافەت ئەکاو زۆر ئاگری لە مەطبەخا ئەسووتێ ، یەعنی پیاوێکی بەشەوکەت و سەخی یە] خانوەکەی لە مەجلیسی قەومەکەیەوە نزیکە بۆ تەدبیری شت ، موراجەعەی عەقڵی ئەو ئەکەن ، یەعنی لە ناو قەومەکەیا صاحیب رەئی و بە حورمەتە ، موعاشەرەی خۆشە ، صاحێب کەرەم و حوسنی خولقە .

١٠ ـ قالت العاشرة [كبشة بنت الأرقم] : زوجي مالك ، وما مالك ؟ مالك خير من ذلك ، له إبل كثيرات المَبارِك ، قليلات المسارح ، وإذا سمعن صوت المزهر أيقنَّ أنهن هوالك .

ژنى دەيـەم وتى : مێردەكـەم ماڵـداره ، ئەمما چه مـاڵدارێكى گەورەيه ؟ ماڵدارێكه لەوه زياترو چاكتره كه وتم . زۆر وشترى هەيه جێ مۆڵيان زۆره ، جێ لەوەڕيان كەمه ، يەعنى كه ئێوارێ لـه لەوەڕ هـاتنەوه گـەلێكيان لێ سـەرئەبـڕرێ ، گەلێكيـان بۆ سەربڕين له ماڵەوه ئەهێڵرێنەوه ، بۆسبەينێ ئەوەندەيان نامێنێ كه ئەچنه لەوەڕ ، هەر لێيان كەم ئەبێتەوه ، كه ميوانيان هات و له خۆشيانا عوودو كەمانيان لێداو وشتـرەكان گـوێيان لـەو عوودو كەمانه بوو لێيان يەقين ئەبێ كه هيلاك ئەبن و سەرئـەبڕێن بـۆ ميوان .

١١ - قـالت الحاديـة عشرة [أم زرع بنت اكيمـل بن ساعـد عاتكـة اليمنيـة] : زوجي أبو زرع ، فـما أبو زرع ؟ اَنـاسَ أذنيّ [أي حرك] وملأ من شحم عضديّ ، وبحجني [عظّمني] فَبَجَحتْ اليّ نفسي [وبَجَّــحَ نفسي ، فتبجّحت اليّ نفسي . ن أي فـرَّحني ففرحت] وجدني في أهل غُنَيمة بشق [موضع ، أو في مشقة لقلة العيش ، أو في غار جبل] فجعلني في أهل صهيل وأطيط [وجامل ن . أي صـاحب جمل] ، ودائس [يـدوس الزرع] ومُنَقّ [نقي الطعام] ، وعنده أقول فلا أُقَبَح ، وأَرْقَـد فاتصبَّـح ، وأشرب فأتَقنح [وفي رواية الهيتم : وآكل فاتمنح]

أم أبي زرع ! فما أم أبي زرع ؟ عكومها [أعدالها وغرائرها] رداح [ثقيل لكثرة ما فيها] وبيتها فِساح [واسع] .

إبن أبي زرع مضجعه كَمَسَلِّ شطبة [كمسلول السعفة الخضراء مهفهف . أو كالسيف المسلول لرونقه واستوائه ومهابته] ويشبعه ذراع الجفرة [ولد المعز الى أربعة اشهر ، وزاد إبن الأنباري :

ويرويه فيقة اليعرة ـ ما يجتمع من اللبن في الضرع بين الحلبتين . واليعرة العناق . ويميس في حلة النترة ؛ أي يتبختر في الدرع اللطيفة] .

بنت أبي زرع ! فما بنت أبي زرع ؟ طوع أبيها وطوع أمها ، [مطيعهما(!)] وزاد الزبير : وزين اهلها ونسائها] ومِلْءُ كسائها ، وغيظ جارتها .

جارية أبي زرع ! فما جارية أبي زرع ؟ لا تبث حديثنا تبثيثا ، ولا تُنَقِّثُ ميرتنا تنقيثا [لا تنفقه بالسرقة وغيرها] ولا تملأ بيتنا تعشيشا [بالكناسة والقمامة] قالت : خرج أبو زرع والأوطاب [زقاق اللبن] تمخض ، فلقي امرأة معها ولدان كالفهدين يلعبان من تحت خصرها برمانتين ، فطلقني ونكحها ، فنكحت بعده رجلا سَرِيًا [سيدا] ركب شَرِياً [فرسا جوادا] وأخذ خطيا وأراح عليَّ نعما ثَرِيًّا [كثيرا] وأعطاني مِنْ كل رائحة [مال تأتيه وقت الرواح] زوجا . وقال : كلي أم زرع ، وميري أهلك . قال : فلو جمعت كُلَّ شيْ ما أعطانيه ما بلغ أصغر آنيةِ أبي زرع !

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : كنت لكِ كأبي زرع لأم زرع [إلاَّ أنه طلقها وأنا لا أُطلقك ، الزبير] قال أبو عبد الله عن هشام : ولا تعشعش بيتنا تعشيشا . قال أبو عبدالله : وقال بعضهم فانقمح ـ بالميم ـ وهذا أصح . [أي أروي] م ـ ٩/٣٥٤ ، ح ـ ٨/٧٧ ، ن ، ت .

وفي أخرى : عياياء طباقاء ، ولم يشك . وقال : قليلات المسارح . وصفر ردائها ، وخير نسائها ، وعقر جارتها ، ولا تَنْقُث ميرتنا تَنقِيثاً . وقال : وأعطاني من كل ذابحة زوجا . م ـ ٩/٣٥٤ .

[وعند مسلم : وحقر جارتها أي : دهشتها . وزاد الطبراني : وحَيْنُ جارتها أي هلاكها . وزاد ابن السكيت : قبّاء : هضيمة الحشا ، جائلة الوشاح . فعماء : ممتلئة الأعضاء . عكناء : ذات عكن . طياء : بطنها هيفاء . نجلاء : واسعة العين . دعجاء : شديدة سواد العين . زجاء : مقوسة الحاجب . قنواء : طويلة الانف ، دقيقة الارنبة محدبتها . مؤنقة : معجبة . معنقة : مغذية بالعيش الناعم . . . كلها صفة بنته الحسنة .]

وعند الزبير بن بكار عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : دخل عليَّ رسول الله ـ ﷺ ـ وعندي بعض نسائه ، فقال يخصني بذلك : يا عائشة ! أنا لك كأبي زرع لأم زرع . قلت : يا رسول الله ما حديث أبي زرع وأم زرع ؟ قال : إن قرية من قرى اليمن كان بها بطن من بطون اليمن ، وكان منهن إحدى عشرة امرأة ، وإنهن خرجن الى مجلس فقلن : تعالين فلنذكر بعولتنا بما فيهم ، ولا نكذب . قسطلاني . وبهذه الرواية يصير الحديث كله مرفوعا . = قسط ٨٥ =

تەرجەمە :

ژنی یانزەهەم وتی : مێردی من ئەبوزەرعە . ئەمما چەئەبوزەرعەیێکە ؟ گوێی پڕ کردووم لە گوارە ، قۆڵی پڕ کردووم لە بەزو گۆشتا ، گەورەی کردووم لە ناو خەڵقا ، خۆمم لە لا گەورە بوو ، فەرەحی دامێ ، فەرەحناك بووم ، منی لە ناو قەومێکی فەقیری صاحێب مەڕی کەم دەستکەوت ، هێنامیە ناو عەشیرەتێکی صاحێبی ئەسپ و ماین چاك ، هێنامیە ناو صاحیب وشتری بارزۆر ، لە بەر گرانی بارەکانیان جیرەی داری کۆپانەکانیان ئەهات ، هێنامیە ناو ئەهلی صاحیب زەراعەت و خەرمان ، هێنامیە ناو قەومێکی خۆراك تەمییزو

پاکەوە . قسەی لە لا ئەکەم کەس ناڵێ خراپت وت ، ئەنووم سبحەینێ ئەکەمەوە هەڵنـاستێنن بۆ ئیش و فـرمان ؛ چـونکی ئیشکەر زۆرە . ئەخۆمەوە بە هەوەسی خۆم ، ئەخۆم و دەرخواردی خەڵقیشی دەدەم .

دایکی ئەبو زەرع چە دایکێك ؟ ! خەرارو جەواڵی قورس و پڕ ە ، ئەوەندە شتیان تیایە گران بوون ، خانوەکەی واسیع و گەورەیە .

کوڕی ئەبوزەرع چە کوڕێکە ؟ ! جێ نـوستن و خەوی وەك جێ شووڵێکی سەوزە کە لە توێکوڵ پاکرابێ ، یا وەکوو کالانی شیر وایـە ، خۆی وەکوو شیری لە کالان دەرهاتوو وایە ؛ صاف و بەڕڕاق و شەجیع و ئازا ، پێجکێکی کارژۆڵە تێری ئەکا ، ئەوەندە کەم خۆرە ، نەختێ شیر تێری ئەکا .

کچی ئەبوزەرع چە کچێك ؟ ! موطیعی دایك و باوکیەتی ، زینەتی ئـەهلی مـاڵی خۆیـانـە ، پڕ بـە کـراسیـەتی ، رقی هـەڵسێنـەری کچـە دراوسێ یەتی ، لە بەر جوانی ی بە داخەوە ئەیکوژێ ، ناوقەد باریکە ، ئەعضای لە گۆشت پڕە لەرەی لێوەیێ ، زکی لەبەر گۆشت چین چینە ، چاوگەورەیە ، چاوڕەشە ، برۆ کەوانە ، لووتی درێژ و باریك و بەڕڕاق و بـەرانی یە ، خـەڵقی ئەخـاتە حیـرەتەوە ، لـە عەیشێکی فـەرەح و زۆرا پەروەردە بوە .

جاری یەی ئەبوزەرع چە جاری یەیەکە ؟ ! قسەی ماڵەوە ناباتـە دەرەوە ، شتی ناوماڵ کەم ناکا ؛ بە عەفوای نادا ، ماڵمـان پڕ نـاکا لـە خەوش و خاڵ .

(ام زرع) وتی : ئەبوزەرع بۆ سەفەرێ چوە دەرەوە ، لە وەختێکا کە شیرەکەمان وەخبو بێ بە ماست ، یەعنی لە وەختی سبەینێدا ، یا لە وەختی فەرەحیدا . تووشی ژنێ بوو کەفەڵزل ، دوو کوڕی بوو ، بە دوو

هەنار لە ژێر کەفەڵیا يارييان ئەکرد . منی تەڵاقداو ئەوی هێنا ، لە دوای ئەو شووم کرد بە پیاوێکی گەورە ، سواری ئەسپی ئەصیل ئەبوو ، رمی باشی خەطی بەدەستەوە ئەگرت ، هەموو ئێواران وشترو گاگەل و مەرگەلی زۆر بۆ ئەهاتەوە . لە هەموو نەوعێ لە حەیوان جووتێکی دامێ ، پێی وتم : ئەی (ام زرع) بخۆو بە دیاریش بۆ قەوم و قیلەت بنێرە . ئەو هەموو شتانە کە ئەو دایمێ هەمووی کۆبکەیتەوە هەمووی بە زەرفێکی زۆر بچووکی ئەبوزەرع نابێ لە لام .

حەزرەتی عایشە فەرمووی : لە دوای ئەم حیکیایەتە = پێغەمەر = پێی فەرمووم : ئەی عایشە من بۆ تۆ وەك ئەبوزەرع وامە بۆ (ام زرع) ئەمما ئەبوزەرع ئومم وزەرعی تەڵاقدا من تۆ تەڵاق نادەم .]

موصاحەبەو حەسەبی حاڵ (!) دروستە . تەلطیفی ئەهل و عەیال سونەتە .

حديث الافك(١)

١٣١/١٠٠٩ عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي - ﷺ - قالت : كان رسول الله - ﷺ - إذا أراد أن يخرج سفرا أقرع بين نسائه ؛ فأيَّتهن خرج سهمها خرج بها رسول الله - ﷺ - معه .

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : فأقرع بيننا في غزوة غزاها [غزوة المريسيع ، وهي غزوة بني المصطلق] فخرج فيها سهمي ، فخرجت مع رسول الله - ﷺ - وذلك بعدما أنزل الحجاب ؛ فانا أُحْمَلُ في هودجي وأُنزَل فيه مسيرنا . . . حتى إذا فرغ رسول الله - ﷺ - من غزوه وقفل راجعا ودنونا من المدينة ، آذن ليلة بالرحيل ، فقمت حين آذنوا بالرحيل ، فمشيت حتى جاوزت الجيش ، فلما قضيت من شأني أقبلت الى الرحل ، فلمست صدري ، فإذا عِقْدي من جزع ظفار [مدينة باليمن] قد انقطع . فرجعت فالتمست عقدي ، فحبسني ابتغاؤه ، وأقبل الرهط الذي كانوا يرحلون [بي . نسخة] فحملوا هودجي ، فرحلوه على بعيري الذي كنت أركب ، وهم يحسبون أني فيه .

---

(١) ڕووداوی (ئیفك) ئەو ڕووداوەیە کە حەزرەتی عائیشە - خ - (وەك لەمەولا بە درێژی باس دەکرێت) لەو غەزادا لە سوپاکە بەجێ ماو ، دوایی مونافیقەکان بوختانیان پیاکردو ، ڕووداوەکە ماوەیەکی خایاندو ، قسەو باسی ناو ماڵو سەردەمی خەڵکی مەدینە بوو . تا خودا لە سوورەتی (نور)دا پاکێتی حەزرەتی عائیشەی ڕاگەیاندو ، ئەوانەی بەدرۆخستەوە کە ویستیان خانەوادەی پێغەمەر - د - لەکەدار بکەن .
سەرەتای ئایەتەکان بەم شێوە دەست پێدەکات ﴿إن الذين جاؤا بالافك . . .﴾ بەم بۆنەوە ڕووداوەکەیش بە ڕووداوی (ئیفك) ناوی دەرکرد .

قالت : وكانت النساء إذ ذاك خفافاً لم يُهبَّلن [من هُبِّل أو هَبل كعلم ، او هَبَل كنصر . من نووي] ولم يغشهن اللحم ، إنما يأكلن العُلْقة [القليل] من الطعام ، فلم يستنكر القوم خفة (ثقل .م] الهودج حين رحلوه وحملوه ، وكنت جارية حديثة السن . فبعثوا الجمل وساروا ، ووجدت عقدي بعدما استمر الجيش ، فجئت منازلهم ، وليس بها داع ولا مجيب . فتيممت منزلي الذي كنت فيه . وظننت أن القوم سيفقدونني ، فيرجعون اليَّ ، فبينا أنا جالسة في منزلي غلبتني عينيً . فنمت .

تەرجەمە :

عائیشەی حەرەمی پێغەمەر - ﷺ - ورضي عنها - فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی بچوایە بۆ سەفەرێ لە بەینی ژنەکانیا قورعەی ئەکێشا ، هەرکامێکیان قورعەی دەربچوایە پێغەمەر - ﷺ - ئەوەی لە خزمەت خۆیا ئەبرد .

لە غەزای (مر یسیع)ا کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی ئەچوو قورعەی لە بەینمانا کێشا ، لەو قورعەدا قورعەی من دەرچوو ، لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - چووم ، ئەوە لە دوای نوزوولی ئایەتی حیجاب بوو ، منیش لەو سەفەرەدا لە ناو کەژاوەدا سوارئەکرام و دائەبەزێنرام . . تا پێغەمەر - ﷺ - لە غەزاکەی بووەوەو تەشریفی گەڕایەوە بۆ مەدینەو لە مەدینە نزیك بووینەوە ، شەوێ ئەمری کرد : کە بار کەن و کەونەرێ ، کە ئەمر کرا بە بارکردن هەڵسام بۆ قەزای حاجەت ڕۆییم تا لە لەشکرەکە تێپەڕ بووم . کە لە قەزای حاجەت بوومەوەو گەڕامەوە بۆ لای بارخانەکەمەوە دەستم دا لە سنگم ملیوانکەکەم بچڕابووەوە ، ملیوانکەکەیشم لە بەردی ظەفار بوو ، کە شارێکە لە یەمەن .

گەڕامەوە کە بۆ ملیوانکەکەم بگەڕێم ، بۆی گەڕانم درەنگی پێ خستم ، ئەوانەی کە کەژاوەکەی منیان لە وشترەکە ئەنا هاتن کەژاوەکەیان هەڵگرتم و نایانە سەر وشترەکەی کە سواری ئەبووم . وایان ئەزانی کە لە ناو کەژاوەکەدام .

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : ئەو وەختە ژنان سووك بوون ، گۆشت قورسی نەکردبوون ، هەر بە قەد نەمرو نەژی کەمیان ئەخوارد . گرانی و سووکی ی کەژاوەکە کە هەڵیان گرت و نایان لە وشترەکە لە لایان عەجائیب نەما ، من ئەو وەختە کچێکی تازەساڵ بووم . یەعنی منداڵ بووم و قورس نەبووم . وشترەکەیان هەڵسان و ڕۆیین ، کە لەشکرەکە کەوتنەڕێ ملیوانکەکەم دۆزی یەوەو هاتمەوە بۆ جێی لەشکرەکە ، نە بانگکەری لێ بوو نە جوابدەرەوە . چوومەوە ئەو جێیەی کە لێی بووم ، وا تێگەییم کە بۆم ئەگەڕێن و یێن بە شوێنما . لەو وەختەدا کە لە جێگەکەی خۆما دانیشتبووم خەو غەڵەبەی لێ کردم و نوستم .

وكان صفوان بن معطّل السّلمي ثم الذكواني قد عرّس من وراء الجيش ، فأدلج [سار آخر الليل] فأصبح عند منزلي ، فرأى سواد إنسان نائم فأتاني فعرفني حين رآني ، وقد كان رآني قبل أن يضرب الحجاب عليَّ ، فاستيقظت باسترجاعه حين عرفني ، فخمَّرت وجهي بجلبابي ، والله ! ما يكلمني كلمة ولا سمعت منه غير كلمة استرجاعه حتى أناخ راحلته ، فوطئَ على يدها ، فركبتها ، فانطلق يقود بي الراحلة حتى أتينا الجيش بعدما نزلوا موغرين [نازلين في شدَّة الوغرة . أي الحر] في نحر الظهيرة [وقت القائلة] فهلك من هلك في شأني . وكان الذي تولَّى كِبْرَهُ عبدالله بن أُبَيّ بن سلول [المنافق] .

تەرجەمە :

صەفوانی کوڕی موعەططەلی سەلەمیی زەکوانی لە دوای لەشکرەکەوە لە ئاخری شەوا لێی نوستبوو ، شەورەوی ئاخری شەوی کرد ، لای مەنزڵەکەی منەوە ڕۆژی لێ بووەوە ، قەراڵتی ئینسانێکی نوستووی بەدی کرد ، هات بە لامەوە ، کە چاوی پێم کەوت ناسیمی یەوە ، لە پێش ئەمەدا کە خۆداپۆشینمان بۆ نازڵ بێ منی دیبو بە [إنا لله وإنا اليه راجعون] ی ئەو خەبەرم بۆوە ، ڕووی خۆمم بەو لیباسەی کە لەبەرما بوو داپۆشی . وەڵڵاهی ! کەلیمەیێ قسەی لەگەڵ نەکردم ، کەلیمەیێکم لێ نەبیست غەیری (استرجاع) ەکەی . تا وشترەکەی ییخ داو پێی نا بە سەردەستی وشترەکەداو سواری بووم . سەری وشترەکەی ڕاکێشا تا هاتینە ناو لەشکرەکەوە لە وەختی گەرمای نیوەڕۆدا ، بۆ ئیستراحەت باریان لێ خستبوو . ئیتر ئەوی دەرحەق من بە هیلاکا چوو هیلاك بوو . ئەوی کە موعظەمی قسەی ئیفکی ڕازانبووەوە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولی موناڤیق بوو .

فقدمنا المدينة ، فاشتكيت حين قدمنا شهرا والناس يفيضون في قول أهل الافك ، ولا أشعر بشيءٍ من ذلك ، وهو يريبني [من راب ، أو أراب] في وجعي إني لا أعرف من رسول الله ـ ﷺ ـ العطف الذي كنت أرى منه حين أشتكي . إنما يدخل رسول الله ـ ﷺ ـ فيسلم ثم يقول : كيف تيكم ؟ فذاك يريبني ولا أشعر بالشرِّ .

حتى خرجت بعدما نقِهْتُ وخَرَجتْ معي أم مسْطح قبل المناصع ، وهو مُتَبَرَّزُنا ، ولا نخرج إلا ليلا الى ليل ، وذلك قبل أن نتخذ الكُنُفَ قريبا من بيوتنا ، وأمرنا أمر العرب الأُوَل [وبفتح فتشديد] في التنزه . وكنا نتأذى بالكُنُفِ أن نتخذها عند بيوتنا ، فانطلقت أنا وأم مسطح ،

وهي بنت أبي رُهْم بن المطلب بن عبد مناف ، وأمها بنت صخر بن عامر ، خالة ابي بكر الصديق [رضي الله عنه] وابنها مِسْطح [عامر] بن أثاثة ، بن عباد ، بن المطلب . فأقبلت أنا وبنت أبي رُهْم قِبَلَ بيتي حين فرغنا من شأننا ، فعثَرَتْ أم مسطح في مرطها ، فقالت : تعس مسطح ! فقلت لها : بئس ما قلت ! أتسبين رجلا قد شهد بدرا ؟ ! قالت : أي هنتاه ! أوَ لَمْ تسمعي ما قال ؟ قلت : وماذا قال ؟ قالت : فأخبرتني بقول أهل الافك . فازددت مرضا الى مرضي .

تەرجەمە :

هاتینەوە مەدینە ، کە گەیینە مەدینە مانگیٚ نەخۆش کەوتم ، خەڵقیش هەر قسەیان لە قسەی ئەهلی ئیفك ئەکردو ، منیش خەبەرم لە هیچ نەبوو . هەر ئەوە منی ئەخستە شوبهەوە لە نەخۆشی یەکەما ئەو لوطفە کە لە پیٚغەمەرم - ﷺ - ئەدی کە نەخۆش بوومایە ئەم جارە لیٚم نەئەدی . ئەوەندە نەبیٚ تەشریفی ئەهات و سەلامی ئەکردو ، ئەیفەرموو : نەخۆشەکەتان چۆنە ؟ ئەوە ئەیخستمە شوبهەوە ، بیٚخەبەر بووم لە شەڕ .

تا لە دوای ئەوە کە لە نەخۆشی یەکەم ئیفاقەم بوو ، ئیٚشتا تەواو نەکەوتبوومەوە سەر خۆم ، چوومە دەریٚ و (أم مسطح) یش لەگمەڵما هات بۆ (مناصع) کە جیٚگەییٚکە لە دەری مەدینە ئەویٚ جیٚی چوونەسەراومان بوو ، هەر شەواوشەو ئەچووینە دەریٚ بۆ سەراو . ئەوە لە پیٚش ئەوەدا بوو کە لە نزیك ماڵەکانمانا ئابدەستخانە دروست بکەین . هەروەك عەرەبی پیٚشوو وابووین ، لە چوونەسەراوا بیٚزمان ئەکرد لەوە کە عادەبخانە لە لای خانوەکانمانەوە دروست بکەین . من و (ام مسطح) لیٚماندا ڕۆیین . (ام مسطح) کچی ئەبو روهم بوو ، ئەبوروهم کوڕی

موطەلیبی کوڕی عەبدولمەناف بوو ، دایکی (ام مسطح) کچی صەخری کوڕی عامیر بوو ، پووری - خوشکی دایکی - ئەبوبەکری صەدیق بو - رضي الله تعالى عنه - [نـاوی ام مسطح سـەلما بـو] . کوڕەکـەی کە میسطەحە کوڕی ئەثاثەی ، کوڕی عوببادی ، کوڕی موطەلیب بوو [لە دوای قەزای حاجەت] من و کچی ئەبوڕوهم روومانکردە ماڵەوە . (ام مسطح) پێی هەڵەنگوت لەو جلەی کە لەبەریا بوو . وتی : دەك ملی میسطەح بشکێ ! پێم‌وت : چەشتێکی خراپت وت ! بۆ جوێن ئەدەی بە پیاوێ کە لە غەزای بەدرا بووبێ ؟ وتی : ئەی فلانە بۆ نەت بیستوە کە چی وتـوە ؟ وتم : چی وتوە ؟ وتی و خـەبـەری قسـەی ئـەهـلی ئیفکی بـۆ گێڕامەوە . نەخۆشیم لەسەر نەخۆشی یەکەم زیادی کرد .

فلما رجعت الى بيتي فـدخل علـيَّ رسول الله - ﷺ - فسلم ، ثم قال : كيف تيكم ؟ قلت : أتأذن لي أن آتي أبويَّ ؟ قالت : وأنا حينئذ أريد أن أتيقَّنَ الخبر من قبلهما ، فأذن لي رسول الله - ﷺ - فجئت أبويَّ فقلت لأمِّي : يا أُمتاه ما يتحدث الناس ؟ فقالت : يا بنيَّة هوني عليكِ ، فوالله ! لَقلَّما كانت امرأة قط وضيئة عند رجل يحبها ، ولها ضـرائر اِلاَّ كثرّنَ عليها . قالت : قلت : سبحان الله ! وقد تحدث النـاس بهذا ؟ قالت : فبكيت تلك الليلة حتى أصبحت لا يرقأ لي دمع ، ولا اكتحل بنوم . ثم أصبحت أبكي .

ودعا رسول الله - ﷺ - عليَّ بن ابي طالب [رضي الله تعالى عنه] وأسامة بن زيد [رضي الله تعالى عنه] حين استَلْبَث الوحيُ يستشيرهما في فراق أهله . قالت : فأما أسامة بن زيد فأشار على رسـول الله - ﷺ - بالذي يعلم من براءة أهله ، وبالذي يعلم في نفسه لهم من الود . فقال : يا رسول الله هم أهلك ولا نعلم إلاخيرا . وأما علي بن أبي طالب فقال :

لِم يضيق الله عليك والنساء - سواها - كثير . وإن تسأل الجارية تَصدُقْك . قالت : فدعا رسول الله - ﷺ - بريرة ، فقال : أي بريرة هل رأيتِ مِن شيْ يُريبك [أو من راب يريب] من عائشة ؟ قالت له بريرة : والذي بعثك بالحق ! اِنْ رأيت عليها أمرا قط أغمِصُه عليها أكثر من أنها جارية حديثة السن تنام عن عجين أهلها ، فتأتي الداجن فتَأكُله .

كه گەڕامەوە بۆ ماڵەوە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی هاتەلام ، سەلامی کرد ، لە دوای سەلام فەرمووی : ئەوە چۆنە ؟ عەرزم کرد : (یا رسول الله) ئیذنم ئەدەی کە بچمە لای دایكو باوکم ؟ عائیشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : ئەو وەختە کە ئیذنم خواست مەقصوودم وابوو کە لە طەرەف ئەوانەوە تەحقیقی خەبەرەکە کە چی یە بیکەم . پێغەمەر - ﷺ - ئیذنی دام .

چوومەوە لایان بە دایکم وت : ئەی دایە خەڵق قسە لە چی ئەکەن ؟ وتی : ئەی کچی خۆم خۆت سەخڵەت مەدە . وەڵلاهی ! کەم وا بوە کە ژنێ جوان لای پیاوێ بێو ئەو پیاوە ئەو ژنەی خۆش بوێو هەوێ زۆری بێو قسەی زۆری لێ نەکەن . عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : وتم : (سبحان الله !) بۆ خەڵقی لەمە ئەدوێن ؟ !

فەرمووی : ئەو شەوە تا ڕۆژ بووەوە هەر گریام فرمێسکم نەدەنیشتەوە ، خەو نەئەچوە چاوم . ڕۆژم لێبووەوە ئەگریام . پێغەمەر - ﷺ - عەلی ی کوڕی ئەبوطالیبو ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگکرد [رضي الله تعالى عنهم] لەو وەختە کە وەحی وەستابوو نەئەهات . موشاوەرەی لە خوصووصی جوێبوونەوەی لە عەیالی خۆی لەگەڵ کردن . فەرمووی : ئەمما ئوسامە لە خوصووصی بەریبوونی عەیالی پێغەمەر - ﷺ - وەو ، خوصووصی ئەو مەحەبەتو صەداقەتەی کە

لەگەڵیانا هەیەتی ئەوی ئەیزانی عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ وتی : (یا رسول الله) ئەوانە ئەهلی خۆتن ، دەرحەقیان غەیری خێر هیچی تر نازانین .

عەلی کوڕی ئەبوطالیب وتی : (یا رسول الله) خوا ژنی لێ قات نەکردووی . غەیری ئەو ژن زۆرە . [یەعنی زۆر سەغڵەتی خۆت مەدە ، شوبهەت لێی هەیە تەلاقی بدەو یەکێکی تر بهێنە . ئیتر ئەمە بە موقتەضای بەشەری یەت بوو بە سەبەبی ئەمە کە حەزرەتی عایشە تا وەفاتی کرد نەیوت : عەلی . بوو بە سەبەبی وەقعەی جەمەل . لەگەڵ موعاویەدا (اتفاق)ی کرد لە (علیه)ی حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ . . .]

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : ئەگەر لە جاریەکەی بپرسی ئەو راستیت عەرز ئەکا . [ئەم قسەی حەزرەتی عەلی‌یە ـ رضي الله تعالى عنه ـ وای لێ دەرەکەوێ کە ئەوەی عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ بۆیە نەبوو کە ئەو تەصدیقی ئەهلی ئیفك بکا ، یا ئیشتیراکی لەگەڵیانا بووبێ . هەر بۆ (تسلّي) حوزنی پێغەمەر بو ـ ﷺ ـ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەریرەی بانگ کرد لێی پرسی : ئەی بەریرە تۆ هیچت لە عائیشە دیوە کە بەوە لێی بکەوی‌یە شوبهەوە ؟ بەریرە عەرزی کرد : قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە ! هیچ شتێکم لێ نەدیوە کە لێی بە عەیب بگرم ، غەیری ئەوە کە جاری‌یەیەکی تازەساڵەو ئەنوێ‌و لە هەویری ماڵەوە غافڵ ئەبێ‌و بزنی ناوماڵ ئێن هەویرەکەی ئەخۆن .

قالت : فقام رسول الله ـ ﷺ ـ على المنبر ، فاستعذر من عبدالله بن أبي بن سلول . قالت : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ وهو على المنبر ـ : يا معشر المسلمين ! من يعذرني من رجل قد بلغني أذاه في أهل بيتي ؟

الله ! ما علمت على أهل إلا خيرا . ولقد ذكروا رجلا ما علمت عليه خيرا ، وما كان يدخل على أهلي إلا معي .

فقام سعد بن معاذ الأنصاري [رضي الله تعالى عنه] فقال : أنا أعذرك منه يا رسول الله : إن كان من الأوس ضربنا عنقه ، وإن كان من إخواننا الخزرج أمرتنا ففعلنا أمرك .

قالت : فقام سعد بن عبادة [رضي الله تعالى عنه] وهو سيد الخزرج ، وكان رجلا صالحا ، ولكن إجتهلته الحمية ، فقال لسعد بن معاذ : لعمر الله ! لا تقتله ولا تقدر على قتله . فقام أُسيد بن حضير ـ وهو ابن عم سعد بن معاذ [رضي الله تعالى عنهما] ـ فقال لسعد بن عبادة : كذبت ، لعمر الله ! لنقتلنه فإنك منافق ، تجادل عن المنافقين . فثار الحيان : الأوس ، والخزرج حتى همُّوا أن يقتتلوا ـ ورسول الله ـ ﷺ ـ قائم على المنبر ـ فلم يزل رسول الله ـ ﷺ ـ يخففهم حتى سكتوا ، وسكت .

قالت : وبكيت يومي ذلك لا يرقأ لي دمع ولا أكتحل بنوم ، ثم بكيت ليلتي المقبلة لا يرقأ لي دمع ، ولا أكتحل بنوم . وأبواي يظنان أن البكاء فالق كبدي . فبينما هما جالسان عندي ، وأنا أبكي ، إستأذنت عليَّ امرأة من الانصار ، فأذنت لها ، فجلست تبكي .

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لەسەر مینبەر راوەستاو عوذری لە خەڵق طەڵەب کرد . کە (تجزیه)ی عەبدوڵلای ، کوڕی ئوبەیی ، کوڕی سەلوول بکا ؛

چونكی ئیفتیرای به حه‌زره‌تی عایشه كردوه . له‌سه‌ر مینبه‌ر فه‌رمووی : ئه‌ی جه‌ماعه‌تی موسلیمین كێ به مه‌عذوورم ئه‌زانێ ده‌رحه‌ق پیاوێ كه ئه‌ذاو جه‌فای ئه‌وم ده‌رحه‌ق ئه‌هل و به‌یتم پێگه‌یوه‌ته‌وه ؟ وه‌للاهی ! غه‌یری خێر ده‌رحه‌ق ئه‌هلی به‌یتم هیچی ترم نه‌دیوه . به پیاوێكیشه‌وه ئیفتیرایان پێ كردوه كه غه‌یری خێر له‌و پیاوه هیچ خراپی ئه‌وم لێ مه‌علووم نه‌بوه ، له‌گه‌ڵ منا نه‌بووبێ نه‌هاتۆته ناو ماڵی ئێمه‌وه .

سه‌عدی كوڕی مه‌عاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ته‌شریفی هه‌ڵسا . فه‌رمووی : (یا رسول الله) من به مه‌عذوورت ئه‌گرم ؛ ئه‌گه‌ر ئه‌و پیاوه له ئه‌وس بێ له گه‌ردنی ئه‌ده‌ین ، ئه‌گه‌ر له براده‌رانی خه‌زره‌جیمان بێ ئه‌مرمان پێ ئه‌فه‌رمووی ئه‌مره‌كه‌ت به‌جێ بێنین .

حه‌زره‌تی عایشه فه‌رمووی : سه‌عدی بنی عوباده كه سه‌یيدی خه‌زره‌ج بوو هه‌ڵسا . سه‌عدی بنی عوباده پیاوێكی صاڵح بو ، ئه‌مما حه‌می‌یه‌ت ئه‌و جه‌هاله‌ته‌ی پێكرد : به سه‌عدی كوڕی مه‌عاذی وت : قه‌سه‌م به خوا ! نایكوژی‌و ناتوانی بیكوژی .

له دوای ئه‌و ئوسه‌یدی كوڕی حوضه‌یر ـ كه ئامۆزای سه‌عدی كوڕی مه‌عاذ بوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هه‌ڵسا ، به سه‌عدی كوڕی عوباده‌ی فه‌رموو : درۆت‌كرد ، قه‌سه‌م به خوا ! ئه‌یكوژین . به ته‌حقیق تۆ موونافیقی ، موجاده‌له بۆ موونافیقان ئه‌كه‌ی . ئه‌وس و خه‌زره‌ج هه‌ردوكیان په‌لاماری یه‌كتری‌یان دا كه به گژ یه‌كا بچن . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته‌شریفی له‌سه‌ر مینبه‌ره‌كه‌ی راوه‌ستابو هه‌ر خه‌ریك بوو رقه‌كه‌یانی ئه‌نیشانه‌وه ، تا بێده‌نگ بوون ، ئه‌ویش بێده‌نگ بوو .

حه‌زره‌تی عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ فه‌رمووی : ئه‌و رۆژه هه‌ر گریام فه‌رمێسكم نه‌ده‌نیشته‌وه‌و خه‌و نه‌ده‌چوه چاوم ، شه‌وی

دواييش هەر گريام فرمێسكم نەئەنيشتەوەو خەو نەئەچوە چاوم . دايكو باوكم وايان ئەزانى كە گريان جەرگم لەت ئەكا . لەو وەختەدا كە ئەوان لام دانيشتبوون و منيش ئەگريام ژنێ لە ئەنصار ئيذنى خواست بۆ لام ، ئيذنم داو هات و دانيشت و ئەگريا .

قالت : فبينا نحن على ذلك دخل علينا رسول الله ـ ﷺ ـ ثم جلس . قالت : ولم يجلس عندي منذ قيل لي ما قيل . وقد لبث شهرا لا يوحى اليه في شأني بشيئ . قالت : فتشهد رسول الله ـ ﷺ ـ حين جلس ، ثم قال : أما بعد : يا عائشة ! فإنه بلغني عنكِ كذا وكذا ؛ فإن كنتِ بريئة فيبرئكِ الله ، وإن كنتِ أَلْمَمْتِ بذنب فاستغفري الله وتوبي اليه . فإن العبد إذا اعترف بذنب ثم تاب تاب الله عليه . قالت : فلما قضى رسول الله ـ ﷺ ـ مقالته قلص دمعي ، حتى ما أُحِسُّ منه قطرة . فقلت لأبي : أجب عني رسول الله ـ ﷺ ـ فيما قال . فقال : والله ما أدري ما أقول لرسول الله ـ ﷺ ـ . فقلت لأمّي : أجيبي عني رسول الله ـ ﷺ ـ فقالت : والله ما أدري ما أقول لرسول الله ـ ﷺ ـ فقلت ـ وأنا جارية حديثة السن ، لا أقرأ كثيرا من القرآن ـ : إني والله لقد عرفت أنكم قد سمعتم بهذا حتى استقر في نفوسكم وصدقتم به . فإن قلت لكم : إني بريئة ـ والله يعلم إني بريئة ـ لا تصدقوني بذلك . ولئن اعترفت لكم بأمر ـ والله يعلم إني بريئة ـ لتصدقونني . وإني والله ما أجد لي ولكم مثلا إلا كما قال أبو يوسف [عليهما الصلاة والسلام : ﴿فصبر جميل ، والله المستعان على ما تصفون﴾[1] قالت : ثم تحولت واضطجعت على فراشي .

(١) يوسف /١٨ .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کە ئێمە لەسەر ئەو حاڵەدا بووین پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هات و دانیشت . لەو رۆژەوە کە ئەو ئیفتیرایە دەرحەقم بێژرابو لە لام دانەنیشتبوو . مانگێ رابوردبوو دەرحەقم هیچ وەحی نازڵ نەبووبوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی دانیشت کەلیمەی شەهادەتی هێنا ، لە دواییا فەرمووی : (اما بعد) ئەی عائیشە ! لە دەرحەق تۆوە ئەوەو ئەوەم پێگەییوەتەوە . ئەگەر بەری بیت خوا ـ عز وجل ـ تەبرییەت ئەکا . ئەگەر گوناهێکت لێ واقیع بووبێ (استغفار) بکەو تۆبەی لێ بکە ؛ چونکی عەبد کە ئیقراری بە گوناهی خۆی کردو تۆبەی لێ کرد خوا تۆبەی لێ قەبووڵ ئەکا .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەکەی تەواو فەرموو فرمێسکەکەم نیشتەوە وا چوە دواوە حیسسی قەترەیێکم لێ نەدەکرد کە لێی بێتە خوارێ ، فەرمووی : بە باوکم وت : بابە لە باتی من جوابی پێغەمەر بدەرەوە ـ ﷺ ـ باوکم فەرمووی : وەڵڵاهی نازانم چی عەرزی پێغەمەر بکەم ـ ﷺ ـ [یەعنی ئێمە لەوی چاتر نازانین کە جوابی بدەینەوە] عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بە دایکم وت : تۆ جوابی پێغەمەر بدەرەوە ـ ﷺ ـ دایکم وتی : وەڵڵاهی نازانم چی عەرزی پێغەمەر بکەم ـ ﷺ ـ .

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : من کچێکی مناڵ بووم ، لە قورئان ئەوەندەم نەدەزانی ، یەعنی عیلم و عەقڵم ئەوەندە زۆر نەبوو کە بتوانم بە تەواوەتی مودافەعەی خۆم بکەم ، عەرزم کرد : وەڵڵاهی ئەزانم کە ئێوە ئەمەتان بیستوە تا لە دڵتانا جێگیر بوە ، بە تەواوی چەسپیوەتە دڵتان ، پێتان بروا کردوە ، ئەگەر بڵێم : من بەریم ـ خوایش

عیلمی بەوە هەیە کە بەریم ـ ئێوە پێم بروا ناکەن . ئەگەر ئیقرار بکەم بە شتێك [کە من لێی بەریم] ـ خوایش ئەزانێ کە بەریم ـ ئێوە پێم باوەڕ ئەکەن . وەڵڵاهی من بۆ من و ئێوە مەثەلێ نادۆزمەوە [کە خۆمانی پێ بشوبهێنین] ئەوە نەبێ کە باوکی یوسف ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئیش و کاری من [دەرحەق یوسف و براکەی] هەر صەبرکردنە ، هەر خوایە کە یاری‌یەی لێ طەڵەب بکرێ لەسەر ئەو شتەی کە ئێوە ئەیڵێن . حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : لە دوای ئەوە وەرگەڕام و لەسەر جێگەکەم راکشام .

[تەماشای عەقڵ و کیاسەتی حەزرەتی عایشە بکەن ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە پێشەوە خۆی جوابی پێغەمەری ـ ﷺ ـ نەدایەوە ، بە تەرتیب حەواڵەی لە خۆگەورەتری کرد ، کە ئەوان ئیظهاری عەجزیان کرد ئەو وەختە بە جوابێکی مەعقوول و موختەصەر چە جوابێکی شیرینی دایەوە و ئیعتیمادی دایە سەر خواو (تمثیل)ی بە فەرموودەی حەزرەتی یەعقووب کرد ـ علیه الصلاة والسلام ـ ؟

ئەو وەقعەیە لە غەزای (بنی المصطلق)ا بوو چوار ساڵ دوای هیجرەت . لەو وەختەدا حەزرەتی عایشەی دایکمان ـ رضي الله تعالی عنها ـ عومری سێنزە ساڵ بوو ، ئیحتیمالی هەیە ئێشتا بلووغی نەبووبێ . بزانن بەو منالی‌یە چە جوابێکی مەنطیقیی دایەوە ، کە ئەمجا تاق‌تاقە لە کیباری عولەما موقتەدیر بێ بەسەر جوابێکی وەهادا ؟ فرضي الله تعالی عنها] .

قالت : وأنا والله حینئذ أعلم أني بريئة ، وأن الله مُبرِئي ببراءتی ، ولكن والله ما كنت أظنُّ أن يُنزلَ في شأني وحي يتلى ، ولشأني كان أحقر في نفسي من أن يتكلم الله ـ عز وجل ـ فيَّ بأمر يُتلى . ولكني كنت أرجو أن

يرى رسول الله ـ ﷺ ـ في النوم رؤيا يبرئني الله بها . قالت : فوالله ما رام رسول الله ـ ﷺ ـ مجلسه [ما فارقه] ولا خرج من أهل البيت أحد حتى أنزل الله ـ عز وجل ـ على نبيه ـ ﷺ ـ فأخذه ما كان يأخذه من البُرَحاء [من الشدة] عند الوحي حتى أنه لينحدر [لينصب] مثل الجمان [أي الدر] من العرق في اليوم الشاتي من ثقل القول الذي أُنزل عليه .

قالت : فلما سُري عن رسول الله ـ ﷺ ـ [كشف وأُزيل] وهو يضحك ، فكان أول كلمة تكلم بها أن قال : أبشري يا عائشة ! أما الله فقد برأكِ . فقالت لي أُمّي : قومي اليه ، فقلت : والله لا أقوم اليه ولا أحمد إلا الله . هو الذي أنزل براءتي .

قالت : فأنزل الله ـ عز وجل ـ : ﴿إن الذين جاؤا بالافك عصبة منكم [عبد الله بن ابي بن سلول المنافق ، وحسان بن ثابت ، ومسطح بن أُثاثة ، وحمنة بنت جحش ، وزيد بن رفاعة . ومن ساعدهم] لا تحسبوه شرًّا لكم ، بل هو خير لكم . .﴾ عشر آيات .

[بقيتها : ﴿لكل امرئ منهم ما اكتسب من الإِثم ، والذي تولى كبره منهم له عذاب عظيم (١) لولا اذ سمعتموه ظن المؤمنون والمؤمنات بانفسهم خيرا ، وقالوا : هذا إِفك مبين (٢) لولا جاؤا عليه بأربعة شهداء ! فإذ لم يأتوا بالشهداء فاولائك عند الله هم الكاذبون (٣) ولو لا فضل الله عليكم ورحمته في الدنيا والآخرة لمسكم فيما أفضتم فيه عذابٌ عظيم . (٤) إذ تلقونه بألسنتكم ، وتقولون بأفواهكم ما ليس لكم به علم ، وتحسبونه هينا وهو عند الله عظيم . (٥) ولولا إذ سمعتموه قلتم : ما يكون لنا أن نتكلم بهذا سبحانك هذا بهتان عظيم . (٦) يعظكم الله أن تعودوا لمثله ـ أبداً ـ إن كنتم مؤمنين . (٧) ويبين الله لكم الآيات ، والله عليم حكيم . (٨) إن الذين يُحبُّون أن تَشِيعَ الفاحشةُ في

الـذين آمنوا لهم عـذاب أليم في الدنيـا والآخرة ، والله يعلم وأنتم لا تعلمون . (٩) ولولا فضـل الله عليكم ورحمته وأن الله رؤف رحيم . (١٠)﴾[1]

فأنزل الله ـ عز وجل ـ هؤلاء الآيات ببراءتي قالت : فقال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] ـ وكان ينفق على مسطح لقرابته منه وفقره ـ : والله لا أُنفق عليه شيئا أبدا بعد الذي قال لعائشة ! فأنزل الله ـ عز وجل ـ : ﴿ولا يأتل أو لو الفضل منكم والسعـة أن يؤتوا أولي القـربى . . (الى قوله) : [والمساكين والمهاجرين في سبيل الله ، وليعفوا وليصفحوا] الا تحبون أن يغفر الله لكم ؟ [والله غفور رحيم .]﴾

قال عبد الله ابن المبارك : هذه أرجى آية في كتاب الله . فقال أبو بكر : والله ! إنِّي لَأحبُّ أن يغفر الله لي . فرجع الى مسطح النفقة التي كان ينفق عليه . وقال : لا أنزعها منه أبدا .

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : وەڵڵاهی ! ئەو وەختە ئەمزانی کە من بەریم ، ئەمزانی کە خوا بە واسیطەی بەرائەتی من لەو ئیفتیرایە تەبری‌یەم ئەکا . ئەمما وەڵڵاهی ! ظەننم نەدەبرد کە خوا ـ عز وجل ـ دەرحەق من وەحیێك ئەنێرێ کە بخوێنرێ . دەرەجەی من لە لام لەوە کەمتر بوو کە خوا ـ عز وجل ـ لە دەرحەق منا قسەیێکی وا بفەرموێ کە بخوێنرێ . ئەمما ئومێدم بو کە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ لە خـەوا خەوێ ببینێ کە خوا ـ عز وجل ـ بەو خەوە تەبری‌یەم بکا .

---

(١) النور / ١٠ ـ ٢٠ .

فـەرمووی : وەڵـڵاهی ! پێغەمـەر ـ ﷺ ـ لـە مـەجلیسـەکـەی جویێ نەبۆوەو هیچ کەسیش لە ئەهلی بەیت نەچـوە دەرێ تا خـوا ـ عز وجل ـ وەحیی نازڵ کردە سەر پێغەمەر ـ ﷺ ـ . ئـەو شیددەتـەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە وەختی نوزوولی وەحیا ئەیگرت تا وای لێ ئەهات لە رۆژی ساردی زستانا لەبەر گرانی ئەو کەلامەی کە نازڵ ئەبوە سەری وەك دور عـەرەقی لێ ئەهـاتە خـوارێ . . ئەم جـارەیش گـرتی . کـە ئـەو شیددەتەی لەسەر لاچوو پێئەکەنی ، ئەووەڵ کەلیمەیێ کە تەکەللومی پێ فەرموو ئەوە بوو فەرمووی : =موژدە بێ = ئەی عـایشە ئـەمما خـوا تەبریئەی کردی . دایکم پیێ وتم : هەڵسە بچۆرە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ [شوکری ئەم نیعمەتە بەجێ بێنەو دەست وپێی ماچ کە] وتم : وەڵڵاهی ! ناچمە لایی و غەیری خوا حەمدو شوکری هیچ کەس ناکەم . هەر ئەوە کە بەرائەتی منی نازڵ فەرموە . عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : خوا ئەم دە ئایەتەی نازڵ فەرموو کە مەعنای وایە :

ئەوانە کە لە رێی حەق لایان داو بوهتانیان کرد جەماعەتێکن = لە ئێوە = [کە ئیبن و ئوبەیی و ، حەسانی کوڕی ثابیت و ، میسطەحی کوڕی ئـوثاثـەو ، حەمنـەی کچی جـەحش و ، زەیـدی کـوڕی ریفـاعـەو . هەمپایان .] ئەی پێغەمەرو ئەهلی بەیت ! ئەوە بۆ خۆتان بە شەڕ مەزانن بـەڵکو ئـەوە خێرێکی زۆر گـەورەیە بـۆ ئێوە [خـوا ـ عز وجـل ـ بەوە ئەجرێکی زۆرتـان ئەداتـەوەو بەرائـەتی حەزرەتی عـایشەو صـەفوان و دەرەجەو حورمەتیان لە لای خۆی بەیان ئەفەرموێ] بۆ هەر یەکێ لـە ئەهلی ئیفك بە قەد قسەلێکردنەکەی خۆی جەزاییکی هەیە [لە دنیـادا وەکوو میسطەح و حەسان کە چاویان کوێر بوو ، حەسان گۆج بوو . یا لە دنیاو ئاخیرەتا وەکوو ئیبن و ئوبەی لە دنیادا رەزیل و رسوا بوو ، مەشهوور

بوو به نیفاق ، له ئاخیرەتا عەزابی جەهەننەمی هەیە] ئەوەی کە بەشی زۆری بڵاوکردەوە لە ناو خەڵقاو رازانیەوە لەو ئـەهلی ئیفکـە ئەوانـەن عەزابێکی گەورەیان هەیە .[1] [یا لە دنیادا کە هەمـوو داری حەدیـان لێدرا ، یا لە ئاخیرەتا ئەگەر تۆبەی لێ نەکا وەك عەبدوڵڵا] بۆچی کە لەو وەختە کە ئەو ئیفکەتان بیست ژن و پیاوی موسوڵمان حوسنی ظەنیان بە خۆیان = نەبردو = نەیانوت : ئەمە ئیفتیرایێکی زۆر ئاشکرایە . ؟ بۆچی لەسەر ئەوە چوار شاهێیان نەهێنا ؟ کە هیچ شاهێدیان نەهێنا [چونکی کەس نەبوو] دیارە ئەوانە لە حوزووری خوادا هەموو درۆزنن . ئەگەر خوا لە دنیاو ئاخیرەتا فەضل و رەحمەتی نەبوایە بەسەرتانا ، ئەی ئەهلی ئیفك ، لەو قسە قەبیحەی کە دەمتان تێوەدا عەذابێکی زۆر زۆر گەورەی بۆ ئەناردن [کە حەقارەت و داری حەد بە نیسبەت ئەوەوە هەر هیچ نەبێ] لەو وەختەدا ئەو عەذابەتان بۆ ئەهات کە ئەو قسە پیس و ناشیرینەتان لە دەم یەك ئەبچڕیەوەو دەماو[illegible]ان ئەخست بە دەم قسەیێکی وا ئەکەن کە هیچ عیلمتان پێی نەبێ وا ئەزانن کە ئەوە شتێکی سووکەو گوناهی نی یە . کەچی لای خوا زۆر گەورەیەو ، گونـاهێکی زۆری هەیـەو ، عەذابی بە شیددەتە .

---

(١) لێرەدا بە گـوێرەی ئـایەتـەکە ئـەگەر بنـووسرێ : «ئـەوەی بەشی زۆری بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانەی گرتەئەستۆی خۆی . . . تۆڵەیێکی گەورەی بۆ هەیە .» باشترە .

[ئەمە سێ شت کە هەر یەکێکی بە جوێ عەذابی زۆری هەیە :

١ ـ دەماودەم خستن .

٢ ـ بە بێ ئەمە کە عیلمی پێی بێ قسەلێکردن .

٣ ـ لەگەڵ ئەمەدا کە لە لای خوا زۆر گەورەیە بە بوچووك[1] زانیبو موبالات پێ نەکردنی] .

بۆچی کە بیستتان نەتانوت : بۆ ئێمە نی‌یە کە تەکەللومی پێ بکەین و تەعەجوبتان لێ نەکردو نەتانوت (سبحانك) ئەی خوایە تەنزیهو تەقدیسی تۆ ئەکەین ؟ ئەم قسەیە بوهتانێکی زۆر گەورەیە [چونکی ئەصلی خۆی ئیفتیرایە ، ئیفتیرا بە موسوڵمان گوناهی زۆرە ئەگەر ئەو ئیفتیرایە بە قەذف بێ و ئەو قەذفە بە ئەصحابی کیرام بێ و با خوصووص بە یەکێ لە ئەزواجی طاهیرات بێ . . . ئەبێ گوناهی چەندە گەورە بێ ؟ ئەو زەوجەیش لە خذمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ لە ئەکثەری ئوممەت مەحبووبتر بێ و بە تەقواو بە زوهدتر بێ ئەبێ چلۆن بێ ؟]

خوا ـ عز وجل ـ وەعظتان بۆ دائەداو نەصیحەتتان ئەکا کە دەفعەیێکی تر بە ئەبەدی عەودەت نەکەنەوە سەر ئەو نەوعە ئیفتیرایە ئەگەر ئێوە موسوڵمانن و بە دڵ باوەڕتان هەیە ؛ چونکی موسوڵما نەتی تەواو بە تەواوەتی ئینسان لەو نەوعە گوناهانە مەنع ئەکا .

خوا بۆ ئێوە ئەو ئایەتانەی کە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەحکامی دینی و دنیەوی و ئاداب و ئەخلاق بەیان ئەکا . خوا ئەحواڵی ئێوە ئەزانێ ، عیلمی هەیە بە عاقیبەتی هەموو شتێ ، هیچ حوکمێکی بێ حیکمەت نی‌یە .

---

(١) لە دەسخەتەکەدا بەو جۆرەیە ، بەڵام ناتەواویەکی تێدایە ، دەبێ بگوترێ : «بە بچووکی زانیبوو موبالاتی پێ نەکردبوو . . .» یان «بە بچووك بزانرێ و موبالاتی پێ نەکرێ .» .

ئەلبەتتە ئەو کەسانەی کە حەز ئەکەن کە لە ناو ئەو کەسانەدا کە ئیمانیان هەیە بە ئەوامیرو نەواهی و ، بە خواو رەسوولی خواو حەز ئەکەن دەرحەق ئەو موئمینانە شتیٚ کە مووجیبی عەیبو عار بیٚو قەبیح بیٚ شیووع ببیٚ و بلاوبیٚتەوە لە ناو خەلٚقا بۆ ئەو نەوعە ئینسانانە لە دنیاو ئاخیرەتا عەذابیٚکی زۆر بە ئیٚش هەیە . لە دنیادا حەدیان لیٚ ئەدریٚ ، لە ئاخیرەتا بە ئاگری جەهەننەم ئەسووتیٚن بەوە هەر خوا عیلمی هەیە ئیٚوە نایزانن ؛ چونکی هەر (اطلاع) تان بەسەر بەعزیٚ ظاهیرا هەیەو ئاگاتان لەوە نی یە کە لە ناو دلاٚیە .

ئەگەر فەضلو رەحمەتی خوا نەبوایە ، بەسەر ئیٚوەدا خوا بە رەئفەتو رەحمەت نەبوایە [لەگەلٚ ئیٚوە مەگەر هەر خۆی بزانیٚ چە غەضەبیٚکی بەسەرا ئەرژانن !]

﴿يا أيها الذين آمنوا لا تتبعوا خطوات الشيطان [بإشاعة الفاحشة] ومن يتبع خطوات الشيطان فإنه يأمر بالفحشاء والمنكر . ولولا فضل الله عليكم ورحمته ما زكى منكم من أحد أبدا ، ولكن الله يزكي من يشاء والله سميع عليم[1]﴾

ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هیٚناوە تابیعی شەیطان مەبن ، پەیرەوی ئەو مەکەن هەر کەسیٚ شویٚن شەیطان بکەویٚو پەیرەوی ئەو بکا هەر ئیشی قەبیح ئەکاو شتیٚك ئەکا کە شەرع ئینکاری کردبیٚ ؛ چونکی شەیطان هەر ئەمر بە شتی قەبیح و شتیٚك کە شەرع مەنعی کردبیٚ ئەکا .

(١) بڕوانە : سوورەتی نوور ، ئایەتی : (٢١)

ئەگەر فەضلی خواو رەحمەتی لەسەر ئێوە نەبوایە بەم نەوعە کە رێی تەوبەی پێنیشان داون و تۆبەتان لێ قەبووڵ ئەکاو بە تۆبەو حودوودی شەرعیی لە گوناه پاکتان ئەکاتەوە . خوا هیچ کەسێکی لە ئێوە بە تۆبەو ئیجرای حودوودی شەرعی لە گوناه پاك نەئەکردەوە . ئەمما ئەوەندە هەیە خوا چونکی بە فەضل و رەحمەتە ئەوانەی کە خوا ئیرادەی هەیە کە پاك بنەوە هیدایەتیان ئەدا بۆ تەویە بەوە پاکیان ئەکاتەوە . خوا ـ عز وجل ـ گوێی لە تەویەیانەو ، عیلمی هەیە بە نی یەتی دڵیان ئەزانێ کێ ئیخلاصی هەیەو کێ نی یەتی .

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : خوا لە بەرائەتی من لەو ئیفتیرایەدا ئەم ئایەتانەی نازڵ فەرموو ، حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەبەر خزمایەتی و فەقیری میسطەح نەفەقەو گوزەرانی میسطەحی ئەدا . . سوێنی خوارد فەرمووی : وەڵڵاهی لە دوای ئەمە کە میسطەح ئەم قسەیەی بە عایشە وت ئیتر لەمەولا بە ئەبەدیی من نەفەقەی نادەمێ . . خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتەی نازڵ فەرموو کە تەرجەمەی وایە :

ئەو کەسانەی کە ئەهلی فەضلن و دەستیان ئەڕواو (اقتدار) و ماڵیان هەیە سوێن نەخۆن کە هیچ نەدەن بە خزم و فەقیرو ئەوانە کە (محض) لە رێی خوادا هیجرەتیان کردوە ، لە قوصووریان ببوورن ، چاو لە باحەتیان بپۆشن ، بۆچ ئێوە خۆتان حەز ناکەن کە خوا لێتان خۆش بێ و عەذابتان نەدا بەو گوناهو قوصوورەی ئەیکەن ؟ خوا لەگەڵ ئەمە کە قودرەتی هەیە بەسەرتانا غەفوورە کە لە گوناهتان ئەبوورێو ، رەحیمە رەحمتان پێ ئەکا . یەعنی چون خوا ـ عز وجل ـ چەندە گەورەیە لە ژوور ئەوەوە کەس نی یە قودرەتی بەسەر هەموو ماسیوای خۆیا هەیە دەرحەق

ئەو گوناهکردن لە هەموو گوناهێ گەورەترە لەگەڵ ئەمە ئەو لە گوناهی ئێوە خۆش ئەبێ کەسێکیش کە دەرحەق ئێوە قوصوورێکی ببێ ئێوەیش لە قوصوورەکەی ببوورن .

میسطەح هەم خزمی ئەبوبەکر بوو هەم فەقیر بوو هەم بە شەهادەتی خوا موهاجیری - في سبيل الله - بوو . بە سێ نەوع بەر ئەم ئایەتە ئەکەوێ ، لە ئەهلی بەدریشە .

(حبان)ی کوڕی مووسا کە مامۆستای[1] لەم حەدیثەدا ئەڵێ : عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك کە مامۆستای ئەوە فەرمووی : ئەم ئایەتە بۆ موسوڵمانان لە هەموو ئایەتێکی قورئان ئومێدبەخشترە بە ئینسان ؛ چونکی (ضمنا) بەیانی ئەوە ئەکا کە خوا عەفوی خۆش ئەوێ ، وەعدەی قەطعیی تیایە کە بە تەوبە لە گوناه خۆش ئەبێ ، تەصریحی تیایە کە (مطلقا) لە گوناه خۆش ئەبێ .

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : کە حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - لە دوای نوزوولی ئەم ئایەتە فەرمووی : وەڵڵاهی ! من حەزەکەم کە خوا لێم خۆش ببێ . نەفەقەکەی میسطەحی بۆ ئیعادە کردەوە فەرمووی : وەڵڵاهی ! ئیتر بە ئەبەدیی لێی قەطع ناکەم .

(١) لێرەدا شتێك نووسراوە بۆم نەخوێنرایەوە ، تەماشای قەسطەلانیم کرد هیچی لەسەر نەنووسیبوو . نەوەویش دەڵێ : لەم جارە زیاتر لە (صەحیحی موسلیم)ا ناوی ئەم (حبان) ە نەهاتوە .

قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : وكان رسول الله - ﷺ - سأل زينب بنت جحش [رضي الله تعالى عنها] زوج النبيِّ - ﷺ - عن أمري ما علمتِ ، أو ما رأَيْتِ ؟ فقالت : يا رسول الله أحمي سمعي وبصري ، والله ! ما علمت إلا خيرا . قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] : وهي التي كانت تساميني [تفاخرني وتضاهيني بجمالها ومكانها عند النبي - ﷺ -] من أزواج النبي - ﷺ - فعصمها الله بالورع ، وطفقَتْ أختها حمنة بنت جحش تحارب لها ، فهلكت فيمن هلك .
م - ١٠/ ٢٣٠ - ٢٤٤ ، ح - ٦/ ٣٢٦ - ٣٣٠ بفرق ما .

وفي رواية : قال عروة : كانت عائشة تكره أن يسب عندها حسان ، وتقول : إنه قال :

فإن أبي ووالده وعرضي × لعرض محمد منكم وقاء م - ١٠/ ٢٤٤

وقال عروة : قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] والله إن الرجل الذي قيل له ما قيل ليقول [متعجبا مما نسبوه اليه . بخاري] : سبحان الله . فوالله الذي نفسي بيده ! ما كشفت عن كنف [أي سترها] أنثى قط . قالت : ثم قتل بعد ذلك في سبيل الله شهيدا . م - ١٠/ ٢٤٥ ، ح - ٦/ ٣٣٠

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - لە زەینەبی کچی جەحشی زەوجی پێغەمەری پرسی - ﷺ ، ورضي عنها - دەرحەق من ؛ فەرمووی : چی ئەزانی ، یا چیت دیوە لە عایشە ؟ زەینەب وتی : (یا رسول الله) گوێو چاوی خۆم لەوە ئەپارێزم وەڵڵاهی غەیری خێر هیچی تر نازانم .

عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : لە ئەزواجی پێغەمەر

ـ ﷺ ـ تەنها ئەو بوو کە بە جەمال‌و مەنزیلەت لە خـزمەت پێغـەمەرا ـ ﷺ ـ فـەخرم بـەسەرا بکـاو وەکوو من وابێ . بـە واسیطەی وەرع‌و تەقوایەوە خوا مـەعصوومی کـرد لەو حـادیثەیـە . حەمنـەی خوشکی ـ کچی جەحش ـ حەربی بۆ ئەکرد لەگەڵ ئەوانەی کە بە هیلاك چوون ئەویش بە هیلاکا چوو .

عوروە ئەڵێ : حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ حەزی نەئەکرد کە لە لای ئەو جوێن بدرێ بە حەسان ئەیفەرموو : حەسان لە مەدحی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ وتوویەتی : باوك‌و دایك‌و عیرضم قەڵغانـە بۆ عیرضی پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

عـوروە ئـەڵێ : حـەزرەتی عـایشـــە ـ رضي الله تعـالى عنهـــا ـ ئـەفەرمـوێ : وەڵڵاهی ! ئـەو پیاوە کـە ئەو قسـەی دەرحـەق کـراوە ـ تەعەجوبی لێ ئەمێنێ ـ ئەڵێ : قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! تا ئێستە من سەترم لەســەر هیچ ژنێ لانـەداوە [یەعنی لـە مـوددەی عومـری خۆمـا لەگـەڵ هیچ ژنێ مـوعامـەلەی ژن‌و مێـردیم نەکردوە . صەفوان ـ رضي الله تعالى عنه ـ نێرەمووکە بوو ، ئەوی پێوە بوو وەك ریشووی سەرپۆش وابوو . قسطلاني]

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە دوای ئەوە لە رێی خوادا بە شەهیدی کوژرا .

لـە م ـ ١٠/٢٤٦ = دا = زۆر بە مـوختەصــەری حەدیثێکی تـر ریوایەت ئەکا لەو حەدیثە موختەصەرەدا ئـەم زیادەی تیـا هەیـە : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەحقیقی مەسئەلەکە لە بەریرە ئەکاو جـوابی پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ئەداتەوە ، بەعزێ ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بـە تونـدەوە پێی ئـەڵێن : لـە حوزووری پێغـەمەرا ـ ﷺ ـ راست بـڕۆ ، حەتـا قسەی

خـرابيشيان پىٚوت . بـهريره ـ رضي الله تعـالى عنها ـ فـهرمـووى : (سبحان الله) وهڵلاهى ! زهڕهنگەر له ئاڵتوونى خاليص چى بزانىٚ منيش له عايشه ئەوه ئەزانم .

فەوائيدى ئەم حەديثه :

١ ـ دروسته قورعەكێشان له بەينى ژنانا كه كاميان ببا بۆ سەفەر .
٢ ـ بۆ سەفەر قورعەكيشان واجبه .
٣ ـ قەزاى ئەو موددەته كه بەجىٚ ماون لازم نىيه .
٤ ـ دروسته ژن بردن بۆ سەفەر .
٥ ـ دروسته ژنان بچنه غەزا .
٦ ـ دروسته ژن سوارى كەژاوه بىٚ .
٧ ـ دروسته پياو خذمەتى ژن بكا له سەفەرا .
٨ ـ رۆيينى عەسكەر تەوەققوفى بەستۆته سەر ئەمرى ئەميريان .
٩ ـ دروسته ژن بىٚ ئيذنى مێردى بچىٚ بۆ دەفعى ئيحتياجى خۆى .
١٠ ـ دروسته ژن مليوانكەو ئەسبابى زينەت لەعەمەل بێنىٚ .
١١ ـ ئەوى ژن سوار بكا ئەگەر مەحـرەمى نەبىٚ بـه بىٚ لوزووم نـابىٚ قسەى لەگەڵ بكا .
١٢ ـ ئيقتيصاد له خواردن و پۆشينا له فەضيلەتى ئەخلاقه .
١٣ ـ دروسته ئينسان بۆ ئيحتياجييێك له لەشكر دوا بكەوىٚ ، ئەگەر مەجبوورىيەتى نەبىٚ بۆ ئەمه كه هەموويان بەيەكەوه برۆن .
١٤ ـ موعاوەنەتى غەمنـاك و لەرىٚمـاوەو ، گەڕان بـۆ شتىٚ ون بووو ، ئيكرامى ئينسانى صاحيب قەدر سونەته .

١٥ ـ حوسنی ئەدەب لەگەڵ ژنانی بێگانەدا لە هەموو وەختێکا لازمە . ئەبێ ئەو کەسە لە پێشیەوە بروا لە تەنیشت و پشتی یەوە نەڕوا .
١٦ ـ سوننەتە ئینسان تەرجیحی خەڵق بدا بەسەر خۆیا لە سواری و جێی دانیشتن و خواردن و هەموو شتێکا .
١٧ ـ کەسێ موصیبەتێکی دینی یا دنیایی بۆ خۆی یا بۆ کەسێکی تری حیس کرد . . سوننەتە (استرجاع) بکا ، بڵێ (إنا لله وإنا اليه راجعون) .

١٨ ـ لازمە ژن خۆی سەتر بکا لە پیاوی بێگانە ، ئەو پیاوە با پیاوێکی صالحیش بێ .
١٩ ـ بێ ئەمە کە ئینسان سوێن بدرێ دروستە سوێن خواردن .
٢٠ ـ شتێکی ناخۆش بەسەر ئینسانا بێ بە زانینی مەحزوون ببێ چاك وایە لێی بشارڕێتەوە ، مەگەر ئیحتیاجی حاصل ببێ وەك (ام مسطح)و حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .
٢١ ـ تەلطیفی ماڵ و مناڵ سوننەتە .
٢٢ ـ کەسێ لە ماڵ و مناڵی کەوتە شوبهەوە ـ تا بەرطەرەفی ئەکا ـ بۆی هەیە کە مولاطەفەیان لێ کەم کاتەوە .
٢٣ ـ پرسینی حاڵی نەخۆش سوننەتە .
٢٤ ـ ژن بۆ ئیحتیاجییێك بچێ بۆ جێگەیێ ـ بۆ ئەمینی ـ یەکێکی ئەمین لەگەڵ خۆی ببا .
٢٥ ـ کەسێ ـ با خزمی خۆیشی بێ ـ کە خراپەی لەگەڵ ئینسانی بەشەرەف و فەضیلەت کرد ئەبێ ئینسان بیکەرهێنێ .

٢٦ - كەسێ قسەی بە ئەهلی فەضل وت سونەتە مودافەعەی بکرێ .
٢٧ - ژن بێ ئیذنی مێرد بۆی دروست نی یە بچێتەماڵی باوکی .
٢٨ - دروستە (تعجب) بە لەفظی (سبحان الله) .
٢٩ - بـۆ دەفعی شوبهـەو بۆ مـەصلەحەت مـوشاوەرەکـردن لەگـەڵ ئەوانەی کە ئیعتیمادیان پێ ئەکا سونەتە .
٣٠ - دروستە تەفتیش و تـەحقیقی ئیشێ کە تـەعەللوقی بـە خۆیـەوە ببێ .
٣١ - بۆ ئیشی موهیم خوطبەخۆندن سونەتە .
٣٢ - بۆ تەجزی یەی موجریم شەکوا بردنەبەر خەڵق کە دەرحەق ئەو - ئەو جورمە کرابێ دروستە .
٣٣ - فەضلێکی زۆری تیا هەیە بۆ صەفوان کە خوا تەبری یەی ئەکا .
٣٤ - فەضلی سەعدی بنی مەعاذو ئوسەیدی بنی حوضەیر .
٣٥ - زۆر تێکۆشین بۆ دەفعی فیتنەو کووژانەوەی سونەتە .
٣٦ - تۆبە قەبووڵ بوون ، تەرغیب و تەشویق لەسەر تۆبە .
٣٧ - تەفویضی قسە بەگەورە .
٣٨ - ئیستیدلال بە قورئان .
٣٩ - موژدەدان بەو کەسەی کە بە نیعمەتێ گەیبێ یـا موصیبـەتێکی لەسەر لاچووبێ .
٤٠ - بەرائەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - لە ئیفك بە نەصی قورئان کەسێ شکی تیا پەیدا بکا مورتەد ئەبێ و کافر ئەبێ .

ئیبن و عەباس - رضي الله تعـالى عنه - ئـەفەرمـوێ : ژنی هیچ پێغەمەرێ - عليهم الصلاة والسلام - زینای لێ صادر نەبوە . خوا - عز وجل - بەوە ئیکرامی پێغەمەرانی خۆی گرتوە .

[خيانەتی ژنی (لـووط)و (نووح) ـ عليهـما الصلاة والسـلام ـ بە کوفرو ئینکاری ئەوان بوە بە زینا نەبوە ؛ چونکی قەومی لووط هەتیوباز بوون مێباز نەبوون . خوا ـ عز وجل ـ لە قورئانـا لە (قصـە)ی قەومی لـووطا ـ عليـە السلام ـ ئـەفەرمـوێ : کە مـەلائیکەکـان بۆ ئیمحـای قەومەکەی ، بوون بە میوانی ، قەومەکەی هوجوومیان کردە سەریان . حەزرەتی لووط ـ عليه السلام ـ فەرمووی : دەرحەق میوانەکانم ئابرووم مەبەن ! ئەوە کچەکانم ، ئەوان عەرزیان کـرد : ئێمە دەخڵمـان نی‌یە بەسەر کچەکانتەوە ، خۆت ئەزانی مەقصوودمان چی‌یـە . . بەوە زۆر چاك دەرەکەوێ کە ئەو ژنە کافر بووەو (زانیە) نەبوە] .

٤١ ـ کە ئینسان نیعمەتێکی زائیلەی بۆ ئیعـادەکرایـەوە ئەبێ ئـەویش شوکرو حەمدی خوا تازەبکاتەوە .

٤٢ ـ فەضلی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

٤٣ ـ صیلەی رەحم .

٤٤ ـ عەفوی گونەهکار .

٤٥ ـ کەسێ لەسەر کردن یا نەکردنی شتێك سوێنی خوارد لە دواییدا بۆی مەعلووم بوو کە خیلافی سوێنەکەی مەصلەحەتە سوننەتە ، حـەتا بـەعزێ وەقت فـەرزە ، سوێنـەکـەی بخـات مـوافیقی مەصلەحەتەکە موعامەلە بکا .

٤٦ ـ صەدەقەو خێرات سوننەتە .

٤٧ ـ فەضیلەتی زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ .

٤٨ ـ ئیهتیمام و دیقەتکردن لە شەهادەتا .

٤٩ ـ کـەسێ کەسێکی خـۆش بوێ ئـەبێ هەرچی تـەعەللوقی بـەو کەسەوە بێ ئیکرامیان بگرێ لەبەر خاتری مەحبووبەکەی خۆی .

٥٠ ـ خوطبه به حه‌مدو ثه‌نای خوا ده‌ست پێ بکرێ .
٥١ ـ دوای حه‌مدو ثه‌ناو صه‌لات‌و سه‌لام‌و شه‌هاده‌ت وتنی (اما بعد) سوننه‌ته .
٥٢ ـ موسوڵمانان که چاویـان پێکه‌وت یـا بیستیان کـه بێحورمـه‌تی له‌گه‌ڵ ره‌ئیسه‌که‌یان بکرێ ئه‌بێ هه‌موو غیره‌تیـان ببزوێ‌و بێنـه حه‌ره‌که‌و موعاوه‌نه‌تی بکه‌ن .
٥٣ ـ دروسته جوێندان به که‌سێ که موعاوه‌نه‌تی باطیل بکا . نووي . [١٠/٢٤٧ ـ ٢٥٠]

ئه‌م فه‌وائیدانه که نه‌وه‌وی ـ رحمـه الله ـ فه‌رمـوویه‌تی بـه‌عزێکی مه‌نطووقی قورئانه ، به‌عزێکی هی پێغه‌مه‌ره ـ ﷺ ـ به‌عزێکی له قسه‌و موعامه‌له‌ی عایشه ، به‌عزێکی له موعامه‌له‌ی صه‌فوان ، به‌عزێکی له موعامه‌له‌ی (ام مسطح) ـ رضي الله تعالى عنهم ـ موسته‌فاد ئه‌بێ .

براءة حرم النبي ـ ﷺ ـ

١٣٢/ ١٠١٠ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن رجلا كان يتهم بأم ولد رسول الله ـ ﷺ ـ : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ لعلي ـ رضي الله تعالى عنه ـ إذهب فاضرب عنقه ! فأتاه عليٌّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ فإذا هو في ركيّ يتبرَّدُ فيها . فقال له علي : اخرج ! فناوله يده ، فأخرجه ، فإذا هو مجبوب : ليس له ذكر ، فكفَّ علي عنه ، ثم أتى النبيَّ ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله ! إنه لمجبوب ؛ ما له ذكر . م ـ ١٠/ ٢٥٠

تەرجەمە :

پیاوێ (متهم) بوو بە (ام ولد)ی پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری بە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ کرد : بچۆ لە گەردنی بدە ! ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوو ، کە تێفکری لە بیرێکا بوو خۆی فێنك ئەکردەوە ، فەرمووی : وەرە دەرەوە . دەستی گرت و هێنایە دەرەوە ، کە چاوی پێی کەوت ذەکەری بررابوو ، وازی لێ هێناو ، چوو عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : یا (رسول الله) ئەو پیاوە ذەکەری برراوە ، ذەکەری نی یە .

حديث الأفك في أن عليّاً ـ رضي الله تعالى عنه ـ لم يكن في من قذف .

١٣٣/ ١٠١٠[1] عبدالله بن محمد قال : أملى عليَّ هشام بن يوسف من حفظه ، قال : أخبرنا معمر عن الزهري قال قال لي الوليد بن عبدالملك [. . . .] : اَبَلَغَكَ أن عليا [رضي الله تعالى عنه] كان في من قذف عائشة [رضي الله تعالى عنها] ؟ قلت : لا [لأن عليا منزه عن أن يقول مثل قول أهل الأفك] ولكن قد أخبرني رجلان من قومك [قريش] أبو سلمة بن عبدالرحمن [بن عوف - رضي الله تعالى عنه -] وأبو بكر بن عبدالرحمن بن الحرث : أن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت لهما : كان عليٌّ مُسَلِّما [أي : ساكتا . مسلِّما . أبو ذر] [مسيئا . نسخة] في شأنها ، فراجعوه [أي هشاما . عسقلاني أو الزهري . كرماني] فلم يرجع [ورواه ابن مردويه بلفظ : أن عليا ساء في شأني والله يغفر له] . خ - ٦/٣٣١

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی محەمەد کە شێخی موسلیمە ئەڵێ : هیشامی کوڕی یوسف لەبەر پێی نووسیم : کە (معمر) لە محەمەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شەهابی زوهری‌یەوە خەبەری داومێ ، کە زوهری ئەڵێ : وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك پێی‌وتم : ئایا ئەوەت پێگەییوە کە حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - لە ناو ئەوانەدا بوە کە قەذفی حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - یان کردوە ؟ زوهری ئەفەرموێ : وتم : خەیر . ئەمما دوو پیاو لە قەومی تۆ ، یەعنی لە قورەیش ، کە ئەبوو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمانی بنی عەوف و ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەرثە کە حەزرەتی (صدیقة) عایشە - رضي الله تعالى عنها - پێی فەرموون : کە عەلی - رضي الله تعالى عنه - دەرحەقی من بێدەنگ بوە .

---

(١) دانەر - خ - لێرەدا ژمارەی (١٠١٠)ی دووپات کردوەتەوە .

لە ریوایەتی (ابن مردویە)دا فەرمووی : کە عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ دەرحەقی من خراپەی کرد [کە عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ خوا ـ عز وجل ـ ژنی بۆ تۆ قات نەکردوە] خوا لێی خۆش بێ .

حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ بەری یە لەوەی کە دەرحەق مەحبووبەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەیێکی بێ مەعنا بکا ، ئەگەر لەوانە بوایە کە قەذفیان کردوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیستیشارەی پێ نەدەکرد ، حەزرەتی عایشە نەیئەفەرموو : خوا لێی خۆش بێ .

وەلید بە سەگێیتی ئەم سوئالەی لە زوهری کردوەو زوهریش ـ رحمه الله ـ بە غایەتی عاقلانەو ئەدیبانە جوابی داوەو ، ئیستیشهادی بە ریوایەتی ذوو کەس کردوە کە وەلید ئیعتیمادی پێیان بوە . دووبارە وەلید موراجەعەتی زوهری کردۆتەوە جوابی نەدایەوە .

١٠١١/١٣٤ عن ابن أبي مليكة [عبدالله] عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ كانت تقرأ : «إذ تَلِقُونه بألسنتكم» وتقول : الوَلْق الكذب . قال ابن أبي مليكة : وكانت أعلم من غيرها بذلك ؛ لأنه نزل فيها .
ح ـ ٦/٣٣١

تەرجەمە :

ئیبن و ئەبومولەیکە ئەڵێ : حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە ئایەتی ئیفکا (تَلِقُونه)ی خوێندۆتەوە . ئەیفەرموو : (وَلْق) بە درۆ ئەڵێن . ئیبن و ئەبی مولەیکە ئەڵێ : چونکی ئەم ئایەتە دەرحەق بەو نازڵ بوە ئەو لە هەموو کەس بە مەعناو قیرائەتی عالمتر بوە .

١٠١٢/١٣٥ أم رومان هي أم عائشة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : بينا أنا قاعدة أنا وعائشة إذ ولجت امرأة من الأنصار ، فقالت : فعل الله بفلان وفعل . فقالت أم رومان : وما ذاكِ ؟ قالت : ابني فيمن حدَّث .

قالت : وما ذاكِ ؟ قالت : كذا . وكذا . قالت عائشة : سمع رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ قالت : نعم . قالت : وابو بكر ؟ قالت : نعم . فخرَّت مغشيا عليها ، فما أفاقت إلا وعليها حمى بنافض [برعدة] فطرحت عليها ثيابها ، فغطيتها ، فجاء النبيُّ ـ ﷺ ـ فقال : ما شأن هذه ؟ فقلت : يا رسول الله أخذتها الحمى بنافض . قال : فلعل في حديث تُحُدِّثَ ؟ قالت : نعم . فقعدت عائشة ، فقالت : والله لئن حلفت لا تصدقوني ، ولئن قلت لا تعذروني ، مثلي ومثلكم كيعقوب وبنيه . «والله المستعان على ما تصفون» . قالت : وانصرف ولم يقل شيئا ، فأنزل الله عذرها ، قالت : بحمد الله لا بحمد أحد ولا بحمدك . ح ـ ٦/٣٣١

تەرجەمە :

(ام رومان)ی دایکی عائیشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە وەختێکا من و عایشە دانیشتبووین ژنێ لە ئەنصار هات وتی : خوا وا لە فلان و لە فلان بکا . (ام رومان) وتی : ئەوە چی بوە ؟ وتی : کورەکەی منیش لە ناو ئەوانەدایە کە ئەو قسە ئەکەن (ام رومان) وتی : ئەو قسەیە چی یە ؟ وتی : ئەوەیەو ، ئەوەیە . عایشە پرسی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بیستوویەتی ؟ وتی : بەڵێ . وتی : ئەبوبەکریش بیستوویەتی ؟ وتی : بەڵێ . عائیشە کەوت و لەسەر خۆی چوو ، ئیفاقەی نەبوو ئیللا بە لەرزو تاوە نەبێ ! جلەکانم دا بەسەریاو دامپۆشی .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هات فەرمووی : ئەمە بۆچ وایە ؟ عەرزم کرد : [یا رسول الله) لەرزوتا گرتوویەتی . فەرمووی : رەنگە لەبەر ئەو قسەیە بێ کە ئەکرێ ؟ (ام رومان) وتی : بەڵێ . (ام رومان) ئەڵێ : ئەو وەختە عایشە دانیشت وتی : وەڵڵاهی سوێنتان بۆ بخۆم پێم باوەڕ ناکەن ، عوذرتان بۆ بێنمەوە قەبووڵی ناکەن ، مەثەلی من و ئێوە

وەکوو یەعقووب و کوڕەکانیە . لەسەر ئەوەی کە ئێوە ئەیڵێن هەر خوایە کە ئیعانەی لێ طەلەب بکرێ .

(ام رومان) فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەڕایەوە هیچی نەفەرموو . خوا عوذری بۆ عایشە نازڵ فەرموو . عایشە وتی : بە حەمدی خوا حەمد ئەکەم ، نە بە حەمدی خەڵق و نە بە حەمدی تۆ حەمد ناکەم .

ئەم حەدیثە لەگەڵ حەدیثەکەی پێشووا ئەبێ تەطبیق بکرێ (علیه السلام)[1]

(١) دانەر ـ خ ـ (تەوفیق)ی نێوان ئەم دوو حەدیثەی بۆ مامۆستا مەلا سەلام بەجێ هێشتوە . کە ئەیشلێ (علیه السلام) مەبەستی ئەوەیە : سەلام بۆ ئەوە ، یا ئەو کارە لەسەر سەلام بێ . ئەندازێکیش کاغەزی سپی بۆ برداوە . بەڵام مامۆستا مەلا سەلام هیچی لەگەڵ نەکردوە .

إسلام ابي ذر وفضائله
- رضي الله تعالى عنه -

١٠١٣/١٣٦ أبو هريرة قال : قال لنا ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : ألا أُخبركم بإسلام أبي ذر ؟ قلنا : بلى . قال : قال أبو ذر [رضي الله تعالى عنه] : كنت رجلا من غفار ، فبلغنا أن رجلا قد خرج بمكة يزعم أنه نبيٌّ . فقلت لأخي [أُنيس] : [إركب لي الى هذا الوادي ، فاعلم لي علم هذا الرجل الذي يزعم أنه يأتيه الخبر من السماء ، فاسمع من قوله] إنطلق الى هذا الرجل كلِّمه ، وأتني بخبره ، [فانطلق الآخر نسخة . حتى قدم مكة وسمع من قوله] . فانطلق فلقيه ثم رجع ، فقلت : ما عندك ؟ فقال : والله لقد رأيت رجلا يأمر بالخير وينهى عن الشر . [ولمسلم : رأيته يأمر بمكارم الأخلاق وكلاما ما هو بالشعر] . فقلت : لم تشفني من الخبر !

فأخذت جرابا وعصا ، [ولمسلم : أنه تزود وحمل شنة له فيها ماء] ثم أقبلتُ الى مكة ، فجعلت لا اَعْرِفُه ، واَكرهُ ان أسأل عنه ، وأشرب من ماء زمزم وأكون في المسجد [لـه ثاوى زەمـزەمم ئەخـواردەوەو لە مزگەوتا ئەبووم] [الحرام] قال : فمرَّ بي عليّ [رضي الله تعالى عنه] فقال : كأن الرجل غريب ؟ قال : قلت نعم . قال : فانطلق الى المنزل . قال : فانطلقت معه لا يسألني عن شيْ ، ولا أخبره فلما أصبحت غدوت الى المسجد لِأسأل عنه ، وليس أحد يخبرني بشيئ عنه . قال : فمرَّ بي علي [رضي الله تعالى عنه] فقال : أما نال [آن] للرجل يعرف منزله بعد ؟ قال : قلت : لا . [فذهب به معه ، ولا يسأل واحد منهما صاحبه

عن شئ ، حتى إذا كان اليوم الثالث فعل مثل ذلك . فأقامه علي معه ، ثم قال له : ألا تحدثني ما الذي أقدمك هذا البلد ؟ قال : إن اعطيتني عهدا وميثاقا لترشدني فعلت . ففعل ، فأخبره . فقال : فانه حق ، وإنه رسول الله ـ ﷺ ـ فإذا أصبحت فاتبعني ، فإني إن رأيت شيئا أخاف عليك قمت كأني أريق الماء . م] ؟ ٨ ـ ١٨٢/٦ وفيه فروق لاضير فيها . فلا حاجة الى الاشارة اليها .

قال : إنطلق معي ، قال : فقال : ما أمرك ؟ وما أقدمك هذه البلدة ؟ قال : قلت له : إن كتمت علي أخبرتك . قال : فإني أفعل . قال : قلت له : بلغنا أنه قد خرج ههنا رجل ، يزعم أنه نبيٌّ ، فأرسلت أخي ليكلمه ، فرجع ولم يشفني من الخبر ، فأردت أن ألقاه ، فقال له : أما إنك قد رُشِدْتَ ؛ هذا وجهي اليه فاتبعني أدْخلْ حيث اَدْخلُ ، فإني إن رأيت أحدا أخافه عليك قمت الى الحائط كأني أصلح نعلي ، وامض أنت ، فمضى ومضيت معه حتى دخل ودخلت معه على النبيِّ ـ ﷺ ـ .

فقلت له : اِعْرِضْ عليّ الاسلام ، فعرضه ، فأسلمت مكاني . فقال لي : يا أباذر اُكْتُم هذا الأمر ، وارجع الى بلدك ، فإذا بلغك ظهورنا فاقبل . فقلت : والذي بعثك بالحقِّ ! لَاَصْرخَنَّ بِها بين أظهرهم ! فجاء الى المسجد ـ وقريش فيه ـ فقال : يا معشر قريش ! إنّي أشهد أن لا إله إلا الله ، وأن محمدا عبده ورسوله . فقالوا : قوموا الى هذا الصابئ ! فقاموا فَضُرِبتُ لِأموتَ ، فأدركني العباس [رضي الله تعالى عنه آخرا] فَاَكبَّ عليَّ . ثم أقبل عليهم ، فقال : ويلكم تقتلون رجلا من غِفار ومتجرُكم وممرُّكم على غِفار ؟ ! فأقلعوا عنيّ . فلما إذ أصبحت الغد رجعت فقلت مثل ما قلت بالأمس . فقالوا : قوموا الى هذا الصابئ ! فَصُنِع مثلُ ما صنع بالامس ، وأدركني العباس ، فاَكبَّ عليَّ وقال مثل

مقـالته بـالأمس . قال : فكـان هـذا أول إسـلام أبي ذر ـ رحمـه الله ـ ح ـ ٦/١٤ ـ ١٨٤ كمسلم بلا فرق . م ـ ٩/٣٨٤ بفرق يسير أشير الى بعضه .

تەرجەمە :

مەعنای حەدیثی ح ـ ٦/١٨٢ لأن فيه الفـروق التي في مسلم ، ويفهم منه معنى هذا الحديث :

ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی[1] : کە خەبەری مەبعەثی پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیی بە ئەبوذەڕی غیفاری ـ رضي الله تعالى عنـه ـ بە ئـونەیسی بـرای خۆیی وت : سـواربە بچـۆ بۆ ئـەو (وادی) مەکەیە ، بۆم مەعلووم بکە ئەو پیاوەی کە ئەفەرموێ : کە پێغەمەرەو خەبەری لە ئاسمانەوە بۆ یێ‌و ، بەعزێ قسەی لێ ببیێ‌و لە دواییدا بێرەوە لام . براکەی رۆیی تا گەیی‌یە مەکەو قسەی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بیست . لە دواییا گەڕایەوە بۆ لای ئەبـوذەڕ ، وتی : وام‌دی کە ئـەمر ئـەکا بـە مەکاریمی ئەخلاق‌و ، کـەلامێکم لێ بیست کە شیعـر نی‌یە . [لـەگەڵ ئەنواعی شیعرا موقابەلەم کرد ، لەگەڵ هیچ نەوعێکیا رێ‌نەئەکەوت . وەڵڵاهی راستە لە ئیددیعاکەیـا . م] ئەبـوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمووی : شیفای نەدام .

تێشووی کرد ، کونەلۆکەیێکی کۆنی هەڵگرت کە ئاوی تیا بوو ، رۆیی تا گەیی‌یە مەکە ، چوە (مسجد الحرام)ەوە ، گـەڕا بۆ پێغـەمەر ـ ﷺ ـ [نەیدۆزی‌یەوە ؛ چونکی] نایناسێ ، حەزیشی نەئەکرد کە لە

(١) لـە سەرەتـای حەدیثـەکەوە دەفـەرموێ : «ئیبن‌وعـەباس فـەرمـووی : حەزئەکەن پێتان بڵێم ئەبوذەر چـۆن موسـوڵمان بـوو ؟ ئەوانیش وتیـان : بەڵێ . . .» دانەر ـ خ ـ ئەمەی نەنووسیبوو .

قورەیش بپرسێ ، تا شەوی بەسەرا هات ، پاڵکەوت ، ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی پێی کەوت ، زانی کە غەریبە پێی فەرموو : وا بزانم کە پیاوێکی غەریبی ، ئەبوذەڕ ئەڵێ : وتم : بەڵێ . عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لەگەڵما بێرەماڵەوە . لەگەڵیا چوە ماڵەوە ، هیچ کامێکیان لەوی تری نەپرسی کە کێی ، تا سبەینێ . لە دواییا ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ مەتارەو تۆشوەکەی هەڵگرت و چووەوە بۆ مزگەوت .

ئەو رۆژە لەوێدا مایەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەیئەبینی ، تا ئێوارێ ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ چووە ئەو جێیەی کە شەوی پێشوو لێی راکشابوو ، حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی بەلایا رابورد فەرمووی : ئەو وەختە نەهاتوە کە پیاو جێگەو مەسکەنی خۆی بزانێ ؟ هەڵیسان و لە خزمەت خۆیا بردی ، هیچ کامیان لە رەفیقەکەی نەپرسی لە هیچ خوصووصێکەوە ، تا شەوی سێیەم . دیسان حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو موعامەلەی پێشووەی لەگەڵ کردەوە ، لەگەڵ خۆیا رای گرت ، پێی فەرموو : بۆ پێم ناڵێی کە چی تۆی هێناوەتە ئێرە ؟ عەرزی کرد : ئەگەر عەهدو میثاقم لەگەڵ ئەکەی کە بمگەیێنی بە مەرامم پێت ئەڵێم . عەهدو میثاقی بۆ کردو ئەویش مەقصوودەکەی خۆیی خەبەردایێ .

عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە ئەو حەقەو ، رەسوولوڵڵایە ـ ﷺ ـ کە رۆژت لێبوەوە شوێن من بکەوە ، ئەگەر شتێکی وام بینی کە لێی بترسم لەبەر تۆ ، رائەوەستم وەکوو ئیشی سەراوی بچکۆلە بکەم [وەك کەوشەکەم رێك بخەم] کە رۆییم دووبارە شوێنم بکەوەرەوە ، تا ئەچیتە ئەو جێیەی کە من ئەیچمێ . ئەبوذەڕ

ـ رضي الله تعالى عنه ـ واى كرد تا عەلی چوە حوزووری پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئـەبوذەڕیش ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ لـە خذمـەتیا چـوە حـوزووری سـەعادەت ـ ﷺ ـ قسـەی لە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ بیست هـەر لەو جێیـە موسوڵمان بوو .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرموو : ئەمە کەتم بکە ، بگەڕێرەوە بۆ لای قەومەکەت خەبەریان بدەرێ ، تـا ئەمـری منت بۆ یێ ، کـە ئەوەت پێگەیی کە ئیشی ئێمە ظوهووری کردوە بێرەوە . ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ قەسەم بەو ذاتەی کە تۆی بە حەق ناردوە ! لەناویانا بە دەنگی بەرز بانگ ئەکەم . چوە دەرێ تا گـەیی یە مـزگەوت ، بـە دەنگی بەرز بـانگی کرد : ئـەی جەمـاعەتی قورەیش ! (أشهد أن لا إله إلا الله ، وأن محمدا رسـول الله) قورەیش وتیان : ئادەی هەڵسن بۆ ئەو لەدین وەرگەڕاوە ! هەڵسان و لێیان دا پاڵیان خست . [لە ریوایەتەکەی ترا : هەڵسان و لێیـان دام تا بمـرم] عەبـاس ـ رضي الله تعالى عنه ـ هات و خۆی دا بە سەریا ، فەرمووی : بە هیلاکا بچن ! بۆ نازانن کە ئەمە لە غیفارە ، رێی تیجارەتتان بۆ شـام بەسـەر ئەوانەوەیە ؟ نەجاتی دا لێیان .

لە دواییا سبەینێیش وای کردو ، قورەیش هوجوومیان کردەسەرو ، حەزرەتی عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ خۆیی بەسەرا خست . [ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمـوێ : ئەمـە ئەووەڵی ئیسـلامی ئەبوذەڕە] ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ تـەشریفی گـەڕایەوە بـۆ ناو قەومەکەی . ئونەیسی برای و دایکی و گەلێ لە قەومەکەی موسوڵمان بوون ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قسطلاني . ح ـ ١٨٢/٦

١٣٧ / ١٠١٤ عبدالله بن الصامت قال : قال أبو ذر ـ رضي الله تعالى

عنه ـ : خرجنا من قومنا غفار ، وكانوا يُحِلون الشهر الحرام [اى : يَكُوچون[1] تلك الأشهر . رشيد] فخرجت أنا ، وأخي أنيس ، وأمنا ، على خال لنا ، فأكرمَنا خالُنا ، وأحسن إلينا ، فحسدَنا قومُه ، فقالوا : إنك إذا خرجت عن أهلك خالف إليهم أُنيس ! فجاء خالنا فنثا [أى : أفشى] علينا الذي قيل له . فقلت له : أما ما مضى من معروفك فقد كدرتَهُ ، ولا جماع لك فيما بعد ، فقَرَّبْنا صرمتنا [القطعة من الابل ، وتطلق أيضا على القطعة من الغنم . نووي] فاحْتملنا عليها ، وتغطّى خالنا ثوبه ، فجعل يبكي . فانطلقنا حتى نزلنا بحضرة مكة ، فنافر أنيس عن صرمتنا ، وعن مثلها . فأتينا الكاهن ، فخيَّر أُنيسا ، فأتانا أُنيس بصرمتنا ومثلها معها . [المنافرة : المفاخرة والمحاكمة إلى من يُفَضِّل أحد المتحاكمين على الآخر . أو شعر أحدهما على شعر الآخر . من نووي]

قال : وقد صليت ـ يا ابن أخي ـ قبل أن ألقي رسول الله ـ ﷺ ـ بثلاث سنين . قلت : لمن ؟ قال : لله . قلت : فأين تَوجَّهُ ؟ قال : أتوجه حيث يوجهني ربي ـ عز وجل ـ أصلي عشاء حتى إذا كان من آخر الليل ألقيت كأني خفاء ، حتى تعلوني الشمس .

فقال أُنيس : إنَّ لي حاجةً بمكة فاكفني . فانطلق أنيس ، حتى أتى مكة . فراث عليَّ [أي : أبطأ] ثمَّ جاء . فقلت : ما صنعت ؟ قال : لقيت رجلا بمكة على دينك ، يزعم أن الله أرسله . قلت : فما يقول الناس ؟ قال : يقولون : شاعر ، كاهن ، ساحر . . . وكان أُنيس احد الشعراء . قال أُنيس : لقد سمعت قول الكهنة فما هو بقولهم ، ولقد

(١) رەنگە هەر بۆخۆشی کۆچی کوردیی بە عەرەبی نووسیبێ ، دیارە هەر لەبەر ئەوەیشە ناوی خۆی نووسیوە ، کە کەم جار ئەمە ئەکا .

وضعت قوله على أُقراء [طرقه] الشعر ، فما يلتئم على لسان أحد بعدي أنه شعر ، والله إنه لصادق ، وإنهم لكاذبون .

قال : قلت : فاكفني حتى أذهب فأنظر . قال : فأتيت مكة ، فتضعفت رجلا منهم ، فقلت : أين هذا الذي تدعونه الصابئ ؟ فأشار إليَّ ، فقال : الصابئ . فمال إليَّ أهل الوادي بكل مدرة وعظم حتى خَرَرْتُ مغشيا عليَّ . قال : فارتفعت حين ارتفعت كأني نصب أحمرُ . قال : فأتيت زمزم ، فغسلت عنيِّ الدماء ، وشربت من مائها ، ولقد لبثت ـ يا ابن أخي ـ ثلاثين بين يوم وليلة ما كان لي طعام إلا ماء زمزم ، فسمنت حتى تكسرت عُكَن بطني ، وما وجدت على كبدي سخفة جوع [ضعفه] فبينا أهل مكة في ليلة قمراء إِضْحيان [مضيئة] إذ ضرب على أسمختهم [اصمختهم] ، فما يطوف بالبيت أحد وامرأتين [وامرأتان . نسخة] منهم تدعوان أسافاً ، ونائلة . قال : فأتتا عليَّ في طوافهما . فقلت : أنكحا احدهما الاخرى . قال : فما تناهتا عن قولهما حتى . قال : فأتتا عليَّ ، فقلت : هَنٌ مثل الخشبة ، غير أنيِّ لا أُكَني ، فانطلقتا تولولان وتقولان : لو كان ههنا أحد من أنفارنا !

قال : فاستقبلهما رسول الله ـ ﷺ ـ وأبو بكر ـ وهما هابطان ـ قال : ما لكما ؟ قالتا : الصابئ بين الكعبة وأستارها . قال : ما قال لكما ؟ قالتا : إنه قال لنا كلمة تملأ الفم . وجاء رسول الله ـ ﷺ ـ حتى استلم الحجر وطاف بالبيت هو وصاحبه ، ثم صلى ، فلما قضى صلاته ـ قال أبو ذر ـ : فكنت أنا أول من حياه بتحية الاسلام . فقلت : السلام عليك يا رسول الله . فقال : وعليك ورحمة الله . ثم قال : من أنت ؟ قلت : من غفار . قال : فأهوى بيده ، فوضع أصابعه على جبهته ، ففلت في نفسي : كره أن انتميت إلى غفار . فذهبت آخذ بيده ، فَقَدَعني

صاحبه [اى : كفَّني] ـ وكان أعلمَ به مني ـ ثم رفع رأسه ثم قال : متى كنت ههنا ؟ قال : قد كنت ههنا منذ ثلاثين بين ليلة ويوم . قال : فمن كان يطعمك ؟ قال : قلت : ما كان لي طعام إلا ماء زمزم ، فسمنت حتى تكسرت عكن بطني ، وما أجد على كبدي سخفة جوع . قال : إنها مباركة ، إنها طعام طُعْم [أى : تشبع شاربها كما يشبعه الطعام]

فقال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله ائذن لي في طعامه الليلة . فانطلق رسول الله ـ ﷺ ـ وأبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وانطلقت معهما ، ففتح أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] بابا فجعل يقبض لنا من زبيب الطائف . فكان ذلك أول طعام اكلته بها ، ثم غبرت ما غبرت [بقيت ما بقيت] ثم أتيت رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : إنه قد وجهتُ إلى أرض ذات نخل لا أُراها إلا يثرب ، فهل أنت مبلغ عني قومك ؟ عسى الله أن ينفعهم بك ، ويأجرك فيهم !

فأتيت أُنيسا ، فقال : ما صنعت ؟ فقلت : صنعت أني قد أسلمت وصدَّقتُ ، قال : ما بي رغبة عن دينك ، فإني قد أسلمت وصدَّقتُ . فأتينا أمنا ، فقالت : ما بي رغبة عن دينكما فإني قد أسلمت وصدقت . فاحتملنا [اي : حملنا أنفسنا ومتاعنا على إبلنا وسرنا] حتى أتينا قومنا غفارا ، فأسلم نصفهم ، وكان يؤمهم أيماء بن رحضة الغفاري ، وكان سيدهم ، وقال نصفهم : إذا قدم رسول الله ـ ﷺ ـ المدينة أسلمنا فقدم رسول الله ـ ﷺ ـ المدينة فأسلم نصفهم الباقي .

وجاءت أسلمُ فقالوا : يا رسول الله إخوتنا تُسْلِمُ على الذي أسلموا عليه ، فأسلموا ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : غفار غفر الله لها ، وأسلم سالمها الله . م ـ ٩ / ٣٧٩ .

وفي أخرى : قلت : فاكفني حتى أذهب فأنظر ، قال : نعم ، وكن على حذر من أهل مكة فإنَّهم قد شنفوا له وتجهموا . م ـ ٩/ ٣٨٤ . [أي أبغضوه وقابلوه بوجوه غليظة كريهة . نووي] .

وفي أخرى عنه : صليت سنتين قبل مبعث النبيِّ ـ ﷺ ـ وفيها : فتنافرا إلى رجل من الكُهَّان ، قال : فلم يزل أخي أُنيس يمدحه حتى غلبه ، فأخذنا صرمته ، فضممناها إلى صرمتنا ، وفيها : وصلى ركعتين خلف المقام . وفيها : قلت مذ خمسة عشر . وفيها : اتْحِفْني بضيافة الليلة . م ـ ٩/ ٣٨٤ .

وبين حديث عبدالله بن الصامت وحديث ابن عباس مباينة ظاهرة . ولا بد من التوفيق بينهما ؛ لأنهما صحيحان ، ولم يتكلم فيه النووي بكلمة ، وليس حديث عبدالله بن الصامت في البخاري . رشيد بابان .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی صامیت ئەڵێ : ئەبوذەڕی غیفاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : قەومەکەمان ، کە غیفارە ، لە شەهری حەراما کۆچیان ئەکرد ، منو ئونەیسی برامو دایکم کۆچمان کرد لای خاڵمان دابەزین ، خاڵمان ئیکرامی گرتین ، چاکیی لەگەڵ کردین ، قەومەکەی حەسەدیان پێ بردین ، وتیان : تۆ کە لەماڵ چوویتە دەرێ ئونەیس لە دوای تۆ چوە لای ئەهلو عەیالەکەت ، [یەعنی بۆ ئیشی خراپە] خاڵم هات ئەوی کە دەرحەق ئونەیس وترابوو لای ئێمە ئیفشای کرد . پێموت : ئەو چاکی یەی کە تا ئێستە لەگەڵ ئێمەتا کرد لێڵت کرد . [یەعنی بە عەفوات دا ، قیمەتی نەما ؛ چونکی ئیفتیرای قەومەکەت ، کە لەبەر حەسەد بە ئونەیسیان کردبوو ، قەبووڵت کردو بە بێ ئەمە تەحقیقی

بکەی پێت بروا کردن داتەڕوومان] ئیتر لەمەولا لەگەڵ تۆ ئیجتیماعمان نابێتەوە ؛ [چونکی لێمان کەوتوویتە شوبهەوە] .

وشترەکانمان هێناو بارمان کردو سواری بووین ، خاڵم جلەکەی لە خۆیەوە پێچاو ، دەستی کرد بە گریان . ڕۆیین تا لە حەضرەتی مەکەدا دابەزین ، ئونەیس لەگەڵ شاعیرێکا گرەویان کرد لەسەر وەشترەکانمان و ئەوەندەی تر [یەعنی ئەگەر شیعری ئونەیس چاتر بوو بە قەد وشترەکانمان . وشترمان بداتێ ، ئەگەر شیعری ئەو باشتر بوو وشترەکانی خۆمانی بداتێ] چوونە لای کاهینێ ئونەیس هەر مەدحی ئەو کاهینەی کرد [یەعنی شاعیرەکەی تریش مەدحی کرد] کاهینەکە شیعری ئونەیسی پەسەن کرد . ئونەیس وشترەکانی خۆمان و ئەوەندەی تری بۆ هێناین .

عەبدوڵڵا ئەڵێ : ئەبو ذەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی کوڕی برای خۆم ! سێ ساڵ لە پێش ئەمە کە بە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بگەم . لە رایوایەتەکەی دواوە ئەفەرموێ : دوو ساڵ لە پێش مەبعەثی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ نوێژم ئەکرد [مونافاتیان نی یە ؛ چونکی وای لێ یێ کە دوو ساڵ لە پێش مەبعەثاو ساڵێکیش دوای مەبعەث کە ئەکا سێ ساڵ ، لە پێش بەحوضوورگەیین نوێژم کرد] (ابن الصامت) ئەڵێ : وتم : نوێژت بۆ کێ ئەکرد ؟ فەرمووی : بۆ خوا . عەرزم کرد : رووت ئەکردە کوێ ؟ فەرمووی : بۆ ئەو جێیەی کە خوا رووی پێ کردمە ئەوێ ـ عز وجل ـ نوێژی خەوتنانم ئەکرد تا ئاخری شەو ئەبوو . ئەو وەختە وەك جل لێی ئەکەوتم تا ڕۆژم بەسەرا بەرز ئەبۆوە .

[لێرەدا مونافات دەستپێ ئەکا ئاگامان لە خۆمان بێ بۆ دەفعی ـ بتوفیق الله تعالى ـ لە دوای ئەمە ، وەك لە حەدیثەکەی ئیبن و عەباسایە ، ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە ئەبو ذەر خەبەری مەبعەثی

گەیی پێ و بە ئونەیسی وت : بچۆ بۆ طەرەفی مەکە خەبەری ئەو پیاوە کە ئەفەرموێ : خەبەرم لە ئاسمانەوە بۆ یێ . . الخ] ئونەیس وتی : لە مەکە ئیشێکم هەیە تۆ ئیشی ئێرەم لە کۆڵ بخە . ئونەیس لێیدا رۆی بۆ طەرەفی مەکە ، درەنگی پێ چوو لە دواییدا هاتەوە پێم وت : چیت کرد ؟ [یەعنی خەبەری ئەو پیاوەت تەحقیق کرد یان نا ؟] وتی : پیاوێکم دی لەسەر دینی تۆیە ، ئەفەرموێ : کە خوا ـ عز وجل ـ ناردوویەتی . وتم خەڵق ئەڵێن چی ؟ وتی : ئەڵێن : شاعیرە ، کاهینە ، ساحیرە . . . ئونەیس خۆی لە شوعەرا بوو ، وتی : قسەی کولێ نانیم بیستوە ، قسەی ئەو پیاوە وەك قسەی ئەوان نی یە . قسەکەییم تەطبیق کرد بەسەر ئەنواعی شیعرا ، لەگەڵ شیعری هیچ شاعیرێکی غەیری من رێ ناکەوێ کە شیعر بێ . [خۆمنیش لام موحەقەقە کە شیعر نی یە] وەڵڵاهی ئەو پیاوە راستەو ئەوان درۆزنن .

ئەبوذەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بە ئونەیسم وت : تۆ ئیشی ئێرەم بۆ بگرەرە سەرخۆت ، تا بچم تێفکرم . فەرمووی : چوومە مەکە ، لە مەکەیی پیاوێکم بە ضەعیف زانی کە نەتوانێ زەرەرم پێ بگەیێنێ . پێم وت : ئەو پیاوە کە ئێوە پێی ئەڵێن کە لە دین وەرگەڕاوە لە کوێ یە ؟ ئەو پیاوە ئیشارەتی منی کردو وتی : ئەمە لە دین وەرگەڕاوەیە ! ئەهلی مەکە روویان تێکردم بە هەموو بەردو ئێسقان لێیان دام تا بە بێ هۆشی کەوتم ، وەختێ کە هەڵسام چۆن هەڵسام ؟ وەك بتێ کە حەیوانی بۆ سەرەبرن و خوێنی حەیوانەکەی تێ هەڵسوون . . لە خوێنا وا سوور بووبووم ! فەرمووی : چوومە لای زەمزەم ، خوێنەکەم لە خۆم

شتو له ئاوی زەمزەمم خواردەوە .

ئەی کوڕی برای خۆم ! سی شەوو رۆژ [یەعنی پانزەشەوو پانزە رۆژ] لەوێدا مامەوە غەیری ئاوی زەمزەم هیچ طەعامم نەبوو ، پێی قەڵەو بووم ، تا لۆچی زکم داکەوت ، لەسەر جەرگم هیچ حیسی برسێتیم نەکرد . شەوێکی مانگەشەوی رووناك بوو ، ئەهلی مەکە هەموو مۆر نرابوو بەسەر گوێیاناو خەویان لێکەوتبوو ، هیچ کەس نەبوو کە طەوافی بەیت بکا . دوو ژنم دی لەوان لە طەوافا ، هاواریان ئەکردە (نائیلە)و (ئەساف) ـ کە دوو بتی مەکەیین ـ لێیان ئەپاڕانەوە . کە لە طەوافەکەیانا گەیینە لای من ، پێموتن : یەکێکیان لەوی تریان مارە بکەن !

ئەبوذەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەوە لە قسەو پاڕانەوەی خۆیان نەکەوتن . فەرمووی : دووبارە هاتنەوە بەلاما ، پێموتن : هینێکی وەکوو دار رەق ! ئەوەندەی هەیە بە کینایەت نەموت . [یەعنی بە صەراحەت پێموتن : کێرێکی رەقی وەك دارتان بە کوز !]

دەستیان کرد بە وەلوەلەو بانگیان کرد : ئاخ کاشکی یەکێکمان لە قەومەکانمان لە لا بوایە ! فەرمووی : لەو وەختەدا پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە سەعیی بەینی صەفاو مەروە ئەهاتنەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەرەوپیریان چوون . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : چیتان لێقەوماوە ؟ وتیان : لەدین وەرگەڕاوێ وا لە بەینی کەعبەو سەتری کەعبەدا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چی پێوتن ؟ وتیان : کەلیمەیێکی وای پێ وتین لە دەما جێی نابێتەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هاتو دەستی موبارەکی

هێنا بەسەر (حجر الاسود) او طەوافی کرد . دوو رکاتی لە پشت مەقامەوە کـرد ، کە نـوێژەکـەی تەواوکـرد ئـەبـوذەڕ ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ فەرمووی : ئەوەڵ کەسێ کە بە تەحییەتی ئیسلام تەعظیمی کردبێ من بووم . عەرزمکرد : (السلام عليك يا رسول الله) فەرمووی : (وعليك ورحمة الله) . لە دواییا فەرمووی : تۆکێی ؟ عەرزمکرد کە : لە غیفارم . فەرمووی : کە وامووت دەستو پەنجەی نایە ناوچاوانی ، لەبەرخۆمەوە وتم : رەنگە لای ناخۆش بێ کە لە غیفار بم . چووم کە دەستی بگرم رەفیقەکەی مەنعی کردم نەیهێشت ؛ چونکی ئەو ئەوی لە من چاتر لێ مەعلووم بوو ، لە دواییدا سەری هەڵبڕیو فەرمووی : لە کـەیەکـەوە لێـرەی ؟ وتی : لـە سی شـەوو رۆژەوە [یـەعنی لـە پـانـزە رۆژەوە] فەرمووی : کێ طەعامی ئەدایتێ ؟ وتی : وتم : غەیری ئاوی زەمزەم هیچ طەعامم نەبوە ، قەڵەو بووم تا شۆلاوگەی زگم داکەوت ، لەسەر جـەرگم هیچ زەحـمـەتی برسییێتیم نـەبوو . فـەرمووی : ئـاوی زەمزەم موبارەکە ، ئاوێکە ئینسان تێرەکا .

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیکرد : (يـا رسول الله) ئیذنم بدە ئیمشەو طەعامی بدەمێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ منیش لە خذمەتیانا ، چووین . ئەبوبـەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قاپییێکی کردەوە ، بە مست مێوژی طائیفی ئەداینێ . ئـەوە ئەوەڵ طەعامێکە لە مەکەدا خواردم . لە دواییدا ئـەوەندە مـامەوە کـە مـامەوە . لـە پاشـانا چـوومە خـذمەت پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرمووی : ئەرزێکی صاحیب خورمام پێ نیشان دراوە ، لام وایە غەیری مەدینە هیچ جێی تر نییە . ئایا لە منەوە تەبلیغی قەومەکەت ئەکەی ؟ ئومێدم وایە کە بە واسیطەی تۆوە خوا نەفعیان بداتێو ، لەوەدا ئەجریش بدا بە تۆ .

چوومه لای ئونەیس ، وتی : چیت‌کرد ؟ وتم : ئەوەم کرد کە موسوڵمان بووم‌و تەصدیقم کرد . ئەویش وتی : هیچ شتێکی وام نی‌یە کە لە دینی تۆ ئیعراض بنێم ، منیش موسوڵمان بووم‌و باوەڕم کرد . هەردوکمان چووینە لای دایکمان ، ئەویش وتی : هیچی وام لە دڵا نی‌یە کە لە دینی ئێوە لادەم ، منیش موسوڵمان بووم‌و تەصدیقم کرد .

بارمان‌کردو چووینە ناو قەومەکەمان کە غیفارە ، نیوەی موسوڵمان بوو ، ئیمای کوڕی ڕەحەضە ، کە ڕەئیسیان بوو ئیمامەتی بۆ ئەکردن . نیوەکەی تری وتیان : کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی چوو بۆ مەدینە موسوڵمان ئەبین . نیوەکەی تریشی کە پێغەمە ر - ﷺ - تەشریفی چوو بۆ مەدینە موسوڵمان بوون . ئەسلەمیش هاتن وتیان : (یا رسول الله) . غیفار لەسەر چی موسوڵمان بوون برادەرانی ئێمەیش لەسەر ئەوە موسوڵمان ئەبن . ئەوانیش موسوڵمان بوون . ئەو وەختە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : غیفار خوا لێیان خۆش ببێ ، ئەسلەم خوا سەلامەتیان بکا .

ئیمجا بێینەوە سەر موبایەنەتی ئەم حەدیثە لەگەڵ حەدیثەکەی ئیبن‌و عەباس - رضي الله تعالى عنهما - نەوەوی - رحمه الله تعالى - هیچ بەحثی لە ئیشکالی ئەم حەدیثە نەکردوە . لە بوخاریشا نی‌یە تا قەسطەلانی قسەی لێ بکا .

لەم حەدیثەدا ئەفەرموێ : ئەبوذەڕ لە (مسجد الحرام)ا بوو ، پێغەمەر و ئەبوبەکر - ﷺ ، ورضي عنه - تەشریفیان بۆ طەواف چوە (مسجد الحرام)و چاویان پێی کەوت‌و ، ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - بردنی‌یە ماڵێ‌و طەعامی دانێ . ئەفەرموێ : ئەو مێوژە ئەوەڵ طەعامێکە کە لە مەکەدا خواردوومە .

لە حەدیثەکەی ئیبن‌و عەباسا - رضي الله تعالى عنهما -

ئەفەرموێ : حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مزگەوتا چاوی پێی کەوت و سێ شەو بردی یەماڵێ ، تا سێ شەو بەم نەوعە ، شەوی سێیەم لێی پرسی ، کە زانی بۆ چی هاتوە بۆ سبەینێ بردی یە خـزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ دیارە ئەو سێ شەوە حەزرەتی عـەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ میوانداریی کردوە ، گینا فایدەی چی یە بیباتە ماڵی خۆیان ؟

ئەگونجێ موڕادی حەزرەتی عەلی لە لەفظی سبەینێ ئاخری شەوی سێیەم بێ کە وەقتی سەحەرە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختەدا تەشریفی چۆتە طەواف حەزرەتی عەلی لە (مسجد الحرام)ا (زبیـری)[1] بردبێتـە خدمەتی ، نیهایەت تەصادوفی پێش تەشریفی پێغەمەر بووبێ ـ ﷺ ـ ئەو شەوە دوای ئەمە کە لە طەواف و نوێژ بوونەوەو نوێژی سبەینێ حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەعوەتی کردبنە ماڵەوە .

مەعنای ئەو پارچە پارچانەی کە موسلیم لە حەدیثەکانی ترا ریوایەتی ئەکا :

ئەبوذەر ئەفەرموێ : وتم : ئیشی ئێرەم بگرەرە سەر خۆت ، تا بچم تێفکرم . ئونەیس وتی : بەڵێ . ئەمما خـۆت بپارێـزەو وریا بـە ، چونکی ئەهلی مەککە ئەیبوغضێنن و بە شتی نالایەق موقابەلەی ئەکەن .

عەبدوڵڵای کوڕی صامیت ئەفەرموێ : ئەبوذەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی کوڕی برای خـۆم دوو ساڵ لـە پێش مەبعـەثی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ نوێژم ئەکرد .

---

(١) هەروا نووسراوە بەڵام دیارە هەڵەیەو راستی یەکەی (ئەبوذەر)ە . هەروەها دانەر وەك دڵی ئاوی نەخواردبێتەوە وایە ، بۆیە هەندێکی لە لاپەڕەکـە بە سپێتی برداوە .

چوونه لای پیاوێکی کوڵەنانی ، ئـونەیس هـەر مەدحی کـرد تا بـەسەر شـاعیرەکـەی ترا غـاڵب بوو ، وشتـرەکـانی ئـەوی عـەلاوەی وشترەکانی خۆمان کرد .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هـاتو ، طەوافی بـەیتی کردو ، دوو رکات نوێژی لە پشت مەقامەوە کرد . چوومە خدمەتی و ئەوەڵ کەسێکم کە بە تەحی یەتی ئیسلام تەعظیمی کردبێ . وتم : (السـلام عليك يـا رسول الله) فەرمووی : (وعليك) تۆ کێی ؟

فەرمووی : لـە کەیـەکەوە لێـرەی ؟ عەرزم کـرد : لە مـوددەی پانزەوە . ئەبوبەکر فەرمووی : پێم ببەخشە کـە ئیمشەو ضیـافەتی بـۆ بکەم .

حەدیثی زەیدی بنی عـەمری کـوڕی نوفـەیلی ئـامۆزای ئیمـامی عومەر ، باوکی سەعید کە لە (عشرەی مبشرە)یە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ . ئیختیلاف لە نوبووەتیا هەیە .

١٠١٥/١٣٨ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ ﷺ ـ لقي زيد بن عمرو بن نفيل بأسفل بَلْدَح [واد بمكة] قبل أن ينزل على النبي ـ ﷺ ـ الوحي ، فقدمت إلى النبي ـ ﷺ ـ سفرة [لقريش] فأبى [زيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ] أن يأكل منها . ثم قال زيد : إني لا آكل مما تذبحون على نصابكم ، إلا ما ذكر اسم الله عليه . وإن زيد بن عمرو كان يعيب على قريش ذبائحهم ، ويقول : الشاة خلقها الله ، وأنزل لها من السماء الماء ، وأنبت لها من الأرض ، ثم تذبحونها على غير اسم الله ! إنكـارا لذلـك ، وإعـظامـا لـه . ح ـ ١٦٥/٦ ، ١٦٦ ، وفي الصيـد والذبايح . ن .

١٣٩/١٠١٦ وعنه : أن زيد بن عمرو بن نفيل خرج إلى الشام يسأل عن الدين ، ويتبعه [ويبتغيه . كش] فلقي عالما من اليهود ، فسأله عن دينهم ، فقال : إني لَعليَّ اَن اَدين دينكم ، فأخبرني . فقال : لا تكون على ديننا حتى تأخذ بنصيبك من غضب الله . قال زيد : ما أفِرُّ إلاّ من غضب الله ، ولا أحمل من غضب الله شيئا أبدا وأنا أستطيعه ، فهل تدلني على غيره ؟ قال : ما أعلمه إلا أن يكون حنيفا . قال زيد : وما الحنيف ؟ قال : دين إبراهيم ؛ لم يكن يهوديا ولا نصرانيا ، ولا يعبد إلا الله ، فخرج زيد فلقيَ عالما من النصارى ، فذكر مثله ، فقال : لن تكون على ديننا حتى تأخذ بنصيبك من لعنة الله . قال : ما اَفِرُّ الاّ من لعنة الله ، ولا أحمل من لعنة الله ولا من غضبه شيئا أبدا وأنا مستطيع ، فهل تدلني على غيره ؟ قال : ما أعلم إلا أن يكون حنيفا ، قال : وما الحنيف ؟ قال : دين إبراهيم لم يكن يهوديا ولا نصرانيا ، ولا يعبد إلا الله . فلما رأى زيد قولهم في إبراهيم - عليه الصلاة والسلام - خرج ، فلما برز رفع يديه ، فقال : اللهم إني أشهد أني على دين إبراهيم ح - ١٦٦/٦ .

ئه‌م دوو حه‌ديثه مورسه‌لى صه‌حابين ؛ چونكه عه‌بدولـلاّ ئه‌و وه‌خته له دنيادا نه‌بوه .

١٤٠/١٠١٧ عن أسماء بنت أبي بكر [معلق ، وصله أبو بكر بن أبي داود] - رضي الله تعالى عنها - قال : رأيت زيد بن عمرو بن نفيل قائما ، مسندا ظهره إلى الكعبة ، يقول : يا معاشر قريش والله ! ما منكم على دين إبراهيم غيري . وكان يحي الموؤدة ، يقول للرجل - إذا أراد أن يقتل ابنته - : لا تقتلها اَنا أكفيكها مؤنتها ، فيأخذها ، فإذا ترعرعت [نشأت]

قال لأبيها : إن شئتَ دفعتها إليك ، وإن شئت كفيتك مؤنتها . ح - ١٦٦/٦ .

[روى البزار والطبراني من حديث سعيد بن زيد خرج زيد بن عمرو وورقة يطلبان الدين ، حتى أتيا الشام ، فتنَصَّر ورقة ، وامتنع زيد ، فأتى الموصلَ ، فلقي راهبا فعرض عليه النصرانية ، فامتنع . . الحديث . وفيه : فسألت أنا وعمر رسول الله - ﷺ ، ورضي عنهما - عن زيد ، فقال : غفر الله له ورحمه ، فإنه مات على دين إبراهيم . [عليه الصلاة والسلام قسطلاني]

عامر بن ربيعة قال : قال لي زيد بن عمرو : إني خالفت قومي ، واتَّبعت ملة إبراهيم وإسماعيل وما كانا يعبدان ، وأنا أنتظر نبيا من بني إسماعيل ، ولا أُراني أدركه ، وأنا أومِنُ به وأُصدقه ، وأشهد أنه نبيٌّ ، وإنْ طالتْ بك حياة فاقرأه مني السلام . قال عامر : فلما أسلمت أعلمت النبيَّ - ﷺ - خبره ، قال : فرد عليه السلام وترحَّم عليه . وقال : لقد رأيته في الجنة يسحب ذيولا .

وفي رواية أبي أسامة : سئل النبيُّ - ﷺ - عن زيد ، فقال : يبعث يوم القيامة أمة وحده ، بيني وبين عيسى بن مريم .

وروى أبو عمرو : أنه كان يقول : يا معشر قريش إياكم والربا ! فإنه يورث الفقر .

وروى الزبير بن بكّار من طريق هشام بن عروة ، قال : بلغنا أن زيدا كان بالشام ، فبلغه مخرج النبيِّ - ﷺ - فأقبل يريده ، فقتل بميفعة من أرض البلقاء . وقال ابن إسحاق : لما توسط بلاد لخم قتلوه . قسطلاني ١٦٦/٦و ١٦٧ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلا کوڕی عومەر - رضي الله تعالی عنهما - . . پێغەمەر - ﷺ - لە خوار (بەلدەح) ەوە ، کە وادییێکە لە غەربی مەکەوە ، لە پێش ئەمەدا کە وەحی بۆ نازڵ ببێ ، بە زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەل گەیی - رضي الله تعالی عنه - سفرەییێکیان هێنایە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - زەید - رضي الله تعالی عنه - لێی نەخوارد فەرمووی [بەوانەی کە سفرەکەیان هێنا] : لەو حەیوانانەی کە لەسەر بتەکان بە ناوی ئەوانەوە سەری ئەبڕن ناخۆم و نەمخواردوە . من هەر لەو حەیوانە ئەخۆم کە لە وەختی سەربڕینا ناوی خوای لەسەر هێنرابێ .

[لەم حەدیثەدا ئەوەی تیا نی یە کە پێغەمەر - ﷺ - لێی خواردوە یان نا . موعامەلەی زەیدیش - رضي الله تعالی عنه - بە رەئیی خۆی و ئیجتیهادی خۆیی کردوە . لە دینی حەزرەتی ئیبراهیما - علیه الصلاة والسلام - هەر مردارەوەبوو حەرام بوە ، ئەوی کە سەربڕرابێ - با ناوی خوایشی لەسەر نەهێنرابێ - خواردنی دروست بوە . (أشیا) یش لە پێش وروودی شەرعا نە پێیان ئەڵێن حەرامە ، نە پێیان ئەڵێن حەلاڵە .] قسطلاني ح - ٦/١٦٥ .

عەبدوڵلای کوڕی عومەر - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : زەیدی کوڕی نوفەیل - رضي الله تعالی عنه - لە خوصووصی حەیوان سەربڕینی قورەیش بۆ بتەکانیان عەیبی لێ ئەگرتن ، ئەیفەرموو : خوا - عز وجل - مەری خەلق کردوە ، لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ بارانوون بیخۆنەوە ، لە ئەرزا گیای بۆ روانوون بیخۆن ، کەچی ئێوە یێنن لەسەر غەیری ناوی خوا [یەعنی بە ناوی بتەکانتانەوە] سەریان ئەبڕن ! بەو فەرموودەی ئینکاری فیعلی قورەیشی ئەکردو ، بە قەباحەتێکی گەورەی ئەزانی . ح - ٦/١٦٦ .

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوو بۆ طەرەفی شام ؛ لە دینی ئەپرسی و بۆ دین ئەگەڕا، تووشی عالمێکی جوولەکە بوو ، لە خوصووصی دینی جوولەکەوە لێی پرسی ، فەرمووی : بەڵکو دینی ئێوە قەبووڵ بکەم ، ئەو عالمە پێی وت : تا حیصەی خۆت لە غەضەبی خوا وەرنەگری لەسەر دینی ئێمە نابی ! زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من هەر لە غەضەبی خوا هەڕا ئەکەم ، تا بتوانم و لە دەستم بێ هیچ شتێ لە غەضەبی خوا ناگرمە سەر خۆم . دینێکی ترم پێ نیشان ئەدەی کە قەبووڵی بکەم ؟ عالمەکە وتی : غەیری دینی حەنیف هیچ دینێ تر نازانم . زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : حەنیف چی یە ؟ وتی : حەنیف دینی ئیبراهیمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ نە یەهوودیی بوەو نە نەصرانی . عیبادەتی غەیری خوای نەکردوە .

زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی لەوێ چوە دەرێ ، تووشی عالمێکی گاور بوو ، چی بە عالمی جوولەکەکە فەرموو بەویش وای فەرموو . گاورەکە عەرزی کرد : تا بەشی خۆت لە لەعنەتی خوا وەرنەگری نایێتە سەر دینی ئێمە . زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من هەر لە لەعنەتی خوا فیرار ئەکەم ، تا لە دەست و تاقەت و تەواناما بێ هیچ شتێك نە لە لەعنەتی خوا ، نە لە غەضەبی هەڵناگرم ! دینێکی ترم پێ نیشان ئەدەی ؟ گاورەکە وتی : غەیری دینی حەنیف [یەعنی دینێکی راست کە لە باطیل لای داوە] هیچ دینێکی تر نازانم . زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : دینی حەنیف چی یە ؟ گاورەکە وتی : دینی حەزرەتی ئیبراهیمە ، کە نە جوولەکە بوەو نە گاور . غەیری

خوا عیبادەتی هیچ کەسی تری نەکردوە .

کە زەید - رضي الله تعالى عنه - لە عالمە جوولەکەکەو عالمە گاورەکە شەئنی حەزرەتی ئیبراهیمی بیست - علیه الصلاة والسلام - تەشریفی چووەدەرێ ، کە لە مەڵبەندیان تێپەڕ بوو هەردوو دەستی هەڵبڕی ، فەرمووی : یارەبی من شەهادەت ئەدەم کە لەسەر دینی ئیبراهیمم - علیه الصلاة والسلام - ح - ٦/١٦٦ .

ئەم سێ حەدیثە مورسەلی صەحابین ، بە موسنەدو مەرفووع حسێبن ؛ چونکی عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - با بەو وەقعەیش نەگەییبێ ، ئەبێ لە پێغەمەری بیستبێ - ﷺ - .

ئەسمای کچی ئەبوبەکری صەدیق - خوایان لێ رازی بێ - فەرمووی : زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلم دی - رضي الله تعالى عنه - پاڵی دابووەوە بە دیواری کەعبەوە ئەیفەرموو : ئەی جەماعەتی قورەیش وەڵلاهی ! غەیری من هیچ کەسێ لە ئێوە لەسەر دینی حەزرەتی ئیبراهیم - علیه الصلاة والسلام - نی یە .

[ئەبونەعیم - زەید - رضي الله تعالى عنه - ئەیفەرموو : خوای من خوای ئیبراهیمە . دینی من دینی ئیبراهیمە .]

زەید - رضي الله تعالى عنه - مەوئوودەی زیندووئەکردەوە [بەم نەوعە] پیاوێ کە ئیرادەی بوایە کە کچی خۆی بکوژێ ، پێی ئەفەرموو : مەیکوژە من ئەرکی ئەوت لە کۆڵ ئەخەم . ئەو کچەی ئەگرتە لای خۆی بەخێوی ئەکرد ، کە گەورە بوو بە باوکەکەیی ئەوت : وا کچەکەت پێگەییوە ، ئەگەر هەوەست هەیە بتدەمەوە ، ئەگەر هەوەست هەیە

ئەركى ئەگرمە سەرخۆم . ح ـ ٦/١٦٦ .

ئەم ئەثەرە (معلق)ە ، ئەبوبەكرى كوڕى ئەبوداود وەصلى كردوە ، يەعنى هەموو سيسليلەكەى تا حەزرەتى ئەسما ذيكر كردوە .

[سەعيدى (من العشرة) كوڕى زەيـد ـ رضي الله تعالى عنهـما ـ ئەفەرموێ : من و عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە دەرحەق زەيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەرمان ـ ﷺ ـ پـرسى ، فەرمـووى : خواى لێ خۆش بێ و رەحمى پێ بكا لەسەر دينى ئيبراهيم وەفاتى كرد . قسطلاني]

عاميرى كوڕى رەبيعە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : زەيدى كوڕى عەمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێى فەرمـووم : من موخـالەفـەى قەومەكەى خۆمم كردوە ، تابيعى ميللەتى ئيبراهيم و ئيسماعيل ـ عليهما السلام ـ و ئەوەى كە ئەوان ئەيان پـەرست بووم . ئێستـە مونتـەظيرى پێغەمەرێكم لە بەنى ئيسماعيل . بڕوام وا نى يە كە بيگەمێ ، ئيمانم پێى هەيە ، تەصديقى ئەكەم ، شەهادەت ئـەدەم كە پێغـەمەرە ، ئـەگەر عومرت درێژ بوو لە منەوە سەلامى لێ بكە .

عامير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فـەرمووى : كـە موسـوڵمان بـووم خەبەرم دا بـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ پێغەمـەر ـ ﷺ ـ رەددى سەلامـەكەى كردەوەو ، رەحمەتى بۆ ناردو ، فەرمووى : لە بەهەشتا چاوم پێيكەوت كە داوێنى لە ئەرز ئەخشان .

لە سەعيدى كوڕى يەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ريوايەت كراوە : كە زەيدو وەرەقە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەشريفيان چوو ، بۆ دينى حەق ئەگەڕان ، تا گەيينە شام ، وەرەقە بوو بە نەصارىو زەيد نەبوو ، زەيد تەشريفى هاتە (موصل) ، تووشى راهيبێ بوو ، دينى نەصاراى پێ نيشان دا ، قەبووڵى نەكرد .

ئەبو ئوسامە ئەڵێ : زەیدیان لە پێغەمەر پرسی ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئومەتێکی تەنهایە لە بەینی من و عیسای کوڕی مەریەما .

ئەبوعەمر ئەڵێ : زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : ئەی جەماعەتی قورەیش سوود مەخۆن فەقیری ئێنێ .

زوبەیری کوڕی بەکار ئەڵێ : کە هیشامی کوڕی عورووە فەرمووی : بە ئێمە واگەییوە کە زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە شام بوو خەبەری خورووجی پێغەمەری ـ ﷺ ـ پێگەیی ، لەوێوە رووی کردە مەکە ، لە (میفعة) شەهید کرا . قسط ٦/١٦٧ .

فضائل سلمان

- رضي الله تعالى عنه -

١٤١ ١٠١٨ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله - ﷺ - : لو كان الدين عند الثريا لذهب به رجل من فارس ، أو قال من أبناء فارس حتى يتناوله م - ٤٣٨/٩ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : كە پێغەمبەر - ﷺ - فەرمووی : ئەگەر دین لە لای (ثریا) بێ پیاوێ لە ئەهلی فارس ، یا فەرمووی : لە كورانی فارس ، ئەیگاتێ تا وەری ئەگرێ .

عولەما ئەم حەدیثەیان بە ئیمامی ئەعظەم تەطبیق كردوە . فەضلی سەلمانی ئەوەندە تیایە كە خەڵقی فارس بوە .

١٤٢/١٠١٩ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : كنا جلوسا عند النبيّ - ﷺ - إذ أنزلت عليه سورة الجمعة ، فلما قرأ : ﴿وآخرين منهم لما يلحقوا بهم . . .﴾ قال : [قلت : من هم ؟ بخاري] من هؤلاء يا رسول الله ؟ فلم يراجعه النبي - ﷺ - حتى سأله مرة أو مرتين أو ثلاثا . قال : وفينا سلمان الفارسي ، قال : فوضع النبيُّ - ﷺ - يده على سلمان ، ثم قال : لو كان الايمان عند الثريا لَنالَهُ رجال من هؤلاء . م - ٤٣٩/٩ . ح - ٣٦٦/٧ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لە خزمەت پێغەمبەرا - ﷺ - دانیشتبووین سوورەتی (جومعە) نازڵ بوو ، كە ئەوەی

خوێنەوە : ﴿وآخرين منهم لما يلحقوا بهم﴾ پرسی وتی : (يا رسول الله) ئەوانە کێن ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ جوابی نەدایەوە ، تا جارێ ، یا دوو جار ، یا سێ جاری پرسی . سەلمانی فارسیمان لەناوا بوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی موبارەکی نایە سەر سەلمانو فەرمووی : ئەگەر ئیمان لە لای (ثريا) بێ بەعزێ پیاو لەمانە ئەیگاتێ .

عن سهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ مرفوعا : إن في أصلاب أصلاب **أصلاب رجال من أصحابي رجالا ونساء** من أمتي يدخلون الجنة **بغير حساب . ثم قرأ : «وآخرين منهم** . . . الآية قسطلاني (**اللهم اجعلني وملا حسينا وأهلنا منهم**) .

تەرجەمە :

سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە نەتەوەی نەتەوەی نەتەوەی منا(1) هەن . بە بێ حساب ئەچنە بەهەشتەوە . لە دوایی دا ئەم ئایەتەی جومعەی خوێنەوە «وآخرين منهم . . .» .

ئەم حەدیثانە لە موعجیزەی [illegible] ـ ﷺ ـ ؛ چونکی لە ئەبنای فارسا زۆر پیاوی گەورەی [illegible]

(1) لێرەدا دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی (رجل من أصحابي) لەبیر چوە ، مامۆستا مەلاسەلام قەلەمی تێبردووەو (امتي) داناوەو ئەمیش تەواو نی یەو دەبێ بنووسرێ : (پیاوانێ لە یارانی . . .)

١٠٢٠/١٤٣ عن سلمان الفارسي [رضي الله تعالى عنه] أنه تَدَاوَلَهُ بضعة عشر من رب إلى ربٍّ . ح ـ ٦/ ٢٣٠ .

١٠٢١/١٤٤ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : أنا من (رام هرمز) [مدينة من فارس] .

١٠٢٢/١٤٥ وعنه [رضي الله تعالى عنه] قال : فترة عيسى ومحمد ـ ﷺ ـ ستمائة سنة . ح ـ ٦/ ٢٣٠ .

تەرجەمە :

سەلمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دەو ئەوەنـدە منیان دەستاو دەست خستوە . لە سەیدێکەوە کـەوتوومـە دەست سەیـدێکی ترەوە .

ئەفەرموێ : خەڵقی (رام هورمز)م .

ئەفەرموێ : فەترەتی بەینی عیسـاو پێغەمـەر ـ ﷺ ـ شەشصـەد ساڵە .

[لە دەست باوکی هەڕا ئەکا بۆ ئەمە کە دینی حەق بدۆزێتەوە ، لەسەر دینی مەجووس بوو ، چوە لای سێ ڕاهیب ، یەك لە دوای یەك لەگەڵیان بوو تا مردن ، ڕاهیبی دوایی خەبەری دایە کە : پێغـەمەری حەق ظوهووری کردوە . لەگەڵ بەعزێ عەرەبی بەڕانی هات کە بچێ بۆ خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ غەدریان لێ‌کرد لە (وادي القرى) فرۆتیان بە جوولەکەیێ ، ئەویش فرۆتی بە جوولەکەیێکی تر لـە بەنی قـورەیظە ، بردی بۆ مەدینە .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشـریفی هیجرەتی فـەرموو بـۆ مەدینـەو ، = سەلمان = چاوی بە عەلامەتی نوبووەت کەوت موسوڵمان بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێکرد کە خۆی‌لەو جوولەکەیە بکڕێتەوە ، موکاتـەبەی

لەگەڵ جوولەکەدا کرد لەسەر ئەمە کە سێصەد دار خورمای بۆ بڕوێنیٚ‌و چل ئوقیە ئاڵتوونی بداتیٚ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە دەستی موبارەکی خۆی هەمووی بۆ رووان ، لە دواییدا ئەمری بە ئەصحابی کیرام فەرموو : موعاوەنەتی برای دینیی خۆتان بکەن ، موعاوەنەتیان کرد تا هەموو پارەی جوولەکەکەیان (تأدیە) کرد .

بە بیٚ خیلاف دووصەدو پەنجا ساڵ ژیا ، بەعزێك ئەڵێن : سێصەدو پەنجا ساڵ ، بەعزیٚ ئەڵێن : گەییوە بە وەحی حەزرەتی عیسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ لە تەئریخی سی‌وشەشی هیجرەتا وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالی عنه ـ قسطلاني .

سلمان ، وصهيب ، وبلال

١٤٦/١٠٢٣ عن عائذ بن عمرو : أن أبا سفيان أتى على سلمان وصهيب ، وبلال ـ رضي الله تعالى عنهم ـ في نفر فقالوا : والله ما أخذت سيوف الله من عنق عدو الله مأخذها . قال : فقال أبو بكر : أتقولون هذا لشيخ قريش وسيدهم ؟ فأتى النبيَّ ـ ﷺ ـ فأخبرهم . فقال : يا أبا بكر لعلك اَغْضَبْتهم ! لئن كنت أغضبتهم لقد اغضَبْتَ ربك ! فأتاهم أبو بكر ، فقال : يا اِخوتاه ! آغضبتكم ؟ قالوا : لا ، يغفر الله لك يا أخي . م ـ ٩/٤١١ .

تەرجەمە :

عائيذی کوڕی عەمر ئەفەرموێ : ئەبوسوفيان بە لای سەلمان‌و صوهەيب‌و بيلالا ڕابورد ، لەگەڵ جەماعەتێکا بوون ، وتيان : شيری خوا لە گەردنی دوشمنی خوادا جێی خۆيی نەگرت ! حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ = فەرمووی = : ئايا ئەم قسە ناخۆشە بە شيخێکی گەورەی قورەيش ئەڵێن ؟ تەشريفی چوە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەم قسەيەی عەرزکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ڕەنگە رقت هەڵسانبن ! ئەگەر رقت هەڵسانبن ئەوە رقي خوات هەڵسانوە ! حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشريفی چووەوە لايان ، لێی پرسين : من هيچ رقی ئێوەم هەڵسان ؟ وتيان : خەير ، خوات لێ خۆش بێ ئەي برای دينيمان .

[ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نەهی کراوە لەم

نەوعە عیبارەتە کە بڵێی : «لا ، یغفر الله) یا (لا ، عافاك الله) ؛ چونکی وا ئەگەیێنێ کە دۆعالێکردنە نەك دۆعابۆکردنە . یا بڵێ : (عافاك الله ، رحمك الله) هیچی تری لێ زیاد مەکە ، یا بڵێ : (لا ، وغفر الله لك) یا (لا ، وعافاك الله . نووي)]

ئەم حەدیثە فەضیلەتێکی گەورەی تیایە بۆ ئەو سێ ذاتە ؛ پیاوی وەك ئەبوبەکر رقیان هەڵبستێنێ بەوە رقی خوای لێ هەڵەستێ .

١٠٢٤/١٤٧ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان عمر [رضي الله تعالى عنه] يقول : أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] سيدنا ، وأعتق سيدنا . يعني بلالا . ح ـ ٦/١٣١ .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەورەمانەو گەورەی ئێمەی ئازادکرد = کە بیلالە = .

١٠٢٥/١٤٨ عن قيس أن بلالا قال لأبي بكر [رضي الله تعالى عنهم ـ بعد وفاة النبي ـ ﷺ ـ وأراد بلال الخروج من المدينة ، فمنعه أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ إرادة أن يؤذن بمسجد المدينة ، فقال بلال : لا أريد المدينة بعد النبي ـ ﷺ ـ] : إن كنتَ إنما إشتريتني لنفسك فأمسكني ، وإن كنت إنما إشتريتني لله فدعني وعمل الله ! ح ـ ٦/١٣١ .

تەرجەمە :

قەیس ئەفەرموێ : کە بیلال بە ئەبوبەکری وت : [رضي الله تعالى عنهما ـ کە حەزرەتی بیلال لە دوای وەفاتی پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەمای بوو لە مەدینە بڕوا ، حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ مەنعی کرد ، بۆ خاتری ئەمە کە بانگ بدا لە مزگەوتی مەدینەدا ، بیلال عەرزی کرد :

له دوای پێغەمەر - ﷺ - حەز لە مەدینە ناکەم کە تیابم] : ئەگەر منت بۆ خۆت کریوە بەندم بکە لای خۆت ، ئەگەر بۆ خوایشت کریوم وازم لێبێنە ، کە عیبادەتی خوا بکەم .

إبن عباس = حديثه سبق في العلم ، ولد بالشّعب قبل الهجرة بثلاث سنين ، وحنكه - ﷺ - وسماه ترجمان القرآن . وتوفي بالطائف ٦٨ .

خالد بن الوليد حديثه سبق في الدلائل .

سالم بن معقل حديثه سبق في فضائل القرآن .

زبير بن العوام
ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١٠٢٦/١٤٩ قال إبن عباس (معلق وموقوف وصله في سورة براءة) [رضي الله تعالى عنهما] : هو حواري النبيِّ ـ ﷺ ـ وسمي الحوار يون لبياض ثيابهم (وصله إبن أبي حاتم) ح ـ ١١٧/٦ . [وقيل : لصفاء قلوبهم . وعند الترمذي عن إبن عيينة : الحواري : الناصر . قسطلاني]

تەرجەمە :

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : زوبەیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ حەواریی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ . بوخاریی ئەفەرموێ : حەواریی بۆیە پێیان ئەڵێن حەواریی ؛ چونکی جلیان سپی بوه [حەواریی بە گازرکەر ئەڵێن ، بەعزێك ئەڵێن : بۆیە پێیان ئەڵێن حەواریی ؛ چونکی دڵیان صاف بوه . ترمذی ئەڵێ : حەواریی بە یاریدەدەر ئەڵێن .]

١٠٢٧/١٥٠ مروان بن الحكم قال : أصاب عثمان بن عفان ـ رضي الله تعالى عنه ـ رعاف [سنة إحدى وثلاثين] سنة الرعاف ، حتى حبسه عن الحج ، وأوصى ، فدخل عليه رجل من قريش ، قال : إستخلف ، قال : وقالوه ؟ قال : نعم . قال : ومن ؟ فسكت ، فدخل عليه رجل آخر ، [قال مروان] : أحسبه الحرث [أخا مروان] فقال : إستخلف ، فقال عثمان : وقالوا ؟ فقال : نعم . قال : ومن هو ؟ فسكت . قال : فلعلهم قالوا الزبير . قال : نعم . قال : أما والذي نفسي بيده ! إنه لخيرهم ، ما علمت ، وإن كان لأحبَّهم الى رسول الله ـ ﷺ ـ ح ـ ١١٨/٦ . ن . عن معاوية .

تەرجەمە :

مەروان ئەڵێ : ساڵی نەخۆشی خوێنی لووت بەربوون حەزرەتی عوثمانی بنی عەفان ـ رضي الله تعالى عنه ـ تووشی خوێنی لووت بەربوون بوو ، حەتا مەنعی کرد لە حەج ، وەصیەتی کرد . پیاوێ لە قورەیش هاتە خزمەتی عەرزیکرد : کە یەکێ لە جێی خۆت دابنێ ، فەرمووی : بۆ خەڵق وتوویانە ؟ پیاوەکە وتی : بەڵێ . فەرمووی : کێیان وتوە بیکەم بە خەڵەف ؟ پیاوەکە بێدەنگ بوو . پیاوێکی تر هات . مەروان ئەڵێ : لام وایە کە ئەو پیاوی دووەمە حەرث بوو کە برای خۆیەتی ، ئەویش عەرزیکرد : یەکێ بنێرە جێی خۆت . فەرمووی : بۆ خەڵق وتوویانە ؟ وتی : بەڵێ . فەرمووی : کێیان وتوە کە بینێمە جێی خۆم ؟ ئەویش بێدەنگ بوو فەرمووی : ئیحتیماڵی هەیە زوبەیریان وتووێ . وتی : بەڵێ . فەرمووی : قەسەم بەوەی کە نەفسی منی لە دەستایە ! ئەوی کە من ئەیزانم ئەوەیە کە زوبەیر چاکترینی ئەوانە . بە تەحقیق زوبەیر خۆشەویسترینی هەموویانە لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ .

[........]

١٠٢٨/١٥١ وعنه [قال] : كنت عند عثمان [رضي الله تعالى عنه] أتاه رجل فقال : إستخلف . قال : وقيل ذاك ؟ قال : نعم الزبير [رضي الله تعالى عنه] قال : أما والله إنكم لتعلمون إنه خيركم . ثلاثا .

ح ـ ١١٨/٦ .

تەرجەمە :

سێ دەفعە فەرمووی : وەڵڵاهی ئێوە ئەزانن کە زوبەیر چاکترینی ئێوەیە .

١٥٢ / ١٠٢٩ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ : إن لكل نبيٍّ حواريًّ ، وإن حواريّ الزبير بن العوام . ح ـ ١١٨/٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆ هەر پێغەمەرێ گەلێ حەواریی هەیە ، حەواریی من زوبەیری کوڕی عەوامە .

١٥٣ / ١٠٣٠ عن عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] قال : كنت يوم الأحزاب جعلت أنا وعمر ابن أبي سلمة [رضي الله عنهما ـ ربيب النبيّ ـ ﷺ ـ] في النساء ، فنظرت فإذا أنا بالزبير على فرسه يختلف إلى بني قريظة مرتين أو ثلاثا ، فلما رجعت قلت : يا أبتِ رأيتك تختلف ، قال : أوَهل رأيتني يا بُنيَّ ؟ قلت : نعم . قال : كان رسول الله ـ ﷺ ـ قال : من يأت بني قريظة فيأتيني بخبرهم ؟ فانطلقت ، فلما رجعتُ جمع لي رسول الله ـ ﷺ ـ بين أبويه . فقال : فداك أبي وأمي . ح ـ ١١٨/٦ ، م ـ ١١٨/٩ ت ، ن ، جه .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ڕۆژی ئەحزاب = کە سوپای ئەحزاب دەوری مەدینەیان گرت = من و عومەری کوڕی ئەبو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لە ناو ژنانی پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ ورضي عنهن ـ زوبەیرم دی بە سواریی ئەسپەکەی ، دوو جار یا سێ جار چوو بۆ (بەنی قورەیظە)و هاتەوە . کە چوومەوە ماڵێ وتم : بابە تۆم دی هەر ئەهاتی و ئەچووی . فەرمووی : بۆ کوڕی خۆم تۆ منت دی ؟ وتم : بەڵێ . فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کێ ئەچێتە بەنی قورەیظەو خەبەریانم بۆ ئەهێنێتەوە ؟ من

چووم ، كه گەرامەوە پێغەمەر - ﷺ - باوك و دايكی خۆی بۆ كۆكردمەوەو فەرمووی : باوك و دايكمت فيدابێ !

ئيبن وزوبەير - رضي الله تعالى عنهما - لەو وەختەدا عومری دووسال و چەند مانگێ ، يا سێ سال و چەند مانگێ بوە . كە وابێ دروستە منال كە بە منالی ی حەديثی بيست و گەورە بوو ئەو حەديثە ريوايەت بكا ، لێی قەبوول ئەكرێ عومری هەرچەندێ بێ .

١٠٣١/١٥٤ عن عروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] أن أصحاب النبي - ﷺ - قالوا للزبير ، يوم وقعة اليرموك [في خلافة عمر - رضي الله تعالى عنه -] : ألا تشدُّ فَنَشُدَّ معك ؟ فحمل عليهم ، فضربوه ضربتين على عاتقه ، بينهما ضربة ضُرِبها يوم بدر ، وقال عروة : فكنت أدخِل أصابعي في تلك الضربات ، وأنا صغير . ح - ١١٩/٦ . وقد كان المسلمون خمسة وأربعين ، وقيل : ستة وثلاثين ألفا ، والروم سبعمائة ألف ، وكان مع جبلة بن الأيهم من عرب غسان ستون ألفا ، وكانت الدولة للمسلمين ، فقتلوا من الروم مائة ألف وخمسة آلاف ، وأسروا أربعين ألفا ، واستشهد من المسلمين أربعة آلاف . قسطلاني .

تەرجەمە :

عوروە ئەفەرموێ : ئەصحابی پێغەمەر - ﷺ - رۆژی وەقعەی يەرمووك بە زوبەيريان وت : ئايا حەملە نابەی ئێمەيش لەگەڵتا حەملە بەرين ؟ زوبەير - رضي الله تعالى عنه - حەملەی بۆ بردن ، دوو شيريان لە پشت ملی دا ، لە بەينی ئەو دوو شيرەدا شيرێكی تری لێدرابوو لە وەقعەی بەدرا . عوروە ئەفەرموێ : من منال بووم دەستم ئەكرد بە ناو ئەو جێ شيرانەدا ، ياريم پێ ئەكرد .

[لە وەقعەی (يەرمووك)ا موسوڵمانان چل و پێنج يا سی و پێنج هەزار

بوون رۆم حەو صەد هەزار بـوون . (جبلە)ی بنی ئەیهـەم لە عـەرەبی غـەسان شـەصت هەزاری لـەگەڵ بـوو ، ئەو رۆژە طـالیع یـاریـەی موسوڵمانانی دابوو ، صەدهەزاریان لە رۆم کوشت ، چل هەزاریـان لێ بەدیل گرتن ، لە موسوڵمان چوار هەزار شەهید بوو . قسطلاني] .

وفي ح ـ ٦/ ٢٤٤ زيادة : فقال : إنِّي إن شددت كذبتم ! فقالوا : لا نفعل . فحمل عليهم حتى شق صفوفهم ، فجاوزهم وما معه أحد ، ثم رجع مقبلا ، فأخذوا بلجامه . قال عروة : وكان معه عبـدالله بن الزبير يومئذ ، وهو ابن عشر سنين ، فحمله على فرس وكَّل به رجلا . ح/٦/٢٤٤ .

تەرجەمە :

زوبەیر فەرمووی : ئەگەر من حەملەبەرم ئێوە راست ناکـەن ! وتیان : خەیر درۆ ناکەین . زوبەیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ حەملەی بۆ بردن ، صەفەکەی درین ، لێیان تێپەڕ بوو هیچ کەسی لەگەڵ نەبوو ، کە گەڕایەوە دەستە جڵەوەکەیان گرت ، دوو شیریان لێدا[1] . . . الخ

عوروە ئەفەرموێ : ئەو رۆژە عەبدوڵلای لە خذمەتا بوو ، دە ساڵ بوو ، سواری ئەسپێکی کردو دایە دەست پیاوێ کە موحافەظەی بکا .

١٠٣٢/١٥٥ قال عروة : وقال لي عبدالملك بن مروان ـ حين قتـل عبدالله بن الزبير ـ [رضي الله تعالى عنه] : يا عروة هل تعـرف سيف الزبير ؟

---

(١) ئەگەر ئەم زیادەیە ـ لە «وفي ح ـ ٦/ ٢٤٤ زيادة . . . » تا «فأخذوا بلجامه» لە دوای «فحمل عليهم» ەوە بخوێنرێتەوە باشتر ماناکەی رێك دەکەوێ .

يا عوروه شيرەكەی زوبەير ئەناسی‌يەوه[2] ؟

قلت : نعم .

وتم : بەڵێ .

قال : وما فيه ؟

وتی : چی تيايه ؟

قلت : فيه فَلَّةٌ فُلَّها يوم بدر .

وتم : كەلی‌يێكی تيايه كه له بەدرا تێی بوو .

قال : صدقت . «بهن فلول من قراع الكتائب»

وتی : راست ئەكەی . ئەو بەيتەی خوێنەوه كه مەعنای وايه هيچ عەيبيان تيا نی‌يه ، ئەو عەيبه نەبێ كه شيرەكانيان لەبەر ئەوه كه زۆريان كێشاوه به عەسكەری دوشمنا دەمەكەيان هەڵوەريوه .

ثم ردَّه :

له پاشا دايەوه .

على عروة :

به عورروه .

قال هشام :

هيشامی كوڕی عورروه وتی :

فاقمناه بيننا :

له بەينی خۆمانا نرخمان بری .

ثلاثة آلاف ، وأخذه بعضنا به :

(٢) لێرەدا تەرجەمەی سەرەتاكەی نەكرد كه ئەمەيه : عورروه ئەڵێ : كه عەبدوڵڵای برام كوژرا . عەبدولمەليكی كوڕی مەروان پێی‌وتم : ئەی عورروه . . .

به سێ هه‌زار ، به‌عزێ له ئێمه ، که عوثمانی کوڕی عورووه‌یه ، له باق (اِرث) هه‌ڵی گرت .

ولودِدْتُ أني كنت أخذته :

هیشام ئه‌ڵێ : کاشکی من هه‌ڵگرتایه ! ح ـ ٦/٢٤٣ .

١٥٦/١٠٣٣ عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] قال : [لما كنت يوم الخندق . أخرى . م] كنت أنا وعمر بن أبي سلمة [رضي الله تعالى عنهما] يوم الخندق مع النسوة في أطم حسان ، [في الأطم الذي فيه النسوة ، يعني نسوة النبي ـ ﷺ ـ م . أخرى] فكان يطأطئ لي مرة فأنظر ، وأطأطئ له مرة فينظر ، فكنت أعرف أبي اِذا مرَّ على فرسه في السلاح إلى بني قريظة .

قال [هشام] : وأخبرني عبدالله بن عروة عن عبدالله بن الزبير قال : فذكرت ذلك لأبي ، فقال ورأيتني يا بنيَّ ؟ قلت : نعم . قال : أما والله لقد جمع لي رسول الله ـ ﷺ ـ يومئذ أبويه ؛ فقال : فداك أبي وأمي م ـ ٩/٣١٤ .

ته‌رجه‌مه :

عه‌بدوڵڵای کوڕی زوبه‌یر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : له رۆژی غه‌زای خه‌نده‌قا من و عومه‌ری کوڕی ئه‌بوسه‌لـه‌مه ـ رضي الله تعالى عنهما ـ له‌ناو قه‌ڵای حه‌سانا بووین که ژنه‌کانی پێغه‌مه‌ری تیـابوو ـ ﷺ ـ ورضي عنهن ـ باوکمم ئه‌ناسی یه‌وه که به سواری ئه‌سپه‌که‌ی چوو بۆ به‌نی‌قوره‌یظه ، سه‌ری بۆ دائه‌نه‌وانم ته‌ماشام ئه‌کرد ، منیش سه‌رم

بۆی دائەنەوان و تەماشای ئەکرد[1] ئەوەم بۆ باوکم گێرایەوە ، وتی : ئەی کوڕی خۆم بۆ منت دی ؟ وتم : بەڵێ . فەرمووی : وەڵڵاهی ئەو ڕۆژە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ بـاوك و دایکی خۆیی بـە یەکـەوە بۆ کـۆکـردمـەوە ، فەرمووی : باوکم و دایکمت فیدابێ !

١٠٣٤/١٥٧ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : ندب رسول الله ـ ﷺ ـ الناس يوم الخندق ، فانتدب الـزبير ، ثم نـدبهم ، فانتدب الزبير ، ثم ندبهم ، فانتدب الزبير ، فقال النبي ـ ﷺ ـ : لكل نبي حواريّ وحواريَ الزبير . م ـ ٣٣١/٩ . ت ، ن ، جه .

تەرجەمە :

جـابیر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : ڕۆژی خەنـدەق پێغەمەر ـ ﷺ ـ سێ دەفعە خەڵقی بانگ‌کرد [کە یەکێ بنێرێ بۆ ئەحواڵی بەنی قورەیظە] هەر سێ دەفعەکە زوبـەیر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ بـە دەنگی یـەوە چوو . پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ فـەرمـووی : هـەر پێغـەمـەرێ حەواریی و یاریدەدەری هەیە . حەواریی من زوبەیرە .

(١) دانـەر ـ خ ـ لێـرەدا لێی تێکچـوەو پـاش وپێشیـك لـەوەرگێـرانـەکـەیـدا ڕوویداوە ، دەبوو دوای ـ رضي الله تعالى عنهن ـ بینووسیایە : «جارێك عومەر سەری بۆ دائەنەوانم و تەماشام ئەکردو ، منیش جارێك سەرم بـۆ دائەنەوان و ئەو تەماشای ئەکرد . کە تەماشام ئەکرد باوکم ئەناسی یەوە کە بە سواری ئەسپەکەیەوە ئەچوو بۆ بەنی قورەیظە . . .» مانای ئەم حەدیثە نزیکە لە مانای حەدیثی (١٥٣/ ١٠٣٠) وە .

طلحة بن عبيد الله ، وسعد بن أبي وقاص

- رضي الله تعالى عنهما -

١٠٣٥/١٥٨ عن أبي عثمان [عبدالرحمن النهدي - رضي الله تعالى عنه -] قال : لم يبق مع النبي - ﷺ - في بعض تلك الأيام [وقعة أحد] التي قاتل فيهن رسول الله - ﷺ - غير طلحة وسعد . عن حديثهما .

ح - ١١٩/٦ . م - ٣١٣/٩ .

تەرجەمە :

ئەبو عوثمانی نەهەدیی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە بەعزێ لەو غەزایانە کە پێغەمەر - ﷺ - حەربی تیائەکرد کە غەزای ئوحودە ، غەیری طەلحەو سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصی لە خذمەتا نەمایەوە . ئەم حەدیثەی لە سەعدو طەلحەوە ریوایەت ئەکا . (وإلا) ئیمامی عەلی ، ئەبوطەلحە ، عومەر ، ئەبوبەکرو ، کێو کێی - رضي الله تعالى عنهم - لە خذمەتا مایەوە . وەك لە غەزای ئوحودا تەصریحی پێ ئەکرێ ، پێت (ان شاء الله) .

١٠٣٦/١٥٩ عن قيس بن أبي حازم [قدم المدينة بعد وفاة النبي - ﷺ -] قال : رأيت يد طلحة التي وقى بها النبيَّ - ﷺ - قد شُلَّتْ .

ح - ١١٩/٦ .

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی ئەبوحازم - رحمه الله - ئەفەرموێ : چاوم کەوت بەو

ئەستی طەلحەیە کە موحافظەی پێغەمەری ـ ﷺ ـ پێ کردبوو شەل بووبوو .

[طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە خزمەت حەزرەتی عایشەدا ـ رضي الله تعالى عنها ـ چوو کە حەرب لەگەڵ ئیمامی عەلیدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ بکاو پەشیمان بووەوەو بێ ئەمە کە حەرب بکا گەڕایەوەو بە تیرێکی (لاعیه) شەهیدبوو . . ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەسەر جەنازەکەی وەستاو ئەوەندە بۆی گریا تا بە فرمێسك ریشی موبارەکی تەڕ بوو ، فەرمووی : رجام وایە کە من و تۆ لەوانە بین کە خودا دەرحەقیان لە قورئانا ئەفەرموێ : «ئێمە حەسەدو بوغضمان لە دڵ هێنانە دەرێ ، وەك برا لەسەر تەخت لە بەهەشتا بەرابەر یەك دائەنیشن[1]» قسطلاني .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەرحەق طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەفاتی فەرموو لە طەلحە راضي بو . ح ـ ٦/١١٩ .

ترمذیی ریوایەت ئەکا لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ ئەیەوێ تەماشای شەهیدێ بکا کە بەسەر ئەرزا ئەگەڕێ تەماشای طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا بکا ، لەوانەیە کە ئایەتی : ﴿فمنهم من قضى نحبه﴾[2] دەرحەقی نازڵ بوە . یەعنی بەعزێ لە موهاجیر

(١) مەبەستی ئایەتی : «ونزعنا ما في صدورهم من غل إخوانا . . .» ، الحجر /٤٧ :

(٢) بڕوانە : سوورەتی : (الأحزاب) ئایەتی : ٢٣

ئەوانەن بێ ئـەمە نـەفعی دنیایی یـان دەست کەوتبێ مـوددەتی حەیـاتی بەسەربرد .

هەم ترمذیی ریوایەت ئەکا لە ئیمامی عەلی یەوە ـ رضي الله تعالیٰ عنه ـ ئەفەرموێ : هەردوو گوێم لە دەمی موبارەکی پێغەمەری بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : طەلحەو زوبەیر لە بەهەشتا دراوسێی منن .

سعد بن أبي وقاص

- رضي الله تعالى عنه -

وفيه حديث يأتي - إن شاء الله تعالى - في الوصية .

١٠٣٧/١٦٠ سعيد بن المسيب - رحمه الله - قال : سمعت سعدا [رضي الله تعالى عنه] يقول : جمع لي النبيُّ - ﷺ - أبويه يوم أُحد ، فقال : فداك أبي وأُمي . ح - ٦/١٢٠ . م - ٩/٣٠٩ . ت ، ن . وعن علي بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - نحوه . م - ٩/٣٠٨ . ح - ٥/٩٣ . ت . جه .

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی موسەییەب - رحمه الله - ئەفەرموێ : لە سەعدم بیست - رضي الله تعالى عنه - ئەیفەرموو : پێغەمەر - ﷺ - دایك و باوکی خۆیی بەیەکەوە فیداکردم ، فەرمووی : باوك و دایکم فیدات بێ !

١٠٣٨/١٦١ عن عامر بن سعد عن أبيه ، قال : لقد رأيتني وأنا ثلث الاسلام . [أي : من الرجال .] ح - ٦/١٢٠ .

تەرجەمە :

سەعد - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : من چاوم بە خۆم کەوت کە سێیەکی ئیسلام بووم . یەعنی لە پیاوان .

١٠٣٩/١٦٢ سعيد بن المسيب [رحمه الله تعالى] يقول : سمعت سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] يقول : ما أسلم أحد إلا في اليوم

الـذي أسلمت فيه ، ولقـد مكثت سبعـة أيـام وإني لثلث الاسـلام .
ح ـ ٦/١٢٠ .
تەرجەمە :
سەعدی بنی ئەبی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەيفەرمـوو :
هیچ کەس موسولمان نەبوو لەو رۆژەدا نەبێ کە منی تیا موسولمان بووم .
حەوت رۆژ وەستام من سێیـەکی ئیسلام بـووم . یەعنی بـە ئیعتیقادی
خۆی ، گینا لە پێش ئەوا گەلێکی تر موسولمان بوون .
١٠٤٠/١٦٣ عن قيس قال : سمعت سعدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ
يقول : إني لأول العرب رمى بسهم في سبيل الله ـ تعالى ـ .
تەرجەمە :
سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەيفەرموو : من ئەوەڵ عەرەبێکم
کە لە رێی خوادا تیری هاویتبێ .
[لە ئەوەڵساڵی هیجرەتا پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەگەڵ شەصت سواری
موهاجیـرا ناردی بـۆ (رابغ) کـە رێ بە کـاروانی قورەیش بگـرن ، لە
(معية)ی عوبەیدەی کوڕی حەرثی کـوڕی موطـەلیبی کوڕی عـەبدی
مەناف .]
وكنا نغزو مع النبي ـ ﷺ ـ وما لنا طعام إلا ورق الشجر ، حتى إن
أحدنا ليضع كما يضع البعير أو الشاة ، ماله خلط . ثم أصبحت بنو أسد
تعزرني على الاسلام . لقد خبت إذا وضلَّ عملي ، وكانوا وشوا به إلى
عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قالوا : لا يحسن يصلي . ح ـ ٦/١٢٠ .
ويأتي في الصلاة ـ إن شاء الله تعالى ـ بأتمَّ . وذكر في الأطعمة
والرقاق . م ـ ١٠/٤٢٠ . ت ، ن ، جه .

تەرجەمە :

ئێمە لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ غەزامان ئەکرد غەیری گەڵای دار هیچ خۆراکمان نەبوو ، حەتا وابووین وەکوو وشتر یا مەر پشقلمان ئەکرد ! کەچی بەنوئەسەد لەسەر ئیسلامەتی عەیبم لێ ئەگرن . کە وابێ ئەبێ من لە هەموو خێرێ مەحرووم بم و رێم ونکردبێ . بەنوئەسەد شکایەتیان لە خزمەت ئیمامی عومەرا لێ کردبوو ؛ ئەیانوت : نازانێ نوێژ بکا ! (بە تەواوی ـ ان شاء الله ـ لە صەلاتا ذیکر ئەکرێ) .

١٠٤١/١٦٤ سعدبن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] يقول : نثل لي النبيُّ ـ ﷺ ـ كنانته يوم أُحد ، فقال : إرم فداك أبي وأمي[١] .

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە غەزای ئوحودا پێغەمەر ـ ﷺ ـ تیرکەشەکەی خۆیی بۆ رۆکردم ؛ ئەیفەرموو : تیر بهاوە باوکم و دایکمت فیدابێ .

١٠٤٢/١٦٥ عن سعد [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا مع النبي ـ ﷺ ـ ستة نفر ، فقال المشركون : أُطرد هؤلاء لا يجترؤن علينا ! قال : وكنت أنا ، وابن مسعود ، ورجل من هذيل ، وبلال ، ورجلان لست أُسميهما . فوقع في نفس رسول الله ـ ﷺ ـ ما شاء الله أن يقع ، فحدَّث نفسه ، فأنزل الله ـ عز وجل ـ ﴿ولا تَطرِدِ الذين يدعون ربهم بالغداة والعشيِّ يريدون وجهه﴾[٢] [الكهف] م ـ ٣١٢/٩ .

---

(١) دانەر سەرچاوەی ئەم حەدیثەی نەنووسیوەو ، منیش نەمدۆزی‌یەوە .

(٢) بروانە : سوورەتی (الانعام) ، ئایەتی : ٥٢ . دیارە دانەر ـ خ ـ هەردوو جارەکە بەهەڵەدا چوە کە سوورەتی (الکهف)ی نووسیوە .

تەرجەمە :

سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شەش کەس بووین لە خـزمـەت پێغـەمـەرا ـ ﷺ ـ منو ، ئیبنو مـەسعـوودو ، پیـاوێ لـە هوذەیلو ، بیلالو ، دوانی تر کە ناویان نابەم . موشـریکان عـەرزی پێغەمەریان کرد ـ ﷺ ـ کە ئەمانە دەربکە کە جورئەتمان بەسەرا نەکەن ! شتێك کە خوا ئیرادەی کردوە کە بێ بە دڵی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ بەدڵیا هات . خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتـەی سوورەتی (الکهف)ی نـازڵ فەرمـوو : «ئەوانە دەرمەکە کـە ئێوارێو سبـەینێ مەحض بـۆ خوا عیبـادەتی خوا ئەکەن» .

١٠٤٣/١٦٦ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : أرِقَ رسول الله ـ ﷺ ـ ذات ليلة ؛ فقال : ليت رجلا صالحا من أصحابي يحرسني الليلة ! قالت : وسمعنا صوت السلاح . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : من هذا ؟ قال : سعد بن أبي وقاص ، يا رسول الله جئت أحرسك . قالت عـائشة [رضي الله تعـالى عنها] : فنـام رسول الله ـ ﷺ ـ حتى سمعت غطيطه . م ـ ٣٠٧/٩ .

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمـووی : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ شەوێ خەوی لێ تەقی ، فەرمووی : کاشکی پیاوێکی صالح لە ئەصحابم ببێو ئیمشەو پاسم بکا ! حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ فـەرمـووی : دەنگی سیـلاحمـان بیست ، پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەوە کێیە ؟ وتی : سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصم ، (یا رسول الله) هـاتووم کـە ئێشکت بگـرم . عـایشـە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ نوست تا دەنگی پرخەپرخیم بیست .

١٠٤٤/١٦٧ وعنها قالت : سهر [بێداریی کرد] رسول الله ـ ﷺ ـ مقدمه المدينة [له وەختێ تەشریفی هات بۆ مەدینە] ليلة ، فقال : ليت رجلا صالحا من أصحابي يحرسني الليلة ! قالت : فبينما نحن كذلك سمعنا خشخشة سلاح [دەنگی سیلاح لە یەك ئەخشا] فقال : من هذا ؟ قال : سعد بن أبي وقاص . فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : ما جاء بك ؟ [بۆچ هاتووی ؟] فقال : وقع في نفسي خوف على رسول الله ـ ﷺ ـ [ترسێکم هات بە دڵا بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ] فجئت أحرسه : [هاتم پاسی ئەکەم] . فدعا له رسول الله ـ ﷺ ـ ثم نام . [پێغەمەر ـ ﷺ ـ دۆعای بۆ کردو ئەمجا نوست] .[1]

١٠٤٥/١٦٨ عن سعد [رضي الله تعالى عنه] أن النبيَّ ـ ﷺ ـ جمع له أبويه يوم أُحد ، قال : كان رجل من المشركين قد أحرق المسلمين ، فقال له النبيُّ ـ ﷺ ـ : إرمِ فداك أبي وأُمي ! قال : فنزعت له بسهم ليس فيه نصل ، فأصبت جنبه ، فسقط وانكشفت عورته ، فضحك رسول الله ـ ﷺ ـ حتى نظرت إلى نواجذه . م ـ ٩/٣٠٩ .

تەرجەمە :

سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دایكو باوکی خۆیی بۆ کۆکردۆتەوە لە رۆژی ئوحودا . پیاوێ لە موشریکان موسوڵمانانی سووتان [یەعنی زۆری لێ شەهیدکردن] پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرموو : تیر بهاوە باوكو دایکم بە فیدات بێ ! سەعد

(١) ئەم حەدیثە زۆر لە حەدیثەکەی پێشوو ئەچێ و ، هەندێك جیاوازی یان هەیە . بۆیە دانەر ـ خ ـ سەربەخۆ تەرجەمەی نەکردو تەنها جیاوازی یەکانی نووسی .

- رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : تیرێکی بێ پەیکانم بۆ دەرهێنا ، دام لە تەنیشتیو کەوتو عەورەتی دەرکەوت . پێغەمەر - ﷺ - پێکەنی تـا تەماشای ددانی موبارەکی خرییم کرد .

لـەم حەدیشانەدا مـوعجیزەی پێغـەمەری تیـایـە کـە (در عقب) دۆعاکەی قەبووڵ بوو . سەعد - رضي الله تعالى عنه - دەزبەجێ هاتو ئەو شەوە ئێشکی گرت . بە تیری بێ پەیکان پاڵـەوانێکی موشـریکانی کوشت .

فەضیلەتی سەعدی تیایە کە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : پیاوێکی صالح بێ ئێشکم بگرێ ، سەعد - رضي الله تعالى عنه - هات . باوكو دایکی خۆی بەفیدا کرد .

دروستـە مەسـروور بوون بـە عەیبدەرکـەوتنی دوشمنی دین .

ئینسان بۆی دروستەو سوننەتە ئیهتیمام بە حیفظی خۆی لە تەنگانەدا .

ئێشك کێشانو ئێشكپێ کێشان سوننەتە .

تەلطیفی ئەهلی فەضل سوننەتە .

١٠٤٦/١٦٩ عن سعد [رضي الله تعالى عنه] أنه نزل فيه آيات من القرآن . قال : فحلفت أم سعد : أن لا تكلمه أبدا حتى يكفر بدينه ، ولا تأكل ولا تشرب ! قالت : زعمتَ أن الله وصاكَ بوالديك فأنا أُمك ، وأنا آمرك بهذا . قال : مكثتْ ثلاثا حتى غُشيَ عليها من الجهد . فقام اِبن لها يقال له : عمار ، فسقاها ، فجعلتْ تدعو على سعد ، فأنزل الله - عز وجل - في القرآن هذه الآية : ﴿ووصينا الانسان بوالديه حسنا وان جاهداك علىٍ أن تشرك بي ما ليس لك به علم ، فلا تطعهما ، وصاحبهما

في الدنيا معروفا . . .﴾[1]

قال : وأصاب الرسول - ﷺ - غنيمة عظيمة فإذا فيها سيف ، فأخذته فأتيت به الرسول - ﷺ - فقلت : نفلني هذا السيف ، فأنا من قد علمت حاله ، فقال : ردّهُ من حيث أخذتَهُ ، فانطلقت حتى إذا أردْتُ أن ألقيهُ في القبض [الموضع الذي يجمع فيه الغنائم] لامتْني نفسي ، فرجعت إليه ، فقلت : أعطنيه . قال : فشدَّ لي صوته : ردَّهُ من حيث أخذته . قال : فأنزل الله - عز وجل - : «يسألونك عن الأنفال . . .»[2]

قال : ومرضتُ فأرسلتُ إلى النبيِّ - ﷺ - فأتاني ، فقلت : دعني أقسم مالي حيث شئت ، قال : فأبى . قلت : فالنصف ، قال : فأبى . قلت : فالثلث . فسكت . فكان بعدُ الثلث جائزا .

قال : وأتيت على نفر من الأنصار والمهاجرين ، فقالوا تعال نُطعمكَ ونُسقيك خمرا . وذلك قبل أن تحرم الخمر ، فأتيتهم في حُشٍّ . والحشُّ : البُستان . فإذا رأس جزور مشويٍّ عندهم ، وزقٌّ من خمر . قال : فأكلتُ وشربت معهم ، فذكرت الأنصار والمهاجرين عندهم .

---

(١) ئەم ئایەتە بە هەڵە نووسراوە ، گەڕامەوە بۆ (مسلم) لەوێش هەروا نووسرابوو ، دوو ئایەت لەیەکەوە نزیکن ، لێرەدا تێکەڵکراون . بۆ روونکردنەوە هەردوو ئایەتەکە بەراستی دەنووسم :

١ - ﴿ووصينا الانسان بوالديه حملته أمه وهنا على وهن ، وفصاله في عامين : أن اشكر لي ولوالديك إليّ المصير . وإنْ جاهداك على أن تشرك بي ما ليس لك به علم فلا تطعهما ، وصاحبهما في الدنيا معروفا . . .﴾ لقمان / ١٣ و ١٤ .

٢ - ﴿ووصينا الانسان بوالديه حسنا ، وإن جاهداك لتشرك بي ما ليس لك به علم فلا تطعهما ، إليّ مرجعكم . . .﴾ روم /٨ .

(٢) سوورەتی : ئەنفال . ئایەتی : (١) .

فقلت : المهاجرون خير من الأَنصار . فأَخذ رجل أَحدَ لحِيِ الرأس فضربني به ، فجرحِ بأَنفي ، فأَتيت رسول الله - ﷺ - فاخبرته . فأَنزل الله - عز وجل - فيَّ يعني نفسه شأْن الخمر : ﴿إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان . . .﴾[1] م - ٩/ ٣١٠

تەرجەمە :

سەعدی کوڕی ئەبووەقاص - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە قورئانا چەند ئایەتێکم دەرحەق نازڵ بوە . سەعد ئەفەرموێ : کە دایکی سوێنی خوارد تا بەو دینەی کە گرتوویەتی کافر نەبێ هیچ قسەی لەگەڵ نەکاو نەخواو نەخواتەوە ، پێیشی وت : تۆ ئەڵێی خوا [عز وجل] دەرحەق دایكو باوکت وەصیەتی پێ کردووی ، من دایکتم ، ئەمرت بەوە پێ ئەکەم . [ئەم پارچەیەی وا ئەگەیێنێ کە ئەووەڵی ئایەتەکە لە پێش ئەم حادیثەدا نازڵ بووبێ ، دووایی یەکەی لە دواییا نازڵ بووبێ (والله اعلم)] .

سەعد فەرمووی : دایکی سێ شەوو رۆژ بەو نەوعە وەستا تا لەبرسانا بێهۆش کەوت . عەمماری کوڕی هەڵسا ئاوی دایێو ئەویش هەر دۆعای لە سەعد ئەکرد . خوا - عز وجل - لە قورئانا ئەم ئایەتەی نازڵ فەرموو . لە لوقمانا ئەفەرموێ : وەصیەتمان بە ئینسان کرد لە حەق دایكو باوکیا کە چاکەیان لەگەڵ بکا ، ئەگەر سەعیت لەگەڵ بکەن کە شتێك تۆ عیلمت پێی نەبێ بیکەی بە شەریکی خوا . . ئیطاعەیان مەکە ، لە دنیادا بە خۆشی لەگەڵیان رابوێرە .

(١) سوورەتی : مائیدة ، ئایەتی : (٩٠) .

سەعد فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ غەنیمەتێکی زۆری گرت لەو غەنیمەتەدا شیرێکی باشی تیابوو ، شیرەکەم هەڵگرت بردمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزم کرد : ئەم شیرەم لە زیادە پێ عەطا بفەرموو ، من ئەوەم کە ئەزانێ بە حاڵی . فەرمووی : لە کوێت هێناوە بیبەرەوە لەوێ داینێرەوە . ڕۆییم تا تەمام بوو بیخەمەوە کۆگاکە ، نەفسم لۆمەی کردم ، دووبارە چوومەوە خزمەتی عەرزم کرد : ئەم شیرەم پێ عەطا بفەرموو ، بە توندیی فەرمووی : بیبەرەوە ئەو جێیەی کە لێت هێناوە ! خـوا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد لە سوورەی ئەنفالا ، ئەفەرموێ : «دەرحەق ئەنفال لێت ئەپرسن . . . الخ»

ئەفەرموێ : نەخۆش کەوتم نـاردم بە شـوێن پێغەمـەرا ـ ﷺ ـ تەشریفی هات ، عەرزم کرد : مەنعم مەکە کە ماڵەکەم لەو شتانەدا کە ئیرادەم هەیە بەشی بکەم . . بەش بکەم . ڕەزای نەبوو . عەرزم کرد : ئەی نیوەی ؟ نـەیهێشت . عەرزم کـرد : سێیەکی ؟ بێـدەنگ بـوو [لە مـەنع کـردن . (والّا) لە ریـوایەتی = تـرا = ئەفـەرمـوێ : سێیـەك . سێیەکیش زۆرە] دوای ئەوە سێیەك دروستە . [ئەمما لـە سێیەك کـەمتر باشترە] .

سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمـوێ : بە لای قـەومێ لە ئـەنصـارو مـوهـاجیـرینـا رابـوردم ، وتیـان : وەرە شـەرابت بـدەینێ بیخۆرەوەو ، طەعامت بدەینێ بیخۆ . ئەوە لە پێش حەرامبوونی شەرابا بوو . چووم لە ناو باغێکا بـوون کەللەیێکی بـرژاوی وشترو کـونەیێ شەرابیان لە لا بوو . لـەگەڵ ئـەوان خواردمو خـواردمەوە ، بـەحثی موهاجیرو ئەنصاریان لەلا کرا ، من وتم : موهاجیر لە ئەنصار چاکترن ، پیاوێ ، یەعنی لە ئەنصار ، یەکێ لە چەنەی کەللەکەی هەڵگرت و بەوە

لێیدام ، لووتی بریندار کردم . چوومە خزمەت پێغەمبەر ـ ﷺ ـ عەرزم کرد ، ئایەتی سوورەتی مائیدە : ﴿إنما الخمر والميسر . . .﴾ نازڵ بوو . یەعنی شەرابو ، قومارو ، بتو ، فاڵگرتنەوە بە ئەزلام پیسیێ لە عەمەلی شەیتان نەبێ هیچی تر نین ، خۆتانی لێ بپارێزن ، بەڵکو بەو خۆپارازتنە نەجاتتان ببێ . شەیتان بە شەرابو قومارکردن هەر ئەوەی لە ئێوە ئەوێ کە دوشمنایەتیو بوغض بخاتە بەینتانو ، لە ذیکری خواو نوێژ کردن مەنعتان بکا . ئیتر ئێوە واز لەوانە ئەهێنن ؟

وفي أخرى عن طريق شعبة : قال : فكانوا إذا أرادوا أن يطعموها شجروا فاها بعصا ، ثم أوجروها [أي : فتحوه ثم صَبُّوا فيه الطعام] وفيه : فضرب أنف سعد ففزره [أي : شقه] فكان أنف سعد مُفزَّرا . [أي : مشقوقا] م ـ ٣١٢/٩ .

تەرجەمە :

لە موسلیما هەر ئەم دوو زیادە ریوایەت کراوە . نەوەویی ـ رحمه الله ـ مەرجەعی ضەمیرەکانی بەیان ناکا . دیارە ئەو ضەمیرە (مؤنث) انە راجیعن ئەلای شەراب . نابێ راجیع بنە ئەلای سەعد . ئەوەیش رێك ناکەوێ لەگەڵ لەفظی طەعاما . لە قەسطەلانیشا نەمدۆزییەوە . وەلحاصل تێی نەگەییمو نایزانم ، بەخێری خۆتان مەعنای لێ بدەنەوە .[1]

مەعنای زیادەکەی دوەم : بە یەکێ لە لاچەناگەی سەری وشترەکە لە لووتی سەعدیان داو لووتیان لەتکرد . سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەکەلی مایەوە .

---

(١) منیش زۆری بۆگەرامو ، دواییش چوومە خزمەت مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس هەر بۆمان ساخ نەکرایەوە .

فضيلة اسماء بنت أبي بكر وابنها عبدالله بن الزبير
ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

١٠٤٧/١٧٠ عن أبي نوفل قال : رأيت عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] على عقبة المدينة [هي عقبة بمكة] قال : فجعلت قريش تمر عليه والناس ، حتى مرَّ عليه عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فوقف عليه ، فقال : السلام عليك أبا خبيب ! السلام عليك أبا خبيب ! السلام عليك ابا خبيب ! أما والله لقد كنتُ أنهاك عن هذا ، أما والله لقد كنتُ أنهاك عن هذا ، أما والله لقد كنتُ أنهاك عن هذا . أما والله اِنْ كنتَ ما علمتُ صوَّاماً ، قوَّاماً ، وَصولا للرحم . أما والله لأمة أنت أَشرُّها لأمة خير . ثم نفذ عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] . فبلغَ الحجَّاجَ موقفُ عبدالله وقولُه ، فأرسل اِليه فأُنْزِلَ عن جذعه فأُلقيَ في قبور اليهود ؛ ثم أرسل إلى أُمِّه أسماء بنت أبي بكرٍ [رضي الله تعالى عنهما] فأَبَتْ أَنْ تأتيه ، فأعاد عليها الرسولَ : لتأتيني أو لَأبعثنَّ اليكِ من يسحبكِ بقرونكِ ! قال : فأَبَتْ ، وقالت : والله لا آتيك حتى تبعث إليَّ من يسحبني بقروني ! قال : فقال : أروني سِبْتِيّ [نعل لا شعر عليها] فأخذ نعليه ، ثم انطلق يتوذف [يُسرِع] حتى دخل علَيها . فقال : كيف رأيتِني صنعت بعدو الله [بل هو حبيب الله] قالتْ : رأيتُكَ أفسدْتَ عليه دنياه ، وأفسد عليك آخرتك . بلغني أنك تقول له : يا ابن ذات النطاقين ، أنا والله ذات النطاقين . أما أحدهما فكنت أرفع به طعام رسول الله ـ ﷺ ـ وطعام أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ من الدواب . وأمّا الآخر فنطاق المرأة الذى لا تستغني عنه . أما أن رسول الله ـ ﷺ ـ حدَّثنا أنَّ في ثقيف

كذابا ومبيرا [مهلكا] فأما الكذاب [وهو المختار بن أبي عبيد الثقفي ، إدّعى النبوَّةَ ، وأن جبريل عليه السلام يأتيه] فرأيناه ، وأمّا المبير فلا إخالك إلا إياه . قال : فقام عنها ولم يراجعها . م ـ ٩/٤٣٧ .

تەرجەمە :

ئیبن ونەوفەل ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : چاوم بە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کەوت لەسەر عەقەبەی مەکە کە لەسەر ڕێی مەدینەدایەو ناوی عەقەبەی مەدینەیە ، جەسەدی موبارەکی لەوێدا بەدارا کرابوو ، قورەیش و خەڵق بەلایا رائەبوردن [یەعنی لە ترسی ئەو زاڵمە نەیان ئەوێرا قسە بکەن] عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ یش بەلایا رابوردو لە لای وەستا ، سێ دەفعە فەرمووی : (السلام عليك أبا خبيب) سێ دەفعە فەرمووی : من نەهیم = لێ = ئەکردی لەم حاڵە . [یەعنی ئەمزانی دەرەقەتی ئەم زاڵمی لەخوانەترسانە نایێی] وەڵڵاهی بە تەحقیق ئەوی کە من بیزانم ئوممەتێ کە تۆ خراپیان بێ چاکترینی هەموو ئوممەتن . وەڵڵاهی ! تۆ ڕۆژووگر بووی ، شەونوێژکەر بووی ، صیلەی رەحم بەجێ هێنەر بووی ، لە دواییدا عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی ڕۆیی .

ئەم وەستانی حەزرەتی عەبدوڵڵاو ئەم قسانەی ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە حەجاج گەییوە ، ئەمری کرد لە دار دایان گرتو ، لە ناو قەبرستانی جوولەکەدا فڕێیان دا ! لە دواییدا ناردی بە شوێن دایکیدا کە ئەسمای کچی حەزرەتی ئەبوبەکرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئیبای کرد لەوە کە تەشریفی بچێتە لای ئەو زاڵمە ، دەفعەی دوایی ناردی‌یەوە لای : ئەبێ بێی ، ئەگەر نەیێی ئەنێرم بە پرچ ڕاتبکێشن بتهێنن ! ئیبای کردو تەشریفی نەچوو ، فەرمووی : وەڵڵاهی تا نەنێری بە پرچ ڕامبکێشن

نایێم ! ئیبن‌ونه‌وفه‌ل ئه‌ڵێ : حه‌جاج وتی : كه‌وشه‌كانم له كوێیه ؟ كه‌وشه‌كانیان دایێ و له‌پێی كردو به‌لۆقه چوو ، تا گه‌یی یه خزمه‌ت ئه‌سما - رضي الله عنها - وتی : خۆ چاوت پێم كه‌وت كه چیم كرد به دوشمنی خوا ! . . . . ئه‌سما - رضي الله تعالی عنها - فه‌رمووی : چاوم پێكه‌وت كه تۆ دنیات لێ تێك‌دا ، ئه‌ویش ئاخیره‌تی له تۆ تێك‌دا . وام پێگه‌ییوه‌ته‌وه كه تۆ پێی ئه‌ڵێی : ئه‌ی كوڕی (ذات النطاقین) یه‌عنی كوڕی ژنی دوو پشتێندار . من وه‌ڵڵاهی دووپشتێنم . یه‌كێكیان طه‌عامی پێغه‌مه‌ر - ﷺ - و حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌كر - رضي الله تعالی عنه - م پێ به‌رزكردۆته‌وه له وڵاغ . ئه‌وی تریان ئه‌و پشتێنه‌یه كه ژنان ئیحتیاجی یان پێیه‌تی . خه‌به‌رت بێ كه پێغه‌مه‌ر - ﷺ - قسه‌ی بۆ فه‌رمووین كه له ئه‌قیفا كه‌ذذابێك‌و موبیرێكی تیایه [یه‌عنی : درۆزنێك‌و به‌هیلاكبه‌رێكی تیایه] كه‌ذذابه‌كه‌مان دی [كه موختاری كوڕی ئه‌بوعوبه‌یدی ئه‌قه‌فی یه ، ئیدیعای ئه‌كرد كه جیبریلی - علیه السلام - بێته لا] موهلیكه‌كه‌یش شكم نی یه كه هه‌ر تۆی هه‌ڵساو رۆیی و جوابی نه‌دایه‌وه . . . .

زيد بن حارثة وابنه أُسامة
ـ رضي الله تعالى عنهما ـ

١٠٤٨/١٧١ عن سالم بن عبدالله عن أبيه [رضي الله تعالى عنه] أنه كان يقول : ما كنا نقول زيد بن حارثة إلا زيد بن محمد ـ ﷺ ـ حتى نزل في القرآن : ﴿أُدعوهم لآبائهم هو أقسط عند الله . .﴾[1] م ـ ٩/٣٢١ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : زەیدی کوڕی حارثەمان نەدەوت ، هەر ئەمانوت : زەیدی کوڕی محەمەد ـ ﷺ ـ . تا لە قورئانا نازڵ بوو : کە خەڵق بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگ بکەن ، بە ناوی کەسی ترەوە بانگیان مەکەن ، ئەوە لە لای خوا زیاتر لەگەڵ عەدالەتا موناسەبەی هەیە .

[چونکی بە مرووری زەمان نەسەبی ئەوانە ونئەبێ تێکەڵ بە نەسەبی غەیر ئەبێ ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ زەیدی کوڕی حاریثەی کرد بە ئەولادی خۆی ؛ بە کوڕی خۆیی بانگ ئەکرد . عەرەبیش ئەوەیان ئەکرد ، ئەبو بە کوڕی‌و ئیرثی لێ ئەگرت . تا ئەو ئایەتە نازڵ بوو ئیتر خەڵق چوونەوە سەر نەسەبی خۆیان] .

---

(١) سوورەتی : ئەحزاب ، ئایەتی : ٥ .

١٠٤٩/١٧٢ وقال البراء عن النبيّ ـ ﷺ ـ أنه قال لزيد ـ وهو على المنبر ـ : أنت أخونا ومولانا . ح ـ ٦/١٢٢ . ويأتي ـ إن شاء الله ـ موصولا بتمامه .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر مینبەر بە زەیدی کوڕی حاریثەی فەرموو : تۆ برای دینیمانی و مەولای [یەعنی موحیببی] ئێمەی .

١٠٥٠/١٧٣ عـەبدوڵـڵای کوڕی عـومەر [رضي الله تعـالى عنهما] يقول : بعث رسول الله ـ ﷺ ـ بعثا وأَمَّر عليهم أسامة بن زيد ، فطعن النـاسُ في إِمْرَتـه ، فقام رسـول الله ـ ﷺ ـ فقال [وهـو عـلى المنبـر . أخرى] : إنْ تطعنون في إِمْرَتِه فقد كنتم تطعنون في إِمْرَةِ أبيه من قبلُ . وأيْمُ الله ! اِن كان لخليقا للامرة ، وإن كان لَمِنْ أحبِّ الناس اليَّ ، وانَّ هذا لمن اَحبِّ الناس إليَّ بعده . م ـ ٩/٣٢١ ، ح ـ ٦/١٢٢ .

وفي أُخرى : وأيْمُ اللهِ ! اِنْ كان لخليقاً لها . وايْمُ الله ! اِنْ كان لأحبَّ الناس إليَّ . وأيْمُ الله ! اِنَّ هذا لها لخليق ـ يريد أُسامة ـ وايم الله ! إن كان لأحبهم إليَّ من بعده ، فـأوصيكم به . فـإنه من صـالحيكم . م ـ ٩/٣٢٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستەیێ لە ئەصحابی کیرامی نارد بۆ طەرەفێ ، ئوسامەی کوڕی زەیدی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کرد بە ئەمیریان ، خەڵق طەعنیان لە ئەمیریێتی ی دا . [بەوە کە عەبدی ئازادکراوە ، چۆن ئەبێ بە ئەمیری ئەحرار ؟] پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لـەسەر مینبـەر راوەستاو فەرمووی : ئەگەر ئێوە طەعن بدەن لە ئەمیریێتی ئـوسامـە (ذاتا) هـەر

عادەتتان وایە ؛ لە پێش ئەوا طەعنیشتان دا لە ئەمیرییێتی باوکی . قەسەم بە خوا ! زەید لایەق بوو بە ئیمارەت ، لەوانە بوو کە خۆشەویسترینی هەموو خەڵق بوو لە لای من . قەسەم ئەخۆم بە خوا ! کە ئوسامەیش لایەقە بۆ ئەمیری . قەسەم ئەخۆم بە خوا ! کە لە دوای زەید لە هەموو کەس خۆشەویسترە لای من . تەوصی یەتـان پێ ئەکـەم دەرحەقی ؛ چونکی ئوسامە لە صالیحانی ئێوەیە .

[زەید لە جاهیلی یەتا ئەسیر کرا ، حەکیمی کوڕی حیزام کڕی بۆ حەزرەتی خەدیجەی دایکمان ، کە پووری حەکیمە لە طەرەفی باوکەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ طەڵەبی لە حەزرەتی خەدیجە کرد ـ رضي الله تعالى عن أمنا ـ کە پێی هیبە بکا ، پێی هیبەکرد . باوكو مامی زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەمایان بوو کە بە فیدیە زەیـد بکرنـەوە . پێغەمـەر ـ ﷺ ـ موخەییەری کرد ، عەرزی‌کرد : (یا رسول اللّٰه) هیچ کەس بەسەر تۆدا تەرجیح نادەم . قسطلاني ٦ ـ ١٢١ .]

١٠٥١/١٧٤ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : دخل عليٌّ قائف [قبـل نزول الحجـاب ، وهو مجـزّز المدلجيّ] والنبيّ ـ ﷺ ـ شـاهد ، وأسامة ، وزيد بن حارثة [رضي الله تعالى عنهما] مضطجعان ، فقال : اِن هـذه الأقدام بعضهـا من بعض . قال : فسـرَّ بذلـك النبيُّ ـ ﷺ ـ وأعجبـه ، فأخبـر به عـائشة [رضي الله تعـالى عنهـا] ح ـ ١٢٣/٦ . وأخرجه في النكاح . أيضا .

تەرجەمە :

عوروە لە عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وە ریوایەت ئەکا کە : فەرمووی : قائیفێ لە پێش نوزوولی حیجابـا هاتـەلام ، پێغەمـەریش ـ ﷺ ـ حازر بوو ، ئوسامەو زەیدی کـوڕی حاریثـە ـ رضي الله تعالى

عنها - راكشابوون ، [مجزى مدلجى قائيف] وتى : ئەم پێیانه بەعزێکی له بەعزێکیەتی . عورروه ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - بەوە مەسروور بوو ، (متعجب) بو ، خەبەری دا به عایشه - رضي الله تعالى عنها - .

[ئاخری ئەم حەدیثه مورسەله ، ئەبێ عورروه ئەمەیشی له عایشه - رضي الله تعالى عنها - بیستبێ ، به قەرینەی ئەووەڵەکەی]

١٠٥٢/١٧٥ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - [زوج النبيّ - ﷺ -] أن قريشا أهمَّهم شأن المرأة المخزومية [فاطمة بنت الاسود] التي سرقت [في غزوة الفتح . اُخرى بخاري] فقال : ومن يكلم فيها رسول الله - ﷺ - ؟ فقالوا : ومن يجترئُ عليه اِلاّ اُسامة بن زيد حِبُّ رسول الله [ورضي الله تعالى عنهما] ؟ فكلَّمه أسامة [رضي الله تعالى عنه] فقال رسول الله - ﷺ - : أتشفعُ في حَدٍّ من حدود الله ؟ ثم قام فاختطب ، ثم قال : اِنَّما أهلك الذين قبلكم اَنَّهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه ، وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحدَّ ! وأَيْمُ الله ! لو أن فاطمة ابنة محمد سرقت لقطعت يدها . ح - ٤٣٥/٥ . ح - ٣٨٥/١٢٣/٦ . م - ٢١٦/٧ . د ، ن ، جه أحمد .

وفي م - ٢١٨/٧ فأتي بها النبي - ﷺ - فعاذت بأم سلمة [رضي الله تعالى عنها] . . . بنحوه يكفي .

١٠٥٣/١٧٦ وعن عروة مثله ، ولفظه أنَّ امرأة سُرقت في عهد رسول الله - ﷺ - في غزوة الفتح ، ففزع قومها إلى اُسامة بن زيد ، يستشفعونه . قال عروة : فلما كلمه أسامة فيها تلوَّن وجه رسول الله - ﷺ - فقال : أَتكلمني في حد من حدود الله ؟ قال اُسامة : إستغفر لي يا رسول الله . فلما كان العشي قام رسول الله - ﷺ - خطيبا ، فأثنى على الله بما هو أهله ، ثم قال : أمَّا بعد : فإنما هلك الناس قبلكم ، [وللنسائى :

اِنما هلك بنو إسرائيل] أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه ، وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد ! والذي نفس محمد بيده ! لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها . ثم أمر رسول الله ـ ﷺ ـ بتلك المرأة فقطعت يدها . [وللنسائي : قم يا بلال فخذ بيدها ؟ فاقطعها] فحسنت توبتها بعد ذلك وتزوجت ، قالت عائشة [وبهذا صار الحديث موصولا] ، [رضي الله تعالى عنها] : فكانت تأتيني بعد ذلك ، فأرفعُ حاجتها إلى رسول الله ـ ﷺ ـ [وعند أحمد ، أنها قالت : هل من توبة يا رسول الله ؟ فقال : أنتِ اليوم من خطيئتِكِ كيوم ولدتكِ أمكِ] .

ح ـ ٣٨٥/٦ .

تەرجەمە :

عوروە لە عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ریوایەت ئەکا کە ژنێ لە خوزەیمە کە ناوی فاطیمەی کچی ئەسوەد بوو دزییێکی کرد ئەبوو دەستی ببررێ . ئەوە قورەیشی خستە هەمو غەمەوە . وتیان : کێ قسەی بۆ ئەکا لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ ؟ وتیان : غەیری ئوسامەی خۆشەویستی پێغەمەر نەبێ ـ ﷺ ـ کێ ئەتوانێ دەرحەقی لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ = قسەی = بۆ بکا ؟ ئوسامە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ شەفاعەتی بۆ کرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ رەنگی گۆررا ، فەرمووی : تۆ شەفاعەتو قسە لە حەددێ لە حودوودی خواییدا ئەکەی کە ئیجرا نەکرێ ؟ ! ئوسامە ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی کرد : (یا رسول الله) ئیستیغفارم بۆ بکە .

کە ئێوارێ بوو پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی راوەستاو دەستی کرد بە خوطبە ، لە دوای حەمدو ثەنای خوا بەوە کە لایەق بە شانو عەظەمەتی خوا بێ ـ عز وجل ـ فەرمووی : (أما بعد) ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون

وەك بەنی ئیسرائیل هیچ بە هیلاکی نەبردوون ئەوە نەبێ : کە ئینسانی گەورەو بەحورمەت دزیی کردبێ ، دەخڵیان نەکردوە ، ئینسانی ضەعیفو بێقەدر دزیی کردبێ دەستیان بریوە ! قەسەم بەوەی کە نەفسی محەمەد لە دەستی قودرەتیایە ! ئەگەر فاطیمەی کچی محەمەد دزیی بکا دەستی ئەبڕم . ئەمری فەرموو کە دەستی ببڕن . لە نەسائیدا ئەفەرموێ : فەرمووی : ئەی بیلال هەڵسەو دەستی بگرەو بیبڕە ، دەستیان بڕی .

ئەحمەد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە ئەو ژنە عەرزی پێغەمەری کرد : (یا رسول الله) هیچ بۆم هەیە کە تۆبە بکەم ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیمڕۆ تۆ لە خوصووصی ئەم گوناهەتەوە وەك ئەو رۆژە وایتە کە لەدایك بووی . ئەو ژنە لە دوای ئەمە کە دەستی بڕرا تۆبەیەکی باشی کردو ئیصلاحی حاڵی کردو شووی کرد .

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئەو ژنە ئەهاتە لام و ئیحتیاجێکی ببوایە بۆم عەرزی پێغەمەر ئەکرد ـ ﷺ ـ یەعنی بەجێی ئەهێنا .

١٠٥٤/١٧٧ عبدالله [بن دينار ـ رحمه الله ـ] قال : نظر ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يوما ـ وهو في المسجد ـ إلى رجل يسحب ثيابه في ناحية من المسجد ، فقال : أنظر مَنْ هذا ، ليت هذا عندي ! قال له إنسان : أما تعرف هذا يا أبا عبدالرحمن ؟ هذا محمد ابن أُسامة . قال : فطأطأ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ رأسه ونقر بيديه في الأرض ، ثم قال : لو رآه رسول الله ـ ﷺ ـ لأحبَّه . ح ـ ٦/١٢٣ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنێ دینار ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : رۆژێ عەبدوڵلای

کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە مەسجیدا بوو تەماشای پیاوێکی کرد لیباسەکەی درێژ بوو لە ئەرزی ئەخشان . عەبدوڵـلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : تەماشاکە ئـەوە کییە ؟ کـاشکی لەلام بـوایە ! [یەعنی نەصیحەتم ئەکرد] یەکێ عەرزیکرد : (يا أبا عبدالرحمن) تۆ بۆ ئەمە ناناسی کە کێیە ؟ ئەمە محەمەدی کوڕی ئوسـامەیـە . ئیبن و دینار ـ رحمه الله ـ فەرمووی : ئیبن وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهـما ـ سەری داخست ، بە هەردو دەستی لە ئەرزی دا ، لە دواییا فەرمووی : ئەگەر پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمەی بدیایە خۆشی ئەویست .

١٠٥٥/١٧٨ حرملة مولى أُسامة بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه بينما مع عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] إذ دخل الحجاج بن أيمن بن أم أيمن ، فلم يتم ركوعه ولا سجوده ، فقال : اَعِدْ فلمّا ولّى ، قال لي ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : من هذا ؟ قلت : الحجاج بن أيمن بن أم أيمن . فقال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : لو رأى هذا رسول الله ـ ﷺ ـ لأحبَّه . فذكر حبه وما ولدته أم أيمن .

قال [البخاري] : وحدثني بعض أصحابي عن سليمان : وكانت حاضنة النبيّ ـ ﷺ ـ . ح ـ ١٢٤/٦ .

[بوخاریی ئەم میقدارەی لە سولەیمانی مامۆستای نەبیستوە] . وفي أخرى نحوه . وكان أيمن ابن أم أيمن أخا أُسامة بن زيد [لأمه ، عن عبيد قبل زيد ـ رضي الله تعالى عنهم ـ]

تەرجەمە :

حەرمەلەی مەولای ئوسامەی کوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە وەختێکا کە لـە خذمـەت عەبـدوڵڵای کـوڕی ئیمامی عومەرا [رضي الله تعالى عنهما] دانیشتبووم حەججاجی کوڕی ئـەیمەن

هاته مزگەوت [نـوێژی کـرد] ، روکووع و سـوجدەی تـەواو نەکـرد . ئیبن وعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : نوێژەکەت بکەرەوە . کە پشتی هەڵکرد عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فـەرمووی : ئـەمە کێیە ؟ عەرزم کرد : ئەوە حەججاجی کوڕی ئەیمەنی کوری أم ئەیمەنە . عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەگـەر پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ئەمەی بدیایـە خۆشی ئـەویست . عەبـدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنه ـ بەحثی فەرموو لە خۆشویستنی پێغەمەر ـ ﷺ ـ = بۆ = ئوسامەو ئەولادی ئوممو ئەیمەن ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .

بـوخاریی ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئـەفـەرمـوێ : بـەعـزێ لـە ئەصحابم خەبەری داومێ کە : ئوممو ئەیمەن ـ رضي الله تعالى عنها ـ دایـەنی پێغەمـەر بوە ـ ﷺ ـ ئـەیمەنیش بـرای دایکیی ئوسـامە بـوو لە عوبەید ، کە پیاوێکە لە ئەنصار ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوای ئەو پێغەمەر ـ ﷺ ـ دای بە زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

فضل أم أيمن

ـ رضي الله تعالى عنها ـ ظئر النبي ـ ﷺ ـ

١٧٩ / ١٠٥٦ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : إنطلق رسول الله ـ ﷺ ـ إلى أم أيمن [رضي الله تعالى عنها] فانطلقت معه ، فناولتْهُ اِناء فيه شراب . قال : فلا أدري أصادفتْه صائما أو لم يرده ، فجعلت تصخب عليه وتذمِّر عليه [من باب نصر ، أو من التفعُّل ، أي : تصيح وتغضَب ؛ اِدلالا عليه ؛ لأنها حَضَنَتْهُ وربَّتْه ـ عليه الصلاة والسلام ـ]

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی ئەچێ بۆ لای ئوممو ئەیمەن[1] ـ رضي الله تعالى عنها ـ قەدەحێکی هێنا شتی خواردنەوەی تیابوو ، ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نازانم تەصادوفی رۆژووی پێغەمەری ـ ﷺ ـ کرد ، یا حەزی نەکرد بیخواتەوە ، ئوممو ئەیمەن ـ رضي الله تعالى عنها ـ دەستی کرد بە نەڕەنەڕ بەسەر پێغەمەرا ـ ﷺ ـ لێی توند بوو . [چونکی دایەنی بوو گەورەی کردبوو ، نازی بەسەرا ئەکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : لە دوای دایکم ئوممو ئەیمەن دایکی منە .[2]] .

---

(١) بە گوێرەی دەقە عەرەبی‌یەکە دەبوو بینووسیایە : «ئەنەس ئەڵێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ چوو بۆ لای ئوممو ئەیمەن ، منیش لە خزمەتیا چووم . . .

(٢) ئەم وتەی دوایی : «پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو . . .» لە دەقە عەرەبی‌یەکەدا نی‌یەو گەڕامەوە بۆ سەرچاوەکەیش (مسلم) نەمدۆزی‌یەوە .

لەم حەدیثەدا ئەوەی تیا هەیە کە کەسێ چوە لای کەسێ ئەبێ ئیکرامی بگیررێ ، بۆ ئەو میوانەیش هەیە کە لە بەر عوزرێك نەیخوا . نووي .] م ـ ٩/٣٦٣ .

١٠٥٧/١٨٠ وعنه قال : قال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] بعد وفاة رسول الله ـ ﷺ ـ لعمر [رضي الله تعالى عنه] : إنطلق بنا إلى أم أيمن نزورها كما كان رسول الله ـ ﷺ ـ يزورها . فلما انتهينا إليها بكت . فقالا لها : ما يبكيكِ ؟ ما عند الله خير لرسوله ـ ﷺ ـ فقالت : ما أبكي أن لا أكون أعلم أن ما عند الله خير لرسوله ـ ﷺ ـ ولكن أبكي أن الوحي قد انقطع من السماء . فهيجتهما على البكاء ـ فجعلا يبكيان معها . م . ٩/٣٦٤ .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوری مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی ئەبوبەکر بە عومەری فەرموو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : وەرە بچینە لای ئوممو ئەیمەن زیارەتی بکەین ، وەك پێغەمەر ـ ﷺ ـ زیارەتی ئەکرد . کە گەیینە لای دەستی کرد بە گریان ، ئەبوبەکرو عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموویان : سەبەبی گریانەکەت چیە ؟ ئەوی کە لە خذمەت خوادایە ـ عز وجل ـ چاترە بۆ پێغەمەری ـ ﷺ ـ ئوممو ئەیمەن ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : بۆیە ناگریم کە نەزانم ئەوی کە لە خذمەت خوادایە ـ عز وجل ـ چاترە بۆ پێغەمەری ـ ﷺ ـ بۆیێك ئەگریم چونکی وەحی مونقەطیع بوە لە ئاسمان . ئەم قسەی ئوممو ئەیمەنە ـ رضي الله تعالى عنها ـ حەزرەتی ئەبوبەکرو حەزرەتی عومەری ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هێنایەگری ، ئەوانیش دەستیان کرد بە گریان لەگەڵ ئەو . ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

بۆ فەوتی مەقصەدی (أخروي) گريان دروستە .

ئەم حەديثانە بۆ هەريەك لە : ئوسامەو ، زەيدو ، ئوممو ئەيمەن - رضي الله تعالى عنهم - چە فەضيلەتێكی گەورەی تيايە كە مەحبووبی پێغەمەرن - ﷺ - .

فضائل عبدالله بن عمر

- رضي الله تعالى عنهما -

فضائل عمار ، وحذيفة ، وابن مسعود

- رضي الله تعالى عنهم -

١٠٥٨/١٨١ عن ابن مسعود - رضي الله تعالى عنه - قال : لما نزلت هذه الآية : ﴿ليس على الذين آمنوا وعملوا الصالحات جناح فيما طعموا إذا ما اتقوا وآمنوا . . الى آخر الآية [اي : وعملوا الصالحات ثم اتقوا ، وآمنوا ثم اتقوا ، وأحسنوا ، والله يحب المحسنين . مائدة](1)﴾ قال لي رسول الله - ﷺ - : قيل لي : أنت منهم . م - ٣٦٩/٩ .

تەرجەمە :

ئیبن و مەسعوود - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو ، کە تەرجەمەی وایە : «لەسەر ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو عەمەلی صالحیان کردوە لەسەر ئەو حەلاڵەی کە خواردوویانە هیچ گوناهیان نی یە ، بەو شەرتەی کە خۆیان لە حەرام بپارێزن ، ئیمانیان ببێ بە حەرام و حەلاڵ ، لە دواییدا لەسەر ئەو ئیمانەو تەقوایە ثابت ببن ، عەمەلی چاکە بکەن ، ئەوانەی کە وابن موحسینن ، خوایش - عز وجل - موحسینی خۆشەوێ] کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو پێغەمەر - ﷺ - پێی

(١) المائدة /٩٣ .

فەرمووم : کە پێیان وتم : تۆ [یەعنی ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنە ـ] لەوانەی . یەعنی هەر سێ دەرەجەی تەقواو ئیمانت بەجێ هێناوە .

١٠٥٩/١٨٢ عن أبي الأحوص قال : كنا في دار أبي موسى مع نفر من أصحاب عبدالله ، وهم ينظرون في مصحف ، فقام عبدالله ، فقال أبو مسعود : ما أعلم رسول الله ـ ﷺ ـ ترك بعده أعلم بما أنزل الله مِن هذا القائم . فقال أبو موسى : أما لئن قلت ذاك ، لقد كان يشهد إذا غبنا ، ويؤذن له إذا حجبنا . م ـ ٩/ ٣٧٠ .

تەرجەمە :

ئەبولئەحوەص ئەفەرموێ : لەگەڵ چەند کەسێکا لە ئەصحابی عەبدوڵڵا لە ماڵی ئەبوموسادا بووین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەوان تەماشای (مصحف) یێکیان ئەکرد ، عەبدوڵڵا تەشریفی هەڵسا ، ئەبو مەسعود ـ رضي الله تعالى عنە ـ فەرمووی : نازانم کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە دوای خۆی کەسێکی بەجێ هێشتبێ کە لەو راوەستاوە عیلمی بە قورئان زیاتر بێ . ئەبو مووسا ـ رضي الله تعالى عنە ـ فەرمووی : تۆ وا ئەڵێی ، بە تەحقیق ئەو پیاوە لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ حازر ئەبوو کە ئێمە لە خزمەتی غائیب ئەبووین ، ئەو ئیذن ئەدرا کە ئێمە مەنع ئەکراین بچینە حوزووری [یەعنی دیارە لە هەموو کەس عالمتر ئەبێ](١) .

---

(١) لەسەر داواو نووسینی دانەر ـ خ ـ لێرەوە پێنج حەدیثمان لە (١٨٣/ ١٠٦٠ تا ١٨٧/ ١٠٦٤) گواستەوە بۆ باسی فەضائیلی عومەر ـ خ ـ لەبەر ئەوەیش ژمارەکان نەگۆڕێن لێرەدا هەر ئەو ژمارانەمان بوارد .

١٨٨/١٠٦٥ ذهب علقمة إلى الشام ، فلما دخل المسجد قال : اللهم يسِّر لي جليسا صالحا ! فجلس إلى أبي الدرداء ، فقال : أبو الدرداء : ممن أنت ؟ قال : من أهل الكوفة . قال : أليس فيكم ، او منكم صاحب السرٍّ الذي لا يعلمه غيره ؟ ـ يعني حذيفة ـ قال : قلت : بلى . قال : أليس فيكم ، او منكم الذي أجاره الله على لسان نبيه ـ ﷺ ـ ؟ يعني من الشيطان ـ يعني عمّاراً ـ قلت : بلى . قال : أليس فيكم ، أو منكم صاحب السواك [او الوساد] او السراد ؟ قال : بلى . قال : كيف كان عبدالله يقرأ : ﴿والليل إذا يغشى ، والنهار إذا تجلّى . . .﴾[1] ؟ قلت : والذكر والأنثى . قال : ما زال بي هؤلاء حتى كادوا يستنزلوني عن شيئٍ سمعته من رسول الله ـ ﷺ ـ ح ـ ١٢٦/٦ .

وفي اخرى نحوها عن علقمة : قال : قدمت الشام [في نفر من أصحاب عبدالله . اخرى في تفسير والليل] فصليت ركعتين ، ثم قلت : اللهم يسر لي جليسا صالحا فأتيت قوماً فجلست إليهم فإذا شيخ قد جاء حتى جلس الى جنبي قلت : من هذا ؟ قالوا : ابو الدرداء . فقلت : إني دعوت الله أن ييسر لي جليسا صالحا فيسرك الله لي . قال : ممن أنت ؟ فقلت : من أهل الكوفة . قال : أو ليس عندكم ابن أم عبد صاحب النعلين والوساد والمطهرة ؟ والباقي كباقي الحديث الأول . ح ـ ١٢٦/٦ .

تەرجەمە :

عەلقەمە ئەفەرموێ : چوومە شام لەگەڵ چەند کەسێ لە ئەصحابێ عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوو

(١) سوورەتی : (والليل) ئایەتی : ١و٢ .

رەكعەت نوێژم كرد لە پاشا وتم : یا رەببی هاونشینێكی صالحم بۆ هەڵخەی لەگەڵی دابنیشم . تێفكریم پیاوێكی ئیختیار هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت . پرسیم : ئەمە كێیە ؟ وتیان : (ابو الدردا)یە - رضي الله تعالی عنه - عەرزم كرد : كە لە خوا پارامەوە ئاونشینێكی صالحم بۆ بنێرێ ، خوا تۆی بۆ ناردم . فەرمووی : تۆ خەڵقی كوێی ؟ عەرزم كرد : خەڵقی كووفەم . فەرمووی : بۆ ئێوە كوڕی (ام عبد) تان تیا نی یە كە صاحیبی كەوش و سەرین و مەطارەی پێغەمەرە - ﷺ - كە ئیبن و مەسعوودە ؟

صاحیبی سیرڕی پێغەمەر - ﷺ - تان تیا نی یە كە حوذەیفەیە - رضي الله تعالی عنه - ؟ بۆ ئێوە ئەو كەسەتان تیا نی یە كە خوا لەسەر زمانی پێغەمەری خۆی لە شەیطانی حیفظ كردوە كە عەممارە ؟ وتم : بەڵێ . [یەعنی كە وابێ چە حاجەت بەوە شت لە من بپرسی ؟] لە دواییدا فەرمووی : عەبدوڵلا «والليل اِذا يغشى . . .» چۆن ئەخوێنێتەوە ؟ عەرزم كرد : «والذكر والأنثى» ئەخوێنێتەوە . فەرمووی : وەڵلاهی رەسولوڵلا - ﷺ - وای پێ خوێندووم ، دەمی بەدەممەوە بوە . ئێستە ئەمانە لەگەڵم خەریكن كە «وما خلق الذكر والانثى» بخوێنمەوە لەوە كە لە پێغەمەرم بیستوە - ﷺ - لابدەم .

ئەم قیرائەتی ئیبن و مەسعوودە شاذە ، ئەبێ ئەو قیرائەتی موتەواتەرە كە (وما خلق)ەی تیایە نەگەیبێ بە ئیبن و مەسعوودو (أبو الدرداء) - رضي الله تعالی عنهما - .

طالیبی عیلم لە دوای ئەوە كە ئەو عیلمەی لە شارەكەی خۆیایەو لە تەحصیلی بووە بۆ زیادكردن سونەتە بۆی بچێتە دەرێ .

[رەنگە ئەم حەدیثەم لە فەضائیلی قورئانا نووسیبێ ، شایەد

نووسیبێتم لێرەدا مەینووسن ، زیادییەکی بێ ئیشارەتی بکەن][1] .

١٠٦٦/١٨٩ عن عبدالله بن أبي مليكة ، قال : قال عبدالله بن جعفر لابن الزبير [رضي الله تعالى عنهم] : أتذكر إذ تلقينا رسول الله ـ ﷺ ـ أنا ، وأنت ، وابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] ؟ قال : نعم . [قال ابن جعفر ـ رضي الله عنهما] : فحملنا وتركك . م ـ ٣٢٣/٩ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر بە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیری فەرموو : لە فکرت بێ کە : منو ، تۆو ، ئیبنوعەبّاس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ چووین بە پیر پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ ؟ (ابن الزبير) ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : بەڵێ . ئیبنوجەعفەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئێمەی هەڵگرتو تۆی هەڵنەگرت .

١٠٦٧/١٩٠ وعنه [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول الله ـ ﷺ ـ إذا قدم من سفر تُلقِّيَ بصبيان أهل بيته . قال : وإنه قدم من سفر فسُبِق بي إليه ، فحملني بين يديه ، ثم جيئ بأحد ابني فاطمة [رضي الله تعالى عنهما] فأردفه ، قال : فأدخلنا المدينة ثلاثة على دابة واحدة . م ـ ٣٢٣/٩ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ :

---

(١) بەڵێ راست دەفەرمووی ، لە بەرگی یەکەمدا حەدیثی ژمارە (٨٩/١٠٥) وەك ئەم حەدیثە وایە ، بەڵام هەندێك جیاوازی‌یان هەیەو ، لێرەدا ریوایەتی موسلیمەو لەوێ ریوایەتی بوخاری‌یەو ، جیاوازیی لە نێوان ریوایەتەکاندا هەیە ؛ لەبەر ئەوەیش کە ژمارەکان تێك نەچن بەم ئیشارە دەسبەردار بووین .

پێغەمەر - ﷺ - کە تەشریفی لە سەفەرێ بهاتایەوە منالی ئەهل و بەیتی ئەچوون بە پیری یەوە ، فەرمووی : دەفعەیێ تەشریفی لە سەفەرێ هاتەوە ، من پێش کەوتم ، لە بەردەمی یەوە سواری کردم ، لە دواییدا یەکێ لە کوڕانی فاطیمەیان هێنا - رضي الله تعالى عنها - ئەویشی سواری پاشکۆی کرد . سێ کەس بە سواری تەنها حەیوانێ داخلی مەدینە بووین .

سێ وچوار کەس دروستە سواری حەیوانێ بن ، ئەگەر ئەو حەیوانە تەحەمولی بێ .

١٩١/١٠٦٨ عبدالله بن جعفر [رضي الله تعالى عنهما] قال : أردفني رسول الله - ﷺ - ذات يوم خلفه ، فأسرَّ إليَّ حديثاً لا أُحدِّث به أحدا .

م - ٩/٣٢٤ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : = رۆژێ = پێغەمەر - ﷺ - سواری پاشکۆی خۆیی کردم و بە دزی یەوە شتێکی پێ فەرمووم کە لای هیچ کەسێ نایڵێم .

ئەم سێ حەدیثە لە ئەوەڵیانا ئەوو ئیبن و عەباسی سوار کردوە ، لە دوەما ئەوی لە بەردەمی یەوەو حەسەن یاحسەین - رضي الله تعالى عنهما - ی لە پاشکۆیەوە . لە حەدیثی سێ یەما هەر تەنها ئەوی لە پاشکۆیەوە سوار کردوە .

تەلطیفی منال سونەتە .

سیر نابێ ئیفشا بکرێ .

بەرەوپیرچوونی پیاوی گەورە ، با خوصووص بۆ ئەقریباو تەعەللوقاتی ، سونەتە .

إبن عمر

- رضي الله تعالى عنهما - فيه حديث يأتي - ان شاء الله تعالى - في صلاة الليل

١٩٢/١٠٦٩ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : رأيت في المنام كان في يدي قطعة إستبرق ، وليس مكان أُريد في الجنة اِلاّ طارتْ بي إليه . قال : فقصصتُ على حفصة [رضي الله تعالى عنها] فقصتْهُ حفصةُ على النبي - ﷺ - فقال النبي - ﷺ - : أرى عبدالله رجلا صالحا .
م - ٣٨٨/٩ . ح - ١٢٥/٦ مختصرا .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : لە خەوما دیم کە پارچەیێ ئیستەبرەقم بە دەستەوە بوو ، بۆ هەر جێیێ بمویستایە لە بەهەشتا بەو ئیستەبرەقە ئەفریم بۆ ئەوێ . ئەو خەوەم بۆ حەفصە - رضي الله تعالى عنها - گێڕایەوە ئەویش عەرزی پێغەمەری کرد - ﷺ - فەرمووی : وا ئەبینم کە عەبدوڵڵا پیاوێکی صالحە .

[ئاخری ئەم حەدیثە لە بوخاریدا هەیە . عەبدوڵڵای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - نۆ کوڕی بوە :

١ - عەبدوڵڵا ، دایکی ئەو صەفیەی کچی ئەبوعوبەیدەیە .
٢ - سالم ، دایکی ئومم وەلیدە .
٣ - عوبەیدوڵڵا .

٤ ـ عەبدوڕەحمان .
٥ ـ عاصیم .
٦ ـ حەمزە .
٧ ـ واقید .
٨ ـ زەید .
٩ ـ بیلال .

عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەگەڵ باوکی موسوڵمان بوو بە دە ساڵی ، بە مناڵی لە خزمەت باوکیا هیجرەتی کرد . دایکی یا زەینەبە ، یا رابیطەی خوشکی عوثمانی کوڕی مەظعوونە . غەیری ئوحودو بەدر لە هەموو غەزاییکا لە خزمەت پێغەمەرا بوە ـ ﷺ ـ . بە پانزە ساڵی لە غەزای خەندەقا بوو ، عالم بوە ، (متقي) بوە ، ناصیحی ئوممەت بوە ، هەشتاو شەش ساڵی عومر بو ، شەصت ساڵ فتوای داوە ، نافیعی مەولای عیلمێکی زۆری لێ نەشر کردۆتەوە ، لە ماڵی خۆی هەرچییێکی زۆر بە چاك بزانیایێ ئەیکرد بە صەدەقە . عەبدەکانی ئەوەیان ئەزانی ، زۆر جار لە عەبدەکانی یەکێکیان قولی لێ هەڵەکردو دەستی ئەکرد بە عیبادەت کردن ، عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە بەو نەوعە ئەو عەبدەی بدیایە ئازادی ئەکرد . عەرزیان ئەکرد : ئەو عەبدە تەفرەت ئەدا ، ئەیفەرموو : هەرکەسێ کە بە عیبادەتی خوا من تەفرە بدا تەفرەی بۆ ئەخۆم .

نافیع ئەفەرموێ : عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ تا هەزار ئینسانی ئازاد نەکرد وەفاتی نەکرد .

لە ساڵی دوەم یا سێیەمی مەبعەثا هاتە دنیاوە ، لە ئەوەڵی تەئریخی هەفتاو سێدا وەفاتی فەرموو .

هیچ ئەمارەتی لە هیچ کەسیّ تەودیع نەکراوە ، نە کەم نـە زۆر تێکەڵ بە دنیا نەبوە . حەججاج رای سپارد کە رۆژی جەژن کە تیرێکی بە زەهـر ئاودراویـان دا لـە پشتی پێی بـەوە شـەهیـد بـوو . قسـطلاني . ٦ ـ ١٢٤ ـ ١٢٦ .

مناقب أبي عبيدة [عامر] بن [عبدالله] الجراح

- رضي الله تعالى عنه -

دایکی موسوڵمان بوو ، باوکی که جەڕڕاحە بە کافریی لە بەدرا کوژرا . ئەڵێن : کە ئەبو عوبەیدە - رضي الله تعالى عنه - خۆی کوشتی . لە طەرەف ئیمامی عومەرەوە - رضي الله تعالى عنه - کرابوو بە ئەمیری شام ، لەوێ لە تەئریخی هەژدەدا بە طاعوون وەفاتی کرد . درێژ و ضەعیف بوو ، ددانی پێشەوەی کەل بوو ، لە غەزای ئوحودا بەو ددانە موبارەکەی دوو پەیکانی[1] لە ناو چاوانی پێغەمەر - ﷺ - هێنایە دەرێ ، بەوە کەوتن . قسطلاني . ٦ - ١٢٧ .

١٩٣ / ١٠٧٠ أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله - ﷺ - قال : لكل أُمَّةٍ أمين ، وإن أميننا - أيتها الأمة - أبو عبيدة بن الجراح . ح - ٦/١٢٧ . م - ٩/٣١٧ . ن .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیک - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەر ئوممەتێ ئەمینێکی هەیە . ئەمینی ئێمە - ئەی ئوممەت - ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاحە .

١٩٤ / ١٠٧١ عن أنس - رضي الله تعالى عنه - أن أهل اليمن قدموا

---

(١) ئەوەی لە ریوایەتەکاندایە ئەوەیە کە دوو ئەڵقەی زرێی لەروومەتی پیرۆزی پێغەمەر - ﷺ - دەرهێنا .

على رسول الله ـ ﷺ ـ فقالوا : ابعث معنا رجلا أمينا يعلمنا السنة والاسلام . قال : فأخذ بيد أبي عبيدة ، فقال : هذا أمين هذه الأمة .
م ـ ٣١٧/٩ .
تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : ئەهلی یەمەن هاتنەخزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیانکرد : ئەمینێکمان لەگەڵ بنێرە کە سوننەتو ئیسلامەتیمان فێر بکا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی ئەبوعوبەیدەی گرت فەرمووی : ئەمە ئەمینی ئەم ئوممەتەیە .

١٠٧٢/١٩٥ عن حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء أهل نجران إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فقالوا : يا رسول الله ابعث إلينا رجلا أمينا ، فقال : لأبعثن إليكم رجلا أمينا حق أمين ، حق أمين . قال : فاستشرف لها الناس ، قال : فبعث أبا عبيدة بن الجراح [رضي الله تعالى عنه] . م ـ ٣١٧/٩ . ح ـ ١٢٧/٦ . ت ، ن ، جه . ح ـ ٤٢٣/٦ .
تەرجەمە :

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەهلی نەجران هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیانکرد : پیاوێکی ئەمینمان بۆ بنێرە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : پیاوێکی ئەمینی بەحەق ئەمینی بەحەق ئەمیتان بۆ ئەنێرم . خەڵق خۆیان بۆ بەرزکردەوە [بەڵکو ئەوان بنێرێ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاحی نارد .

ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەورەو بچووکیان ئەمین بوون ، خایەنیان نەبوە ، فەقەط ئەبوعوبەیدە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو صیفەتەدا ئیمتیازێکی زۆری بوە ، وەك چۆن ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە حەیادا ئیمتیازی بوە بەسەر ئەصحابا ، لەگەڵ ئەمە هەموویان کانی حەیا بوون .

ئینسان ئیشی خۆی تەودیعی کەسێ بکا کە ئیعتیمادی پێی ببێ .

بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە

بابەت	لاپەڕە

هەڵەی چاپو داوای لێبوردن

خوێنەری خۆشەویست


چواردە مانگی رەبەقە ئەم بەرگەی ئەم کتێبە لە ژێر چاپدایەو ، لەم ماوە دوورو درێژەدا کاتو وزەیەکی زۆری تێدا بەخەرج دراوەو ، زۆریش بە تەنگی ئەوەوە بووم کە کتێبەکە لە جوانترین شێوەداو ، بێ هەڵە بگاتە دەستی تۆی خۆشەویست . بەلام !! بە داخەوە کورد دەڵێ : « **چەپلە بە دەستێک لێ نادرێ** » ، هەوڵو کۆششی ئێمەیش دەرژێتە ئەم قاڵبەوە ، بۆیە نەمانتوانی لە هەڵە قوتار بینو ، لەگەڵ داوای لێبوردندا چەند هەڵەیەك دیاریی دەکەینو ، ئەوانی دیکەیشی بە بیرو هۆشیاریی تۆ دە سپێرین :

لا پەڕە	دێڕ	هەڵە	ڕاست
٣٩	٩،٨	نەفسی کەمت	نەفسیکمت
١٣٥	١٦	واللتان	واللتين
١٣٧	٢١	بۆ	بۆ یەی
٣٩٠	٩	مەریمەو	مەریەمەو
٤٢٣	٢	الله ...أهل	والله ...أهلي
٤٦٦	٣	عەبدوڵلا	عەبدوڵلای
٤٧٢	١٧	موعجیزەی پیغەمەرە ـ ص ـ	
٤٧٢	١٨	گەورەی تیا هەلکەوتوە	

رقم الايداع ٨٧٢
في المكتبة الوطنية
ببغداد لسنة ١٩٨٥

دار آفاق عربية للطباعة والنشر

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي


ئەی حسێنم ئەم وەرقانەم لە بیستی مانگا تەواو کردبو کە بە کاغەزەکەت مشرف بوم فەرموبوت
کە کرمە بە غلطی بیابە راستە ئەفەرموی چونکە آخری بیریا خواهشتی بە دلەوە کە بخاریو مسلم جمع بکەوە
مروف لە رێ نزیک بوتەوە بەلە یە لە لەبیش مروفنا ان شاء الله تەواوی بکەم لەبەر ئەوە هەرنیە سیرم تەماشم
نەکردوتەوە لەبەر رەهبری جزری جنابت ئەم صحیفانەم تماشا کردەوە ئەوی فرقم پی کرد لە غلطی کاتبیجا
بەقدر طاقت اصلاحم کرد امرودو شەممە الحمد لله تەوابو جمعە ساعەت پینجی الا فرەنگە الا عشرین دقائق ٢٧/٩/٤٦
فەهمم کال بوەوە دستم زور ئەلەرزی مرکب چەموی بو یایە داینەدانە ئەو دیوەوە قلمی خوملانیە کاغزی
چاک نیە هەر ئەوەندە ئەتوانم ئەگەر غلطیشم بیر لە معنای دیارە کە چی یە امیدم وایە بالحقی جنابتی
احبابان کە اصلاحی بکەن بامعنای حدیثە مبارکەکان بە غلطی نەمێنێتەوە
لەدوای ئەم بابە ان شاء الله دستە بە فضائلی اصحابی کرام ئەکەم کە فضائلی ئەوانیش هەر لە تعلیم و تربیەی پیغمبر
صلی الله تعالی علیه وسلم و علیهم الرضوان ئەوانیش لە فضائلی ئەو معدودە و بەرکەتی معجزەی ئەوە متعنا الله
وایاک ملقائهم تحت لوائه علیه الصلاة والسلام آمین رشید بابان ٢٧/٩/٤٦
ئەبێ پشت عرض بکەم ئەم وەرقانە کە ئەی نێرم بخزمتی بکە یەم تبییضم هەم مسودەیە لە ضعفت هیچی تریانانیم
کە بزانم مکرری تیایە یا تیانیە رەنگە زوری تیابێ شاید فرقیان نەبی مەی نوسن والسلام علیکم والسلام

چاپخانەی (آفاق عربية)